ئەنفالستان بۆ فرۆشتن نیە

ئەنفالستان

ژمارە
17

سالْنامەیەکی تایبەتە بەئەنفال و جینۆساید

٢٨ی نایی ٢٠٢٥



ئەنفالستان

ژمارە (17)

ساڵنامەیەکی تایبەتە بەتاوانی ئەنفال وجینۆساید

ئابی ٢٠٢٥

خاوەنی ئیمتیازو سەرنوسەر

عومەر محەمەد قادر

جێگری سەرنوسەر

سمکۆ سابیر شەریف

دیزاینی بەرگ : زانیار نەجمەدین

فۆتۆ: پەری نوری عەزیز

چاپخانە.....

وێنەی بەرگ – پێشەوە: وێنەی جل وبەرگی ئەنفالکراوان لەگۆڕێکی بەکۆمەڵدا لەبیابانی تەلشێخە: لەلایەن پەری نوری عەزیز نێردراوە

لەم ژمارەیەدا :

b.....

ئەنفالنامە ١

یاسا گەمژەکان ناپارێزێ..... ١

ڕافایل ئیمکین ٢

تێگەیشتن لە ئەنفال ٥

لە زیندانی دوبزەوە ١٣

سیاسەتی میتینگەریی و ژینۆسایدی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری و ئەرکەکانمان ١

جەمیل بایک..... ١

ئەمە بۆ نەوەکانتان بگێڕنەوە ٣٤

ڕێککەوتننامەی چەکی کیمیایی ١٩٩٣ ..... ٣٥

دەزانی ڕەحمەت بۆکێ دەنێریت ؟ ٣٧

گۆڕێکی تری بەکۆمەڵ دۆزرایەوە ٣٨

ڕەفتاری بەعسی و ئازاری چاوەڕوانی و ئەشکەنجەی دەرونی ئەنفالکراوان. ٤٠

ڕەنگ و ڕەفتار..... ٤٣

تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە، یاد یان ستراتیژ؟..... ٤٤

ڕەچەڵەک ناسی ئەنفال و حەڵاڵکردنی حەرام ٤٦

گۆڕی بەکۆمەڵ لە مێژوودا و عێراق لەمەشدا بەدناوترینە ٥٠

گەڕانی مرۆڤ بە شوێن مانادا..... ٥٨

پرۆژەی ناساندنی جێنۆسایدی ئێزدیان بە فەرمی لە پەرلەمانی بەلجیکا ٦٠

لەیادی ئەنفالی یەکدا:..... ٦١

چیرۆکی ئەو عاشقە پیرەی لەگوڵستانی نۆدشەوە گەیشتە بیابان ٦١

ئەدیب ئەحمەد ڕۆستەم : ٦٤

کاتێک سەربازبووم، ئەگەرمۆڵەتیشم وەربگرتایە نەدەهاتمەوە، ٦٤

هەڵەبجە دوای بیست ساڵان :..... ٦٧

کوردستان وەک مەڵبەندی جێنۆساید ٦٧
چیرۆکی وێنەی ئەحمد کەریم گوندی قزڵو- دەشتی کۆیە.....٧٢
میلوجان.....٧٣
تاوانباران لەنێو قەفەزی دادگادا ٧٤
عەبدوڵڵا کەریم مەحمود ٧٤
گوڵ و یاسا بە کوردی.....٧٨
هەوڵە شکستخواردووەکان بۆ دادگاییکردنی فەرماندارە ئێراقییەکان و دامەزراندنی دادگای باڵای تاوانەکان لە ئێراق. ٨٠
ڕەگوڕیشەکانی جینۆسایدی کورد) ٨٦
لاواندنەوەی دایکێکی گەرمیانی بۆ کوڕە ئەنفالکراوەکانی. ...٩١
میم فکریش لەو هەردە کوژرا ٩١
ئەمریکا و ئەورووپا، نەیاندەویست ئەنفال بگاتە دادگای نێودەوڵەتی ٩٤
شەماڵ وستار زیندون.....٩٨
عەلی عەبدوڵڕەحمان : ٩٩
قەپاغی ساروخەکانمان فرۆشت کیلۆی بەشەش پەنجایی، ئێستا بمانەوێ بەملیۆنێک دەستمان ناکەوێتەوە.٩٩
من موسڵمانم بەڵام لەبەر منداڵەکانم نەبوایە هەرگیز جەژنم نەدەکرد. ١١١
کۆمەک : ١١٧
بۆ گۆڤاری ئەنفالستان ١١٧
ڕاستگۆیی وهیچی ترنا ١١٨
بایادی تاوانی ئەنفال، بکەینە ڕۆژی ڕاستگۆیی ١١٨
لە ئەنفالدا زیاتر لە سێ هەزار مزگەوت روخێنراون..... ١٢٠
ڕۆڵی گەنجانی ئێزدی لە ناساندنی جینۆسایدی شەنگالدا ... ١٢٢
مانگی ژەهراویی جینۆسایدی کورد و توتسی..... ١٢٤
جینۆسایدی گەلی کورد لە ژێر تیشکی بڕیاری دادگای ناوخۆیی لاهای لە کەیسی "فرانس فان ئانرات"دا١٣٣
کەندێناوە سەرەتای تەعریب ١٤٤
سەرەتای دەستپێکردنەوەشی..... ١٤٤

ناهیە ئەحمەد سەعید- گوندی کانی ماران ١٤٨
هاوڕێیەکانی منداڵیم هەمووی ئەنفالکراون ١٤٨
عەزیز عەبدوللا- گوندی سەرڕەش ١٥٢
چۆن ئەنفال نەکرام ١٥٢
لەیادی ئەنفالدا شەرمەزارییەکانمان دەچنینەوە ١٥٧
دووا ماچی نازم ١٥٨
جینۆسایدی بێدەنگی کوردانی فەیلی ١٦٠
دیسانەوە دۆسێی ١٨ کچە فرۆشراوەکە لەنێوان ساختەو راستیدا ١٦٤
لە دۆسێی فەیلیەکانەوە..... ١٦٧
شەهیدکردنی (سەمیر نور عەلی غوڵام) سیناریۆی بەعسیەکان بوو یان ڕاستی ؟ ١٦٧
دەربارەی ژمارەی قوربانیان ١٦٩
پرسێک بۆ تێڕامان و توێژینەوە ١٦٩
جێنۆسایدی کلتوری، لە تەختایی شارەزووردا ١٧٤
شیکردنەوەی DNA بۆ ناسینەوەی ڕوفاتی مردوو. ١٧٦
دەتوانین نەوەیەک پێبگەێنین کە شکۆی پێ لەپێش هەرشتێکی تردەوە بێ١٧٨
لە ساڵیادی دەستگیرکردنی برا گۆڕ وونەکانم ١٧٩
یادەوەرییەکی کورت بەڵام تاڵ ١٧٩
دەستەی ڕیشەکێشکردنی بەعس لە هەرێمی کوردستان پێویستە... ١٨١
جێنۆسایدی کوردی فەیلی لە سەردەمی پاشایەتیەوە بۆ سەردەمی بەعسیەکان ١٨٣
من وتۆ ١٨٨
سەرنجێک لەسەر دەرکەوتنی (بەراء) ١٩٠
"گوڵەکانی کەرکوک"و بێنازی لەدرامای کوردیدا..! ١٩٣
بیری ماسیە سورەکەی گوند دەکەم ١٩٧
هۆکارەکانی پەلاماری چەکی کیمیاوی لە باڵیسان و شێخ وەساندا.١٩٩
یادەوەری مەرگ و ژیان..... ٢٠٣

جینۆساید کاردانەوە نییە ٢٠٤
هەڵەبجە بەرز ڕابگرن ٢٠٥
پرسی یەکەم (تاوانی ئەنفال وەک پرسێکی بوونناسانە) ٢٠٧
ڕۆڵی سینەما لە پاراستنی یادەوەری ئەنفالدا ٢١٣
– وانەیەک لە هۆڵۆکۆستەوە ٢١٣
هۆمەر محەمەد ٢١٣
٢٠٢٥/٤/١٣ سلێمانی ٢١٣
هێزی وێنەی جوڵاو لە گێڕانەوەدا ٢١٤
بۆشایی گەورە لە سینەمای ئەنفالدا ٢١٤
وانەکانی هۆڵۆکۆست: چۆن سینەما دەتوانێت یادەوەری نەتەوەیی و نیشتمانی بپارێزێت؟ ٢١٤
کەواتە دەبێت چی بکەین بۆ ئەنفال؟ دەبوو چی بکرێت ونەکراوە؟ ٢١٥
تاوانی ئەنفال و زیانە کلتوورییەکانی کورد لەکوردستانی باشوردا ٢١٦
هۆمەر محەمەد ٢١٦
٢٠٢٥/٤/١٤ – سلێمانی ٢١٦
پێشەکی ٢١٦
کلتووری کوردی زیانی گەورەی بەرکەوت دەشێت بەعس ئامانجێکی سەرەکی لەئەنفالدا سرینەوەی کلتوربووبێت.٢١٦
زیانە کلتوورییە سەرەکییەکان ٢١٧
١ .لەناوبردنی ژینگەی فیزیکی کلتووری کوردی..... ٢١٧
٢ .لەناوچوونی کەرەستە و سامانی کلتووری بەرهەست٢١٧
٣ .شێواندن و لەناوبردنی میراتی نامادی..... ٢١٧
٤ .شکستی ڕەنگ و جواناسی لە کلتووری کوردیدا . ٢١٧
٥ .گۆڕانکاری لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و داب و نەریت ٢١٨
دەرهاویشتە کلتوورییەکانی ئەنفال لە ئێستادا ٢١٩
١ .دابڕانی نەوەکان لە یەکتر و لەمیراتی کلتووری.... ٢١٩
٢ .هەوڵەکان بۆ پاراستنی میراتی کلتووری..... ٢١٩

دەرەنجام..... ٢١٩
بەرخودانی دژ بە بیرچوونەوەی یادەوەریی: ئەنفال..... ٢٢٠
تاقانەی ئەنفال سیامند محمود قادر: ٢٣٤
نەفرەتی خوالەوجاش و مستەشارانە دەکەم، کە دەستیان لەخوێنی پڕۆلەی کوردا هەبوو. ٢٣٤
نامەکەی بەرباخەڵی ئەحەشەل..... ٢٤١
لەیادی ئەنفالە بەناوەکاندا..... ٢٤١
لەساڵیادی (٥١) ساڵەی بۆردومانکردنی شاری هەڵەبجەی هەمیشە زیندووبا. ٢٤٣
سەدام چۆن گیرا ٢٥٠
شەق لەهاوسەرت هەڵدە وپارە وەرگرە! ٢٦٩
فریادڕەسێکی تری ئەنفال..... ٢٥٢
دەربارەی پرسی ئەنفال مافی خۆمانە بپرسین..... ٢٥٥
دەستگیرکردنی عەجاج، خاڵی وەرچەرخانی پرسی جینۆسایدە لەکوردستان! ٢٥٨
ئێزدی نیم..... ٢٦٢
لەنوگرەسەلمانەوە..... ٢٦٦
یادەوەریەکی تاڵی ئێمەو حەجاج..... ٢٦٦

ئەنفالنامە

یاسا گەمژەکان ناپارێزێ

سەرنوسەر

بەشداریی کاراکتەر، لە تاوانی جینۆسایدا (بڕیاردەر وپلان دانەرو هاندەرەوە هەتا جەلادەکان دەگات) وەک یەک تاوانباران، لە تۆمەتباران لە جینۆسایدی کورددا، هەموویان لەسەر خاڵێک ڕاماندەگرن، کە دەڵێن (من تەنها فەرمانم جێبەجێکردووە) ئەمە باوترین پاساوی ئەنجامدەرانی تاوانەکەیە، بەوانەشەوە کە سەربازێکی ئاسایی نەبوون، بگرە پلان دارێژەرو فەرماندە بوون لە مەیداندا، تەنانەت ئەم پاساوەیان گەیشتووەتە میدیا و لە بەرنامە میدیاییەکاندا لە (ڕۆژنامە، گۆڤار، رادیۆ تەلەفزیونەکان)دا بینویمانەو بیستوومانە و ئێستاش هەر دەبیستین، کە تۆمەتباران و تاوانباران ئاوا قسە دەکەن گوایا ئەوان لەژێر فەرماندا بوون و هیچ گوناهێکیان نیە لەوەی دەوڵەت و سەرۆک فەرمانی پێکردوون. وەک بڵێی ئەوان تاوانێکیان نیە لەوەی ڕویداوە ! واتا ئەگەر فەرمانیان پێنەکرایە. ئەوان هیچ تاوانیکیان ئەنجام نەدەداو ئەوەی ئەنجامیشیانداوە تیایدا تاوانبار نین، بەڵکو قوربانی ئەوەن کە فرمانیان پێکراوە و فەرمانیان جێبەجێ کردووە، ئیتر بۆ دەبێت تاوانباربن. ئەمە تەنها دیوێکی ڕاستە، بەڵام ئایا ئەم قسانە هەمووی ڕاستن و لە دەست دادگا رزگاریان دەبێت ؟ ئایا هەموو ئەوانە جێی متمانەن؟ یاخود لە هەناویاندا ئامادەیی ئەم تاوانکارییە هەیە؟ (سوڵتان هاشم ئەحمەد) کە فەرماندەی فەیلەقی یەک بوو لە کاتی ئەنفالداو بەرپرسی جێبەجێکردنی یەکەم قۆناغی پرۆسەی ئەنفال بوو. لەیەکێک لە دانیشتنەکانی دادگایی کردنیاندا لە دۆسێی ئەنفال)دا ئەم پاساوەی هێنایەوەو وتی: ئێمە تەنها فەرمان جێبەجێکردووەو نەمانزانیوە ئەوەی دەیکەین تاوانە. ئەگەر بمانزانیایە دادگایەک هەیە بۆ لێپرسینەوەمان ئێمە ئەوسا شتێکی ترمان دەکرد. بەڵام ئایا دەکرێت ئاوا بە ئاسانی گوێ لەم پاساوە بگرین و سوک و سادە ئەمەمان بەسەردا تێپەڕێ ؟ بێگومان نەخێر وەک چۆن ئەوە نەبووە هۆی سوککردنی سزاکانی چونکە یاسا (گیل و گەمژەکان) ناپارێز عەرەب وتەنی (القانون لایحمی المغفلین).

وەنەبێت ئەمە هەرقسەی سوڵتان هاشم فەرماندەی فەیلەقی یەک بێت تەنانەت نزار عەبدولکەریم خەزرەجیش کە ئەوسا سەرۆکی ئەرکانی سوپا بوو هەروای دەگوت .

بۆ دەربازبوون لەم تەموومژەی تاوانباران دەیخوڵقێنن دەبێت لەوە تێبگەین، کە تاوانی جینۆسایدە بەتاکە کەس ئەنجام نادرێت، چونکە تاکە کەس توانای ئەوەی نییە، کە گروپێک جا نەتەوەیی بێت یان ئاینی یاخود ڕەگەزی پاکتاو بکات بەڵام دەتوانێت ڕۆڵی کاریگەری هەبێت بۆنمونە ئەگەر سەدام بریاری نەدایە ئەوا سەربازو بکوژانی تر بەدەسەڵاتدارو بێدەسەڵاتیانەوە لە خۆوە پەلاماری گروپی دەستنیشانکراویان نەدەدا ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەگەر جێبەجێکاریش ئامادە نەبوایە بریار جێبەجێبکات سەدام نەیدەتوانی تاوانەکە ئەنجام بدات. بۆیە ناکرێت هیچ گومان لێکراوێک بەبێ لێکۆڵینەوە لە تۆمەتەکەی لەدەست دادگا رزگاری بێت جا بەسزادانی بێت یاخود بە ئازادکردن و بێ تاوانی.

ڕافایل لێمکین

ئامادەکردنی: ئەنفالستان

یەکێک لەو کەســـایەتیە کاریگەرانەی جیهان، کە پێویســـتە ئاگاداری چیرۆکی ژیان و تیکۆشـانی بین لە پێناوی ماف و شکۆی مرۆڤایەتیدا (رافائیل لیمکن)ە.

لە ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٠٠ لە خێزانێکی جووی پۆڵـندی لە دایکبووە، لە دلیک و باوکی لە گوندی بچووک (بێزودنێ)ی نزیک شاری ڤاوکا ڤیسک، دەژیان کە ئەوسا بەشێک بوو لە ئیمپراتۆریەتی ڕووســ یا وئێســتا لەبیلاڕوســدایە. باوکی جووتیار بوو، دایکی نیگارکێش و زمانزان و خوێندکاری فەلســ ەفەبوو. لە ڕێگەی ئەوەوە پەرەی بەخۆیدا ســ ۆزی بۆ ڕابردوو تەواوی ژیانی لە قاڵبدا.

رافائیل لیمکن، کە رزگاربووی تاوانی هۆلۆکۆســت بوو، ئەو یەکەم کەس بوو کە وشـەی 'جینۆسـایدی'ی داهێنا و یارمەتی دا بۆ دامەزراندنی ئەم زاراوەیە لە یاسای نێودەوڵەتیدا.

لیمکن لە ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٠٠ لە گونـدێکی بچووک (بێزۆدنە) لە خێزانێکی جووی پۆڵەندی لەدایک بوو، کە ئەو کات بەشـــێک بوو لە ئیمپراتۆریەتی ڕووســـیا و ئێســـتا دەکەوێتە بیلاڕووس.

لە تەمەنی ١٢ ســـاڵیدا، کاتێـک کتێبی 'کۆڤ ڤادیس؟'ی خوێندەوە، یەکەم هەستی بۆ کوشتاری بەکۆمەڵی لا دروست بوو. لە گەنجێتیدا حەوت زمانی زانیووە، لە زانکۆی لۆڤۆف خوێندنی یاسای تەواو کرد.

لە ســاڵی ١٩٢٩ەوە، کاتی خۆی تەرخان کرد بۆ نووســینی یاســـای نێودەوڵەتی کە حکومەتەکان پابەنـد بکـات بە بەرەنگاربوونەوەی هەوڵەکانی لەناوبردنی خەڵـک لەســـەر بنەمای بیروباوەڕی ئایینی، نەتەوەیی یان گرووپی ئیتنی. لە ســـاڵی ١٩٣٣ بیرۆکەکانی لە وتارێکدا بەناوی "تاوانی دڕندەیی" پێشکەش کرد.

لە کـاتی جەنگی جیهـانی دووەمـدا، لە پۆڵەنـدا هەڵات و لە ڕێگەی لیتوانیاوە گەیشـــتە ســـوید. دواتر توانی بگاتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ١٨ی نیســـانی ١٩٤١. بەداخەوە، زۆربەی ئەندامانی خێزانەکەی لەلایەن نازییەکانەوە کوژران.



لیمکن ژیـانی خۆی تەرخـان کرد بۆ بەرەنگـاربوونەوەی کوشـــتـاری بەکۆمەڵ و داکۆکیکردن لە مـافەکـانی مرۆڤ. وتەیەکی بەنـاوبـانگی دەڵێت: "دەبێت مەودای نێوان دڵ و کردار کورت بکەینەوە. بۆ ژیـان لەگەڵ بیرۆکەیەک، نەک تەنها قســەکردن یان هەســتکردن پێی". کاتێک دەســتی بە کـارکردن کرد لە زانکۆی دیوک، یەکســـەر هەســـتی بە پێشـــوازییەکی گەرم کرا و خۆی لەگەڵ ژیـانی ئەمریکـا گونجاند. خەڵک ســەرسام بوون بە ئەزموونی ڕاستەوخۆی ئەو لە ئەورووپـای ســـەردەمـی جەنـگـدا، ئەویـش ئەم سەرنجڕاکێشییەی بەکارهێنا بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵک لەو هەڕەشـەیەی کە نازییەکان بۆ سەر شارستانیەت دروستیان کردبوو.

دایک و باوکی هەوالّی گەیشتنە سەلامەتییەکەیان بۆ ئەمریکا پێگەیشـــت و لە حوزەیرانی ١٩٤١دا دوا نامەی لە دایک و باوکی پێگەیشت. لەسەر پارچە کاغەزێکی کۆن نووسرابوو: "ئێمە بـاشـــین و دڵخۆشـــین کە ئەم نـامەیە دەتگـاتێ لە ئەمریکا". ئەو نامە کۆنە و وشـــە ڕووالّەت گومڕاکەرەکانی نـامەکە زیـاتر وەک مـاڵئـاواییەک دەچوو نەک پەیـامێکی دڵنیاکەرەوە. دایک و باوکی لە کۆتایی ســـاڵی ١٩٤٢ لە ترێبلینکا کوژران. لەبارەی ئازاری ئەو ڕۆژانەوە گوتی: "لە

باکووری کارۆلاینا، پیاو بە تەواوی جل لەبەر نییە ئەگەر بزەی لەسـ ەر لێو نەبێت. من دەســتم کردەوە بە بزەکردن، بەڵام جیهان بۆ چەندین مانگ ڕەنگی خۆی لەدەســت دا بۆ من". تەنها براکەی، ژنەکەی و دوو منداڵەکەیان لە جەنگەکە ڕزگــاریــان بوو. لانیکەم ٤٩ ئەنــدامی تری خێزانەکەی لەناوچوون.

لە ســـاڵی ١٩٤٢دا، لیمکن لە حکومەتی ئەمریکا دامەزرا و بەردەوام بوو لە لۆبیکردن لەگەڵ ســیــاســـەتمەداران بۆ وەرگرتنی هەڵوێســت دژی نازییەکان، هەروەها هۆشــیاری گشــتی بڵاو دەکردەوە بۆ هاندانی خەڵک کە زیاتر فشــار بخەنە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. بەڵام هەستی کرد کە هەڵمەتەکەی شــتێکی کەم بوو: ناونیشــانێک بۆ ئەم دڕندەترین تاوانە کە دڕندەیی و ســـروشـــتی تایبەت و وێرانکەری خۆی دەربخات. پێویستی بە وشــەیەک بوو کە ســەرنجی خەڵک ڕابکێشــێت و یەکســەر ســەرکۆنەیەکی ئەخلاقی بەهێز دروست بکات.

بە شـــــارەزایی و خولیــای زمــانەوانی خۆی، وشـــەی 'جینۆسایدی'ی داهێنا. ئەم وشەیە پێکهاتبوو لە وشەی یۆنانی 'جینۆس' (بەواتای 'ڕەگەز' یان 'بنەچە') لەگەڵ وشەی لاتینی 'ساید' (بە واتای 'کوشتن'). وشەکە ئاسان دەهاتە سەرزمان و کورت و کاریگەر بوو، لیمکن وەک چارەسەرێکی وشەیی ســەیری دەکرد. ئەو پێناســەی وشــەکەی بەم شــێوەیە کرد: "پلانێکی هەمــاهەنگکراو لە کردەوەی جیــاواز کە ئــامــانجی لەنــاوبردنی بنەمــا ســـــەرەکییەکــانی ژیــانی گرووپە نەتەوەییەکــانە، بە مەبەســـتی لەنــاوبردنی تەواوی ئەو گرووپانە." بەڵام ناوێک بۆ قێزەونترین تاوان هیچ بەهایەکی نەدەبوو بەبێ یاســـــای نێودەوڵەتی بۆ جێبەجێکردنی، لەم ڕووەوە. لیمکن هێشتا کاری زۆری لەبەردەمدا بوو

دوای جەنگ – After the war

دوای کۆتــایی جەنگی جیهــانی دووەم، لیمکن چووە نۆرنبێرگ، لەوێ هەوڵیدا جینۆساید وەک یاسا بچەسپێنێت لە کاتێکدا تاوانبارانی جەنگ و نازییەکان دادگایی دەکران. سەرکەوتنی بچووکی بەدەستهێنا کاتێک وشەی 'جینۆساید' خزایە ناو هەندێک لە زمانی فەرمی دۆسێکانەوە، بەڵام کەس بەو تۆمەتە تاوانبار نەکرا – تەنها بۆ 'تاوان دژی مرۆڤایەتی' دادگایی کران.

ئەو خۆی نوقمی ئەم هەوڵانە کرد، ئەمەش بە تێچووی تەندروستی خۆی تەواو بوو. نەیدەتوانی بخەوێت، پەستانی خوێنی بەرز بوو و جار جار لە برسا بێهۆش دەبوو. دوای بەجێهێشتنی نیورنبێرگ، گەڕایەوە ئەمریکا تا بەختی خۆی لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە نووســینگەی نیویۆرک تاقی بکاتەوە. لەوێ خۆی کردە مایەی بێزاری، بەردەوام چیرۆکی جینۆســایدی بۆ نوێنەران دەگێڕایەوە بە هیوای ئەوەی کە ئەجێندەکەی قبوڵ بکەن.

ســەرەڕای ئەوەی کە "ڕەنگ پەڕیوتر، لاوازتر و شــپرزەتر" دەبوو، ســـەرەنجام هەوڵەکانی لیمکن بەرهەمی دا. لە ١١ی کــانــوونــی یەکەمــی ١٩٤٦، کــۆمەڵەی گشـــتــی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێکی ســـەبارەت بە ســـەرکۆنەکردنی جینۆساید دەرکرد، هەروەها لیژنەیەک پێکهێنرا بۆ نووسینی پەیماننامەیەک کە جینۆساید بە نایاسایی بناسێنێت.

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز لە دوای ئەم بڕیارە نووســـی: "لەمەودوا هیچ حکومەتێک ناتوانێت بە بێ ســـزا بەشـــێکی گەورە لە هاوڵاتیانی خۆی بکوژێت". چوار ســـاڵ دواتر، لە ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٠، دوای ئەوەی کۆمەڵەی گشتی بە کۆی دەنگ دەنگی بە یاســـاکە دا و ٢٠ وڵاتی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ناوخۆدا پەســـەندیان کرد، تاوانی جینۆســاید لە ئاســتی نێودەوڵەتیدا قەدەغە کرا. بەڵام، ئەمە کۆتایی خەباتی لیمکن نەبوو.

ئەو نەیتوانی کەســێک ببینێت کە بە تۆمەتی ئەم تاوانە دادگایی بکرێت – ٥٠ ســـاڵی خایاند تا یەکەم کەس بە تاوانی جینۆساید تاوانبار بکرێت، کە شارەوانێکی ڕواندی

بوو بە ناوی جان-پۆل ئەکایێسو، بەهۆی ڕۆڵی لە جینۆسایدی ساڵی ١٩٩٤ی ووڵاتەکەی.

هەروەها لیمکن هەرگیز نەیبینی کە ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ووڵاتی دووەمی، پەیماننامەکە پەسەند بکات، کە ئەمووندیەکی خراپی بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دانا. هەوڵێستی نەریتی ئەمریکا بۆ پاراستنی سەروەری خۆی وای لە سیاسەتمەداران کرد خۆیان لە پشتگیریکردنی بدزنەوە، هەستێک کە تەنها خراپتر بوو کاتێک جەنگی سارد کاریگەری لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دانا و مەککارثیزم کەش یەکی گومان و ترسی لە ناو سنووورەکانی ئەمریکادا دروست کرد.

ساڵەکانی کۆتایی ژیانی تەرخان کرد بۆ ڕەخنەگرتن لە سیاسەتمەداران لەسەر بابەتی جینۆساید، بە نائومێدییەوە هەوڵی دەدا ڕێگایەک بدۆزێتەوە بۆ بەدەستهێنانی پەسەندکردن. تەندروستی بەردەوام خراپتر دەبوو. هەژار بوو و بەردەو هەژارتر بوون دەچوو بەردەو دووڕە پەڕێزی کۆمەڵایەتی دەچوو، بۆماوەی چەند ڕۆژ لە ئەو چەند هاوڕێیەی کە هەیبوون ووندەبوو. لە ٢٨ی ئابی ١٩٥٩، لە ساڵی پێنجەمین کاندیدکردنی بۆ خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ و لە تەمەنی ٥٩ ساڵیدا، لیمکن لە نووسینگەی ڕۆژنامەوانی بڵاوکراوەیەکدا بەهۆی جەڵتەی دڵەوە کۆچی دوایی کرد.

بێگومان خەباتە بێوچانەکەی بۆ داپەروەری و مافی قوربانیەکانی ڕابردوو و داهاتووی جینۆساید مەرگی خێراتر کرد، بەڵام میراتەکەی نەک تەنها لە داهێنانی وشەیەک، کە پێناسەی تاوانەکە دەکات، بەڵکو لە بوونی خودی ئەو وشەیە لە کتێبە یاساییەکاندا بەردەوامە.

لای لیمکین، دەکرێت تاوانی جینۆساید لە ڕێگەی گۆڕانکاری کولتوورییەوە ڕووبدات، لیمکین، قەدەغەرکردنی زمانی نەتەوە و سەپاندنی زمانی نەتەوەی سەردەست بە ئامرازێکی تری جێبەجێکردنی جینۆساید دەبینێت، ئەم کردەیە بە جینۆسایدی کولتووری ناودەنێت، بۆ نموونە؛ دوای داگیرکردنی لۆکسەمبۆرگ، نازییەکان بە تەواوی سەرجەم وانەکانی خوێندنی ئەو وڵاتەیان گۆڕی بە زمانی ئەڵمانی.

جۆن هامپەر کە ئەوکات بەرپرسی یەکەی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان بوو دەڵێ:

"بە درێژایی مێژوو ڕوپنەداوە کەسێک بە تەنها ئەو هەموو کۆششە بکات وەک ئەوەی لیمکین کردی، بۆ هەرکۆ بڕۆیشتنایە ئەو لەوێ بوو، ڕۆژانە سەردانی کۆمیتە و بەشەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئۆفیسی نوێنەرایەتی دەوڵەتەکانی دەکرد، بە هەفتە لە بەردەم دەرگای نەتەوەیەکگرتووەکاندا دەوەستا و هەر فەرمانبەر و دیپلۆماتێک بەوێدا بڕۆیشتایە، تاوانی جینۆساید و گرنگی دەرکردنی پەیماننامەیەک بۆ بەرلێگرتن و سزادانی تاوانبارانی ئەو تاوانەی بۆ ڕوونەدەکردنەوە".

سەرچاوەکان

١. ماڵپەڕی هۆڵۆکۆست، التأثير على معنى كلمة والدفاع عن قضية: رفائيل لمكين.

٢. ماڵپەڕی ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتی، تاوانی جەنگ لای رافائیل لیمکن، هاوڕێ ئەحمەد ٢٠٢١ .

٣. Coining a Word and Championing a Cause: The Story of Raphael Lemkin https://encyclopedia.ushmm.org/content/en/article/coining-a-word-and-championing-a-cause-the-story-of-raphael-lemkin

تێگەیشتن لە ئەنفال

هۆمەر محەمەد
٢٠٢٥/٩/٨ – سلێمانی

بەرایی :

بەرلەوەی بچمە ناو باسەکەمەوە بێ سودنابێت، کە شایەتیدانی پیاوێکی گوندی جەلەمۆرد بگێڕمەوە لەگەڵ شاندێکی پارتی چەپی سویدی بەسەرۆکایەتی (لاش ئولی) و یاوەرانی (ئولە هۆفمان) سەرۆکی پێشووو ئەندامانی ئەو پارەتە (مژدە خەلیل) و (فراد نەمروت)* ئەندامی شارەوانیەکانی سوید، هاتنە شاری سلێمانی، لەو سەردانەیاندا ماوەی دوو ڕۆژ یاوەریان بووم و شایەتحاڵم بۆ دەستنیشان دەکردن، بۆ ئەو مەبەستە پێکەوە سەردانی هەڵەبجە و چەمچەماڵ و کۆمەڵگای شۆڕشمان کرد.

کاتژمێر ٩:٤٥ی سەر لەبەیانی ڕۆژی ٢٠٠٨/١١/٢٢ لە بەڕێوەبەرایەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی چەمچەماڵ چاومان بەشایەتحاڵەکان کەوت، یەکێک لەوانەی جەختم کردبووەوە کە دەبێت ئامادەبێت. ڕۆحی شادبێت (مام ئەفەندی ئەحمەد مەلامحەمەد) بوو، چونکە دەمزانی شایەتحاڵیکی وریاو قەناعەت بەخشە، کورت و پوخت قسە دەکاو مەبەستەکەی دەگەیەنێت، ئەم پیاوە لە دادگای بالای تاوانەکانیش شایەتحاڵیکی وریاو بە ویقار بوو.. سەرباری ئەوەی خێزانەکەی و چوار منداڵی ئەنفالکرابوون، خۆی لە دۆزەخی نوگرەسەلمان گەرابووەوە بەڵام پیاوێکی بەهیمەت و وەرەبەرز بوو.

بەرلەوەی بچینە ناو گفتوگۆی فەرمییەوە سەرۆکی شاندەکەی پارتی چەپی سویدی لەڕیگەی (مژدە خەلیل) وەرگێڕەکەیەوە لێی پرسی چی دەربارەی ئەنفال دەزانی؟ بەڵام تکایە هەرچی ڕاستە ئەوەم پێبڵێ، مام ئەفەندی گوتی: بەڕێز ئەوەی دیومە ڕاستیە هەتا ئەو ڕۆژەی دەمرم چیرۆکی ئەنفال و دڕندەیی سەدام و حەجاج و بەعسیەکان بگێڕمەوە تەمەنم بەشی ڕاستیەکان ناکات چ ڕۆژم بەدرۆیە بۆتۆی بکەم.

نازانم کابرای سویدی چۆن لەو وەڵامەی مام ئەفەندی تێگەیشت بەڵام ئەم چیرۆکە بۆمنیش بوو بەوانەیەک، کە ئازایانەو ڕاستگۆیانە چیرۆکی ئەنفال بنوسمەوە.

پێشەکی

یەکێک لەگرفتەکانی کورد لە گێڕانەوەی ئەنفالدا ئەوەیە، کە هەتا ئێستا وێنە گەورەکەی دەبینێ و تەماشای پارچە بچوکەکانی ناو وێنەکە ناکات، یاخود حەوسەڵەی لێی وردبوونەوەی نییە. ئەمە تەنانەت بۆ لێکۆڵیارو چالاکانی ئەو بوارەش هەروایە، هەتا ئێستا ئەوەی بە گومانەوە پرسیاری لەبارەوە دەکرێت ژمارەی ڕوخاندنی گوندەکان و ژمارەی قوربانیانی تاوانەکەیە، ئەمەش ئاوێکە سیاسیەکان ڕشتویانەو ئەوانیدی پێیلێدەخشێنن. چونکە لەبنەڕەتدا ئەم لۆژیکە پێیوایە هەتا گۆڕستانەکانمان فراونتربن شۆڕشگێڕترین و شانسی ڕزگاربوونمان زیاترە. دەنا ساغ کردنەوەی ژمارەی قوربانیان و ئامارکردنی نەکارێکی ئەوتۆی بۆکراوە ڕووی پێشاندانی خەڵکی هەبێت نەهێندەش ئاسانە، بەکەسانی خۆبەخش و بێ پشتیوان ئەنجامبدرێت. ڕەنگە ئەگەر حکومەت یاخود ڕێکخراوەکان بەپشتیوانی حکومەت خەمیان لێبخواردایەو هەوڵبدرایە بتوانرایە لە ڕاستی نزیک ببینەوە، بەڵام ساغکردنەوەی ژمارەی قوربانیانی ئەنفال بەپێی بەدواداچوون و لێوردبوونەوەم چەندین

* مژدە خەلیل و فراد نەمروت هەردوکیان کوردی هاوڵاتی سویدین، مژدە خەڵکی شاری کەلاری باشوری کوردستان و فرادیش خەڵکی باکوری کوردستان بوو.

کۆسپی گەورەی لەبەردەمدایەو نەسەرکەوتن بەسەریدا ئاسانەو نەلابردنیشی. بەهیوام لە داهاتوودا بەتوێژینەوەیەک بتوانم ئاستەنگی و ئالۆزییەکانی بەردەم ئەم کێشەیە بخەمەڕوو.

خاڵێکی تری قسەکردن لەبارەی ئەنفالەوە گۆترەکاری و قسەی نابەرپرسیارانەیە، تەنانەت لەمەڕ پەلامارە سەربازییەکان و ڕوخاندنی گوندەکان و بەشداری جاشەکانیشەوە. بۆنمونە کاتێک باس لە ڕوخاندنی گوند دەکرێت مەگەر بەدەگمەن دەنا بەگشتی هەموو دەڵێن و دەنوسن لەسەرانسەری کوردستان یەک خانووی گوندەکان نەما نەڕوخێ بەڵام ئەمە بۆ هەموو کوردستان ڕاست نییە، چونکە بەلای کەمەوە بەپێی زانیاری من لەناوچەی سورداش گوندی چەرمەگا و لە ناوچەی بیتوێن گوندی بێتواتە مابوون، لەبەرئەوەی ماڵ وبارەگای سەرۆک جاش بوون، لە پارێزگای هەولێرو دهۆک ٦٧٣ گوند مابوون، هەرچەندە دواتر هەندێک لەوانەش هەر ڕوخێندران* بەڵام گوندەکانی سەربە عەشیرەتەکانی برادۆستی و دۆڵەمەڕی و سورچی و هەرکی مابوون کە هەریەکەیان سەربە موستەشارێکی دەسەڵاتدار بوون. مێدیڵ ئێست وۆچ لەبارەی گوندەکانەوە نوسیوێتی : " لەو سێ پارێزگایەدا کە ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان پێکدێنن. بە پێی مەسحێک کە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی حوکوومەتە تازەکەی کورد ئامادەی کردووە، ٦٧٣ گوند لە هەرسێ پارێزگای هەولێرو سلێمانی و دهۆکدا بەپێوە مابوون و ٤٠٤٩ گوندیش وێرانکراون." *

ئەوگوندانەی مابوون بەزۆری کەوتبوونە پارێزگای هەولێرو دهۆک و بەتایبەتیش ناوچەی ئاکرێ و مەخمور، کە ئەوسا سەر بەپارێزگای موسڵ بوون. لە ٢٨ ی کانوونی دووەمی ١٩٨٨دا لیژنەی ئەمنیی شەقڵاوە "ئاماژەی بەوە کردووە کەلاریان نیە لەوەی قەدەغەی ئەمنی لەسەر ئەو گوندانە هەڵبگیرێت کە دانیشتوانیان سەر بە عەشیرەتی سوورچین و زۆربەیان خەڵکی خۆبەخشن لە فەوجەکانی بەرگریی نیشتمانیدا. بێجگە لەوەش تێکدەران ناتوانن بگەنە ئەم گوندانەو دانیشتوانیان هاوکارییان ناکەن و هیچ بەرەنگارییەک لە ناوچەکە ڕووینەداوە"(*)

دەبێت ئەوەش بڵێین کەوا ئەم گوندانە هیچیان گرنتی مانەوەیان نەبوو هەروەک "لە ١٥ی نیسانی ١٩٨٩دا بڕیاری ژمارە ٣٤٤٨ ی مەکتەبی باکوور دەرچووە کەڕێگەی بە"چۆڵکردن و کۆکردنەوە"ی ژمارەیەک گوندی دیارینەکراوداوە لەوگوندانەی سەربە هەردوو هۆزی برادۆست و دۆڵەمەرین، بۆ دروستکردنی بەنداوێکی نوێ لەسەر زێی گەورە لەلای بێخمەدا (*)

بۆیە تۆێژەرو لێکۆڵەر ئەگەر بیانەوێ بەرپرسیارانە بدوێن و بنوسن دەبێت خۆیان لە گۆترەکاری و قسەی حازربەدەست بپارێزن. چونکە نەک ئەوژمارەیە تەنانەت ئەگەر یەک گوندیش مابێت دەبێت وەک ئەمانەتی زانستی ئاماژەی پێبدرێت. ئەوەی هیچ گوندێک نەما ئەوە بۆ گەرمیان ڕاستە دەنا ئەگەر

* بەپێی بڕووسکەی ژمارە ٤٧٩٩ ی ڕۆژی ٣ ی ئەیلوولی ١٩٨٨ لە ئەمنی شەقڵاوەوە بۆ ئەمنی هەولێر گوندی جولەمێرگ ڕوخێندراوە بروسکەکە ئاماژە بە "پاکتاوکردنی" دۆڵی ئالانە دەکات لەلایەن فیرقەی ٣٧ ی سوپاوە.

* مێدیل ئێست وۆچ جێنۆسایدە لەعیراق پەلامارەی ئەنفال بۆسەرکورد، لە ئینگلیزییەوە محەمەد حەمەسالح توفیق چاپی دووەم خانەی وەرگێران ،٢٠٠٤، ل ٤٠٧

* نووسراوی ئەمنی هەولێر بۆ ئەمنی شەقڵاوە، ژمارە س ت ١٧٩٢٢ ی ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٨٨.

* مێدیل ئێست وۆچ هەمان سەرچاوەی پێشوو هەمان لاپەرە.

بۆ وێناکردنی وێرانکاریەکی گشتی بێت دەتوانین بڵێین هەموو کوردستان وێرانکرا.

چۆن لە ئەنفال بڕوانین و چۆن بیگێڕینەوە

کاتێک لەمەڕ تاوانی ئەنفال دەدوێین، مەرجە بڕوایەکی قوڵمان بەمافی مرۆڤ هەبێ و بە خۆراگرییەکی زۆرەوە، ڕوبەڕووی ببینەوە، هەتا لەکاردانەوەدا نەبینەوە بەبەعسی، لەسەروی ئەوانەشەوە بەڕاستگۆی و تێگەیشتنێکی قوڵەوە شەن و کەوی فاشیزم و دڵڕەقی جەلاد لەلایەک و ئازارەکانی قوربانی و ئەو هۆکارانە بکەین کە بوونە هۆی تاوانەکە.

تاوانکاری جێنۆساید لەبەر ئاڵۆزی و قورسیەکەی پێشتر ئامادەکاری بۆدەکرێت ئینجا ئەنجام دەدرێت، واتا پێشوەخت بیری لێکراوەتەوەو پلانی بۆ دانراوە، بۆیە بەڕپەڕچدانەوەشی ڕۆژی بە ئامادەکاری و بیرکردنەوەو پلان هەیە، لەڕاستیدا ئەرکی بەڕپەڕچدانەوە تەنها کەو کەسانە نین گوایا پرۆفیشناڵن، بەڵکو ئەرکی هەر مرۆڤێکە کە شکۆمەندی مرۆڤایەتی بەلاوە گرنگە. بەڵام بیرلێکردنەوەو پلان دانان بۆ پێشلێکرتن و دوبارە نەبوونەوەی ئەرکی کەسانێکە کەشارەزان یان دەیانەوێت شارەزابن بۆئەوەی باشترین و کورترین ڕێگە هەڵبژێرن بۆ گەیشتن بەو ئامانجە.

دەنا ئەگەر هونەرمەندێک دەیەوێت خشتێک بخاتە سەر بینای ئەو شکۆمەندییە ڕۆژە لە ناخەوە تێکەڵی ڕووداوەکان بێت و بچێتە هەناوی ڕووداوەکانەوە (کات و شوێن) زۆر گرنگە، بۆئەوەی بتوانێت هەموو ئەو ماتریاڵانە بکاتە کەرەستەی گێڕانەوە لە پێناوی دوبارە نەبوونەوە. هەریەکێک لە قوربانیانی ئەنفال، دەشێت کارەکتەری ناو گێڕانەوەکە بن، بەڵام جڵەوی کارە هونەرییەکە دەکەوێتە دەست هونەرمەند. ئەمە بۆ دادوەرێکیش ڕۆژە هەروا بێت، ئەرکی دادوەر مامەڵەکردنە لەگەڵ بەڵگەکانی بەردەستی، یەکێک لەوانە گێڕانەوەیە، قسەی شایەتحاڵ و سکاڵاکار بەڵام ئیدی دوابڕیار دەچێتە لای دادوەر. ئەمە بۆ نوسەرێکیش هەر ڕاستە، دەبێت و مەرجە لەکات و شوێن بکۆڵێتەوە، بزانێت لەوکاتەدا هێزی ئەنجامدەری تاوانکار چەند بووە، چەکەکانی دەستیان چی بووە، جل وبەرگیان، تفەنگ و فیشەکیان، مامەڵەیان لەگەڵ قوربانی و مامەڵەیان لەگەڵ چەکەکانی دەستیان، تەنانەت ئاڵایان چۆن بووە. چەند ڕەنگ و چەند خەت و چەند هێمای تێدا بووە. ئەگەر نوسەر هونەرمەند دادوەر هەستیکرد تێکەڵی ڕووداوەکان بووە، دڵڕەقی و بەزەیی و ئازارەکانی بینی و لەگەڵیدا ژیا ئەوا بێگومان لەکارەکەیدا سەرکەوتوو دەبێ و بەلای کەمەوە دەتوانێت ئایدیایەک بۆ دوابڕیار گەڵاڵە بکات، ئەو کاتە مرۆڤ تێگەیشت تاوان چیە ؟ جەلاد و قوربانی کێ یە ؟ لێکەوتەکانی تاوان کوشتن و برسی کردن و ماڵ سوتاندن و ڕوخاندن چییە بەدڵنیایی ئاسانتر لەوە تێدەگات لەناوبردنی ژیان تەنها کوشتار نییە بەڵکو وێرانکردنی کەلتوورو بەهاکانی تری ژیانیشە ئەوکاتە زانی جێنۆسایدی ئەنفال گازباران و تاوانی دژە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ چییە ئەوسا دەزانێت هەموو ئەو تاوانانە دەترازێنە ناو هاوکێشەیەکی تردەو لە تاوانێکی ناوخۆییەوە دەبێتە تاوانێکی نێودەوڵەتی، ئەی کەوایە تاوانی نێودەوڵەتی چییە مەگەر تاوان هەر تاوان نیە ؟ بێگومان نەخێر تاوانی نێودەوڵەتی ڕۆژی بەپشتیوانی نێودەوڵەتی هەیە، چونکە تاوانی نێودەوڵەتی بۆ نمونە (ئەنفال) تەنها تاوانێک نییە دژی گوندنشینە کوردەکان، بەڵکو تاوانە دژی بەها ژینگەیی و مرۆییەکان.

گرفتی تێگەیشتن

یەکێک لە گرفتەکانی بەردەم ئەنفال تێنەگەیشتنە لە خودی تاوانەکە وەک تاوانێکی گەورەو فرەڕەهەند، جیانەکردنەوەی قۆناغەکان و لایەنە

بەرپرسیارەکان و ئەرکەکانیان. بۆنمونە تێکەڵ کردنی ئەرکەکانی سوپا لەگەڵ ئەرکی ئەمن و هەواڵگری، ئەرکی نوسینگەی ڕێکخستنی باکورو ئەرکی وەزارەتی بەرگری و هێزە چەکدارەکان. واتا کاتێک باس لە تاوانی ئەنفال لە کوردستان دەکرێت بەگشتی باس لە پەلاماری سەربازییەکان دەکرێت نەک لەو پرۆسەیەی بەدوای پەلاماردانا هاتوون و هەریەکەو بەپێی ئەرکی خۆی ئەنجامیان داون. بەواتایەکی دی پرۆسەی سەربازییەکانی ئەنفال بریتین لە هەشت پەلاماری سەربازی یەک لەدوای یەک. ئەم پرۆسە سەربازیانە ئەرکیان کۆمەڵکوژی نەبووە، بەڵکو ئەرکیان گرتن و کۆکردنەوەی خەڵک و ڕوخاندنی گوندەکان و شەڕکردن بووە لەگەڵ پێشمەرگەو هەر چەکدارێک کەڕووبەڕویان دەبێتەوە. لە یەکەم قۆناغدا لە شارباژێرو دۆڵی جافایەتیەوە دەستیان پێکردوو لە بادینان کۆتاییان هات. وتا لەماوەی شەش مانگدا لە ٢٢ی شوباتی ساڵی ١٩٨٨ لە دۆڵی جافایەتی و شارباژێرەوە دەست کراوە بەهێرش و پەلاماردان و لە ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨دا لە بادینان کۆتایی هات و بەیانی کۆتایی هاتنی پرۆسەکە دەرچووە.

بۆناسینەوەی هەرتاوانێکی جێنۆساید سێ توخم دەبنە بنەما ئەوانیش بریتین لە:

یەکەم : دەستنیشانکردن

دووەم: گرتن و کۆکردنەوە

سێیەم : جیاکردنەوە و پۆلێنکردن و لە کۆڵکردنەوە (کوشتن)

هەریەک لەو دۆسیانەی لێرەدا خراونەتە بەرباس، بەو ڕێکارانەدا ڕۆیشتوون و لە قۆناغی یەکەمدا قوربانیەکان دەستنیشانکراون. واتا کێن ئەوانەی دەبێت لەم پرۆسەیەدا بکوژرێن؟ لە جێنۆسایدی کورده فیلیەکاندا (فەیلی) لە جێنۆسایدی بارزانیەکاندا (تەنها نێرینەی بارزانی) لە جێنۆسایدی ئەنفالدا گوندنشینەکان ئەوانەی لە (ناوچە قەدەغەکراوەکان)دا دەژین، واتا ئەو گوندانەی کە لەشوێنی خۆیاندا ماون و نەهاتوونەتە ناو کۆمەڵگا زۆرە ملێکانەوە. لەکیمیابارانکردنی هەڵەبجەشدا (شاری هەڵەبجەو دەوروبەری) و لە جێنۆسایدی ئێزدییەکاندا (تەنها ئیزدی). واتا لەهەموو دۆسیکاندا دەستنیشانکرد، بنەمای کۆمەڵکوژییەکە بووە، بۆنمونە بارزانیەکان تەنها نێرینەی بارزانی دەستنیشانکراون نەک هەموو بارزانییەک، لە ئەنفالدا تەنها گوندنشینی ناوچە قەدەغەکراوەکان دەستنیشانکراون نەک هەموو کوردێک، لەشەنگال و دەوروبەری تەنها ئێزدی نەک هەموو دانیشتوویەکی شەنگال.

گرتن و کۆکردنەوە:

لەدوای دەستنیشانکردن و ناساندن و ڕەشکردنیان، ئینجا قۆناغی پەلاماردان و گرتن و کۆکردنەوە دەست پێدەکات، سوپای عێراق لە ئەنفالدا ئەو ئەرکەی لە ئەستۆبووە. خەڵکەکەیان گرتووەو بەماشێنی سەربازی ڕەوانەی کەمپەکانی کۆکردنەوەیان کردوون و لەوێ ڕادەستی لایەنێکی تری ئەرکداریان کردوون، کە پیاوانی ئەمن و هەواڵگری بوون، ئەوانیش دوای هەندێک ڕێکاری ئەمنی وەک لێپرسینەوەی سەرەتایی و لێسەندنی پێداویستیەکانی ژیان وەک جلوبەرگی زیادەو خۆراک و هەندێکجار پێناس و خشڵ و پارە ئینجا بەماشێنی تایبەتی خۆیان ڕەوانەی کەمپی سەرەکییان دەکردن کە لەناوچەی سۆران (تۆپزاوا)و لە ناوچەی بادینانیش قەڵای نزارکێ بوو.

پۆلێن کردن و جیاکردنەوە

لەکەمپی سەرەکی جارێکی تر پۆل پۆل کۆدەکرانەوەو هەرچی پێیان مابووبێت لەپارەو پێناسەو هەرشتێکی زیادە لێیان سەندوون، تەنانەت سەعات و موکێش و نینۆک بڕیش. ئینجا پرۆسەی جیاکردنەوەو

پۆلێنکردن دەستی پێدەکرد، سەرەتا جیاکردنەوەی (نێرومێ) ژن و پیاو لەیەکتری دواتر پۆلێنکاریی دەستی پێدەکرد (پیرو گەنج) لەناو پیاوەکاندا گەنجەکانیان دەخستە پۆلێکەوەو پیرەکانیش پۆلێک ئینجا ژنە پیرەکانیان دەخستە ناو پۆلی پیاوە پیرەکانەوەو ژن و کچی گەنجیش بەجیا بەڵام جیاکردنەوەی منداڵ، زوو کۆتایی هات و لەبەرگریان و هاواری منداڵان و دایکان تەنها شەوێک یان دوو شەوبووەو دواتر خراونەتەوە لای یەکتری .

لەکۆڵکردنەوەو کوشتن

دوای پۆلێنکارییەکە هەریەکەیان بەجیاواز کراونەتە ناو هۆڵەکانەوە، واتا هۆڵەکانی پیرەکان جیاواز بوون لەهی گەنجەکان و هی ژن و منداڵەکانیش لەهۆڵی تایبەت بەخۆیاندابوون. ئەوپەری رۆژێک یان دوو رۆژ لەو هۆڵانەدا ماونەتەوەو ئینجا پرۆسەی گواستنەوە دەستی پێکردووە بەم شیوەیە:

یەکەم لەکۆڵکردنەوە: بەخێرایی و دەستوبردەوە گەنجەکان راستەوخۆ گواستراونەتەوە بۆ ئەوشوێنانەی کە پێش وەخت گۆڕی بەکۆمەڵیان بۆ ئامادەکراوە، ئەو شوێنانەی هەتا ئێستا پیزانراون و ئاشکرا بوون بریتی بوون لە : (ناوچەی حەزەر لە پاریزگای موسڵ، چیای حەمرین لەپاریزگای تکریت، بیابانەکانی دیوانیە، ناوچەی بوسەیەو تەل شێخ و عەرعەر لە پاریزگای سەماوە، بیابانەکانی پاریزگای رومادیيە و ناوچەی حەیدەرییە لە پاریزگای نەجەف) ئەم ئەرکە بەتیمەکانی گوللەبارانکردن سپێردراوە بەهەموو پیداویستیەکانیانەوە (پاسی تایبەت بۆ گواستنەوەی ئەنفالکراوان، شۆفڵ بۆ هەڵگەندنی چاڵەکانی مەرگ و داپۆشینیان) ئەم کارە هێندە نهێنی بووە نەک ئەفسەران وسەربازانی سوپا، تەنانەت هەموو دائیرە و فەرمانگەکانی ئەمن و هەوالگریش ئاگاداری نەبوون، بەڵکو تیمی تایبەتی و هەڵبژاردەی نوسینگەی باکورو کەسانی جێگەباوەری حزب و بەتایبەتیش ئەفسەرانی بەردەستی عەلی حەسەن مەجید بوون.

دووەم دەستبەسەرکردن: دەستبەسەرکردنی ئەنفالکراوان لە سێ شوێنی سەرەکی بوو، ئەوانەی تۆپزاوا هەرچی پیرەمێردو پیرەژنەکان بوون رەوانەی قەڵای نوگرەسەلمان کراون لە قەزای سەلمانی سەربە پارێزگای سەماوە. هەرچی ژنانی گەنج ومنداڵ بوون ڕەوانەی سەربازگەی دوبزکراون لە پارێزگای کەرکوک. بەڵام ئەوانەی قەڵای نزارکێ هەندێک لەگەنجەکانیان هەر بەبەرچاوی ژن ومنداڵەکانیانەوە بەدارو بلۆک کوشتبوو، ئەوانەی تر ڕەوانەی سەرچاڵەکانی مەرگ کراون، هێشتا هیچ گۆڕێکی بەکۆمەڵی پیاوانی ناوچەی بادینان نەدۆزراوەتەوە لەوانەی لە قەڵای نزارکێ براون. ژن و منداڵەکانیشیان ڕەوانەی سەربازگەی سەلامیەی پارێزگای موسڵ کردبوو، بەڵام لەبەرئەوەی لەدوای ئەنفالی بادینان لێبوردنێکی گشتی دەرچوو پیرەمێردو پیرەژنەکانیان ڕەوانەی کۆمەڵگەی بەحرکە کردووەو دواتریش ژن ومنداڵەکانی سەبازگەی سەلامییەیان هێناویەوە بۆ کۆمەڵگای جێژنکاو بەحرکە.

ئەوەی ڕۆژە بیزانین و دەبێت بەوردی و وەک خۆی تەماشای بکەین ئەوەیە کە ئەنفال پرۆسەیەکی گشتگیری وێرانکار بوو، بەهەموو پێوانەیەک جێنۆسایدە بەڵام هیچ کات راست نییە بڵێین ئەنفال پرۆسەی ریشەکێش کردنی نەتەوەی کورد بووە لە عێراقدا، دەکرێت ئەنفالیش وەک هەریەک لە تاوانەکانی تری جێنۆساید (فەیلیەکان، بارزانیەکان کیمیاباران و شەنگال) پرۆسەیەک بوون بۆ لەناوبردنی کورد و کەم کردنەوەی ڕێژەی کورد هەتا ئەو ئاستەی نابێتە مەترسی لەسەر دەوڵەت.

نەک ئەنفال پرۆسەیەک بووبێت بۆ لەناوبردنی کورد چونکە ئەوە ڕاست نییە، ئەوسا شارە گەورەکان قەزاکان و کۆمەڵگاکان هەموو کوردنشین بوون و نەکرابوونە ئامانج تەنانەت بەشێکی زۆر لەمیلیشیای جاش کوردبوون .

هەندێک گوزارشت لەناومیدیاو تەنانەت توێژینەوەی زانستیشدا هەن، کە لەدیدێکی نەتەوەیی تەسکەوە نوسراون یان هەرئەوەندەی لێتێگەیشتوون، بەڵام لەهەردوو بارەکەدا زیادەڕۆیی و زیادە خستنە سەر زیانەکان ومەترسیەکان بەقازانج ناگەڕێتەوە. بۆنمونە دەڵێن یان دەنوسن ئەنفال بۆ لەناوبردن و سرینەوەی نەتەوەی کورد بوو. بەڵام ئەوە ڕاست نیەو بگرە تێنەگەیشتنیشە لە ئەنفال دواتر ڕوونی دەکەمەوە. یاخود دەنوسن ئەنفال بریتیە لە : زنجیرەیەک پرۆسە و هێرشی یەک لەدوای یەکی سەربازی نەخشە بۆ کێشراو لە لایەن رژێمی بەعسیەکانەوە بۆسەر خاک وگەلی کوردستان کە تێیدا خاک و خەڵک و سەروەت و سامانی کورد لە ناوبرا" راستیەکەی ئەم وێناکردنە لە جێگەی خۆیدا نییەو زیادەڕۆیی تێدایە، بەهیچ پێوانەیەکی زانستی جێگەی بروانییە چونکە پرۆسە سەربازییەکانی ئەنفال تەنها هێرش بوو بۆسەر ناوچە قەدەغەکراوەکان کە بریتی بوون لەو گوندانەی هێشتا نەهاتبوونەوە بۆ ناو کۆمەڵگاکان. باشە ئەگەر لەبەرانبەر وەها قسەیەک عەرەبێکی شۆڤێنی یان توێژەرێکی ئەوروپی هەستاو گوتی : مادام وایە بۆچی هێرش نەکراوەتە سەر سلێمانی و هەولێرو دهۆک ؟ ئەی ئەم کوردانەی ئێستا چۆن ماون ؟ ئەوسا چی وەڵام دەدەنەوە ؟

بۆیە لەبری ئەم زیادە پێوەنان و کورتبینیە ئێمە دەتوانین قوڵتر سیاسەتی بەعسیەکان بخەینە بەرباس و تاوانەکە وردتر بکەینەوە. بۆ نمونە سیاسەتی لە کۆمەڵگاخستن لە بنەڕەتەوە بۆ تواندنەوەو لە کورد خستن بوو. چونکە دابرینی خەڵک لەزێدی خۆی زەمینەی بۆ سازدەکات ئاسانتر ئاسمیلە بکرێ و بچێتە ژێر باڵی بەعس و سیاسەتەکانی بەعسەوە. تەنانەت خودی عەلی حەسەن مەجیدیش هەروای دەگوت: "هەتا هاوینی داهاتوو ناهێڵم هیچ گوندێک بمێنێ هەمووی ڕادەگوێزم و دەیانخەمە ناو کۆمەڵگاکانەوە ئەوسا چۆن مریشک جووجکەکانی دەخاتە ژێر باڵی خۆیەوە منیش دەیانخەمە ژێرباڵی خۆمەوەو بە ئایدۆلۆژیای بەعس پەروەردەیان دەکەم" [1] ئەم سیاسەتەی بەعسیەکان هاوشێوەی سیاسەتی ئەمریکیەکانە بۆ ئاسمیلەکردن و تواندنەوەی ڕەسەنەکانی ئەمریکا بەناوی بەشارستانی کردن و پێشخستنەوە دەیانویست بەواژۆی خۆیان دەستبەرداری زەویەکانیان بن، بەڵام ڕاستیەکەی بۆ لەقکردنی پێگەی ئابووریان و برسی کردن و ڕاگواستنیان بوو. ئەمریکیەکانیش پروپاگەندەی وایان دەکرد گوایە دەیانەوێت لەناوکۆمەڵگەی ئەمریکیدا ڕێکیان بخەن. ئەوەی جێگەی داخە هەندێک لە میژوونووسان ئەم سیاسەت وپروپاگەندەیان بۆ شارستانیکردنی هیندییەکان بەڕاست وەرگرتووە. بەڵام بە بڕوای جیفری ئۆسلەر" بەرپرسانی ئەمریکا هەرگیز نەیانویستووە هندیەکان بەرەو شارستانیەت بەرن. بەڵکو سیاسەتی لەخشتەبردن و ئاسمیلەکردن بوو، چونکە دواتر هەر لە سەرۆکایەتی توماس جێفەرسۆنەوە (١٨٠١-١٨٠٩)، ڕەفتاری ئەمریکا

[1] کاسێتەکانی عەلی حەسەن مەجید لە کۆبوونەوەیدا لەگەڵ پاریزگاری شارەکان و بەرپرسانی ناوچەی باکور ڕۆژی ١٥ی نیسانی ١٩٨٧.

بەڕوونی نیشـــانیاندا کە ســـەرەڕای دەمکوتـان لە شـارستانیکردن و یەکخستن، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کۆتاییدا بژاردەی ســـێهەمی بۆ لەناوبردنی هیندییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری (میســـیســـیپی) پەیـــڕەودەکـــرد."(*Jeffrey Ostler:2020*)* ســەرئەنجام"نۆکس، وەزیری جەنگی جۆرج واشـنتۆن، فەرمانی شـــەڕی ســنووردار بۆ "ڕیشـــەکێشـکردن"ی گەلانی ڕەســـەن دابوو، بەپاســـاوی ئەوەی "تاوان"یان دژی ئەمـریکـیـیەکـان ئەنـجـامـداوە."(Tim Alan Garrison:2020,221)[٢] بەعســـیە عێراقیەکـانیش دەیانوسـیت کتومت ئەو سـیاسـەتە لەدژی کورد پیادە بکەن، وەک چۆن دەرئەنجـامی فراوانبوونی ئەمریکـا کوشـتارو لەناوچونی زۆربەی هندیە ڕەسـەنەکان بوو، نـاوچە عەرەبیەکـانی عێراقیش لەســـەر حســـابی لەنـاوبردنی کوردەکـان فراوانتر ببێـت "ژمـارەی قوربـانیەکـانی کوشـــتـاری ڕەســـەنەکـانی ئەمریکـا ســـەرســـوڕهێنەرن. بەگشـــتی، ئۆســـلەر ژمارەی کەمبوونەوەی دانیشـــتووانی هینـدییەکـان بەڕێژەی ٧٠%ی وەک دەرئەنجـامێک بۆ فراوانبوونی ئەمریکـا خەملاندووە."(هەمـان ســـەرچـاوە ل٢٢٤) بێگومـان بەبەرواود بەڕێژەی دانیشـتوانی ئەمریکاو دانیشـتوانی گوندنشینەکانی کوردسـتان ڕێژەی قوربانیەکانی کورد بەوئەندازەیە لە ئەنفالدا مەترســیدارە، ئەوە جگەلە لەو زیانە مالّی وکەلتوریییەی لەکوردستان کەوت.

بۆیە ئەوەی دەیەوێـت تـاوانەکە لە قەبـارەی خۆی گەورەتر نیشـانبدات، هێشـتا لەوەتێنەگەیشـتووە نیازی جێنۆســـایـد خۆی مەترســـییە گەورەکەیە، دەنا گوند ڕوخاندن و لە کۆمەڵگەنانیش هەر کوشـــتنێکی نافیزیکییە، چونکە تێکدانی بنەمای ئابوری و شـیواندنی کەلتوری کۆمەڵگـاکـان لەتـاوانە مەترســـیـدارەکـانن. تێنەگەیشـــتن لەم راســـتیانە هیچ بەرژەوەندییەکی بۆ یەکێتی نەتەوەیی نییە. بنەماکانی ناســینەوەی تاوانێکی جینۆسـاید لەسـەر ئەوەنیە ئەونەتەوەیە یان ئەو گروپە چەندە زیانی پێگەیشـتووە؟ بەڵکو لەســەر ئەوبنەمایەیە نیازو دەرئەنجامی تاوانەکە ساغ بکرێتەوە. ئینجا ئەگەر بەشـــێکی ئەونەتەوەیە کرابێت بەئامانج یان هەمووی هیچ لەمەترسی تاوانەکە ناگۆڕێت.

ئەوەی گرنگە بیزانین ئەنفـال بۆ لەنـاوبردنی هەموو کورد نەبوو، وەک هەندێک نوســـەرو توێژەر دەیڵێن و دەینوســـن. بەڵکو بۆ لەناوبردنی بەشـــێک لە کورد بوو، ئامانج نەهێشـــتنی گوندو گوندنشـــین و تێکـدانی بنەمـای ئـابوری و هەڵتەکـانـدنی پێگەی جولّانەوەی ســـیاســـی کوردی بوو. بەڵام ئەنفال تاکە تـاوانی جێنۆســـایـد نییە، بەڵکو یەکێکە لەتـاوانەکـانی جێنۆســـایـد. بەڵام زۆرترین نـاوچەی جوگرافی و زۆرتـریـن قـوربـانـی لە ڕووی گـیـانـی و مـاڵـی لێکەوتووەتەوە. ئەگەر تێگەیشـتن بۆ جێنۆسـاید ومافی مرۆڤ و مـافی نەتەوەکـان هەبێت، تەنهـا دۆکۆمێنت کردن وبەکارهێنانی ئەو بەشـــە، یاخود ئەو دۆســـێیە بەســە بۆئەوەی لەڕووی سیاسی و یاساییەوە هەموو مـافە نەتەوەکـانی پێـدەســـتەبەر بکرێـت و دونیـای لەبەرانبەردا بەرپرسیار بکرێت. چونکە هەموو گروپێکی جێنۆسایدکراو مافی پارێزبەندی (حصانە)ی هەیە.

بۆسەلماندنی ئەو ڕایەشم پشتم بەماددەی دووەمی بەپێی یاســـای نێودەوڵەتی بەســـتووە، بەپێی مادەی دووەمـی ڕێـکـکەوتـنـامەی ســـاڵـی ١٩٤٨ی

---

* *Jeffrey Ostler*, *Surviving Genocide, American History, yale university press,* November 2, 2020.

[٢] Tim Alan Garrison, Surviving Genocide: Native Nations and the United States from the American Revolution to Bleeding Kansas by Jeffrey Ostler (review), DOI: For additional information about this article https://doi.org/10.1353/ohq.2020.0049

نەتەوەیەککگرتووەکان بۆ ڕێگریکردن لە تاوانی جینۆساید هەر بەوجۆرە پێناسەی تاوانەکەی کردووە کەدەڵێت : جینوساید : هەرکارێک بە مەبەستی لە ناوبردنی سەرجەم یان بە شێک لە کۆمەڵەکە جا نەتەوەیی، ئیتنی، ڕەگەزی، ئایینی ئەنجامبدرێت) دواتر بەچەند خاڵێک وردی کردووەتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- کوشتنی ئەندامانی ئەو گروپە بە هەر ڕێگایەک لەڕێگاکانی لەناوبردن وفەوتاندن.

٢- زیان گەیاندنی گیانی و بەدەنی کە ببێتە هۆی لە ناوبردنی سەرجەم یان بە شێکی ئەندامانی کۆمەڵەکە یان گرووپەکە.

٣- دانانی ئەو گروپە بەئەنقەست لە بارودۆخێکی سەختدا کە ببێتە هۆی لە ناوبردنی هەمووی یان بەشێکی.

٤- ڕێگەگرتن لە زیادبوونی ئەندامانی ئەوگروپەو تەگەرە خستنەبەر منداڵ بوون بە هەر ڕێگەیەک لەڕێگەکان.

٥- بەزۆر ڕاگواستنی منداڵ لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر.

لێرەدا هەمووشتێک ڕوونە ئەگەر تەماشای ئەو پێناسەیەو ڕوداوەکانی ئەنفال بکەین، کوردیش وەک گروپێکی نەتەوەی لەناو ئەو تاوانانەدا ببینین، دەردەکەوێ کە لە ناوچەکانی کوردستاندا لەکاتی ئەنفالدا هەموو کورد نەبووەتە ئامانج بەڵکو بەشێکی بووەتە ئامانج لە ئەنفالدا کوشتنی ئەندامانی نەتەوەی کورد ئامانج نەبووە بەڵکو کوردی گوندنشین ئامانج بووە، واتا بەشیکی نەتەوەکە کراوەتە ئامانج. بۆئەوەی وێنەیەکی ڕونتر لەدەستنیشانکردنەکە بخەینە بەردیدە کۆمەڵکوژی بارزانیەکان ئەوەی دەستنیشانکرابوو هەموو بارزانیەک نەبووە بەڵکو تەنها پیاوانی بارزانی بوون لەتەمەنی ١٢ ساڵ هەتا ٧٠ ساڵ. واتا ئەو جێنۆسایدە ژن ومندالّی نەگرتووەتەوە بەڵکو تەنها پیاوی گرتووەتەوە.

کەواتە تەنها ئەنفال تەنانەت ئەگەر یەک قۆناغیشی وەربگرین هەموو بنەماکانی تاوانی نێودەوڵەتی تێدایە بۆ ئەوەی وەک تاوانی جینۆساید مامەڵەی لەتەکدا بکرێت. نەک هەرئەوەندە بەڵکو هەموو تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگیش لەئەنفالدا هەیە. ئیتر هیچ ڕۆژ ناکات زیادەڕۆیی بکەین لە نیشاندان و پێناسەکردنی تاوانێکی جێنۆسایددا. چونکە نەخەڵک گێڵەو نەزانێت چ ڕویداوەو چ تاوانێک جێنۆسایدەو نەکوردیش بەزیادەڕۆیی وخۆ زەلیل نیشاندان دەبێتە دەوڵەت.

سەرچاوەکان :

١. دیداری ئەفەندی مەلا مەحمەد لەگەڵ سەرۆکی پارتی چەپی سویدی، چەمچەماڵ بەڕێوەبەرێتی شەهیدان وئەنفالکراون نوسینگەی چەمچەماڵ کاتژمێر ١١ی بەیانی.

٢. جێفری ئوستلەر، جینۆسایدو مێژووی هندییە ئەمریکییەکان، لە ئینگلیزییەوە محەمەد حەمەسالّح توفیق، ماڵپەڕی ئاوێنە، ٢٠٢٤/٤/١٢

٣. کاسێتەکانی عەلی حەسەن مەجید، کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٥ی نیسانی ١٩٨٧ مێدیل ئیست وۆچ جێنۆساید لەعیراق پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد، لە ئینگلیزییەوە محەمەد حەمەسالّح توفیق ٢٠٠٤ چاپی دووەم خانەی وەرگێران، پاشکۆی (A) ل٤٣٣

٤. Tim Alan Garrison, Surviving Genocide: Native Nations and the United States from the American Revolution to Bleeding Kansas by Jeffrey Ostler (review), DOI: For additional information about this article https://doi.org/10.1353/ohq.2020.0049

لە زیندانی دووبز

بەمۆ ئیبراهیم سەمین

دوای ئەوەی سەیارەیەک کە بۆ شوێنی مەرگ خەڵکی ئەنفالکراوی دەگواستەوە دووکەسی کەم دەبێت.
دێن لە قاعەیەکیتر خوشک و برایەک دەوەن.
گەلاوێژی تازە پێگەیشتوو لەگەڵ ئیکرامی برای کە ١١ ساڵی تەمەنیبی و لە گەلاوێژ بیچکتردەبێ. پێیان یەژن بێن سواری ئەی س ەیارەبن و ئازادتان دەکەین و هویچ لەتەک خۆتان مەتێرن. دایکم حاجی وتی تخوا مەیانوەن ئەیانە ئەمانەت لای منن. وتیان ئازادیان ئەکەین ئەیانە کچ و کوڕی فلان کەسن لەکەلار چاوەڕێیانن ئەیانوەینۆ.
گەلاوێژ پێیخۆشبی وەک دیاری کەواو سەڵتەیەکی بابای لەلایبی بیباتەوە بۆی.
لە ترسی ئەوەی لێی نەسێنن لە ژێر کراسە کوردیە کچانەکەیەوە کەواو سەڵتەکە دەکاتە بەری و کراسە کچانەکە دەکاتە سەریا.
سوار سەیارەیان دەکەن و ئیتر نەگەڕانەوە.
ئەگەر تەرمێک لەو بیابانەدۆزرایەوە لەژێر جلێکی کوردیەوە کەواو سەڵتەیەکی لەبەربی ئەوە گەلاوێژە گەلاوێژ.
کوردبوون ئاوایە ئەڤین و عەشقێکی مەزنە .
لێ بەداخەوە بە فیرۆ چوو ئەو هەموو ئازارو فرمێسک و سەختی و قوربانیدانە.
لەسای دەستەو تاقمی حیزب حیزبێنەی باشوور.
پەرەگرافێک لە بیرەوەریەکانی م.ڕێباز
وێنەکەش دوو هەفتەی پێشوو هەڵدانەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە(تەل شێخ) لە بیابانەکانی پارێزگای سەماوە و (المپنی) شی پێ ئێژن



سیاسەتی میتینگەریی و ژینۆسایدی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری و ئەرکەکانمان

جەمیل بایک

کانونی دووەم ١ی ٢٠٢٥

سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی تووشی قەیرانێکی مەزن هاتووە. ڕۆژهەڵانی ناوین لە ژێر کاریگەریی ڕووخێنەرترین دەرئەنجامەکانی ئەم قەیرانەدایە. ئەو شەڕەی ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوین گێژ دەخوات، شەڕی جیهانی سێهەمە و گەلانی فەلەستین، لوبنان و کوردستان، زۆرترین ئێش و ئازار و چەرمەسەریی ئەم شەڕە دەکێشن. ئەم هەڕێمە لە ڕووی جیۆستراتیژیی و جیۆپۆلیتیکییەوە گرنگییەکی زۆری هەیە، وادیارە هێزەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی دەیانەوێت کێشەکانی هەڕێمەکە بە شەڕ چارەسەر بکەن. هێشتا دیار نییە ئەم شەڕە چەندێک درێژە دەکێشێت و چ ڕەهەندگەلێک لەخۆ دەگرێت. دەستپێکردنی شەڕ ئاسانە، بەڵام کاتێک شەڕ دەستی پێ کرد و کاریگەریی لە سەر هەڕێم و جیهان دانا، ئاوا بە هەمان ئاسانیی کۆتایی پێ ناهێنرێت.

مێژووی سیاسەتەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی لە سەر ڕۆژهەڵانی ناوین بە گشتیی و کوردستان بە تایبەتیی، بۆ زیاتر لە ٢٠٠ ساڵ لەمەوپێش دەگەڕێتەوە. لە سەردەمانێکدا دەوڵەتی فەڕەنسا بە پێشەنگایەتیی ناپلیۆن ویستی لە ڕێی میسڕەوە بێتە ڕۆژهەڵاتی ناوین، بەڵام ئەم هەوڵیان زۆر سەرکەوتوو نەبوو. پاشئەوەی بەریتانیا لە شەڕی مەیدانی واترلوو (Waterloo) شکستی بە ناپلیۆن هانی، تا ڕادەیەکی زۆر پەتی کۆنترۆڵی ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوین و جیهان کەوتە نێو لەپی. هەربۆیە لە پێناو بەردەوامیدانی سەقامگیرانە بە دەسەڵاتی خۆی لە هیندستان و ڕۆژهەڵاتی دوور، پێویست بوو سەرەتا دەسەڵاتی خۆی بە سەر ڕۆژهەڵاتی ناویندا بسەپێنێت. چونکە ئەم هەڕێمە لە بواری ڕێگەی دەریایی و وشکانییەوە پێگەیەکی ناوەندیی هەبوو. لەم ڕووەوە پێگەی جیۆستراتیژیی هەڕێمەکە گرنگییەکی مەزنی هەیە.

نەوت و گاز چەرخەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی دەگەڕێنن و هەبوونی ئەم سەرچاوانە بووەتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجێکی زۆر بۆ سەر هەڕێمەکە. بە هەمان شێوە، چڕوپڕیی ژمارەی دانیشتووان وای کردووە هەڕێمەکە ببێتە بازاڕێکی بەرفراوان و گرنگ بۆ کاڵاکان، بە تایبەت چەک و تەقەمەنیی. لە هەر دوو شەڕی جیهانییشدا، لە ڕووی دابینکردنی پێداویستییەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایداریی‌یەوە، هیچ لە بەهای ئەم هەڕێمە کەم نەبووەتەوە. تەنانەت دەتوانین بڵێین گرنگییەکی زۆرتری پەیدا کرد.

ڕۆژئاوا هەرگیز دەستی لە حیساباتی خۆی بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئەم هەڕێمە هەڵنەگرتووە و ڕیشەی ئەم حیساباتە بۆ سەردەمی شەڕی خاچپەرستەکان دەگەڕێتەوە. ئەورووپا لە ڕێی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی‌یەوە خۆی بەهێز کرد، هەمیشە بە نوێکردنەوە و ڕۆژانەکردنەوەی حیساباتی

سەردەمی شەڕی خاچپەرستان، هەوڵی داوە هەژموونی خۆی بە سەر هەرێمەکەدا بسەپێنێت.

لە هەرێمەکەدا دوو ئیمپراتۆری میتینگەری گەورە بە ناوی ئێران و عوسمانیی هەبوون، کە لە هەوڵ و تەقەلای مانەوە و لەسەرپێمانەوەدا بوون. هێزەکانی ڕۆژئاوا لە سەر بنەمای سیاسەتی ‹پەرتکە و زاڵبە› نزیکی ئەم دوو ئیمپراتۆرییەتە دەبوونەوە. هەروەها لە بواری ستراتیژییدا ئەم دوو ئیمپراتۆرییەتەیان وەک بازاڕێک بۆ ساغکردنەوەی هەناردەکانی خۆیان و سەرچاوەی هێزی کاری هەرزان و کەرەستەی خاو (ماددەی خام) بینیوە. چونکە ئەگەر ئەمانە نەبن، هەژموونیش دروست نابێت. لە کاتی پێویستیش دا هێزی سەربازییان بۆ وەشاندنی گورزی مەرگبار لە هەرێمەکە بەکار هێناوە.

هەڵبەتە نەک تەنیا بەریتانیا، بەڵکوو هێزەکانی تری وەک ڕووسیا و ئەڵمانیا و فەڕەنساش بۆ دابەشکردنی سەرچاوەکانی ئەم هەرێمە، شەڕیان کردووە. ئەم هێزانە چ بە شەڕ و ناکۆکیی و چ بە پەیوەندیی نێوانیان بێت، تەنیا بە سیاسەتکردن لە سەر دەسەڵاتی ناوەندیی ئەم دوو ئیمپراتۆرییە بەسەندەیان نەکردووە، بەڵکوو سیاسەتیان لە سەر ناوچە جیاجیاکانی ژێر دەسەڵاتی ئەم ئیمپراتۆریانەش کردووە. بە گواستنەوەی زۆر سیستەماتیکی تەکنەلۆژیا، هێزی چەک، فەرهەنگ و هونەر، مۆد و هتد... بۆ ناوچەکە، هەوڵیان داوە هەژموونی خۆیان دامەزراوەیی و ماینده بکەن.

ئارمانجی سەرەکیی سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە لە بنەڕەتدا دابەشکردنی هەردوو ئیمپراتۆرییەتی هەرێمەکە بووە بە سەر دەوڵەت-نەتەوەدا. بەمشێوەیەش هەرێمەکەی لە ڕێی ئەم دەوڵەت-نەتەوانەوە بە خۆیەوە گرێدا و دۆخێکی وەک نیو-کۆلۆنیاڵیی بە سەر هەردوو ئیمپراتۆرییەتەکەدا هێنا. بە گەشەدان بە سەرمایەدارییش هاوسەنگیی ژینگەیی تێک دا.

ڕێبەر ئاپۆ سیاسەتی مۆدێرنیتەی سەرمایداریی سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوین بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو:» دەوڵەت-نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە میانی شۆڕشەوە دروست نەکراون؛ بەڵکوو لەلایەن سیستەمی هەژموونگەراوە دروست کراون. ئامانجی سەرەکیی ئەو دەوڵەتانە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە بە ناوی سیستەمەوە بە تووندترین شێوە گەلەکانیان بچەوسێننەوە. لەو بوارەوە سەرکەوتووش بوون. هەمان پرۆسە لە سەرانسەری جیهاندا بەڕێوە دەچێت. ئەو ڕژێمە داگیرکارییانە لە ژێر ئەو دۆخە کائیۆسییەدا شاراوەن کە لە خۆرهەڵاتی ناویینداً قوولّ بووەتەوە و تەنیا لە میانی کارەساتەوە بەردەوام دەبێت. لەکاتێکدا ڕووداوەکانی چاخی سەرمایەی فینانسی نیولیبراڵیی دوایی هەموو گەلانی ناوچەکەی مەحکومی بێکاریی کردووە، سەرچاوەکان لەناو دەبات و کۆتایی بە ژینگە دێنێت، ئەوا چاکتر درک بەڕاستیی دەکەین.

لە دواشیکاردا لە سەدا دەی ئەو تۆیژەی سیستەم کە پارە بە پارە قازانج دەکات و بااڵدەستیی خۆی بە سەر ژیانی کۆمەڵایەتیی، ئابووریی و کولتووریدا

سەپاندووە، بۆ شاردنەوەی باڵادەستییەکەشی بەردەوام فاشیزمی میللیگەرایی و ئایینیی لە ڕۆژهەڵاتدا دەهێڵێتەوە، ئەمەش سەلمێنەری گەشەکردنی وڵاتان و سەربەخۆیی نەتەوەکان نییە. کاتێک گەلان لە کارەساتبارترین سەردەمی مێژوویی خۆیاندا دەژین، دوا پاشماوەکانی کولتووری کۆمەڵگەش لەناو چەرخی دەوڵەت-نەتەوەدا دەتوێنرێتەوە. گوایە لە سەردەمی ماف و ئازادییە کەسییەکاندایین، بەڵام مالێناوایی لە دواپاشماوەی کەرامەتی تاکەکەس دەکەین. کاتێک دەستەواژەی ژینۆساید شیکار دەکەین، ئەگەر بەگشتیی تاوتوێی بکەین و بە ناوەڕۆکە سیستەماتیکەکەی بگەین، دەتوانین سەرکەوتوو بین. بە بایەخەوە گوتەی «تاقانە» سەبارەت بە ژینۆسایدی یەهوودییەکان بەکار دەهێنرێت. بەڵام ڕاستیی پێچەوانەکەیەتی. لە سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریدا ژینۆسایدی «تاقانە» بوونی نییە. لە هەرکۆمەڵگە، گەل و دەوڵەت-نەتەوەیەک کەم یان زۆر ژینۆسایدی جێگای باسە. هەندێکیان لە میانەی پەیڕەوی جەستەیی (کۆمەڵکوژیی جەستەیی) جێبەجێ دەکرێن، زۆربەشیان بە شێوەیەکی کولتووریی و پەردەپۆشکراو جێبەجێ دەکرێن. بێبەشکردن لە مێژوو، ئابووریی، بەڕێوەبەرایەتیی و زهنییەت بە لانیکەم هێندەی ژینۆسایدە کولتووریی و جەستەییەکان بەکاریگەر و بێبەزەیین[1] .

پاش ڕووخانی ڕیال سۆسیالیزم، هێزەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی بە هێرشکردنە سەر ئێراق شەڕی جیهانی سێهەمیان دەست پێ کرد. ڕووخانی ڕیال سۆسیالیزم هاوکات بە واتای کۆتاییهاتنی جیهانی دووجەمسەرییش دەهات. پاش ئەم قۆناغەش هێزەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی هێرشێکی بەرفراوانی دەروونیی-ئایدیۆلۆژیی-فەرهەنگییان کردە سەر هەموو ئەو شتانەی ئازادیی و مرۆڤایەتیی و کۆمەڵایەتیبوونیان پێوە دیار بوو. بە ئاهەنگی پرشنگدار و زرم و کوتێکی زۆرەوە سەرمایەداریی سەرکەوتنی مسۆگەری خۆی بە سەر سۆسیالیزمدا ڕاگەیاند بوو. ئیدی کاتی ئەوە هاتبوو تاکە دەسەڵاتداری دنیا، واتە ئەمریکا، لەگەڵ هاوپەیمانەکانی سیستەمی دڵخوازی خۆیان دابمەزرێنن. ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین پاش ئەم قۆناغە، لە ژێر ناوی سیستەمی نوێی جیهانیی (New World Order)دا پڕۆگرامێکیان بۆ گەلان خستە ڕوو. بەم پلانە، بەپێی سیاسەتی ئابووریی نیۆلیبرالی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی داڕێژرابوو، هەموو ئەو شتانەی شۆڕش و سۆسیالیزمی پێوە دیار بوو، ڕووبەڕووی هێرش و پەلامارێکی ڕژد بووەوە.

لە بنەڕەتدا هێزەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی، بە پێشەنگایەتیی ئیمپریالیستە ئینگلیزەکان، هێرشیان کردە سەر پێکهاتەی فەرهەنگیی ڕۆژهەڵاتی ناوین. چونکە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوین لانکەی شۆڕشی کشتوکاڵیی و خاوەنی فەرهەنگێکی کۆمەڵایەتیی مەزن و ڕیشەدارە. ئینگلیزییەکان لە هەموو کەسێک باشتر دەرکییان بەو ڕاستییە کردبوو کە تا ئەوکاتەی ئەم هەرێمە لە بواری فەرهەنگ و شێوازی بیر و

هزردا داگیر نەکرێت، ناتوانن لێرەدا بەردەوامیی بە هەژموونی خۆیان بدەن. هەربۆیە پێش گشت شتێک هێرشیان کردە سەر فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتی ناوین.

هێزە میتینگەرەکان چ بە ڕێی ئاشتییانە و بازرگانیی و ڕێگەی هاوشێوە و چ لە ڕێی سەربازیی و زۆرەوە بچنە نێو ئەو وڵاتەوە، ئەگەر گەلی ئەو وڵاتە لە زمان و کەلتووری خۆی دوور نەکەوێتەوە و لە بواری زمان، کەلتوور، ئابووریی، تەکنۆلۆژیا و سیاسەت و سەربازییەوە بەرانبەر بااڵدەستیی ئەو هێزە هەژموونگەرایە خۆی بە کەم نەزانێت، ئارەزوویان نەکات و لاساییان نەکاتەوە، ئەوا ئەو هێزە هەژموونگەرە ناتوانێت بە شێوەیەکی هەمیشەیی لەو وڵاتەدا بمێنێتەوە. تاکە ڕێی مانەوە ئەوەیە دۆخی دەروونیی ئارەزوومەندانە بۆ الساییکردنەوەی ئەو هێزە میتینگەرە لە نێو گەلدا دروست ببێت.

هەڵکەوتەی جۆگرافیی کوردستان بە چەشنێکە سەرومڕ لە چەقی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناویندا جێی گرتووە. هەربۆیە ئینگلیزەکان، فەڕەنسییەکان، ئەڵمانەکان و ڕووسەکان زۆر بە سەرنجەوە نزیکی کورد بوونەتەوە. ئەگەر هێشتاش بۆ فێربوونی مێژووی خۆمان هەوڵ دەدەین کەڵک لەو بیرەوەریی، بڕووسکە و نامانە وەر بگرین وا کاربەدەستانی ئەم هێزانە لە کاتی خۆیدا نووسیویانە یان کەڵک لەو بەڵگانە وەربگرین وا لە ئەرشیڤەکانی ئەم هێزانەدا سەبارەت بە کورد و کوردستان هەن، ئەمە نیشانەی ئەوەیە ئەم هێزانە تا چ ئاستێک لەگەڵ کورد و کوردستاندا پەیوەندییان هەبووە. وەکو نموونەیەک دەتوانین ئاماژە بەو نامانە بکەین وا ‹هەڵموت کارڵ بەرنهارد›ی ئەفسەری ئەڵمانیی بۆ هاوژینەکەی نووسیونی. ئەم کەسە لە ساڵەکانی ١٩٨٠ لە سوپای عوسمانییدا کاری ڕاوێژکاریی و فێرکاریی دەکرد و ڕۆڵی لە سەرکوتی سەرهەڵدانی کورد لەالیەن ئیمپڕاتۆرییەتی میتینگەری عوسمانییەکانییەوە گێڕاوە.

زۆربەی هێزە جیهانییەکان پەیوەندییان لەگەڵ بەگ، سەرخێڵ و شێخە هەڵکەوتووەکانی ئەو سەردەمە داناوە. ئارمانجی ئەم پەیوەندییانە ئەوە بووە لە سیاسەتی خۆیان دژی هەردوو ئیمپراتۆرییەتی ئێران و عوسمانیی، هێزی کوردی وەک هێزێکی یەدەگ و جێگرەوە ئامادە بکەن یان بە پێدانی بەڵێنی جۆراوجۆر جووڵەیان پێ بکەن. بەم ڕەنگەش توانیویانە ببنە خاوەنی گوتە و بڕیار لەمەڕ ئەو ئیمپراتۆرییەتانە و لغاویان بکەن.

ئەوەی تا ئێستا ئاماژەمان پێ کرد، دەروازەیەک بوو بۆ ئەوەی بتوانین شیکردنەوەیەکی زیاتر سەبارەت بەو سیاسەتانەی وا دەوڵەتە میتینگەرکانی سەر بە هێزە ئیمپریالیستییەکان لە سەر کوردستان پەیڕەویان کردووە، بکەین.

سیاسەتی ئینگلیز سەبارەت بە کوردستان ساڵی ١٩٢٠ لە کۆنگرەی قاهیرە داڕێژرا. ئەو بڕیارانەی لەم کۆنگرەیەدا سەبارەت بە کورد و کوردستان وەرگیران، سیاسەتی سەدەی ڕابردوویان داڕشت، ئەمڕۆش سەرەڕای هەندێک جیاوازیی سنووردار، هەمان سیاسەت لە سەر کورد و کوردستان پەیڕەو

دەکرێن. وەک دەزانرێت پاش شەڕی جیهانیی یەکەم، هەندێک کۆبوونەوە ئەنجام دران و کۆنگرەی قاهیرەش دوایین دەوری ئەم کۆبوونەوانەیە وا تیایدا چارەنووسی سەد ساڵە هێڵکێش کرا. گەوهەری کۆنگرەکە ئەمە بوو: لە هەرێمەکە قەوارەیەک بە ناوی کوردستان دانامەزرێنرێت، بەڵام بۆ ئەوەی دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکانی سەر کوردستان لە ڕێ دەرنەچن و بەگوێرەی سیاسەتی هێزە ئیمپریالیستەکان هەڵسوکەوت بکەن، کورد وەک کارتێکی فشار دژی ئەمانە بەکار دەهێنرێت. پاش گفتوگۆی چڕوپڕ لەمەڕ ئەم بابەتانە، کۆنگرەی لۆزان دەبەسترێت و لەم کۆنگرەیەدا کوردستان، کە بەگوێرەی پەیماننامەی قەسری شیرین لە ساڵی ١٩٣٩ دابەشی دوو پارچە بووبوو، کرا بە چوار پارچە و هەریەک لە ئێراق و سووریاش دەسەڵاتی میتینگەریی خۆیان لە سەر دوو بەشی کوردستان دامەزراند. دەوڵەتی ئێراقی ژێر کۆنترۆڵی ئیمپریالیزمی ئینگلیز باشووری کوردستانی داگیر کرد و سووریای ژێر کۆنترۆڵی ئیمپریالیزمی فەڕەنسییش ڕۆژئاوای کوردستان.

پەیمانی لۆزان لە دەیان مادە پێک دەهات، سەرەڕای ئەوەی کوردستانی دابەش کردبوو و کوردی خستبووە ژێر چەقۆی ژینۆساید، بە وشەیەک وگوتەیەکیش ناوی کورد و کوردستانی نەهێنا. ئەمە بابەتێکە و پێویستە بە گرنگییەوە ڕاوەستەی لەسەر بکرێت، جا وردەکاریی نکۆڵیی لە کورد و کوردستان بخرێنە ڕوو.

١. سیاسەتەکانی دەوڵەتی میتینگەر و کۆمەڵکوژیی تورک لە سەر کوردستان و دۆخی هەنووکەیی:

وەک دەزانرێت، دەوڵەتی تورکیا لە ٢٩ـی ئۆکتۆبەری ساڵی١٩٢٣، لە سەر بنەمای نکۆڵیی لە کورد و کوردستان، لەلایەن کەسێکی تەڤکوژ و قڕکەری کورد بە ناوی مستەفا کەمال دامەزرێنرا. لە قۆناغی شەڕی ڕزگاریدا، لە تورکیا یاسایەکیان دەرکرد، کە دانی بە مافە نەتەوەییە بنەڕەتییەکانی کوردا دەنا و گەرەنتی ئەوەی دەدا کوردستان ببێتە خاوەنی پێگەیەکی خۆسەر. بەڵام سەرەڕای ئەمە، پاش شەڕی ڕزگاریی ئەو دەوڵەتە تەڤکوژ و قڕکەرەی دامەزرێنرا، سەرپاک نکۆڵیی لە هەبوونی کورد کرد. ئەمەش بووە هۆی کاردانەوەی گەلی کورد بە گشتیی و ڕۆشنبیر و کەسانی سەربازیی و ڕێبەری تەریقەتەکان بە تایبەتیی. دەوڵەتی مژۆکداری تورک هەر بەمەشەوە نەوەستا، کۆتایی بە یاسای خۆسەریی هێنا کە لە ساڵی ١٩٢٠ پەسند کرابوو، لە جیاتی ئەوە ساڵی ١٩٢٤ دەستوورێکی بنەڕەتیی دەرکرد و هەموو ئەو کەسانەی لەنێو سنووردەکانی دەوڵەتی تورکیادا دەژیان، وەک تورک پێناسە دەکرد، بەم شێوەیەش نکۆڵیی لە هەبوونی کورد بنەمایەکی دەستووریی و یاسایی لەبەر هەڵدوورا. سەرهەڵدانی شێخ سەعیدی پیران کرا بە پاساوی دەرچووواندنی یاسای ‹تەقریری سکون› و دامەزراندنی ‹دادگای ئیستیقلال›، سەرەنجام پشتبەست بەم یاسایە شێخ سەعید و چلوشەش کەس لە هاوڕێکانی لەسێدارە دران. ئەو

شـۆینانەی سـەرهەڵدانی شـێخ سـەعید گەشـەی لێ سـەندبوون، کەوتنە بەر شـالاوێکی بەربڵاوی کۆمەڵکوژیی و ژینوسایدـ

هەروەها بۆ بەردەوامیدان بەم ڕەوشـە، بە دەرکردنی یاسای ‹پلانی هەمووارکردنەوەی ڕۆژهەڵات Şark İslahat Planı› زمان و کەلتوور و هونەری کورد تێکڕا نکۆڵی لێ دەکرێت، هەموو مافە سـیاسـیی و نەتەوەییەکـانیـان لێ دەسـێنـدرێتەوە و لەپێنـاو لەنـاوبردنی هەموو ئەمـانە، پڕۆگرامێکی تـایبەت دادەڕێژرێـت .ئەم پلانە تـاکە دەرچەیەک بۆ هەنـاسـەدان و گوزارشـت لەخۆکردنی کورد ناهێڵێتەوە. هاوشـان لەگەڵ ئەمەش، بڕیار دەدەن سـەرتاپێی دیمۆگرافیای کوردسـتان بگۆڕن. لە ڕێی پارێزگاری تایبەت و یاسای تایبەتەوە میکانیزمێکی دەوڵەتیی بنیاد دەنرێت کە تـا دواڕادە میتینگەر و کۆمەڵکوژە. لە بواری ئابووریـیشـەوە لە لایەکەوە بـارێکی مـاڵیـاتیی گەورە بە سـەر کورددا دەسـەپێنن و لە لایەکی تریشـەوە بۆ ئەوەی مرۆڤی کورد تەنیـا وەک هێزی کـاری هەرزان بمێنێتەوە و نەتوانێـت ببێتە خـاوەنی هیچ دارایی و بـازارێـک، هەموو جۆرە تەگبیرێکی ئیـداریی و بـازرگـانیی وەردەگرن. بە کورتیی دەتوانین بێژین سیاسەتێکیان پەیڕەو کرد و پێک هێنا کە تەواو لە سـەر بنەمای تەوکوژیی و کۆمەڵکوژیی کەلتووریی کورد بوو.

پـاش ئەوەی تێکۆشـان و بەرخودانی کورد بە پێشـەنگایەتیی ئیحسـان نوری پاشـا و خۆیبوون لە نێوان سـاڵانی ١٩٢٧-١٩٣٠ و سـەرهەڵدانی دێرسیم لە نێوان سـاڵانی ١٩٣٧-١٩٣٨ تووشـی شـکسـت بوون وگەلی کورد ڕووبەڕووی چەندین کۆمەڵکوژیی خوێناوی بووەوە. ئەمجارە دەوڵەتی تەوکوژی تورک دەسـتی بە کۆمەڵکوژی سـپی کردو سـیاسـەتی تەوکوژیی کەلتووریی خسـتە واری جێبەجێکردنەوە. لە ئەنجامی ئەم قۆناغەشـدا، هەوڵیاندا لە ڕێی کۆچی زۆرەملێیەوە کوردستان لە دانیشتووانی چۆڵ بکەن.

دەوڵەتی میتینگەر وتەوکوژی تورک، هەموو چەشـنە خەبـات و چـالاکییەکی هونەریی و فەرهەنگیی پەیوەندیدار بە کورد و کوردسـتانی ڕێبەند کرد و یاسـاییەکی دەرکرد هەرکەس بە زمانی کوردیی قسـە بکات، بە تاوان لەقەڵەم بدرێت و پێویسـتە سـزا بـدرێت. بە سـیاسـەتێکی تـا دواڕادە تەوکوژ و میتینگەر، هەموو مـافە نەتەوەیی و کۆمەڵاتییەکـانی گەلـی کـورد، وەک پەروەردە بە زمـانـی دایـک، خۆڕێکخسـتن، سـیاسـەت، خۆبەڕێوەبەرایەتیی، خۆپاڕاسـتن و خاوەنداریی لە دەوڵەمەندییەکانی، پێشـێل کرد. ئەو سـیاسـەتە ئابووریـیەی بە سـەر کوردسـتاندا سـەپێنرا، نەختوپوخت سـیاسـەتی ڕاوڕووت و تاڵان بوو، سـەرمایەداریی دەوڵەت هیچ کاتێک ڕێی نەدا دەرفەتێک بۆ هاتنەئارای بۆرژوازی کورد بڕەخسـێت. لە جیاتی ئەمە، بورژوازی تورک هەوڵی دا لە کوردسـتانـدا توێژێکی کۆمپرادۆری پێکهاتوو لە بەکرێگیراو و خیانەتکارەکانی گرێدراوی خۆی دروسـت بکات. ئەمانەش لە ژێر چاودێریی بۆرژوازی تورکـدا بە بـازرگـانیی ڕۆژانە و کـاری

بریکاریی و دەڵاڵییەوە سەرقاڵ بوون و ئەم ئاستەیان تێپەڕ نەکرد.

لە ئەنجامی سیاسەتێکی ئابووریی ئاوادا، گەلی کورد مەحکوومی بێکاریی و برسێتیی بووەوە و ناچار ما وەک هێزی کاری هەرزان کۆچ بۆ گەورەشارەکانی تورکیا بکات. ئەوانەشی دەرفەتیان بۆ ڕەخسا، ملی ڕێیان بۆ ئەوروپا گرتە بەر. کوردەکان ئیدی بۆ ئەوەی لە شارە تورکییەکاندا تەنیا بتوان سکی خۆیان تێر بکەن، شانیان دەدایە بەر زەحمەتترین و قورستڕین و پاشکەوتووترین کار و لەگەڵ ئەمەش هەموو سووکایەتیی و بێڕێزییەکیان پێ دەکرا. ئیدی وای لێ هاتبوو کوردیان وەک مرۆڤ نەدەدیت و بە گوتەی وەک ‹کوردی درێندە›، ‹کوردی کلکدار›، ‹کوردی کەر›، ‹کەری خودا›، ‹کورد هەر بۆ دۆخواردن باشە› سووکایەتییان بە کورد دەکرد. ئەم دۆخەش خۆی لە خۆیدا، لە بواری زمان و کەلتووردا، زەمینەی بۆ توانەوە و لە بواری نەتەوەییشدا زەمینەی بۆ لەناوچوونی دەڕەخساند. لە ئەنجامدا، هەندێک چین و توێژ لە پێناو ناسنامەی نەتەوەیی خۆیاندا خۆڕاگرییان نواند، هەندێک خۆیانیان شاردەوە، هەندێکیش توانەوە و ون بوون. کوردێکی زۆر ون بوو. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی فراوان سەبارەت بەو کوردانەی ون بوون و بوون بە تورک، بکرێت.

هەر دە ساڵ جارێک کودەتایەکی سەربازیی لە تورکیا ڕووی دەدا. ئەم کودەتایانە و لێکەوتەکانی وەک گوشار و قەدەغە و ئەشکەنجە و هتد... سیاسەتی نکۆڵیی سەر کوردستانیان قوولتر و قوولتر کردەوە.

چ بە نەرمونیانیی بێت و چ تووندوتیژیی، هەموو جۆرە سیاسەتێک پەیڕەو دەکرا بۆ ئەوەی گوشار بخرێتە سەر کورد تا دەست لە کوردبوونی خۆی هەڵگرێت و بێگانەی ئاو و خاکی نیشتمانی خۆی بێت. لە لایەکی دیکەشەوە، ‹تورکبوون› وەک ڕێی ڕزگاریی لەم دۆخە پێشانی کورد دەدرا. هەوڵ درا جۆرە تاک و کۆمەڵگایەکی کوردیی دروست بکرێت کە ئاشق و سەودای دۆزمنی خۆی بێت، ئارەزووەمەند و لاساییکەرەوەی شێوازی ژیانی دۆزمنی خۆی بێت و لە کوردبوونی خۆی و نیشتمانی خۆی ڕا بکات. ڕێبەر ئاپۆ پێناسەیەکی بەم شێوەیە بۆ بەرکەوتووانی ئەم سیاسەتە دەکات: »ئەو جۆرە کوردەی لە ئەنجامی ئەم سیاسەتەدا بەرهەم هێنراوە، لە خۆی دەترسێت و ڕا دەکات، نکۆڵیی لە خۆی دەکات، لەو بڕوایەدایە چەندە نکۆڵیی لە خۆی بکات، وەک مرۆڤێکی مۆدێرن دەبێتە خاوەنی ناسنامە؛ گێل، ساختەکار، نەزان، خۆبەزانازان، خۆبەزلزان، بێئاگا لە ماف و یاسا، ناسیاسیی، نائاسایی و لەناوچووە«.

ڕەنگڕێژبوونی وێنەیەکی ناپاکی لەم چەشنە لە کەسێتیی کورددا تا ڕادەیەکی فرە دەرەنجامی ناپاکیی چینی سەردەستی کۆمەڵگایە، ئەوانەی ماوەیەک باسی کورد و کوردستانیان دەکرد، تەنانەت سەرهەڵدانیشیان بۆ کرد و شکستیان خوارد، بەڵام لە جیاتی ئەوەی بەرژەوەندیی ئاغا و شێخ و سەرخێڵ و هتد... لە بەردەوامیدان بە تێکۆشانی ئازادییدا

ببینن، لە پەسندکردنی دەوڵەتی مژۆکداری تورکدا دەیانبینیەوە. نەک لە خەباتی ئازادییدا، ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو. هەر یەکێکیان وەک کرمی دار، داری کورد-کوردستانیان لە ناوەوە داکڕاند.

دەوڵەتی میتینگەری تورک بۆ ئەوەی دیمۆگرافیای کوردستان بگۆڕێت، بە پلانێک ژمارەیەکی زۆر کۆچبەری لە قەفقاز بگرە تا ئاسیای ناوین، لە دەریای ڕەشەوە بگرە تا وڵاتانی باڵکان، هێنا و لە باکووری کوردستان نیشتەجێی کردن.

ئەو تێکۆشانەی بە پێشەنگایەتیی ڕێبەر ئاپۆ لە کوردستان گەشەی سەند، سیاسەتی میتینگەریی و تەوکوژیی سەر کوردستانی تا سنووڕێکی باڵکێش خستە ڕوو و بوو بە هۆی ئەوەی زانابوون و هۆشیاریی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی لە نێو گەلی کوردا گەشە بسەنێت و تێکۆشان بە پێودانگی ئازادیی ژن پەرە بستێنێت. بەکورتیی و پوختیی، سیاسەتی نکۆڵی دەوڵەتی تەوکوژ و میتینگەری تورک لە ڕێی ستەم و تۆندوتیژییەوە پەیڕەو دەکرا، هێنراوەتە سەر چۆک و ناچاری پاشەکشە کراوە. سەرەڕای ئەوەی ڕێبەرئاپۆ بە پیلانگێڕییەکی نێودەوڵەتیی ئامادەکراو لەلایەن ئەمریکا و بەریتانیا و ئیسرائیلەوە بە دیل گیرا و خرایە زیندانی ئیمراڵیی، تێکۆشان هەر بەردەوام بووە. ئەم دۆخە بووەتە هۆی بەزین و مایەپووچیی سیاسەتەکانی دەوڵەتی تەوکوژ و داگیرکەری تورک.

هەربۆیە، لەبری سیاسەتەکانی پێشوو، دەستیان کرد بە پیادەکردنی سیاسەتێکی ئاوێتەی تورکیی-ئیسلامیی لە سەر ڕاسەری کورد و کوردستان. لە سەر ئەم بنەمایە کاتێک دەوڵەتی تورک بینی تێکۆشانی ئازادیخوازیی لە گەشەدایە، ئەو پارت و تەریقەتە ئیسلامییانەی وا پێشتر لەلایەن دیکتاتۆری فاشیست و کەمالیستەوە قەدەغە کرابوون، قەدەغەیان لە سەر هەڵگیرا، سا ئەم پارت و تەریقەتانە بە پشتیوانیی و هاوکاریی دەوڵەتی فاشیست دەستیان بە ڕێکخستنێکی فراوان کرد. کەسانی وەک نەجمەدین ئەربەکان و تورگوت ئۆزاڵ پێشەنگایەتیی ئەم سیاسەتەیان دەکرد، بەڵام کاتێک ئەمانەش بەهۆی تێکۆشانی ئازادیخوازییەوە تووشی شکست و پاشەکشە بوون، تەییب ئەردۆغان لە ٢٠٠٣ هاتە سەر دەسەڵات و سیاسەتێکی پەیڕەو کرد، کە لە گەوهەردا تەوکوژ و فاشیستییانە بوو، بەڵام ڕواڵەتێکی ئیسلامیی پێ دەدا. لە ماوەی ئەم بیستویەک ساڵەی ڕابردوودا، ئەردۆغان تێگەیشتن و کەشێکی وەهای دروست دەکرد گوایە کێشەی کورد چارەسەر دەکات، بەڵام لە گەوهەردا سیاسەتێکی تەوکوژیی هەمەلایەنەی جەستەیی و کەلتووریی جێبەجێ دەکرد کە لە سەدساڵی ڕابردوودا وێنەی نەبووە و ئارمانجەکەی لەناوبردنی گەلی کورد بوو.

AKPلە جیاتی ئەوەی کێشەی کورد لە سەر بنەمای ئازادیی و یەکسانیی چارەسەر بکات، سیاسەتی پاکتاو و هەڵوەشاندنەوەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستانی پەیڕەو کرد. ئەمە گەوهەری سیاسەتی AKPبوو. سیاسەتێک، کە لە لایەکەوە لە ژێر ناوی چارەسەردا لەگەڵ ڕێبەر ئاپۆ و نوێنەرانی پەکەکە

چاوپێکەوتنی دەکرد و لە لایەکی تریشــەوە خەریکی داڕشتنی ‹پیلانی چۆکپێدادان› بوو.

حکومەتی فاشـیستی AKP-MHP بە شـێوەیەکی ڕەسمیی لە باشووردا بنەماڵەی بارزانیی-پەدەکە و لە باکووریش حیزبالکۆنترا) واتە، (HUDA-PAR ـــــــی بەشـــداریی ئەو پلانی چۆکپێدادانەیان کرد وا دژی بزووتنەوەی ئـازادیخوازی کوردســـتـان ئامادەی کردبوو. بنەماڵەی بارزانیی-پەدەکە لە ساڵی ٢٠١٧ بەدوا، بە شـــێوەیەکی چـالاکتر، بەپلانتر و ڕێکخراوتر، بەشـــداریی پلانی چۆکپێدادان بووە. لە هەرێمەکانی پاڕاســـتنی میدیا و بە تایبەت بادینان، پەدەکە ڕاستەوخۆ بەشداریی شەڕ و ئۆپەراسیۆنی دژ بە گەریلا نەبووە، بەڵام چـالاکـانە هەموو جۆرە هاوکارییەک پێشـکەشـی سـوپای داگیرکەر و تەوکوژ و میتنیگەری تورک دەکـات، لە پێـدانی زانیـارییەوە بگرە تـا دابینکردنی لۆجیســـتیک، لە پـاڕاســـتنی ســەربازانی تورکیاوە تا دروســتکردنی ڕێگا بەرەو بارەگاکانی گەریلا. بە تایبەت لە ســاڵی ٢٠٢٤ بەدوا، ڕێی بۆ ســـوپای فاشـــیســـت و داگیرکەری تورک کردەوە تـا بتوانێت لە تەواوی بـادینـان بە زرێپۆش وتانک و تۆپەوە هاتوچۆ بکات، جوولّە بەهێزەکانی بکات و لە خاڵە ســـتراتیژییەکاندا جێگیر ببێت. لە نێوان ٤٠٠ بۆ ٥٠٠ گوند چۆڵ کراون و لە هەمووی ئەم هەرێمانەدا سوپای فاشیست و داگیرکەری تورک جێگیر کراون.

لە ئەنجـامی پەیمـانی لۆزانـدا، دەوڵەتی میتینگەر و تەوکوژی تورک ناچار ما موســـڵ و کەرکووک بۆ ئیمپریالیزمی ئینگلیز جێ بهێڵێت. بەڵام دەســەڵاتداره فاشـیسـتەکانی تورکیا، لە سـەرووی هەموشـیانەوە، مستەفا کەمال، بۆ وەرگرتنەوەی موسڵ، بە ئاشکرا و بە نهێنیی، هەوڵی زۆری دا. لەم دواییانەشـدا، هەردوو ســـەرۆکی فاشـــیســـت، ئەردۆغان و باخچەلیی، بە نیشـاندانی نەخشـەی موسـڵ و کەرکوک لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕایانگەیاند مەبەســـتی داگیرکردنی ئەم دوو شوێنەیان هەیە، بەڵام هیچ یەک لە بەشدارانی کۆبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکـان کـاردانەوەیەکی ئەوتۆیان بەرانبەر ئەم لێدوانەی ئەردۆغان نەنواند.

لە هاوینی ٢٠٢٤، ئێراق و بنەماڵەی بارزانیی-پەدەکە و دەوڵەتی تەوکوژ و داگیرکەری تورک لە ســـەر بنەمای پاکتاوی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان، ڕێککەتنێکیان واژۆ کرد. وەک پێویســـتییەکی ئەم ڕێککەوتنە، دەوڵەتی تەوکوژی ئێراقیش بەشـــداری ئەم پلانی پاکتاوە بووە. هاوپەیمانیAKP-MHP ، بنەماڵەی بارزانیی-پەدەکە و حیزبی کۆنترا (هوداپار) هەم لە باکووری کوردســـتان و هەم لە هەرێمەکانی پاڕاستنی میدیا، هێرشێکی بەرفراوانیان بە مەبەستی گۆشـــەگیرکردنی ڕێبەر ئـاپۆ و پـاکتـاوی گەریلا و پاشـەکشـەپێکردنی خەباتی یاسـایی و دیموکراتیی و شـکاندنی ئیرادەی گیراوانی ئازادیی لە زیندانەکانی تورکیا، دەســت پێ کردووە. بەرانبەر ئەمەش، وێڕای هەموو هەلومەرجێکی دژوار، ڕێبەر ئـاپۆ لە زینـدانی ئیمراڵیی و گەریلا لە هەموو شـــوێنێک، خۆڕاگریی دەنوێنن. خۆڕاگریی گەلی کوردیش، بە تـایبەت خۆڕاگریی ژنان و گەنجان بەردەوامە.

دەوڵەتی میتینگەر و تەوکوژی تورک دەیەوێت بە پاکتاوی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان هەژموونی خۆی بە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوینداا بسەپێنێت. بۆ ئەم مەبەستەش پلانێکی هەمەلایەنەی داڕشتووە و بەڕێوەی دەبات. بەڵام لە ئەنجامی خۆڕاگریی بزووتنەوەکەمان لە ئەم ٢-٣ ساڵەی دواییدا، حکومەتی AKP-MHP لە بواری سیاسیی، دیپلۆماسیی، ئابووریی، دارایی، سەربازیی و جەماوەرییدا تووشی پاشەکشێیەکی ڕژد بووەتەوە. دەوڵەتی تەوکوژ و فاشیستی تورک ڕووبەڕووی یەکێک لە گەورەترین قەیرانەکانی مێژووی خۆی بووەتەوە. لە جیاتی ئەوەی چۆک بە پەکەکە دابنێت و هەڵی بوەشێنێتەوە، خۆی دووچاری چۆکدانان و هەڵوەشانەوە بووە.

٢. سیاسەتەکانی دەوڵەتی میتینگەری ئێران سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دۆخی هەنووکەیی.

کورد و فارس وەک دوو گەلی دراوسێی یەکتر ڕیشەدارترین گەلی ئەم هەرێمەن. ڕیشەی ئەم دوو گەلە دراوسێیە بۆ سەردەمی شۆڕشی کشتوکاڵیی دەگەڕێتەوە و ئاڵۆگۆڕێکی زۆر لە نێوانیاندا هەبووە. کاتێک پارسەکان لە ئەنجامی ناپاکیی هارپاگۆس دژی ئاستیاگ مادەکانیان ڕووخاند، سیاسەتێکی میتینگەرییان هەندێک جار لە سەر بەشێکی کوردستان، هەندێک جاریش لە سەر هەموو کوردستان، بەڕێوە بردووە. بە تایبەت پاش کۆمەڵکوژ و و پاکتاوی ماگەکان، هەژموونی ئایدیۆلۆژیی کەوتە دەست پارسەکان و پشتبەست بەم هەژموونە، سیاسەتێکی کاریگەرتریان لە سەر کورد پەیڕەو کرد.

کوردستان لە کاتی هێرشی ئەسکەندەر بۆ هیندستان، لە کاتی شەڕی نێوان یۆنان و پارسەکان، لە سەردەمی شەڕ و ناکۆکییەکانی نێوان ڕۆم-ساسانیی و بیزانس-ساسانیی، لە شەڕەکانی عەرەب-فارس و عوسمانیی-سەفەوییدا هەمیشە گۆڕەپانی شەڕ و ناکۆکیی بووە لە نێوان فارسەکان و ئەو هێزانەی لە ناوچەکانی ترەوە ڕوویان لێرە کردووە. کوردەکان لە بەدەستخستن و پاڕاستنی ئەو شوێنەی ئەمڕۆ فارسەکان وەک نیشتمانی خۆیان دەستنیشانیان کردووە، خاوەن ڕۆڵێکی مەزنن.

کوردستان بۆ یەکەم جار ساڵی ١٦٣٩ لە نێوان فارسەکان و ئیمپراتۆری تەوکوژی عوسمانییدا دابەش بوو. لە قۆناغی پارسەکان بەدوا، ئەو سیاسەتانەی لە سەر ناوی فراوانخوازیی و میتینگەریی پەیڕەیان کردووە، لە شێوازی سیاسەتی زۆر هێزی تر جیاواز بووە. یاساکانی ساتراپ پەیڕە کراون، دەستێوەردانیان لە کاروباری ناوخۆیی و زمان و کەلتووری ئەو گەلانەی کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی میتینگەرییان نەکردووە، لە بواری بەڕێوەبەرایەتییشدا جۆرێک لە پاڕاستنی تایبەتمەندییە ناوخۆییەکان هەبووە. بەڵام لەگەڵ دەستێکردنی پەیوەندییان لەگەڵ هێزەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی، بە تایبەت ئینگلیزییەکان لە باشووری ئێران و ڕووسەکان لە باکووری ئێران،

شێوازی بیرکردنەوەی دەوڵەت-نەتەوە کاریگەرییەکی خێرای لە سەر سیاسەتی ناوخۆیی ئێران دانا.

تا کاتی شەڕی جیهانی دووەم، ڕووس و ئینگلیز کاریگەرییان لە سەر دەوڵەتی میتینگەری ئێران هەبووە. لەم نێوەندەدا، کاریگەریی و ڕۆڵی ئینگلیزەکان چارەنووسسازتر بووە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، پاش شۆڕشی مەشروتییەت دژی ڕژێمی پاشایەتیی، بیری دەوڵەت-نەتەوە کاریگەرییەکی هەڵکشاوتری لە سەر هەڵسوکەوتی دەسەڵاتداران داناوە. ڕەزا خان پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ مستەفا کەمالی کوردکوژ داناوە و هەوڵی داوە مۆدێلی ‹یەک زمان، یەک دەوڵەت، یەک نەتەوە› مستەفا کەمال لە ئێران جێبەجێ بکات. لە کاتی خۆڕاگریی ئاگرییدا، بە ئارمانجی سەرکوتکردنی ئەم سەرهەڵدانە، ئێران سنووورەکانی خۆی گۆڕی و ئاسانکارییەکی زۆر گەورەی بۆ تورکە میتینگەرەکان کرد، بۆ ئەوەی بتوانن بە هاوبەشیی لەگەڵ دەوڵەتی میتینگەری تورکدا بزووتنەوە کوردییەکان سەرکوت بکەن، پەیمانی سەعدئاباد‌یان واژۆ کرد. پاش ئەوەی خۆڕاگری سمکۆی شکاک لە ئەنجامی پیلانگێڕییەکدا شکستی خوارد، پاش پاکتاوی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دوابەدوای شەڕی جیهانی دووەم، ئیدی خەڵک ناچار کرا بە فارسیی قسە بکات، گەلان لە مافەکانی وەک زمان و کەلتوور و سیاسەت و خۆبەڕێوەبەرایەتیی بێبەش کران و هەرجۆرە هەوڵدانێکیش لەم پێناوەدا بێبەزییانە سەرکوت کرا. زۆر شاری کوردستان، لە سەرووی هەموشیانەوە لوڕستان، تا ڕادەیەکی زۆر فارسێنراون. سیاسەتێکی بەرفراوانی تواندنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی جێبەجێ دەکرێت.

دەوڵەتی ئێران، گەرچی وەک دەوڵەتی میتینگەر و تەوکوژی تورکیاش دەستی بۆ سیاسەتی زەبروزەنگیش نەبردبێت، بەڵام بە شێوەی جیاواز سیاسەتی تەوکوژیی فەرهەنگیی پەیڕەو کردووە. ئەگەر زمان و کەلتوورێک بە دامەزراوەیی نەبێت، لە خۆیندنگە نەبێت بە بەشێک لە سیستەمی پەروەردە، بە شێوەیەکی فەرمیی دانی پێدا نەنرێت، ئەوا لەگەڵ تێپەڕینی کات ئەو زمانە ناتوانێت بەرانبەر زمانی دامەزراوەیی دەوڵەت لە توانەوە و لەناوچوون ڕزگاری ببێت. سیستەمی ئابووریی و دارایی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرتاپێ لە دەستی دەوڵەتدایە.

ئێران لە سەردەمی ڕژێمی شا، پشتیوانینی بنەماڵەی بارزانیی کرد و بەرانبەر ئەمەش هەم نیشتمانپەروەرەکانی ڕۆژهەڵاتی دا بە کوشت و هەم لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم بنەماڵەیەوە ویستی کێشەی ناوچە سنووورییەکان لەگەڵ دەوڵەتی میتینگەری ئێراق چارەسەر بکات. کۆماری ئیسلامی ئێرانیش کە نەفرەتی لە ڕژێمی شا دەکرد، پاش شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕووخانی ئەم ڕژێمە، ئەویش هەر لە بەکارهێنانی هەمان سیاسەتی شا دژی کورد نەسڵەمیوەتەوە. دەسەڵاتی ئیسلامگەرای ئێران بە پشتبەستن بە بنەماڵەی بارزانیی-پەدەکە حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پاکتاو کرد و نکۆڵی لە هەموو جۆرە مافێکی نەتەوەیی و

کۆمەڵایەتیی و سیاسیی بۆ کوردی ڕۆژهەڵات کرد. دەسەڵاتدارانی ئێران بە کردنەوەی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنی کوردیی، گەرەکیانە ڕاستەوخۆ بە زمانی خودی کورد لەگەڵ کورد قسە بکەن، بەڵام لەم ڕێگایەشەوە سیاسەتی دریژخایەنی توانەوە و قڕکردنی فەرهەنگیی بە ئەنجام بگەیەنن.

لە پاییزی ساڵی ٢٠٢٢ و پاش کوشتنی ژینا ئەمینیی، ئەو سەرهەڵدانانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دروشمی ‹ژن، ژیان، ئازادیی› دەستیان پێ کرد و لە نێو هەموو گەلانی ئێران بڵاو بوونەوە، سەرەڕای ئەوەی ئەنجامی پێویستیان نەگرت، بەڵام هەنگاوێکی گرنگی دیموکراتیزەبوونی ئێران بوون و ئەزموونێکی پڕ لە نەرخ و بەهایان بەرهەم هێنا. ئێران وەک یەکێک لە دەوڵەتە هەرێمییەکانی بەشدار لە شەڕی جیهانیی سێیەم، ڕووبەڕووی دۆخێکی تا ڕادەیەک قەیراناویی بووەتەوە. هەربۆیە لە جیاتی ئەوەی هەنگاو بەرەو دیموکراسیی هەڵبگرێت، چ لە ڕێی سێدارە و چ لە ڕێی کوشتنی سەر شەقامەکان، ڕێی پاکتاوی هێزە دیموکراسییەکانی هەڵبژاردووە.

دەوڵەتی میتینگەری ئێران، لە قۆناغێکدا شەڕی جیهانی سێیەم لە هەرێمەکەدا تەشەنە دەکات و ئەم شەڕە خۆیشی گرتووەتەوە، لە بواری ئابووریی، سیاسیی، دیپلۆماسیی و سەربازییدا ڕووبەڕووی قەیرانی ڕژد بووەتەوە. پەرەسەندنی شەڕ تا ئەم ئاستە، نیشانەی قووڵبوونەوەی ئەم قەیرانەیە. ئێران دوو ڕێگای لە بەردەمدایە. یان بە شێوەیەکی بنەڕەتیی پەرە بە دیموکراسیبوون دەدات، یان بە بەشداریپەکی چالاکانەتر لە ناو ئەم شەڕەدا دەکەوێتە قۆناغێکی پڕ لە زۆر و زەحمەتی و وێرانیی کە کەس لە ئێستاوە ئەنجامەکەی بۆ پێشبینی ناکرێت. ئەمە لە کاتێکدایە ڕاستینەی میژوویی ئێران، بە پێکهاتە فرە نەتەوەیی، فرەئایینیی و فرەمەزهەبییەکەیەوە دەتوانێت قۆناغێکی بەهێزی دیموکراسیبوون لە هەرێمەکەدا دەست پێ بکات، بەڵام وادیارە بەختی ئەم بژاردەیە کەمە. وەک دەبینین دەوڵەتی ئێران تەنانەت لە ڕۆژئاوای کوردستانیش بۆ ئەوەی ئەزموونی دیموکراتیی کوردان لە بەرژەوەندیی ڕژێمی بەعس پاکتاو بکات، سیاسەتێکی زۆر هێرشبەرانەی گرتووەتە بەر.

وەک دەبینین سەرەڕای ئەوەی خۆڕاگریی و سەرهەڵدانی جەماوەریی مەزنی گەلانی ئێران چەند ساڵ جارێک دووپات دەبنەوە بەڵام ئانجامی پێویست بە دەست ناخەن. هۆکاری بنەڕەتیی ئەم ئەنجامنەگرتنە ئەوەیە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاستینەی ئێرانیان بە شێوەیەکی قوواڵ شیکار نەکردووە و لە سەر ئەم بنەمایەش ئامادەکاریی ئایدیۆلۆژیی، سیاسیی و جەماوەرییان نەکردووە. واتە تێگەیشتنێکی تێروتەسەلیان لە تایبەتمەندییەکانی ڕژێمی میتینگەری ئێران نییە و بەگوێرەی ئەمەش خۆیان نەگەیاندووەتە ئاستی پێویستی ئایدیۆلۆژیی و سیاسیی. لێرەدا پێویستە کاریگەرییەکانی سیاسەتی نەتەوەپەرەستیی سەرەتایی پەدەکە، بۆچوونی بەرتەسکی خۆدموختاری خوازی و تایبەتمەندیی چینایەتیی سەرکردە و پێشەنگەکان

ببینین. بە تایبەت، دیاردەی کۆچکردن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەرەو ئەمریکا، ئەورووپا و کانەدا مایەی تێڕامانە. هەروەها سەرەڕای ئەوەی زۆرینەی حزبەکانی ڕۆژهەڵات گەورەترین گورزیان لەلایەن بنەماڵەی بارزانی-پەدەکەوە بەرکەوتووە، هێشتاش لە ژێر پەڕ و باڵی پەدەکە و گفت و بەڵێنی بنەماڵەدا ماونەتەوە. ئەم دۆخە نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەم حزبانە هیچ پێداگیرییەکی شێلگیرانەیان بۆ دیمۆکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە. نیشانەی ئەوەیە هیچ ئەنجامێکیان لە پاکتاوی شۆڕشی ڕۆژهەڵات بەدەست نەخستووە و لە دۆخی خۆڕەخنەییدا نیین. هەڵەیەکی تری ئەم هێزانە ئەوەیە؛ لە جیاتی ئەوەی پشت بە دینامیکی ناوخۆیی ڕۆژهەڵات و ئێران ببەستن، پشتیان بە دەستێوەردانی دەرەکیی بەستووە. ئەگەر بە پێودانگی خۆڕەخنەکردنێکی قوواڵ ئەزموونی پێویست لە شکستەکان وەرنەگیردرێت، ئەوا هیوای سەرکەوتن لاواز دەبێت و پاشەکشێ دەکات.

٣. سیاسەتەکانی دەوڵەتی میتینگەری ئێراق لە سەر باشووری کوردستان و دۆخی هەنووکەیی

بە درێژایی مێژوو گەلی عەرەب و گەلی کورد بەردوام لەگەڵ یەکتر ژیاون. ئاڵۆگۆڕی زۆریان لە نێواندا بووە. هەم گەلی کورد و هەم گەلی عەرەب سەردەمانێکی درێژیان لە قووڵایی ژیانی کشتوکاڵییدا بەسەر بردووە و پێکڕا ئاوی ڕووبارەکانی دیجلە و فوراتیان نۆشیوە. لەگەڵ هاتنی سەلاحەدینی ئەیوبیی کورد و عەرەب بە درێژایی سەدان ساڵ چارەنووسێکی هاوبەشیان. ئەم دوو گەلە خاوەنی پەیوەندییەکی ڕیشەداری بەم ڕەنگەن، لە سەدەی نۆزدەهەم بەملاوە، بەهۆی ستەم و چەوسانەوەی ئیمپراتۆری عوسمانیی هەریەکەو بە شێوازێکی جیاواز لە چارەیەک دەگەڕان. بەڵام سەرەتاکانی سەدەی بیستەم یەکێک لەم گەلانە، وەک پێویستییەکی پلانی ئینگلیزەکان بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوین، لەڕێ خۆی لە نێو وڵاتێکدا دیتەوە کە ناوی ئێراقە و لەلایەن ڕژێمێکی ماندایی (ڕاسپێردراو لەلایەن ئینگلیزەوە) بەڕێوە دەبردرێت. پادشایەکیان هێنایە سەر ئەم وڵاتە کە تەواو لەگەڵ ئاو و خاک و گەلەکەی نامۆ بوو، بەم شێوەیە دەوڵەت-نەتەوەیەک لە سەر گرێژەنە (میحوەر) عەرەب دامەزرێنرا. ئەو کوردانەشی لەنێو سنووورەکانی ئەم دەوڵەتدا بوون، وێڕای هەموو ئەو بەڵێنانەی پێیان درابوو، بە پلانێکی جیاوازتر تەواو بێ پێگە و قەوارە هێڵرانەوە و کەوتنە ژێر ڕەحمی حوکمی پادشایی عەرەبی ئێراق.

بەگوێرەی ئەو بڕیارانەی لە کۆنگرەی قاهیرە سەبارەت بە کورد وەرگیرابوون، پێویست بوو کورد بێ ستاتۆ بمێنێتەوە و مافی دامەزراندنی دەوڵەتیشی نییە. هەربۆیە سەرهەڵدانی شێخ مەحمود سەرکوت کرا و ڕێی پێ نەدرا بۆ جارێکی دی خۆی کۆ بکاتەوە. بابەتی موسڵ و کەرکووک، کە لە پەیمانی لۆزان مشتومڕی لە سەر کرابوو، بەهۆی پێگەی جیۆستراتیژیی و سەرچاوەی دەوڵەمەندیی ژێرزەوی،

ساڵی ١٩٢٦ ڕادەستی دەسەڵاتی دەوڵەتی ماندایی (ڕاسپێردراو)ـــ ئێراق کرا. بەم شێوەیە باشووری کوردستان نە نکۆڵی لێ کرا، نە ڕێگەشی پێ درا دەوڵەتێک بۆ خۆی دروست بکات، بەڵکوو بڕیار درا لە یەکلاییکردنەوەی هاوسەنگیی و کێشمەکشە هەرێمییەکاندا وەک ئامرازێک بەکار بهێنرێت. هەربۆیە لە بوارەکانی زمان و کەلتووردا هەندێک مافی پێ درا. بەڵام لە سەر بنەمای گۆڕینی دیمۆگرافیا، سیاسەتی تەعریب لە هەرێمەکە، بە تایبەتیش لە کەرکووک، کەوتە واری جیبەجێکردنەوە، وەک دەبینین، ئەمە تاڕادەیەکیش ئەنجامی بەدەست خستووە. لێرەدا ئەوەی چارەنووسساز بوو، مسۆگەرکردنی پاڕاستنی ڕێگای هیندستان و ڕێگریی بوو لەوەی نەوتی موسڵ و کەرکووک بکەوێتە دەستی ڕژێمی میتینگەر و قڕکەری تورک، کە لەوکاتەدا پەیوەندییە لەگەڵ سۆڤێت هەبوو. لە سەردەمی خۆیاندا هەموو ئەمانە بە هەنگاوی گرنگی سیاسیی و سەربازیی هەژمار دەکران.

پاش جەنگی دووەمی جیهانیی، ڕێکخستنێک لە باشووری کوردستان بە ناوی پەدەکە دروست بوو. پاش ئەوەی ساڵی ١٩٥٨ عەبدوسەلام عارف بە کودەتایەکی سەربازیی ڕژێمی میتینگەری پاشایەتیی لە ئێراق ڕووخاند، مەلا مستەفا بارزانیی لە یەکێتیی سۆڤێت گەڕایەوە، بە تەواوەتیی دەستی بە سەر پەدەکەدا گرت، ئەم ڕێکخستنە گۆڕا بۆ پارتێکی بنەماڵەیی و مۆرکی دەرەبەگایەتیی و خێڵگەرایی لێ دا. هەر بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی بنەماڵە، بە هاندان و هاوکاریی دەسەڵاتی میتینگەری ئێران و ئاڕاستەکردنی لەلایەن ئیسرائیل و ئەمەریکا و بە ئارمانجی لاوازکردنی دەوڵەتی میتینگەری ئێراق بەرانبەر ئیسرائیل، جووڵەی پێ کرا. لە کاتێکدا ڕێککەوتن لەگەڵ عەبدوسەلام عارف لە بەرژەوەندیی باشووری کوردستاندا بوو و وەک پێویستییەکی قۆناغەکە خۆی دەسەپاند، بەڵام بەرژەوەندیی هێزە میتینگەرەکانی وەک ئەمەریکا و ئیسرائیل و ئێران، نەک ڕێککەوتن، بەڵکوو شەڕیان دەسەپاند. لەگەڵ ڕێککەوتنی ١٩٧٥ـــــی جەزایر لە نێوان ئێران و ئێراق، لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا هێزێکی سەد هەزار کەسیی پێشمەرگە و میلیشیا لەناکاو ڕووخا و ئاشبەتاڵ ڕاگەیەنرا. پاش ئاشبەتاڵ مەلا مستەفا بە خۆی و بە بنەماڵەکەیەوە پەنایان بردە بەر شای ئێران و لە هەولێ ڕزگارکردنی ژیانی خۆیاندا بوون. بنەماڵەی بارزانیی هیچ پەیوەندییەکی بە ئیرادەی ئازادیخوازیی و هێزی ستراتیژی گەلی کوردەوە نەبوو، بەڵکوو وەک درێژکراوەیەکی تاکتیکیی هێزە دەرەکییەکان لە هەولێ پاڕاستنی بوونی خۆیدا بوو. هەربۆیە کاتێک ستراتیژی هێزە دەرەکییەکان گەیشتە ئامانجی خۆی، ئیدی پێویستییان بەم ئامرازە تاکتیکییە نەما و بەجێیان هێشت.

بنەماڵەی بارزانیی، لە کاتێکدا لە هەلومەرجە هەرێمییەکانی ساڵانی ١٩٨٠ دەرفەتی ئەوەیان هەبوو بە پشتبەستن بەهێزی خۆیان لەو دۆخەی تێی کەوتبوون، ڕزگاریان بێت، بەشی زۆری توانا و هێزی خۆیانیان بۆ پاکتاوی حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی

کوردستان پێشکەشی ڕژێمی خۆمەینیی کرد، بەشێکی تریشیان بۆ کۆنترۆڵکردنی (یان ئەگەر نەکرا، پاکتاوکردنی) پەکەکە خستە گەڕ، تا بەم ڕەنگە بتوانن پەیوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی میتینگەر و قڕکەری تورکیا دابمەزرێنن. یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لەم قۆناغەدا لە بنەماڵەی بارزانیی جیا بوونەوە، بەڵام ئەم جیابوونەوەیە ئیرادە و هێزێکی خۆڕسکی دەرنەخستە ڕوو، هەر بۆیە نەبووە هۆی لاوازکردنی بنەماڵەی بارزانیی. بە پێچەوانەوە، بنەماڵەی بارزانی جارێکی دی دەستی هاوکاریی و بەکرێگیراویی بۆ هێزە دەرەکییەکان درێژ کردەوە، بەم پێودانگەش خۆیانیان بەهێز کردەوە.

بە تایبەت شەڕی یەکەمی کەنداو، کە دوای ڕووخانی سۆسیالیزمی بونیادنراو (سۆڤیەت) و هێرشی داگیرکاریی ڕژێمی فاشیست و تەوکوژی سەددام بۆ سەر کوەیت دەستی پێ کرد، دەرفەتی زۆر لەباری بۆ یەکگرتنەوەی باکوور و باشووری کوردستان ڕەخساند. لە کاتێکدا دۆخەکە بۆ قۆستنەوەی ئەم هەلە لەبار بوو، بنەماڵەی بارزانیی-پەدەکە، بە ئاڕاستەکردنیان لەلایەن ناتۆ، سەهێنییەکانی ئیسرائیل و ئەوروواوە، یەنەکەشی خستە پاڵ خۆی و لە ساڵی ١٩٩٢ هێرشی کردە سەر پەکەکە. بەم شێوەیە بنەماڵەی بارزانیی-پەدەکە زەمینەی داگیرکردنی هەمیشەیی باشووری کوردستانی بۆ دەوڵەتی میتینگەر و قڕکەری تورک خۆش کرد. لە هەموویان گرنگتر، بەرانبەر گورزوەشاندن لە پەکەکە و هێنانی دەوڵەتی میتینگەری تورک بۆ باشووری کوردستان، بنەڕەتی ستاتۆی فیدراڵ ئامادە کرا و ئەم ستاتۆیە کەوتە ژێر چەتری پاڕاستنی هیزی چەکوشی ناتۆوە. هەموو ئەمانە لە پێناو چیدا ئەنجام دران؟ وەک چۆن هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناو دەستەبەرکردنی پشتیوانیی دەوڵەتی ئێران پاکتاو کران، ئاواش هەوڵ درا بەرانبەر دانپێدانانی دەوڵەتی تورک بۆ ستاتۆی باشوور، پەکەکەش پاکتاو بکرێت.

ئەو ستاتۆیەی لە باشووری کوردستان دامەزرێنراوە هیچ خێرێکی بۆ خەڵکی باشوور نەبووە. ئەم ستاتۆیە جگە لە دەوڵەمەندکردنی بنەماڵەی بارزانیی و گرووپێکی زۆر تەنگی دەوروبەریان، کە بە دڵ و گیان پشتیوانیی لە بەرژەوەندییەکانی ئەم بنەماڵەیە دەکەن، هیچ قازانجێکی بۆ خەڵک باشوور نەبووە. ڕاستە ستاتۆیەک دەستەبەر کراوە، بەڵام دەسەڵاتی سیاسیی ئەم ستاتۆیە وەک مەقاش و دەسکەلای دەستی هێزە دەرەکییەکان، دژی بەرژەوەندیی گەل و نیشتمان کاری کردووە. ئەو دەسەڵاتەی بنەماڵەی بارزانیی-پەدەکە لە باشوور دایمەزراندووە، دیموکراتیی نییە، هیچ حیسابێک بۆ خەڵک ناکات، نەوت و گاز و کانزای ئەم وڵاتە بۆ خۆی دەفرۆشێت، داهاتی گومرک و هەموو ئەو داهاتەی لە ئەنجامی پەیوەندییە بازرگانیی و داراییەکاندا بە دەست دێت، بۆ خۆی کۆی دەکاتەوە و بەم شێوەیەش دەستیان بە سەر دەیان ملیارد دۆلار پارەی ئەم نیشتمانەدا گرتووە. لە کاتێکدا خەڵک بە دەست هەژاریی و برسێتییەوە دەناڵێنێت، تاقمێکی دز و جەردە بە

پشتبەستن بە دڕووشم و گوتاری نەتەوەپەرەستیی، هەرچییەک گرێدراوی نەتەوە و نیشتمان بێت، فرۆشتوویانەتە دوژمنانی نەتەوە و نیشتمان.

لە بواری کەلتووریشدا، ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی بەم ئاو و خاکە و مێژووکەیەوە نەبێت، بە سەر خەڵکدا دەیسەپێنن و کەلتوور، کەسایەتیی و کۆمەڵگایەکی بێگانە پێک دەهێنن. لە نەوەدەکاندا هەزاران کەسی باشووری لەلایەن ئەمریکاوە پەروەردە کران. کاریگەرییەکانی ئەم پەروەردەیە ئێستا لە سیاسەت، یاسا، بازرگانیی مۆد و فاشیۆندا دەبینین. ئەگەر ئەمڕۆ ٣٠٠ تا ٤٠٠ گوندی باشووری کوردستان و جوگرافیایەکی فراوان و بەرین لەلایەن دەوڵەتی میتینگەر و قڕکەری تورکەوە داگیر کراوە و کاردانەوەیەکی شێلگیر بەرانبەر بەم داگیرکاریە دەرناکەوێت، پێویستی بە تێڕامانێکی زۆر قوڵ هەیە. ئەو گەلەی ئامادە بوو لە پێناو خاک و نیشتماندا گیانی خۆی بەخت بکات، ئێستا وای لێ هاتووە بووەتە پۆلیسی هاتووچۆ بۆ تەراتێنی داگیرکەر و لە ئاست تاوانەکانی ڕژێمێکی فاشیستدا بێدەنگ دەمێنێت. ئەم گەلە چۆن وای لێ هات؟ تێگەیشتن لەم بابەتە دژوارە. وەک بڵێی ئەمەش تێر نەکات، پەدەکە ئەو چەتانەی هێناوەتە بادینان وا نەک تەنیا دوژمنی کوردن، بەڵکوو دوژمنی هەموو مرۆڤایەتیین، تەنیا بۆ ئەوەی گەریلای ئازادیی کوردستان پاکتاو بکەن. هێنانی ئەم چەتانە و جێگیرکردنیان لە بادینان، هیچ بیانوویەک هەڵناگرێت. چ نەتەوایەتییەک، نەتەوەپەرەستییەک یان نیشتمانپەروەرییەک ئەمە هەڵدەگرێت؟ ئەم کارە لە کتابی هیچ نەتەوایەتیی و نیشتمانپەروەرییەکدا جێی نابێتەوە. بەڵام لە پێناو بەرژەوەندیی بنەماڵەی بارزانیی-پەدەکەدا جێ بۆ هەموو ئەم تاوان و خیانەتانە دەکرێتەوە.

هەموو ئەمانە هەروا لە خۆیانەوە ڕوویان نەدا. هەموویان دەرنجامی پلانێکن. ڕێبەر ئاپۆ بەم شێوەیە باسی هۆکارەکانی تووشبوونی باشوور و بە تایبەت بنەماڵەی بارزانیی بەم دۆخەی ئێستا دەکات:» ڕاستینەی باشووری کوردستان لە ئاکامی حساب و لێکدانەوەی شەڕی ساردەوە گەرم دەکرا. بە ئامانجی بەربەستکردنی حوکمی گەلی کورد بە سەر چارەنووسی خۆیدا کە لە بواری جەستەییدا بوونی خۆی پاڕاستبوو، هەروەها بۆ ئەوەی لە دۆخی سەربازگەیەکی پێشووی سیستەمدا بێت بەردەوام کوردستانێکی بچووککراوە لە ڕۆژهەڵ و یەدەگدا مایەوە. ئەمجارە بەرژەوەندییەکانیان ئەوەی دەکرد بە پێویستییەک. هەروەک چۆن لە بەرانبەر لەدەستدانی هێلینیی و ئەرمەنییەکان بۆ نیشتمانی مێژوویی وەک قەرەبووکردنەوەیان و دانەوەی قەرز مەحکومی دەوڵەتۆکەی بچووک کران، ئەو دیاردەیەی بە کوردستانی ئێراقیش ناو دەبرێت بە هەمان شێوە خرایە ڕۆژهەڵەوە.[2]«

دروستکردنی قەوارەی باشوور لەلایەن مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییەوە بۆ ئەوەیە وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر دەوڵەتانی دی بەکاری بهێنێت و وەک ئەوەیە پێیان بڵێت: «ئەگەر بە قسەم نەکەن و بە گوێرەی

فەرمانەکانی من نەجوولێنەوە، هەمان شت لە ناو سنووری وڵاتی ئێوەشدا دڕووست دەکەم». لە دۆخێکی وەهادا، کورد وەک ئامڕاز و گۆچان و داردەستێک بەکار دەهێنرێن. ئەی باشە، لە شوێنێکی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوین کە موزایکی گەلانە، کێ دەبێتە دۆستی ئەم گەلە؟ گەلان ناتوانن دراوسێکانی خۆیان بگۆڕن. کەوابوو، ناکۆکیی نێوان گەلان و گەمەی دەسەڵاتە هەژموونگەراکان لە سەر ئەم ناکۆکییانە بەردەوام دەمێنێتەوە. خراپترین بژاردە ئەوەیە گەلی کورد لە جیاتی پشتبەستن بە هێزی گەوهەریی خۆی پشت بە هێزی تر ببەستێت و چاوەڕوانیی لەوان هەبێت. لە ئەگەرێکی بەم ڕەنگەدا کۆمەڵگایەکی بێئیرادە دڕووست دەبێت. کۆمەڵگایەکی لەم چەشنەش، دەبێتە کۆیلە و بەندەیەکی و ئامادە و لەسەرپێ بۆ هەر هێزێک بیەوێت لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاری بهێنێت. هاوکات ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی گەلانی تریش نەفرەتی لێ بکەن و ببنە دوژمنی.

بنەماڵەی بارزانیی، لە ساڵەکانی ١٩٣٠ بەدواوە، هەم خاوەنی هێزی چەکداریی بوون و لە بواری نەتەوەییشدا کەم و زۆر کاریگەرییان لە سەر بەشەکانی تری کوردستان داناوە. بەڵام پاش قۆناغێکی دیاریکراو، ئەو کەسانەی لە بەشەکانی تری کوردستان لە ژێر کاریگەریی بارزانییەکانیاندا بوون، لەلایەن خودی بارزانییەکانەوە وەک ئامرازێکی سیاسیی بۆ بەرەوپێشەوەبردنی بەرژەوەندیی دەوڵەتە میتینگەرەکانی سەر ڕاسەری کوردستان بەکار هێنران. هەرکاتێک پێویستی کردبێت، بنەماڵەی بارزانیی یان ئەم کەسانەی کوشتووە یان ڕادەستی دەوڵەتێکی میتینگەری کردوون. کاتێک سەیری قۆناغێکی ٨٠-٩٠ ساڵە دەکەین، دەبینین بنەماڵەی بارزانیی، لە شەڕ لەگەڵ ئێراقدا، بەبێ ئەوەی پشت بە ئیسرائیل، ئێران، سووریا و تورکیا ببەستێت، بەبێ ئەوەی پشت بە هێزێکی ناودەوڵەتیی خاوەن کاریگەریی لە سەر کوردستان ببەستێت، بەبێ ئەوەی زیان لە خەباتی نەتەوایەتیی بەشەکانی دی کوردستان بدات و ناچاری پاشەکشێیان بکات، نەیتوانیوە بە شێوەیەکی سەقامگیر لە هیچ شوێنێک ببێتە خاوەنی دەسەڵات و هەژموون. هەر بۆیە هەمیشە لە سەر خوێنی کورد درێژەی بە هەبوونی خۆی داوە. ئەو هەوڵێرەی ئێستا ئەمانە وەک پایتەختی خۆیان ڕیکلامی بۆ دەکەن، بە بەکرێگیراوێتیی و پشتبەستن بە دەوڵەتی میتینگەریی ئێراق، بە سواربوون لە سەر تانکەکانی سەدام حوسێن و تۆپبارانکردنی پەرلەمانەکەی خۆیان توانیان لە دەست YNK بیگرنەوە.

بنەماڵەی بارزانیی بنەماڵەیەکە دوژمنایەتیی خۆی بۆ شۆڕش و سۆسیالیزم لە کوردستان ڕاگەیاندووە. تێڕوانینی ئەوان بۆ ئازادیی کوردستان بەم شێوەیەیە: ئەگەر بڕیارە پێگەیەکی کوردیی هەبێت، ئەگەر بڕیارە ئازادییەک هەبێت، ئەوە تەنیا لە ڕێی ئەمریکا و ئەورووپا و هێزەکانی ترەوە مەیسەر دەبێت. هەر بۆیە دژی هەموو ئەو بژاردە شۆڕشگێڕیی و دیموکراتیی و نیشتمانپەروەرییانەی پشت بە

هێزی خۆیان دەبەستن، هێرشی فراوانی ڕەشکردن و چەواشـــەکاریی ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی باوەڕ بە خەڵـک بێنن ئەمـانە نـاتوانن ببنە بژاردەیەک بۆ تێکۆشانی ئازادیخوازیی. هەموو کەسێک هان دەدەن تا ببێتە کۆیلەی مۆدێرنیتەی ســـەرمایەداریی و تاکە ڕێی ڕزگاریی لە پشتبەستن بە هێزە هەژموونگەراکان و ئەو دەوڵەت-نەتەوانەدا دەبینن وا لە ســـەر بنەمای نەتەوەپەرەستیی دامەزرێنراون.

بە قۆناغێکدا تێدەپەڕین شەڕی سێهەمی جیهانیی زۆر بە چڕیی و فراوانیـی ڕوو دەدات. ئەو هێـزانەی دەیانەوێت جیهان و هەرێمەکە بەگوێرەی بەرژەوەندیی خۆیان دابڕێژنەوە، هەریەکە و پلانێکیان لە گیرفاندایە. هیچ یاســـا و ڕێســـایەکی نێودەوڵەتیی لەگۆڕێ نییە هەمووان گوێی لێ بگرن و پەیڕەوی بکەن. کێ هێز بێت، ئەو یاسایە. ئەو گەلەی هەبوونی ئەو هێشـتاش لە ژێر مەترســـیی ژینۆســـایددایە، تەنیا بە یەکێتیی دەتوانێـت درێژە بە هەبوونی خۆی بـدات. بەڵام بنەمـاڵەی بـارزانیی لە ســـەر بنەمـای دوژمنـایەتی یەکێتیی نەتەوەیی هەموو هێزی خۆی بۆ پـاکتـاوی پەکەکە تەرخان کردووە. هەمیشـــە لە هەوڵی ئەوەدا بووە هەموو پێشکەوتنێکی شۆڕشگێڕیی، یەکێتیخواز و دیموکراتیی ئاســـتەنگ بکات. ئەم هەڵوێســـتەی پەدەکە لە دوژمنایەتیی ئەو بۆ ژن و ژینگە و یەکێتیی نەتەوەییەوە ســەرچاوە دەگرێت. ســەرچاوەی هەموو کێشـــە و گیروگرفتەکـان ئەوەیە ئەمـانە لە جیـاتی نیشتمانبەرژەوەندیی بنەماڵە و پارە بە بنەما دەگرن.

٤. ســـیاســـەتەکانی دەوڵەتی میتینگەری سووریا لە سەر کورد و دۆخی هەنووکەیی

ئەو بەشـــەی کوردســـتان وا ســـەردەمانێک وەک باشووری بچووک ناوزەد دەکرا و لە شۆڕشی ١٩ـی تەموزەوە ئیـدی وەک ڕۆژئـاوا پێنـاســـە کرا، بچووکترین بەشی کوردستانە. لە چاو بەشەکانی تر، کەمترین ژمـارەی دانیشـــتووان و بچووکترین ڕووبەری جوگرافیی لەم بەشـــەی کوردســـتاندایە. بەشـــێکە کە گەلی کورد هـاوڕێ لەگەڵ گەلی عەرب، تورکمەن، ئاسووریی، سریان و ئەرمەن پێکڕا دەژێن. وەک مینیـاتورێکی ڕۆژهەڵاتی نـاوبینە. کوردەکـان تەنیا لە بەشـی باکووری ســووریا لە ســەر ســنوور نـاژین، بەڵکوو لە قۆنـاغە جیـاوازەکانی مێژوودا، بە تایبەتیش لە ســەردەمی ســەلاحەدینی ئەیووبیی، کورد بە هۆکاری جۆراجۆر بەرەو قووڵایی خاکی ســووریا کۆچیان کردووە. لە هەرێمەکانی وەک شـــام، حەڵەب، حەما و ئیدلیبیش نیشتەجێ بوون.

مێژووی دروســـتبوونی دەوڵەتی ســـووریا لە چاو دەوڵەتانی تر، ئاڵۆزتر و پڕە لە کێشـــە. بەگوێرەی پەیماننامەی شـاراوەی سـایکس-پیکۆ، کە ڕۆژهەڵاتی نـاوبینی دابەش کرد، بڕیار درا دەوڵەتی ســـووریا گرێدراوی ئیمپریالیزمی فەڕەنسا بێت. فەڕەنسییەکان هەر کاتی پەیمانی ١٩٢١ـــــــی ئەنکارا، کە لەگەڵ میتینگەرە کەمـالیســـتەکان مۆریـان کرد، ڕۆژئـاوای کوردستان و باشووری کوردستانیان لێک هەڵبوارد.

ئەو جۆگرافیایەی بڕیار وابوو دەوڵەتی ســووریای لە ســـەر دابمەزرێنرێت، بە شـــێوەی پێنج نیمچەدەوڵەت

دابەش کرابوو. ساڵی ١٩٢٥ دەوڵەتی ماندایی (سەرپەرەشتیار) لەم پێنج نیمچەدەوڵەتە دروست کرا. بەڵام ئەم دەوڵەتە پاش شەڕی جیهانیی دووەم و ساڵی ١٩٤٥، توانی سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیەنێت. بە درێژایی ئەم بیست ساڵە لە ئەنجامی ئەو پەشێویی و ئاژاوەگێڕییانەی ئینگلیز و دەوڵەتی مێتینگەر و قڕکەری تورک نایانەوە، ئەم وڵاتە ئارامیی و سەقامگیریی بەخۆیەوە نەبینی. لەناو ئەم دابەشبوون و ناسەقامگیرییەی هەبوو، دەوڵەت یان پارێزگایەک بەر کورد نەکەوت، بەڵکوو لە ناو پارێزگای حەڵەبدا جێگەیان گرت.

تا سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانیی لە سووریا سیاسەت و کردەوەیەکی تایبەت بە کورد بەدی ناکرێت. ڕێکخستنی خۆیوون لە سووریا دروست بوو. قەدەغەیەکی فەرمیی لە سەر زمان و کەلتووری کوردیی و چاپ و پەخش بە زمانی کوردی نەبوو. هەربۆیە پێچەوانەی ئەو سیاسەتەی ژینۆساید (تەوکوژیی-نەژادکوژیی) و تواندنەوە وا لە بەشەکانی دی کوردستان پەیڕەو دەکرا، کورد لەم بەشەی کوردستان دەرەتانی ئەوەیان بینییەوە پەرە بە زمان و کەلتوور و هونەر و ئەدەبییاتی خۆیان بدەن. بە تایبەت بەهۆی ستەم و چەوسانەوەی بێسنووری دەوڵەتی میتینگەر و نەژادکوژیی تورک لە باکوری کوردستاندا، زۆرێک لە نیشتمانپەروەر و ڕۆشنبیر و کەسایەتیی پێشەنگ ڕوویان لە ڕۆژئاوای کوردستان کرد و لەوێ نیشتەجێ بوون. عوسمان سەبریی، نووری دێرسیمیی، جگەرخوێن و ئەندامانی بنەماڵەی بەدرخان، ڕۆڵی گرنگیان گێڕاوە.

کۆماری سوریا لە ساڵانی ١٩٦٠دا کەوتە بەر گێژەڵۆکەی نەتەوەپەرەستیی عەرب و ناوی خۆی بۆ کۆماری عەرەبیی سووریی گۆڕی. لەگەڵ هاتنی حیزبی بەعس بۆ سەر دەسەڵات، هاوکات لە گەڵ گۆڕینی ناو، لە ئەنجامی خۆگونجاندن و خۆسازدانی ئەم حیزبە لەگەڵ «پلانی هەمووارکردنی ڕۆژهەڵات-Şark İslahalt Planı»ی دەوڵەتی میتینگەر و نەژادکوژی تورک، لە لایەکەوە سیاسەتی توانەوەی کورد پەیڕەو دەکرا و لە لایەکی تریشەوە بە گۆڕینی دیمۆگرافیی هەوڵیان دا ڕۆژئاوای کوردستان لە کورد دامالن. کۆمەڵکوژیی سینەمای عامودێ خوێناویترین هێرشی ڕژێمی بەعسە بۆ سەر کورد. ساڵی ١٩٦٠ بە پاساوی ئاگرکەوتنەوە سەدان منداڵی کورد کۆمەڵکوژ کران. دەزگای هەواڵگریی سووریا، موخابەرات، پلانێکی تایبەتیان بۆ چەوساندنەوەی کورد داڕشت. کورد تەنانەت وەک هاووڵاتیی سوورییش پەسەند نەدەکران. بەهۆی سیاسەتی ئابووریی ڕژێمی بەعس لە سەر کوردستان، کورد ناچار مان بەرەو شارە گەورەکانی سووریا و وڵاتانی وەک لوبنان و جەزایر کۆچ بکەن.

ڕەنگە ڕۆژئاوای کوردستان بۆ خۆی خۆڕاگرییەکی چەکداریی دژی ڕژێمی سووریا ڕێک نەخستبێت، بەڵام بەگوێرەی توانای خۆی هاوکاریی هەموو بزووتنەوەکانی بەشەکانی دی کوردستانی کردووە. هەربۆیە، تا کاتی دەرکەوتنی پەکەکە، کاریگەرییەکی

بەرچاوی بنەماڵەی بارزانیی هەبوو. کاریگەرییەکی سنووریYNK ـــش هەبوو. بنەماڵەی بارزانیی حزب و ڕێکخراوی گرێدراوی خۆی لە ڕۆژئاوا دامەزراند. بەڵام هەموو ئەم ڕێکخراوانە لە جیاتی ئەوەی خزمەت بە دۆزی ئازادیی ڕۆژئاوای کوردستان بکەن، بۆ پشتیوانیی بنەماڵەی بارزانیی بەکار هێنران.

لەگەڵ ڕۆیشتنی ڕێبەر ئاپۆ بۆ کۆبانێ لە تەموزی ١٩٧٩، خەباتی دۆزی ئازادیی ڕۆژئاوای کوردستانیش دەستی پێ کرد و بە درێژایی ٣٣ ساڵ لە ئەنجامی سیاسەتێکی ڕاست و دروست و تۆکمە و بەردەوام، بە ڕەنج و ماندووبوونێکی زۆر، لە سەر بنەمای پارادایمی ژینگەپارێزیی و ئازادیی ژن، شۆڕشی ١٩ـــی تەموز هاتە ئاراوە. دژی سیاسەتی تەوکوژیی کورد بە دەستی داعش و بە هاوکاریی و پشتیوانیی دەوڵەتی میتینگەر و تەوکوژی تورک و زۆر گرووپی چەتەی تر، پەکەکە خۆڕاگرییەکی بێوێنەی نیشان دا. پارادایمی ڕێبەر ئاپۆ ڕۆڵێکی چارەنووسسازی لە بەردەوامیی شۆڕش تا ئێستا هەیە. بۆ ئەوەی شۆڕشی ڕۆژئاوا بە لاڕێدا بەرن، هەم ئەمریکا و هەمیش هێزەکانی هاوپەیمانیی دژی داعش، ویستیان هەندێک پێکهاتەی چەتە و کۆنترای گرێدراوی بنەماڵەی بارزانیی وەک ENKS بەکار بێنن. دەوڵەتی ڕووسیاش، بە هاوکاریی و پەیوەندیی لەگەڵ سووریا و ئێران، بۆ ئەوەی دەوڵەتی سووریا جارێک بکات بە دەســـەڵات، کەوتە ناو لێگەڕین و کاری زۆر پێکۆڵانە تا شۆڕشی ڕۆژئاوای کوردستان پاکتاو بکات.

میتینگەریی ئێرانیش هەر وەک میتینگەریی تورک هەوڵی پاکتاوی شۆڕشی ڕۆژئاوا دەدات. داگیرکردنی عەفرین، ســـەرێکانی، گرێســـپی لەلایەن دەوڵەتی میتینگەری تورک و چەتەکـانییەوە، دەرەنجـامی تێنەگەیشـتن لە قۆناغەکە و پەرەنەدان بوو بە شـەڕی شـــۆڕشـــگێڕیی گەل بەرانبەر مەترســـییەکـان. جێگیربوونی ئەمریکا و هێزەکانی نێو هاوپەیمانی دژی داعش لە ڕۆژئاوای کوردســـتان بوو بە هۆی دروستبوونی چەمکێک، کە هەر چەندە لە ئاستێکی لاوازیشـــدا بێت، بەڵام چاوی لە دەســـت هێزە دەرەکییەکـانە و ئەم هێزانە وەک دڵنـیـایی و گەرەنتییەک بۆ ڕۆژئـاوا دەبینێـت. ئەم چەمکە هێشـــتاش هەر بەردەوامە. هەروەها گرنگینەدان بە گەشـــەپێـدانی خۆپـاڕاســـتن، کەموکوڕییەکـان لە ئـاوەدانکردنی نەتەوەی دیموکراتیی و فراوانەکردن و پەرەنەدان بە شۆڕش، ئەو ئاڕاستە و مەیلە هەڵانەن وا لە ڕۆژئاوا ســـەریان هەڵدا. بەڵام وێڕای هەموو ئەمانە، ئەگەرچی شۆڕش لە هەندێ شوێن پاشەکشەی پێ کراوە، بەڵام هێشـتا پاشـەکشـەی لە ئامانجەکانی خۆی نەکردووە، تێکۆشـــانێک دژی چەمکە هەڵەکان هەیە و ئەزموونێکی بەهـیـز لە ســـەر بنەمـای ڕەخنەلەخۆگرتن، دروست بووە.

لەم دوو ســـاڵەی دواییدا، ڕژێمی ســـووریا، ئێران، دەوڵەتی تورک و چەتەکـان، هەوڵیـان دا لە ڕێی بەکارهێنـانی هۆزەکـان لە دێرەزۆرەوە هێرشـــێکی

پـاکتـاوکـاری بکەنە ســـەر ڕۆژئـاوا. بە تـایبەتیش دەوڵەتی میتینگەر و تەوکوژی تورک بە کەڵکوەرگرتن لە ئاڵۆزییەکانی فەلەســتین و لوبنان و شــەڕی نێوان ئیســـرائیل و حەماس و حیزبالله، هەوڵی دا لە ڕێی ڕووخـانـدنی ژێرخـانـی ئـابووریی ڕۆژئـاوای کوردستانەوە کورد ڕاو بنێت و چەتەکانیان لە شوێن دابنێـت، بەم شـــێوەیەش هەرێمێکی تـامپۆنی دژەشـۆڕشـی پڕ لە چەتە لە ســەر ســنووری ڕۆژئاوا دروست بکات.

سەرەنجام بە هەڵسـەنگاندنێکی ڕاست بۆ ئەزموونی مێژویی گەل و نیشتمان، بە باشیی و بە هەڵەکانیەوە، بـێ ئەوەی بـــکەوێـــنە داوی دەوڵەت-نەتەوە و ئایدیۆلۆژیای نەتەوەپەرەســـتیی و نەتەوەپەرەســـتی سـەرەتایی، پێویسـتە بە پشـتبەسـتن بە ئازادیی ژن، نەتەوەی دیموکرات بنیاد بنێن و بەرانبەر وێرانکردنی ســـرووشـــت پەرە بە هۆشـــیاریی ژینگەیی بدەین. مسـۆگەر پێویسـتە خۆمان لەو چەمک و تێگەیشـتنە دەســـەڵاتخواز، بنەمـاڵەپەرەســـــت، دەوڵەتگەرا، زایەنـدگەرا، خێڵگەرا، مەزهەبگەرا و ئـایینگەرایەی شـــەڕ و ناکۆکیی و دابەشـــبوون لە نێوان کورداندا دروست دەکەن، ڕزگار بکەین. پێویستە تێکۆشانی هیچ بەشـێکی کوردسـتان دژی بەشـەکانی دی بەکار نەیەت. پێویســـتە یەکێتیی و تەبـایی بە بنەمـا بگیردرێـت. هەربۆیە مســـۆگەر پێویســـتی بە کۆنگرەیەکی نەتەوەییە. بەڵام مەرج نییە هەموو کەسـێک لەم کۆنگرەیەدا بەشـدار ببێت. پێش هەموو شـــتێک، پێویســـتە ئەوانەی دەتوانن لانی کەم لە پەرەنسیپە بنەڕەتییەکاندا هاوبەش بن، بێنە لای یەک. بە تێپەڕبوونی کات دەتوانرێت ئەو هێزانەشی هێشتا دوودڵن، ڕاکێشـــی ئەم کۆنگرەیە بکرێن. هاوکات پێویســـتە کۆنگرەی نەتەوەیی هەڵوێســـت دژی ئەو هێزانەی وا لە ســـەر بنەمـای دژایەتیی یەکێتیی نەتەوەیـی کـورد چـوونەتە ڕیـزی داگـیـرکەران و میتینگەرانەوە، هەڵوێست وەربگرێت.

ڕێبەر ئاپۆ سیاسـەتی هێزە میتینگەرەکان و شـێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم سـیاســەتانە بەم شـــێوەیە دێنێتە ســـەر زمان: » لە ئەنجامدا ســـەرجەم ئەو کردەوانەی کە نیشـــتمانی کوردیان پارچە کردووە و نکۆڵیـان لێ کردوە: لە قووڵاییەوە ڕاســـتینەی کۆمەڵگایان دابەش کردووە و دووریان خستووەتەوە لە خـاوەنـداڕێتیکردنی خۆی، ڕێگەیـان نەداوە ببنە ئیرادەی سیاسیی، ناچاریان کردوون بۆ ملکەچکردن بەرامبەر ڕێبـازەکـانی نکۆڵیی و قڕکردنی دەوڵەتـان، دابینکردنی پێداویستییە ئابووریـیەکانیان بۆ ئامرازی دەســتبەرداربوون لە ناســنامەکەیان گۆڕیوە، داننەنان بە ستاتۆ و دەرفەتێکی یاسایی بوونێکی ئایدۆلۆژیی و کولتووریی پشـــتبەســـتوو بە ناســـنامەی خۆیان، بێبەشـــکردنیان لە ئامراز و کردە هاوچەرخەکانی پەروەردە وای دەکرد کێشـــەی کورد بۆ کێشـــەیەک بگۆڕێت کە بوون و ناسنامەکەیان بە نەبوو دابنرێت و دەرفەتی ژیانی ئازادیان پێ نەدرێت. بە مانایەکی تر ئیتر کێشـــەی کورد کێشـــەیەکی نەتەوەیی نەبوو، دەبوو بە کێشەی دوورخستنەوە لە دۆخی نەتەوە.

لەگەڵ بەردەوامبوونی پارچەبوون و بەهێزبوونی ڕژێمەکانی نکۆڵیی و قڕکردن لە سەر هەر بەشێک، ئیتر کێشەکان وەک کێشەی نەتەوەبوون نامێنێت، بۆ کێشەی دریژەپێدانی بوون بچووک بکرێتەوە. ئەگەر لە پاکتاوکردنی یەکجارەکیی بوونـدا لەناوبردنی جەستەیی ڕێبازیی سەرەکییش نەبێت، بەڵام ژینۆسایدی ڕەهەندی کولتووریی واقیعێکە بەردەوام ڕوو دەدات. وەک چۆن لە ژینۆسایدی ئەرمەنیی و یەهوودییەکاندا ڕووی داوە ئەنجامنەدانی ڕاستەوخۆی قڕکردنی جەستەیی پرۆسەکەی بە ئێش و ئازارتر دەکرد. ئاشکرایە کاتێک سەرجەمی ئەو هۆکار و فاکتەرانە ڕەچاو بکرێت، لە کێشەی کورد زیاتر باسکردنی گرێکوێرەی کورد واقیعیترە. وەک چۆن ئەسکەندەر هات و بە شمشێرەکەی گرێکوێرەی گۆردۆنی کردەوە و دەرفەتی فەتحکردنی تەواوی ئاسیای ڕەخساند، چارەسەرکردنی گرێکوێرەی کوردیش فەتحی دیموکراتییانەی سەرجەم کۆمەڵگاکان – لە سەرووی هەموویانەوە خۆرهەڵاتی ناوین – و چانسی ژیانی ئازاد دەڕەخسێنێت.[3]«

گەرچی نیشتمانەکەمان هێشتا بە دەست میتینگەریی و تەوکوژییەوە دەناڵێنێت، بەڵام ئیدی ناتوانرێت نکۆڵیی لە هەبوونی کوردستان بکرێت. تا ئەو کاتەی ئاخرکەسی ئەو کەسانەی دەیانەوێت ژیانێکی ئازادی شیاو و پەیوەست بە مێژوو و کۆمەڵگای خۆیان لە سەر ئەم خاکە بژین، مابێت، هەبوونی کوردستانیش بەردەوام دەبێت. ئەمجارەش نیشتمانەکەمان لە جیاتی ئەوەی ببێتە جێی شارستانییەکی چینایەتیی و دژەژینگە و نەتەوەپەرەست و دەوڵەتپارێز، دەبێتە لانکەی هەڵاتن و گەورەبوونی خۆری مۆدێرنیتەی دیموکراتیی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا.

چارەسەر ئەوەیە بەپێی پارادایمی ڕێبەر ئاپۆ، شۆڕشێکی بنچینەیی لە بواری بیرکردنەوە و زهنییەتدا ئەنجام بدرێت، پێویستییە ڕێکخستنییەکانی ئەم شۆڕشە جێبەجێ بکرێن و بەردەوام خەبات و تێکۆشانی لە پێناودا بکرێت.

–[1]عەبدوڵڵا ئۆجالان، مانیفستۆی شارستانیتی دیموکراتیک، پەرتووکی پێنجەم. وەرگێڕانی لە تورکییەوە: لوقمان عەبدوڵڵا، چاپی سێیەم، ل. ١٢٢.

–[2]عەبدوڵڵا ئۆجالان، مانیفستۆی شارستانیتی دیموکراتیک، پەرتووکی پێنجەم. وەرگێڕانی لە تورکییەوە: لوقمان عەبدوڵڵا، چاپی سێیەم، ل١٦٢.

–[3]عەبدوڵڵا ئۆجالان، مانیفستۆی شارستانیتی دیموکراتیک، پەرتووکی پێنجەم. وەرگێڕانی لە تورکییەوە: لوقمان عەبدوڵڵا، چاپی سێیەم، ل٢٥١

فرمێسکی تیمساحی و بێ ئاگایی لەئەنفال !

بروا بە کەسێک ناکرێت بەبینینی قەڵا ڕوخاوەکەی نوگرەسەلمان نەدیواری وەک خۆی ماوەو نەدەرگای پێوەماوە، بچێت لەوێ هەڵچێ و دەماری کوردایەتی



قەڵای نزارکێ - دهۆک



قەڵای نوگرەسەلمان – سەماوە

ڕەپ بێت! چونکە نوگرەسەلمان تەنها خاڵێکی نەخشەو پلانی ئەنفالە و و خاڵێکە لەناو وێنە گەورەکەی ئەنفالدا نەک هەموو تاوانەکە.
ئەگەر لەوێ پیرەمێرد و پیرەژن و هەندێک منداڵ بەختی بەزیندومانەوەو گەڕاونەوەیان هەبوو، ئەوا تەواوی بیابانەکانی عێراق پڕن لە گۆڕی بە کۆمەڵی ئەو کوردانەی گیران و نەگەڕانەوە. هەموو دەوروبەری قەڵای نوگرەسەلمانیش پڕە لەئێسک وپروسکی ئەو کوردانەی لەوێ لەبرسان و لەتینوان مردن .
ئەگەر پێتانوایە گۆڕی ئەنفالکراوان، تەنها لە بیابانەکاندایە، دیسان بەهەڵەدا چوون، چونکە گەرمیان و کوێستانی کوردستانیش چیاو دۆڵەکانی پڕن لە گۆڕی ئەو کەسانەی بە چەکی کیمیایی مردن، ئەوانەش کە لە بەفردا ڕەق بوونەوە یاخود ئاوی ڕوبارەکان بردنی و کەس نازانێ گۆڕیان لەکوێیە.
بەهەڵەدا چوویت وابزانی نوگرەسەلمان تاقانە شوێنی دەستبەسەرکردنی ئەنفالکراوانە. نا، (قەڵای نزارکێ و سەربازگەکانی تۆپزاواو دوبزو سەلامیە)ش هەر شوێنی ئازارو ئەشکەنجەی ئەنفالکراوان بوون، خۆ ئەوانە لە نوگرەسەلمانیش نزیکترن و لە چاو پارێزگای سەماوەو قەزای سەلمان هەنگاوەڕێیەکن، تەنانەت قەڵای نزارکێ کت ومت وەک نوگرەسەلمانە و لەناو سەنتەری پارێزگای دهۆکدایەو پێویستی بەپاسی(V.I.P) یش نییە. بروانە وێنەی هەردوک قەڵای نوگرەسەلمان و قەڵای نزارکێ لەپارێزگای دهۆک و سەماوە.
نازانم چەند لەو بەرێزانە سەردانیان کردووە و کێ چیرۆکەکانی ناو قەڵای نزارکێ دەزانێ ؟ ! ئاگاداربە خۆسەغڵەتکردن بۆ ئەنفالکراوان و خوێنساردی و بێباکی لە قوربانیەکانی شەڕی ناوخۆ ، فرمێسکەکانی خۆت دەبنە شاهید بەسەرتەوە.
پێشئەوەی خەڵک پێت بێژن ڕاست نافەرموویی.
تاوانی هۆڵۆکۆست لەئەنفال گەورەتر نییە، هەی سەلامەت بیت تەنها ژمارەی قوربانیەکانی جوو زیاترە !! وانەی گەورە هەر لەهۆڵۆکوست فێرنابین لەئەنفالیش فێردەبین، ئەگەر خۆمان بەگچکەو ئەوان بەگەورەتر نەزانین.

لەخوارەوەو لەلاپەرەی دواتر بابەتێک لەم بارەیەوە بخوێنەرەوە.

جاش بوو چوون بۆ نوگرەسەلمان

هۆمەر محەمەد

٢٨ی حوزەیرانی ٢٠٢٤ – سلێمانی

ئەگەرچی هەرگیز لەگەڵ ئەوەدانەبووم و نیم، میدیاکار ببێتە دادوەر، بەڵام دەبوو ئەو سەفەرە دادگایی کردنی نوسەران و هونەرمەندان و تەنانەت ئەو دوو ئازیزەش بێت، کە منداڵ بوون و لە نوگرەسەلمان زیندان بوون. هەر کەسێک هەقی دادگایی کردنی هەیە (بەخۆشمەوە)، کە کات و وزەیەکی زۆرم لەدۆسێی ئەنفالدا خەرج کردووە، دوای ٢١ ساڵ لە ڕوخانی ڕژێم و ١٨ ساڵ دوای لەسێدارەدانی سەدام تازە سەردانی نوگرەسەلمان دەکەن یان نەیانکردووە. ئەمە سەرکۆنەکردنی ئەو نوسەرانە نییە، کە میوانی بەرنامەی لەگەڵ ڕەنج بوون بەڵکو نیشانەی پرسیار دانانە لەسەر خودی خۆشم چونکە منیش سااڵێک پێش ئەوان چووم . بۆمن گرنگ نییە ئەو کەسانەی چۆن بۆ نوگرەسەلمان کێن و چین و بۆچی چون بەڵکو ئەوەی بۆم گرنگە لەو شوێنە چی دەڵێن ؟ چۆن وەک مرۆڤ بیردەکەنەوە، پێش ئەم سەفەرە چۆن بوون و چۆن بیریان کردووەتەوە و دوای ئەم سەفەرە چۆن وەک مرۆڤ بیر لەخۆیان وەک کورد و لەو کەسانەش دەکەنەوە کە بەر زەبری ئەنفال کەوتوون و هێشتا ژیانێکی ئاسایی ناژین، دەنا لەوێ چیان گوت، ڕەنگە زۆر گرنگ نەبێت بەلامەوە بەڵکو ئەوەی بەلامەوە گرنگە چیان کردووە لەماوەی ئەوەندەساڵەدا ؟ دەمێکە کورد گوتوویەتی : (وەستای قسانەو کۆڵەواری دەستانە) ئێستا یەکێک لە دیاردە مەترسیدارەکانی باشوری کوردستان ئەوەیە قسەکەری زۆرەو کارکەری کەم.

هەرئەوەندە بەسە کە ڕۆشنبیران و ڕوناکبیران و چالاکوانانی ئەنفال، دوای ٢٠ ساڵ دەچن بۆ نوگرەسەلمان، ئەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە چۆن ژیاوین و چەند ئامادەی دروستکردنی کۆیادەوەرین، خۆ وەنەبێت ئەم قسەیە هەر بۆ ئێمەی کورد ڕاست بێت، نا هەرئەوەندەی خەڵکی سەماوە نازانن کورد لەو بیابانەی پاڕێزگاکەیان چی بەسەرداهاتووە بەسە بۆئەوەی بزانین عێراق چ زیندانێکی گەورەی مرۆڤکانە، نەک هەر عەرەبی عێراقی تەنانەت هەموو کوردەکان نازانن هەڵەبجە کیمیاباران کراوە. ئەوەندە بەسە بۆئەوەی بزانین ئێمە لەچ ژینگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەژین .

پاش ٢١ ساڵ لەڕوخانی ڕژێمی بەعس، ڕێککەوتی ١٥ی ئایاری ئەمساڵ بەرنامەی (لەگەڵ ڕەنج)ی کەناڵی ڕوداو ڕۆشنبیرانی برد بۆ نوگرەسەلمان. بۆچی بۆ ئەوێ ؟ ئەو ڕۆژە یادی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی عێراق بوو. نەک یادی ئەنفال، کە هەندێک لەو بەڕێزانەی چووبوون لەبەرنامەکەدا، قسە دەربارەی ئەنفال بکەن وایاندەزانی یادی ئەنفالە.

ئەفسوس ! ڕۆشنبیران، دەرەنگ ڕۆیشتن و زوو گەڕانەوە؟ بەشەو گەیشتن و هەروا چەند کاتژمێرێک لەوێ مانەوە. بە دڕێژایی ڕێگا لەناو پاسەکەدا ڕەنج پرسیاری لە میوانەکانی دەکرد و ئەوان وەڵامیان دەدایەوە. ئەگەرچی قسەی زۆربەیان تێبینی هەڵگرە، بەڵام وەڵامدانەوەی هەمووان کات وقسەیەکی زۆری دەوێ کورد وتەنی هەوێرێکی ئاوکیشە. بۆیە من سەرنج ڕاکێشترین پرسیاری پێشکەشکار و چەند وەڵامێک دەکەمە بنەماو تەوەری باسەکەم. پرسیارە سەرنجبەرەکە ئەوە بوو (باش بوو چوین بۆ نوگرەسەلمان) ؟

لەگەڵ ئەو بێباکییەی مرۆڤی کوردو ڕۆشنبیری کورددا هێشتا گرنگە دوای ٢١ ساڵ لەڕوخانی بەعس نوسەرانی کورد سەردانی نوگرە سەلمان دەکەن. بەڵام لەدوای ئەو هەموو ساڵە چون بۆ ئەو شوێنە ئەگەر شەرمەزاری نەبێت شانازی نییە.

ڕەنج سەنگاوی قسەیەکی جوانی کرد، بۆیە دەبێت پشتیوانی بکرێت ئەو وتی : (هەزاران کەسیان لێ بردین، هەرهیچ نەبێت سااڵنە سەدان کەسمان سەردانی نوگرەسەلمان بکەین و ئەمە بکەینە کلتورێک.) لەوەش جوانتر پێشنیارەکەی د. شێرکۆ کرمانج بوو کەوتی : "پێشنیار دەکەم ئێرەو تۆپزاوا بکرێتە حەج واتا وەک شوێنێکی پیرۆز بەردەوام سەردانیان بکرێت چونکە شوێنی کۆکردنەوەی ئەنفالکراوانەو نابێت لەیاد بکرێت" لەڕاستیدا ئەوەی بۆمن گرنگە هزرینە نەک دەربرینی هەست سۆز، هەرچەندە من شوێنی کۆکردنەوەو زیندانی کردن و کۆمەڵکوژی ئەنفالکراوانم لەکن پیرۆز نییە، بەڵام وەک شوێنی یادەوەریی گرنگە و پشتیوانی هەر پێشنیارێکی وادەکەم. چونکە یادەوەری دەمانباتە شوێنێک بۆ بیرکردنەوە لە ئێستاو داهاتوو.

د. شێرکۆ ڕاستگۆیانە دواو بەڕاستی گریا : هەست بەشەرم دەکەم کە دوای ئەو هەموو ساڵە ئەمە یەکەم جارە دێمە نوگرەسەلمان، لەڕاستیدا دەبوو یەک بەیەکیان هەر کەزاریان هەڵدێنایەوە دانیان بەو شەرمەزاریەدا بنایە. بەڵام تەنها ئەم نوسەرە و یەکێک لەو گەنجانەش کە بەمنداڵی لەوێ زیندان بووە ئەو هەستەیان دەربڕی .

تێگەیشتن لە ئەنفال و چارەسەری برینەکەی، پێویستی بەکارو تێفکرین و ڕشتنی تۆوی خۆشەویستی هەیە، نەک ڕق و هەڵچون وتوڕە بوون. لەگەڵ ئەوەی لەو سەفەرەدا قسەی جوان کران، بەڵام بەبێ ئەوەی مەبەستیان بووبێ یان پێبزانن هەندێک قسەی برینداركەریش بەرگوێ کەوتن، بۆیە تێداماباووم لە نێوان ئەوەی لە سەفەرەکەیان بێدەنگ بم، یان شتێک بڵێم، دواجار بۆئەوەی ئەو سەفەرە بەبێ قسەکردن تێنەپەڕێ، ئەم نوسینەی لێکەوتەوە بەهیوام ڕەخنەو تێبینیەکانم دەروازەیەک بۆ لێکتێگەیشتن بکاتەوەو وەک پرۆسەیەکی تەواوکاریی لێموەربگرن نەک وەک لێدان لە هیچ کەسێک.

میوانەکانی بەرنامەی (لەگەڵ ڕەنج)، دانیانیان بەزۆر ڕاستیدا نا (هیچیان نەکردووە!) ئەمەش لەکن من ڕێزلێگیراوە، بەهیوام لە داهاتوودا درێغی نەکەن و بەجۆرێک دەست پێبکەن، کە قەرەبووی بێکاری و بێدەنگی ڕابووردووبکەنەوە، بەهیوام لەکارو قسەکردنیاندا، ئاگاداری یەک خاڵی زۆر گرنگ بن، کورد بەکەم نەگرن تەنها وێنای شکست و زەلیل بوونی کورد نەکەن، بەڵکو قارەمانێتیشی لەبەرچاو بگرن. چونکە کارەکتەرو کەسایەتی زۆر هەن شایانن نیشانی دونیا بدرێن. بەتایبەتیش لەناو ژناندا، (فەیلیەکان، بارزانیەکان، هەڵەبجەییەکان، گەرمیانی و کوێستانیەکان، ئیزدیەکان) ئەی خۆبەخۆڕایی نییە، کورد لە دوای ئەو هەموو وێرانکاری و جێنۆسایدەدا هێشتا بە پێوەیە؟ بۆیە ناچارم ئەمە بڵێم، چونکە قسەکانیان لەسەر دووهێڵی تەریب دەڕۆیشتن. کەهیچیان باش نەبوون.

یەکەم : بێباکی و کەمکاری و خۆ زەلیل نیشاندان، کە لەناو ئەو هەموو چیرۆکە تراژیدیەدا نوسەرو هونەرمەندی کورد توانای گێڕانەوەو داهێنانی نییە. ئەوەی دەوترا ئێمەش وەک جووەکان بکەین و چاو لەوان بکەین ئەمە **لەبری ئەوەی ڕۆشنبیری کورد، چیرۆک و ئایدیای خۆمان هەناردەی دەرەوە بکات.** هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە چیرۆک و ئازایەتی ئەوانیدی هاوردە بکات و بەسەرماندا فەرزی بکات.

دووەم: وەعزو ئامۆژگاری و نیشاندنی هێزی خود باڵایی بەسەر قوربانیدا "ئەوەی من دەیزانم ئێوە نایزانن" زۆربەیان واقسەیان دەکرد کە قوربانیەکان هیچ نازانن لەکاتێکدا چونی ئەوان و خودی بەرنامەکەش لە نوگرەسەلمان، ئایدیای ئەو ژن و پیاوانەیە، کە ئەنفال هەلاهەلای کردون نەک هی

رۆشـــنبیری کورد! هەندێکیان دەیانگوت ئەم خەمە دەبێت بنوســرێتەوە!! دەی کێ بینوســێتەوە؟ ڕەنج ســەنگاوی گوتی : خوایاربێ ئێمە دەگەڕێینەوە بەلام بەهیوام، کە گەڕاینەوە هەنـدێـک شـــت لە ئێمەدا گۆڕابێت. منیش بەهیوام وابێت بەڵام ئەوە سێ مانگ تێپەڕیوە و هێشـــتا جگە لە د.شـــێرکۆ کرمانج نەم دیوەو نەم بیســـتووە، کەســـیان هیچیان لە بارەی سەفەرەکەشیانەوە نوسیبێ.

ئەوەی تێبینم کرد لەقســـەکانیانـدا بەگشـــتی کەم دەربارەی ئەنفال دەزانن، دواتر لە شـوێنی گونجاودا ئەمە ڕوندەکەمەوە. ڕەنج لە میوانێکی دەپرســـێت : (زۆر بەهەستەوە خۆت بۆ ئەم سەفەرە ئامادەکردووە، ئێســـتا هەســـتت چییە، ئەو هەژانە دەرونی وڕۆحییە چییە تۆ پێوەی دەڕۆی بۆ عەرەعەر و نگرەسەلمان ؟) میوانەکەی وەڵامدەداتەوە : (ئێمە ئێســـتا بەو ڕێیەدا ڕێدەکەین، کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا زیلە عەســکەرییەکانی ســوپای عێراقی، خۆشــەویســتانی ئێمەیان پێدا برد زیندە بەچاڵیان کردن!) لەڕاســتیدا هەر ئەم دێڕە، نیشاندەری ئەوەیە نوسەرو ڕۆشنبیری کورد زانیاری درشـــت و گشـــتی دەربارەی تاوانەکە هەیە. ئەوەندەی وەڵامەکەی دەهێنێ، کتێبێکی دەربارە بنوســرێت، چونکە بەشــێکی کەمی ڕاســت و بەشــی زۆری ناڕاســـتە. تێنەگەیشـــتنێکی زۆری بەرانبەر بەتـاوانەکە و چۆنێتی جێبەجێکردنی تێـدایە. هەق نییە، نوسەری کورد لەدۆسێی ئەنفالدا هەر بەناوکەوێ چونکە خەڵـک گوێی لێدەگرێت، دەبوو بزانێت، ئەو دەچێـت بۆ شـــوێنێـک کە ئەنفـالکراوانی تێـدا دەســتبەســەرکراون. نەک زیندەبەچاڵکرابن. هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە زانیاری ڕاستی پێبدرێ. لە نوگرەســـەلمان کۆمەڵکوژی نەکراوە، بەڵکو خەڵـک زەلیل کراوە، ڕەزیل کراوە، لە برســـان و لە تینوان مردوون. بە فیراقی دابڕانیان لەژینگە و زێدی خۆیان و دوری ئازیزانیان مردوون.

کـۆمەڵـکـوژی لەبـیـانـدا کـراوە، بەڵام ئەوانەی لە نـوگـرەســـەلمـان نـا، ئەوانەش کە لە ئەنفـالـدا بەکۆمەڵکوژران شێوازی کوشتنیان زیندە بەچاڵکردن نەبووە، هەتـا ئێســـتـا هیچ بەڵگەیەک نییە کە ئەنفالکراوان زیندە بەچاڵکرابن. هیچ شـاهیدحاڵێک نییە زیندەبەچـاڵکردنی بەچـاوی خۆی دیبێ، بەڵکو ئەوەی شایەت و بەڵگەی لەسەرە دوو شێوازی کوشتن بووە، یەکەمیان : کوشـــتنی تاک بە تاک و فرێدانە چاڵەوە. دووەمیان : کوشتنی بەکۆمەڵ و بە دەستڕێژ لەناو چاڵەکاندا.

نە ئەوانەی بە کۆمەڵکوژران و نە ئەوانەشـــی لە نوگرەســـەلمان زیندانی کران، بە زیلی عەســـکەری سـوپای عێراق نەبراون بۆ بیابان، بەڵکو بەگشتی بە جۆرە پاســـێکی ســـەرداخراوو بێ پەنجەرە بووە. هەرکەســـێک جوان گوێی لە شـــایەتحاڵەکان گرتبێت دەزانێت. چ ئەوانەی لە نوگرەسەلمان ڕزگاربوون و چ ئەوانەی لە گۆڕی بەکۆمەڵ ڕزگاریان بووە، هەر باسی جۆرە پاســێک دەکەن کە یەک تاقە دەرگای هەبووەو پەنجەرەی تێدا نەبووە، هەندێکیشیان بەپاسی درێژ براون بۆ نوگرەسەلمان.

ئەوەی دەبێت ڕاســـتی بکەمەوە ئەوەیە، کە ســـوپا ئاگاداری کۆمەڵکوژییەکە و تاووتوێ کردنی ئەنفال نەبووە، ئەرکی ســـوپا بەدیاریکراوی بریتی بووە، لە گرتنی گونـدنشـــینەکـان و ڕادەســـتکردنیـان بە دەزگـاکـانی ئەمن و ڕوخـانـدنی گونـدەکـانیـان و تاڵانکردنی ســەروەت و ســامانیان. دەنا پرۆســەی جیـاکردنەوە و پۆلێنـکردن بـۆ کـۆمەڵـکـوژی و دەســتبەســەرکردنی ئەنفالکراوان زۆر نهێنی بووە و تایبەت بووە بە ئەمن و نوســـینگەی ڕێکخســـتنی بـاکوری حزبی بەعس. بەڵگەش بۆ ئەمە دوو لە

دەربازبووەکانی گۆڕی بەکۆمەڵن، لە بیابانەکانی پارێزگای ڕومادی و لە موسڵ کاتێک دەربازبوون و دەستگیرکراونەتەوە، کەوتوونەتە دەست پۆلیس و ئینزباتی سەربازی چونکە هیچ ئاگایەکیان لە کوشتاری ئەنفال نەبووە، هەرگیز شکیان بۆ ئەوە نەچووە ئەم کەسانە لە گۆڕی بەکۆمەڵدا ڕزگار بووبن.

بۆیە ئەم قسانە ڕاست دەکەمەوە چونکە لەکەناڵێکی پڕبینەرەوەکران و دەگەنە زۆرترین خەڵک و زۆربەی زانیارییەکان هەڵەن، ئەگەر ڕاست نەکرێنەوە چۆن دەتوانین چاوەڕوانی ڕاستگۆیی و پێشکەوتن و گەشەسەندن لەتاکی ئەم کۆمەڵگایە بکەین.؟ مادام زانیاری هەڵەی پێدەدرێ ناتوانم بێدەنگ بم. میوانەکەی ڕەنج بۆخۆی پیاوێکی ئیماندارو زیرەک و ڕوناکبیرەو لە من باشتر دەزانێت کە زانیاری هەڵە بە ئاسانی بڵاودەبێتەوە لەچاو ڕاستی سەلمێندراو. پابەندبوون بە ڕاستگۆیی مەعریفی توخم وناوکی پێشکەوتنی تاک و کۆمەڵگایەکی گەشە سەندووە. بۆیە داوادەکەم بەدڵی فروانەوە ئەم ڕاستکردنەوانەم لێوەرگرێ. بەڵام جوانترین قسەشی ئەوەبوو کە وتی: جاری وایە فیکریش بەکەڵکی ئەوە نامێنێ تۆ هەستی دڵی خۆتی پێدەربڕی بۆئەوەی لەڕوی ڕۆحییەوە نەخنکێیت دەبێت پەنابەریتە بەرشیعرو ئەدەب. ئێمە ئێستا بۆشوێنێک دەڕۆین کە بەرینترین ئینسانەکانی لێ مردون، ئەوانەی شایانی مردن نەبوون و مردن، ئێمە ئەوسا هیچ حەسانەیەکمان نەبوو، نەک لەناوخۆ تەنانەت لەسەرئاستی جیهانیش. هونەرمەندێکی ئەکادیمی موزیکیش وتی نازانم ئەم یادە ناوی چییە؟ لە ڕاستیدا هیچ گللەیی لەسەر نییە، کە نازانێت ئەو ڕۆژە چ یادێکە، بەڵکو ئەرکی پێشکەشکاری بەرنامەکە بوو بۆیان ڕونبکاتەوە بۆچی ئەو ڕۆژە دەچن بۆ نوگرەسەلمان. میوانەکە ئاماژەی بەخاڵێکی فرە گرنگ کرد " بردنی ئەو منداڵانەی لەناو دۆڵ وکانیاودابوون و هێناویانن بۆ ناو ئەم سەحرایە" لەڕاستیدا هەر ئەوە خۆی تاوانێکی گەورەیە، بەڵام گرفتی میدیاکارو توێژەری کورد ئەوەیە زۆر تێنافکرێ بەڵکو سەرنجی لەشوێنێکی تر ئەو هێشتا لەمشتومڕی ئەوەدایە ئەنفال چەند قۆناغ بووەو چەند گوند روخاوەو ژمارەی ئەوانەی کوژراون ١٨٢٠٠٠ کەسن یان کەمترن ! دەنا ئەنفال دەهێنێ زۆر قوڵ بۆی بڕوانیت، تەنها چیرۆکەکانی نوگرەسەلمان بەشی هەزاران کاری هونەری و ئەدەبیان تێدایە. بردنی ئەوخەڵکە بۆ نوگرەسەلمان دەشێت هەزارن توێژینەوەی لەبارە شوێن و شوناس لێ بەرهەم بهێندرێت.

لەناو میوانەکاندا دوو کورە ئەنفالکراوەکە بۆمن سەرنج راکێش بوون: قسەکانی مامۆستایان هەمووی جوان بوو، بەڵام رەنگە شتی جوانتریش لەناخیاندابێت بەڵام هیچیان ئەو پەرۆشییەیان نییە کەلەناخی ئێمە دایە ! ئێستا کەباری دەرونیم تێک چووە بەس بیرلەخۆم دەکەمەوە کە تەمەنم دووسڵ بووەو لەگەڵ دایکم بەم ڕێگایەدا ڕۆیشتوم، ئاخۆ دایکم چەندێک تینوی بووەو شیری نەبووە دووقوم شیربدات بەمن ! چۆن ئەو قوڵپی گریانەی دایک دەنوسرێتەوە ؟ چۆن ئەو برسێتی و تینوێتیەی من دەنوسرێتەوە کەلەم ڕێگایەوە ڕۆیشتووم ؟ بیرلەخۆم و ئەومنداڵانە دەکەمەوە بیر لەمنداڵانی دووسڵ لە نوگرەسەلمان دەکەمەوە، دەبێت دایکم چەندێک هەژابێ و دەرونی چۆن بووبێت کەخۆی بەڕێگایەدا تینووبرسی بووە؟ تەنانەت نەیانزانیوە بۆ کوێ دەڕۆن ؟ رەنگە منداڵانێک هەبووبن کە بەم ڕێگایەدا بردویانن نەیانزانیوە رەنگە دڵیان خۆش بووبێت ؟ نەیانزانیوە کەبەم ڕێگایەدا دەڕۆن چ تاوانێکیان

هەبوو، من خۆم کەتەمەنم دووسـاڵ بووە چ تاوانێکم هەبووە ؟

کورەی دووەم : ئێستا هەستێکی زۆر ناخۆشم هەیە کەسـەیری ئەم بەروئەوبەری شـقامەکە دەکەم و ئـازیزانم بەم ڕێگـایەدا بران بـاوکم ڕۆیشـت و نەگەڕایەوە، دوێنێ کورەکەم پرسـیاری لێکردم باوکە بـاوکـت لەکوێیە ؟ هیچ وەڵامێکم پێ نەبوو. بۆیە پرسـیـارەکەی بەبێ وەڵام مـایەوە چونکە من ئەوهەسـتەم لەلا دروسـت نەبوو کە باوکایەتی واتای چی چونکە بـاوکم نەبوو ئەوە گەورەترین زوڵمە کە لەمن کراوەو لەمنـدالآنی بـاوک ئەنفـالکراوە. نەنکم هەمیشە دەیوت ڕۆڵە ئەگەر باوکت هاتەوە نیشانەیەک بەلای سـکیەوەیەتی بەلام نەنکم مردو بـاوکم هەر نەهاتەوە. هەتا کومن لەژیاندابم ئەم قەتڵوعامەی بەبێ هۆ لە یادناکەم .

کازم جەباری کتێبێکی هەیە بەناوی گەشـتیاری ڕەش ئەویش باوکی ئەنفالکراوە، ئێمە شـوێن و ژینگەمان جیاوازە، هەربردنەکەمان واتا دەمانبەن بۆ شـوێنێکی نامۆ

شـاعیری بادینان وادەزانێ دەچێتە شـوێنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان ! باسـی کۆمەڵکوژی دەکات لەئەنفالی بـادینـان ڕەنـج هـیـچ لەبـارەیەوە نـازانـێ و بەسـەرسـوڕمـانەوە دەڵێ ئەی بابە ؟ هەرچەندە شـاعیرەکە دەڵێت: (پێشـچاوی ژن و عەیالی خۆدا) بەڵام ڕاسـتیەکەی کۆمەڵکوژییەکە دوای ئەوەبووە کە ژن وخێزانەکـانیـان دورکەوتوونەتەوە هێشـتـا هەندێکیان لەچیا بەرەو مانگێشـک ئاوا نەبون کە پیـاوەکـان گوللەبـاران کراون. ئەو دەڵێت ٣٥ کەس ڕەمـی کـران بەڵام ٣٣ کەس بـوون و ٦ یـان دەربازبوون، بۆیە باسـەکەی ئەم برادەرەش نیوەی ڕاسـتەو نیوەی ناڕاسـتە. وەختێک دەڵێت کەتۆ دەچیتە نوگرەسـەلمان بۆنی ئەنفالی لێدێت شـاعیرەکە بێ ئاگایە لەوەی نوگرەسـەلمان شوێنی ئەنفالکراوانی بـادینـان نەبووە، ئەنفـالکراوانی بـادینـان لە قەڵای نزارکێ و سـەربازگەی سـەلامێ بوون. ڕاسـتیەکیش دەڵێت : لەهەسـتی منداا ئەم شـوێنە نامۆنیە بەڵام یەکەمجارە بەچاوی خۆم دەیبینم.

حسێن عەلی ئامادەم بۆیادەکان.

کورەئەنفالکراوێک : هەسـت بەخەجاڵەتی دەکات ئەویش کەسێکە کەماستەرنامەکەی دەربارەی ئەنفالەو دەڵێت : هەسـت بەخەجاڵەتی دەکەم کە ٣٦ سـاڵە ئـازیزانمـان ڕوفـاتیـان نـامۆیە بەم بیـابـانە، بۆ سەردانمان نەکردوون ؟!

بەڕێوەبەری سـینەمـا: ئەوەی لەرابـوردو بـیـرم لەئەنفالکردبووەو ئەوەی ئێستا بیری لێدەکەمەوە زۆر زۆرجیـاوازە. ڕەنج دەپرسـێت وەک بەڕیوەبەری سـینەمای هەولێر سـبەی گەنجێک سـیناریۆیەکت بۆبهێنێ دەسـتی دەگریت و هەتا لای وەزیری دەبەی ؟ لەوەڵامدا دەڵێت سەدلەسەد هاوکاری دەبم و دەبێت کاریشـی بۆبکەین. دەی ئەوە سـیناریۆیەک لەمنەوەو بفەرموون. دەبێـت بەهەر نەوعێـک بێـت بیکەین زەروورە بکرێتە فیلم .

کەریمۆک : ماستەر لەسینەما

مەسـعود یەکێک لە میوانەکانی بەرنامەکە شـایەتحاڵی ئەو ڕاستییە تاڵەی ناوقەڵای نزارکێیە،

فاروق هەسـت بەشـەرم دەکەم کە بۆیەکەمجارە دێمە ئێرە دەبوایە زوتر بهاتمایە بۆئێرە .

لە نوگرەسـەلمان لەهەموان جوانترو ڕونتر قسـە دەکات ئێرە گۆڕی بەکۆمەڵی لێ نیە ئێرە گۆڕی تاکی لێیە، ڕاسـتیەکەی ئەوەیە کەکـاک ئەڵوەن دەیڵێت هەرچی وتی نوگرەسـەلمان شـوێنی گۆڕی بەکۆمەڵە زانیاری ناڕاست دەڵێت هەرچی وتی لە نوگرەسەلمان خەڵک گوللەباران کراوە، زانیاری ناڕاسـت دەڵێت

خەڵک لە نوگرەسەلمان بەگوللە نەکوژراون بەلەبرسان و لەتینوان مردون.

د.شـــێرکۆکرمانج هەم گریانەکەی لەناخەوەبوو هەم دیـدگـاکـانـی خەمە ڕاســـتەقینەکەی دیـاربـوو. پێشنیارەکانی پڕبوون لەخۆمالّی بوون و قسـەی دڵی ئەوانیدی بێ فەلسەفەلێدان و رازاندنەوەی وشەکان.

ڕەنج سـ ەنگاوی دەپرسـێ باشـمان کرد چوین بۆنوگرەسەلمان؟

ڕوناکبیرێک بەحەماسـەوە وەڵام دەداتەوە: (یەکێک لە ئیشـە باشـەکانە، سـوپاس کە ئەو شـەرەفەتان بەمن بەخشـــی!) ئەم و زۆریان ســـوپاس گوزاری ئەو شـەرەفەبوون کە ڕەنج پێی بەخشـیبوون! ئەم قسـەیە مـایەی تێڕامـانە! بۆدەبێت مرۆڤ چـاوەڕوان بێت شەرەفێکی وای پێبەخشرێ وخۆی ئامادەنیە بەدەستی بهێنن! هیچ کـامیـان نەیـانگوت درەنـگ هـاتین! هەموویان ڕاسـتییەکیان درکاند، (هیچمان نەکردووە) ئەوان کە بە چونیـان بۆ نوگرەســـەلمـان دەمـاری کوردایەتیان جوڵاوە، هێشتا ئاگاداری تاوانە گەورەکە نین، تەنانەت بێئاگان لەوەی لە کوردســتانیش قەڵای ترو شـوێنی تری وەک نوگرەسـەلمان هەن. بێ ئاگان لەوەی چیرۆکەکانی ناو قەڵای نزارکێ و نوگرەسەلمان وەک یەکن، قەڵای نزارکێ لە نەخشـــەو دیزاینیشـــدا کت ومت نوگرەســـەلمانەو هێندەش دورنییە بەڵکو لەناو ســـەنتەری شـــاری دهۆکدایە. چیرۆکەکانیان هێندە قورس و تراژیدین، مەگەر هەر جەلادو قوربانی بتوانن بیگێڕنەوە. ئەشـکەنجەدان لە نوگرەسـەلماندا درێژخایەن ترو مردن لەســەرەخۆ بوو بەڵام ڕێژەیان زیـاتر بوو، بەڵام ئەوەی لە نزارکێ ڕویـدا مەرگێکی خێراتر بوو، لەوێ پیـاوەکـانیـان بەبەرچـاوی ژن ومنـدالّەکـانیـانەوە بەبلۆک دەکوشـــت، بەڵام لە نـوگرەســـەلمـان لەبرســـان دەمـردن یـاخـود بەئەشـــکەنجەدانێک کە بۆ ئەبەد لەبیر مرۆڤایەتی نەچێتەوە وەک ئەو منـدالّ و پیرانەی بەبەرخۆرەوە هەڵیاندەواســـیین و وشـــکیان دەکردنەوە. لەقەڵای نزارکێ مندالّیان لەناو بەرمیلی زبڵدا سوتاند بەڵام لە نوگرەســـەلمان لەتینواناندا دەخنکان. بەهیوام دوای ئەم سـەفەرەیان سـەردانێکی ئەوانەی تریش (تۆپزاوا، دوبز، قەڵای نزارکێ و ســـەربازگەی ســـەلامییە و لـیـوارەشـــەکەی کەلار ومەرکەز شـــەبـابەکەی خـورمـاتـوو)ش بـکەن. کە لەچـاو ســـەمـاوە هەنگاوەڕێیەکن ومنەتباری کەسیش نابن.

تێگەیشـــتن لەئەنفال کات و گەڕان و پشـــکنینی پێویسـتە، بەسـەفەرێکی نوگرەسـەلمان، تێناگەی چی ڕویـداوەو مرۆڤ چی لێکراوەو چی پێکراوە؟ لەوێ هەر سوکایەتی بەژیان و مردنی قوربانی نەکراوە، بە جەلادیـش کـراوە، ئەوانـیـش لە مـرۆڤ بـوون دامـاڵـدرابوون، بۆیە دەیـانتوانی منـدالّ و پیر بەبەرخۆرەوە وشک بکەنەوە.

عەیبی ڕۆشـــنبیری کورد ئەوەیە وەک خەڵکێکی سادەوساکارەکە بەئاسانی توشی پەتای خود نەفرەتی دەبێ و هێندە تێنافکرێ سنوری فیکری باو ببەزێنێ، بۆیە ئەویش هەر قســـە لەبرینی ئەوانی دی دەکاو نازانێ برینی کورد چۆنە!؟.

کوردەکان لە نوگرەســـەلمان هێندە بێ ماف بوون، تەنـانەت خۆراکیـان نەبوو، کە لەمـاڵەکـانیـان هەڵـکەنـ دران و بە کەمـپەکـانـی کـۆکـردنەوەو جیاکردنەوەدا بران بۆ ئەم بیابـانەو لەهەموو دەنـگ ورەنگێک دابڕان، بەبینینی تەماتەیەک یان ســـەلکە پیازێک تاســـوقی خۆراک دەبوون و نەبوو بیخۆن، لەوێ شـــتێکیان نەما بەناوی خوان و خۆراک، لە نوگرەســـەلمان هەمووشـــتێک یەک ڕەنگ و بگرە بێڕەنگ بوو، ئەوان کە لەناو ڕەزو بێســـتانەکانیاندا بە میوەی ڕەنگدارو بۆندار و نانی گەنم ڕاهاتبوون، ئیـدی ژەمی ســـەموونێکی بچوک واتـای مەرگێکی

شـــێنەیی بوو. ئینجا لەو دۆخەدا چەندیان مردن و چەنـدیـان بە زینـدویی گەڕانەوە، ئەوە چێژۆکێکی درێژە. ئەوانەی مردن ئێسـک و پروسـکیان وا بەناو لمی بیـابـانـدا بڵاوبووەتەوە، ئەرکی نوســـەران وهونەرمەندان بوو، شـــەویان لەوێ ڕۆژبکردایەتەوەو بچن لەودیوی قەڵا دەســـت و پەنجەی هەڵوەریوی نـاولمی بیـابـان ببینن. نەک بەدیوارەکـانی قەڵادا هەڵبروانن و بگەڕێنەوە. ئەوانەشـــی بەزینـدوی گەڕانەوە، خەم و دەردوبەڵایـان زۆرە، عەیـبە بـۆ ڕۆشـــنبیری کورد شـــتێکی ئەوتۆ لە بـارەیـانەوە نەزانێت.

ئەوەی ڕونـاکبیرو هونەرمەنـد، لە خەڵکی ئاسایی جیادەکاتەوە ناسنامەی بەرباخەڵ نییە، بەڵکو مۆراڵ و بیری باش و حیکمەت و داهێنانێتی، عەیبە ڕونـاکبیرو هونەرمەنـد دونیـابینی بۆ مـافی مرۆڤ ڕوکەش بێ و بەقوڵی تەماشای ئەرک و ماف نەکات، دەبێت لەپێش سـیاسـیەکانەوە بێت نەک لەدوایانەوە، ئەوەی سیاسیەکان وێرانی دەکەن دەبێت ئەم چاکیان بکاتەوە. ئەگەرنا ئاو دەکاتە ئاشـــێکەوە کە مرۆڤ دەهـارێـت. ڕۆشـــنبیر دەبێـت خۆی لە قســـەزان جیابکاتەوە کە دەسـەڵاتی سیاسـی تێکەڵی کردوون. قســـەزان زۆرن بێئەوەی هیچ پاشـــخانێکی فیکری و داهێنـانێکی هونەریـان هەبێـت دەســـەڵاتـداران ناسنامەیان پێبەخشیون.

کاری مەیدانی و ئەکادیمی پێویســـتیان بەدیقەت و وردبـوونەوەو بەراوردکـاریـیە. ئەوەی دەســـت بۆنوسـینەوەی ئەم دۆسـێیە بەرێت ئەرکێتی هەموو ئەوکـارانە بخوێنێتەوەو ببینێ، کەدەربـارەی ئەنفـال نوسراون و کراون هەر لەنوسینەوە هەتا بەوێنەگرتن و بەفیلم کردن دەگات، بەباش و خراپیانەوە، ئەرکی لێکۆڵیارە جاش وباش، جەلادو قوربانی بدوێنێ و گوێیان لێبگرێ و لەقسەیان رابمێنێ و تێبفکرێ.

نوســـەرو لێکۆڵیارو هونەرمەندی ئەکادیمی دەتوانێ لەوەی کە کراوە باشـتر هەڵهێنجێ و ئەوەی نەوتراوە بیـانـدۆزێتەوەو زیـادە بخـاتە بـان هەموو ئەوەی کەکراوەو پێش ئەم درکی پێنەکراوە، ئەگەر نا شتێکی لەوە باشـتر ناکات، کەکراوەو تەنها ماندوو بوونی بۆ دەمێنێتەوە. بەداخەوە لەناو ئەو نوسەرانەدا بێ ڕێزیم بینی بەرانبەر بەهەموو ئەوکەســانەی چەندین ســاڵە لەو بوارەدا کاریان کردووە، بێگومان تیایاندایە کاری زۆر بـاشـــی کردووە. هەنـدێکیـان لەوەڵامی ڕەنج ســەنگاویدا لەعەرعەرەوە باســی هۆڵۆکۆســتی دەکرد بەڵام شـــارەزاییمان لە هۆڵۆکۆســـتدا بەهای چییە، ئەگەر لە ئەنفال بێئاگابین، لە هێرۆشیمابزانین و هیچ لەبـارەی هەڵەبجەوە نەزانین! تراژیـدیـای گەورە نوسـەری گەورەی گەرەکە، دەنا بە قەڵەمی دەسـتوپێ سپی نانوسرێتەوە.

بڕوا بە کەســـانێـک نـاکرێـت بەبینینی قەڵاڕوخاوەکەی نوگرەســـەلمان دەمـاری کوردایەتی ڕەپ بـێـت! بەڵام بـاکـی بەڕوخـانـی مـرۆڤ و بەوێرانبوونی زمانی کوردی نەبێ.

بەداخەوە زۆربەیان شـــتێکی ئەووتۆیان دەربارەی نوگرەســـەلمانیش نەدەزانی، وایـانـدەزانی ئەنفـال هەرلەو قەڵایەدا بووە! نازانن ئەوێ خاڵێکی ناو وێنە گەورەکەی ئەنفالە، ئەگەر لەوێ هەنـدێـک پیرومنـدانی بەختی ڕزگاربوونیان هەبوو. ئەوا تەواوی بیابانەکانی عێراق پڕن لە گۆڕی بەکۆمەڵی ئەو کوردانەی بەکۆمەڵ کوژران، وەنەبێ گـۆڕی ئەنـفـالـکراوان تەنـهـا لە بیـابـانەکـانـدابێ، نـا کوردســـتـانیش پڕە لە گۆڕی ئەوانەی بەچەکی کیمیـایی کوژران، یـان ئەوانەی لە ئەنفالدا هەڵاتن و لەبەفردا ڕەق بوونەوە، یـان ئـاوی ڕوبارەکان بردنی و نەبینرانەوە.

ئەنفال، پێویستی بەتێرامان و لێکۆڵینەوەی زانســـتی و ڕۆڵی هونەر هەیە، بەگریان و حەماس

وهەڵچون برینەکە ساڕێژ نابێ و دونیاش گوێ لە زەلیل و مەزڵوم ناگرێت، دەبێت ڕۆشنبیری کورد لەوە تێبگات لاواندنەوەی قوربانی بەسۆزو عاتیفە مرۆڤ لەدۆخی قوربانیدا دەهێڵێتەوە، ئەرکی ڕۆشنبیر وهونەرمەند ئەوەیە دۆخێک بخوڵقێنێ قوربانی تیایدا هەستێتەوە سەرپێ و شەڕی مانەوەی بەهای مرۆڤایەتی بکات. چونکە بەهای مرۆڤ لەقوربانی بوونداً نییە لەبەرەنگاری و داهێنان و خۆسەلماندنایە.

لەکاتێکدا پەرچەکرداری ئەنفال دەبێت وزەی ئەرێنی ببەخشێت و هێزی هەستانەوەی هەبێت. کەچی زۆر بەداخەوە، ڕۆشنبیران و (بڕوانامەدارنی بڵند) لەهەر کوێ بۆیان بلوێ لە سەرشاشەو ناو ستۆدیۆکان و کۆڕو کۆمەڵ و کۆنفرانسەکاندا، بەتایبەتی ئەوانەی بەرهەمیان نییە، ئەو کارانەش نادیدە و بێ بەها دەگرن، کەکراون بۆیە کاری هەرکەسێک بە نازانستی و ئینشانوس وێنادەکەن کە دالیک لەپێش ناوەکەی نەبێ!

بۆ وانەی گەورە فێرنەبووین ؟

دەردی گرانی کورد خۆبەکەم گرتن وئەوی دی بەحەکیم زانییە، هەرگیز کاری گەورەمان لەدەست نایات، ئەگەر هەمیشە خۆمان گچکە ببینین. کەسی خۆبەکەم گرتوو تەنەکەی ئەوانیدی لەکن زێڕەو گەوهەری خۆشی بەتەنەکە دەزانێ. بۆیە نەوانە لە ئەزمونی خۆی و نەلەوانیدی فێرنابێ و هەربەگچکەیی دەمێنێتەوە. (روناکبیرێک!) بەرێگای نوگرەسەلمانەوە لەوەڵامی ڕەنج سەنگاویدا بەحەماسەوە دەیگوت: "من پرۆژەی گەورەم هەیەو شتی نەوتراوم لەسەر هۆڵۆگۆست پێیە، هەڵبەت دەیبەستمەوە بەقەزییەی کوردەوە"[٣] ئەم قسانەی میوانەکەی ڕەنج لەڕوالەتدا جوان و شیرینن، بەڵام لەڕاستیدا دەردە گرانەکە هەر ئەم خۆبەکەم گرتنەیەو چارەش هەرئەوەیە تێیپەڕێنین. هاوردەکردنی ڕۆشنبیری و ئەزمونی ئەوانیدی باشە، بەڵام لەوە باشتر هەناردەکردنی چیرۆک و کلتوری خۆمانە. دەنا ڕوناکبیری کورد دەبێت پرۆژەی گەورەی لەمەڕ ئەنفال و شەنگال پێبێ و بیبەستێتەوە بەچیرۆکی ئەوانیدییەوە.

هەرکەسێک تاوانی هۆڵۆگۆست لە ئەنفال بەگەورەتر بزانێت، گرفتی تێگەیشتنی هەیە، چونکە هۆڵۆگۆست لە ئەنفال گەورەتر نییە، با ژمارەی قوربانیەکانیشی زیاتربێ. بەڵام تاوانی جێنۆسایدە، گەورەو بچوکی نییەو ژمارەی قوربانی پێوەرنیە. بەڵکو نیازو دەرئەنجام سەلمێنەری تاوانەکەیە.

دەردی گرانی کورد ئەوەیە، لە دەلاقەی ئەوانیدیەوە، تەماشای حەوشەو بانی خۆی دەکات، ئەکادیمیە عەلمانیەکان لە هۆڵۆگۆستەوە دەڕوانن ئەنفال، مەلاو ئەکادیمی ئیسلامی دەیەوێ کورد لە بەکلتوری عەرەبیەوە ئیسلام بێت، بۆیە بەنەعل و دشداشەوە نەبێت بەگومانن لە قبوڵکردنی نوێژەکانیان. هەروەک چۆن شیوعیەکانیش بیرۆکراتیەکەی ڕوسیایان بەسوسیالیزم تێگەیشتبوون. کۆمۆنیستە کرێکارییەکانی کوردستانیش فارسەکانیان کردبووە ڕابەری خۆیان! ڕەهەندییەکانیش لەبەکەم گرتنی کورد پشکی خۆیان بردووە !

ئێمە، کە ئێستا بەماشێنی های مۆدێل دەچین بۆ پارێزگاکانی خوارو هەر لەکەرکوکەوە هەتا سەماوەو خوارتریش، کە حاجیان دەچن بۆ سعودیەو زیارەتی کەعبە، هەمومان بەسەر ئەو ڕێگایەدا ڕۆین، کە

[٣] (بڕوانە کەنالی ڕوداو بەرنامەی لەگەڵ ڕەنج بەرێگای نوگرەسەلماوە)

بەسەدان هەزار کوردی برسی کراوی پێدارەت بوون و کەمێکیان گەڕانەوەو ئەوانیدی بیابان قوتیدان، ئەگەر سەر نیشینی فرۆکەشیت، ئەوا بەسەر بیابانێکدا دەفڕیت کە دەست وپەنجەی سەدان هەزار مرۆڤی کوردی تێدا هەڵوەریوەو هەزاران مشتەچاوی تێدا هەڵڕژاوە. ئەفسوس حاجیان لێرەوە دەچن بۆماڵی خوداو رۆشنبیران بێرەدا دەڕۆن بۆ نوگرەسەلمان کەچی وەک بڵێی ئەم بیابانە هیچ تێیدا ڕوی نەدابێ بۆیە هیچ گۆڕانێک لەبیرو ڕەفتاریاندا رونادات ؟!

میوانێکی ڕەنج سەنگاوی لەم بیابانەوە باسی پڕۆژەی گەورەی لەمەڕ هۆڵۆکۆست دەکرد، ئەم عەقڵییەتە پێیوایە ئەگەر بریتی ئەنفال کت ومت وەک هی هۆڵۆکۆست نەبێت برین نیە، وەک بڵێی ئەنفال خۆی برین نەبێ و جێنۆساید نەبێ.! ئەم قسەیە وەک ئەوە وایە لەسەر خەرمانی چەڵتوک دانیشتبی و تاسوق بۆ برنج و پڵاوی خەڵک بخۆیت!

باش بوو چون بۆنوگرەسەلمان

سەرنج ڕاکێشترین پرسیاری ڕەنج سەنگاوی بەلامەوە ئەوەبوو کە پرسی باش بوو چوین بۆ نوگرەسەلمان ؟

مایەی نیگەرانی و تیرامانە، روناکبیری کورد دوای ٣٦ ساڵ لە تاوانی ئەنفال ئینجا بچێتە نوگرەسەلمان! چۆنیش بچێت ؟ بەشەو بگات و هەمان شەو بگەڕێتەوە! لەوێ بە بینینی زیندلنێکی ڕوخاو حەماس بیگرێ ! کە نەمۆنۆمێنتە و نەدیوارەکانی وەک خۆی ماوەو نەدەرگاو پەنجەرەی پێوەماوە. روناکبیرەکە لەوەڵامی ڕەنجدا وتی: "ئیتر وەختی ئەوەهاتووە دەموچاومان بشۆین و دونیا بە جۆرێکی تر ببینین" زۆر بەحەماسەوە دەیگوت: "من وەک ٢٤ سەعات پێش ئێستا نیم، تورەترم ئەم تەمەڵی وتەوەزلییە چییە ئێمەی تێداین؟" وەها قسەیەک هەم مایەی نیگەرانیەو هەم پێکەنینن. چونکە ئەو تەوەزلییە هەمووان ناگرێتەوە بایی ڕەتکردنەوەی ئەم بۆچونە کوردیش بەرهەمی هەیە، (شێرکۆ بێکەس) بەگۆڕستانی چراکان و (بەختیارعەلی و عومەر سەید و حەمە فەریق حەسەن و عەبدولقادر سەعید) بەڕۆمان و (مارف عومەرگوڵ، دڵشاد مستەفا، ئیبراهیمی مەلازادە، مەنسوری تەیفوری، عوسمان قادر، فازل مورادی، هونەر ئەمین، هاوڕێ ئەحمەد ئاوارە حسێن، هەژاربەرزنجی و فاتح سەنگاوی) دکتۆراکانیان لەمەڕ ئەنفالەو لەوەرگێڕەکانیش (حەمەی حەمەسالح، جەمال عەزیز، سەیوان محەمەد)، ئێ خۆ کەسانێکیش لە مێژە قۆڵیان لێهەڵماڵیوە و کاری مەیدانی دەکەن. بەرچاوترینیان (خاتوو عەدالەت عومەر و سمکۆسابیر وعارف قوربانی و عەبدوڵاکەریم و نەجمەدین فەقێ و عەلی بەندی..هتد). چۆن دەبێت نایدە گرتنی کارەکانیان، مۆرالی ڕۆشنبیرو ڕوناکبیران بێت.

لەکۆتاییدا چەند پرسیارێک ئاڕاستەی میوانەکانی بەرنامەی ڕەنج دەکەم:

١. ئایا دەزانن چون بۆ نوگرەسەلمان بەرهەمی بیرو خەیاڵی ئەو ژن و پیاوانەیە، کە ئەنفال هەڵاهەڵای کردوون و ساڵانێکە دەچن..

٢. ئایا دوای ٢١ ساڵ لەڕوخانی ڕژێم و ١٨ ساڵ لە ئیعدامکردنی سەدام (٢٠٠٣- ٢٠٢٤) چوونی ڕۆشنبیران بۆ نوگرەسەلمان شەرمەیان شانازیی؟

٣. ئایا ئەگەر ئەم بەرنامەیە نەبوایە هەرگیز وەک نوسەرێک یان هونەرمەندێک بەبیرتدا هاتووە جارێک بچیت بۆ نوگرەسەلمان ؟

٤. ئایا ڕەوایە ڕۆشنبیران و پێشکەشکاری بەرنامەکە، لە نوگرەسەلمان بەرنامە بکەن و نەزانن چەند کتێب دەربارەی نوگرەسەلمان نوسراوە؟

٥. ئایا دەزانن چەند کتێب دەربارەی نوگرەسەلمان نوسراوە؟ بۆچی (سمکۆسابیرو لەتیف فاتیح فەرەج) هاوسەفەریان نەبوون؟

٦. ئایا دەبوو نوسەران و هونەرمەندان، میدیاو میدیاکار پەلکێشەی نوگرەسەلمان بکەن یاخود میدیا ئەوان کۆبکاتەوەو بەپاسێک بیان بات بۆئەوێ ؟

لەڕاستیدا دەبوو نوسەری کورد هێندە چالاک و ئەرکداربوایە لەم بوارەدا رای گشتی بەجۆرێک بجوڵاندایە، کە چالاکولنی کورد بەتلیبەتیش چالاکوانانی ئەنفال، بەرلەوەی گەشت بۆ ئەوروپا بکەن، بچونایە بۆ تۆپزاواو نوگرەسەلمان،یاخود موسڵمانی کورد بەرلەوەی بچێت بۆحەج بچێت بۆنوگرەسەلمان .؟

دواین پرسیاریش لە پێشکەشکاری بەرنامەکە ئەوەیە، بۆچی لەو نوسەرو هونەرمەندانەیان لەگەڵدا نەبوو، کە کتێبێک یان تۆژینەوەیەک، یان فیلم وتابلۆ و چیرۆکیان دەربارەی ئەنفال نوسیوە یاخود گۆڤارو ڕۆژنامەیان بۆ ئەو دۆسیێیە هەیە؟ ئایا خۆیان نەهاتن یان لە ئاست هەیبەتی ئەواندا نەبوون یاخود ئاگاداری ئەوەنیە کێ چی دەربارەی ئەنفالکردووە؟

گۆڕە بەکۆمەڵەکان بپارێزن، چونکە ئەو قوربانیانەی لەگۆڕەکاندا نێژراون مافیان بەسەرمانەوە هەیە.

"ئەنفالستان"

ئاگادار کردنەوە

ئەم ئاگاداری و داواکارییەی پارێزگاری سەماوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەرکێکی کارگێریی خۆیەتی و پابەندبوونە بە یاسای پاراستنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان بەڵام جێگەی دەستخۆشی و پشتیوانی کردنە بەتایبەتیش لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە جێنۆسایدو کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالەوە، نەک چونە ژێربارێ ئەوەی پارە بدرێتە جوتیارانی ناوچەکە هەتا نەیکێڵن. بەپێچەوانەوە هەرجۆرە نزیک بوونەوەو دەستبردنێک بۆ شوێنێک کە گۆڕی بەکۆمەڵی تێدایە پێشێلکارییەو سزای لەسەرە



Republic of Iraq
Al-Muthanna Governorate
The Governor's Office

جمهورية العراق
محافظة المثنى
مكتب المحافظ

No.:
Date:

الى/ دولة السيد رئيس مجلس الوزراء المحترم
م/ تحريم مقترات المقابر الجماعية

تحياتنا الطيب اطيب نهديكم

نظرا لوجود عدد من المقابر الجماعية في منطقة تل الشيخية في بادية المثنى ضمن حدود قضاء السلمان، ولضمان عدم تعرضها للعبث غير المقصود مع الاحتمالية العالية لوجود مقابر أخرى قريبة منها، يرجى تفضل دولتكم بالموافقة والايعاز الى الجهات ذات العلاقة لإجراء ما يلزم بصدد تحريم استخدام مواقع المقابر الجماعية ومقترباتها لأي نوع من الاستخدامات والتعاقدات الصناعية او الاستثمارية او الزراعية وتحديد مسافة (١٠٠) متر كحرم للمقابر موضوع البحث.

...مع وافر الامتنان والتقدير...

م. مهند عبد علي راضي
محافظ المثنى
٢٠٢٥/كانون الثاني/٢٩

صورة عنه الى:
رئاسة الجمهورية/الهيئة المستشارين/مع التقدير.
مديرية شهداء المثنى/للعلم مع التقدير
الاضبارة/مع الاوليات

البريد الالكتروني: Governor@muthanna.iq

الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

پەندی ڕۆژگار

ئەمە بۆ نەوەکانتان بگێڕنەوە

هۆمەر

بەعسیەکان، دەیانویست کەڕولاڵ و بێزمان بین، ڕۆژگار هات و هێندە باریان لاربوو پێویست بوو وەک کەڕولاڵ دەرکەون. فیلمی دۆکیۆمێنتاری (شاردنەوەی سەدام) لە سینەماکانی کوردستان نیشان دەدرێت. دەرهێنەرەکەی (هەڵکەوت مستەفا) لەکەناڵی ڕوداو. قسەیەکی سەرنجبەری کرد. وتی: سەدام بۆ خۆشاردنەوە دەبوو حەشارگەکەی جێبهێڵێ (عەلا) کە ئەرکی پاراستنی لە ئەستۆ بوو گەیاندبوویە چیای حەمرین، بەڵام لەوێ ڕاوچی لێبوون بۆیە نەدەبوو سەدام قسە بکات، چونکە دەنگی دەناسرایەوە، بۆیە پێشنیاری ئەوەی بۆکرد قسە نەکات، هەرکەسێکیش ئەگەر ویستی قسەت لەگەڵدا بکات دەڵێم ئەوە خاڵمەو کەڕولاڵە دەبێت بە ئاماژە قسەی لەگەڵدا بکرێت. سەرۆکی فەرماندە، لە کۆشکی کۆمارییەوە ناچار بەناو کونە سیخوڕەکانی چیای حەمرین بووە! ئێستا ڕاوێژکارەکانی بۆ ئەو تورێکی قوڕاوی ناهێنن بۆیە ناچارە گوێڕایەڵی جوتیارێک بێت.

ئەم چیرۆکە، گەڕاندمیەوە بۆ چیرۆکێکی هاوشێوە، سەربازێکی سوپاکەی سەدام، کاتێک لە هەڵەبجەدا شکست دێنن پەنا دەباتە بەرمااڵی (حاجی ڕەحمان)ی گوندی نارنجەڵەی هەورامان. ساڵی ١٩٧٩ گوندی نارنجەڵەش وەک زۆربەی گوندەکانی سەرسنور بە زۆر ڕاگوازرابوون بۆ کۆمەڵگاکان، خەڵکی نارنجەڵەش فرێدرابوونە ئۆردوگای سیروان لە نێوان هەڵەبجەو سەید سادق.

کاتێک سەربازە عەرەبەکە پەنا دەباتە بەر ماڵی حاجی ڕەحمان، ئەوان هەموویان بریندارێ چەکی کیمیایی بوون. سوپای عێراق تێکشکابوو ئەوەی نەکوژرابوو بەدیل گیرابوو (خالد عەبدولکەریم) سەربازە شکستخواردووەکە، زەلیل و پەشۆکاو خاترالله خاترالله خۆی دەهاوێتە ماڵی حاجی ڕەحمان. ئەویش وەک سەدام داوای کردبوو تەنها شەوێک دااڵدەی بدەن. سەدامیش وەک عەبدولکەریم خۆی دەگەیەنێتە ماڵی جوتیارێکی ناوچەی تکریت و داوادەکات شەوێک دااڵدەی بدەن ئیدی عەلا هەتا ڕۆژی گرتنی دااڵدەیدا، بەپێچەوانەی حاجی ڕەحمانەوە کە هەتا سەر توانی بیپارێزێ. سەرئەنجام سەدام گیراو خالد بەبن باڵی میهرەبانی حاجی ڕەحماندا رزگاری بوو.

لەوکاتەدا حاجی ڕەحمان ویژدانی زیندووەو دااڵدەی دەدات ولەگەڵ خۆیدا دەیبات بۆ تەوێڵەو لەوێشەوە لەگەڵ خۆی وەک ئەندامانی خێزانەکەی دەیبات بۆ ئۆردوگای ئاوارەکان لەئێران.. لەوێ لە ترسی ئیتڵاعات بەسەربازەکە دەڵێت : ئیتر تۆ کەڕولاڵیت نابێت قسەبکەیت و هەرکەسیش لێی پرسیم دەڵێم ئەم کوڕەم هەرکە لەدایک بوو کەڕولاڵ بووە .

ئەگەر سەدام پەندی لەم چیرۆکە وەربگرتایەو ڕێزی لەسەربازان و گەلانی عێراق بگرتایە ڕەنگە توشی هەمان چارەنوسی سەربازەکەی نەبوایە.

تۆ کەمێک دیقەت بدە سەدام کە گەلی کوردی کردبوو بە فیلم، ئێستا فیلمسازێکی کورد ئەوی کردووە بەفیلم ! نەک شوێنکەوتووەکانی سەدام بەڵکو خودی سەدامیش کە لەلوتکەی دەسەڵاتدابووە چۆن پەنایان بۆ هەژارانی وڵات

بردووە و ئەوانیش چۆن پـاراســتوویـانن .. مەســـەلەکەش تەنها مۆرالْ و ویژدانە. دەنا وەک چۆن حـاجی رەحمـان دەیتوانی بەکردەوەی خۆیـان لەگەلْدا بکـات و ســـەربـازە عێراقیەکە بەچارەنوسێکی نادیار بسپێرێ عەلاش دەیتوانی سەدام بفرۆشێ و ببێتە خاوەن ٢٥ ملیون دۆلار ! لەم دوو چیرۆکەدا شـــتێک هەلْدەهێنجم ئەگەر دەســـەلاتداران کەمێک مۆرالْ و ویژدانیان هەبێت لە دەســـەلاتدا هێندە دلْرەق و توندرەفتار نابن. لوتبەرزو گومڕای ســەر کورسـی دەسـەلات نابن .. ئەگەر کەمێک زۆرنا وەک مرۆڤ هەلْسوکەوت بکەن نە میللەتەکەیان توشـــی وێرانکاری دەکەن و نەخۆشیان پێویستیان بەوەیە ببنە کەرولالْ.
ئێســـتا خۆشـــاردنەوەو چیرۆکی عەلا ناميق و ســـەدام کراوە بەفیلم بەلْام ئەفســـوس پێناچێت هەرگیز چیرۆکی حاجی رەحمـان وخـالید ببێتە بەفیلم.
دلْنیام دەســـەلاتدارانی عێراق و کوردســـتان چارەنوسیان لەسەدام باشتر نابێت ئیدی درەنگ و زوو کەوتووە.

پرسیار

بۆچی حکومەتی عێراق توانی لە داهاتی نەوەت، قـەرەبووی زیـانەکـانی ولْاتی کوێـت بکـاتـەوە، بەلْام ئامادە هێشتا نیيە قەرەبووی قوربانییان و زیانلێکەوتووانی جێنۆســـایدکراوانی هاوولْاتیانی عێراق بکاتەوە."

"ئەنفالستان"

رێککەوتننامەی چەکی کیمیایی ١٩٩٣



عەدالەت عومەر سالْح

رێککەوتننامەی قەدەغەکردنی پەرەپێدان، بەرهەمهێنان، کۆکردنەوە و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و لە بارەی لەناوبردنیانە) پەیماننامەی چەکی کیمیایی یان (CWC، کە لە پێشـــەکییەک، ٢٤ مادە و ٣ هاوپێچ پێکهاتووە- هاوپێچی ماددە کیمیاییەکان، هاوپێچی پشـــتڕاســـتکردنەوە، و هـاوپێچی نهێنی. جگەلە پرۆتۆکۆلّی نێودەولّەتی ژنیف کە لە ســـالّی ١٩٢٥ دەرچووە. بەکـار هێنـانی چەکی کیمیـایی قەدەغە کردوە بەلْام نەیتوانی رێگری تەواو لە بەکارهێنانی لە جیهـانـدا بکـات وەک ئەوەی خـاک و خەلْکی کوردستان لە لایەن دەولّەتی عێراق سەردەمی رژێمی بەعس لە ٨٠ کانی ســـەدەی رابردوو بەتایبەتی لە ١٩٨٧- و ١٩٨٨ بە قورســـی و بێ بەزەییـانە کیمیابارانکراو بە هەزاران کورد شـــەهید و بریندار بوون.
بۆیە ئامانجی رێککەوتننامەکەی ١٩٩٣ نەهێشـــتنی تەواوی پـۆلێکـی چەکی کۆمەلْکـوژە ئەویش بە

قەدەغەکردنی پەرەپێدان، بەرهەمهێنان، بەدەستهێنان، کۆکردنەوە، ڕاگرتن، گواستنەوە یان بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن دەوڵەتانی ئەندامەوە. لە بەرامبەردا دەوڵەتانی ئەندام دەبێ هەنگاوی پێویست بنێن بۆ جێبەجێکردنی ئەو قەدەغەکردنە سەبارەت بەو کەسانەی (سروشتی یان یاسایی) لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادوەری خۆیاندا.

هەموو دەوڵەتانی ئەندام ڕێککەوتوون لەسەر دامالێنی چەک بە شێوەیەکی کیمیایی بە لەناوبردنی هەر کۆگایەکی چەکی کیمیایی کە لەدەستیاندایە و هەر دامەزراوەیەک کە بەرهەمی هێنابێت، هەروەها هەر چەکێکی کیمیایی کە لە ڕابردوودا لەسەر خاکی دەوڵەتانی دیکەی ئەندام جێیان هێشتووە. هەروەها دەوڵەتانی ئەندام ڕێککەوتوون لەسەر دروستکردنی ڕێژەیەکی پشتڕاستکردنەوە بۆ هەندێک مادە کیمیاییە ژەهراویەکان و پێشینەکانیان (لە خشتەی ١، ٢ و ٣ لە هاوپێچی مادە کیمیاییەکاندا هاتووە) بە مەبەستی دڵنیابوون لەوەی کە ئەو جۆرە مادە کیمیاییانە تەنیا بۆ ئەو مەبەستانە بەکاردەهێنرێن کە بەپێی ڕێککەوتننامەکە قەدەغە نەکراون.

تایبەتمەندییەکی ناوازەی ڕێککەوتننامەکە بریتییە لە جێگیرکردنی 'پشکنینی تەحەدا'، کە هەر دەوڵەتێکی ئەندام گومانی لە پابەندبوونی دەوڵەتێکی دیکەی ئەندام هەبێت دەتوانێت داوای پشکنینی لەناکاو بکات. بەپێی ڕێکاری 'پشکنینی تەحەدای ڕێککەوتننامەکە'، دەوڵەتانی ئەندام خۆیان پابەند کردووە بە بنەمای پشکنینی 'هەر کاتێک، لە هەر شوێنێک کە هیچ مافێکی ڕەتکردنەوەیان نییە. ڕێککەوتننامەی چەکی کیمیایی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی پەرەپێدان و بەرهەمهێنان و کۆکردنەوە و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و لەناوبردنیان ٧ی حوزەیرانی ٢٠٢٠ دەربارەی ئەم وەشانە:

١-ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی دەقەکانی عەرەبی، چینی، ئینگلیزی، فەرەنسی، ڕووسی و ئیسپانی، بەپێی ئاگاداری کۆگا-C.N.246.1994.TREATIES 5، کە لە ٣١ی ئابی ١٩٩٤ دەرچووە؛

٢ -زیادکردنی، بەپێی مادەی پانزەهەمی ڕێککەوتننامەکە، بڕگەیەکی نوێ، ٥bis، بۆ بەشی Bلە بەشی شەشەمی هاوپێچی پشتڕاستکردنەوە، بەپێی :

ێ. گۆڕانکاری بۆ بەشی B لە بەشی VI ی هاوپێچی پشتڕاستکردنەوە، کە لە ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩ەوە کاری پێدەکرێت، بەپێی ئاگادارکردنەوەی کۆگا7-C.N.916.1999.TREATIES ، کە لە ٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٩ دەرچووە؛ پێکەوە لەگەڵی.

ب. ڕاستکردنەوەی گۆڕانکاری بۆ بەشی B لە بەشیVI ی هاوپێچی پشتڕاستکردنەوە، کە لە ٩ی ئازاری ٢٠٠٠ەوە کاری پێدەکرێت، بەپێی ئاگاداریی کۆگا1-C.N.157.2000.TREATIES ، کە لە ١٣ی ئازاری ٢٠٠٠ دەرچووە.

٣ -زیادکردنی، بەپێی مادەی پانزەهەمی ڕێککەوتننامەکە، بڕگەیەکی نوێ، ٧٢bis، بۆ بەشی Dلە بەشیV ی هاوپێچی پشتڕاستکردنەوە، بەپێی ئاگادارکردنەوەی کۆگا C.N.610.2005.TREATIES-4، کە لە ٢٩ی تەممووزی ٢٠٠٥ دەرچووە.

٤- گۆڕانکارییەکان، بەپێی مادەی XVی ڕێککەوتننامەکە، بۆ خشتەی ١ی هاوپێچی مادە کیمیاییەکان، کە لە ٧ی حوزەیرانی ٢٠٢٠ەوە کاری پێدەکرێت، بەپێی ئاگاداریی کۆگا C.N.86.2020.TREATIES-XXVI.3، کە لە ٢٣ی نیسانی ٢٠٢٠ دەرچووە.

دەزانی ڕەحمەت بۆکێ دەنێریت ؟



هێمن حەباب

هەقە عومەر فەقێ لەسەر ئەم قسانەی دادگایی بکرێت و سزا بدرێت. مەگەر نازانێ سەدام چی لە کورد کردو چی لە ئێمە کرد؟ ئێمە خەڵکی گوندی جەلەمۆردین خوا ئاگادارە لەڕەگ و ڕیشەوە هەڵمانی تەکاند، (٣٢) کەسمانی بەزیندویی کردە ژێر خۆڵی بیابانەوە، جا خوا ئەزانێ هەتا چەندێک لە ژێر ئەو خۆڵەدا بەچ ڕەزالەتێک گیانیان دەرچووە؟! بەخوا مامەم (عەبدولا عەبدولرەحمان عەلی) دوو کچی ئەوهندە جوانی هەبوو، تەمەنیان شەش سال و حەوت سال بوو، ناویان هەورین و هاوژین بوو.
بەزیندویی شۆفڵ لمی کردە بەسەریاندا، خودایە ئەبێ حاڵی ئەو دوو منداڵە چۆن بوبێ؟ لەو کاتەدا کە شۆفڵەکە خۆڵی کردووە سەریاندا؟ ئەی ئەبێ حاڵی پورم (زێرین کاکەمین محەمەد) چۆن بووبێت و چ دیمەنێک بووبێت و حاڵی بۆ هەردوو کچە بچوکەکەی چۆن بووبێت ؟ ئەی بۆ ڕوحی خۆی دەبێ چ خەیاڵێکی هەبووبێ ؟ دەبێ چ ئازارێک و چ قیامەتێکیان لێ هەستابێت؟ نازانم چۆن وەسفی ئەو چرکەساتە بکەم کە خۆڵەکەکراوە بەسەریاندا چۆن و چی بڵم ؟
ئێستاش ئەم کابرایە زۆر بڵێیە ڕەحمەت بۆ سەدام ئەنێرێ، هەی بێویژدان ئایە تۆ ئەزانی ڕەحمەت بۆ کێ ئەنێری ؟

ئێڤا هێرمان یەکێک بوو لەهەرە بێژەرە بەتواناکانی ئەڵمانیا چەندین بەرنامەی سیاسی هەبوو ڕوخساریکی زۆر جوانیشی هەبوو بۆ تەلەفزیۆن . ڕۆژێک لەبەرنامەیەکی سیاسی کەلەسەر خێزان بوو تەنها ئەوەندەی ووت کە باشترین سیاسەتی خێزان لەئەڵمانیا لەساڵی ١٩٣٨ بووە کە زۆر گونجاو بوو. ئەمە واتە وەسفی سیاسەتی خێزانی لەزەمانی هیتلەر کرد. باوەڕ بکە ڕێک کۆتایان بەهەموو شتێکی هێنا هەرچی تەلەفزیۆن و ڕادیۆو ڕۆژنامە هەبوو باسیان کرد چۆن دەبێت باسی هیتلەرو سیاسەتی خێزانیەکەی بەباشە بکەیت ، ئیتر ئەو ئافرەتە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن دور خرایەوەو دەرکرا کەس نەیگرتە خۆی. هەتا ئەمسالانەش تەنها خەریکی نووسین بوو. وولات ئەبێت ئەوا بێت کابرا سووکایەتی بە نیو ملیۆن شەهیدو بریندار ئەکات کەس نی یە ڕاپێچی دادگای بکات.

گۆڕێکی تری بەکۆمەڵ دۆزرایەوە

ئەنفالستان: لە ناوچەی تەل شێخەی سەربە قەزای سەلمان لە پارێزگای سەماوە، گۆڕێکی تری بەکۆمەڵ دۆزرایەوە، گۆڕەکە دەکەوێتە ١٥٠کمی خوار ناوەندی پارێزگای سەماوە. گۆڕەبەکۆمەڵەکە لە مانگی ئایاری ئەمسالّدا دۆزراوەتەوە، ڕۆژی یەکشەممە، ٢٠٢٤/١٢/٢٢ پەرۆسەی هەڵدانەوەی چووە بواری جێبەجێکردنەوە.



بەپێی زانیارییەکانی ئەنفالستان گۆڕەکە زیاتر لە دوو چین ڕووفاتی تێدایە، قوربانیەکانی هەموویان کوردن و ژن و منداڵن، کە لەکاتی هەڵدانەوەیاندا دەرکەوت قوربانیەکان هەموویان خەڵکی مەدەنی بوون و جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگی کوردییان پۆشیوە. تیمی هەڵدانەوە بریتین لە کەسانی پسپۆڕو تایبەتمەندی بواری لێکۆڵینەوە و گەڕان، کە پێکهاتوون لە کارمەندانی فەرمانگەی پزیشکی دادوەری سەربە وەزارەتی تەندروستی و فەرمانگەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە دەزگای شەهیدانی عێراق و لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ کاروباری بێسەروشوێنبوان ICMPو تیمی نوسینگەی خانمی یەکەمی عێراق کە بە سەرپەرشتی و چاودێری ڕاستەوخۆی شاناز ئیبراهیم ئەحمەد کاری تێدا دەکریت

پێشتریش هەر لەم شوێنە چەندجارێکی دی گۆڕێ بەکۆمەڵ دۆزراونەتەوەو کاری هەڵدانەوەیان بۆ کراوە لەساڵی ٢٠١٩ و ٢٠٢١ دوو گۆڕی تر هەڵدرابوونەوە، بەڵام گەڕانەوەیان دواخرا بۆ ساڵی ٢٠٢٤ هەتا لە مەراسیمێکدا ڕۆژی ٢١ی شوباتی ٢٠٢٤ ڕووفاتی ١٧٢ کەسی ئەنفالکراو؛ گەڕێندرانەوەو لە مەزاری بانی مەقان لە چەمجەمال بەخاکسپێردرانەوە.

جێگەی ئاماژەیە عێراق بووەتە وڵاتی گۆڕەبەکۆمەڵەکان بۆیە لە ساڵی ٢٠٠٧وە ڕۆژی ١٦ی ئایاری بە ڕۆژی نیشتمانی گۆڕە بە کۆمەڵەکان دیاریکردووە، وەک ڕۆژێک بۆ ڕێزگرتن لە قوربانیانی ئەنفال و ڕاپەڕینی شەعبانیەی شیعەکان و کۆی قوربانیانی تر کە لە گۆڕی بە کۆمەڵەدا نێژراون وەک هەڵوەستەکردنێک لەبەرانبەر کۆمەڵکوژی و جینۆساید.

کەچی هێشتا پرسی گۆڕی بەکۆمەڵی ئەنفالکراوانی کورد، لەعیراقدا وەک پێویست جێگەی بایەخ نیەو پەراوێزخراوەو هەڕێمی کوردستانیش هیچ

فشارێکی بەرچاوی نیە. لەکاتێکدا ئەم پرسە پیویستی بەوەیە پەلەی تێدا بکرێت و لەماوەی چەند ساڵێکدا کۆتایی پێبهێندرێت چونکە بەپێی ئەوەی هەتا ئێستا ئاشکرابوون و دۆزراونەتەوە لە عێراقدا،٣٠١ گۆڕی بە کۆمەڵ لەشوێنی جیاوازدا هەن، ئەوانەش بەزۆری ئەنفالکراوانی کوردن ، تا ئێستا تەنها ١٢ گۆڕی بە کۆمەڵی ئەنفالکراوانی تاوانی ئەنفال و ٥ گۆڕی بە کۆمەڵی جینۆسایدکراوانی تاوانی جینۆسایدی بارزانیەکان هەڵدراوەنەتەوە.



هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکە کەیشتە قۆناغی کۆتایی.

دوێنێ پێنج شەممە ٢٠٢٥/١/١٧ پرۆسەی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی بیابانی تەلشیخەی پاریزگای سەماوە گەیشتە قۆناغی کۆتایی و کاری مەیدانی تیمەکە تەواو بوو. بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ئەنفالستان کەوتووە ژمارەی قوربانیەکانی ناو ئەو گۆڕە بەکۆمەڵە ١٥٣ کەسی بەنەتەوە کورد بوون و هەموویان ژن ومنداڵن. لەگەڵ (BP-3) واتا ٣ پارچەی لەش کە هێشتا نازانرێ هی کام روفاتن.

جێگەی ئاماژەیە قوربانیانی ناو ئەم گۆڕە بەکۆمەڵەش ئەوکورە گوند نشینانە کە ساڵی ١٩٨٨ لە پەلاماڕەکانی ئەنفالدا گیراون و دواتر براون بۆ خواروی عێراق و لە بیابانی تەلشێخەی قەزای سەلمان لەلایەن جەلادەکانی بەعسەوە گوللە باران کراون.

پێویستە دەستخۆشی و ماندونەبوونی لە تیمی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکە و سەرپەرشتیارو پزیشکی دادوەری بکەین. بەو هیوایەی لە قۆناغی دواتردا بەسەرکەوتوویی شیکاریی ناسینەوەی شوێن و شوناسیان بۆ بکرێت و بەلای کەمەوە دیاری بکرێن سەربە کام ناوچەیەن هەتا بەڕێورەسمی کۆمەڵایەتی و ئایینی خۆیان بەخاک بسپێردرێنەوە .

سوپاس بۆ خاتوو (پەری نوری) کە سەرباری سەرقاڵیەکانیشی هیچ کات درێغی نەکرد لە وەڵامدانەوەی تەلەفۆن و پەیوەندییەکان و پێدانی زانیاری بەئەنفالستان.

سوپاس بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوانی گەرمیان کە خوازیاربوون لەگەڵیاندا هاوسەفەربین بۆ سەرگۆری ئازیزانیان بەڵام بەداخەوە دۆخی ژیان دەرفەتی نەداین ئەو شانازییەمان بەربکەوێت.

رۆحی ئەنفالکراوان شادبێ و ئارامی بۆ کەسوکارە سەربەرزەکانیان.

وێنەکان : گۆڕی بەکۆمەڵی تەلشیخە- قەزای سەلمان- پاریزگای سەماوە.

ڕەفتاری بەعسی و ئازاری چاوەڕوانی و ئەشکەنجەی دەرونی ئەنفالکراوان.

هۆمەر محەمەد

٢٧ی حوزەیرانی ٢٠٢٤ – سلێمانی

کەسوکاری ئەنفالکراوان هەتا ئێستاش بەگشتی لەباڕێکی دەرونی خراپدان، سەدان گرێی دەرونیان هەیەو کۆمەڵگەو دەزگا حکومیەکان باکیان پێی نییە، " دەنگ و ڕەنگ و بۆن" یەکێکن لەو توخمانەی یادەوەری تاڵوشیرین لای کەسی قوربانی بەجێدێلن، ڕەنگی بوخچەکەی مریەم و فریاو ڕەشپۆشیان، پشتێنی گوڵداری ئەو پیاوانەی لەگۆڕی بەکۆمەڵدا دۆزرانەوە، ئاە وگریانی منداڵانی گەرمیان لە مللەسوڕەوە بۆ قۆرەتوو، هۆرەی ئەو پیرەمێردەی لەکاتی گواستنەوەیاندا هێشتا لەگوێی خەڵکی گوندی کەلاری کۆندا دەزرنگێتەوە، هەموویان کەرەستەی فیلم و شاکاری ئەدەبین و کەس نییە بیانگێڕێتەوە، ڕەنگە تەنها چیرۆکی ئەو دایکەی ٣٦ ساڵە خەیار ناکرێت و نایخوات، لەبەرئەوەی منداڵەکەی لەدوبز لەسەرەمەرگدا داوای خەیاری کردووەو دواتر دیوێتی تاکێک نەعلی سەوزی بەتامی خەیار خستووەتە دەمییەوە، یان ئەو دایکەی ٣٦ ساڵە ئاوی سارد بەگەرویدا نەچووەتە خوارەوە لەبەرئەوەی منداڵەکەی لە نوگرەسەلمان لە تینوا خنکاو لەسەرەمەرگدا داوای سەهۆڵی کردووە، بەس بێت بۆ هەڵوەستەیەکی مرۆڤانە بەرانبەریان. ئەمانەو دەیان وسەدان نمونەی تر، مەلارەحیمی سەرقەڵا هەتا لەژیاندا بوو، نەک تەماتەی نەخوارد بەڵکو هیچ خواردنێک بەگەرویدا نەچووە خوارەوە کەرەنگی سوربووبێت، چونکە بیستبووی منداڵێک لەسەرەمەرگدا داوای تەماتەی کردووەو دەستیان نەکەوتووە،

جگەلەو توخمانە یەکێک لە دۆخە مەترسیدارەکانی دوای ئەنفال، کە باڕێکی دەرونی ناجێگیری بۆ کەسوکاری بێسەروشوێنکراوەکان خوڵقاندبوو، چاوەڕوانی بوو، کورد دەڵێت: " بێ چاوی لە چاوەڕوانی ناخۆشترە" هەرچەندە ئاماژەکانی مردن و نەمانیان زەق بەبەرچاوانەوە بوو، بەڵام بەعسیەکان بەپلان زوو پروپاگەندەیان بڵاودەکردەوە کە ئەنفالکراوەکان ماون، لەم بارەیەوە مێدیل ئێست وۆچ نوسیوێتی : باس وخواسی تیمەکانی گوللەباران کردن زۆر باش دەزانراو بەردەوام دووپات دەبۆوە، بەڵام کۆمەڵگا پیس و چەپەڵەکانی نیشتەجێی ئەو کوردانە(مەبەستی کۆمەڵگا زۆرەملێکانە) هێشتا هەر واتەواتی ئەوەیان تێدا باو بوو گوایە ئەنفالەکان ماون ولە زیندانی نهێنیدان لە بیابانـدا وەک بارمتە گلدراونەتەوە بۆ دانوستانی دواڕۆژ لە نێوان ڕژێم و پێشمەرگەدا، یان براون بۆ وڵاتانی تری وەک سوودان، یەمەن، ئوردن و کراون بەکۆیلە و کاریان پێدەکەن." میدیل ئێست ١٩٩٣- ل٤٢٤) ئەم پروپاگەندانەی بەعس بێ مەبەست نەبوو، بەڵکو سیاسەتێک بوو، بۆ نائارامی و تێکشکاندنی ئەوانەی وا لەئەنفال ڕزگاریان بووبوو. ئەمەش زەمینەی بۆ هەندێک کەسی هەڵپەرستیش خۆش کردبوو، کەڕەنگە بەعسیش نەبووبن بەڵام لەبەربەرژەوەندی تایبەتی و دەستکەوتێکی زۆر کەمدا زوو ئاوبکەنەوە ناو ئاشی بەعس و ڕەفتاری بەعسیانە بنوێنن و ئەوخەڵکە ماندووە بوورووژێنن، بۆنمونە هەندێک لە سایەق جێبەکانی ناوکۆمەڵگەی زۆرملێی صمود- ڕزگاری، زوو ئەم پروپاگەندەیان بڵاودەکردەوەو دەیانگوت: (ئەنفالەکان هاتنەوە) ئیتر بە جارێک ئەو کۆمەڵگایە دەوروژاو جێبەکانیش دەکەوتنە فڕکان فڕکانی گواستنەوەی خەڵک بۆ مەرکەزی ناحێکەو لەوێش خەڵک بەرجنێوو سوکایەتی بەعسیەکان دەکەوتن و دڵشکاوو هەناسەسارد بەنائومێدی دەگەڕانەوە، ئەمە زۆرجار گاڵتەجارێکی ڕەفتار بەعسی هەر بۆ ڕابواردن و گاڵتەکردن بەو خەڵکە یان سایەق جێبێک لەبەرخاتری بڕێک پارە زەمینەی ئەم سوکایەتی پێکردنەی دەسازاند. زووبڵاویان دەکردەوە (ئەنفالەکان هاتنەوە) ماوەی شەش مانگێک دوای تەواو بوونی پرۆسە سەربازییەکانی ئەنفال، هەندێک لە پیرەمێردو پیرەژنی ئەنفالکراو لە نوگرەسەلمانەوە بەهیلاکەتی دەگەڕانەوە. ئیدی دەنگۆی (ئەنفالەکان هاتنەوە)

وەک ئاگر لەپوش بەردەی بەخێرایی بەکۆمەڵگەکەدا بڵاو دەبووەوەو هێندەی تر ئاگری چاوەڕوانییەکەی بۆسوتاندنی ئەوخەڵکە بەتین تر کردوو زیاتر خەڵکی خستبووە باڕێکی دەروونییەوە، ئەگەرچی ئەو چاوەڕوانییە بە ئازاربوو، بەڵام هەڵگری تۆوی ئومێدێکیش بوو، تەنانەت بۆ ئەوکەسانەش کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ زانیبویان ئەنفالکراوەکان نەماون. یەکێک لەوانە عوزێری دەربازبووی کۆمەڵکوژییەکەی بیابانی ڕومادی بوو، جارێک بەمیوانی هاتبوو بۆماڵمان لەناو باسی چاوەڕوانی و پروپاگەندەی بەعسیەکان و یاریکردن بەهەستیان، پێیوتم من کە بە چاوی خۆم کۆمەڵکوژییەکەم دیبوو بۆخۆم بە بریندار ڕزگارم بووبوو خۆم شاردبووەو نەمدەتوانی خۆم دەرخەم، دەمگوت بەڵکو هەواڵەکە ڕاستبێ و هەموویان نەکوژرابن یان خەڵکێک هەبێت وەک ئێمە ڕزگاری بووبێت، کەچی هەرخۆشم بەخۆمم دەگوت کورە باڵێ کێ لەدەستی ئەو بەعسیانە ڕزگاریشی بێت دەتوانێ خۆی ئاشکرابکات. هاوکات کەحاجی فەرەجی گوندی تۆپخانەش میوانم بوو، ئەویش لەگۆڕێکی بەکۆمەڵی بیابانی ڕومادی ڕزگاری بووە بۆپشتڕاستکردنەوەی قسەکانی عوزێر گوتی: بەخوا ڕۆژێکی ڕەش بوو، کێ دەیوێرا قسەبکە بروا بفەرموو من بەماڵ ومنداڵەکەی خۆشمم نەوتبوو، لەفرۆکەخانەی تورکیا بەژنەکەمم وت شتێکی ئاوام لێبەسەرهاتووە، ئەویش بۆیە وتم چونکە هەردەپرسی بۆچی ئێمە دەبەن بۆئەمریکا. ڕەشیدیش شوانێکی گوندی چرچەقەڵای بنار شاخی زەردەیە، لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ مێدیل ئێست وۆچدا ئەوە ئەشکرا دەکات کە ئەفسەرێکی دڵنەرمی مەسیحی نهێنی کوشتنی ئەنفالکراوەکانی بۆ ئاشکراکردووە، بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە بەوخەڵکە بڵێت بەو پروپاگەندانە بروامەکەن کەسیان نەماون. لەبارەی ڕەشیدەوە میدیل ئێست وۆچ نوسیوێتی : "ڕەشید توانی لە دەست ئەنفال ڕزگاری بێت لە بەر ئەوەی بە شوێن ئاژەڵ و ماڵاتەکەیەوە بوو بە سەر جادەی سەرەکیداو لە نێو هێزەکانەوە دەرچوو. بەڵام دایکی و خوشکێکی دە سالّی و برایەکی شەش سالّی و دوو پووری لەدەست دا. دواجاریش کێشکرایە ڕیزی هەمان ئەو سوپایەی کەوا خێزان و کەسوکاری گرتبوو. ئەفسەرێکی مەسیحیی بە بەزەیی دڵی بە ڕەشید سووتابوو، بە ئاشکرا پێی وتبوو کە چیتر بیر لە کەسوکاری نەکاتەوە: "هەموو خەڵکی ئەنفال بە بلدۆزەر کراونەتە ژێر خاکەوە" (میدیل ئێست وۆچ، ل ٤٢٥)

سوکایەتی کردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست، هەستی منداڵێکی ئەو ئۆردوگایە دەجوڵێنێ و هەتا ئێستاش کە پیاوێکی کامڵ وخوێندەوارەو پڕۆفیسۆری یاریدەدەرە، لەزانکۆی گەرمیان، لە یادەوەریدا وەک ئازارێک ماوەتەوە، ئەو هێشتا خوێندکاری زانکۆ بوو، لە ژمارە (٦) گۆڤاری ئەنفالستاندا وتارێکی بەناونیشانی (وردە بەعسیەکان و جێبەکانی هەشتاوهەشت) لەبارەوە نوسیوە و لەلاپەڕە ٤٨دا بڵاوکراوەتەوە، لەبەشێکی وتارەکەیدا نوسیوێتی: هەر کە ئەو هەواڵە بڵاو ئەبووەوە ئەیان وت (ئەنفالەکان هاتنەوە) ئەو ئۆردوگایە وەک شێخێک حەسرەت بیگرێ ئەلەرزی ئەهەژا وەک سوپایەک چۆن شکستبخوات و سەری لێتیکچێت ئەو خەڵکە بەناویەکدا ئەهاتن و ئەچوون هەمووان بۆ لای مەرکەزەکە رایان دەکرد. بەختەوەر ئەو کەسەبوو، خزمێکی لەناو ئازاد بووەکاندا بێت. چەند کەسێکی کەم شاد ئەبوون و دونیایەکیش بەدڵشکاوی و چاوەڕوانیەکی دڕێژترەوە ئەگەڕانەوە. ئەو سەردەمە سە هەردەمی گریانی بەکۆمەڵ بوو، گەڕەک نەبوو، ماڵ نەبوو گریانی تێدانەبێت، پێناچێت هیچ شتێک بتوانێت ئاوەها گریانی بەکۆمەڵ دروست بکات. ئەنفال گریانی دەستەجەمعی ئەو خەڵکە بوو. بەم شێوەیە هەرجارەو شەش حەوت ئەنفالکراوێک ئەهاتنەوە. ماوەیەکی بەڵام ئیتر هەواڵی هاتنەوەی ئەنفال نەماو بچوکترین هەواڵێکیش گەرچی سەد دەر سەد درۆش بوایەو بگەیشتایەتە ئەو خەڵکە بە هەڵەداوان دەگەیشتنە لای مەرکەزەکە. ئەم حاڵەتە پرنائومیدیە لەلایەن کۆمەڵێک سایق جیبەوە قۆزرایەوە. ئەو کاتەی ئیشیان ڕووی لە کزی ئەکرد بە درۆ هەواڵی هاتنەوەی ئەنفالەکانیان بڵاوئەکردەوە. ئاوەها ئیشی خۆیان مسۆگەر

دەکرد. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە جیب بەردەست نەئەکەوت. مرۆڤ ئاوەهایە بەدەگمەن ئەتوانێت بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بخاتە لاوە ئەگەرچی بەدیهێنانی بەرژەوەندیەکەی لەسەر حسابی خەڵکی تر بێت. ئەو کاتە ئەو سایق جێبانە یاریان بەهەست و شعوری ئەو ئەو خەڵکە ئەکرد. باشیش ئەیانزانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی هاتنەوەی ئەنفالەکان بازاڕیان گەرم ئەکا، ئەو خەڵکەش چاری نەبوو تەنها باوەڕکردن نەبێت (کە ئاوبردیتی دەست بۆ پۆشی سەر ئاویش ئەبەی) ناچاربوون بەدەم ئەو هەواڵانەوە بچن."(**ئاشور، ٢٠٠٧،ل ٤٨**) نوسراوێکی بەعس ئەوە پشت ڕاست دەکاتەوە کە بەعسیەکانیش لە پشت ئەم سیناریۆی چاوەڕوانی و گاڵتەجاڕییەوە بوون، لەم بارەیەوە بەڵگەیەک هەیە کە نوسراوێکە ڕێککەوتی ٢٥ی ئەیلولی سالی ١٩٩٠ دەرچووەو داوا دەکات، کە کەسوکاری ئەنفالکراوان و ئەو خەڵکە لە چاوەڕوانیدا بهێڵنەوە، لەنوسراوەکەدا هاتووە:

بەڕێز بەڕێوەبەر

سڵاو ڕێز

ڕێکەوتی ١٩٩٠/٩/٢٥ بەڕێز بەڕێوەبەر ڕێنمایی کردین بەم شێوەیە:

(هیچ زانیارییەکمان دەربارەی چارەنوسیان لانیە) بگۆڕدرێت بەم گوزارشت (عیبارەیە) : (لە پرۆسەکانی ئەنفالی قارەمانانەدا گیراون هەتا ئێستا دەستبەسەرن). بۆئەوەی بتوانین بەوردی مامەڵە لەگەڵ ئەم حاڵەتانەدا بکەین .لەکۆنگرەی مانگانەدا پێشنیارکراوە

ن/ امن ... ضابط الامن من، ن ، ر

١٩٩٠/١٠/١٨

لەم بارەیەوە یاسین ئاشوریش ئەم نوسراوەو بۆچونەکانی سەرەوەمان پشتڕاست دەکاتەوەو نوسیوێتی : هەندێک جار نەک ئەو سایق جێبانە بەڵکو حزبیەکان خۆیان ئەو کارەیان دەکرد، زۆرجار بۆئەوەی بەردەم مەرکەزەکە قەرەباڵغ بێت و ئەوانیش لەزەت لە دەسەڵاتی خۆیان وەربگرن ئاوەهایان دەکرد. شانازی کردن بەو دەسەڵاتە نەخۆشەی کە تەواوی ویژدانیانی کوشتبوو. خڕکردنەوەی ئەو عەشامەتە بێحەسرەتەی کە هەموو گیانی ئەکردە گوێ بۆیان (بەڵکو خوایە هەواڵێکیان پیبێت) بەڵام نا، بەو سرو سیما بەعسیانەوە ئەهاتنە پێشەوەو بەرەفتاری خۆیان بەجوێندان و قسەی سوک ئەو خەڵکەیان ئەوەندەی تر بێ ئومێد دەکرد .

کارەساتی گەورەی هەر کۆمەلگا بەتەنها ئەوە نیە، کە دەسەلات و دەوڵەتدار دڵڕەق وستەمکاربن بەڵکو لەوە گەورەتر ئەوەیە تاک و کۆمەڵگەی دوای جەنگ وجێنۆساید لەمرۆڤ بوون بکەون و خاوەن بڕێکی زۆری هەستکردن بەبەرپرسیارێتی نەبن و ئازارو ژان لەگەڵ قوربانیان و کەسوکاری شەهیدەکان بەش نەکەن و دەستیان نەگرن هەستنەوە سەرپێ، وەنەبێ هەر لەسەردەمی بەعسیەکاندا بگرە لەدوای ڕاپەڕین و لەسەردەمی دەسەڵاتداری کوردیشدا نمونەی ئەم سایەق جێبانە زۆربوون بێ هەست و بێ مۆراڵ لەگەڵ کەسوکاری قوربانیدا جوڵاونەتەوە، یەکێک لەبرای ئەو ژنانەی ناوی لەبەڵگەنامەیەکی موخابەراتی کەرکوکدا هاتووە بەچاوی پڕلە فرمێسکەوە بۆی گێڕامەوەو وتی: ئازاری خۆمان بەخۆمانەوەیەو لەملی هەمووانداو نییە خەڵک لەبچوکترین ناکۆکی بیرورامانداو لەکاتی دەمەتەقێدا پێیوتووم عارەب لەمیسر سواری خوشکەکەت دەبێ و تۆش دیفاع لەعەرەب دەکەی ؟ ئەو دەسەڵاتەی نەتوانێت یاسایەک بۆ سزادانی ئەم جۆرەکەسانە دەرکات ئەمرۆش نەبێت دیکتاتۆری سبەینێیە.

سەرچاوەکان

١. **میدیل ئیست وۆچ پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد چاپی دووەم ٢٠٠٤ خانەی وەرگێران، وەرگێرانی محەمەد حمەسالح توفیق .**

٢. **یاسین ئاشور، وردە بەعسیەکان و جێبەکانی هەشتاوهەشت- گۆڤاری ئەنفالستان ژمارە (٦)، لاپەرە ٤٨ ساڵی چاپ ٢٠٠٩ .**


٣. **گۆڤاری ئەنفالستان ژمارە (١١-١٢) لاپەرە ٣١ .**

٤. **دیدار لەگەڵ عەزیز محەمەد وەهاب ناسراو بە (عوزێر) شەی ٨/٧ ی ئابی ٢٠٢٢، سلێمانی کاتژمێر ٩ی شەو .**

ڕەنگ و ڕەفتار

هۆمەر محەمەد

کاتێک گۆڕێکی بەکۆمەڵ چ لەبناری چیاکانی دەروبەری هەڵەبجە یان لە بیابانەکانی خواروی عێراق هەڵدەدرێتەوە، یەکەمین بەڵگەی تاوان کە خۆی نیشان دەداو دەبێتەوە بە چاوەر (شایەتحاڵ) ڕەنگەکانن. ئەوەیە کە ژنی کوردو ڕەنگەکان تەنانەت مەرگیش ناتوانێت لێکیان جیابکاتەوە، نەک هەر ئەوەندە بگرە رزین لەژێر لمی بیابانی بێڕەنگیشدا، نەیتوانیوە لێکیان دابڕێت ئەوە ئیسک وپروسکی ژنان ومنداڵانی کوردن کە خۆیان شی بوونەتەوە بەڵام هێشتا بازن وملوانکەی شین و سەوزو مۆر بەدەست و گەردنیانەوە ماوە، هێشتا سوخمەو کراس وکەواو ئاوەڵکراسی ڕەنگاو ڕەنگ لێیان جیانەبووەتەوەو پارێزەری شوناسیانە. ڕەنگەکان لە گۆڕی بەکۆمەڵدا هەر دەستنیشانی شوناسی قوربانیەکان ناکەن. بەڵکو زۆر شت لەسەر بێ ئابروویی دەوڵەتداری و دەسەڵاتی دکتاتۆرەکان و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەڵێن. پرسیاری عەقڵانی لەمەڕ ئاین و ئایدۆلۆژیاو شکۆمەندی و هیچ وپوچی سەرۆک دەوروژێنن. ئەو ڕەنگەکان دەبن بەشاهیدی ئەو ڕاستییەی ئەوانەی ئەنفالکران و بەچەکی کیمیایی مردن، بەکرێگیراوی ئێرانی نەبوون بەڵکو خەڵکی بێ چەک و وەرزێرو ڕەنجدەری ناو مەزراو کێڵگە ڕەنگاو ڕەنگەکانی بەرهەمهێنان بوون. پشتێنی گوڵداری پیاوان و جلوبەرگ و دەستەسڕ و تەسبیحیان بەڵگەن کە ئەوانە جوتیاری نێوگوندەکان بوون نەک جەنگاوەرەکانی بەرەی شەڕ.



فۆتۆ : ڕەهێڵ بەرگی پێشەوەی ئەنفالستان ژمارە (٦)

-*وشەی (چاوەر) مەبەست (شایەتحاڵ) لە تێزی دکتۆرای د. ئاوات نامیق ئاغا وەرگیراوە.

ئەرشیفی نەتەوەیەکگرتووەکان، تێشوویەک لە جەوروستەم دژی کورد

هاوڕێ ئەحمەد

لە ساڵی ١٩٨٨ و بیست ڕۆژ دوای گازباران و خنکاندنی شاری هەڵەبجە، محموود مەدرشاهی نوێنەری ئێران لە نەتەوەیەکگرتووەکان لە نامەیەکدا بە شەش زمان کە هاوپێچ دەیان وێنەی تێدایە، پێشکەشی ئەنجومەنی گشتی و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکانی دەکات و دەنووسێت :

"لەسەر داوای حکومەتەکەم لەگەڵ ئەم نامەیەدا کۆمەڵێ وێنەی قوربانیانی جینۆسایدی کوردەکان لە شاری هەڵەبجە کە لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە بە چەکی کیمیایی و بەشێوەیەکی ترسناک بۆمبارانکراون بۆتان ڕەوانە دەکەم.

لەم تاوانە قێزەونەدا پێنج هەزار کورد شەهیدبوون و حەوت هەزار بریندارییشی لێ کەوتووەتەوە کە لە نەخۆشخانەکانی ئێران و ئەوروپادا لە ژێر چارەسەردان. ئەمە یەکەم جارە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەوڵەتێک هاوڵاتیەکانی خۆی بکاتە ئامانج. تەنانەت هیتلەریش تاوانی وەهای دژی هاوڵاتیانی ئەوروپا ئەنجام نەداوە "

لەو کاتەدا عێراق نکۆڵی لێ دەکات، بەڵام ساڵی دواتر، عیزەت ئیبراهیم ئەلدوری، لە بەردەم کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لە جنێڤ لە بەرواری 2/3/1989 بە شێوەیەکی دیبلۆماسی دان بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاویدا دەنێت و دەڵێ:

"ڕێکخراوە جیهانیەکان ئاماژە بەوە دەکەن عێراق چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە لە بەرواری ١٥.٣.١٩٨٨ بەرانبەر خەڵکی سیڤیل بەکارهێناوە، بەڵام هەڵەبجە ئەوکاتە چەکدارە ئێرانییەکان دەستیان بەسەردا گرتبوو. ئەم بابەتە پەیوەست نییە بە کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤەوە بەڵکو دەبێت ئەنجومەنی ئاسایش لە چوارچێوەی یاساکانی پێکدادانی سەربازیدا"

تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە، یاد یان ستراتیژ؟



میقداد شێخ بەهادین

میللەتی کورد تەنها نەتەوە نییە لەمێژوودا دووچاری پاکتاوکردن و کۆمەڵکوژی و چەوسانەوە بوبێت و هەوڵی سڕینەوەی درابێت، بەڵکو گەلانی تریش زۆرن لەپێناو نان و ئازادی و سەربەستیدا روبەڕووی جینۆساید و هەوڵی قەڵاچۆکردن بوونەتەوە و باجی گەورەو قوربانیان داوە، بەڵام ئەوەی ئێمە جیاوەکاتەوە لەوانی تر ئەوەیە، تائێستا نەتوانراوە ئەو تاوانانەی بەرامبەر بە کورد کراون، بکرێن بە خاڵی وەرچەرخان بۆ دۆزی رەوای گەلەکەمان و بەهێزکردنی پێگەی کورد لەنێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجە باڵاکان و نەتوانراوە لێکەوتەکانی جینۆساید کاڵ بکرێتەوە و بریە جەستەیی و دەروونییەکانی کەسوکار و بەرکەوتوانی سارێژ بکات. ئێستاش کە لە سەروبەندی تاڵترین یادەوەریی مێژوویی میللەتەکەماندایین، جارێکیتر ویژدانی نەتەوایەتیمان دەمانخاتە بەردەم پرسیارێکی قورس کە «٣٦» ساڵە بە کڵۆمدراوی ماوەتەوە، ئەوەش کارەساتی هەڵەبجەیە.

تراژیدیترین رووداوی سەردەم

کارەساتی هەڵەبجە وەکو تراژیدیترین رووداوی سەردەم، تەنها تاوانێکی کۆمەڵکوژیی نییە، کە وەکو یادێک بۆ کردەیەکی سەردەمی خۆی سەیر بکرێت، ئەم تاوانە رەگێکی قوواڵی دوور و درێژتری لەنێو بیری شۆڤێنی و ئەقڵییەتی دەمارگیریی دوژمنانی کوردا هەیە و بەپێی قۆناغ و هەلومەرجەکان ئەو بیرە بەردەوام تەشەنە و گەشەی کردووە، ناکرێت کارەساتی هەڵەبجە بە دەرئەنجامی هۆکارێکی زاتی یاخود بە پەرچەکردار و هەڵچوونێکی سیاسیی رژێمی هەژموونخواز دژی گەلێک یان کۆمەڵگەیەک، لە زەمەنێکی دیاریکراودا وێنا بکرێت، چونکە ئەگەر و مەبەست و کرۆکی هەقیقەت و هۆکارە پاڵنەرەکانی پشت ئەو کارەساتە، فرەڕەهەند و زۆرن .

نووسین و توێژینەوە کەسییەکان بە شێوەیەکی ناڕێکخراو و لە بۆشایی و غیابی دەزگا نیشتمانییەکاندا، وایکردووە ئەم کارەساتە ڕێڕەوی خۆی ونبکات و تەنها لە یادکردنەوە و لە ڕۆژێکدا گۆشەگیر بکرێت و لایەنەکانی تری رووداوەکە لەبیر بکرێت، چونکە کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی کردەیەکی زۆر ئاڵۆز و گەورەیە، هێندە سادە و ڕواڵەتی نییە بە توێژینەوەی کەسی و شیکاری و نووسین و تێزی ئەم و ئەو کاری لەسەر بکرێت، ئەوە کاری دەزگا و دامەزراوەی نیشتمانی و دەوڵەتە ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات و لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت توانا کەسییەکان وەکو ئامرازێک بۆ هەنگاوەکانی دەوڵەت سوودی لێ وەربگیرێت، بەڵام پێوەرەکانی بنکۆڵکاری و چەسپاندنی بنەماکانی هەر کردەیەک بە جینۆسایدە، بێگومان کاری دەوڵەت و دامەزراوەکانێتی .

ڕێکارەکانی بەنێودەوڵەتیکردنی جینۆسایدی هەڵەبجە

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە پێداچوونەوە و گۆڕانکاری بنچینەیی لە ڕێکارەکانی بەنێودەوڵەتیکردنی جینۆسایدی هەڵەبجەدا بکرێت، چونکە ئەو هەنگاوانەی پێشووتر نراون، هێزی پێویستی بەدەستخستن و گەاڵڵەبوونی ئامانجە گشتییەکانی تێدا بەرجەستە نەبووە، تەنانەت نەیتوانیووە دۆخی هەڵەبجەش لە تەنگژە و قەیرانی گەشە و وەرچەرخان قوتار بکات، ئەوەش دەخوازێ

هەنگاوەکان شێواز و ئاڕاستەی تر وەربگرێت، بۆ دەستنیشانکردنی بژاردەی دروستیش، پێویستە کەنالەکانی پەیوەست بەم کارە لەسەر ئاستی دامەزراوەی ڕەسمی و لە ڕێگەی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا و ئاشنا بە ڕێسا و یاسا نێودەوڵەتییەکان تایبەت بەم پرسە، ستراتیژ و بنەماکان سەرلەنوێ دابڕێژنەوە.

کەیسی جینۆسایدی گەلی کورد

پێویستە ئەو ڕاستییەش بزانین هەمیشە کات و زەمینە گونجاو نییە لەئاستی نێودەوڵەتیدا بۆ ناساندنی جینۆساید، بۆیە گرنگە لە داڕشتنەوەی نەخشەڕێگەیەکی زانستی و دروست بۆ کارکردن لەسەر کەیسی جینۆسایدی گەلی کورد، کات بەفیڕۆ نەدرێت، چونکە ژینگەی سیاسی و دۆخی حکومڕانیی دەوڵەت لە عیراقدا، بەردەوام ناسەقامگیر و ناجێگیرە و هەڵکەوتەی کوردستانیش لەنێو جوگرافیایەکی خنکێنەری سیاسیدایە، گەرەنتی نییە جاری تر و بەشێوازی تر نەکرێینەوە بە خۆراکی ڕێکەوتنی نهێنی و پلان و پیلانی ناحەزان، بۆ ئەوەش کات لە بەرژەوەندیی ئێمەدا نییە، بۆیە پێویستە دەستوبرد بکەین لە هەنگاوەکان بۆئەوەی دۆسێی جینۆسایدی گەلەکەمان بکەینە پرۆژەیەکی نیشتمانی، بۆ رزگارکردنی داهاتووی کوردستان لەو مەترسی و کارەساتانەی کە لە ڕابردوو بەسەریدا هێنراوە، ئەوەش بە نەخشەڕێگەیەکی گشتگیر و نیشتمانی و بەگەڕخستنەوەی هەوڵەکان بۆ ڕاستکردنەوەی پرۆسەی حکومڕانی و بنیاتنانی سیستمێکی بەهێز و تۆکمەی ئیدارەدان، لەپێناوی گێڕانەوەی متمانە و چارەسەرکردنی ریشەیی قەیرانی ئینتیما لای هاونیشتمانیان، پێویستە حیکمەتی سیاسی و هەزری نیشتمانی و هۆشیاریی سەیاسیمان تووندوتۆڵ بکەینەوە و ئەو دەرفەتانەی کە ماون لە پێشمان، سوودی لێ وەربگرین، بۆ پاڕاستنی میللەت و خاک و میژوو و کەلتور و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانمان و خۆسازدانەوە بۆ هەر مەترسییەک، کە لە قۆناغەکانی داهاتوودا بێتەپێشەوە.

ئایا بەم پەرتەوازەیی و پاشەکشە حکومڕانییەی کردوومانە، ئەتوانین پێداگربین و ئامانجەکانمان لەچنگی کارەساتەکان دەربهێنین؟

بژاردەکان چین؟

لەکۆتایشدا دەکرێت بپرسین بۆ ئێستا و داهاتوو بژاردە دروستەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسی کۆمەڵکوژیی هەڵەبجەدا چین؟

تیۆری ستراتیژی چییە بۆ کارکردن لەسەر کەیسەکانی جینۆسایدی کورد؟ ئایا دەتوانین لەدوای ئەو هەموو ساڵە بە میتۆدێکی نوێ هۆکار و بەربەستەکانی بەردەم چەقبەستوویی هەنگاوەکانی بە ئامانجگەیاندنی کەیسی جینۆساید تێکبشکێنین؟

لەگوندی توکنی ئەنفالکراوەوە:



چیرۆکی ئەم قۆرییە


دوای ٣٧ ساڵ لە پەلاماری ئەنفال، ئەم قۆرییە شوشەیە لەژێر خانووە ڕووخاوەکانی گوندی (توکن)ی سەربە ناحێی سەرقەڵای کفری دۆزراوەتەوە، خاوەنی قۆرییەکە پیرەژنێکە بەناوی (میمکە تەمین).

جێگەی ئاماژەیە گوندی توکن لەپەلاماری ئەنفالی گەرمیاندا، زیاتر لە ٣٠٠ کەسیان ئەنفالکراوان و جگەلە چەند پیرەمێردێک کەسیان نەگەڕاونەتەوە.

ڕەچەڵەک ناسی ئەنفال و حەڵاڵکردنی حەرام

ڕانانی: بەکر حەحمەد
ڕەچەڵکناسی ئەنفال

پێشەکییەک بۆ ئابووری سیاسی ئیسلام
بەشێک لە نامەی دوکتۆرای مەنسوور تەیفووری
چاپخانە: مالّی سوهرەوەردی



لای فرۆید، تارماییەکی دانپیانەنراو هەیە کە دەبێ دوورەدەست بهێڵرێتەوە. " یەهوداییەت و ئیسلام هەردوو کردە دامەزرێنەرەکانی خۆیان دەچەپێنن/ بەڵام چۆن؟ وەک چیرۆکی ئیبراهیم و دوو کوڕەکەی کە لە دوو ژنی جیاوازن دەری دەخات. لە هەردوو ئایینەکەدا ، باوک ناتوانێت ببێت بە باوک ، ناتوانێ کاری باوکانەی خۆی بەجێ بهێنێت مەگەر ئەوەی ژنێکی دیکە بێتە نێوان(1) " .

دوورخستنەوەی ئەم تارماییە و چەپاندنی لای فرۆید لە یەهوداییەتدا:" ئەوەیە کە ئیبراهیم میسرییە و جوو نییە. سیمای باوکانەی دامەزرێنەر، کە وەحی دەهێنێت و لەگەڵ خوادا پەیمان دەبەستێ، دەبێ لە دەرەوە بێت." بەڵام لە ئیسلامدا، چەپاندنەکە پەیوەندی بە ژنەوە هەیە. ئەمە ئەو گریمانەییە کە "سلاڤۆی ژیژک" سەبارەت بە چەپێنراوەکەی ناو ئیسلام تێزەکەی خۆی دادەڕێژێت. بۆ ئەو، "ئەم چەپێندراوەی ناو ئیسلام لە هاجەردایە، ئەو کۆیلە میسرییەی کە یەکەم کوڕی بۆ ئیبراهیم هێنا." بەڵام ژیژک لە گەڕانیدا بەشوێن دۆزینەوە و ئاشکراکردنی ئەم چەپێنراوای ناو ئیسلامدا، پشت بە چیرۆکی ژنێکی دیکەش دەبەستێت کە جیگایەکی گرنگی لە مێژووی ئیسلامدا هەیە کە ئەویش خەدیجەی هاوسەری پێغەمبەرە.

ئەم گەران و دەستپێکی سەفەرە، بۆ ڕۆشنترکردنەوە و تەنانەت ڕەخنەگرتن لە گریمانەکەی "سلاڤۆی ژیژک"، دەبێتە چوارچیوە و ناوەڕۆکی نامەی دوکتۆرای بەڕێز(مەنسوور تەیفوور)ی کە بە زمانی فەرەنسی نووسراوەوە بە ناونیشانی: " ڕەچەڵەکناسی ئابووری سیاسی لە ئیسلامدا، خەلافەت و ئاوارتەکەی" کە لەبەشی فەلسەفە و لۆژیکە هاوچەرخەکانی واتا پیشکەشکراوە. ئەوەی بە کوردی لەبەردەستدایە، کورتکراوەی دوو بەشی نامەکەی بەڕێز مەنسوور تەیفوورییە بە زمانی کوردی کە لەلایەن مالّی سوهرەوەردی بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاین و ئەفسانە لە ساڵی ٢٠٢٢چاپ و بلاوکراوەتەوە. تەیفووری لە گەڕانیدا بە شوین تاڵەداوەکانی ئەم حەکایەتەدا کە لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی ئایین خۆیەوە باسکراون، لەگەڵ ئەو جێگاو ڕۆڵە گرنگەی کە خەدیجە لە ئیسلامدا دەبوایە شوێنی هەبوایە، لە گێڕانەوەکانی سەربووردەنووساندا دەبینێ کە ژن شوێنێکی دیکە داگیردەکات و لە کۆتایشدا ئەو، واتا ژن، دەکریت بە غەنیمەت. بۆیە ئیدی پرسیار لەسەر ئەوە نییە کە بۆچی جیگای ژن هێندە دەهێنرێتە خوار، بەڵکو چی وادەکات مرۆڤ ببێت بە مووڵک و دارایی؟ بۆئەم مەبەستەش، هەستدەکرێت پرسیار و وەڵامەکان سەبارەت بەم جێگاو وڕێگایەی ژن لەوە دەکەوێت لە کایەی دەروونشیکاریدا بمێنێتەوە، بەڵکو ڕووبەری ئابووری دەبێتە شانۆی گەران بەشوێن ئەم پرسیارەدا .

ئا لێرەوەیە کە تەیفووری: چاوتیژانە و بە توانایەکی ئەکادیمی بالّاوە، بە گەڕانێکی ووردی نێوان لێکۆڵینەوە تازەکانی بیرمەندان و فەیلەسوفانی کۆن و تازەوە دەکەوێتە شوێن پرسیاری:"لە دڵی کام کردەی دامەزرێنەر/ چەپێنراوەوە ژن دەکریت بە بەشێک لە غەنیمەت؟ شوێن و پێوەندی ئابووری و حاکم لەم ئاینە نوێدا چییە؟ ". ئەمە ئەو گەرانە سیحرئامێزەیە کە خوێنەر لە دوو تویی ئەم کتێبە ٢٣١ لاپەرەییەدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە. بەڵام ئەوە تەنها پرسیاری بە غەنیمەتبونی ژن نییە کە لە نێو دێرەکانی ئەم کتێبەوە دەبێتە پرسیاری سەرەکی، بەڵکو پرسی ئەنفال، یان بە غەنیمەتکردنی ئینسان و ئەو چرکە میژوویەی کە تیایدا خواوەند مەملەکەتی حەرامەکان

دەخاتە سـنورەکانی حەلالەوە و دیدێکی بنەڕەتی نوێ لە دیدگای ئاینە تازەکەدا دروسـتدەکات کە پێچەوانەی تێروانینی ئاینەکانی پیش خۆیەتی لە پەیوەند بە تێروانین بۆ چەمکی ئەنفالەوە .

شەری بەدر وەک ویستگەی یەکەم

ئەم دیمەنە دەبێ بگێردرێتەوە، بۆ ئەوەی وێنەکە باشـتر ببینرێـت." ئومەییەی بە تەمەن، دوای پاشەکشیی لەشکرەکەی، مادام ئەسپەکەی نەمابوو و نەشـیدەتوانی هەڵبێت، بەجێ ما. خۆیی و عەلی کوڕی کە گەنج بوو و نەیـدەویسـت بـاوکی بەجێبهێڵێت لە مەیدانەکە بە پێوە وەسـتابون و بە دوای کەسێکدا دەگەڕان خۆیان بدەن بەدەستییەوە بۆ ئەوەی نەکوژرێن. عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف کە حەزی لە زرێ و پۆشـینی شـەر بوو، هاتبووە مەیدانەکەوە و دو زرێی بە کۆڵەوە بوو. ئومەییە لە دوورەوە ناسـییەوەو وهاواری لێکرد: هۆ عەبدولا! وەرە من و کوڕەکەم بەدیـل بگرە، ئێمە لەوەی هەڵتـگرتووە زیـاتر دەکەین. عەبـدوڵڕەحمـان زرێیەکانی فرێدا، بەدیلی گرتن و داییە بەر، کەچی لە بیلال هەڵکەوتن کە بە گوێرەی گێرانەوەی دیکە پیشتر کۆیلەی ئومەییە بووە. بیلال لە گۆڕەپانەکەدا بە شـوێن خاوەنی پیشـووی خۆیەوەیەتی تا بەدیل بیگرێت یان بیکوژێت.

کـاتێ بیلاک دەبینێ عەبـدولڕەحمـان ئومەیە و کوڕەکەی بەدیـل گرتوون، بـانگییـان دەکـات:"هۆ عەبـدولڕەحمـان ، ئەو کافرانەی بۆیان دەگەڕێم بۆ کوێ دەبەی؟ عەبـدولڕەحمـان وتی: بێـدەنـگ بە ئەوانە دیلی منن. بیلال تێهەڵچوویەوە: دەی خوا مـاوەت نەدات ئەگەر بێڵم لەدەسـتم دەربچن! موسـوڵمانان دەسـتو برد بە شـمشـێر کوڕەکەی ئومەییەیان کوشـت . عەبدولڕەحمان خۆیدایە پێش ئومەیە و گووتی، ئەوەتـا کوڕەکەت ئیتر نەمـاوە، ئێسـتا دێن تۆش دەکوژن. هیچم پێناکرێت. بڵێ: هیچ خودایەک نییە جگە لە ئەللا و موحەمەدیش نێردەری ئەڵڵایە. ئومەییە وتی: گەر توانییـام ئەم وشانە بڵێم، نەدەهاتمە ئەم شەڕەوە.

عەبدولڕەحمان وتی: مادام وایەفریای خۆت بکەوە، چونکە من ناتوانم فریات بکەوم. ئومەییە کە لەبەر تەمەنی نەیـدەتوانی ڕابکـات، وتی : گەر توانییـام ڕێبکەم، خۆم و کوڕەکەیشم نەدەدا بە دەستی تۆوە. کاتێک ئەوان خەریکی ئەم قسـەوباسـە بوون، موسـوڵمـ انـان بۆی چوون و کوشـتیـان. عەبدولڕەحمان بە بیلالی وت: بۆ ئەو پەندەی پێتدام ، زرێیەکانم لە کیس چوو وتۆیش دیلەکانت کوشتم. هەمووان شتێکیان دەستکەوت جگە لە من".

ئەم دیمەنە لای کۆمەلێکی زۆری ڕاڤەکـاران دێتە گێرانەوە. بەلام هـاوکـاتیش دەبێتە جێگـای ئەو نـاکـۆکـیـیەی لە نـێـوان دەسـتەو تـاقـمە جۆراوجۆرەکـانی جەنگـاوەرانی ئەم شـەڕەدا بەڕپـادەبێـت کە هەر یەکە و بەشـوێن بەش و دەسکەوتی خۆیەوەیەتی لەسەر غەنیمەت و دیلەکان. ئاخر لە ئاینە کۆنەکاندا: " غەنیمەتییان دەسـووتان یـان دەیـانکرد بەژێر خۆلەوە بە جۆرێـک کە کەس نەتوانێ دەستی لێبدات، دیلەکانیشیان دەکوشت".

بەلام ئەوەی دێتە پیش لە دوای سەرکەوتن لە شەڕی بەدردا وهەڵوێستە جۆراوجۆرەکانی عومەری کوڕی خەتـاب ، عەبـدوڵای کوڕی ڕەواح و ئەبوبەکر لە پەیوەنـد بەوەی کە چی لە ئەنفـال (غەنیمەتی بەدەستهاتووی شەڕەکە) بکرێت، پەیامبەری ئیسلام بریار لەسـەر ئەنفال دەدات. بڕیارێک سـەرتاپای ئەو تێڕوانینە دەگۆڕێـت کە تـا ئەو کـاتە لە ئـایینەکـانی دیکەدا ڕەوایەتی هەبووە. ئەویش لە کورتییەتی خۆیدا بریتیە لەوەی ئەوەی کە تا پیش ئەم چرکەسـاتە ئەنفال بەشـێک بوو لە حەرام و نەدەکرا بە قوربانی و بەشـێک بوو لەو ئاوارتەیەی لە دەرەوەی دەسـتـگـای تەشـریـعـی ئینسـانەوە بوو، ئەمجارەیان حەرام دەخرێتە ناو دەسـەلاتی حاکمەوە. ئەو دوو ناوهێنانە کورتەی کە لە قورئـانـدا بـاس لە ئەنفال دەکات، ئەو ڕووبەرە فراوانەیە کە تەیفووری لە ڕەچەلەکناسی ئەنفالدا بە شوێن ئەم پرۆسەیەوەیەو لێرەیشەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ قەتڵوعامی کوردەکان لە ژێردەسەلاتی بەعسدا.

ئەم لێکۆڵینەوەیە کۆمەکێکی گەورە بە ئینسـانی کورد دەکات کە لەو شـتە تێبگات کە بە ئەنفالی کوردەکـان نـاودەبرێـت کە بە یەکێـک لە برینە قولەکانی سەر جەستەی ئینسانی کورد دەژمێردرێت ، کە بە بڕوای من، جگە لە بواری سـیاسـەت و تا ڕادەیەکیش شـیـعر ، جێگـایەکی ئەوتۆی لە

لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا داگیرنەکردووە کە لە ئاستی گەورەیی پرسیارەکەدا بێت. تەیفوری لەپاش روونکردنەوەیەکی درێژ و باوەڕپێهێنەردا سەبارەت بە کەشفکردنی ئەو سنوورجیاکردنەوەیەی کە ئیسلام لەگەڵ ئەو نەریتە باوەی کەئاینەکانی دیکەی پێش خۆی پەیڕەوییان لێدەکرد، نیشانی دەدات کە چۆن ئەنفال دەکریتە ئەو حەرامەی کە دەسەلاتی حاکم حەلالی دەکات.

ئەنفال و خودا

دەڵێن لە یەکێک لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی نازیزمدا، کۆمەڵێک جووی ئایندار، لە ئێوارەیەکی ژووڕە شیدارەکەی خۆیاندا، لە بەرانبەر مەرگبارینی ڕۆژانەی هاوڕێیان و ئازیزانیاندا، ئیمانییان بە خواوەندی خۆیان لەقدەبێت و ئەو پرسیارە دەکەن کە لە هیچ کاتێکی ئاسایدا نەیانوێراوە بە سەر زاریاندا بێت .


" دەکرێ خودا بەرپرسیارێتی ئەم دۆزەخەی ئەوانی لەسەر شان بێت و لەم جەهەنەمە قاندراوەی ئەواندا دەستی نەبێت". بۆ ئەم مەبەستە، پێکهێنانی دادگایەکی بچکۆلە، پێکهاتوو لە دادوەر و پارێزەر بۆ تاوانبار و تاوانلێکراو، خێرا دادەمەزرێنرێت. لە پاش قسە و باسێکی درێژ، بە کۆی دەنگ بڕیاردەدرێت:" بەڵێ، خوداش تاوانبارە" بەڵام هەر لە دوای خوێندنەوەی ئەم بڕیارەی دادگا، دەڵێن: "بەلام ئێستا کاتی نوێژی ئێوارەیە، با بڕۆین نوێژەکانمان بکەین" . ئاخر ئینسان لە دۆزەخەکانی ئاوشویستدا نەیدەتوانی بێ ئومێد، بێ خودا بێت.

ئەم نموونەیە، لە دۆخی ئەنفالی کوردەکاندا بەم جۆرە ئامادەیی خوا نیشاندەدات:" ڕەنگە ٥ دەقە زیاتر هەر تەقەیان کردبێ و هەموو سەیارەکەیان کردە سەرەن، بڕوا بکە دەنگێک لەناو سەیارەکەوە دەهات لە ژیانمدا گوێم لە دەنگی وانەبوو بوو، ئەوەندە ترسناک بوو. دەنگی چۆڕەی خوێن بوو کە لەو کوونانەوە فیشکەی دەکرد کە فیشەک کوونی کردبوو. دەتووت هەوایە دەیکەیتە تایەی سەیارەوە، ئاوا فیشەکەی دەهات. چونکە خوێنەکە زۆر زۆر بوو، لە ناو سەیارەکە و هێشتا هەمووی خوێنێ لێدەچۆڕا. من هەستەکەم هەر خوا خۆی مەیلی وابووە ئێمە بمێنین و بگەڕێینەوە تا خەڵک بزانێ چییان بەسەر ئەو عالەمەیا هاورد. ئەگینا من زۆر جار بیردەکەمەوە، دەڵێی خەیالە".

ئەمە بەشێک لە گێڕانەوەی عوزێرە بۆ ئەو چرکەساتەی کە جگە لە خوێن، خواش بە پەلەپرووزێ بۆ ڕزگارکردنی دەموچاوی خۆی، شەرمنۆکانە کەسێک ڕزگاردەکات تا وەک شایەتێک ڕووداوەکە بە نەوەکانی داهاتوو بگەێنێت. بە کورتییەکەی لە ئاوشویتش و لە ئەنفالدا، ئینسان ناتوانێت بێ ئومید، یان بێ خوا بێت.

جیاوازییەک کە لە نێوان ئەم دوو نموونەیەدا هەیە ئەوەیە کە کوردەکان لە دوای شاردنەوەی جەستەکانی ئەنفالەوە، لەلایەن زیندووەکانی دوای ئەنفالەوە، ئەم پرسیارە دەکەن : لەم تراژیدیایەی ڕووبەڕوی ئێمە بوویەوە ، خودا چەندە تاوانبارە؟ بێگوومان وەلامی " بەڵێ خودا تاوانبارە" کە تێروانینێکی باو و تا ڕادەیەک بەرینی ناو کۆمەڵگای "خوێندەواری" کوردییە، ، زادەی دادگایکردن و خوێندنەوەیەکی قوڵی جێگاو ڕێگای ئایین نییە لە پرۆسەی ئەنفالدا، بەلکو دەرئەنجامی بەیەکەوەگرێدانی سووڕەتی ئەنفالی ناو قورئانە لەگەڵ ناوی ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییەی کە ئەنفالی کوردەکانی تیا ئەنجامدەدرێت. بە بڕوای من، ئەم پێکەوەلکاندن و پەیوەندیسازکردنە ، کاردانەوەیەکی سروشتی و تا ڕادەیەک زۆر سادەی قوربانییە کە دەیەوێ وەڵامیکی ئیجگار سانا بە پرسیارێکی قوڵ و ئاڵۆز بداتەوە. ئەوەشمان لە یاد نەچێت لە پاڵ کاردانەوەی ئینسانی تاکەکاندا و گەران بەشوێن پرسیاری بۆچی ئەنفالدا، ئەم پرسە لە کایەی سیاسەتدا دەخرێتە ناو گووتارێکی تووندی ناسیونالیستییەوە کە ناوەڕۆکەکەی دژە ئیسلام و عەرەبە. دەرئەنجامی ئەم پرۆسەیە، ئێمە دەبینە خاوەنی گوتارێک بۆ ناساندن و گەران بە دوای ئەنفالدا کە لە بەرگێکی ئاینییەوە پێچراوە و وەلامی پرسیاری بۆچی ئەنفال لە ئیسلامدا دەدۆزێتەوە .


ئەم لێکۆڵینەوەیەی تەیفوری، ئەنفالی کوردەکان دەخاتە ئەو چوارچێوە زانستییەوەی کە ئینسان بۆ سەرنجدان لەم پرسیارە گەورانە پێویستییەتی.



ڕەوانـــدنەوەی تەمـــی ئەو گوومانانەیشـــە کە لە دەوری وشـــەی ئەنفال و بەکارهێنانە ئاینییەکەی هەڵچنراوە. بۆیە خـــۆێـــنەر ســـــادەتـــر و چـــاوکـــراوانەتـــر دەتـــوانـــێ ئەکـتەرەکـــانـــی دەرگـیـر لەم پرۆسەیەدا ببینیت .

"ڕەچەڵەکناســـی ئەنفـال"، یەکێـــک لەو پێـــویســـتییە گرنگانەی ئینسانی کوردە بۆ ئەوەی بـــتـــوانـــێ بەبـــێ دەمـــارگیرییەکی ئـــاینـــی و نەتەوەیی لە بڕیارەکانی خۆی بڕوانێت. پێویســـتییەک، کە دەمـــێـــک بـــوو دەبـــوا پربکرایەتەوە.

- **مەنســـــــــوور تەیفووری، ڕەچەڵەکناســـی ئەنفال، ٢٠٢٢، چاپخانەی سوهرەوەردی**



گۆڕی بەکۆمەڵ لە مێژوودا و عێراق لەمەشدا بەدناوترینە



محەمەد حەمەسالّح تۆفیق

هەموو بۆچوونەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کەوا گۆڕ یان گۆڕستانی بەکۆمەڵ ژمارەیەک تەرمی مرۆڤی تێدایە کە دەناسرێنەوە یان ناناسرێنەوە. نەتەوە یەکگرتووەکان وای دیاری دەکات کە شوێنی ناشتنی سێ تەرم یان زیاترە لە قوربانییانی کۆمەڵکوژی و هەندێ بۆچوونیش بە شوێنی شاردنەوەی دوو تەرم و بۆ سەرەوە دەستنیشانی دەکات و لەنێو ئەمانەشدا یاسای ساڵی ٢٠٠٦ی پارڵاستنی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی عێراقە. هەرچەندە کۆدەنگییەکی ورد لەم بوارەدا نیە، بەڵام بەگشتی گۆڕی بەکۆمەڵ لەپاش مردن یان کوشتنی ژمارەیەکی زۆری خەڵک دروست دەکرێت و ئارەزوو کردن بۆ ناشتنی تەرمەکان بەپەلە لەبەر هۆکاری شاردنەوەی تاوان یان تەندروستی. لە کاتی جەنگ و بەرپاکردنی تاوانی گەورەدا پەنا دەبرێتە بەر گۆڕی بەکۆمەڵ، هەروەها دەگونجێت لە کاتی گرانی و برسێتی یان پەتا یان کارەساتێکی سروشتیشدا پەنای بۆ ببرێت و لەم حاڵەتانەدا بەکارهێنانی بۆ بەرگرتنە لە بڵاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشی. بەزۆری ئەم حاڵەتانەش هاوکاتە لەگەڵ هەرەسهێنان و داڕووخانی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، کە تێیدا ناتوانرێت تاک بە تاکی تەرمەکان دەستنیشان بکرێن و بناسرێنەوە و بە رێگە و شێوەی ئاسایی ئەسپەردە بکرێن .

هەندێ نموونەی مێژوو قوربانییانی جەنگ:

گۆڕێکی بەکۆمەڵ کەوا لانی کەم ٣٠٠ هەزار ئێسک و پرووسکی ڕووسەکانی کێشقی تێدابووە کە بەدەستی داگیرکەرە مەغۆلەکان کوژراون لە ساڵی ١٢٣٨دا، ساڵی ٢٠٠٥ لە یارۆسلاڤڵ - ڕووسیا دۆزراوەتەوە لەکاتی هەلکۆڵینی زەویدا.

جەنگی ٣٠ ساڵەی ئەوروپا لە سەدەی حەڤدەدا ساماناکترین جەنگی ئاینی ڕوویداوە و لە یەکێک لە شەڕەکاندا تەرمی ٤٧ سەرباز خراونەتە یەک گۆڕی بەکۆمەڵەوە و پشکنینی شوێنەوارناسی و ئێسکناسی دەریخستووە کە تەمەنیان لە نێوان ١٥ - ٥٠ ساڵ بووە.

لە ئەنجامی جەنگەکانی ناپلیۆندا ژمارەیەکی زۆر گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزراونەتەوە کە ئێسکوپرووسکی ژمارەیەکی زۆری سەربازان و ئەسپەکانیانی لەخۆگرتووە.

لە ئیسپانیا زیاد لە دوو هەزار گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزراوەتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شەڕی ناوخۆی ئیسپانی و مەزەندە دەکرێت کە ٥٠٠ هەزار کوژراویان لەخۆگرتبێت لەنێوان ساڵانی ١٩٣٦ - ١٩٣٩دا. بێجگە لەوەش ١٣٥ هەزار کەسی تر لەپاش کۆتاییهاتنی جەنگ کوژراون. تا ئێستاش پسپۆڕانی جیۆفیزیک و ئارکیۆلۆجی و پزیشکیی داد (فۆرێنسیک) لەکاردان بۆ دۆزینەوە و ناسینەوەی ئێسکوپرووسکەکان، بە پشتبەستن بە تۆماری بۆماوەیی کەسوکاری قوربانییان.

لە ساڵانی ١٩٥٠کانی جەنگی نێوان هەردوو کۆریای باشوور و باکووردا لەنێوان ١٠٠ - ٢٠٠ هەزار خەڵکی سڤیلی کۆریا کوژراون و بە ژمارەی جیاواز لە گۆڕی بەکۆمەڵدا نێژراون. ئەم قوربانییانە لەلایەن حکوومەتی کۆریای باشوورەوە بەوە تاوانبار کرابوون کە هاوکار و هاوسۆزی کۆریای باکوور بوون. لەو سۆنگەیەوە گیراون و دواتر بێ دادگایی کردن لە شوێنێکدا پۆل پۆل کۆمەڵکوژ کراون و هەر لەو شوێنەدا بە بێ ناسنامە و ناونیشان لە گۆڕی بەکۆمەڵدا نێژراون و

نەیانهێشتووە کەس نزیکی ئەو جێگەیە بکەوێتەوە. دواتر کەسوکاریان دەریانهێناونەتەوە و بەبێ ناسینەوە دووبارە بە نەریت و ڕێوڕەسمی ئایینی و کۆمەڵایەتیی خۆیان ناشتوونیانەوە. وەک نموونەیەکیش، لە ساڵی ١٩٥٦دا خێزان و بنەماڵە کارەساتبار و جەرگسووتاوەکان زیاد لە سەد لاشەی بێ ناونیشان و شیبووەوەیان لەو گۆڕانە دەرهێنابوو، پاش ئەوەی دڵنیابوون لەوەی کە پەیکەرەئێسکی هەر تەرمێک وەک خۆی ماوەتەوە و هەریەکەیان لە گۆڕی بێ ناونیشانی خۆیدا دووبارە ناشتەوە لە گۆڕستانێکی دوورگەی جێجوودا. ئەوجا میلێکی یادەوەرییان لە بەردی گرانیت دروستکرد و لە ڕاسەری گۆڕەکان دایاننا و لەسەریان نووسی "ئەم گۆڕانە هی سەد باوباپیر و یەک نەوەن". هەڵبەت ئەمەش هێمایە بۆ ئەوەی کە بەپێچەوانەی زانستی ڕەچەڵەکناسییەوە ئەوان وەک گەل و نەتەوە خۆیان بە نەوەی ئەو قوربانییانە دەزانن. پێموایە ئەمە بۆ ئێمەی قوربانییانی کوردیش پەندێکی باش بێت لە حاڵەتی نائومێد بوون لەوەی کاربەدەستان بتوانن بە پشکنینی) دی ئێن ئەی (DNA ئێسکوپرووسکی ئازیزانمان بۆ دەستنیشان بکەن.

لە سەردەمی جەنگی ڤێتنامدا گەلێ گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزرانەوە. لە پایزی ١٩٦٩دا نزیکەی ٢٨٠٠ ڕوفات و تەرم لەم گۆڕە بەکۆمەڵانە دەرهێنران. ئەو قوربانییانەی کە تییاندا نێژرابوون کاربەدەستانی حکوومەت، خەڵکی سڤیلی بێتاوان و ژنان و منداڵان بوون، کە ئەشکەنجە درابوون و پاشان ئیعدام کرابوون و لە هەندێ حاڵەتیشدا بە زیندوێتی کرابوونە ژێر خاکەوە. زۆرێک لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان باوەڕ وایە هەر یەکێکیان سەدان سەربازی لەخۆگرتبێت.

کۆمەڵکوژییەکان:

جینۆسایدی ڕواندا لە ماوەی سەد ڕۆژی ساڵی ١٩٩٤دا مەزەندە دەکرێت کە زیاد لە هەشتسەد هەزار کوژراوی ئیتنیکی تووتسیی لێکەوتەوە لەسەر دەستی ئیتنیکی زۆرینەی هۆتۆ و دەستیان لە ژن و منداڵیش نەدەپاراست و هەر شوێنێکی و هەک کەنیسە و خوێندنگە و تاد. پەنایان بۆ دەبرد لەوێ کۆمەڵکوژیان دەکردن و شوێنەکەشیان دەکردە گۆڕی بەکۆمەڵ بۆیان. ئەوان هەموو جۆرە چەک و ئامێرێکیان بەکاردەهێنا بۆ کوشتنیان و زیاد لە پەنجا هەزاریان لە هەر یەک لە کەنیسەیەکی کاسۆلیکی لە شاری نیاماتۆ و لە خوێندنگەیەکی پیشەسازی لە شاری مۆرامبی کوشت و کەنیسەکە و مەکتەبەکەشیان بۆ کردن بە گۆڕی بەکۆمەڵ. بێجگە لەوەش هەزارانیان لێ فرێدانە ڕووباری نیابارۆنگۆوە. لەم تاوانی جینۆسایدەدا زیاد لە ٢٥٠ هەزار ژن ئەتککران، ٢٠ هەزار منداڵی بێسەرپەرشت، ٥٠ هەزار بێوەژن، ٢٨ هەزار کەمئەندامی لێکەوتەوە. بەڵام دواتر هەموو تاوانکاران درانە دادگا و کەس لە سزای جۆراوجۆر دەربازی نەبوو. ئەمڕۆ لە کیگالیی پایتەختی ئەو وڵاتە و شارەکانی تر شەش مۆزەخانە کەلە سەری زۆرێک لە قوربانییەکانی تێدا نمایشکراوە لەگەڵ چەندین مۆنۆمێنتی یادەوەری کە ورد و درشتی تاوانەکەت بۆ باس دەکەن. هەموو ڕوفات و تەرمەکانیشیان لە گۆڕی بەکۆمەڵ دەرهینا و بەو شێوەیەی کە شایستەی شکۆی مرۆڤ بێت نێژرانەوە. هەروەها تەرمی فرێدراوی نێو ڕووبار و دەریاچەکانیشیان دەرهێنایەوە و تەنها لە دەریاچەی ڤیکتۆریا ٤٠ هەزار تەرمیان دەرهێناوە. ئەمڕۆ لەو وڵاتە ئەفریقییە بە کۆمەڵێک ئامراز و کردار بەریان لە دووبارەبوونەوەی ئەو تاوانە گرتووە و لەسەر دار و پەردووی داڕووخاوی پاش جینۆسایدی ئەو وڵاتە گەشەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەرچاویان کردووە و بیزنێسی سەرەکیی سیاسەتمەدار و کاربەدەستانیان لەسەر پەرەپێدانی مرۆیی و ئابووریی وڵاتەکەیە.

لە جینۆسایدی ئەرمەندا کە بەشی یەکەمی لە ساڵانی ١٨٩٤ - ١٨٩٦ و دواتر لە ساڵی ١٩٠٩دا و بەشی دووەمی یان ترۆپکی لە ساڵی ١٩١٥دا بەرپاکرا لە دەوڵەتی عوسمانیدا، نزیکەی ملیۆن و نیوێک ئەرمەن بە هۆکار و شێوازی جۆراوجۆر لەناوبران، هەر لە فرێدانە ناو دەریای ڕەش و ڕووبارەکانی دیجلە و فورات و لقەکانیانەوە تا سووتاندن و بە دووکەڵ خنکاندنیان لە ناو

ئەشکەوتەکان و لە ناو حەرەمی کەنیسەکانیاندا، یان هەڵدانە خوارەوەیان لە لووتکەی چیاکانەوە بۆ نێو دەرە و شیوە قوواڵەکان، کە بووبوون بەگۆڕی بەکۆمەڵیان، یان بەدەم ڕاگواستنیانەوە بۆ بیابانەکانی سووریا لەبرسا و بەنەخۆشی دەمردن. ئەرمەن ئەوە زیاد لە سەد ساڵە ئەم جینۆسایدەی خۆیان لەبیر نەکردووە و ئێستاش دەڵێی دوێنێیە لە مێژوویاندا بە چەندین شێوە سەرنج و سۆزی دنیای شارستانییەت بە لای ناساندنی تاوانەکەدا ڕادەکێشن و سەرباری بەرژەوەندیی نیودەوڵەتیی لەگەڵ تورکیادا ئەوان بە هەوڵ و کاری سیستماتیکی خۆیان هەنگاوی باشیان بڕیوە لەم بوارەدا و دووەم گەلن لە دوای جوو بۆ ناساندن و جێکردنەوەی خۆیان لە نێو پێچەڵپێچی ئاڵۆزی سیاسەتی نیودەوڵەتیدا.

گرانیی (برسێتیی) گەورەی ئێرلەندا:

ساڵانی ١٨٤٥ - ١٨٤٩ گرانییەکی سامناک لە ئێرلەندا ڕوویداوە کە بە گرانیی گەورە ناوی دەرکردووە و نزیکەی یەک ملیۆن کەس لەبرسا مردوون. لەبەر ئەو ژمارە زۆرەی مردن و هەژارییەکی سەخت کە لەو کاتەدا بەرۆکی گرتوون زۆرێک لە خێزانەکان نەیانتوانیوە ئازیزانیان بەگۆڕەی دابونەریتی باو بنێژن و لەجیاتیدا خستوونیانە گۆڕی بەکۆمەڵەوە. ساڵانێکی دوور و درێژی دواتر کنە و هەڵکۆڵینی ئارکیۆلۆجی لە شوێنەکانی بەخاکسپاردنی بەکۆمەڵی ئێرلەندادا کەوتووەتەکار و لە تەنها یەک گۆڕی بەکۆمەڵدا ڕوفاتی هەزار کەسیان دەرهێناوە. پەیکەرە ئێسکەکان لەم گۆڕانەدا لەسەر یەک کەڵەلە کرابوون لە چاڵی لاکێشەییدا کە ماوەی نێوانیان مەترێک بووە. شیاوی گوتنە کەوا لە ساڵەکانی جەنگی جیهانیی یەکەمدا لە شاری سلێمانیش گرانییەکی سەخت ڕوویداوە و زۆرێک لە دانیشتوانی لەبرسا مردوون و لە ناو جادە و کۆڵانەکاندا تەرمی زۆر کەوتوون. هەندێ سەرچاوەی مێژوویش دەگێڕنەوە کەوا لە کۆی دە هەزار کەسی دانیشتووانی ئەم شارە نزیکەی دوو هەزار کەس ماونەتەوە.

پەتای ئەنفلۆنزای ئیسپانی لە ساڵانی ١٩١٨ - ١٩٢٠دا گەلێ وڵاتی جیهانی گرتەوە و نزیکەی ٥٠٠ ملیۆن کەس گرتی کە ئەو کاتە دەیکردە یەک لەسەر سێی دانیشتووانی جیهان و نزیکەی پەنجا ملیۆنیشی کوشت و زۆربەی قوربانییەکان لە ئوسترالیا و کەنەدا ئەمریکا بوون.

بوومەلەرزەی ساڵی ٢٠١٠ وڵاتی هایتی هەزاران تەرمی لەدوای خۆی بەجێهێشت لەسەر شەقامەکان و لەبەر خۆر کە بۆگەنیان کردبوو. حکوومەتی هایتی بە ئامێری قورس و ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر تەرمەکانی لەگەڵ خۆڵ و خاشاک دەگواستەوە و لە چاڵی لاکێشەیی قووڵدا هەڵیدەڕشتن و دەیکردن بە ژێر خاکەوە. لە کولتووری خەڵکی ئەو وڵاتەدا سروت و ڕێوڕەسمی مردوو ناشتن بایەخیکی گەورەی هەیە و نەریتە ئاهەنگسازییەکانی لە خەرج و تێچووی خانووەکانیان زیاتری تێدەچێت. باوەڕیشیان وایە کەوا مردوو بەردەوامە لە ژیان و لە ڕێگەی ئەم سروتە ئاهەنگسازییەوە پەیوەندیی دەگرێت بە نەوەکانیەوە. بەم هۆیەوە ناشتنی تەرمەکان بەم نادیاری و بێ ناونیشانییە لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا زۆر بەسەختی ئەم پەیوەندییە ڕۆحییەی شێواند لە نێوان مردووەکان و زیندووواندا.

گۆڕە بەکۆمەڵەکانی کورد و عێراقییەکان

عێراقی سەردەمی ڕژیمی بەعس بوو بە سەردەمی ئەنجامدانی گەلێ تاوانی سامناک دژ بە خەڵکی وڵاتەکە بەگشتی و دژ بە کورد و شیعەش بە تایبەتی و بۆ ئەمیان بەتایبەتتر لەپاش داگیرکردنی کوەیت لە ساڵی ١٩٩٠دا و ئەو شکست و سەرشۆڕییەی تووشی هات بە کشانەوە و چۆڵکردنی ئەو وڵاتە لە ئەنجامی هێرشی ئەمریکا و هاوپەیمانان و تێکشکان و بەزینی سوپای عێراق. وەک ئەنجامیش هەڵگیرسانی ڕاپەڕینێکی پڕ تووندوتیژی لە سەرەتای ساڵی ١٩٩١دا لە باشووری عێراق و دواتر بواردانی ئەمریکا بە مانەوەی ڕژیمی بەعسی عێراق و دەستوالا کردنی بۆ لێدانی تووندی شیعە، بە هەمان ئەو چاوپۆشییەی کە لە سەرەتای ساڵانی ١٩٨٠کانەوە نواندی تا

سەرەتای ١٩٩٠کان کە دڵڕەقانە مامەڵە لەگەڵ کورد و جووڵانەوە چەکدارییەکەیدا بکات بە شێوەیەکی سیستماتیک و پلان بۆ دارێژراو تا ئاستی گەیاندنی بە بەرپاکردنی جینۆساید بەگوێرەی یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکانی ئەم تاوانە و بەتایبەتی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزادان لەسەری، کە ساڵی ١٩٤٨ لەلایەن کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئیمزای لەسەر کراوە و ساڵی ١٩٥١ چووەتە بواری کارپێکردنەوە. بێگومان سەرجەمی پرۆسەکانی جیینۆسایدی کورد هەر لە وڵات ڕاگواستن و لەناوبردنی کوردی فەیلی و بارزانییەکان و ئەنفال و هەڵەبجەوە بیگرە تا ئەودوای پاکێجەکانی تر و ڕاگواستن و بەعەرەبکردن هەموو دەچنە خانەی جینۆسایدەوە و دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق حوکمی یاسایی خۆی لەسەر دەرکردووە و پەرلەمان و حکوومەتی عێراقیش کە میراتگری ڕژێم و حکوومەتەکانی پێشتری عێراقە سەلماندوویەتی.

وەک پێشتر ئاماژەمان بۆکرد لەئەنجامی سیاسەتی کوشتوبڕی ڕژێمی پێشوو عێراق پڕبوو لە گۆڕی بەکۆمەڵ و بە پێی ڕووماڵ کردنی دامەزراوەی شەهیدانی عێراق (موءسسة الشهداء) تا ئێستا ٣٤٦ گۆڕی بەکۆمەڵی تێدا دۆزراوەتەوە و دەسنیشان کراوە، کەوا بە خەمڵ و مەزەندە نزیکەی ٣٠٠ هەزار قوربانی لەخۆگرتووە، بێجگە لە قوربانییانی کوردی ئێزیدی و هیتری دەستی داعش، کە لە عێراق و سووریادا تا ئێستا ٧٢ گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزراونەتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٦دا عێراق یاسای ژمارە (٥)ی پاراستنی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی دەرکردووە (قانون حماية المقابر الجماعية)، کە بەم جۆرە پێناسەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی کردووە: "خاکێکە، لاشەی زیاتر لە شەهیدێکی تێدایە، بە شێوەیەک نێژراون یان شاردراونەتەوە کە ڕێوشوێنە شەرعی و بەها مرۆڤایەتییەکان ڕەچاو نەکراون، مەبەست لێی شاردنەوەی تاوانی کۆمەڵکوژییە کە لە لایەن تاکێک، یان کۆمەڵە کەسێک، یان دەستەیەک ئەنجامدراوە، هەروەها بریتییە لە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ". هەڵبەت هەر لەو کاتەوە دەزگایەکیش لە عێراق دامەزراوە بە مەبەستی ڕاییکردنی کاروباری گۆڕە بەکۆمەڵەکان و پاراستنیان وەک بەڵگەی یاسایی و تاوانکاریی سەلماندنی یەک لەم سێ حاڵەتەی تاوانی جەنگ، تاوانی دژەمرۆڤایەتی و جینۆساید یان هەرسێکیان پێکەوە. ئەم دەزگا یان بەڕێوەبەرێتییەی پاراستنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان سێ کۆنفرانسی بەستووە کە ساڵی ٢٠٠٦ لە لەندەن و ساڵی ٢٠٠٨ لە بەغدا و ساڵی ٢٠١١ لە هەولێر. بێگومان سەرلەبەری ئەم یاسایە و خاڵەکانی و ئەو باس و لێکۆلینەوانەش کە پێشکەش بەو کۆنفرانسانە کراون هەموو جیددی و زانستی و ڕێنمایی و نەخشەڕێگا بوون بۆ کاری ئەم دەزگایە و لە دوای بەرپاکردنی تاوانە سامناکەکەی جینۆسایدیش لەلایەن داعشەوە دژ بە کوردە ئێزیدییەکان و داگیرکردنی مووسڵ و شوێنانی تری عێراق لەلایەن ئەو ڕێکخراوە تێرۆریستییەوە و زیادبوونی ژمارەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی کە قوربانییانی ئێزیدی و خەڵکی تریشی لەخۆگرت، یاسای گۆڕە بەکۆمەڵەکان هەموار کرایەوە و بوو بە یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٥.

هەڵبەت ئەم دەزگایە لەم ساڵانەدا دەبوو بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگا و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی تری عێراق و هەرێمی کوردستاندا و بەتایبەتی لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستاندا بیتوانیبایە بەشێوەیەکی زانستی و پراکتیکی کاری بکردایە و سەرجەمی کەسوکاری قوربانییان لە عێراق و

پڕ خەم و گریان و فرمێسکدا دەیکردە تووڕەکەیەکەوە دەیبردەوە بۆ دووبارە ناشتنەوەی و دەیان و بگرە سەدانی تریش بە بێ ناسینەوە و تەنها بە مەزەندە و گۆترەکاری ڕوفاتیان دەبرا. ڕاستێکەی بەم ڕەفتارە پڕ سۆز و گۆترەکارییە بەڵگەیەکی هێجگار زۆری تاوانەکە لەدەستچوو کە دەکرا دژ بە تاوانکاران و سەرانی ڕژێم بەکاربهێنرایەن لە دادگایی کردنێکی پیشەیی ئاست بەرزدا و دەبوو نێودەوڵەتیش بوایە. بەمە و بە دەیان ڕەفتاری تری نازانستی و ناشایستە گەلێ دەرفەت لەدەست دران بۆ دادگایی کرنێکی ڕەوای تاوانباران، کە زۆرێکیان دواتر وەک بەرزەکی بانان بۆیدەرچوون و لە سزای گەل دەرباز بوون. ئەم حاڵەتە بە شێوەیەکی سەختتر و تائێستاش ئازاربەخش هەرێمی کوردستانیشی گرتەوە و سەدان کەسی تۆمەتبار دەرباز بوون و بگرە پێگە و دەسەڵاتیشیان زیاتر بوو لەئەنجامی ململانێی ناڕەوای حیزبی، لە بەرانبەر داخ و پەشیمانی و نائومیدیی کەسوکاری قوربانییان. بێگومان دەزگای گۆڕە بەکۆمەڵەکان و وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان دەتوانن ئەرکی خۆیان بەجێبێنن بەتایبەتی ئەوە چەند ساڵە و ئێستاش گەلێ لایەن و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و ناحکوومیی پەیوەندیدار بە مافی مرۆڤەوە یارمەتییان دەدەن و دەیانەوێ هاوکاریان بن چەشنی کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتی بۆ کەسەونبووەکان (International Commission on Missing Persons - ICMP).

سەبارەت بە بایەخدا بە گۆڕی بەکۆمەڵ وەک بەڵگەی تاوان و لە حاڵەتی هەڵدانەوەشیدا بۆدەرهێنانی ئێسکوپرووسکی قوربانییەکان و شمەک و کەرەستانەی پێی بووە لە کاتی ناشتنیدا، من نموونەی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی گوندی کوریمێ دەهێنمەوە کە سەر بە پاریزگای دهۆکە و ڕاپۆرتێکی نێودەوڵەتیی هەردوو ڕێکخراوی هیومان ڕایتس وۆچ و پزیشکانی مافی مرۆڤی لەسەرە و بێجگە لەوەش لە ڕاپۆرتە بەناوبانگەکەی هیومان ڕایتس وۆچ / میدڵ ئیست وۆچدا (جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد Genocide in Iraq .. The Anfal Campaign Against the Kurds)، کە ساڵی ١٩٩٣ بڵاوکراوەتەوە و نووسەری ئەم باسە کردوویەتی بە کوردی (کە لە ساڵی ١٩٩٩وە تا ئێستا چوار جار چاپکراوە) ، بە وردی باس لە چۆنێتیی هەڵدانەوەی ئەو گۆڕە بەکۆمەڵە دەکەن کە ٢٧ قوربانیی گوندی کوریمێی تێدابووە و لە قۆناخی هەشتەمی ئەنفالدا، واتە ئەنفالی بادینان، لە نزیک گوندەکەی خۆیانەوە هەر لەجێدا گوللەباران کراون و ژمارەکە لە بنەڕەتدا ٣٣ کەس بووە و شەش کەسیان ڕزگاریان بووە کە یان گوللەیان بەرنەکەوتووە یان بریندار بوون و خۆیان لە پاڵ یان لە ژێر تەرمەکاندا شاردووەتەوە. تیمێکی شارەزا زۆر بە وردی و سڵەوە و بە سەرپەرشتیی پرۆفیسۆر کڵاید کۆڵن سنۆ، کە پسپۆڕی هەڵدانەوەی گۆڕی بەکۆمەڵ بووە و پێش ئەنجامدانی کارەکە لە ڕووی جوگرافی و ئارکیۆلۆجییەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە و دواتر لە پزیشکی دادی دهۆک لێکۆڵینەوەی یاسایی و تەندروستییان لەسەر کردووە و پاشان ئەنجامەکەیان لەگەڵ سەرجەمی ڕاپۆرتەکانی شاڵاوی ئەنفالدا بەراورد کردووە. هەروەها هیچ شتێکیان پشتگوێ نەخستووە کە بە قوربانییەکان بووە و وردەکارییان لە ژمارەی ئەو گوللانە و جۆرەکانیان کردووە کە لەو کاتەدا قوربانییەکانیان پێکاوە و چەند قەوانە فیشەک لە نێو گۆڕەکە و دەوروبەریدا بووە و .. تاد. کاری ئەم تیمە دواتر بووە بە ڕاپۆرتێکی نێودەوڵەتی بە ناونیشانی "وێرانکردنی کوریمێ The Destruction of Koreme". شایانی باسە کەوا لە لایەنە سەربازییەکەی ئۆپەراسیۆنی ئەنفالدا کوریمێ یەکەم شوێنی کۆمەڵکوژیی لەم چەشنەیە کە هێزەکانی سوپای عێراق هەر لەجێدا کۆمەڵکوژییان ئەنجامدابێت، دەنا لە هەر هەشت قۆناخەکەی ئەنفالدا وەک هەر کردەیەکی جینۆسایدی بەتەواوی پەیڕەوی سێ قۆناخەکەی ڕاوڵ هیلبێرگیان کردووە کە دەڵێ لە هەر شوێنێکی دنیادا کە جینۆساید ئەنجام دەدرێت لەم سێ قۆناخە بەدەر نابێت:

١ .دیاریکردنی گرووپ ٢. گرتنی گرووپی مەبەست ٣. لەناوبردنی گرووپی مەبەست، کە لێرەدا کوردی دێهاتی ناوچە ڕزگارکراوەکان بوون لە دیدی لایەنەکانی جوولانەوەی ڕزگاریخوازی کوردەوە و ناوچە قەدەغکراوەکان "المناطق المحظورة" لە دید و تێڕوانینی ڕژێمەوە. هەر لەم سۆنگەیەوە بوو کە خەڵکەکە بە فڕوفێڵ و درۆ و چاوبەستیی کۆدەکرانەوە و پاشان دەبران بۆ سەنتەرە کاتییەکانی جیاکردنەوە و پرۆسێسەکردن و پاشان دەبران بۆ کوشتن لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ناوەڕاست و باشوور و ڕۆژئاوای عێراقدا.

تیمێکی تری هەمان جووتە ڕێکخراو ساڵی ١٩٩٢ هاتوونەتە هەرێمی کوردستان و ژمارەیەک گۆڕیان هەڵداوەتەوە لە سلێمانی و هەولێر و سەربازگەی ساردار لە سلێمانی بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەسەر قوربانییەکانی دەستی ڕژێمی پێشووی عێراق و دیسان بە شێوەیەکی زانستی و لە ڕێگەی کۆمەڵێک پسپۆڕەوە ئەنجامیان داوە و دواتر کراوە بە ڕاپۆرتێکی نێودەوڵەتیی ئەو دوو ڕێکخراوە بە ناوی "گۆڕە نائارامەکان .. گەڕان بەدوای بێسەروشوێنان لە کوردستانی عێراقدا" و بەندە ساڵی ٢٠٠٤ تەرجەمەی زمانی عەرەبیم کردووە بە ناوی (قبور غیر هادئة .. البحث عن المفقودین فی کردستان العراق)، کە لەگەڵ ئەم نووسینەدا بە پاشکۆیەک دایدەنێم.

تێبینی - بۆ ئەم باسە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:

جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد
ئامادەکردنی: هیومان ڕایتس ووچ / میدڵ ئیست ووچ
لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەسالح تۆفیق
القبور الجماعیة ومآسیها فی العراق تألیف: القاضی طه بابان
قبور غیر هادئة .. البحث عن المفقودین فی کردستان العراق
هیومان رایتس ووتش و أطباء من أجل حقوق الإنسان
عن الإنجلیزیة: محمد حمەصالح توفیق
جینۆسایدی ئەرمەن و ڕۆژلی کورد تێیدا محەمەد حەمەسالح تۆفیق

هەبێت یان نەبێت ؟ پەیکەرەکەی دکتاتۆر

هۆمەرحەمەد- ٢٠٢٤/٣/١ –سلێمانی

دانانی پەیکەرێکی باڵشکاوی سەدامی دکتاتۆر، لەمۆزەخانەی نیشتمانی (ئەمنەسوورەکە)ی شاری سلێمانی، مشتومڕێکی لەسۆشیال میدیا لێکەوتەوە. هەرچەندە ماوەیەک بێدەنگم لێکرد، چونکە هەندێک هەر بەناوکەوتوون و نازانن پەیکەرسازەکە کێیەو کەی دروستکراوەو لەکوێ دانراوە، دەبینن، سەدام بەفیزیکی لەژیاندا نەماوە، بەڵام هێشتا فیکرو ڕەفتارو عەقڵییەتی لەناومانداییەو بەعسیزم لەناو فەرمانگەو خانەوادە و خێڵ و عەشرەتدا حکومرانی دەکات. شوێنکەوتووەکانی سەدام (کۆنە بەعسی)نەک هەست بەخەجاڵەتی ناکەن، بەڵکو لەناو دەسەڵات و حزب و حکومەتدا فەرماندارن و جڵەوی مەرگ و ژیانی خەڵکیان بەدەستە، ئیدی کە ئەمە حاڵەکە بێت، شەڕکردن لەسەر پەیکەرەکەی زیادەیە. بۆیە منیش ناچاربووم ڕای خۆم نەشارمەوە. لەبەراییدا دەبێت بڵێم: پەیکەر و وێنەو هەر کەلوپەلێکی تری سەدام و ڕژێمی بەعس یان هی داعش، نەک هەر ئاساییە لە موزەخانەو شوێنی یادەوەریماندا هەبن، بەڵکو ئەگەرنەبن عەیبە، مۆزەخانە ئەوکاتە بەهادارە، کە هەموو شتێکی یارو نەیار جاش وباش هەڵبگرێت. بەڵام بەئایدیاو دونیابینی ڕون ولەپێناوی دروستکردنی کۆیادەوەری و بەها باڵاکانی نیشتمان و شکۆمەندی هاونیشتمانیدا.

پەیکەرەکەی دیکتاتۆر لەکوێیە ؟

پەیکەرە باڵشکاوەکەی سەدامی دیکتاتۆر لەسەر شەقامێکی گشتی و لە ناوەندی شار دانەنراوە، بەڵکو لە مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنەسورەکەی شاری سلێمانی دانراوە، شوێنەکە ناوەندێکی گرنگی بەبەڵگەکردن ویادەوەرییە ئەمە چ نەنگییەکی تێدایە؟. ئەی مۆنومێنت و مۆزەخانە ئەرکیان چییە، ئەگەر پاراستن و نمایشکردنی ئەو توخمانە نەبێ، کەپەیوەندییان بەیادەوەرییەوەیە؟

شوناسی ستەمکاری

(دائیرەی ئەمن)، دەزگایەکی داپلۆسینەر بوو، لە هەموو شارێکدا بەڕێوەبەرایەتیەک و چەندین لق و زیندان و لە قەزایەکانیشدا معاونییەتێکیان هەبوو. ئەرکیان سیخوڕی و تۆقاندن و کوشتن و ئەشکەنجەدانی هاوڵاتیان بوو. دەزگای ئاسایش شوناسی ستەمکاریی بەعس بوو. ئەمنەسورەکە بارەگاو تازەترین باڵەخانەی ئەو دەزگا تۆقێنەرەی بەعس بوو. مێژوویەکی درێژ و خوێناوی هەیە لە شاری سلێمانیدا. لە ڕۆژی ٧ی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٩١دا خەڵکی سلێمانی ڕاپەڕین و هەموو دەزگاکانی پۆلیس و بنکە چەکدارییەکانی لە ناو شارو گەڕەکەکاندا تێکشکاندو بەعسییەکانیان چەککرد، هەمان ڕۆژ هێرشیان کردە سەر ئەمنەسورەکەو گەمارۆیاندا، هەتا ڕۆژی ٨ی ئازار بەشەڕی دەستەویەخەگیرا، ئەمنەسورەکە قەڵایەکی سەختی بەعسییەکان بوو لەوبڕوایەدا نەبوون بگیرێ، بەڵام خەڵکی ڕاپەڕیو دەرگاو دیوارەکانی زیندانەکەیان شکاندو هەموو زیندانیەکانیان بەئازایەتی گەنجانی شار ئازادکرد. جگەلە زیندانییەک بەناوی (محەمەد) کەبەعسییەکان توانیبویان فرسەتی لێ بهێنن و بیکوژن.

ئەمنە سورەکە کە ئێستا مۆزەخانەیەو پەیکەرەکەی سەدامی دیکتاتۆری تێدا دانراوە، دوای دوورۆژ هێرش و گیانبەخشینی چەندین ڕۆڵەی قارەمانی شاری سلێمانی تەواوی بەعسیەکان و ئەفسەرو کارمەندو جەلادەکانیان شکستیان هێناو بەسزا گەیشتن و قەڵاکەیان ڕوخا، کە لەسەردەمی بەعسدا شوێنی کوشتن و ئەشکەنجەدانی هەزاران تێکۆشەری کوردبوو، درندەترین جەلادەکانی بەعس لەو دەزگا تۆقێنەرەدابوون، (بۆناسینی جەلادەکان و ڕەفتارەکانیان، بیرەوەری زۆرێک لە زیندانیە سیاسیەکان لەکتێب و بەرنامە تەلەفزیونیەکانیاندا بەردەستن، بەتایبەتیش بەرنامەی ئەورۆژانەی ئەمڕۆیان دروستکرد.) بۆیە هەر وێنەو یادەوەری وکەلوپەلێکی بەعسییەکان لەوێ، نەک نابێتە عەیبەیەک بۆکوردو شاری سلێمانی، بەڵکو نیشاندانێکی ڕەوایە. بۆ خستنەڕوی ڕەفتاری فاشیەکان.

شوێنی ئەمنەسورەکە:

لەگەڵ زیادبوونی ناڕەزایەتی خەڵک بەعسیەکانیش دەزگا سەرکوتگەرەکانیان قایمتر دەکردو جەلادی زیاترو بەناوبانگتریان دەهێنا بۆ چاوترساندنی خەڵک، دەزگای ئەمن ترسناکترینیان بوو، لەو سەردەمەدا قسەیەک باوبوو، دەیانگوت: هەرکەسێک بەمیوانیش بچێت بۆ دائیرەی ئەمن بەلای کەمەوە مانگێک شەق دەخوات ئینجا دێتەوە. بەڕێوەبەرێتی ئەمن لەشاری سلێمانیدا لەسەرشەقامی سالم بوو، هەتا ئەمنە بالاخانەی سورەکە دروستکراو گواستراوەتەوە بۆئەوێ، بەڵام بینا کۆنەکەش بەشە یکی دائیرەی ئەمن و تەنانەت زیندانیشی هەرتێدامابوو کە پێیاندەگوت ئەمنی بەلدە.

ئەمنەسورەکە لەگەڕەکی شۆرش (عەقاری)یە، دەکەوێتە ڕۆژئاوای پارکی ئازادیی کە ئەوسا سەربازگەیەکی گەورەی سوپا بوو "ڕۆژی ١٩٧٩/٩/٣٠ لەسەر ڕووبەری ١٧ هەزار مەتر دووجا بەردی بناغەی دانراوە، لەلایەن چەند ئەندازیارێکی ئەڵمانی خۆرهەڵاتی جاران نەخشەی کێشراوە، ساڵی١٩٨٥ بەسێ قۆناغ تەواوکراوە، دوو قۆناغیان لەلایەن ئیدارە محەلی سلێمانییەوە سەرپەرشتی کراوە، قۆناغی سێیەمیش کە بەشی زیندانەکانە، لەلایەن کەسانی بەعسیو باوەڕپێکراوەوە کاری تێداکراوە، ڕەنگی دیوارەکانی سوورە، بۆیە ناونراوە ئەمنەسوورەکە"[٤] هەم شوناسی دڵڕەقی و درندایەتی بەعسیەکانە هەم شوناسی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانیشە. شوێنی بەپەندبوون و سزادانی تاوانباران و جەلادەکانی ئەو دەزگا دابڵوسێنەرەشە.

گرفتەکە شوێن نیە، چۆنێتی نیشاندانە.

هیچ ڕێی تێناچێت بەڕێوەبەرانی مۆزەخانە نیازێکی خراپیان لەدانانی پەیکەری سەدام هەبووبێت ناکرێت ڕوئیایەکیان بۆدانانی نەبووبێت، ئەوانیش

٤ بروانە مالپەڕی خاک ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک –ئەمنەسوورەکە..مێژوی جەلادو قوربانی– سۆزان عومەر. ٢٠١٦/٤/٢٥

قســـەی خۆیان هەیە، بۆیە ڕەوایە ڕەخنەمان بەڵام ســـەرکۆنەکردن بۆ؟. بەداخەوە ئەوەی لەبارەیەوە دەوترێت کەمترین ڕەخنەو زۆرترین قسەی بێبنەما و ناکۆکی ســـیاســـیە، کە زەق بەبەرچاوانەوە، هەرشتێک لە زۆنی سەوزبێت دەیقۆزنەوە بۆ لەدژی دەســـەڵات وەک چۆن نەیارانی زۆنی ســـەوزیش هەموو دەرفەتێک دەقۆزنەوە لەدژی دەسەڵاتی زۆنی زەرد. من لەخانەی بیروڕای جیاوازداو لەدەرەوەی ئەو ململانییەدا تەنها تێبینیم لەمەڕ دیزاین وشێوازی نیشـــانـــدانی پەیکەرەکەیە، لەڕوبەڕێکی فراوانی مۆزەخانەکەدا. چونکە دیزاین کارێکی هونەرییەو ئامانجدارە، دیزاین هەر جوانکارییەکی ڕووت نییە، بەڵکو هەڵگری پەیامیشـــە، لێهاتوویی دیزاینەر لە ڕێکخســـتن و گەیاندنی مەبەســـتێکی دیاریکراو لە چوارچێوەیەکی هونەرییـــدا دەردەکەوێ، ئەرکێتی پابەندبێت بەو پەیام و ئەرکەی پێیســـپێردراوە. دیزاین دەبێت مانا ببەخشـێتە بینەر بەجوانترین و ئاســـانترین ڕێگا. بەداخەوە دیزاینەری پەیکەرەکە سەرکەوتوو نەبووە لە گەیاندنی پەیامەکەدا، هەربۆیە ئەم هەڵایەی لێکەوتەوە.

هەمـان ئەو پەیکەرەی دیکتـاتۆر، کە ئێســـتـا لە ئەمنەســـورەکە دانراوە، ئەگەر بەمۆزەخـانەیەکی عێراقی بفرۆشـــرایە چ ســـودێکی بۆ ئێمە دەبوو؟، ڕەنگە حکومەتی عێراق ئـامـادەبێـت بەپـارە بیکڕێتەوە، بێگومان لەبەرئەوەنا، کە سەدامیان لەکن بەنرخە بەڵکـو لەبەرئەوەی پەیکەرەکەیـان وەک ڕەمزی ســتەمکاری لەکن بەنرخە، دەوڵەتدار بەهای کلتورســازی دەزانێ. ئێســتاش لەتوانادایە وەک ڕێزلێنـانێـک لەهەوڵی مـامۆســتـا (فـایەق)، کە لەکەرکوکەوە هێناوێتی و پارِاســتویەتی بەجۆرێک دیزاین بکرێتەوە، کەهیبەتی دکتـاتۆر بخـات، نەک بینەران کەوتن و نەکەوتنی بخەنە ژێرپرســیارەوە، نابێت ئەوە لەیاد بکەین، کە پەیکەرەکە لەزەمەنێکی جیاوازدا دروستکراوە. پەیکەرسازەکە لەسەردەمی جەبەروت و ســتەمکاریدا بۆ نیشـــاندانی هەیبەتی (سەدام)دروستی کردووە، بەڵام کە ئێستا بااڵێکی شـــکاوەو چەند گوللەیەکیشـــی پێوەیە، زەمەنێکی تردە لەشـوێنێکی تر دانراوە. دەکرێت مانایەکی تر بەرهەمبهێنێـت. بەپێچەوانەی ئەم دیزلینەی بۆی کراوە، کە لەروی ســـیمۆلۆژییەوە گوزارشـــت لەستەمکاری دیکتاتۆر ناکات، بەپێچەوانەوە هەیبەتی ســـەرۆکێکی بااڵشـــکاونیشـــان دەدات. کە بە برینـداریش نەکەوتووەو هێشـــتـا هەر بەپێوەیە، ڕاستە باڵی شکاوە بەڵام خۆ(بااڵشکان عەیبە نیە!) مەگەر سەدام و جەلادەکانی باڵی چەند تێکۆشەریان شکاندووە؟

پایکەرە بااڵشکاوەکە چۆن گەیشتە سلێمانی ؟

ئەم پەیکەرە مامۆستا فایەق حەمەسااڵح لەکەرکوکەوە هێنـاوێتی بۆســـلێمـانی، بەڵام بەداخەوە نەمزانی پەیکەرسـازەکەی کێیە.؟ مامۆسـتا فایەق پێیوتم کە: "ڕۆژی ١٠ی نیســانی ســاڵی ٢٠٠٣ ئەم پەیکەرەم لەگۆڕەپانێکی شـاری کەرکوک بەرچاوکەوت، لەگەڵ هاوڕێیەکمدابووین، پیکابێکی پێ بوو، خســـتمانە ناوپیکابەکەوە، هەمان ڕۆژ گەیاندمەوە ســـلێمانی. لەوکاتەدا چەند کەسێکی عەرەب هاتن لێیان پرسیم ئەم (تیمساله)م بۆچییە؟ بیرم نیە، چیم وەڵامدانەوە، ڕۆژێک کورێک هات بۆاڵم وخۆی ناســاند بەناوی سائر (ئائر) داوای پەیکەرەکەی کرد، ئەوکورە پێنج جارهاتەوە بۆاڵم، سێجار لە ئوتێل ئاشتی دانیشتین و دووجاریش لەگەڵ وەلید ســـتی و جارێکیش لەمااڵی خۆمان، داوای دەکرد بەرانبەر بڕێک پارە پەیکەرەو بەشـــێک لەوێنەکانی ڕاپەڕین و کۆڕەو و وێنەکانی کاتی کەوتنی سەدامیان لە ســاڵی ٢٠٠٣ پێبفرۆشـــم بۆ وەزیری ڕۆشـــنبیری کەنعان مەکیە، بۆئەوەی لەمۆزەخـانەی عێراقی دایبنێین، پێمووت: نایفرۆشـــم چونکە ئەمە ڕەمزێکی گرنگەو مواڵکی من نییە، مواڵکی مێژووە.

لەکۆتاییدا جەخت دەکەمەوە، کە گەیاندنی پەیام هەر پێویســـتی بەرێکخســـتن و نیشـــاندان نیە، بەڵکو پێویســـتی بەئـایـدیـاو خەیـاڵ و تیڕامـانە، هەتـا بەشـێوەیەکی داهێنەرانە، کار لەهەستی وەرگربکات، گرنگی هونەریش هەرئەوەیە، وەک چۆن زانســـت کار لە عەقڵدا دەکات، هونەر هەم کار لەعەقڵ دەکات و هەم لەهەســـت. دانانی پەیکەری دکتاتۆر، لەهەر مۆزەخـانەیەکـدابێـت دەبێـت وابخرێتەڕوو کە هوشـیاری لەبارەی تاوانەکانیەوە دروسـت بکات و زانیاریی لەبارەی ڕەفتارو مێژووی دەســـەڵاتییەوە بەدەستەوە بدات.

گەڕانی مرۆڤ بە شوێن مانادا



ڤیکتۆر فرانکڵ
لە ئینگلیزییەوە: کامەران کوردی

ئەم پەرتووکە لەلایەن دەربازبووی کۆمەڵکوژی (جینۆساید) هۆڵۆکۆستەوە، فیکتەر ئی فرانکل، نووسراوە. نووسینەکە باس لە ئەزموونێکی زۆر گرنگ و تایبەتی مرۆڤ (قوربانی) دەکات لە بەرامبەر ئازار و سەختی ژیاندا.


دەروونناس فرانکڵ نموونە و بەڵگەی تایبەتی و کەسێتی خوودی باس و نمایش دەکات تایبەت بە تیۆرە ناوازەکەی کە تایبەتە بە گەڕان و دۆزینەوەی مانای ژیان لای مرۆڤ. بۆ ئەم مەبەستەش پشت بە ئەزموونی ناخۆش و پڕ لە ئازاری خۆی دەبەستێت لە کامپینەکانی نازیەکاندا. پەرتووکەکە دابەشکراوە بۆ دوو بەش: بەشی یەکەم گێڕانەوەی ئەزموونی خۆیەتی لە هۆڵۆکۆست. بەشی دووەمی تایبەتە بەو ڕێچکە و شێوازی چارەسەری دەروونیەی خۆی کە دایڕشتووە و بە لۆگۆسێرپی (Logotherpay)ناسراوە.

ئەمە ١٠ وانەی گرنگن لە ناوەڕۆکی پەرتووکەکە:

١ –گەڕان بەدوای مانادا بنچینەییە. فراکلن وایدادەنێت پاڵنەری سەرەکی مرۆڤایەتی بەدەستهێنانی خۆشی نیە (هەروەک چۆن فرۆید پێشنیاری کردوە) وە هێزیش نیە (هەروەک چۆن ئادلەر ئاماژەی پێکردوە)، بەڵکو گەڕانە بەدوای مانادا. فرانکلن گفتوگۆی ئەوە دەکات دۆزینەوەی مەبەست و مانا لە ژیاندا پێویستە بۆ خۆشگوزەرانی و ئارامی دەروونی و توانای بەرەنگاربوونەوە و تەحەمولکردنی ناخۆشیەکانیش لە کات و ساتە سەختەکاندا.

٢ –ئازارچەشتن دەکرێت مانادار بێت. یەکێک لە خاڵە جەوهەریەکان و ناوەڕۆکی پەرتووکەکە تایبەتە بەوەی کە ئازارچەشتن و نارەحەتی لە کاتێکدا زۆر ناخۆشە، بەڵام دەکرێتە ببێتە سەرچاوەیەکی مانا بەخشین. فرانکڵ چەخت لەسەر ئەوە ئەکاتەوە تاکەکان دەتوانن شێوازی دەربڕاز بوون هەڵبژێرن لەگەڵ خەم و ئازارەکاندا، وە لە هەمان کاتیشدا مانای بدۆزنەوە لە دەرئەنجامی ئەزموونەکانیاندا. بە گرتنەبەری شێوازێکی ئەرێنی بەرامبەر خەم و پەژارە و گۆڕانی بۆ شێوە و ڕێگایەکی گەشەکردنی شەخسی.

٣ –ئازادی هەڵبژاردن: فرانکڵ تەرکیز ئەکاتەوە لەسەر ئەو خاڵەی کە سەرەڕای هەموو



باردۆخە دەرەکیەکان، تاکەکان هەموو کاتێک توانا و ئازادی هەڵبژاردنیان هەیە بەرامبەر بە شێواز و شێوەی وەڵامدانەوە و ڕەفتاریان. ئەم چەمکی ئازادی خودیە زۆر بنچینەییە. تەنانەت لەژێر خراپترین بارودۆخی ستەم و چەوساندنەوەدا، مرۆڤەکان توانای هێشتنەوەی کەرامەت و هەستکردن و مانای خودی هەیە لە ڕێگای هەڵبژاردنی شێوازی کاردانەوەیان بەرامبەر ناخۆشی و ئازارەکان.

٤ –گرنگی هەستی بەرپرسیارێتی: هاوشانی ئازادی، بەرپرسیارێتی یەت. فرانکڵ تەکید ئەکاتەوە لەسەر بوونی ئازادی هەڵبژاردن، لە هەمان کاتدا بەرپرسیارێتی ئەوەش یەت کە مانادارانە و شیاوانە ڕەفتار و مامەڵە بکرێت. هانی خوێنەران ئەدات کە بەرپرسیارێتی بڕیار و شێوەی ژیانیان لە ئەستۆبگرن. چوونکە ڕەچاوکردنی بەرپرسیارێتی لە ژیاندا سەرەکی و پێویستە بۆ دۆزینەوەی مەبەستەکان و دابینکردنی ژیانێکی شایستە و مانا بەخش.

٥ –سێ ڕێگای گەیشتن بە مانا. فرانکڵ دەستنیشانی سێ سەرچاوە و ڕێگا دەکات کە مرۆڤەکان دەتوانن لە ڕێگایانەوە بگەن بە مانا. لە ڕێگای کارکردنەوە (کردنی شتێک کە گرنگ بێت)، لە ڕێگای خۆشەویستیەوە (ئەزموونکردن و پیشاندانی خۆشەویستی بەرامبەر خەڵکانی تر)، وە پاشان لە ڕێگای ئازار چەشتنەوە (دۆزینەوەی مانا لە کاتە سەختە و دژوارەکاندا). هەر یەکێک لەو ڕێگایانە شێوازێکی جیاواز پێشکەش ئەکەن بۆ بنیادنانی ژیانێکی مانادار.

٦ –دەوری هیوا: دەستگرتن بە هیواوەوە گرنگە لە کاتی ناڕەحەتیەکاندا. فرانکڵ تێبینی ئەوەی کردبوو ئەو کەسانەی ئومێد و هیوا و ڕوئیایەکیان هەبوو داهاتوو یان هۆکاری تەحەمولکردن،، زۆرتر و زیاتر توانای مانەوە و ژیانیان هەبوو بەرامبەر ناڕەحەتی و ئازارەکانی کەمپەکانی هۆڵۆکۆست. ئومێد سەرچاوەی پێدانی پاڵنەرەکانی بەردەوامی و گەڕانە بۆ مانا تەنانەت لە کاتە هەر سەخت و دژوارەکاندا.

٧ –تێپەڕاندنی خوود سەنتەری: فرانکڵ چەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە گەیشتن بە مانای بڵندی ڕاستەقینە لەو کاتەدا دەستەبەر دەبێت کە کەسێک توانای تێپەڕاندنی پێداویستیە تاکەکە کەسی و خودیەکانی هەبێت و تەرکیز بکاتە سەر شتێک کە بااڵتر بێت لە خود. جا ئایا لە ڕێگای هاوکاری ئەوانەی ترەوە بێت، یان بەشدار بێت لە کارێکی مەزندا، وەیان سەرقاڵی پێگەیاندنی پەیوەندیەکان بێت، کرداری بەخشین دەبێت هۆکاری گەیشتن و هەستکردن بە مانای قوڵ و مەبەست.

٨ –هێزی خۆشەویستی: خۆشەویستی سەرچاوەیەکی گەورەی مانایە. فرانکڵ باس لەوە ئەکات کە چۆن خۆشەویستی بۆ کەسانی تر دەبێتە هۆکاری توانا و ئاوات. تەنانەت لە ناخۆشترین کاتدا، فکرکردنی خۆشەویستی کە کەسێک بتوانێت بیری لێ بکاتەوە دەتوانێت مانا بەخش و پیشاندەری ئەو پەیوەندیە گرنگانە بن کە دەبنە هۆکاری دۆزینەوەی مانا.

٩ –بۆشای ئەبەدیەت: فرانکڵ باس لە چەمکی بۆشایی ئەبەدیەت ئەکات. باس لەو حاڵەت و بارودۆخ بەتاڵ و ناخۆشانە ئەکات کە سەرهەڵئەدەن لەو کاتانەی کە مرۆڤەکان هەست بە بوونی هیچ مانایەک ناکەنەوە لە ژیانیاندا. ئەم بۆشایە دەکرێتە سەرکێشی بکات بۆ هەستکردن بە بێ مانایی و نا ئومێدی. بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی ئەمەش هانی مرۆڤەکان ئەدات کە بە بەردەوامی بە شوێن گەڕانی ئەو شتانەوە بن کە مانا دەبەخشنە ژیان.

١٠ –لۆگۆسێرپی :(Logotherapy) لە کۆتایدا فرانکڵ پێشنیاری شێوازەکەی خۆی دەکات کە بە لۆگۆسێرپی ناساندویەتی. شێوازێکی چارەسەرە کە تەرکیز ئەکاتە سەر ئەوەی هاوکاری مرۆڤەکان بکات بۆ دۆزینەوەی مانا لە ژیانیاندا. چارەسەری لۆگۆسێرپی هانی کەسانی بەکاربەر ئەدات هەوڵی دۆزینەوە و کەشفکردنی بەهاکانیان، باوەڕەکانیان،

ئـاواتەکـانیـان بـدەن و هێزیـان ئەداتێ بۆ هەڵبژاردنی ئەو ئەو بژاردانەی هـاوشـــێوە و لێکچووی گەڕانەکانیان بە شـــوێن مانادا. ئەم چارەســەر پشـت بەسـتوە بەو گریمانەیەی کە دەکرێـت مـانـا لە هەموو بـارودۆخێکـدا بـدۆزرێـتەوە، تەنـانەت لە ســـەخـتـریـن بارودۆخەکانیشدا.

بەو هیوایەی هەموومان بتوانین مانا بە ژیان و بـوونـمـان بـدەیـن لە رێگای گەڕان و پشکنین و ڕاڤەکردن و لێکدانەوە و گـفـتـوگـۆکـردن و هەوڵـــــــــــدانە بەردەوامەکـانمـان. من وەک خـۆم (کـامەران کوردی) زۆر دەمێکە و لە مێژە گەیشتووم بەو قەناعەت و تێگەیشـــتنە ڕەهـــایەی کە کـــورد بوونم مانادارترین و بە بەهـاترین و بـاڵاترین جۆری بوونە. لای من وەک هەموو جـار وتومە و ئەیڵێمەوە کورد بوون بەشێکە لە بوون کە بەبێ کورد دەکرێت بوون مانادار نەبێت.

هەموو کوردێکی ڕاســـتگۆ و دڵســـۆز و خەمخۆرم لە هەموو شـتێکی ئەم ســەر زەمینە بوونە خۆش و خۆشـــتر ئەوێت. تا ئەم ســـاتە توانیمە بە دروســـتی و ڕاســـتگۆی ئەم بوونە هەم لە ئەسـتۆ بگرم هەم بیپارێزم بە شـایەتی دۆست و یار و نەیار گەر هەبێت.

بەو هیوایەی هەموان ئاسـوده و خۆشـبەخت و سەلامەت بن. ئاسۆی کورد گەش و ڕووناک و پڕشنگدار و بە مانایە.

تۆش دەتوانی لە ڕێگای سەرنج و تێبینەکانتەوە پێمان بڵێی چ شـــتێک زۆر مانا بەخش و بە بەهایە لای بەڕێزتان. ئایا هاوڕای هیچ یەکێک لەو ١٠ خاڵەی فیکتەر فرانکلنی؟

پڕۆژەی ناساندنی جێنۆسایدی ئێزدیان بە فەرمی لە پەرلەمانی بەلجیکا

پڕۆژەی ناسـاندنی جێنۆسـایدی ئێزدیان بە فەرمی لە پەرلەمانی بەلجیکا دەسـتپێکرد بەشـی عێراق و هەرێمی کوردســـتان- بە دەســـتپێشـــخەریی




پەرلەمانتاری دۆســـتی کورد پڕۆژەی بە فەرمی ناســـاندنی جێنۆســـایدی ئێزدیەکان لە پەرلەمانی بەلجیکا دەســـتی پێکرد .بەپێی هەواڵی کوردپرێس، دلاوەر خالد ئاژگەیی نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردســـتان لە یەکێتی ئەورووپا رایگەیاند: بە دەستپێشخەریی پەرلەمانتاری دۆستی کوردستان دکتۆر جۆرج دالامان لە پارتیCDH ی بەلجیکی و بە پاڵپشـــتی پارتیNVA ی پڕۆژەی بە فەرمی ناساندنی جێنۆسایدی خۆشک و برایانی ئێزدی لە پەرلەمانی بەلجیکا دەستی پێکرد.

ناوبراو ڕاشـیگەیاند: بڕیارە ئەم پرســـە لە لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی بەلجیکا تاوتۆ بکرێت و دواتر لە دانیشـــتنێکی فەرمی پەرلەمان بخرێتە دەنگدان.

نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردســـتان لە یەکێتی ئەورووپـا لە پەیوەنـدی لە گەڵ جۆرج دالامان ســوپاســی هەوڵەکانی کرد و پشـتگیری و هـاوکـاری حکوومەتی هەرێمی بە مەبەســـتی سەرخستنی پڕۆژەکە ڕاگەیاند.

لەیادی ئەنفالی یەکدا: چیرۆکی ئەو عاشقە پیرەی لەگوڵستانی نۆدشەوە گەیشتە بیابان




شادی بەکر- ٢١/٢/٢٠٢٣

لە دامێنی چیاکەدا، لە نزیک باخە قژ ســـەوزەکەی گونـدو جۆگەی پرئـاوو دارتوە بەتەمەنەکـان لە گەڕەکی خواروی ئاوایی، دومالّ لەودیو مالّی ئێمەوە لەژێرخـانی خـانویەکی گلّـدا کە بەخێر جێگەیـان کـردبـوەوە، تەنیـا دەیـگـوزەرانـد، بـۆیە دەڵـێم دەیگوزەرانـد چونکە بەزیندومـانەوەو گوزەرانـدن ڕەنگە مانای تەواوەتی ژیان نەبێت. ئەو پیاوە مـالّی نەبوو، بەڵکو ســـەرپەنـایەکی هەبوو لە ژوورێکی ژێرخـانێکـدا گیرســـابووەوە، کە پەنجەرەی تێدا نەبوو، تەنها دەرگایەکی هەبوو کە بەدارو تەنەکە دروستکرابوو، کە لەلاشیپانەوە هەموولاکـانی تری ژورەکە، کەلێنی گەورەی تێـدابوو، ژورێکی تـاریـک و بێ پەنجەرە، ســـەرینێکی کوردی و لبادێک و لێفەیەکی شـــڕ هەموو ســـایەو مالّ و ســـامانی ئەو پیاوە بوو! هەنـدێ دارو چروچیلکەی هەبوو، کە لەوەرزی سەرمادا لەئاگردانەکەی ناوەڕاستی ژورەکەدا ئاگری دەداو خۆی پێ گەرم دەکردەوە، هەندێک پـارچە ئاســـن و شـــاخی ئاژەلیش لەلایەکی ژورەکەوە دانرابوون، کە چەقۆی پێ دروســـت دەکرد و دواتریش بەیاری دەیبەخشییە خەڵکی ئاوایی.

ئەو وەســتایەکی دەســت ڕەنگین بوو، دەمەداس و تەوراس و پیشـــکی* دروســـت دەکرد کورەیەکی هەبوو بۆ جۆشدان و گەرمکردن و سـورکردنەوەی ئەو پارچە ئاسنانەی، کە چەقۆ و پیشکی لێدروست دەکردن، لە شـاخی ئاژەلیش دەسـکی بۆ دروسـت دەکردن. هەر بەدەســـت ئیشـــی بە کورەکە دەکرد وهەواکەی لە هەمبـانەیەکەوە دەردەچوو ئـاگرەکەی دەگەشاندەوە.

ئەو پیاوە فەتاح بوو، بەڵای کەمەوە لەحەوت دەیەی تەمەنی دابوو، بـاڵایەکی مام نـاوەنـدو دوو چـاوی سەوز و ڕوخسارێکی سوورو سپی هەبوو، هێندە لە بەر بەڕۆژکە دانیشـتبوو پێسـتی ڕوخسـاری ڕەش هەڵگەڕابوو، ئەســـەمەر ڕەنگییەکەی زیاتر لەناو برۆ و برژانـگ و ریش و ســـمێڵیدا دەردەکەوت کە ئەتووت چۆڕی شیرە. بەڵام هێندەی سیغار کێشـا بوو ســـمێڵە ســـپییەکەی بە دوکەڵ زەرد ببوون، هەمیشە ئەو ستارخانی و مرادخانیانەی لەبەردابوو، کە خەڵکی ئـاوایی دەیـانـدایەو چیتر بۆخۆیـان لەبەریـان نەدەکرد، هەرکەس لە جـل و بەرگەکەی





مام فەتاح لەدوو وێنەی جیاوازدا- گوندی قەمچوغە

بێزارو وەرس بوایە بەفەتاحیان دەبەخشی.

فەتـاح هەنـدێـک تـایبەتمەنـدی هەبوو، کەلەخەڵکی ئـاوایی جیـاوازبوو، بۆنمونە : هەرگیز پشـــتێنی نەدەبەســـت، کڵاوو جامانەی لەســـەری نەدەبەســـت،

تەنها لەوەرزی سەرمادا جامانەیەکی شەڕی بەبێ کڵاو لەسەری دەئاڵاند، هەمیشە پێڵاوەکانیشی بەسەر پێیەوە دەکرد. پاڵتۆیەکی دڕێژی لەبەردەکرد، کە تەنها یەک قۆڵی تێهەڵدەکێشاو قۆڵەکەی تری لە دەرەوە بوو، لایەکی پاڵتۆکەی هەربەشانییەوە بوو! کیسەیەکی دەکرد بەلاقەدیەوە، کە قوتویەکی دەفتەری سیغارەکەی و بەردو ئەستێ و پوشوو* و ئەوتوتنەی تێدابوو، کە جوتیارانی ئاوایی بۆخۆیان بەرهەمیان دەهێناو بەشی ئەویشیان دەدا، بەوتوتنەیان دەگوت توتنی بۆندار. فەتاح دوربینێکی بەقایشێکەوە دەکردە ملی، کە لەکاتی زەردەپەردا لەسەربانە گڵەکانی گوندەوە دەیڕوانییە لوتکەو بناری چیاو ئەو نێری و بزنە کێوییانەی بەدی دەکرد، کە لەبەرزایی چیاکەوە سەیری ناوئاوایی یان دەکرد، هەندێجاریش چاوی دوربینەکەی دەگواستەوە سەر سەنگەرو ڕەبیەکانی



حسین سەعید و مام فەتاح

رژێم و تەماشای جوڵەی سەربازەکانی دەکرد، کە لە خواروی ئاواییەوە وەک هەڕەشەیەک لەسەر ژیانی خەڵک دامەزرابوون و سەربازی تێدا نیشتەجێ بوون. ڕەبیەکانی رژێم هەروا سەعاتە ڕێیەک بەپێ لەگوندەوە دوربوون.

ئەو پیاوە کەسێکی گۆشەگیرو تەنیاکەوتوویەکی ناو ئاواییەکەمان بوو، نان و ئاوی لە ماڵەکانی ئاواییەوە پێدەگەیشت، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو خەڵکی ئاوایی خۆشیان دەویست کەچی سەردانی هەموو ماڵێکیشی نەدەکرد، پیاوێکی دەست و دەم و داوێن پاک بوو. لە مزگەوت نەبوایە نوێژی نەدەکرد، پەیوەندی یەکی ڕۆحی بەهێزی لەگەڵ خودای خۆی دروست کردبوو هەتائەو ڕادەیەی، کەخەڵکی ئاوایی توشی گرفتێک بونایە بە فەتاحیان ئەوت دوعاو نزایان بۆبکاو لەخوا بپارێتەوە بۆیان.

فەتاح هەستی شەشەمی بەهێز بوو، زۆربەی پێشبینی یەکانی ڕاست دەردەچوون، بۆیە خەڵکی ئاوایی ئەیانوت وەستا فەتاح کەراماتدارە، زۆربەی جار کراسێکی چلکنی خۆی دەکردە بوخچەو جلە چلکنەکانی تێدەپێچاو دەیهێنا بۆ دایکم و ئەیوت: (ئایشێ) ئەوجلانەم بۆ بشۆ، هەندێک جاریش چەقۆیەکی دەست کردی خۆی بە دیاری ئەدا بەدایکم، دایکم خولکی نانخواردنی دەکردو جەختی لێدەکردەوە، کە بۆ نانخواردن بێیتەوە بۆ ئێرە. فەتاح هەر بەشەنگێ بانگی دەکردم چونکە ناوی منی بۆ نەئەهاتە سەرزمان.

ئەگەر برسی بوایە، بەهەرد و پەنچەکانی (شایەتمان و بالابەرزەی) ئاماژەی بۆ دەکردم و ئەیوت: شەنگی بەدایکت بڵێ دوهێلکەم بۆ بکوڵێنێ، کە لەمزگەوت هاتمەوە ئەیانخۆم.

وەستا فەتاح، سەری لە چاککردنەوەی ساچمەزەن و تاپر و دەمانچەش دەرئەچوو، باوکم دوو دەمانچەی هەبوو، یەکیان لەوجۆرە بوو، کەپێیان ئەوت ستار، فەتاح زۆر حەزی لەو دەمانچەیە بوو. بۆیە باوکم دڵی نەشکاندو پێی بەخشی، زۆر دڵی بەدەمانچەکە خۆشبوو، بەنیتاقێکەوە کردبوی بەلایەکی کەمەریەوە، زۆر ئەترسا لە جاش و عەسکەری رژێمی بەعس لە ژیاندا سەردانی شاری نەدەکرد و هەرگیز شاری نەبینیبوو.

هەمیشــە ئەوەم لەلا پرسـیاربوو فەتاح کێ یە ؟ بۆ تەنیایە؟ بۆ مالّی نیە ؟ ئەو پرســـیارانەم لە دایکم دەکرد و منی منالّ ســەرم لێی دەرنەدەچوو. وەلامی دایکیشــم هەر ئەوەبوو، ئەیوت: خەڵکی نۆدشــەیە دڵیان شـــکاندوە و بریاری داوە ســـەری خۆی هەڵبگرێ بۆیە ئێســـتـا بەبێ کەس لێرەیە، پرســـیارەکەم لەگەڵ ڕۆژگـار تێ دەپەری و هیچ وەڵامێـکـی یەکـلایـی کەرەوەم چـنـگ کەوت و تێنەدەگەیشـــتم، کە گەورەبووم لەوە دڵنیابووم، کە فەتـاح خەڵکی نۆدشـــەو پـاوەی ڕۆژ هەلاتی کوردســتانەو کاتێک گەنج بووە عاشـــقی کچێکی ئـاوایەکەی خۆیـان بووە، چەنـدجـارێـک چووەتە خوازبێنی و نەیـانـداوەتێ و مەعشـــوقەکەی بە شوئەدەن و لێی دائەبڕن، ئیتر ئەویش سەری خۆی هەڵئەگرێ و لە گوندەکەی ئێمە دەگیرسێتەوە.

لە پرۆســەی بەدناوی ئەنفالدا، دوای ئەوەی جەیش وجاش هێرشـــیان کردە ســـەر ئاوایی و ئاوایەکە گیراو ســـوتێنرا، خەڵکی ئـاوایی پەرتەوازە و ئاوارەبون. هەریەک بەلایەکدا ڕۆیشتن و فەتاحیش ئاوایی جێدەهێڵێت و ڕێگەی سەخت و بەفرگرتووی چیا دەگرێتە بەر بەرەو ســەرگەڵو، بەڵام ســەرماو شـەختە هەنگاوەکانی خاوەکەنەوە، هەتا لەپێچێکدا جـاش و حەرەس جمهوری بەدیـل ئەیگرن و دەمانچە ســـتارەکەی باوکیشـــم، کە بەدیاری پێی دابوو لێی ئەبێ بە بەڵاو ئەوەنـدەی تر جورمی قورس دەکـات. دوای ئەوەی دەیگرن، بەکۆپتەر دەیگوێزنەوە بۆ شـــوێنێکی نادیار، چەند جارێک ویستبویان لە بەرزایی ئاسمانەوە لە کۆپتەرەکەوە فڕێی بـدەنە خوارەوە، بەڵام نەیـانکردبوو، وەک بـاس ئەکرێ ئەوکـاتە لەڕاگەیـانـدنەکـانی رژێمەوە وابڵاودەکرێتەوە کە جێگری جەلال تـاڵەبـانیـان بەدیل گرتووە، دوای ئەشـــکەنجەدانێکی زۆڕۆر کە بۆیان دەردەکەوێ کە هیچ بەرپرســیارێتیەکی لەناو پێشـمەرگەدا نیە، لەگەڵ پیرو پەککەوتەکان ڕەوانەی نوگرە ســەلمانی دەکەن و دوای چەندمانگێک ئینجا بەری دەدەن.

فەتـاحی ڕزگـاربوی ئەنفـال، کە هەموو ژیـانی بە خەیاڵی عەشـقی ژنێکەوە بەســەربرد. بەو تەمەنەو بەو برینەی نـاو دڵییەوە بە نەخۆشـــی لە مـاڵی (حاجی حســین) هەتا هەتا دواچرەکە ســاتەکانی ژیـانی خزمەتیـان کرد. لەدوای مـاوەیەکی زۆرکەم فەتاحی عاشــق و دڵشــکاو و بریندار ی ڕزگاربوی ئەنفال لە دوکان چاوە ســـەوزەکانی لێکناو خەم و کەســەری مەعشــوق و خاک و خۆڵی نیشــتمان و غەریبی لەگەڵ خۆی دا نێژرا. هیچی تر بەرگەی نەگرت و کۆچی دوایی کرد. ئەم بەسەرکردنەوەیەی منیش تەنها بۆئەوەیە ئەو عاشـقە ئەنفال دیدەیە بۆ هەتا هەتایە ناوی و چیرۆکەکەی وون نەبێت.

هەر لەبەر ئەوەش ئەمرۆ لەیـادی ئەنفـالی یەکـدا گۆرەکەیم هەڵبەست.

***- پیشـک پارچە ئاسـنێکی دەم تیژی باریکەلەیە، کلکێکی لەدار بۆدروسـتکراوە، گوندنشـینەکان بۆ هەڵکەندنی گۆزروان و کنگر بەکاریان دەهێنا.**

*** - ئەسـتێ و پوشـوو ئاسـنێکی سـێ گۆشـەیەو لەبەرێکی تایبەت دەخشـێنرێ وپریشـکی ئاگری لێدەبێتەوە. پوشوو، لەودارانە دەردەهێنرێ کەناویان کلۆردەبێت و ئەوەی لێیەهڵـدەوەرێ پێیـدەوترێـت پوشـــوو، شـــێوەی وەک لۆکەیەکی زەردەهڵگەڕاو وایەو زوو ئـاگـردەگـرێـت پـارچەیەک لەگەڵ بەردوئەســتێکە دەگیرێت و لەکاتی لێکخشـــاندنی بەردوئەســتێکە پوشـــوەکە گڕ دەگرێ و جگەرەی پێدادەگیرسێ و ئاگری پێدەکرێتەوە.**

تێبینی / لەبەر ئەوەی ناوی ســـیانی و ڕێکەوتی لەدایـک بون و مردنیم نەزانی بۆیە نەمتوانی لەوەزیاتر لەسەر کێلەکەی بنوسم.

ئەدیب ئەحمەد رۆستەم :
کاتێک سەربازبووم،
ئەگەرمۆڵەتیشم وەربگرتایە
نەدەهاتمەوە، چونکە نەکەسم مابوو،
نەماڵم هەبوو بێمەوە بۆلایان،
هەرهیچ نەبێ لەوێ جێگەی خەوم
هەبوو .



دیمانە لەگەڵداکراو : ئەدیب ئەحمەد رۆستەم
دیمانەساز : عومەر محەمەد
ڕۆژی دیمانە : ٢٣ی ئازاری ٢٠٠٦
شوێنی : دیمانە خان رۆستەم ئاغا .
کات ٣ی پاشنیوەڕۆ
لەدایکبووی : ١٩٦٩

شوێنی نیشتەجێی پێش روداو : خان رۆستەم ئاغا
شوێنی نیشتەجێی ئێستا : رزگاری – ئاوباریک
بۆ یەکەمجار کە ئەدیب ئەحمدم لە خان رۆستەم ئاغابینی ٢٣ی ئازاری ساڵی ٢٠٠٦ بوو، لەمیانەی گەشتێکماندابوو بۆ گەرمیان لەگەڵ مامۆستا نەجیب گەرمیانی و لەتیف فاتح فەرەج بوو .
هێشتا سەرانی بەعس دادگایی نەکرابوون، بەڵام لەبەردەستی دادگادا بوون، ئەو گەشتەمان بۆ گەرمیان لەگەڵ مامۆستا نەجیب گەرمیانی و لەتیف فاتح فەرەجدا بوو، لە سەنگاوەوە دەستمان پێکردو لە خورماتوو کۆتایمان پێهێنا، ئامانجمان مانەوە نەبوو لە هیچ یەکێک لەو گوندانە بۆیە کارێکی خراپ نەدەبوو کە ئەو شەوە لە خان بمایناینایەتەوەو زیاتر گوێمان لەخەمی کەسوکاری ئەفالکراوان بگرتایە .
هەرکە گەیشتینە ناو گوندی خان رۆستەم ئاغا (کە تازەکرابووە ناحیە) یەکەم کەس کە چاومان پێکەوتوو پرسیارمان لێکرد ئەدیبی تقانەی ئەنفال وو، ئێمە لە ئەزمەی بەنزیندا بووین، هێندە شپرزە بووین هەموو هیوامان ئەوە بوو بگەینە ئاوەدانیەک ئێستا پۆلیسخانە دەبینین زۆر دلخۆش بووین بۆیە پەنامان بردە بەر بنکەی پۆلیسەکەی خان رۆستەم ئاغا، هەتا هاوکاریمان بکەن بە پێدانی تەنها ٥ لیتر بەنزین بەڵام پۆلیسەکان وتیان دەواممان نیەو ئێمەش هیچ دەسەلاتێکمان نیەو ناتوانین بەنزین لە ئۆتۆمبیلەکانی حکومەت دەربکەین چونکە بەرپرسیار دەبین .
ئەوکاتە ئەدیب و پیاوێکی تر بەناوی محەمەد بەدیارمانەوە بێ ئەوەی دەسەلاتیکیان هەبێت راوەستابوون، بەڵام خولقێکی گەرمیان کردین بۆ پشودان وچاخواردنەوە، ئینجا بەسەرسورمانەوە پرسییان لەکوێوە دێن و چۆنە وا بەم قەمەرەیە (ئۆپلەکەی ئەنفالستان) ڕێتان کەوتووەتە ئێرە ؟! مامۆستا نەجیب وەڵامی دانەوە ئێمە دەمانەوێ چیرۆکەکانی ئەنفال بنوسینەوە ئایا کەسێک هەیە لێرە قسەمان بۆ بکات ؟ سەیر بوو ئەدیب کە هەر لەمندالییەوە باوکی لە ژیاندا نەمابوو، لە ئەنفالیشدا ئەوەی مابووی لەدەستی دابوو، لەدوای ئەنفال هیچ کەسێکی نزیکی نەمابوو تەنها خۆی بە تاقانە مابووەوە، کەچی باسی خۆی نەکرد بەڵکو لەگەڵ ئەو کاک محەمەدە کە ئەنجوومەن بوو پێشمان کەوت بۆ ماڵی پیرەژنێک بەناوی میمکە زینەت .
لەوماڵە قوڕینەدا بەدەم چاخواردنەوە دیدارێکی درێژمان لەگەڵ (زینەت محەمەد کەرەم ئەنجامدا، بەڵام هەرگیز ئەدیب نەیگوت من بەتەنها دەربازبووم وبرینم لە پورە زینەت سەختترە ! ئەو ڕۆژە جلێکی نەریتی کەتافی ڕەنگ خاکی پێشمەرگەی پۆشیبوو، دەمانچەیەکی چواردە خۆری بەلاکەلەکەیەوە

بەستبوو، بە بێدەنگی و ماتی بە ئەدەب و ڕێزێکی زۆرەوە لەلامان دانیشتبوو، سەرەتا من و کاک محەمەد لەسەر حزبایەتی وکەمتەرخەمیان کەوتینە بەریەک خەریک بوو کاردەگەیشتە تووندبوونەوە، ئەو پێیوابوو کەس بێ لایەن نیەو هەموو کەس سەربەحزبێکەو کەسیش خەمی ئەنفالی نیەو هەریەکەو بۆ مەرامێکی حزبی دێت و باسی ئەنفال دەکات و کاری بۆ دەکات . ئێمەش بەپارەی خۆمان شانمان دابووە بەرو لە بێبەنزینیدا هانمان بۆ ئێرە هێنابوو، بەڵام ئەو ئاگای لە دەردی ئێمە نەبوو، لەڕاستیدا ناهەقیشی نەبوو، چونکە خەڵکیش هەبوون لەپێناوی خۆیاندا ئامادەی هەموو فێڵ و درۆیەک بوون، ئەویش هەر بەو تێگەیشتنەیەوە بوو دەیگوت کەسیش نابێت بەبێپرسی من بێت و بەکەیفی خۆی لێرە چی بوێت بیکات، وەک ئەنجومەنی گوندو راسپێردراوی حزب وحکومەت ئەو مافەم پێدراوە ئاگاداری هەرکەسێک بم بێتە ئەم گوونده . بەڵام ئەدیب بێدەنگ بوو من وامدەزانی کە ئەم بێدەنگیە لە رقێکی حزبیانەوەیەو هاکا بەسەرماندا تەقییەوە. بەلام هەرگیز وا نەبوو، من بەهەڵەدا چووبووم. هەرچەندە زۆر خوڵقیانکردین کەشەو بمێنینەوە، بەڵام ئێمە هەردەبوو برۆیشتینایە بۆ کفری ئیدی کە بەرێکەوتین ئەدیب داوای کرد لەگەڵ خۆماندا هەڵی بگرین و هەتا سەرقەڵای بگەیەنین، ئێمەش بۆ چاوساغی پێمانخۆش بوو، ئەدیب هەرچەندە نیازپاکی ئێمە تێگەیشتبوو خۆشحاڵی خۆی دەربری کەوا هەر دەبێت کەسانێک هەبن بە دڵسۆزی کار بۆئەو دۆسێیە بکەن، بە زمانە سادەو ساکارەکەی وتی : پەنجەی دەست وەک یەک نین و لەهەموو شوێنێک باش وخراپ هەیە، بەڵام هەر بێدەنگ و مات بوو . دەبێت دان بەو ڕاستیەشدا بنێم کەوا هیچ کام لە ئێمە هەرگیز پەیمان بەوە نەبرد ئەو ماتی وبێدەنگیە چییە ! جاربەجار پرسیارمان لەبارەی ئەوگوندانە لێدەکرد کە بەلایدا تێدەپەڕین ئەویش روونکردنەوەی دەداینێ ، هەتا گەیشتینە هەزارکانی زێدی شێخ حوسێنی شێخ کاکە حەمەی هەزار کانی وتی ئەوەش هەزارکانیە لەوێ لامانداید هەزارکانی کە تەنها دارەکان وحەوزەکەی مابوو، لەوێ گوتی من هەر خۆم ماوم، باوکم هەر زوو لەسالّی ١٩٧٢ مردووە ئەوسا من هەروا دوسالّان بووم ، ئیتر دایکم بەخێوی کردوین و کەسوکاریشم دایکم و براکانم ئەنفالکراون . ئەوانەی مالّی خۆمان کە ئەنفالکراون بریتی بوون لە دایکم و براکانم بەناوەکانی (رابیعە ئەحمەد محەمەد دایکم و حەسیب و غەریبی برام) ئەوکاتەی ئەنفال گەیشتبووە خان ئەدیب لەوێ نەبووە، چونکە پێشمەرگە بووە لە کەرتی ٣ی تیپی ٥١ی گەرمیان، داخی ئەوەی دەخوارد کە بەهۆی پێشمەرگایەتی ودوری لەمالّەوەیان چەند مانگێک بووە دایک و براکانی نەدیووەئەو سالّی ١٩٨٦ بووەتە پێشمەرگەو بەهۆی پیشمەرگایەتیەوە هەمیشە لەمالّەوە دوربووە. ئیتر ئەنفالیشی هات بەسەرداو هەرگیز نەیبینیبوونەوە، ئەوە داخێک بوو ئەدیبی داغان کردبوو . بێجگە لە ئەندامانی خێزانەکەی ئەدیب بۆ هاوڕێ ئەنفالکراوەکانیشی داخدارە، (لەبەرئەوەی بەکاسێت تۆمارکراوەو کاسێتەکە تێک چووە ناوەکان روون نین) بەڵام لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا جارێکی تر باسی هاوڕێ ئەنفالکراوەکانی بۆکردمەوە کە ئەنفال وەک دایک وبراکانی بردووە هاوڕێکانیشی لێسەندووە، ئەدیب لە کتێبی تاقانەکانی جینۆسایدیشدا باسی دووان لەهاوڕیکانی دەکات ئەوانیش (حەسەن حوسێن و نەجمەدین شوکور) ن. بەڵام لەپەیوەندیە تەلەفۆنیەکەماندا باسی ئەم ناوانەشی کرد (ڕەشید عەلی و کاک ناسیح و حەسەن) . هەر لەو پەیوەندیە تەلەفۆنیەماندا پرسیاری ئەوەم لێکرد ئاخۆ تۆسەر بەعەشیرەتی جافی یان زەنگنە ئەو وەڵامێکی قایلکارو دڵخۆشکەری دامەوە، کە ئینسان ئەوە نەکاتە کیشە باشە کێ باشە ئینسان سەربەولایە بێت من بۆ وەڵامی پرسیارەکەت ئێژم زەنگنە بەڵام ئەوە مەسەلەیەک نیە لەلام .


لەوەڵامی پرسیارێکدا کە بەدەم ڕێگاوە لەبارەی جاشەکانەوە مامۆستا نەجیب گەرمیانی ئاڕاستەی کرد، وتی ئەوەی جاشەکان کردیان ئەوپەڕی نامەردی بوو، ئەگەر ئەوان نەبوایە سەربازی عەرەب شارەزای کوێ بوون، ئەوان نەبوونایە خەلکیش ئەوەندە نەدەگیران وئاوا ئەنفال نەدەکران و ژن

ومندالّمانیان دایە دەســت بەعســەوە هەقە ئەوانەی خراپەیان کردووە بەتوندی ســـزا بدرێن . بەڵام نـابێـت ئەوەش لەبیر بکەین کەوا جـاش هەبووە چاکەشـــی بووە من بۆخۆم ماوەیەکی زۆر جاش پەنای دام هەرخۆشـم نەبووم بەتەنیا نزیکەی ٢٠٠ کەس دەبووین هەمووشـمان پێشـمەرگەو سـەربازی هەڵاتوو بووین ســمایلی عەزیزاغا دالّدەی داین و مـاوەیەکی زۆر لەگڵەزەردە شـــاردینیەوە، دوایی لەڵێبوردنەکەدا هەموومان خۆمان تســـلیم کردەوەو بووین بەسەرباز.

ئەدیب ئەحمەد رۆژســتەمیش وەک حەســەنی عەلی حاجی فەرەج دەڵێت کە گیرام بەســـەرباز ئەگەر ســەرەی مۆڵەتیشـم بوایە نەدەهاتمەوە لەبەرئەوەی کەسم نەمابوو بۆکوێ بهاتمایەوە، من نەمالّم هەبوو نەکەســـم مـابـوو، هەر هـیـچ نەبـێ لە یەکەی ســـەربـازیـیەکەم جـێـگەی خەوم هەبـوو، ئەمە دیاردەیەکی زەقە لە ژیانی رابوردوی تـاقانەکانی ئەنفالدا ئەوان هەتا ســـەربازبوون لە یەکەکانیان وهەتـا پێشـــمەرگەش بوون لە بـارەگـاکـانیـانـدا دەخەوتن .

ئەدیـب دوای تـاوانی ئەنفـال گەرمیـانی بەجێ هێشـتوو جووە مالّی خزمێکی خۆیان لە چەمچەمالّ هەتا لێبوردنە گشـتیەکە لەمالّی ئەوان خۆی پەناداو لەڵێبوردنەکەشـدا خۆی رادەسـتی حکومەت کردەوەو کرایە سـەرباز سـەرەتا لە (سـەربازگەی سـەلام بووە لەسـلێمانی و دواتریش رەوانەی سـەربازگەی زیقار کراوە لەموصـــل) دوای ماوەیەک تصـریح بوون و ئینجا بانگکراونەتەوە بۆ خزمەتی ســـەربازی لە فـائیـدەو هەمیشـــە چاوەروانی گەڕانەوەی دایک وبراکـانی بوو، بەڵام هەتـا ســـالّی ١٩٩٨ هەر تەنیابالّ و بێکەس مایەوە، سالّی ١٩٩٨ لەگەڵ لەیلا مەجید نەریمان کە خزمیان بوو هاوســـەرگیریان کردو مالّێکیان بۆخۆیان پێکەوەناو ئێســـتا دایک وباوکی چوار منداڵن . بەناوەکانی (گۆران، لانە، چـاوان، غەریـب) دواین منـدالّی بەنـاوی غەریبی برایەوە ناوناوەتەوە .

ئێســـتا ئەدیب رۆژســـتەم لەناو هێزەکانی ناوخۆدا پۆلیســـەو پلەی ســـەربازییەکەی (رەیس عروفا)یە، بەڵام داواکارە حکومەت چاوی لە تاقانەکانەوە بێت و بەکردەوە نەک بەقســـە دەرفەتیان بدات بۆئەوەی خۆیـان و منـدالّیـان بنیـات بنێنەوە. لە ئەرک وفەرمـانەکـانیـانـدا تـاقـانەییـان لەبەرچـاوبگرن . لەڕاســـتیدا ئەم داوایەی ئەدیب زۆر رەوایە و هەقە بۆ پاڕاســـتنی رەچەڵەکی ئەو تاقانانە و رێزگرتن لەوانەی ئەنفالکراون و بەر پەرچـدانەوەی تـاوانی ئەنفال کۆمەڵگەی کوردی و ئەوانەی خۆیان بەبەر پرسـیاری ئایندەی کورد دەزانن ئەم داوایە بەهەند بگرن.



ئێڤا هێرمان

همزه رەشید

یەکێـک بوو لەهەرە بێژەرە بەتواناکانی ئەڵمانیا چەندین بەرنامەی سیاسی هەبوو ڕوخسارێکی زۆر جوانیشـــی هەبـوو بـۆ تەلەفزیـۆن . ڕۆژێـک لەبەرنامەیەکی سیاسـی کەلەسـەر خێزان بوو تەنها ئەوەندەی ووت کە باشـترین سـیاسـەتی خێزان لەئەڵمانیا لەســـاڵی ١٩٣٨ بووە کە زۆر گونجاو بوو. ئەمە واتە وەسفی سیاسەتی خێزانی لەزەمانی هیتلەر کرد. بـاوەڕ بکە ڕێـک کۆتـایـان بەهەموو شـتێکی هێنا هەرچی تەلەفزیۆن و ڕادیۆو ڕۆژنامە هەبوو باســیان کرد چۆن دەبێت باســی هیتلەرو سـیاسـەتی خێزانیەکەی بەباشـە بکەیت ، ئیتر ئەو ئافرەتە لەسـەر شـاشـەی تەلەفزیۆن دور خرایەوەو دەرکرا کەس نەیگرتە خۆی. هەتا ئەمســـاڵانەش تەنها خەریکی نووســـین بوو. وولّات ئەبێت ئەوا بێت کابرا ســـووکایەتی بە نیو ملیۆن شـــەهیدو بریندار ئەکات کەس نی یە ڕاپێچی دادگای بکات .

هەڵەبجە دوای بیست ساڵان : کوردستان وەک مەڵبەندی جێنۆساید

ئەمیر حەسەن پور
زانستگای تۆرانتۆ، کانادا

ئەم بابەتە لەماڵپەڕی دەنگەکان وەرگیراوە لە ١٥ی ئازاری ٢٠٠٨ بڵاوکراوەتەوە، وەک ڕێزێک بۆمەرگی نوسەر ئەنفالستان دوبارە بڵاوی دەکاتەوە بیست ساڵی پێ نەچوو...هەوڵ ساڵۆڕۆژی کوشتاری هەڵەبجە، بێبڕیاردان، بێدەنگدانی پارلمان، و بێ یەکدەنگی، وەک ڕۆژی نەتەوەیی شینگێڕان داڕێژا. بەڵام هەڵەبجە زۆر زوو بوو، بەگۆڕەپانی خەبات و ململانی لە نێونەتەوەداو لەنێوان نەتەوەو هێزی دی. لێرەدا باسی مێژووی کۆکوژی هەڵەبجە وئەنفال ناکەم. دوای بیست ساڵان، هەڵەبجە و ئەنفال نە بڕاونەتەوەو دەکرێ بڵێین بەشێوەی دی درێژەیان هەیەو لە داهاتووشدا دواییان نایا. ئە گەربمانەوێ باسی ئێستەو داهاتووی ئەنفال بکەین، ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ: ئەو بارووددۆخەی جێنۆساید وەرێدەخا کۆتایی هاتووە یان هێشتا بەردەوامە؟

1 کوردستان وەک "مەڵبەندی جێنۆساید ":

مارک لیڤین، مێژوونووسی جێنۆساید، دەڵێ عەنەدۆلی ڕۆژهەڵات، هەرمەنستان و کوردستان و مێزۆپۆتامی دەگرێتەوە، لەساڵی ١٨٧٨بەولاوە "مەڵبەندی جێنۆسایدە". لەو ساڵەدا، دەوڵەتی عوسمانی دەستیکرد، بەقەڵاچۆی گەلانی هەرمەنی و ئاشوری و لە ساڵانی ١٩١٥ هەتا ١٩٢٣ئەو دووگەلەیان بەقڕان کرد. لەساڵی (١٩١٧)دا. دەوڵەتی عوسمانی، لەجەنگەی هاندانی کورد لەدژی گەلانی ئاشوری و هەرمەنی، دەستیکرد بەڕاگوێزتنی کوردان بۆ دەرەوەی کوردستان. کە دەوڵەتی عوسمانی هەڵوەشاوە (١٩١٨) و دەوڵەتی عێراق لە ژێرچاودێری ئینگلستاندا دامەزرا (١٩٣٢-١٩١٨)، لەکۆماری تورکییە جێنوسایدی کوردان درێژەی پێدراو لە کوردستانی عێراق، لەژێر دەسەڵاتی بەعسدا لەپێشدا لە(١٩٦٣)و دوایە لەساڵانی ١٩٦٨ هەتا ٢٠٠٣ دا، مەڵبەندی جێنۆساید چالاک بووەو گەلی کورد وئاشوری بەکوشتار، وێرانکردنی گوندەکان، ڕاگوێزتن، زمانکوژی، وکولتورکوژی وەبەر لێشاوی جێنۆسایدکەوتن. لە ئێران (بەتایبەتی لە حکومەتی ڕەزا شادا)و سووریاش (بەتایبەتی لەساڵانی ١٩٦٠ بەولاوە) پڕۆژەی جێنۆسایدە لە ئارادا بووە.

مارک لیڤین دەڵێ جینۆساید لەو ناوچەدا قاعیدەیە نەک ئیستیسنا.ڕاست بوونی ئەو بۆچوونە لە تەجرەبەی گەلانی ناوچە (کورد، هەرمەنی و ئاشۆری) دەردەکەوێ. لەوچوار وڵاتانەدا "جینایەتی شەڕ" "جینایەتی دژی بەشەرییەت" وجێنۆسایدە بەشێک لە ئامڕازی دەکارهێنانی دەسەڵاتی دەوڵەتیین. دەوڵەت زۆر بەئاسایی سوپای بۆکوشتارو وێرانکردن دەکارهێناوە و پابەندی هیچ قانوونێک، چ ناوخۆیی چ نێونەتەوەیی، نە بووە. کلنگای جێنۆسایدە لەناوچەدا ناسیۆنالیسمە. لە تورکییە، ناسیۆنالیسمی تورک (تورکایە تی "کومیتەی ئیتحاد وتەرەقی" پێش ١٩١٩ و تورکایەتی مستەفا کەماڵ دوای ١٩٢٣)، لەعێراق و سووریە. ناسیۆنالیسمی عەرەب (بەتایبەتی بەعس)، و لە ئێران، ناسیۆنالیسمی فارس (بەتایبەتی چەشنی پەهلەوی) سە ڕچاوەی جێنۆسایدە و جینایەتی شەڕی و جینایەتی دژی بەشەرییەت بوون. لەسیاسەت و ئیدە ئۆلۆژی ناسیۆنالیسمی دەوڵەتی ئەو وڵاتانە دا، داوای بەرابەری کردن وەک بەرنامەی جیابوونەوەو بەش بەشکردنی نەتەوەو وڵاتەکەی چاوی لێدەکرێ و سزای ئەو "تاوانانە"ش کۆکوژییە.

2 -گۆڕانی بارووددۆخی جێنۆسایدە؟

لە تورکییە و سووریە و ئێران، بارودۆخی وەڕێخستنی جێنۆسایدە و جینایەتی شەڕی بەردەوامە. تەنیا لەعێراق، سێ ساڵ دوای هەڵەبجە وئەنفال، گۆڕانێکی بەرچاو لە دەسەڵاتی دەوڵەتی پێکهات: لەپێشدا، دوای شەڕی ١٩٩١ ی ئەمریکا لەدژی سەدام، بەشێک لە کوردستانی عێراق لەدەستی دەوڵەتی بەغدا هاتەدەرو حکومەتی هە ڕێمی کوردستان پێکهات. شەڕی

دووەمی ئەمریکا لە٢٠٠٣،ریژیمی بەعسی لابرد و ریژیمێکیدی لەجێگەی دانا. نوێنەرانی قوربانییەکانی ئەنفال (رابەرایەتی کوردوشیعە) جێگەی قوربانیکەریان (ریژیمی بەعس) گرتەوە.لەروالّەتدا وێدەچێ ئەوبارودۆخەی کە جێنۆساید پێکدێنێ چیدی لەئاردانەماوە.

ئەو ریژیمەی ئێستە لەبەغدا دەسەلاّتی هەیە، بەپێچەوانەی ریژیمی بەعس یەک دەست نییە؛ دەسەلاتی دەولّەتی بەگوێرەی قەومییەت (عەرەب و کورد)، دین (ئیسلام، مەسیحی)، و مەزهەب (شیعە و سونە) دابەشکراوە. ئەوە دابەشکردنی دەسەلاّت بەشێوەیەکی بەرابەر یان دێمۆکراتی نییە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ناسیۆنالیسمی عەرەب هێشتا بەسەر دەولّەتی بەغدادا زالّە. ڕابەرایەتی شیعە بەکردەوەو بەقسە ئەوەی سەلماندووەکەلە ئاست کێشەی کورد جیاوازییەکی زۆری لەگەلّ بەعس نییە. یەکدەنگی یان وێکچوونی ئەو دوو بەرەی ناسیۆنالیسمی عەرەب لەسیاسەتی ڕابەرایەتی شیعە سەبارەت بەکێشەی کەرکوک، فێدرالیسم، نەوت، سنووورەکانی کوردستان، یان محاکەمەی سەدام و دەستە وەیارە کەی باش ڕوون بۆتەوە. بائەنجومەنی وەزیران لە بەغدا بەبۆنەی بیستەمین سالّڕۆژی کۆکوژی، شەش ملیۆن دۆلار تەرخانی ئاوە دانکردنەوەی هەلّەبجە بکا، با لەسەرانسەری عێراق بەیادی کۆکوژی بۆ ماوەی یەک خولەک ماتەمگێڕی بکرێ - ئەوانە و زۆکاری واریژیمی ئێستە لە ریژیمی پێشوو تەواو هەلّنابڕن.تاقیکردنەوەی ڕاستەقینە کاتێکدێ کە حکومەت دەسەلاّتی تەواو (سیاسی، عەسکەری، ئیداری، و ئابووری) بەسەر بەغداو بەشی عەرەبی عێراقدا پەیدابکا وەک حکومەتێک سەقامبگرێ، و لەسەرپێی خۆی راوەستێ. ئەگەر شتێکی واپێکبێ، دەستوور و قانوون و پەیمان و بەلّێنی هیچکام ناتوانێ پێش بە بەرژەوەندی بەشی زۆرینەی ریژیم بگرێ؛ تەنانەت بوونی فراکسیۆنێکی کورد لەحکومەتدا ناتوانێ پێشی زەبرو زەنگی زۆرینە (ناسیۆنالیستی جۆراوجۆری عەرەب، هەم ئیسلامی و هەم سکوولار) بگرێ. بیانووی پاڕاستنی "نیشتمانی عەرەبی" لەگەلّ بیانووی پاڕاستنی یەکێتی"ئومەتی ئیسلام" تێکدە هالّێ و مەکینەی جێنۆساید وەکار دەکەوێ.

3 -بارودۆخی ناوچەیی و ناونەتەوەیی

لە بیست سالّی رابردوودا، هەم زانیاری و وشیاری سەبارەت بەجێنۆساید و هەم تێکۆشان بۆ بەربەرەکانیکردن و دادگایی کردنی پەرەیسەندووە بەلاّم لەهەمانکاتدا جینۆساید، جینایەتی شەڕی و جینایەتی دژی بەشەریەت بەربلاّوترببووە لەئەوروپا (لە ناوچەی بالکان)، ئەفریقا (لەچەند ولاّت)، ئاسیا (فەلەستین، تورکییە، عێراق، ئەفغانستان) و ئەمریکای ناوەندی و باشوور (لەچەند ولاّت). لەڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست هیچ ریژیمێک نییە کەلەو جینایەتە بپرینگێتەوە.

لە رادەی ناونەتەوەییدا، لەگەلّ ئەوەشدا چەند هەنگاو بەرە و پێشەوە هەلّگیراوە لەهەمان کاتدا پاشە کشە دەکرێ. بۆ وێنە، کاتێک لەساڵی ١٩٦٣ کۆماری سۆسیالیستی مە غۆلستان و یەکێتی سۆڤێت بە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیان ڕاگەیاند کە دەولّەتی عێراق خەریکی جێنۆسایدی گەلی کوردە و داوایان کرد، کە بەپێی کۆنوانسیۆنی جێنۆساید باسی بکرێ وکۆتایی بە و جینایەتە بدرێ، ئەو داخوازییە بەبیانووی جۆراوجۆر بەر پەرچدرایەوە. یەکێک لەوبیانوانە ئەوە بوو، کە نەتەوەیەکگرتووەکان مێکانیسمێکی بۆ بەڕێوەبردنی (تنفیژ) کۆنوانسیۆنی جێنۆساید نییە. چل ساڵ دوایە، کە ئەمریکا ریژیمی بەعسی ڕووخاند مێکانیسمی محاکەمە کردنی تاوانبارانی جێنۆساید پێکهاتبوو. "دادگای جینایی نێونەتەوەیی" لە ساڵی ٢٠٠٢ دا بۆ محاکەمە کردنی ئەو جینایەتانە دەستی بەکارکرد، بەلاّم کەریژیمی بەعس ڕووخا، ڕێگە نەدرا بەمحاکەمەیەکی ڕێک وپێک و ڕۆشنگەرانە. سەرباقی بەدەست بوونی دنیایێک بەلّگەو لە بەردەست بوونی تاوانبارەکان، ڕێگەیان گرت بە ڕوونبوونەوەی گشت لایەنی ئەو جینایەتانە. ئەمریکا بەرهەلّستی سەرەکی بوو. محاکەمەیەکی ڕاستەقینەو ڕێک وپێک پێوەندی واشنگتن و بەعس دەردەخا، ئەویش پێوەندییەکی بەرین لە هاتنەسەرکاری بەعس لە ١٩٦٣ وەبگرە هەتا

ساڵانی ١٩٧٤ بەولاوە. محاکەمەی سەدام لە جیاتی ئەوەی لە خزمەتی خەباتی گەلانی ناوچەکە لە دژی جێنۆســـایـد و جینایەتی شـــەڕی دابێ، کرایە گەمەیەکی ســـیـاســـی بۆئەوەی یـارمەتی بـدا بەچارەســـەرکردنی گێرەوکێشـــە کانی بووش و دەســـتە ودەیارە کەی — لە هەڵبژاردنەوە بگرە نـارەزایی نـاوخۆیی و نـاونەتەوەیی ســـەبارەت بەئـاکامی شـــەڕی عێراق. هەروەها دەوڵەتـانی ناوچەش، تەنانەت ئەوانەی دژی سەدام بوون، وەک ئەمریکا، نایانەوێ محاکەمەیەکی ڕاســـتەقینەبکرێ لەبەرئەوەی (ئە لف) کارنامەی خۆیان لە ســـەدام باشـتر نییە و دەترسـێن تووشی چارە نووسـیکی وابن؛ (ب) محاکەمەیەکی وا زانیاریی هاوواڵتییان ســـەبـارەت بەو جینـایەتـانە بەرینتر دەکـاو وشـــیـارتریان دەکاوهانیلندەدا بۆ بەربەرەکانی کردنی دەوڵەتی جینۆســـایدکەر تەنانەت دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان؛ (ج) مافی هاوواڵتییان بۆ دادگایی کردنی دەســـەڵاتداران دەســـەلمێنێ؛ (د) پێشـــینە دادەمەزرینێ و ڕێگە پێشـــاندەدا بە هاوواڵتییان بۆئەوەی ئەومافە دابینبکەن؛ (ه) دەسەڵاتی دەوڵەت لاواز دەکا لەبەرئەوەی جینۆســـایـد جینایەتێکی نێونەتەوەییە و محـاکەمە کردنی تـاوانبـارانیش دەکرێ لەهەر وڵاتێک بەڕێوەبچێ

4 -کوردایەتی و ئەنفال

ئەگەر جێنۆســـایـدی گـەلی کورد و هەرمەنی و ئاشـۆری بەرهەمی ناسیۆنالیسمە (ناسیۆنالیسمی تورک و عەرەب و فارس)، بۆچوونی باو سەبارەت بە جێنۆسـایـد و بەرنامەی بەربەرەکانی کردنیشـی لە کوردســـتاندا و (لە نێو هەرمەنی و ئاشـۆریدا) بۆچوونی نـاســـیـۆنـالیســـتییە. جیهـانبینی ناسیۆنالیستی مەودای خەبات لە دژی جێنۆسـایـد بەرتەنگدەکا و ڕێگەنادا ئەو جینایەتانە بنەبڕبن. کوردایەتی وای دادەنێ کە هەرچی عەرەب و تورک و فارسە دوژمنی کوردە. ناسیونالیستی هەرمەنی و ئاشـۆریش پێیان وایە هەرچی تورک و کوردە دوژمنی ئەبەدی ئەوانن.

نـاســـیـونـالیســـتی یەهـوودی (بەتـایـبەت ســـەهیوونیســـتەکان) پێیان وایە جوولەکە "گەلێکی هەڵبژێردراو"ە و گشـــت گەلی دی زوڵمیـان لێدەکەن. تەنانەت تێزی "تاقانەیی هۆلۆکاست"یان ســـازکردووە بۆ ئەوەی جێنۆســـایدی جووەکان لە گشت جێنۆسایدی تر جوێ بکەنەوە؛ دەڵێن هیچ گەلێک بەڵای وای بەسەردا نەهاتوە؛ نێوی مەزهەبی "هۆلۆکاســـت"یان لەو جێنۆســـایـدە ناوە، و باســـی وەی نـاکەن کە ڕیژیمی نـازی خەڵکی ڕۆمـا و تەنانەت ئەلمانیشی کوشتار دەکرد.

ئەوسیاسەتە ناسیۆنالیستییە ئینکاری جێنۆسایدی هەرمەنیان دەکا لەبەرئەوەی کەپێیوایە داننانبە ئەو جێنۆســایـدە قورسـایی هۆڵۆکۆسـت کەم دەکاتەوە. ئەو بۆچونە سـەبارەت بە جێنۆسـاید، هەم لە سـە هیونیســـم دا و هەم لە کوردایەتیدا، مەبەســـتێکی ســـیـاســـی هەیە. باســـکردنی جێنۆســـایـد، بیرکردنەوەی، و مێژوونووســـینەکەی گشـــتی لەخزمەت ســـیـاســـەتی نەتەوە ڕۆناندایە نەک لە خزمەت بنەبڕکردنی جێنۆسـاید لەسـەهیونیسـمدا، یادی هۆڵۆکاســـت بۆ پاکانە کردنی ســـیـاســـەتی داگیرکردنی فلستین و جێنۆسایدی فلستینییە کان کە لکی لێوە ردە گیرێ. دەوڵەتی ئیسرائیل دانی نەناوە بەجێنۆســـایدی گەلی هەرمەنی. وا هەیە ناسیۆنالیستی هەرمەنی دان نانێ بە جێنۆسایدی ئاشـۆرییەکان بۆ ئەوەی لەبایەخی جێنۆسـایدی خۆیان کەم نەبێتەوە. بۆچوونێکی باوی تر ئەوەیە کە جێنۆسـاید و ئەو چە شـنە جینایەتانە بەرهەمی "دەوڵەتی دیکتاتۆری"ن. ئەو بۆچوونە لە باری تێوریییەوە زۆرکزە لەبەرئەوەی دیکتـاتۆری و دیمۆکراسـی لێک جوێ دەکاتەوە و بە دژی یەکتر لە قەڵەم دەدا، و ئەوە نـابینێ کە تـا کـاتێکی دەســـەڵات (ئابووری، کۆمەڵایەتی، ســـیـاســـی) لە کۆمەڵگەدا بە شـێوەیێکی نابەرابەر دابەشـکراوە، هیچ دەســـەڵاتێکی دەوڵەتی ناتوانێ بۆ گشـــت لەیەنێک دیمۆکراتی بێ. لە کردەوەشـدا، ئەوەی بە دەوڵەتی دیمۆکراتی دادە نێن کارنامەیێکی خاوێنی نییە. بۆ وێنە، دەوڵەتی ئەمریکـا، کە خۆی بە ریژیمی هەرە دێمۆکراتی دنیا دادەنێ، لەدەســـت تێوەدانی جێنۆســـایـد و جینایەتی شـــەڕی و جینایەتی دژی بەشـــەرییەت لە زۆربەی دەوڵەتە دیکتاتۆرییەکان لە پێشـترە. ئەگەر ریژیمی بەعس هەرلە چوارچێوەی عێراق ئەو جینایەتانەی دەکرد،

دەوڵەتی ئەمریکا لە سەرانسەری دنیایە دەیکا. جێنۆسایدی ئەمریکا لە پێشدا بە کوشتاری گەلە بوومییە کان دەستی پێکرد و لە سەدەی بیست دا جینایەتی شەڕی بە بەرینایی دنیا درێژەی پێدرا (بۆ وێنە بۆردمانی هیرۆشیما و ناگازاکی بە چە کی ئە تۆمی؛ بۆردمانی ویە تنام بە چە کی کیمیاوی؛ ئە شکنجەی زیندانیان لە ئەبووغریب و گوانتانامۆبەی؛ رفاندن و راگویزتن و زیندانی کردنی ئەوانەی بەشەڕکەری دژی خۆی دادەنێ). جا سەیر نییە کە ئەمریکا سی و شەش ساڵی پێچوو هەتا کۆنوانسیۆنی جینۆسایدی نەتەوەیەکگرتوەکان پەسەند بکا و کاتێکیش پەسەندی کرد ئەوەندەی شەرت ومەرج بۆ دانا ، کە گەلانی بوومی ئەمریکاو گەلانی تری دنیا نەتوانن ئەو دەوڵەتە بەتاوانی جێنۆساید محاکەمە بکەن. کاتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان دوای چەند ساڵ حەولدان بۆدامەزراندنی" دادگای جینایی نێونەتەوەیی"، لەساڵی ١٩٩٨ دا قانوونی دامەزراندنی ئەودادگایەی بۆ دەنگدان ئامادەکرد، (١٢٠) دەوڵەت پەسەندیان کرد، ٢١ دەوڵەت دەنگیان نەداو تەنیا ٧ دەوڵەت دژایە تییان کرد – ئەمریکا، عێراق، ئیسرائیل، لیبیا، چین، قەتەر. یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی ئەوسێ جینایەتە (جێنۆساید، جینایەتی شەڕی، جینایەتی دژی بەشەرییەت) ئەوەیە کە ئەگەر ئامانجیان فەوتاندنی یە ک گەل یان کۆمە لێکی تایبە تی بێ، وەک جئنایە ت لە دژی تەواوی بەش ەر لەقەڵەم دەدرێن و بەربەرەکانی کردنیان ئەرکی سەرشانی هەر ئینسانێکە. هەروەها، بێدەنگە لێکردن و ئینکاری جێنۆساید وەک درێژە پێدان وبەشداریکردنە لەوجینایەتە. کاتێکی ئەمریکا بێدەنگی دەکا لەوێرانکردنی چەند هەزار گوند لە کوردستانی عێراق و تورکییە و کاتێکی پاکتاوی قە ومی گەلی فلستین وجینایەتی شەڕی ئیسرائیل پەسەند دەکا، ئەرکی گشت ئینسانێکە ئەمریکا وەک بەشداری ئەوجینایەتە چاولێکا.

5 -داهاتووی مەڵبەندی جێنۆساید

ئاخۆ دەکرێ "مەڵبەندی جێنۆساید" بکەین بە "مەڵبەندی رزگار لە جێنۆساید"؟ بە بڕوای من جێنۆساید و مەڵبەندی جێنۆساید تا زەمانێک کە ناسیۆنالیسم لە ئارادابێ و دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری بە گوێرەی نەتەوەو ڕەگەزو دین دابەشکرابێ بەردەوام دەمێنێ. خەباتی سەرەکی دەبێ بۆتێکدانی ئەو بارودۆخەبێ کە جێنۆساید پێکدێنێ بەڵام خەبات بۆ تێکدانی ئەو بارودۆخە ئەوە ناگەیێنێ کەلە چوارچێوەی باری باودا ناتوانین هیچ هەنگاوێک هەڵبگرین. خەبات لە دژی جێنۆساید پێویستی بەزانیاری و وشیاری سەبارەت بەوجینایەتە هەیە. ئێستە زانیارێکی زۆر سەبارەت بەو سێ جینایەتانە لەبەردەستدایە کە پێویستە فێربین ولە پەرەپێدانیدا بەشداری بکەین. ئەوەندەی کوردستان ئامانجی تیری جێنۆساید بووە، دە با تا ئێستا زانیارێکی قوڵ و بە رین سەبارەت بە ئەو دیاردەیە پێکهاتبا. بەڵام زانیاری و ئاگایی سەبارەت بە ئەو جینایەتانە لە تەجرەبەکەی وەدواکەوتووە.

چەمکی جێنۆساید دوای دامەزرانی نەتەوە یەکگرتووەکان و حەولدان بۆ پەسەندکردنی کۆنوانسیۆنی جێنۆساید (١٩٤٨-١٩٤٥) کەوتە سەر زاران. پێشئەوەی نەتەوەیە کگرتووەکان ئەو بەڵگەیە پەسند بکا،ئەودەمی پێشنووسەکەی راوێژی لێدەکرا، بەدرخانییەکان لەیادداشتێکدا بۆنەتەوەیە کگرتووەکان بەشێک لە پێشنووسێکی ئەو بەلگەیان گێڕاوەو باسی جێنۆسایدی گەلی کوردیان کردووە. بەڵام ئەو دەستپێکە وشیاری و چالاکی بەدوادا نەهات.لە ساڵی ١٩٦٣ کە کۆماری سۆسیالیستی مەغوولستان ویەکێتی سۆڤیت باسی جێنۆسایدی گەلی کوردیان لەنەتەوەیە کگرتووەکان هێنایە گۆڕێ، دیسان وشەی جێنۆساید کەوتە سەر زاران بەڵام باسی جێنۆساید نەبوو بەبەشێک لەکوولتووری سیاسی کوردو ولاتانی ناوچەکە. لەگەڵ ئەوشدا. نووری درسیمی لە ١٩٥٢ دا، مێژووی کوشتاری درسیمی نووسیبۆوە و بەپەرتورک لەشامێ بڵاوی کردەوە، باسی جێنۆسایدی کورد لە تورکییە بەشێوەیێکی مێژوویی و لێکۆڵینەوەیی هەوەڵجار لە خەباتی ئیسماییل بێشکچیدا دەستپێدەکا(کتێبی تونجەلی قانون و (١٩٣٥) و دەرسیم ژێنۆسیدی،

ئیستانبوول، ١٩٩٠) لە کوردستانی عێراق، لەگەڵ ئەوەشدا لە ١٩٩١ بەولاوە ئازادی لیکۆڵینەوە هەبووە هێشتا بەرهەمی بەپێزو پێویست بۆ کاری چالاکی و زانیاری لەبەردەستدانییە و هێشتا لێکۆڵینەوەو لێکدانەوە سنووورەکانی هەوەڵ لیکۆڵینەوەی ئەنفالی نەبەزاندووە (کتێبی جینۆساید لەعێراقداو پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد لێکۆڵینەوەی "ڕێکخراوی مافی مرۆڤ"، بە ئینگلیسی ١٩٩٣؛ کوردییە کەی چاپی ١٩٩٩). گۆڤاری ئەنفال، کەوادیارە تەنیا یەک ژمارەی دەرچووە، لە بێستەرەو بەرییدا کەم وێنەیە. ئەو کورتە مێژوویە بۆیە ساغ دەکەمەوە و دەیگێڕمەوە کە بڵێم کوردایەتی توانای خەبات بۆبنەبڕکردنی جێنۆسایدی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا نوێنەرایەتی کورد لە پڕۆسەی دانانی دەستووری عێراقدا حەولیدا دەوڵەتی ناوەندی دەسەڵاتی جێنۆسایدو جینایەتی شەری نەبێ، لەوەشدا زۆر سەرنەکەوت و بەبەرژەوەندی ئەمریکا لەگەڵ ناسیۆنالیستە شیعەکان سازشی کرد. دیارە قانوون، هەرچەندیش بەراشکاوی و بە تێروتەسەلی ڕێ لە ئەو جینایەتانە بگرێ، ناتوانێ بنەبڕیان بکات دەوڵەت، ئەگەر ویستی جێنۆساید بکا، لە دەستوور و قانوونی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی ناپرینگێتەوە و پێشێلیان دەکا. سەرباقی ئەوەی، قانوون مەیدانێکی خەبات لە دژی ئەو جینایەتانەیە.

ئەگەر جێنۆساید جینایەتێکی نێونەتەوەییە، بەربەرەکانی کردنیشی دەبێ نێونەتەوەیی بێ. لەمەڵبەندی جینۆسایددا سێ گەل تەفروتوناکراون (هەرمەنی و ئاشۆری وکورد.) جێنۆسایدی هەرمەنی، جێنۆسایدی کوردەوجێنۆسایدی کورد، جێنۆسایدی ئاشۆرییە. کوردێکی بیەوێ بەڕاستی لەدژی ئەو جینایەتانە خەبات بکا پێویستە دان بنێ بە بەشداریکردنی بەشێک لەڕابەرایەتی کوردلەجێنۆسایدی هەرمەنی و ئاشۆریداو ئەو ڕابەرایەتییە وەک دەستەو دەیارەی جینۆساید چاو لێبکا ومەحکوومی بکا. بەڵام سیاسەت و کردەوەی نێونەتەوەیی تەنیا بە هاوکاری و هاوپشتی ئەو سێ قوربانییە پێک نایا. کوردێک یان هەرمەنییێک کە دژایە تی جێنۆسایدی گەلی فلستین و گەلانی تر نەکا، ناتوانێ لە خەباتی خۆی دا سەربکەوێ. تەنیا بەشۆڕشی گەلانی دنیا لە دژی ئەو جینایەتانە دەکرێ دەسەڵاتداران چاوترسێن بکرێن و سیستێمی جیهانی جێنۆساید پاشە کشەی پێبکرێ. لەوقسانەدا وا دەردەکەوێ کەخەبات بۆ بنەبڕکردنی جێنۆساید خەباتێکی ئالۆزەو زۆرلایەنی هەیە سیاسی، ئیدە ئۆلۆژی، کوولتووری، قانوونی. من باسی وەم کرد کە سیاسەت و ئیدە ئۆلۆژی ناسیۆنالیستی ڕێگەنادا بەخەباتێکی وا کەجێنۆساید بنە بڕبکا، ئەوەش لەبەرئەوەی کەپێگەی جێنۆساید نەتەوە وناسیۆنالیسمە. بەڵام تاقەکەس بەهیچ سیاسەت و ئیدە ئۆلۆژییێک لەحیم نەکراوە. دیارە کەسێکی ڕێبازی ناسیۆنالیستی هەبێ دەتوانێ خەباتی بێوچان لە دژی جێنۆساید بکا. با مێژووی جێنۆسایدی هەرمەنی بگێڕمەوە. سەد ساڵ لەوەی پێش، برایانی بەدرخان، کە بەشی هەرە بەهێزی چینی دەرەبەگ بوون و لەهەمان کاتدا ناسیۆنالیسمی تازە سەرهەڵێناویان بەرێوە دەبرد، بەتوندی ڕەخنەیان گرت لە بەشداریکردنی سەرۆک عەشیرەت و دەرەبەگی کورد لە کوشتاری ئەرمەنی. هەشتا ساڵ دوایە، یلمازگونەی، هونەرمەندی چەپ، چەند ڕۆشنبیری تورکی هاندا بۆ ئەوەی تورکییە کۆکوژی هەرمەنیان وەک جێنۆساید بەرەسمییەت بناسێ. لە تورکییە، کە ناسیۆنالیسمی کەمالیستی تەواو بڕەوی هەیەو دەوڵەت هاندەری دوژمنایە تی تورک و کوردە، یەسیم ئوستائوغلو لە فیلمی سەفەر بەرەو خۆرەتاو (٢٠٠٠) دا، وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان و زەبروزەنگی "میت"ی لە قاوداوە، و دەڵێ کورد و تورک دەتوانن پێکەوە بژین. ورده ورده ڕۆشنبیران، جارێ زۆرتر لەبەرەی چەپ، جێنۆسایدی هەرمەنی و سەرکوتکردنی کوردان مەحکووم دەکەن. پێویستە لەنیزامی پەروەردەدا، بەرنامەی دراساتی جینۆسایدو دوو جینایەتەکەی تر دامەزرێ و لایەنە جۆراوجۆرەکانیان لێکبدرێتەوە؛ ئەوانەی بۆ حکومەت کاردەکەن دەبێ سەبارەت بەو جینایەتانە دەرس بدرێن. من تا ئێستا باسی وەم نەکردووە کەژیانی دوای هەڵەبجە و ئەنفال دوای شازدە ساڵ حکومەتی کورد چۆنە؟ هەروەها دەکرێ بپرسین، باری ژیان و مافەکانی ئاشۆرییەکان لە ژێر ئالای کوردیدا چۆنە؟

چیرۆکی وێنەی ئەحمەد کەریم گوندی قزڵو- دەشتی کۆیە

هێمن عەبدوڵا



ئەحمەد کەریم ئەو منداڵەیە کە لە پێشـــەوە لە وێنەکەدا دیارە چەپڵە لیدەدات، کراسێکی سپی لەبەردایە و سەرشانەکانی سورە، قاچەکانی ڕاکێشـــاوە، ئەحمەد خەڵکی گوندی قزلووی ســەر بە ناحیەی ئاشتی قەزای کۆیە.

ئەم وێنەیەم چۆن دەســت کەوت ؟

ڕێکەوتێکی گرنـگ بوو، لەکاتی کارکردنمدا هاوڕێم ســـدیق کە دانیشـــتووی گوندی قزلووە، واتا هەمان گوندەکەی باوکی ئەحمد فلمێکی ٣٦ی کۆنی بۆ هێنام و لە کاتی ســکانکردنی وێنەکاندا دراوســێکەم (هەڕێم فەتاح) وێنەی ئاهەنگێکی پێشــمەرگەی یەکێتی بینی، کە ســاڵێ ١٩٨٤ لە گوندی قزلوو ســازکرابوو، هەڕێم باســی ئەم وێنە کۆنانەی بۆ خەزوری واتا باوکی ئەحمەد کرد بوو، ئەویش بۆ سۆراخی وێنەی منداڵەکانی بە زووییە هاتەلام و منیش وێنەکانم پیشاندا

ســەیربوو ! لە یەکەم بەرکەوتنی وێنەکاندا وتی : ئەوە ئەحمدی کوڕمە .. ئاهێکی هەڵکێشــاو ئینجا گوتی : ئەمانەت لە کوێ بوون ؟!! چەند ســاڵە بە دوای وێنەیەکدا دەگەڕێم ســەبوریم بداتێ ؟ ئەفســوس کاک کەریم مەولود هەموو خانەوادەکەی ئەنفالکراوە و دوای ئەنفال خێزانی پێک هێناوەتەوە لەم کارەدا ئەوەی بۆ من شـــانازیە ئەویە لە ئیســـتادا زۆرێک لە خانەوادەی ئەنفالکراوان وێنەی کۆنم بۆدەهێنن و دەڵێن لای تۆ قیمەتیان هەیە ئەگەر بشمرین. پاریزراودەبن..

تێبینی:

وێنەکە لە ســاڵی ١٩٨٤دا لەکاتی گفتوگۆی نێوان یەکێتی نیشـتمانی و حکومەتی عێراقدا گیراوە، ئاهەنگەکە کۆمەڵی ڕەنجدەرانی کوردستان سازیان کردووەو شوێنەکە گوندی قزڵووە

سوپاس بۆ

زانکۆی گەرمیان کۆلێژی پەروەردە کەدەرفەتیان دام بۆ پێشکەشکردنی ئەم باسە.

عومەر محەمەد سەرنوسەری گۆڤاری ئەنفالستان

ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی

مامۆستا عیمادی وێنەگر

جەوهەر کانی هەنجیری



میلوجان

محەمەد سەید

لەسەفەرەکەماندا بۆ نوگرەسەلمان رۆژانی ١٦ و ١٧ / ٤ ، من بە تەنیشت (مام رەزا)وە دانیشتبووم، لەو ڕێگا دوورو تاقەت پڕوکێنەدا مام رەزا چەندین چیرۆکی ناخ هەژێن و تراژیدیای ناو زیندانی قەڵای نوگرەسەلمان و ڕێگاکەی بۆ گێڕامەوە، کاتێک گەیشتینە سەماوە دەنگی هەڵبڕی و ووتی تاوەکو ئێرە لەگەڵ خێزانەکەم پێکەوە بووین، بەڵام لە سەماوە لە یەکیان جیاکردینەوەو منیان برد بۆ نوگرەسەلمان، خێزانەکەم (٧) منداڵ و داکیان بوو، کە لە



ناحیەی مەلەحە تێپەڕ بووین و کەوتینە چۆڵەوانی و بیابان هەڵوەستەیەکی کردو بە دەنگی بەرز ووتی بەخودای وابزانم ڕێگامان بزر کردووە، ئەمە ئەو شوێنە نیە کە پێشتر پێیاهاتووین، کەوتە دڵەڕاوکێ وترس دایگرت، ووتی بەخوا وابزانم جارێکی تر ناتوانین بگەڕێینەوە، لەو کاتەدا هەستم بەخورپەی دڵی و ترس و هەڵقرچانی ناخی کرد کە (٣٦) ساڵە پێوەی دەنالێنێت، ووتم نانا مام رەزا کەمێ ئارام بەو خەم مەخۆ تۆ بڵێیت بزربین!؟ بەر لەوەی بگەینە نوگرەسەلمان چیرۆکێکی تری بۆ گێڕامەوە کە من تا ئەو کاتە نەمبیستبوو، ووتی بە ڕێگاوە بووین بۆ نوگرەسەلمان ژنێکمان لەگەڵ بوو ناوی میلوجان بوو ناوەکەم بەلاوە سەیر بوو، ووتم ناوی چی بوو مام رەزا؟ دوو بارەی کردەوە ووتی ناوی میلوجان بوو ئەو خەڵکی شار بوو هاتبوو بۆ گوند تاوەکو کوڕەکەی ببینێت، بەڵام شاڵاوی ئەنفال ئەویشی ڕاپێچ کردبوو، لە بیرمە مانگی ڕەمەزان بوو میلوجان بە ڕۆژوو بوو، لە ڕێگا چەندمان پێ ووت کە ڕۆژووەکەی بشکێنێت، بەڵام ئەو ئەیووت سوێندم خواردووە هەتاوەکو کوڕەکەم نەبینم ڕۆژووەکەم ناشکێنم، هەتا گەیشتینە نوگرەسەلمان هەر نەیشکاند تا گیانی سپاردو ڕوحی دەرچوو. پرسیم ئەی خێزانەکەی خۆت چیبان بە سەر هات؟ ئاهێکی هەڵکێشاو ووتی کە لە نوگرەسەلمان گەڕامەوە دڵم خۆش بوو دەگەڕێمەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆم لە دڵی خۆمدا دەموت ئێستا ئەوان چاوەڕێی من دەکەن و بە گەڕانەوەم دڵخۆش و بەختەوەر دەبن، بەڵام کە هاتمەوە نە منداڵ بوو نە خێزان هەتا ئێستاشی پێوە بێت چاوم پێیان نەکەوتەوە. کە گەیشتینە قەڵای دێوەزمەی نوگرەسەلمان مام رەزا بە دڵێکی پڕ حەسرەت و خەم و ئازارەوە ڕووی لەو شوێنانە کرد کە شەش مانگ و نیوو تەمەنی تیا بردبووە سەر لە ناخەوە ئەکوڵاو بەگریان وچاوی پڕ فرمێسکەوە بیرەوەریەکانی دەگێڕایەوە، ئیتر کەنالەکانی ڕاگەیاندن ڕوویان تێکردو بەر نە ئەکەوت بۆ چاوپێکەوتن، ئەو چەند کاتژمێرەی ناو قەڵاکەو ڕۆیشتن بە بیاباندا بۆ سەر گۆڕە بە کۆمەڵەکان بە ڕێگایەکی ناخۆش و تەپ و تۆزاویدا مام رەزای بێتاقەت و ماندوو کرد، هەر بۆیە لە گەڕانەوەماندا کە گەیشتینەوە بەغدا مام رەزا بە تەواوی باری تەندرستی تێک چوو، کاتژمێر نزیکەی (١٢)ی شەو بوو کاک حاکم ڕەمەک قایمەقامی چەمچەماڵ مام رەزای بردە ناو ئۆتۆمبێلەکەی خۆی و ڕووخسەتی لێمان خواست و ووتی من دەبێت بە جێتان بهێڵم و بە خێرایی بڕۆم هەرکە پێویستیشی کرد مام رەزا دەبەمە یەکێک لە نەخۆشخانەکان، بەهیوای تەمەن درێژی و تەندروستیەکی باش بۆ مام رەزا .

ئاوانباران لەنێو قەفەزی دادگادا

عەبدوڵڵا کەریم مەحمود

سـەعات٣ی دوای نیوەڕۆی ٦ / ١٠ / ٢٠٠٦ وەفدێک



پێکهاتبووین لە [محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق ، لەتیف فاتیح فەرەج ، عومەر محەمەدی ئەنفالستان ، تەها سلێمان ، مەجید ساڵح ، سالار مەحمود ، عە بدوڵڵا کەریم مەحمود] ، لە فڕۆکەخانەی نێو دەوڵەتی سلێمانی یەوە بە ڕێکەوتین بۆ فڕۆکەخانەی نێو دەوڵەتی بەغداد ، شەرەفی ئەوەیان پێداین وەک چاودێر لە هۆڵی.. ..دادگای باڵای تاوانبارانی عێراق میوان بین. یەکەم جار بوو سواری فڕۆکە ببم ، هەر کە فڕۆکە کە کەوتە جوڵە بەرەو قوڵایی ئاسمان ، لە پەنجەرە بچوکەکەی تەنیشتمەوە روانیمە باڵای پیرەمەگرون ، ئەو ڕۆژانەم هاتەوە یاد ، کە لە گوندی قزلەرەوە بە پیرەمەگرون دا هەڵگژام ، بە زەحمەتێکی زۆر بەو ڕێچکە باریکانەدا هەنگاوم دە نا ، بەفرو شەختە هەمووی گرتبوو.. گەیشتمە ناو گوندی زێوێ ، ئەو شەوە لە ماڵی شەهید دکتۆر ئاسۆ ی مام ڕەزا ماینەوە ، لە گەڵ دکتۆر ئاسۆو هاوڕێ نوری نازانین چۆن شەوەکەمان بەڕێ کرد ، تاریک و لێڵی بەیانی لە جادەی سلێمانی – دوکان پەڕینەوە تا گەیشتینە گوندی حاجی ئاوا گوندی زاهیر ، ئێوارەکەی لە جادەی سلێمانی – کەرکوک لە لای دەواجنەکەی بازیان بە ناو ڕەبایەو جاش و سەربازدا پەڕینەوە بۆ بیبیجکی ئەو بەر ، دنیا تاریک بوو ڕەباییەکان لە هەموو لایەکەوە بە سەلیبە دەسڕێژیان بە هەر چوار دەوری خۆیان دا دەکرد فیشەکی گڕدارەکان وحەپەپی سەگەوەرەکە کپی و ئارامی تاریکستانەکەی زیاتر هەژاند. لەوێوە بە چیاکەدا سەرکەوتین بۆ ئەو دیوو بۆ گوندی خاڵدان ،دێڵێژە،،گوربـاز،..میوڵی ، خاوێ کەسنەزان ،ماڵە چوچانییەکان ،هەناران ،،کربچنە ژاڵە ،،گەرەچیا ،گەرمیان.

لە پەنجەرە بچوکەکەی فرۆکەکەوە ،هەستم کرد لە سەرووی هەورەکانەوەین ، پۆپەشمینی هەورەکان ، دیمەنێکی ڕۆمانسیانەی دروست کردبوو،بۆ یەکەم جار بوو نیگاری هەور لەو سروشتە شیرینەی نێوان ئەو ئاسمانە شینە تۆخەو ،ئەو هەموو پەڵە سەوزو قاوەییانە ی سەر زەوی ببینم ، ناو بە ناو هێڵی ئەو شەقامە قیرانەم دەهاتە بەرچاو ،،وەک تاڵی پێچاو پێچی ئەو وێنانە وابوو کە بە منداڵی لە دەفتەری وێنەکەما دەمکێشا لەو کاتەدا فرۆکەکە گەیشتە سەر ئاسمانی گەرمیانەکەم ، باڵی خەیاڵ لە و پەنجەرە بچوکەوە گەڕاندمییەوە بۆ بەهاری ساڵی ١٩٨٧ هەموو گوندەکانی گەرمیان پڕبوو لە ئاوەدانی ژیانێکی ئاسودەیی ، خۆشەویستی لە باوەشی ساکاری جوانی سروشت دا ، ئەو کاتانە خەڵکی ئاوایەکانی گەرمیان .لەگەڵ پێشمەرگەکانی گەرمیان دا گۆرانی یان بۆ ژیان ،بۆ ئایندەیەکی نوێ دەوتەوە. هەموو ماڵێک لە ، گوندەکانی گەرمیان ماڵی پێشمەرگە ومیوان وئەو ڕێبوارانە بوو کە ڕێیان دەکەوتە ئاوایەکەیان . ژن و پیاو ،منداڵی جوتیارەکان دڵپاک و سادە بوون ،هەموویان عاشقی ئەو زەوییە کشتوکاڵییە بوون ،کە ساڵ دوانزەی مانگ بە ڕەنج و ماندوو بونی خۆیان و..بەعەرەقی ناوچەوانی خۆیان بەرهەمیان دەهێنایە بەر .ژیانی ئەوێ پڕبوو لە بەها جوانەکانی خۆشەویستی مرۆڤ ،مرۆڤایەتی ، خاک، نەتەوە، زمان ، پێشمەرگەو،شۆڕش و، کۆمەڵ. خەڵکی ئاوایەکان لە گەڵ بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق و ڕەتڵی تۆپبارانەکان و ساروغ و دەسڕێژی کۆپتەرەکان ڕاهاتبوون. هەموو ماڵێک کونە تەیارەیەکیان بۆ خۆیان دروست کردبوو .

ناو بەناو سوپای عێراق و ،جاشەکان بە تەکنەلۆژیای عەسکەریی هێرشیان دەکردە سەر گو ندەکان

جوتیارەکان ئامادە نەبون دەستبەرداری گوندو کێڵگە کشتوکاڵییەکان و ئەو گۆڕستانانە ببنەوە کە چەند رەچەڵەکیان لەو خاکە دا نێژراون ، خۆیان وەک هێزی بەرگری بە چەک و فیشەک و رۆحی خۆیان بەرگریان لە زەوی و ئاو و ئاوەدانی خۆیان دەکرد، رۆڵیان وەک پێشمەرگە جەربەزانە بوو. لە پەنجەر بچوکەکەی فڕۆکە کەوە ، چەندان دیمەنی خێرا بە ناو کامێرای چاو و مێشکم دا وەک فلاشباک تێدەپەرین، تا ئەو کاتەی گەیشتینە سەر ئاسمانی بەغداد ئەمجا ئەو خەونەم هاتەوە یاد ، بە درێژایی تەمەنم سەدام هەر لە سە ر شاشەی تەلەفیزیون و لاپەرەی رۆژنامە و گۆڤارەکان بینیوە ، ئە و کاتانە عێراقییەکان بە سەدام یان دەوت :(حفظه الله) (ئێستا لە نزیکەوە لە



ناو قەفەزی تاوان لە دادگا دەیبینم.)

فڕۆکەکە لە خوار جەبەل حەمرین –ەوە لە بەرنیشانەی چەکی قورسی تیرۆریستەکان لە سەروی قولایی هەورەکانەوە بوو، وردە وردە بە چەند سۆرێک لە سەرئاسمانی بەغداد بە هێواشی بە شێوەی پێچاو پێچ لە سنووری دیاری کراوی فڕۆکەخانەی بەغداد نیشتەوە لە ناو هۆڵی فڕۆکەخانە دا سالانی دوای راپەڕینم بیر کەوتەوە کە بەقەڵەم و چەند پەڕەکاغەزێک بە گەڕەکە میلیەکان سلێمانی دا دەگەڕام ، بەدوای کەس و کاری ئەنفالەکان سەردانی شوێنەواری گوندە سوتماکەکانی گەرمیانم دەکرد..هەموو ئەو شوێنەواری خانوو مزگەوت.و..قوتابخانە وگۆڕستانە روخاوەکانم بینی بە برپارو نەخشەی سەدام حسین و عەلی حەسەن مەجید خاپور کرابوون.

لە بەردەرگای دەرەوەی فڕۆکەخانە دوو تەکسیمان گرت . سێ کە سمان لە گەڵ حاکم ئەحمەد - ی ئەندام پەرلەمانی لیستی هاوپەیمانان و چوارکەسەکەی تر مان بە تەکسیەکەی دواوە لە فڕۆکەخانەوە بە (شەقامی مەرگ) دا، بە خێرایی تێپەڕین . گوێمان لە دەسڕێژی کلاشینکۆف بوو لەو لەولاوە دەکرا . ئەوسا ئەمەریکییەکان بە وردی چاودێری ناوچەی سەوزیان دەکرد ، بە چەند خاڵێکی پشکنینی زۆر ورد بەرێ دەکراین ، لە خاالێکی پشکنین وەستاین ، کاک لەتیف فاتیح تەلەفونی بۆ کاک خالید شوانی ئەندام پەرلەمانی لیستی هاوپەیمانی کرد، بە رێنمایی ئەو دوو ئەندام پەرلەمانە توانیمان بگەینە شوقەکانی (ناوچەی خەزرا) ، ئەو شوقانە گەڕەکێکی گەورەبوو لە نزیک [هۆڵی ئاهەنگی سەدام] ، هەر شوقەیەک هەشت نهۆم بوو ، کاک خالید شوانی لە شوقەکەی خۆی میوانداریەکی گەرمی لێ کردین و شوقەکەی خۆی بۆ تەرخان کردین.

دواتر کاک خالید شوانی دیدارێکی بۆ ساز کردین بۆ ئەوەی بەشداری پرسەی تیرۆرکردنی (زاوەکەی و خوشکەزاکەی و برینداربوونی خوشکەکەی) محەمەد ئەلعر یبی سەرۆکی دادگای باڵای تاوانبارانی عێراق بکەین.

ئێمە بەرەو ماڵی ئەو بەڕێکەوتین ، سەرۆکی دادگا بەرە وپیرمان هات ، ماوەستا محەمەد سالح تۆفیق بە ناوی هەر حەوتمان و کەس وکاری ئەنفالەکانەوە هاوخەمی و سەرخۆشی لە سەرۆکی دادگای باڵای تاوانبارانی عێراق کرد. ئەویش بەوپەڕی پەرۆشی یەوە وتی :

–ئەمە گەورەترین شانازییە کە ئێوە لە کوردستانەوە هاتوون ، پرسەی خۆتان و کەس و کاری ئەنفالەکانی کوردستان بە من را دەگەیەنن ، ئەوەی من لەدادگا دەیکەم ئەرکی سەرشانمە ، بە پێ ی پەیرەوی یاسا ، دادگای سەدام و تاوان باران بکەم، ئەگەر خۆشم ببم بەقوربانی دەست بەرداری دادگا نابم.

سەعات ٨:٣٠ هەر حەوت چاودێرەکە لە گەڵ رابیعە خان و کا ک پشتیوان ئەحمەد ئەندام پەرلەمانی

لیستی هاوپەیمان رومان کردە (کۆشکی کۆنگرەکان بۆ ئەوەی لەویّوە بگەینە ناو هۆڵی دادگا ی سەدام و تاوانبارەکانی تر لەو کاتەدا ئۆتۆمۆبیلەکە لە بەردەم هەردوو شمشێرە گەورەکە دا تێ پەڕی، کە سەدام شانازی پێوە دەکرد ، لەوێ گۆڕی سەربازی ونمان بینی ..ئەوەم بیر کەوتەوە ، تۆ بڵێی سەدام ئەم هێمایەی بۆ ئەو سەربازانە دروست کردبێ ، کە لەشەڕی عێراق – ئێران هەڵدەهاتن ،ملی دەپەڕاندن . سەرم لەو هەموو کۆشک و تەلارە زۆرانە سوڕدەما ، کە چۆن ،بە چ ویژدانێک ..بە چ عەقڵێک ،بە پارەی کێ ..بە خوێنی کێ،دروستیان کردون ،بیرم لەوە دەکردەوە ، ئەو دەسەڵاتدارانەی کورد ، کە رابردووی خۆیان لە بیر چووە تەوە ،لە سەر خوێنی شەهیدان و ئێسک و پروسکی گۆڕە بە کۆمەڵەکان ، بوون بە خاوەنی بانکی زەبەلاح لە کوردستان و، دەرەوە و ، کۆمپانیا کۆشکی خەیاڵی ، بڵێ ڕۆژێ ئەمانەش وەک سەدام و ئەم تاوان بارانە لە قەفەزی دادگا... دادگایی گەل بکرێن...ئەوە ٢٩ساڵە نەوتی ئەم نیشتیمانە دەدزن ،کەسێتی مرۆڤی کورد وردو خاش دەکەن ، ژیانیان لە خەڵک کردوە بە دۆزەخ.

ئەو کاتانەم بیر کەوتەوە سەدام ،دوای کۆدەتای ١٧ ی تەموزی ١٩٧٩ بە زۆردەسەڵاتی خۆی سەپاندن و بەدەیان نمایش و سیناریۆی جیا جیا ،خۆی کرد بە سەرۆکی عێراق و ملی زۆر لە هاوڕێکانی خۆی کرد بە پەتاو ..گولە بارانی دەیان کەسی کرد ، جەستەی زۆر لە کەسە نزیکەکانی خۆی دایە ..بەر دەسڕێژی جەلادەکان

سە عا ت ١٠ی بەیانی ، هەر [٧] چاودێرەکە لە گەڵ چەند یاسا ناسێکی ئەمەریکی و لێپرسە راوی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ،رومان کردە ناو هۆڵی دادگا ،وتیان: ئەم شوێنە بارەگای سەرەکی (قیادەی قوتری حیزبی بەعس)]بووە .

سەعات ١٠:٣٠ی ڕۆژی ٩ / ١٠/ ٢٠٠٦ گەیشتینە ئەو شوێنەی بۆمان دیاری کرابوو ، سێ ڕیز کورسی تیا بوو، شوشە بەند یّک لە بەردەمانا بوو ، لەوێ دەمنڕوانییە هۆڵی دادگاو قەفەزی دادگای سەدام و تاوانباران خولی[١٣] ی دادگایەکە بوو، پە ردە



لادرا ، دوو پاسەوان سەدامیان هێنایە بەردەم دەرگای هۆڵی دادگا ، کەلەپچەکەیان لە دەستەکانی کردەوە ، دواتر هێنایانە ناو قەفەزەکەوە ،پاسەوانێکیان بە ئەدەبەوە بەسەدامی وت:_ دانیشە ،سەدام دەستی بە تونديی خستە سەرشانی و بە پاڵ پێوەنانەوە ،پێیڕاگەیاند: تۆ بچۆ دەرەوە ،ئەمجا من دادەنیشم.

بەم شێوەیە پاسەوانەکان یەک بە یەک (سوڵتان هاشم ئەحمەد، فەرحان موتلّەگ ، سابیر عە بدولعە ز یز دوری، تاهیر تۆفیق العانی، حسین رەشید) یان هێنایە هۆڵەکەوە ..ئەوەی مایەی تێڕامانە دوا کەسیان عەلی حەسەن مەجید بوو، بەلەشولارێکی ناڕێکەوە ،داریّکی بەدەستەوە گرتبوو ، بۆ ئەوەی لەکاتی هەنگاونانی دا هاوسەنگی جەستە تێک شکاوەکە پێ ڕاگرێت، بە خاوە خاو بە هەنگاوە لارەو لارەکانی گەیشتە ناو قەفەزی دادگا. لەم دانیشتنەی دادگای سەدام و تاوانباران دا ، چوارکەس لە سکالاّکار چیرۆکی پڕلە مەرگەساتی خۆیان گێڕایەوە، ئێمە هەموومان لە بەردەم هەڵسوکەوتی سەدام و تاوانبارەکان و دیمەنی جەرگ بڕی ئەو تراژید یایانەدا گریاین .

سەدام بە بێ دەنگی هەناسەی لە خۆی بڕی بوو ،تەنیا لە ناخی کپی خۆی دا هە ندێک جار هەستی بە ڕاستی رووداوی ناو چیرۆکەکانی ئەنفال دەکرد ، ...بەڵام هەر وەک سەدام حسین –ی سەرۆکی عێراق هەڵسوکەوتی دەکرد ، (تەنیا خۆی لەسەر هەقە و



ولاتانی هاوپەیمان و کوردو شیعە و حکومەتی عێراق غەدریان لێ کردووە)بە بەردەوامی قوربانێکی لە سەر ئەژنۆکانی دانابوو ، ناو بەناو لاپەرەکانی هەڵدەدایەوە ،وەک ئەوەی ئەو بە پێ ی سورەتی ئەنفال ،ئەنفالی کوردی کردووە ،کورد کافر و مەجوس بوون ،بەکرێ گیراوبوون ،ئەو ئەنفالەی کە سەدام کرووپەتی بەعەقڵی و بڕیاری مەزاجیانەی خۆی کارێکی رەولیە و لەخزمەتی عێراق دا بووە .

لە کاتی نوێژدا هەر لە شوێنی خۆی لە ناو قەفەزەکەدا بە دانیشتنەوە نوێژی دەکرد ،لە خوا دەپارایەوە بۆ ئاوا روو بە رووی ئەم ڕۆژەو ،ئەم دادگای کردنەی کردوەتەوە .

سەعات [٢] ی پاش نیوەڕۆ بوو ، سەرۆکی دادگا وتی: ئێستا کاتی پشووە ، سەدام خۆی بە موسوڵمانێکی ئەوەندە ڕاستەقینە دەزانی وتی _ ئێمە بە ڕۆژوین ،پێویستمان بە پشوو.نان وخواردن نی یە.

ئەو ڕۆژە یەکێک بوو لە ڕۆژە هێمنەکانی دادگا .

یەکێک لە پرسیارە کۆمیدییەکانی عەلی حەسەن مەجید ئەوەبوو وتی: من بڕوا ناکەم زیندانێک بە ناوی (نوگرە سەلمان)وە هەبێت . داوای لە لیژنەی لێکۆڵینەوە کرد بۆ ئەوەی ئایا ئەو زیندانە هەیە یا نا ...؟

ئەمە نیشانەی ئەوە بوو کە سەدام و عەلی حەسەن مەجید و هەموو تاوانبارەکان، نەک هەر ئاگایان لەو ئەو چیرۆک وزانیاریانەیە کە سکالاکاران لە هۆڵی دادگا دەیان خستە روو ،ئەوان زۆر بەوردی و قوڵی ئاگایان لە هەموو کات و شوێنی ،رووداوی تراژیدیا کانە ، تەنانەت ئاگایان لە ورترین رووداویش هەیە ،بەڵام لە بەر قورسایی قەبارەی تاوانەکانیان و کەسێتی لاوازی خۆیان لە ناوقەفەزی دادگا ،لە ترسی ئەنجامی لێکۆڵینەوە و، بڕیاری دادگا .. ..کە بڕیاری لە سێدارەدانە بۆیان پەنا یان دەبردە بەر دەیان پرسیار،..دەیان پاساوی بێ جێ و ،.بێ بنەما ی یاسایی ،خۆیان دەیانزانی لە سەردەمی دەسەڵاتیان دا چەند دڵڕەق و توندو تیژ بوون، ئێستاش لە ناو ئەو قەفەزەدا چەند کەسێتیەکی لاوازو بێ دەسەڵاتن .

ئەوە شایەتحا ڵ و چیرۆکەکانیان ،ئەوە دۆکیۆمینتەکان ،هەمووی بەبریاری سەدام وعەلی حەسەن مەجید ئەنفالکراوەکان بەسەر زیندانی(تۆبزاوە ،.دبس ،.تکریت ،نوگرە سەلمان ،بیابانەکانی خوارو ناوەڕاستی عێراق) دابەش کران .

عەلی حەسەن مەجید لە نەوارە تۆارکراوەکەی دا ، لە ٢١ ی کانوونی دووەمی ١٩٨٩ دەڵێت :_لە تەلەفیزیون ئەو تێک دەرانە مان نیشان دا کە لە ئەنفالەکان دا خۆیان تەسلیم کر دبوو، باشە دەکرێت من ئەمانە هەروا بە سەلامەتی بهێڵمەوە ، کەواتە چی لەم بزنانە بکەم ، هەرچەندە پەیامێکم لە پیاوە گەورەکەوە لە سەدام حسین ی باوک فەرماندەی گشتی یەوە پێ گەیشت دەڵێت: چاوت لە خانەوادەی تێکدەران بێت، منیش پەیامەکەم خستە سەر سەرم . بەڵام چۆن ئاگام لێ یان بێت ؟ بریارمدا بە بلدۆزەر بیانکەم بەژێر خۆڵەوە ، دواتر سەرۆک داوای ناوی گیراوەکانم لێ دەکات بۆ ئەوەی بڵاوی بکەنەوە ، منیش دەڵیم باشە من ئەم هەموو خەڵکە بێ شوماره لە کوێ دابنێم ، بۆیە بەسەر پارێزگاکان دا دابەشم کردن ،ئەو کاتەش بلدۆزەرەکان بەم لاولادا بڵاوە پێدەکەم)

گۆڵ و یاسا بە کوردی





سەرکەوت جەلیل*

خوێندکاری دکتۆرا لە یاسای نێودەوڵەتی.

ئاشنابوونم بە دکتۆر مارف عومەر گوڵ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ٢٠٠٧و ٢٠٠٨. ئەوکات لە پۆلی سێی کۆلێج بووم، ئەویش ماوەیەکی کەم وەک جێگرەوەی مامۆستای یاسای نێودەوڵەتی، وانەکەی پێ وتینەوە. لە دوای ئەوەوە، توانیم چەند کتێب و توێژینەوەیەکی بخوێنمەوە، لەوانەش کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی کورد، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، پۆلێنکردنی تاوانەکانی ئەنفال بەپێی جۆرەکانی جینۆساید، پێکهاتنی یاسای نێودەوڵەتان و پێوەندیی بە یاسای ناوخۆیی دەوڵەتەوە، لەگەڵ بارودۆخی کورد لە چەند بابەتێکی یاسای نێودەوڵەتاندا.

وەک لە ناونیشانی کتێبەکانەوە دەردەکەوێت، هەندێک لە نووسینەکان باسی تاوانە نێودەوڵەتییە گەورەکان(جینۆساید و تاوانی دژە مرۆڤایەتی)ـــن دژی کورد لەبەر ڕۆشنایی حوکم و پەیماننامە و بڕیاری ئۆرگانە نێودەوڵەتییەکاندا؛ لەوانەیدا زیاتر لەگەڵ بابەتی یاسای تاواندا مامەڵەی کردووە و کرۆکی لێکدانەوەکانیشی تاوانی دەوڵەتانی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریایە دژی کورد. وەک ئەوەی دەڵێت: "خاڵی سەرەکیی سەرجەم س یاسەتی هەر چوار وڵاتی داگیرکەری کوردستان، هاوبەشە و هەمیشە توانیویانە لەسەر لێدانی بزووتنەوەی کورد و وێرانکردنی کوردستان و فەوتاندنی نەتەوەیی کورد وەک گەلێکی سەربەخۆ، یەک بگرن". لە هەندێکی تریاندا دەیپەرژێتە سەر دیو و پرسی گرنگی تر، هەندێک پرسیاری تیۆریایی بایەخدار، لەوانەش پرسی کەسێتیی یاسایی لە یاسای نێودەوڵەتیدا: ئایا گەلانی بێ دەوڵەت و بەتایبەت کورد، چ پێگەیەکی یاساییان لە یاسای نێودەوڵەتی و نیزامە جیهانییە بالاکەدا هەیە؟ وەک دکتۆر خۆی دەڵێت: "دەکرێت حکومەتی خواروی کوردستان بکرێتە ئۆرگانی بەجێگەیاندنی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی، بەو مەرجەی زەمینەی دەستووریی هەبێت و لە پەیوەندیی نێوان دەوڵەتاندا بەشدار بێت ... چونکە ئەو کەسایەتییە بەبێ بەشداربوونی حکومەتی کوردستان نایەتە دی."

کتێب و توێژینەوەکانی دکتۆر مارف بە گشتی، دوو شت، یان دوو خاڵی گرنگ نیشان دەدەن:

یەک: دکتۆر مارف بەشێک یان چمکێک لە مەعریفە و شارەزایی (یاسایی)ـــی خۆی، بۆ پرس و دۆزی نەتەوەیی تەرخان کردبوو. ڕاستە ڕەنگە هۆکار ئەوە بووبێت، کە پسپۆڕییەکەی یاسای نێودەوڵەتی بوو، بەڵام هەر دەبوو و دەبێت وا بێت! ئاخر خۆدزینەوە لە پرس و پرسیاری نەتەوەیی کورد بە ناوی پسپۆڕی و بابەتیبوونەوە، بیانوویەکی لاواز و بگرە شەرمهێنەریشە! دۆخی کورد، بە درێژایی سەد ساڵی ڕابردوو، دۆخێکی تایبەت و ناوازە بووە: گەلێکی ستەمدیدە، خنکێنراو، گەمارۆدراوی داگیرکراو، بە چەندان هەوڵ و تێکۆشانی شۆڕشی چەکداریەوە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و ئۆتۆنۆمی و فیدرالی و دەوڵەتی سەربەخۆ. پێشتریش بەشێک لە سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیران لە ڕابردوودا جەختیان لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد، کردووەتەوە و باری سەرنجی خەڵک و خوێنەوارانیشیان بە لای دۆزی

نەتەوەییدا، بردووە، لەوانەش عەبدولڕەحمان زەبیحی لە کتێبی ڕەتدانەوەی کۆسمۆپۆلیتیزم و مام جەلال لە کتێبی کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی.

دوو: دکتۆر بە زمانی کوردییش دەینووسی. ڕەنگە لای زۆرێک سەیر بێت، کە بۆچی نووسینی بە کوردیی مامۆستایەک(ی زانکۆ) هێندە گرنگ بێت؟! بەڵام گەر لە یەکێک لە کۆلێجەکانی هەرێمی کوردستان، یاسات خوێندبێت و بزانیت کە کەمن، دەگەمنن ئەو یاساییانەی کوردییەکی پوخت و ڕەوان بزانن و پێی بنووسن، ئەوکات دەزانیت کە کوردیزانین و بەکوردی نووسینی یاسایی چەندە کەم و بایەخدارە! لێرەدا مەسەلەکە زار و قسەکردن نیە، بۆ ئەوەیان هەموومان کوردین، زۆرێک لە مامۆستا و شارەزایانی یاساش بە کوردی دەدوێن و وانەش دەڵێنەوە. بەڵکو مەبەست هەبوونی توانای نووسینی بەتایبەت یاساییە بە کوردی. هەندێک لە مامۆستایانی زانکۆ یان نانووسن، یان کەم دەنووسن، کاتێکیش دەنووسن بە دەگمەن دەبینیت بە کوردییەکی ڕەوان بنووسن و بڵاو بکەنەوە. پەیوەندیی نێوان زانستی یاسا و زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان و لای خوێندکار و مامۆستا و دەرچووانی کورد (دادوەر، مافپەروەر، پارێزەر، مامۆستای بەشەکانی یاسا لە زانکۆ و ... هتد)، پرسێکی ئاڵۆزە، وردبوونەوە و کنەکردنی زیاتر و تایبەتی دەوێت: چۆنە دوای سی سااڵ حوکمڕانی بە زمانی خۆت، هێشتا لای کەمی زانست بەگشتی و یاسا بەتایبەتت نەکوراندووە؟ بۆچی تا هەنووکە زۆرێک لە مامۆستا و شارەزایانی یاسا لە هەرێمی کوردستان، نەک هەوڵی تێپەڕاندنی زمانی بیانی، بەتایبەت عەرەبییان نەداوە، بەڵکو پێشیان وایە هەوڵێکی لەو جۆرە بێهوودە و بێسوودە؟ لێرەوەیە هەوڵ و ڕیسکی دکتۆر مارف و چەند کەسێکی تری کەم، کە ئاوڕیان لەو خاڵە داوەتەوە و هەوڵی خۆیانیان داوە و ویستوویانە تەنیا بۆ نوخبەیەکی بیانی نەنووسن، بەڵکو مەعریفەکەیان بە گەلی خۆیشیان بگەیەنن. هەوڵەکانی ئەو بەڕێزانە، سەرەتا بوون، هەنگاوی یەکەم بوون، کە ئومێد دەکەم کەسانی تریش لەسەری بڕۆن و بەردەوام بن و بە بیانووی وەهمی و خەیاڵاوی، لەوە زیاتر خۆیان و زمانەکەیان پەک نەخەن!

سپاس بۆ:

1 -هاوڕێ تەحسین تەها

2 -ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ.

دکتۆر مارف عومەر گوڵ نوسەری بواری جینۆساید کۆچی دوایی کرد.

د.مارف عومەر گوڵ، نووسەر و یاساناس و توێژەر دوای ماوەیەکی زیاتر لە دوو هەفتە لە نەخۆشخانە بەیانی ڕۆژی شەممە ٢٠٢٢/١/١٥ لە نەخۆشخانەی ئەنوەر شێخەی شاری سلێمانی بەنەخۆشی جەڵدەی مێشک کۆچی دواییکرد.

نووسەر و شاعیر و یاساناس د.مارف عومەر گوڵ ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی هەشەزینی، ناحیەی سەنگاوی سەربەقەزای چەمچەماڵ لەدایکبووە.

- لە ساڵی ١٩٨٢کۆلێژی یاسای زانکۆی بەغداد تەواو کردووە لە ساڵی ١٩٩٠لە زانکۆی کیف لەوڵاتی ئۆکرانیا بڕوانامەی ماستەری بەدەستهێناوەو یەکەمین کوردە کە لە بواری جینۆسایدی گەلی کوردا نامەی ماستەری نوسیوە بە ناونیشانی "ئامرازە یاساییەکانی بەربەندکردنی تاوانی جینۆساید لە یاسای گشتی نێودەوڵەتیدا"

- لە هەمان زانکۆ و لە ساڵی ١٩٩٥بڕوانامەی دکتۆراشی بەدەستهێناوە.

مەرگی دکتۆر مارف گوڵ زیانێکی گەورەبوو لەگەلی کوردستان کەوت .

هەوڵە شکستخواردووەکان بۆ دادگاییکردنی فەرماندارە ئێراقییەکان و داهەزراندنی دادگای باڵای تاوانەکان لە ئێراق.



هاوڕێ ئەحمەد

هەوڵە شکستخواردووەکان بۆ بە دادگایی گەیاندنی فەرماندارە ئێراقییەکان.

دەوڵەتی ئێراق بە نمایندەی حیزبی بەعس و بە سەرکردایەتی سەدام حسێن لە ساڵانی هەشتاکاندا ژمارەیەکی ئێگجار زۆر شاتاوانی ئەنجامدا، لە تاوانی جەنگ و تاوانی دژەمرۆڤایەتییەوە بگرە هەتا تاوانی جینۆساید، لە ڕووی یاساییەوە سیستەمی ئەوکاتی جیهانیی هیچ میکانیزمێکی بۆ بە دادپەروەری گەیاندنی سەرکردە و فەرماندارە باڵاکانی دەوڵەتان نەبوو، لەهەمان کاتدا لە ڕووی سیاسییەوە ئەو کات سیستەمێک بوونی نەبوو بۆ ڕێگرییکردن لە ئەنجامدانی ئەو تاوانانە و بنەمای دەستێوەردانی مرۆیی هێشتا ڕیشەی خۆی نەئاژوو بوو و سەروەری دەوڵەت تێۆرەیەکی پیرۆز و شایەنی دەستلێدان نەبوو هێشتا. هەر جۆرە هەوڵێک لە ماوەی ئەو چوار دەیەی دوای جەنگی جیهانیی دووەم بۆ سەرپێخستنی دادپەروەریی جیهانیی لە لایەن ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤیەتەوە پەرچ دەدرایەوە، ئەوان بە ساردی لەگەڵ یەک لە جەنگدا بوون و تەقەلای سەپاندنی هەژموونی خۆیان و سنووردارکردنی ئەوی دییان دەدا.

لە هەمان ساڵی هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و کۆتایی جەنگی ساردو بردنەوەی ئەمەریکا لە جەنگەکەدا، ئێراق پەلاماری دەوڵەتی کوەیتی دا و داگیریکرد، لە ڕۆژی ٢ی ئابی ١٩٩٠ سەربازەکانی ئێراق چوونە وڵاتی کوەیتەوە، لەهەمان ڕۆژدا و پاش چەند کاتژمێرێک ئەنجوومەنی ئاسایش لەسەر داوای ئەمەریکای تاکە پاڵەوانی دوای جەنگی ساردو کۆبووەوە و بە تێکڕای دەنگ بڕیاری ژمارە (٦٦٠)ی دەرکرد و پەلامارەکانی ئێراقیان سەرکۆنەکرد و داوایان لە ئێراق کرد هێزەکانی بۆ ئەو شوێنانە بگێڕێتەوە کە لە ١ی ئابی ١٩٩٠، واتە ڕۆژێک پێش هێرشەکان، لە ناو خاکی خۆیدا جێگیریی کردبوون. سەدام حسێن پەرچی داواکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی دایەوە و بەردەوام بوو لە داگیرکردنی کوەیت و هێزەکانی پاشەکشە پێ نەکرد. چوار ڕۆژ دواتر و لە ٦ی ئابی ١٩٩٠ دیسانەوە لەسەر بانگهێشتی ئەمەریکا، ئەنجوومەنی ئاسایش کۆبوونەوە و ئەم جارە لەژێر بەندی حەوتی بنەڕەتنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیاری ژمارە (٦٦١)یان دەرکرد و ئابلۆقەی ئابووریان خستە سەر ئێراق. سێ ڕۆژ دواتر و لە بەروارێ ٩ی ئابی ١٩٩٠ دیسانەوە ئەنجوومەنی ئاسایش لەسەر هەمان مژار کۆبوونەوە و بڕیاری (٦٦٢)یان دەرکرد، لەم بڕیارەدا داوایان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کرد دان بە پێوەلکانی کوەیت بە ئێراقدا نەنێن. ئێراق پێملی هیچ یەکێک لەو بڕیارانە نەبوو و بەردەوام بوو لە شەرەنگێزییەکەی دژی سەروەری کوەیت، لە ١٨ و ٢٥ی ئابی ١٩٩٠ دوو کۆبوونەوەی تری ئەنجوومەنی ئاسایش لەسەر داگیرکردنی کوەیت لەلایەن ئێراقەوە ئەنجامدرا، لە کۆبوونەوەی یەکەمدا بڕیاری (٦٦٤)یان دەرکرد و داوایان لە ئێراق کرد دیپلۆماتە بیانییەکانی ناو عێراق بپارێزێت و ڕێگەیان بدات بە سەلامەتی بەغداد بە جێ بهێڵن، لە کۆبوونەوەی دووەمدا بڕیاری (٦٦٥)یان دەرکرد و داوایان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی کرد بەشدار بن لە کۆتایی پێهێنانی داگیرکردنی کوێت لەلایەن ئێراقەوە لە ڕێگەی هێزیی چەکداریەوە. بازنەی ناڕەزایەتییە نێودەوڵەتییەکان تا دەهات فراوانتر دەبوو و ئێراقیش بەردەوام بوو لە پاشەکشە نەکردنی لە کوەیت. لەو ماوەیەدا ئەنجوومەنی

ئاسایش دوانزە بڕیاری تایبەت بە داگیرکارییەکانی ئێراق دەرکرد و ئێراق پێملی هیچ یەکێک لەو بڕیارانە نەبوو. لە بەرواری ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٩٠ ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیاری (٦٦٧)ی دەرکرد و ڕەوایەتی بە دەستێوەردانی مرۆیی دا ئەگەر ئێراق تا بەرواری ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٩١ هێزەکانی لە کوەیت پاشەکشە پێ نەکات، ئێراق تا ئەو بەرواره پاشەکشەی نەکرد و ڕۆژی دواتر و لە بەرواری ١٦ی کانوونی دووەم هێزی هاوپەیمانان کە لە سی دەوڵەت پێکهاتبوون بە سەرکردایەتی ئەمەریکا جەنگی کەنداوی دەستپێکرد و لە ماوەی نزیکەی مانگ و نێوێکدا و تا بەرواری ٢٨ی شوباتی ١٩٩١ هێزە ئێراقییەکانیان لە کوەیت وەدەرنا.

پاش ئەو هەموو شەرەنگێزییەی ئێراق و ئەنجامدانی تاوانی جەنگ لە داگیرکردنی کوەیتدا، دەرفەتێکی لەبار ڕەخسا بۆ بە دادگایی گەیاندنی فەرماندارانی ئێراق، جۆرج بۆشی سەرۆک و کاربەستانی ئەمەریکا و هەندێ لە وڵاتە ئەوروپییەکان لەپێش جەنگەکەدا چەند جارێک ئاماژە بە دادگاییکردنی سەدام حسێن ئەکەن، لە ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٩١دا و هەفتەیەک دوای دەستپێکردنی جەنگی کەنداو کۆنگرێسی ئەمەریکا پرۆژە یاسایەک بەرباس دەداو و داوا لە ئیدارەی جۆرج بۆش دەکات تاوانبارانی ئێراق دادگایی بکرێن. لەبەر ئەوەی هەتا ئەوکات جگە لە هەردوو دادگای سەربازیی نێودەوڵەتیی لە نۆرمبێرگ و دادگای سەربازیی نێودەوڵەتیی لە تۆکیۆ - سالّی ١٩٤٥، هیچ نموونەیەکی تری دادگای تایبەت بە تاوانی نێودەوڵەتیی لە گۆڕێ نەبوو، بۆیە لە گفتوگۆکانی ناو ئەنجوومەنی پیران (سێنات)دا سێ شێوەی دادگا پێشنیار دەکرێت، یەکەمیان ئەمەریکا لە ڕێگەی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە دادگایەکی تایبەت بە تۆمەتبارانی جەنگی کەنداو دابمەزرێنێت، دووەمیان هێزیی هاوپەیمانان بە سەرکردایەتی ئەمەریکا دادگایەک دابمەزرێنێت هەر وەک هەردوو دادگاکەی نۆمبێرگ و تۆکیۆ. سێیەمیان تۆمەتبارانی جەنگەکە بهێنرێت لە دادگاکانی ناو ئەمەریکادا دادگایی بکرێت.

کۆنگرێس پرۆژەکە لە بەرواری ١٨ی نیسانی ١٩٩١ جارێکی تر هەمواردەکاتەوە و ناوەکەی لە (جێبەجێکردنی پەیماننامەکانی ژنێف)ەوە دەگۆڕێ بۆ (دادگای تاوانبارانی جەنگی کەنداو) و بەزۆرینە دەنگی لەسەر دەدرێت و پێشکەشی کۆشکی سپی دەکرێت، بەڵام کۆشکی سپی کاری لەسەر ناکات. هەرچەندە لە پرۆژەکەدا باسی جینۆسایدی کوردی تێدا نییە بەڵام لە گفتوگۆکانی ناو ئەنجوومەنی پیراندا چەندین جار جەخت لە میحنەتیی و جینۆسایدی کورد دەکرێتەوە.

ساڵی ١٩٩٢ ویلیەم کلینتۆن دەبێت بە سەرۆکی ئەمەریکا و دوای دامەزراندنی دادگای تایبەت بە تاوانی نێودەوڵەتیی بۆ یوگوسلاڤیا لە ساڵی ١٩٩٣ و دادگای تایبەت بە تاوانی نێودەوڵەتیی بۆ ڕواندا لە ساڵی ١٩٩٤ لە لایەن ئەنجوومەنی ئاسایشەوە، جارێکی تر مژاری دروستکردنی دادگایەک بۆ تاوانەکانی فەرماندارانی دەوڵەتی ئێراق دێتەوە بەرباس، ئەمجارە ئیدارەی کلینتۆن دەیەوێ لە ڕێگەی ئەنجوومەنی ئاسایشەوە کۆمیتەیەکی گەڕان بە دوای ڕاستیدا بۆ ئێراق دروستبکرێت هەر وەک ئەوەی پێش دروستکردنی دادگاکە بۆ یوگوسلاڤیا دروستکرا، بەڵام هەوڵەکانی شکست دەهێنن، چونکە لەو کاتەدا زۆرێک لە ئەندامە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش بەرژەوەندی ئابووری و سیاسییان لەگەڵ ئێراقدا هەبوو. لە ٢ی مارسی ١٩٩٨ جارێکی تر ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا پرۆژە یاسایەک لەژێر ناوی (پرۆژە یاسای دادگای تاوانە جەنگیەکان بۆ سەدام حسێن) گەڵاڵە دەکات و لە ١٦ی مارسی هەمان ساڵ و لە دەیەمین ساڵیادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا بە تێکڕای دەنگی ئەنجوومەنەکە پرۆژەکە تێدەپەڕێت و داوا لە ئیدارەی کلینتۆن دەکات لە ڕێگەی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە دادگایەک بۆ سەدام حسێن و فەرماندارەکانی تری ئێراق دامەزرێنێت، ئەمجارە ئەم پرۆژەیە زۆر چڕوپڕ تر و بە دوورو درێژی لەسەر تاوانەکانی فەرماندارەکانی ئێراق هەڵوەستەی کردووە، سەرجەم

ئەو تاوانانەی سەدام حسێن ئەنجامی داون و ڕێکاری یاسایی بۆ دامەزراندنی دادگایەکی تایبەت بە تاوانی نێودەوڵەتیی بۆ ئێراق بەرباسداوە، لەم کاتەدا هەردوو دادگای تایبەت بە تاوانی نێودەوڵەتیی بۆ یوگوسلاڤیا و ڕواندا سەرپێ کەوتبوو، هەوڵەکان ئارگومێنتی یاسایی پتەوی لەپشت بوو، لە پاڵ تاوانەکانی تری فەرماندارەکانی ئێراق لە چەشنی داگیرکردنی کویت و مووشەک بارانکردنی ئیسرائیل و بە بارمتەگرتنی دیپلۆماتە بیانییەکانی ناو ئێراقدا، لە بەشێکی پرۆژەکەدا دەڵێت؛

"سەدام حسێن و فەرماندارەکانی تری ئێراق شاڵاوێکی سیستماتیکییان دژی کوردەکان بە مەبەستی سڕینەوەیان ئەنجامداوە، چەکی کیمیاوییان لە دژی خەڵکی بێ تاوانی کورد بەکارهێناوە، لە شاڵاوەکانی ساڵانی ١٩٨٧ بۆ ١٩٨٨ زیاتر لە سەدوپەنجا هەزار هاوڵاتی کورد بێ سەروشوێن کراون، چوار هەزار گوندیان تەفروتوونا کراوە. دە ملیۆن مین لە خاکەکەیاندا چێنراوە، لە شاری کەرکووک پاکتاوی ڕەچەڵەکی کراون".

لە پرۆژە بڕیارەکەی ساڵی ١٩٩٨ بۆ یەکەمجار تاوانی جینۆسایدی ناوی هێنراوە و داوا دەکەن لە پاڵ تاوانی جەنگ و تاوانی دژەمرۆڤایەتیدا، سەدام حسێن و فەرماندارەکانی تری ئێراقیش لە پای ئەنجامدانی تاوانی جینۆسایدی دادگایی بکرێن. لە ساڵی ١٩٩٧ ئەمەریکا ئۆفیسێک بە ناوی باڵوێزی گەورە بۆ دادپەروەریی و تاوانی نێودەوڵەتیی دادەمەزرێنێت، ئەم ئۆفیسە ئەرکی کۆکردنەوەی بەڵگە و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی یاسایی و دیپلۆماتیی بۆ شاتاوانەکان، دێڤد شیفەر وەک یەکەم باڵوێز سەرپەرشتی ئەو ئۆفیسە دەکات، لە ساڵی ١٩٩٨ تیمێک بە سەرپەرشتی خودی باڵوێز سەردانی هەرێمی کوردستانی ئێراق دەکەن بە مەبەستی کۆکردنەوەی بەڵگە و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی یاسایی بۆ دادگاییکردنی سەدام حسێن و فەرماندارەکانی تری ئێراق. پاش گفتوگۆ لەگەڵ ئەندامانی تری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی و بە تایبەت چوار ئەندامە هەمیشەیەکەی تری ئەنجوومەنەکە، ئەمەریکا دەگاتە ئەو بڕوایەی هەر هەوڵێکی لەم چەشنە لە لایەن ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایشەوە ڤیتۆ دەکرێت و دەستبەرداری هەوڵەکان بۆ دامەزراندنی دادگایەک بۆ تاوانەکانی فەرماندارانی ئێراق لەو کاتەدا دەبێت.

شکستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی و نەگەشتنە دەرئەنجامی ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ کۆتاییهێنانی دەسەڵاتی سەدام حسێن لەو کاتەدا، سەرەڕای ئەوەی ڕەوایەتییەکی گەروە لە پشتی ئەو کۆتایی پێهێنانەوە هەبوو و کۆدەنگییەکی تا ڕادەیەک گرنگیش لەناو ئەنجوومەنی ئاسایشدا مسۆگەر بووبوو، پێکڕا سەری کێشتا بۆ داگیرکردنی ئێراق بەشێوەیەکی نایاسایی لە دەرەوەی ڕەوایەتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە لایەن ئەمەریکاوە و دامەزراندنی دادگایەکی پڕ مشتومڕ و جێگای پرسیار.

دامەزراندنی دادگای باڵای تاوانەکان لە ئێراق

پاش هێرشەکانی یانزەی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١، ئەمەریکا جەنگی دژ بە تێرۆر ڕاگەیاند، ئەمەریکا نەیتوانی بڕوا بە ئەنجوومەنی ئاسایش بهێنێت بۆ ڕەوایەتیدان بە جەنگەکە، بەدەر لە ڕێگەپێدانی ئەنجوومەنی ئاسایش و تاکلایانە و لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا لە ساڵی ٢٠٠٣ هێرشی کرد سەر ئێراق، پاش پرۆسەی داگیرکردنی عێراق و لابردنی سەدام حسێن و حزبی بەعس لە فەرمانڕەوایەتیی عێراق و دەستگیرکردنی سەدام حسێن و فەرماندارەکانی تری ئێراق، مژاری دامەزراندنی دادگاهاتەوە گۆڕێ. ولاتە داگیرکەرەکانی ئێراق و بەشێک لە چینی سیاسیی و چالاکوانی ئێراقی داوای دامەزراندنی دادگایەکیان بۆ فەرماندارەکانی ئێراق دەکرد، وەلێ بەرەیەکی فراوانتری نێودەوڵەتیی دژی دامەزراندنی دادگاکە بوون، بەرەی دژ بە دامەزراندنی دادگاکە ئارگومێنتی ئەوەیان دەکرد کە داگیرکردنی ئێراق نایاساییە و بەدەر لە دەسەڵاتپێدانی ئەنجوومەنی ئاسایش ئەنجامدراوە، ئەمەش وەها دەکات هەر دادگایەک هێزی داگیرکار دروستی بکات

ڕەوایەتی یاسایی نییە، لە پاڵ ئەو ئارگومێنتانەدا، بەشێک لە یاسا ناسان دژی دامەزراندنی دادگاکە بوون، چونکە ئەو هۆکارەی کە وای لە هێزە داگیرکارەکان کرد ئێراق داگیربکەن و دەسەڵاتەکەی سەدام حسێن بڕوخێنن ئەو هۆکارانە نەبوون کە دواتر سەدام حسێنی لەسەر دادگایی کرا و هیچ جۆرە چەکێکی کۆکوژیان نەدۆزییەوە. لە کۆتایدا ئەو بەرەیەی لەگەڵ دامەزراندنی دادگاکە بوو، دادگاکەی دامەزراند و نە نەتەوەیەکگرتووەکان ئامادەیی پێشاندا بۆ هاوکاری دامەزراندنی دادگاکە و نە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی، جگە لە هەر چوار وڵاتی داگیرکەری ئێراق (ئەمەریکا، بەریتانیا، ئوستڕالیا و پۆڵەندا) ئەوا تەنها دوو دەوڵەتی تر (ئیسپانیا و چیک) زۆر سنووردار ئامادەییان نیشاندا لە ڕووی لۆجیستی و شارەزاییەوە یارمەتی دامەزراندنی دادگاکە بدەن. کە بڕیاری دامەزراندنی دادگاکە درا، جارێکی تر جۆر و شێوەی ئەو دادگایەی وا پێویستە بۆ دادگاییکردنە دابمەزرێت بووەوە جێگای مشتومڕ، لەو کاتەدا چەند بژاردەیەک خرانە بەرباس.

یەکەم. دادگایەکی سەربازیی نێودەوڵەتیی و وەک دادگای سەربازیی نۆرمبێرگ کە دەسەڵات بە هێزە داگیرکارەکانی ئێراق (ئەمەریکا، بەریتانیا، ئوستڕالیا و پۆڵەندا) بدات دادگایی بەرەی دۆڕاوی جەنگەکە بکەن.

دووەم. دادگایەکی تایبەت بە تاوانی نێودەوڵەتیی وەک هەردوو نموونەکەی یوگوسلاڤیا و ڕواندا دابمەزرێت.

سێیەم. دادگایەکی ناوخۆی ئێراقیی کە ڕەچاوی سیستەمی یاسایی ئێراق و لە دادوەری ئێراقی پێکهاتبێت، دابمەزرێت.

هەرچەندە لەو کاتەدا دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی دامەزرابوو و چووبووە بواری کارپێکردنیشەوە، بەڵام ئەو دادگایە بژاردەیەکی گونجاو نەبوو بۆ دادگاییکردنەکە، چونکە بە پێی بنەڕەتنامەی دادگاکە مەودای کاتی دەسەڵاتی دادوەریی دادگاکە ڕێگەی بە دابینی ئەو تاوانانە نادات وا پێش ١ی تەموزی ساڵی ٢٠٠٢ ئەنجامدراون. ئەمەش لەمپەرە گەورەکەی بەردەم ئەم دادگایە بوو، هەرچەندە گەر ڕێگەشی بدایە لەبەر ئەوەی ئەمەریکا ئەندامی دادگاکە نەبوو (تا ئێستاش ئەندام نییە) و یەکێکە لە نەیارە سەرسەختەکانی ئەو دادگایە، مەحاڵ بوو ئەمەریکا تۆمەتبارە ئێراقییەکان ڕەوانەی ئەو دادگایەی بکردایە. لە هەمان کاتدا ئێراق ئەندامی ئەو دادگایە نەبوو (تا ئێستاش ئەندام نییە)، ئەمەش ڕێگەی لە دادگاکە گرت خۆویستانە دەستێوەردانی یاسایی بکات، لەو کاتەشدا ئێراق سەروەرییەکەی لەدەست دابوو تا بتوانێ بانگهێشتی دادگاکە بکات وەک دەوڵەتێکی نا ئەندامی دادگاکە ڕێگە بە دادگا بدرێت لێکۆڵینەوە و دادبینییەکانی دەست پێ بکات، سەرەڕای بەربەستی مەودای کاتی دەسەڵاتی دادوەریی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی.

لە ڕووی یاساییەوە مۆدێلی دادگای سەربازیی نێودەوڵەتی نورمبێرگ و تۆکیۆ کۆتایی هاتووە، چونکە پەیماننامەی چوارەمی ژنێف ڕێگە دەگرێت لە دامەزراندنی دادگا لەلایەن دەوڵەتی داگیرکەرەوە بۆ دەوڵەتیی داگیرکراو، جگە لەوەش لە دوای دامەزراندنی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە دادپەروەری تاوانی نێودەوڵەتیی (International Criminal Justice)بەرەوپێشچوونی زۆری بەخۆوە بینیوە و بژاردەی دادپەروەری بڕاوە (Retributive Justice)بژاردەیەکی گونجاو نەبوو لە ساڵی ٢٠٠٣ و دوای زیاتر لە نیو سەدە لە دامەزراندنی دادگاکەی نۆرمبێرگ و تۆکیۆ جارێکی تر زیندوو بکرێتەوە. لە هەمان کاتدا لە ڕووی سیاساییەوە دەستبردن بۆ دادگایەکی لەو چەشنە نەیارە نێودەوڵەتیی و بەرهەڵستکارە ئێراقییەکانی دژی ئەمەریکا زیاتر دنە دەدا تا دژایەتیی ئەمەریکا بکەن. بژاردەی دامەزراندنی مۆدیلی هەردوو دادگای تایبەت بە تاوانی نێودەوڵەتیی بۆ یوگوسلاڤیا لە ساڵی ١٩٩٣ و دادگای تایبەت بە تاوانی نێودەوڵەتیی بۆ ڕواندا لە ساڵی ١٩٩٤ بەربەست و ئەستەمیی خۆی هەبوو، چونکە بۆ دامەزراندنی ئەم جۆرەی دادگا کە

ناسراون بە (Ad Hoc) پێویستی بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی ئاسایش هەیە، وەلێ ئەمەریکا بێ ڕێگەپێدان و گەرانەوە بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش ئێراقی داگیرکرد، ئەمەش هەر هەوڵێکی لەو چەشنە ڕەنگە لە لایەن کۆمەلگەی نێودەوڵەتیی و ئەندامە هەمیشەیەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشەوە پەرچ بدرایەتەوە، چونکە سێ ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش (فەرەنسا و چین و ڕوسیا) کە خاوەنی مافی ڤیتۆن، لە ڕاگەیاندنێکی هاوبەشدا دژایەتی خۆیان بۆ داگیرکردنی ئێراق لەلایەن ئەمەریکاوە دەربڕی بوو.

بژاردەی دادگا تێکەڵەکان (Hybrid) لە چەشنی دادگای تایبەت لە وڵاتی سیرالیۆن (SCSL) و دادگای ناوازەی کەمبۆدیا (ECCC) گونجاوترین بژاردە بوو بۆ دادگاییکردنی سەدام حسێن و فەرماندارەکانی تری ئێراق، ئەم چەشنەی دادگا پێویستی بە هەمانگی دەوڵەت و نەتەوەیەکگرتووەکان هەیە و سەنگی دەسەڵاتی دادگاکە هەمیشەی بەلای نەتەوەیەکگرتووەکاندا پارسەنگە و ئەو دەسەڵاتێکی زیاتری تێدا هەیە، وەلێ ئەم بژاردەیە لای ئەمەریکییەکان کاری لەسەر نەکراو ئەوان دادگایەکی ئێراقیان لا پەسەندتر بوو.

ئەمەریکا و بەریتانیا پاش داگیرکردنی ئێراق، بە نامەیەک لە بەرواری ٨ی ئایاری ٢٠٠٣ داوایان لە ئەنجوومەنی ئاسایش کرد کە ستاتوسی ئێراق وەک دەوڵەتێکی داگیرکراو و ئەمەریکا و بەریتانیا وەک داگیرکەر بەپێی یاسای نێودەوڵەتیی بناسێنن، ئەنجوومەنی ئاسایش لە بەرواری ٢٢ی ئایاری ٢٠٠٣ کۆبوونەوە و لەژێر بەندی حەوتی بنەڕەتنامەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بڕیاری (١٤٨٣)یان دەرکرد، لە بڕیارەکەدا ئەمەریکا و بەریتانیایان وەک دەوڵەتێکی داگیرکەر ناساند و دەسەڵاتی دەرکردنی بڕیار و حکومڕانی ئێراقیان بەخشی بە "دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان (Coalition Provisional Authority - CPA)" تا ئەوکاتەی ئێراقییەکان حکومەتێکی دیموکراتی بە هەڵبژاردن دادەمەزرێنن. لە بڕیارەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشدا جەخت لەسەر بە دادپەروەری گەیاندنی فەرماندارەکانی پێشووی ئێراق کراوەتەوە و داوا لە دەوڵەتە ئەندامەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکات کە مافی پەنابەری بە تۆمەتبارەکان نەبەخشن. ئەمەریکا ئەم بڕیارەی ئەنجوومەنی ئاسایشی پێویست بوو بۆ ئەوەی ڕەوایەتی بەو یاسایانە بدات کە دەریدەکات، چەند ڕۆژی دواتر دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان لەبەر ڕۆشنایی دەسەڵاتپێدانی بڕیارەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشدا یەکەم بڕیاری خۆی دەردەکات و دەسەڵاتە سیاسیی و ئیداریی و یاساییەکانی خۆی دیاریدەکات. دواتر دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان "ئەنجوومەنی ئیداریی ئێراق Iraqi) " Governing Council - مجلس الحكم العراقي) لە بەرواری ١٣ی تەموزی ٢٠٠٣ دادەمەزرێنێت کە پێکهاتبوون لە ٢٥ ئەندام، لە ٩ی کانوونی یەکەم ساڵی ٢٠٠٣ دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان دەسەڵات بە ئەنجوومەنی ئیداریی ئێراق دەبەخشن بۆ دامەزراندنی دادگایەک بۆ فەرمانڕەواکانی پێشووی ئێراق. هاوپێچ بە بڕیارەکە ڕەشنووسی بنەڕەتنامەی دادگاکەی تێدایە کە پرۆفیسۆر شەریف بەسوونی سەرپەرشتیی تیمی نووسینەوەکەی کردبوو و ڕۆژی دواتر لە بەرواری ١٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣ ئەنجوومەنی ئیداریی ئێراق پڕۆژەکە دەردەچوێنێت، هەر هەمان ڕۆژ پۆل بریمەری حاکمی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان واژۆی لەسەر دەکات. لەم پڕۆژەیەدا ناوی دادگاکە "دادگای تاوانی تایبەت بە تاوانی دژەمرۆڤایەتیی لە ئێراق"ە.

لە ٢٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٤ حکوومەتی کاتیی ئێراق دیاریدەکرێت و لە هەمان ڕۆژدا دەسەڵاتیی کاتی هاوپەیمانان و ئەنجوومەنی ئیداریی ئێراق هەڵدەوەشێنەوە، پاشان لە ٣ی ئایاری ٢٠٠٥ حکوومەتی ڕاگوزەری ئێراق شوێنی حکوومەتی کاتیی ئێراق دەگرێتەوە. دوای نزیکەی دووساڵ لە نووسینەوەی بنەڕتنامەی دادگاکە لەلایەن دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانانەوە، ئەنجوومەنی نیشتیمانی ئێراق

لە ئەیلوولی ٢٠٠٥ جارێکی تر بە پرۆژەی بنەڕتنامەی دادگاکەدا دەچێتەوە و ئەمجارە ڕەوایەتییەکی یاسایی لە ناو ئەنجوومەنی نیشتیمانی ئێراقدا پێ دەدرێت و لەو ڕەخنانەی وا لەسەر ڕەوایەتیی دادگاکە دەگیرا کە لەژێر دەسەلاتی داگیرکەردا دەمەزراوە، رزگاری دەکەن. بنەڕەتنامە نوێیەکە بە نزیکەیی هەمان بنەڕتنامەی پێشووە و بێ گۆڕانکارییەکی گەورەری وەک خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام ناوی دادگاکە دەگۆڕێت بۆ "دادگای باڵای تاوانەکان لە ئێراق" و لە ڕۆژی ١٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ لە ڕۆژنامەی (وەقایعی) ئێراقی بڵاودەبێتەوە و ڕۆژی دواتر دادبینی لە کەیسی "دوجەیل"دا دەستپێدەکات.

پێش دادبینی کەیسی ئەنفال، کەیسی دوجەیل دادبینی تێدا کرا بوو. ڕاوێژکارە بیانییەکان پێشنیاری ئەوەیان کرد کە دادگاکە لە کەیسە بچووکەکانەوە و بە تۆمەتبارە پلە مامناوەندەکان دەست بە کارەکانی بکات، ئەمەش بۆ ئەوەی تا دەگاتە کەیسە ئاڵۆز و گەورە و فەرمانڕەوا پلە باڵاکانی ئێراق، دادگاکە ئەزموونی باشی کۆکردبێتەوە. لە سەرەتادا تا ناوڕاستی ساڵی ٢٠٠٥ ئەم ستراتیژە کاری لەسەرکرا، بەڵام بەهۆی فشاری سیاسیی شیعەکانەوە، حکومەتی ئێراق چەند مانگێک پێش دەستپێکردنی دادبینییەکەی دوجەیل بڵاوی کردەوە کە سەدام حسێنیش یەکێکە لە تۆمەتبارەکان لە کەیسی دوجەیلدا و دەهێنرێتە بەردەم دادگاکە. هەرچەندە شارەزا ئەمەریکییەکان دژی ئەوەبوون سەدام حسێن لەپای ئەنجامدانی تاوانی دوجەیل دادگایی بکرێت و وایان دانابوو یەکەم دەرکەوتنی لەبەردەم دادگاکەدا لە دادبینی تاوانی ئەنفالدا بێت.

پێش ئەوەی سەدام حسێن لە پای ئەنجامدانی تاوانی دژەمرۆڤایەتیی لە کەیسی دوجەیلدا لە بەرواری ٣٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٦ لە سێدارە بدرێت، لە کەیسی ئەنفالدا وەک یەکێک لە تۆمەتبارە سەرەکییەکان لە پاڵ شەش تۆمەتباری تردا ئامادەی دانیشتنەکانی سەرەتا دەبێت. دادبینی لە کەیسی ئەنفالدا لە بەرواری ٢١ی ئابی ٢٠٠٦ دەستپێدەکات و بیستوسێ دانیشتن تەرخانەکات بۆ گوێگرتن لە سکاڵاکارەکان و دوای گوێگرتن لە حەفتاوحەوت سکاڵاکار لە بەرواری ٢٧ی تشرینی دووەم قۆناغی سکاڵا دادەخات و لە بەرواری ٢٨ تشرینی دووەمەوە، واتە ڕۆژێک دوای قۆناغی سکاڵاکاران، قۆناغی گوێگرتن لە گەواهیدەر و پزیشکی دادوەریی دەستپێدەکات و دوای پێنج دانیشتن لە بەرواری ٧ی کانوونی یەکەم ئەم قۆناغەش دادەخات. قۆناغی سێیەمی دادبینییەکە تەرخانە بە کنەوپشکنینی دۆکۆمێنت و بەڵگەکان، لە بەرواری ١٨ی تشرینی یەکەم دەست پێدەکات و دوای نۆ دانیشتن و لێکۆڵینەوە لە نزیکەی پێنج هەزار بەڵگە، لە بەرواری ٢٩ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٧ ئەم قۆناغەش کۆتایی پێ دێت و قۆناغی گوێگرتن لە تۆمەتباران دەستپێدەکات و لە بەرواری ٢٠ی شوباتی ٢٠٠٧ دادگا تۆمەتبارەکانی تۆمەتبار کرد لە پای ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید و تاوانی جەنگ و تاوانی دژەمرۆڤایەتی، پاشان تیمی پارێزەرانی بەرگریکار لە پێنج دانیشتندا بەرگری لە تۆمەتبارەکان دەکەن و تیمەکە ڕەخنە لە ڕەوایەتیی دادگا و گومان لە بەڵگەکان و نایاسایی بوونی یاساکە بەپێی بنەمای (عدم الرجعیه Non-retroactivity) و پێنەدانی دەرفەتی گونجاو بە پارێزەرانی بەرگریکار، دەگرن. دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق لە ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٧ دواین بڕیاری دادبینییەکە دەردەکات و دادگای پێداچوونەوەکەشی لە ٤ی ئەیلولی هەمان ساڵ بڕیارەکە پەسەند دەکات.

ڕەگوڕیشەکانی جینۆسایدی کورد)


بە زمانی ئینگلیزی بڵاوەبێتەوە،

سازدانی: داستان

یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی بەردەم ناساندنی پرۆسەی جینۆسایدی گەلی کورد، نەبوونی سەرچاوەی پێویستە بە زمانەکانی دیکەی دونیا، بۆیە کاتێک هەر کوردێک بیەوێت کەیسی ئەو تاوانانەی دەرحەق بە نەتەوەکەی کراون، بە گەلانی دیکەی بناسێنێت، دەستەوسان دەوەستێت، چونکە سەرچاوەی پێویست لەو بوارانە زۆر بە کەمی دەست دەکەون. هۆکارەکەشی نەبوونی کتێب یاخود هەر چەشنێکی دیکەی دۆکومێنتە، لەپەیوەندی بە تاوانی جینۆساید و هەموو ئەو پێشێلکارییانەی دەرحەق بە نەتەوەی کورد کراون، بەپێچەوانەی نەتەوەکانی دیکەی دونیا کە خاوەنی ئەرشیفێکی گەورەن لە کتێب و سەرچاوەی جیاواز لەبارەی مێژوو، یا هەر تاوانێکی دەرحەقییان کرابێت، نموونەش زۆرن، لەوانە جوو و ئەرمەنییەکان کە خاوەنی بەهێزترین لۆبی و ئەرشیفێکی زەبەلاحن لەو بارەیەوە، کە تا ئەمڕۆش، ڕۆژ نیە توێژینەوەیەک یا نوسینێک دەربارەی هۆلۆکۆست بەزمانە جیاوازەکانی دونیا، بڵاو نەبێتەوە .

کتێبی (ڕەگوڕیشەکانی جینۆسایدی کورد)یش کە لەلایەن نووسەر (ئیبراهیم سادق مەلازادە) نوسراوە، یەکێکە لەو هەوڵانە، بەمەبەستی ناساندنی جینۆسایدی کورد. بۆیە لەو دەرفەتەدا، بەبۆنەی بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی، لە ڕێگای (تۆڕی هەواڵی ژیان)، هەوڵمان داوە نووسەری کتێبەکە بەو شێوەی خوارەوە بدوێنین :

ژیان: بیرۆکەی نووسینی کتێبێک سەبارەت بە



جیۆسایدی کورد لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟

ئیبراهیم سادق: بیرکردنەوە لە نەهامەتییەکانی خەڵکی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ هەشتاکان و جەنجاڵی ناو ڕووداوەکان، کە بۆخۆشم بەشێکم لەو نەهامەتییانە بینیوە. بۆیە، لە ١٩٩١ بەدواوە، خولیای نوسینی ڕۆمانێک لەمێشکی دام و بەردەوام بیرم لێدەکردەوە تا لەدوای ١٩٩٦ کۆچم کرد بۆ ئەورووپا. دوای گیرسانەوەم لە هۆڵەندا وردە وردە دەستم بە نوسینی ڕۆمانەکە کرد. ڕۆمانەکە زیاتر نزیکە سروشتێکی فەنتازی هەیە، بەو مانایەی وێناکردنی ڕووداوەکانی ئەنفالەکانە بەشێوەیەکی فەنتازی و لەچەند ناوچەیەکی جیاواز و گرێدانی بە زمەنی جیاوازەوە بەڕێوە دەچێت. دوایی بۆ ماوەی چەند ساڵێک لەگەڵ ناوەندی چاک لە هۆڵەندا کەوتمە ناو هەندێک چالاکی و ناساندنی جینۆساید بە خەڵکی ئەورووپا. پاشان، کە کۆچم کرد بۆ بەریتانیا، بەجیددی کەوتمە ناو پرۆسەی خوێندن و هەر لەسەرەتاوە بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا وێڵ بووم داخۆ جینۆساید

بۆ ڕووەدات؟ خەڵکی کوردستان بۆ وای بەسەر دێت؟ لە ٢٠٠٩ کتێبەکەم بەناوی (لەو دیو شەپۆڵی ڕەشەباکانەوە)، لەڕێگای هاوڕێم دکتۆر موسلیح ئێروانی، دایە دەزگای موکریانی و ئەوان چاپییان کرد. دوای تەواوکردنی خوێندنی ماستەر، نەوەستام تا دکتۆراشم تەواو کرد. هەم خوێندنی ماستەر و هەمیش دکتۆراکەم هەر تایبەتبوون بە جینۆساید .

ناوی ماستەرنامەکەم (چۆنییەتی مۆبیلیزەکردنی دین لە شالاوەکانی ئەنفالدا) بوو، کە کارکردنە لەسەر هەر سێ ڕۆژنامەی سەورە (الثورة)، جمهوریيە (الجمهوریة) و عێراق (العراق)، لەگەڵ گۆڤاری ئەلیف بای عێراقی .

تێزی دکتۆراکەشم (بەناوی بیناکردنی نەتەوە و جینۆساید لەعێراق، بەشارستانیکردن و شکستی بە شارستانیکردن .(لە ٢٠١٩ لەپڕۆسەی خوێندنی پۆست دکتۆرا، تێزی دکتۆراکەم هەمووار کردەوە و کردم بە کتێب، بەو ناوەی ئێستا .

ژیان: بە گشتی ناوەڕۆکی کتێبەکەت چۆن دابەش دەبێت و بەشەکان چۆن باس لە جینۆساید دەکەن؟

ئیبراهیم سادق: هەموو هەوڵی کتێبەکە گەیشتنە بە وەڵامی پرسیارێک داخۆ جینۆساید بەگشتی و جینۆسایدی کوردیش بەتایبەتی بۆ ڕوو دەدات. گەیشتن بە وەڵامێکی گونجاو کارێکی ئاسان نیە، ئەو وەڵامەی کە هەشە، هەمیشە بە ڕێژەیی دەمێنێتەوە، بەڵام گرنگە لەڕاستی وەڵامەکە نزک بینەوە. بۆیە، بۆ وەها توێژینەوەیەک میتۆدۆلۆژی زۆر گرنگە. هەموومان دەتوانین قسە بکەین، هەرچەندە قسەکردن لەخودی خۆیدا گرنگە، بەڵام بۆ ئەوەی قسەکانمان متمانەدار و باوەڕپێکراو بن، گرنگە بە بەڵگەی گونجاو پشتڕاستییان بکەینەوە .

کتێبەکە، وێڕای پێشەکی، بەشی یەکەمی تیۆریزەکردنە، لەچوارچێوەی تیۆری کۆمەڵناسێکی گەورەی ئەڵمان بەناوی نۆربێرت ئەلیاس. هەڵبەت لێرەدا تێبینییەک گرنگە، زۆرجار بەشێک لە ئەکادیمییەکان بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە هەمیشە پشت بە تیۆریسازە ئەوروپییەکان دەبەستین، لە کاتێکدا کە کێشە و ئاریشەکانی کۆمەڵگەی ئەوروپی لەگەڵ کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی جیاوازن. ئەو دەربڕینە لەوانەیە هەندێک ڕاستی تێدابێت، بێگومان بەپێی جۆری ئاریشەکە، بەڵام تاوان لەهەرپانتاییەکی سەر ئەو زەوییەدا بێت، هەرچ ڕەهەندێکیشی هەبێت، هەر تاوانە. لێرەشدا، ئێمە لەبەردەم پرسێک داین دەتوانم لەچەند خاڵێکدا کورتی بکەمەوە :

یەکەم: تاوانەکە نێودەوڵەتییە، بەو مانایەی سیفەتێکی جیهانی هەیە. لەهەرکوێی جیهان هەر تاوانێک کەوتە ناو پێوەرەکانی جینۆساید، ئەوە سیفەتی نێودەوڵەتی وەردەگرێت و دەکرێت بەراورد بکرێن. هەموو جێوسایدەکان خەسڵەتی تایبەت بە خۆیان هەن، لەتاقانەیی نزیکییان دەکەنەوە، بەڵام هەمووشییان هەندێک خاڵی هاوبەشییان هەن، لەسەروەی هەموویانەوە دەوڵەت وەکو بکەری سەرەکی یان ناڕاستەوخۆی تاوانەکە .

دووەم: پرۆسەی بەشارستانیکردن پەیوەندی بە وڵاتێک و کیشوەرێک و ناوچەیەکی دیاریکراوەوە نیە. ئەوپرۆسەیە لەهەموو شوێنێک ڕەهەندی خۆی هەن و بەکۆمەڵێک ئاستەنگ و ئاریشەشدا تێدەپەڕێت. بەو مانایەی پرۆسەکە مەرج نیە یەک

ئاڕاستەی هەبێت، بەڵکو چۆن دەکرێت بەردەوام بێت، ئاواش دەکرێت شکست بێنێت. هەرگیزیش کۆتایی نایەت. نموونەی ئەڵمانیا و پرۆسەی بیناکردنی نەتەوەی ئەڵمان و پاشانیش پرۆسەی جینۆساید لەبەرگی هۆلۆکۆستدا. لێرەشدا پرۆسەی بیناکردنی نەتەوە لە عێراق و ڕۆڵی دەوڵەت و دەستەبژێری سیاسی عەرەبی عێراق بەوردی باسی لێوە کراوە. پرۆسەیەکە هەر لەسەرەتاوە بەهەردوو دیوە پان عەرەبی و پان سوونییەوە، لەچوارچێوەی (عەرەب سەنتریزم) بەمانای بەسەنتەرکردنی عەرەب لە عێراق، بەڕێوە چوو. تیایدا کورد دوو بژاردەی دەخرێنە بەردەم، یان چوونە ناو ئەو بە سەنترالکردنە، یاخود فڕێدانە دەرەوەی ئەو بازنەیە. زۆرخەڵک هەن ڕوانگەیەکی پۆزەتیڤییان بۆ شا فەیسەڵ (یەکەم شای عێراق) هەیە، بەڵام ئەو پیاوە بۆخۆی بە هاوکاری تیمە پان عەرەبییەکەی خۆی و ژمارەیەک لە ئەفسەری عەرەبی سونی عوسمانی، ئەندازیاری بە سەنتەرکردنی عەرەبن لە عێراق. ئیدی لەوێوە، کۆمەڵێک فاکتەری دەرەکی و ناوەکی ناوخۆی خودی کورد هەن، کە دەخرێتە دەرەوەی بازنەی دەستەڵات و گەشەکردن لە عێراقدا .

پرۆسەی بەشارستانی کردن لە عێراق، خۆی لە پرۆسەی دەوڵەتداریدا دەبینێتەوە، پرۆسەیەک بە مۆنۆپۆلکردنی هێزە ئەمنییەکان لەلایەک و وەرگرتنی باج و سامان و داهاتەکانی دەوڵەت لەلایەکی دیکەوە، دەست پێدەکات. ئەو پرۆسەیە وابەستەیە بە پرۆسەی بیناکردنی نەتەوە بەشێوەی ئاسۆیی و ستوونییەوە، هەڵبەت لەبەر ڕۆشنایی مۆدێرنە، چونکە خودی دەولەت یەکێکە لە دیاردەکانی مۆدێرنە. بیناکردنی نەتەوەش وابەستەیە بە کۆمەڵێک ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و پەروەردەییەوە. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پشتبەستنی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان بە یەکدییەوە، لەسەر ئاستی تاک و گروپەوە، دابەشبوونی کار و ماڵیکردن و تاد. ئەو بیناکردنە لە عێراق سەرەتا زۆر سنووردار دەبێت و زیاتر شارەکان دەگرێتەوە، بەڵام بیناکردنەکە وابەستەیە بە پرۆسەی بە سەنترالکردنی عەرەب. لەگەڵ کودەتای عەبدولکەریم قاسم لە ١٩٥٨ لە عێراق و هەڵتۆقینی بەعسیزمیش بە هێزەوە، بەسەنترالکردنی عەرەب پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێوە، قۆناغێکی وابەستە بە توندوتیژی. لێرەدا، شکستی بەشارستانیکردنیش پێدەنێتە قۆناغێکی نوێ و دەتوانین بڵێین تا ئەوکاتە (ماڵیکردن) کە بریتییە لە بەناوخۆییکردنی کورد و هەوڵدان بۆ تاواندنەوەی لەناو بۆتەی عێراقدا، عێراقێک کە بەتوندی پرۆسەی بە سەنترالکردنی عەرەبی تێدا بەڕێوە دەچوو. لێرەدا لەگەڵ هاتنی بەعسییەکان بۆ دەستەڵات، ماڵیکردن (بەعێراقیکردن) وابەستە دەکرێت بە توندوتیژی. بۆیە یەکەم کوتەکی توندوتیژی، دروستکردنی (حەرەس قەومی)یە .

حەرەس قەومییەکان بەتوندی پەلاماری گوندەواری باشووری کوردستان دەدەن، بەتایبەتیش لە دەشت و پێدەشتەکانی کەرکوک و دیالە و هەولێر و موسڵ. بەسەدان خێزانی کورد لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان وەدەردەنێن و ژمارەیەک خەڵکیش دەکوژن. بەو جۆرە، دوای گەڕانەوەی بەعسییەکان لە ١٩٦٨ پلانی لەباریەکەوەڵوەشاندنی ستراکتۆری کۆمەڵگەی کوردی دەست پێدەکات. بەو مانایەی پرۆسەی بە سەنترالکردنی عەرەب لە عێراق

پاشەکشەی بۆ نەبوو، کورد شەڕی چەکداریان بکردبا یان نەکردبا. ڕازی بووبان یان نا. هەرەب لە عێراق هەر لەسەرەتاوە پرسییان بە هیچ غەیرە هەرەبێک نەکردبوو بۆ ئەو پڕۆسەیە. هێنانی ساطع حوسەری (کە بە پێغەمبەری ناسیۆنالیزمی هەرەب دادەندرێت) لەلایەن شافەیسەڵەوە بۆ عێراق و چاندنی لە ناو وەزارەتی پەروەردە، بەشێکە لەو بەسەنترالکردنە لەچوارچێوەی بیناکردنی نەتەوەدا .

ئینجا بەشەکانی دیکەی کتێبەکە قسەکردنە لەسەر پڕۆسەی هەڵتەکاندنی کورد لە عێراق لەچوارچێوەی سیاسەتێکی جێگیری حکومەتە یەک لەدوایەکەکانی عێراق، کە ئەویش سیاسەتی (پەرتکە و زاڵ بە) بووە. سەرەتا لە ١٩٦٩/١٩٧٠ پەلاماری کوردە فەیلییەکان دەدرێت، دوایی لە سااڵنی کۆتایی حەفتا وەکو بەشێک لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر، پڕۆسەی ڕاگواستنی گوندەکان بەدرێژایی سنووری عێراق/ ئێران، عێراق/ تورکیا، عێراق/ سوریا، دەست پێدەکات. لە ١٩٨٠ پەلاماری کوردە فەیلییەکان دەدرێتەوە، پاشان لە ١٩٨٣ پەلاماری بارزانییەکان دەدرێت، ئینجا لە دوای ١٩٨٥ پلانێکی تۆکمە بۆ هەڵتەکاندنی یەکجارەکی کورد کە خۆی لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا دەبینێتەوە، دەکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە .

کتێبەکە بریتییە لە پێشەکییەکی کەمێک درێژ، شەش بەش (چاپتەر) و پوختەی کۆتایی و لیستی سەرچاوەکان. دووبەشی کۆتایی کتێبەکە بریتیین لە شڕۆڤەکردنی ئەو دیدارانەی کە لەگەڵ کۆمەڵێک شارەزا و شایەدحاڵ لە کورد و بەعسی و خەڵکی بێلایەن ئەنجام دراون .

ژیان: کتێبەکەتان لە ڕووی چۆنێتی نووسینەوە واتە ئەو شێوازەی پێتان نووسیووە دەچێتە چ خانەیەکەوە؟

ئیبراهیم سادق: هەڵبەت شێوازی نوسینی کتێب لەگەڵ توێژینەوەیەکی ئەکادیمی جیاوازە. بەڵام لێرەدا، چونکە کتێبەکە لەبنەڕەتدا کارێکی ئەکادیمییە، هەوڵم داوە سروشتە ئەکادیمییەکەی تێک نەچێت بەڵام بێگومان لەکۆتاییدا بە شێواز و ستایلی کتێب داڕێژراوەتەوە، بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر بنەما ئەکادیمییەکەی هەبێت. لە کۆتاییدا ئەمە بەتەنها کتێبێکی مێژوویی نیە ڕووداوەکان بگێڕێتەوە، بەڵکو شڕۆڤەکردن و توێژینەوەیە لە هۆکارەکانی پشت ڕووداوەکان. بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو ڕووداوانەش پێوستمان بە سەرچاوەی باوەڕ پێکراوە. بۆ نموونە خەڵک بەردەوام، بەباشی باس لە قۆناغی پاشایەتی دەکەن لە عێراق، بێ ئاگا لەوەی ئەوە خودی شافەیسەڵە کە قوڕەکەی گرتۆتەوە و بناغەی ئەو عێراقە یەک ڕەهەندەی دامەزراندووە. یاخود بەباشی باس لە عەبدولکەریم قاسم دەکرێت، بێ ئاگا لەوەی کە لەسەردەمی قاسمدا بۆ یەکەم جار پارێزگاری هەولێر و کەرکوک و قائیمقامی مەخمور دەکرێن بە عەرەب. ئەمە و چەندین کاری دیکەی تایبەت بە سەنتراڵکردنی عەرەب لە عێراق .

ژیان: ئەو ناوەندەی کتێبەکەتان بۆ چاپ و پەخش دەکات کوێیە؟

ئیبراهیم سادق: ناوەندەکە چاپ و پەخشی لێگزینگتۆنە (Lexington Books)لە ئەمریکا. ئەوە دوو ساڵیکە دەستی بە زنجیرە چاپکردنێکی توێژینەوەی تایبەت بە کورد

کردووە. کتێبەکەی منیش لەچوارچێوەی ئەو زنجیرە کتێبانە دایە .

ژیان: ئەوەندەی کتێبەکەت گەیشتۆتە خوێنەرانی ئینگلیزی زمان کاردانەوەکان چۆنن؟

ئیبراهیم سادق: کتێبەکە تا ئێستا بۆ چەند کەس یێک نێردراوە و هێشتا نەکەوتۆتە بازار. لە ئەمەزۆن دیاریکراوە کە ٥/١٥ دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران و ئەوانەی کڕیویانە لە ٥/١٥ بەدەستییان دەگات. بۆیە هێشتا نازاندرێت ڕوانگەکان لەسەر ککتێبەکە چی دەبن. بەدەر لەوەش کتێبەکە بەرهەمێکی ئەکادیمییە، ناوەندە ئەکادیمییەک ان و کتێبخانەکان و خەڵکێکی ئەکادیمی زیاتر پڕکێشی ئەو کتێبە دەکەن. بۆ نموونە لە ئەورووپا خەڵک دەتوانن داوا لە کتێبخانەی ناوچەی خۆیان بکەن کتێبەکە بۆ کتێبخانەکە بکڕن و دانەیان هەبێت بۆ خوێندنەوە .

ژیان: پێتان وایە بوونی کتێبکی لەم جۆرە هۆکارێک بێت بۆ ناساندنی جینۆسایدی کورد؟

ئیبراهیم سادق: ناساندنی جینۆساید، پڕۆسەیە. بەشەو و ڕۆژێک بە کتێبێک و دەیان کتێبیش بەکۆتایی نایەت. بەڵام ئەو کتێبە یەکێکە لەو کتێبانەی کە ئومێدەوارم ڕۆڵێکی کارای هەبێت لە بناغەدانانی ئەو پڕۆسەیە. لەبەرەوپێشبردنی ناساندن بە ناوەندە ئەکادیمییەکان، کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، کتێبەکان بە ئاڕاستەی ناساندن لە کێشی پەنجەکان دەرناچن .

ژیان: پڕۆژەی دیکەتان لەم بوارەدا چییە؟

ئیبراهیم سادق: وێڕای بڵاوبوونەوەی چەد تۆێژینەوەیەکم، کە یەکێکییان تایبەتە بە ڕاگواستن، تۆێژینەوەی دیکەشمان لەبەردەستدا هەن لەو بارەیەوە. ئێستا بێجگە لە ئامادەکاری بۆ کۆنفرانسێک بەهاوکاری زانکۆی سۆران و زانکۆی

کۆڤێنتری لە بەریتانیا، خەریکی دوو کارم، یەکێکییان وەرگێڕانی ئینسکلۆپیدیای جینۆسایدە بۆ زمانی کوردی، کە دەبوایە زووتر تەواوبووایە و کەمێکی ماوە. دووەمیشییان خەریکی کارکردنم لەسەر کتێبێک هەر تایبەت بە جینۆسایدە، بەڵام ئەمجارەیان باس لە پەیوەندی نێوان دین و جینۆسایدە. لەو چوارچێوەیەشدا پەیوەندی دین بە شاڵاوەکانی ئەنفال، بەشێکی گرنگ دەبێت لە کتێبەکەدا. هەروەها جینۆسایدی دێرسیم و جینۆسایدی ئێزیدییەکان و تاد بەشێک دەبن لە کتێبەکە .

ئیبراهیم مەلازادە لەچەند دێڕێکدا :

***بڕوانامەی دکتۆرا لە کۆمەڵناسی، تۆێژەر و ئەکادیمی لە کۆمەلناسی سیاسی و جینۆساید، دانیشتووی لەندەن، بەریتانیا .**

***مامۆستای کۆمەڵناسی تاوان و جینۆساید لە زانکۆی سۆران، هەولێر، هەرێمی کوردستان .**

***تۆێژەری میوان لە (CTPSR)لە زانکۆی کۆڤێنتری، بەریتانیا. هەروەها تۆێژەری بەشدار لە سەنتەری تۆێژینەوەی ئێرێمۆ (iReMMo)لە پاریس .**

***بەشێوەیەکی بەرفراوان لەبواری میدیا و ڕۆژنامەگەریدا کاری کردووە. بابەتەکانی لەچەندین ڕۆژنامەی جیاواز لەناوخۆو دەرەوەی کوردستان بڵاوکردونەتەوە .**

***تاکو ئێستاش چەندین بابەتی ئەکادیمی بەتایبەتیش چاپتەری کتێبی بڵاوکردوونەتەوە .**

***زەمیلی دامەزراوەی نۆربێرت ئەلیاسە لە ئەمستەردام .**

***زمانەکانی ئینگلیزی، عەرەبی، هۆڵەندی و کوردی بە تایبەتمەندییەوە دەزانێت و شارەزاییەکی سنووردارییشی لەزمانی فارسیدا هەیە.**

لاواندنەوەی دایکێکی گەرمیانی بۆ کوڕە ئەنفالکراوەکانی.

هاوڕێ پێشرەو لەبەشی" ١٧ "ی یادەوەرییەکانیدا کە بەناوی (یادوبیرەوەریەکانی دوای ئەنفال) بە زنجیرە



بڵاوی دەکردەوە، لاواندنەوەیەکی دایکی بۆ کوڕەکانی یاسین و وەهاب بڵاوکردووەتەوە، کە بۆ لێکۆڵیاران و هونەرمەندان، گرنگ و بایەخدارە، بێگومان ئەمڕۆش نەبێت سبەی، دەبێتە مایەی تێڕامانی قوڵ.

ئەم ژنە گەرمیانە بەناوی (شەفیقە محەمەد) لەناخەوە هاتووەتە زمان و بەڕونی وێنای باری دەرونی خۆی وسوتانی هەناوی دەکات، کە لەولاوانەوەیەدا بۆ دوو کوڕە ئەنفالکراوەکەی خۆی وتووە، کوڕەکانی ناویان (یاسین و وەهاب) بووەو مێردەکەشی ناوی ڕەشید محێدین بوو. خانەوادەیەک بوون لەگوندی ڕەزای سەربەناحیێ نەوجوانی قەزای خورماتوو، کە بەکشتوکاڵ و ئاڵداراری دەژیان، بەڵام لە پەلاماری ئەنفالدا گەرمیان سەرتاپای دەبێتە مەلەکەتی تراژیدیاو بە هەزاران گەنج و پیر دەگیرێن و ئیدی هەرئەو بردنە بوو نەبینرانەوە.

وێنەکە : شەفیقە محەمەد دایکی یاسین و وەهاب.

لاواندنەوەی دایکەکە

کوڕەکان وەتۆزو خۆڵۆ بارکریاوم.
کوڕەکان وەسەروپای خۆیان نەپەرژیاوم.
ئەوقەر حەزەکەم بتاندوینمە خەو.
یا وە دەم بەیان یا وەنیوە شەو.
ئەوقەر حەزەکەم من بوەم ناوتان.
بەشکەم بوییێنم عازای عەنامتان.
ئەوقەرە گەڕیام هەردە وە هەردە.
بویمە ئاسکەکەی وەڵەو گوم کەردە.
وە دایە دایەی وهاب لە خەوا هاتم.
تومەزە ئەمە خەوە غەڵەت مەواتم.
یاسین و وهاب بێنە ماڵەکەم پێم بێژن دایە.
ڕەنج و سەرمایەم مەوەن وەزایە.
بێن بۆیەک بکەن وەبەرگمەوە
بزان چی کزەیەک تێ لە جەرگمەوە.
سوتیام هەی سوتیام بویمە کوای قەقنەس.
ماڵ و مەرتەوەم گشتی چوی لە دەس.
ڕەنجێکم کێشا فتوو فراوان
هەڵسیامە سەر پا تەکانم داوان.
ئای هەناسەکەم وەک قاوەی تاڵ بێت.
سەبەبکارەکەتان وەکۆی زوخاڵ بێت.
ئێژی کەبابم لە کەباب خانە.
کزەی جەرگم ئەڕوا یانە وە یانە.
هەرچەن بیرۆ ئەکەم بیر مەرگمە.
وەک پەز قەساو لەت لەت جەرگمە.
خنجێرێ کریاوە وەپشت شانما.
خوێن کفارەی تێت وەگشت گیانما.
وەکێ بکەم ناز وەکێ بکەم تۆر.
وەک حسن و حسێن لێمان کریا زۆر.

فەرهەنگۆک

کفارە - فیچقە
ئەوقەرە ئەوەندە

هیم فکریش لەو هەردە کوژرا

" کۆپتەر هات و میم فکری داوە بەر ساروغ و جاش
دایانە بەر ڕێژنەی گولە"

تاوانی ئەنفال بەگشتی و قۆناغی سێی ئەنفالکردنی گەرمیان بەتایبەتی دۆڵ و تاشەبەرد و ئەشکەوتێک نەماوە چیرۆکیکی پڕ لە تراژیدیای کوشتوبڕی نەبیستراوی ئەم گەلە ستەم دیدەیەی تێدا تۆمار

نەکردبێت. کە ئەستەمە بتوانرێت بەئاسانی ئەو تاوانە گەورەیە بخرێتە چوارچێوەی دەربڕین .
فکری ئیبراهیم کاکە، ناوی ئافرەتێکی بێتاوانی گەرمیانە لە بە هۆی تاوانی ئەنفالەوە وێڵی دوای پەرتەوازەیی ماڵ و منداڵەکەی ببوو لەبن ئەشکەوت و دۆڵ و هەردەکانی نێوان ئاوایەکانی بەلەوە و قورپچایدا حەیدەری کوڕی پێشمەرگەی کەرتی شەشەو چارەنوسی نازانێ، ئەکبەریش ئەنفالکراوەو منداڵەکانی تری لەشار لای خزمان دای ناون ، خۆیشی هاتووە باری کەرێک لە ماڵۆچکە بێنازەکەی لە هەڵەتەکانی بەلەوەوە بباتەوە بۆ شار.
کۆپتەرەکانی ڕژێمی بەعس لە ئێوارەیەکی درەنگ وەختی ٢٨/ ٤/ ١٩٨٨ لە ئاسمانەوە و جاشە کاسە لێسەکانی لە زەمینەوە چوار دەوری ئەم دایکە عەوداڵە (شەهید فکری)دەکەن بەئاگرباران و ناچار بەرەوڕوی جاشەکان دەچێ و داوای هاوکارییان لێدەکات : ئێوە کوردن بۆ ئەم کوژن، جاشەکان زۆر نامەردانە لە دوری چەن متریکەوە فیشەکێک دەنێن بەسنگێوە و بەسەختی بریندارى دەکەن و بەجێی دێڵن، دوای ئەوەی دونیا تاریک دەبێت کەسێک بەناوی جەلال چاوی لێی دەبێت کە چۆن شەهید فکری دەدرێتە بەر دەسرێژی گولەو بریندار دەکرێت ، کاک جەلال مەردانە دەچێتە هانایەوە و دەیگوێزێتەوە ژێر زەمینێک ، کاک جەلال دیمەنی تاوانی شەهید کردنی دادە فکری و چەندین دیمەنی ناخ هەژێنی تر ئاوا دەگێڕێتەوە.
لە بەین ئاوایی ئێمەو قورپچاییا ، شوێن سەختی زۆرە گشتی شاخ و داخە هەردەی بەلەوەو شەخ شەپەو گوڵم کەوەی پێ ئێژن ، شوانیم تیا کردە شارەزای کون وەکون ئەو جەوەڵەم لەو ناوە خۆمان ئەشاردۆ ، وە هەر دۆڵ و ئەشکەوتێکا ئەڕۆییت پڕوی لە غەراز خواردن و جل و بەرگ ئەو خەڵکە وا لە ئاواییەکانەوە هاوردویان ، خەڵکەکە گشتی گیریاوی ، ماڵەکانیان لەو هەردەو دۆڵێلا جێ هێشتوی .
خەوەرم زانی جاش عەدلان دیسکۆ " عدنان دیسکۆ " لێ جێشەکەوا ئەو مەنتیقەی ئێمەی ئەنفال کردوە ، براو خزم و کەس گشتی گیریاوی بەس خۆم ماویمەوە ،
ئێوارانێ لەگوڵم کەوە بویم کۆپتەر هات دەسی کردە ڕەمی کردن وەو چەم و دۆڵێلا (٣٠ ، ٣٥) جاشی دابەزان ، ماڵ ئەحمەو حەسەن شاخ دار خەڵک چوارشاخ بوین دومانگاو نێزگەی " نزیکەی "(٢٠٠) سەر مەڕو بەرخ یان لەو تۆی جەوەڵێلا شاردویەوە کۆپتەرەکان کەشفیان کرد ، جاشەکان گشتیان داڵە بەر وەتاڵانی بردیان باشوی شوانەکان خۆیان شاردویەوە نەگیریان ، لەو کاتەوا ژن و پیاوێک خەڵک لای خۆمان وەسواری کەر لەولاوە هاتن خواردن و پێخەف " کەلوپەل" یان لەو جەوەڵە جێ هێشتوی هەر دەس منداڵەکانیان گردوی و چوینە شارۆ ئەو ئێوارە لە شارۆ گەڕیاوینۆ گوایە ماڵەکەیان بوەنۆ بۆ کفری خەریکوی تاریک دائەهات کۆپتەرەکە کەشفیانی کرد دایانێ بەر ساروغ ، کەریم سادق هاوڕێی ژنەکە وەقەوەتوی کەرەکەی جێهێشت وەڕا خۆی گەیانە مەلجەیەک باشوی زامارنەوی ، فکری ژن فەقێ ڕەشید لەکەرەکە داوەزوی " هاتە خوار" هەگبەکەی بان کەرەکەی داویە بان خۆیا بۆ ئەوەی کۆپتەرەکان کەشفی نەکەن ، دەنگ جاشەکانی ژنەفتوی" بیستبوو" هەڵسیاوی چوی بۆلایان وتوی ئێوە کوردن من زەعیفەم تاوانم چیە ئەم کوژن نەیان هێشتوی قسەکەی تەواو بکا ئەوەنە بێشەرەفوین لە دویری چەن مەتریکۆ فیشەکێکیان ناویە سەر سنگێوە وەسەختی برینداریان کردویو لەو شوێنەوا جێیان هێشت. ئێمەیش بڕێ هاروب وەیەکۆ بویمان خۆمان شاردەتۆ چاوەڕێین دنیا تاریک بکا ئەوسا بچین بۆلای وتمان ئەویان کوشتە با وەبۆنەی ئەوۆ یەکێ تریش نەکوژرێت ، دنیا تاریکی کرد دەنگ هیچ نەما ، میم فکری دوو سێ جار بانگ هاوڕێکەی کرد وتی کەریم کەریم بگەوە پێم نەمردمە عیلاجێکم بکەن ، گوێمان وەدەنگێوە بوی وتمە هاوڕێکانم بابچین بیوەینە مەلجەیەک دوسێیەکیان خزم خۆیشی بوین وتیان، قسەمان پێکەوە نیە هەقمان نیە ؟

وتم کورە غیرەتتان بێت ئیمرۆ کەی وەخت ئەوەیە، نەهاتن ڕام کرد گەیم پێی سەیر ئەکەم وەزوان ماوە " قسە ئەکات " ، وتی زۆر تینیمە ئاوم بدەپی " بدەرێ " تۆزێ ئاوم داپێی وتم ئەتوانی ڕێبکەی وتی ئاااااە بنبالّم گرد هەلّم ســـان بردم (١٠ ، ١٥) مەترێک ڕۆیمان مەلجەیێک بوی دوو لێفەم هاورد لەناو مەلجەکە یەکێکم خســـتە ژێری یەکێکم خســـتە بانی ، وتم فیشـــەک دایە لە کوێت وتی نایانەتە نوک دلّمۆ ، فیشەکەکە لەبەردەمۆ داوی لەلای چەپی لەپشت کۆلّنج " شـــانی " یەوە دەرچوی ، بەس باشـــوی ژنێ وەغیرەتوی ، ئەوجا کەریم هاوڕێی هات بۆلامان ، وتم کەریم ئێوە لەم جەوەلّە چیەکەن چۆن هاتنە ؟ وتی لە کفریەوە هاتینە غەرازو کەلپەلەکانمان بوەینۆ ئاوامان وەسەراهات. وتم من لای ئەمێنم تۆبچۆ" بڕۆ " بۆکفری خەوەر بوە مالّیان بابێن عیلاجێکی بکەن .ئەوشـــەوە تـــابەیـــانـی لای بـویـم کەس نەهـات وەهاواریمانۆ ئیسـفەنجێکم پەیاکرد وە ئیسـفەنجەکە دەمیم تەڕەکرد ، فەقیرە هەر هاواری ئەکرد کەی تێن ئـازار کوشـــتمی منیش بۆ ئەوەی هورە " ورە" ی بەرزۆکەم هەر ئەموت هـانەڕێوە " بەڕێوەن" کەمێ تر ئەگەیەن ، شـــەبەق وتم میم فکری من ئەچمە ئەو مەلجەکەی تر چاوم ها پێتۆ وتی قەینا بڕۆ نەیزانی جێی تێلم " جێی ئەهێلّم" ، من ئەم زانی بەیـانی دوبارە کۆپتەرو جێشـمان بۆ تێتۆ " دێتەوە " وەتەینا جێم هێشت .

نێزگەی(٩.٨) کیلۆمەتر ڕۆیم لەوشـــوێنە دویر کەفتمۆ ئەوەنەی بەین ســمودو کەلار ئەوی ، خۆروبان بەرزۆ بوی (٩) کۆپتەرهـاتن دۆلّ وەدۆلّ ئەگەڕیـان مەل" پەلەوەر " یانیش بدیایە ئەیان کوشـــت لەو هەردەیەلا ڕەمیـان زۆرکرد نەمـان زانی ڕەمیـان لەچی کردە. لەترس کۆپتەرەکـانـا نەوێریـاین تـا ئێوارە بگەڕێینۆ بۆلای میم فکری، ئێوارە دەرەنگێ گەڕیامۆ ســەیرەکەم میم فکری لە مەلجەکە نەماوە بڕێ بانگیم کرد ســـەلّا "دەنگی"ی نەوی ، لەدلّ خۆمۆ وتم دیـــارە کۆپتەر ئینزالی کردە و بردیانە ، تۆزێ سەیر دەور مەلجەکەم کرد ســـەیر ئەکەم لەمەلجەکە دەرچویە خوێن کەفتە، وەکڕ " شـــوێن "خوێنەکەیا ڕۆیم خوێنەکەی وەبـان تـاوێرەکەوۆ کەفتوی ، ســـەیرەکەم لەمەلجەکە دویرۆ کەفتە چویەتە نـاو بنجێ تەرووۆ خۆی شـــاردەتۆ هەرلەورەوا گیانی دەرچویی ؟

ئیتر نازانم لەتینیا لەمەلجەکە دەرچوی لەترس هاڕەی کۆپتەرو تەقەوا دەرچوی وەدوای ئاوا گەڕیاوی!!!

ئاااااااە چی ڕۆژێ ڕەشـــوی هاوڕێ کانم کەس لێلما نەگەڕیـاوۆ بۆلای تەینـا خۆم هـامە دیـاریەوە ، وتم وەتەینـا چی لەم جەنـازە بکەم ، چویم لێفەکـانم لەمەلجەکە هاورد ســـەیر ئەکەم شـــ لّپەی تێ لەخوێنا خســـتیانمە ژێرو بانی بڕێ تاوێرم وەدەوریا لەبان لێفەکە دانا وتم نەک چەقەلّ و ڕێوی بێنە سەری لێی بخۆن !جەنازەکەم جێهێشـــت وتم ئەچمۆ " ئەڕۆمۆ " بۆشـار خەوەر کەســو کاری ئەوەم کەمێ دور کەفتمۆ دەنگە دەنگێ پەیابوی دەنگیانم ناسـی ، سـەیرم کرد فەقێ ڕەشـید مێردی فکری و براو خۆیشـــکێ فەقێ ڕەشیدە هاتن وتیان فکە هالەکوێ گیانی تیاماوە ؟

وتم بەخوا کەمێ پێش ئێوە مردوە، ئیتر هەرچۆنێ بێت شـــۆردمان بەخوا وەدەس ڕاســـی ئەو مەمکەی فیشـــەکەکە داوی لێی تون توت گردوی لە ئێش و ئازاریا چوێن جێم هێشتوی هەر ئاوها دەسی وەبان زامەکەوە ڕەق بوی ، دوای شـــۆردن کفنیـان بۆی هـاوردوی کفن و دفنمـان کردو هەر لەو جەوەلّە قەورمـان بۆی کردوو نـامـانە تۆی بڕێ تـاوێر، مێردەکەی وخۆیشـــــک وبرای مێردەکەی وتیـان ئەگەڕێینۆ گەرێ ئیمشـــەو خۆمان بکەینینە شـــار ڕانەکەی مالّ فەقێ ڕەشید مالّ ئەی ژنە وازاماربوی و ڕان مالّ ســـمایل محموی خلیل لەو جەوەلّە بوین وە هەردوو ڕانەکە نێزگەی (٣٠٠) سەر مەڕو بەرخ ئەوین ، تومەز کۆپتەرەکان شـــەلم کوێرم دەس نـاپـارێزم ڕانەکانیان داویە بەر تەقە (٢٠ ، ٣٠) ســـەر حەیوانی لێی کوشـــت و زامارکردوی ، ئەودوایان وەتالّانی برد ، بەرخەکـانیـان هویردەوین " وردە " لێ ڕانەکەوا دەرنەوە چوین گشتی لەو هەردەی گولّم کەوە جێماوی قـارە قەریـان ئەونـاوەی گردویەوە گـاوریـان پێ بوسولّمان ئەوی ، قژەی جەرگم ئەهات بۆیان.

ئەمریکا و ئەوروپا، نەیاندەویست ئەنفال بگاتە دادگای نێودەوڵەتی

چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر محەمەد لەیادی ئەنفالدا



ڕەوت: دونیایەک سوپاس بۆ ئەو کاتەی بە ئێمەی دەبەخشی، سوپاس بۆ دەربەستی و دڵسۆزیت بۆ خەڵکی کوردستان، بۆ کەسوکار و ڕێزگرتن و شکۆدارڕاگرتنی ئەو هەموو ساڵەت. تۆ یەکێک لە ئینسانیترین و شارەزاترین دۆزی ئەنفالی، لە زۆرێک لە چاوپێکەوتنەکانتدا پێداگری لەسەر دوو شت دەکەی: لێبوردەیی و خۆشەویستنی ئینسان لەلایەک و کۆتایهێنان بە مەترسی ئەنفال لە ڕێگای ناساندنی ئەم تاوانە وەک جینۆساید، شوناسێکی گەلێک جەوهەری لە ماکی ئەم دیدگایەدا هەیە، بکرێت لەو بارەوە هەندێک لایەنی ڕوونتر بکەیتەوە؟

عومەر محەمد: منیش سوپاسی بەریزتان دەکەم کەبۆتان گرنگە دەربارەی ئەنفال قسە بکەین.

سەبارەت بەپرسیارەکەت دەربارەی پێداگری من بۆ لێبوردەیی و خۆشەویستی ئینسان، لەڕاستیدا من وای دەبینم کە ئەوە بەڕەچدانەوەی بەکردەوەی ئەنفالە، **مرۆڤ ئەگەر بییەوێ سیاسەت بکات دەتوانێت لەبەرانبەر تۆندوتیژی، تۆندوتیژی نەنوێنی و ئازایەتیش نەدۆڕێنێ**، بەبڕوای من هەموو هێزێک دەتوانێت مرۆڤ بکوژێ و کۆمەڵکوژی بکات، بەڵام هەموو هێزێک ناتوانێت سیاسی بێت، ناتوانێت خاوەن فیکرو تاکتیکی باش بێت، بەواتایەکی تر هەموو هێزێک ناتوانێت مرۆڤ دۆست و ژینگە دۆست بێت، دیکتاتۆرییەت و تۆتالیتاریزم سروشت و مۆرالیان ستەمکاری و تۆندوتیژییە، ئەوان ناتوانن دابەروەرو ژیاندۆست و ژینگەدۆست بن بەو واتایەش ناتوانن مرۆڤدۆست بن، ئەوان لەبنەڕەتەوە وای دەبینن جیاوازن لە خەڵکی تر، بڕوایان وایە لەخەڵک زیاترن، لەسەروی خەڵکەوەن بۆیە هەمیشە پیرۆزتر و گەورەتر خۆیان دەبین، خۆیان نەک هەر لەسەروی یاساوە دەبینن بەڵکو دەبێت یاسا پارێزەریان بێت نەک ئەوان یاساپارێز بن، بۆیە ئەو ئەرکە بۆخەڵک بەجێدێڵن. بەو واتایەی ئەو خەڵکە دەبێت یاسایەک بپارێزن کە بەرژەوەندی سەرۆک و سەرداری حزب ودەوڵەت دەپارێزێت نەک خۆیان.

لە دید و تێڕوانینی ئەواندا: خەڵک دەبێت، ئەوانیش و یاساش بپارێزن، چونکە ئەوان کاتێک یاسا بەپیرۆز دەزانن کە سەرۆک و بنەماڵەی سەرۆک و دامودەزگاکەی بپارێزێ ئەگەر وانەبوو ئەوە نە یاسایە و نە پیرۆزیشە، ئەو تیروانینە بڕۆکراتیە بۆ ئینسانیش هەروایە مرۆڤ هەرئەوەندە شایان بە ژیانە کە سەرۆک و بنەماڵەی سەرۆک و یاسای سەرۆک دەپارێزێ و خێریان بۆ دەداتەوە، بەپێچەوانەوە مرۆڤ بۆچی باشە؟

وەک عەلی حەسەن مەجید بەڕاشکاوی لە کۆبوونەوەیەکدا بە بەرپرسانی حزب و حکومەتی گوتووە ئێزدی بۆچی باشن؟ ڕۆژێک دەڵێن کوردین و ڕۆژێک دەڵێن عەرەبین؟ بێگومان بۆ هیچ باش نین، لە کۆبوونەوەیەکدا بەتورە بوونەوە بە پارێزگاری موسڵ دەڵێ: "دەتانەوێ نەتەوەی پیرۆزی عەرەب بەم هیچ و پوچانە زیاد بکەین؟ نا نەخێر لەمەولا

لەهەرکوێ بینیتانن وەک خەیار لەتیان بکەن، ئەوانە بابڕۆن وەک کەر لە چیاکان بژین" ...

ئەم قسانە هی من نین بوختان نین، ئەمانەی قسەی بەرپرسێکی باڵای حزبی بەعسە بەدەنگی خۆی، لەڕاستیدا ئەگەر قوڵترو وردتر تێڕامێنین ئەمانە بەتەنها قسەی عەلی حەسەن مەجیدیش نین، قسەی هەموو دەسەڵاتدارێکی تۆتالیتارن فیکری فاشیزمن ئەم جۆرە دەربڕینانە قسەی هەموو کەسێکی فاشیستە، هی فاشییەکی کوردە هی فاشیەکی عەرەبە هی تورکە هەموو سەرۆک و بەرپرسێکی فاشی ئەوا تەماشای نەیار دەکات. بۆیە لەبەرانبەر ئەم دڵڕەقیە ئێمە پێویستمان بە ئازایەتی و لێبوردەیی هەیە، ئاخر ئازایەتی ئەوەیە کورد لەبەرانبەر داعش و بەعس نەبەزێ، بەڵام نەبێت بەوێنەیەک لەوان، **ئازایەتی ئەوەیە لە دژی فاشیزم نەبین بەفاشی و فاشیانە ڕەفتار نەکەین** ... بۆ هەمیشەو لەهەر کوێیەک بێت، جەخت لەخۆشەویستی دەکەمەوە مرۆڤ بەبێ خۆشەویستی یەکتری هەمیشە دڕدۆنگ و نەزان و دەمارگیرە بەبروای من مرۆڤ کە لە خۆشەویستی بێبەش بوو ئیدی دەبێتە مرۆڤێکی و شکەڵاتوو دەبێتە دەمارگیر، جا ئەو دەمارگیرییە لە ئایدۆلۆژیا و لە ئایین و لە حیزبدا خۆی لە کارەکتەر و کەسایەتیەکاندا دەبینێتەوە.

ڕەوت: تاوانی ئەنفال وەک خۆت زۆر پێداگری لەسەر دەکەیت، نەک کارەسات، وە بەگومانی لەوەی کە بۆچی سەدام حسین و حزبی بەعس، لەسەر ئەم تاوانە گەورەیە دادگایی نەکران، بە نەخشەیەکی ئیمپریالیستی لێکدەدیتەوە و لە نێو هەلومەرجێکی جیهانیدا گەلێک لایەنی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی تیا بەشدارن و یان بەئاگاداری ئەوان پیادەکراوە، یان چاویان داخستووە؟ ئایا ئەمە هەر گومانە یان بەڵگە و بەرژەوەندی و ڕوداو هەن کە ئەم هەقیقەتە بسەلمێنێ؟

عومەر محمەد: سەدام دادگایی کرا، سەرانی بەعس لەمەڕ دۆسێی ئەنفال و تاوانەکە دادگایی کران، بەڵام پرسیارو گومانەکە ئەوەیە کە بۆچی دۆسێی ئەنفال وەهەڵەبجە لە دادگای نێودەوڵەتی دادگایی نەکران؟ بۆچی لە عێراق دادگایی کران؟ لەڕاستیدا ئەمە پرسیار و گومانەکەیە، ئەوەم لە زۆر شوێن گوتووە، بەشێکی ئەنالایزە، شرۆڤەیە، بەشێکی ڕاستییە و هەندێک گومانیشی تێدایە.

ئەوەی ڕاستییە ئەمەیە، **ئەمریکا و ئەورووپا و تەنانەت ژاپۆنیش نەیاندەویست ئەنفال بگاتە دادگای نێودەوڵەتی**، بۆچی؟ چونکە بۆخۆیان مەوادی سەرەتایی کیمیاییان بە عێراق فرۆشتبوو، ئەگەر دادگاکە لە (لاهای) بوایە سەربەخۆ بەڕێوەدەچوو پارێزبەندی و قەرەبووشی بۆ قوربانیانی کورد لێدەکەوتەوە، کۆی دۆسێی کوردیش لەکێشەیەکی ناوخۆییەوە دەبووە کێشەیەکی نێودەوڵەتی، ئەمەش کۆمەڵێک سەریەشەی بۆ وڵاتان دەنایەوە، ئینجا بۆئەوەی ئەم سەریەشەیە بۆخۆیان دروست نەکەن و بەرپرسیارێتی یاسایش نەخەنە ئەستۆی خۆیان پەلەیان کرد لە دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق و دەرکردنی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) . بەشێوەیەکی تر بڵێین دادگاکەیان بەلاوە گرنگتر بوو، لە دەوڵەت، یاخود دەوڵەت وحکومەتی عێراقیان بۆ بەگەڕخستنی دادگاکە دامەزراند، چونکە ئەوان دەیانویست بەزوویی سەدام و هەندێک لەسەرکردایەتیەکەی دادگایی بکەن و دۆسێی جینۆسایدە لەناوخۆی عێراق یەکلایی بکەنەوە، وەک دەڵێن "کڵاوی کورد"یان ناسی بوو، دەیانزانی بەکەم قایل دەبن و گەلێکیش مەمنون و ڕزاین. ئەگەر

دۆسێی ئەنفال و هەڵەبجە لە دادگای (لاهای) یەکلایی ببونایەتەوە دەبوو چەند دەوڵەت تێوەبگلێن؟ هەموو دەبوو قەرەبوو بدەنەوە **قەرەبوش هەر پارە و ماددە نییە بەرپرسیارێتی یاسایشە**.

سەبارەت بەوەی بەڵگە هەیە، بێگومان بەڵگەی زۆر لەبەردەستن، ڕەنگە باشترین بەڵگەی باوەڕپێکراو دۆسێی (فرانس ڤان ئانرات)ی هۆڵندی بێت، ئەی خۆ لەخۆمەوە باسی ژاپۆن ناکەم، (تەناکا) هاوڵاتیەکی ژاپۆنیەو هاتووە لەدادگا شایەتی لەسەر بازرگانە هۆڵندییەکەداو سەلماندی کە ئەو لەژاپۆن مەوادی کڕیوە و بەعێراقی فرۆشتووە، بەڵام ژاپۆن زۆر زیرەکانە خۆی لەو بەرپرسیارێتیە ڕزگارکرد هەر زوو بڕیارێکی دەکردبوو کەوا حکومەتی ژاپۆن لە ڕێکەوتی (٢٦-٧-١٩٨٤)ەوە فرۆشتنی بە وڵاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەگشتی وعێراق و ئێران بە تایبەتی قەدەغەکردووە، لەبەر ئەوەی ژاپۆن پێشبینی کردووە جەنگی عێراق-ئێران بەرەو قوڵبوونەوە و تاوانی مرۆیی ملدەنێ.

بەڵام بریارەکەی ژاپۆن وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاوای نەگرتەوەو فرۆشتنی بەوان ئازاد بوو. بریارەکەش لە (١٢ی ئازاری ١٩٨٤) دەرچووە ویست و داوای نەتەوە یەکگرتووەکان و ژاپۆنیشی لەسەربووە. بۆیە ئەگەر بازرگانێکی ڕاستەوخۆ بۆنمونە عەرەب یان فارس یان تورک بوایە هەرگیز وڵاتی ژاپۆن مامەڵەی مادەکیمیاویەکانی لەگەڵ نەدەکرد. بەڵام ئەو (فرانس) بەقڕێکی زەرد و چاوی شینەوە مامەڵەی مادە کیمیاویەکانی دەکردوو بە نیازی قازانج پەرستانە و ناخێکی بەعسیانەوە لە ژیان و پەیوەندیەکانی ڕوانیوە و ئەوەی بۆی گرنگ نەبووە بەهای مرۆڤ و ژیان بووە.

تۆ تەماشا بکە مەوادی ژاپۆنی چۆن گەیشتووەتە عێراق؟ لەکاتێکدا ژاپۆن نەیویستووە بگاتە عێراق دڕێژەی ئەم چیرۆکە لەلای (ئیشرۆ تەناکا)یە کە لە هۆڵندا بووە شایەتحاڵێکی گرنگ بەسەر (فرانس ڤان ئانرات)ەوە.

(ئیشرۆ) لەدایک بووی سالی ١٩٢٧ی شاری ئۆساکاوایە (٤) جار بەمەبەستی گرتنی فرانس ڤان ئەنرات، لەگەڵ پۆلیسی ئۆساکای ژاپۆنی گفتوگۆی لەگەڵدا کراوە، ئەو بەتەمەنێکی زۆرەوە هەتاکو ساڵی (٢٠٠٥) لە کۆمپانیایەکی ژاپۆنیدا کاری کردووە، ساڵی ١٩٨٨ بۆ دواجار، لەگەڵ (فرانس ڤان ئانرات) بەتەلەفۆن گفتوگۆیان کردووە. پێشتریش چەند جارێک لە نیورۆک و کالیفۆرنیا یەکترییان بینیووە. ڕێکەوتی ٢-٦-٢٠٠٥دادگلیکردنی (فرانس ڤان ئەنرات) تایبەت بوو بەلێپرسینەوە لەگەڵ ئەم پیاوە پیرە ژاپۆنیە و بازرگانیکردن بەماددەی کیمیاوی لەلایەن ئەو گەورە بازرگانەوە، لێرەدا هەڵوەستێک گرنگە ئەمجارە ژاپۆنیی و کورد و هۆڵندی پێکەوە لە دۆسێکدان بۆ لێپێچینەوەی تاوانێکی گەورە دەرهەق بە کورد ئامادەن، خۆتان دەزانن پێشتر جیهان لە هەموو ئەو تاوانە بێدەنگ بوو، لەسایەی ئەو بێدەنگیەشەوە دەبوو هەندێک دەوڵەت بەدوای پینەکردنی عەیب و عارەکانیاندا بگەڕێن، دەنا دەبێت باجەکەی بدەن. دەنا خێرە پۆلیسی ژاپۆن لە (تەناکا دەپرسێتەوە) و ڕەوانەی هۆڵندای دەکات؟! بێگومان هۆکارەکەی ئەوەیە ژاپۆن دەیەوێت لەکەیەک لە ڕوخساری خۆی داماڵێ و بە ئابڕوی شکاوەوە نەچێتە ناو دنیای گلۆبالیزەیشنەوە.

ڕەوت: ئازار و برینەکان، کارەسات و ڕوداوە جەرگبڕە مرۆیی و ژینگەییەکان، هەرگوند ولادێ و حەوشەیەک، تۆمارێکی مێژووین، گۆڕە بە کۆمەڵەکان

و هەزاران بەڵگە هەن کە دەیتوانی ببێتە سەرچاوەیەکی نوێ بۆ ژیان و کۆتایی بە جینۆسایدو قڕکردن، نەدەبوو کارەساتەکان و ئەگەری دووبارەبونەوەیان هێشتا وەک مۆتەکە بەسەر سەرمانەوە بمێنێ. ڕاستیەکەی ئەم ناوچەیە هێشتا لەنێو ئەم مەرگەساتەدایە، پرسیارەکە ئەوەیە، ڕێگای ڕزگاری چییە؟ چ هێزێکی کۆمەڵایەتی-سیاسی دەتوانێت ئەم کۆمەڵگایانە لەو مەترسیە جددیانە ئازاد بکات؟

عومەر محمەد: لەڕاستیدا ئەوەی خەڵکی کوردستان لەم مەترسیانە دور دەخاتەوە، هۆشیاری خۆیەتی، پەند وەرگرتن لە ڕابوردوو هەڵوەستە لەڕوداوەکان، بەتایبەتیش شەڕی ناوخۆ، ئەمە هەر بەرپرسیارێتی سیاسی نیە بەرپرسیارێتی ئەخلاقیشە، بزوتنەوەی کورد دەبوو لەدوای ئەم تاوانانە بەتایبەتیش لەدەرفەتی ڕەخساوی ساڵی ١٩٩١ دا فیری سیاسەت بوایە، بەڵام ئەوەی نەیتوانی هیچ لەم دەرفەتە بچنێتەوە ئەوە بوو کە دونیابینی سەرانی حزبە کوردستانیەکان بێ ڕوئیا و بێ ئایدیای قوڵ بوون، لە سیاسەتدا بەرژەوەندی خواز و لە داواکاریدا بێ ئەزمون و شەرمن بوون. (بڕیمەر) بەڕاشکاوی لە بیرەوەرییەکانیدا (ساڵەکەم لە عێراق) نوسیوێتی لە داواکاری کوردەکان تۆقی بووم وامزانی داوای جیابوونەوە و سەربەخۆیی دەکەن، بەڵام ئەوان داوای پارەیان کرد. کەواتە سەرانی حزبەکان بەشوێن مافە سیاسیەکانی کورد و مافی چارەنوسی کوردەوە نەبوون لە عێراقدا بەڵکو بەدوای پشک و پارەوە بوون.

لەڕاستیدا خەڵکی کوردستانیش هۆکارێک بوون کە ڕیشی خۆیان دایەوە دەست هەمان ئەو هێزەی کە بوونە هۆکاری ئەنفال و کیمیاباران و لە دەرفەتی ڕەخساویشدا هیچیان بۆ داوا نەکرد، **ئەوان وەک نەیانتوانی خەڵک بپارێزن، نەشیانتوانی وەفاداری ئەو هەموو زیانە مرۆیی و مالییەبن کە لە خەڵک کەوت، دەبوو خەڵکی کوردستان زوو لەو ڕاستییە تێبگات ، کە ئەو هێزانەی دروشمی کوردایەتیان هەڵگرتووە، کورد و مافەکانیان بەلاوە گرنگ نیە، بەڵکو دۆسێی کورد بۆئەوان بزنس و مامەڵە و سەودای بازرگانی سیاسیە**. ئەوان بەهەزار فاکتەر و ئاماژە سەلماندویانە خەڵکی کوردستان و "خوێنی خەڵکی کورد"یان بەلاوە هەرزان و بێبایەخە، بەلای کەمەوە نەیانتوانی تۆمەتبارانی ئەنفال دالدەنەدەن، تەنانەت کە دادگا داوای کردن نەیانهێشت دادگایی بکرێن.

[ئیدی ئەمە ئاکامی ئەوەیە کە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی توانیویانە بە زەبری چەک و بە هرەبەرداری لە ستەمی نەتەوایەتی خۆیان وەک سەرۆک و ڕابەر داسەپێنن بەسەر خەڵکی کوردستاندا، جاش وکۆنە بەعسیەکانیش لە ڕیزی حزبایەتی خۆیاندا جێبکەنەوە، دیارە چارەنوس ئاوای لێدێت کە نازانرێ ئەم حزبانە بۆ کوێیان دەبەن و ڕوبەروی چ پێشهاتێکی خراپیان دەکەنەوە] بۆیە بەبروای من خەڵک دەبێت خۆی ڕێک بخات و بەدیدێکی سیاسی ڕوون و تەواو جیاوازەوە خۆی لەم حزبانە و بزوتنەوەی کوردایەتی جیابکاتەوە و تێبکۆشێ بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و هۆشیار و شکۆمەند.

سەرەتای مارسی ٢٠٢١

لە ڕۆژنامەی ڕەوت وەرگیراوە

شەماڵ وستار زیندون

ڕاستکردنەوەی گێڕانەوەیەک
هۆمەر محەمەد – سلێمانی

پاکیزە مەحمود لەدوو دیداری جیاوازدا چیرۆکی خۆیان لەنوگرەسەلمان بۆ کەنالّی ڕوداو دەگێڕێتەوەو لەناو بەسەرهاتەکەیدا ئەم شایەتحاڵە، باسی دوو کوڕی هەڵەبجەیی دەکات، کە لەنوگرەسەلمان سەربازەکان لێیانداون و فەلاقەیان کردوون. ئەم ڕوداوە ڕاستە، واتە لێدانەکەیان ڕاستە بەڵام پاکیزە هەم لەم چاوپێکەوتنەیدا لەگەڵ کەنالّی ڕوداو و هەم لە چاوپێکەوتنێکی تریدا لەگەڵ نوسەری بواری ئەنفال سمکۆ سابیر ئەم ڕوداوە دەگێڕێتەوە. لە کەنالّی ڕوداو ناوی دوو گەنجەکە بە (غەریب و شەماڵ) ناو دەبات و لەلای سمکۆ سابیریش کەلەکتێبی نوگرەسەلمان قەلاّی مەرگ و خۆڕاگری بەشەماڵ وستار، لەهەردوکیشیاندا، دەڵێت لێیاندان هەتا نەیان کوشتن وازیان لێیان نەهێنا.

ئەم ڕوداوەی پاکیزە دەیگێڕێتەوە، هەتا ئەوێ ڕاستە، کە ئەو دوو گەنجە هەڵەبجەییە لێیاندراوە و فەلاقە کراون هەتا لە هۆش خۆیان چوون، بەڵام ئەو دووگەنجە هیچیان نەمردون بەڵکو هەردوکیان لە ژیاندان. ستار لە سلێمانی دەژی و شەماڵیش لەهەولێر، شەماڵ هەورامییەو ستاریش هەڵەبجەیی.

لەسەفەرەکەماندا بۆ نوگرەسەلمان ستار لەگەڵماندا بوو، بەڵام شەماڵ نەهاتبوو. لێرەدا دەبێت خوێنەری بەریز ئەوە بزانێت، کە پاکیزە شایەتحاڵێکی ڕاستگۆیە، ئەوەی دەیڵێت لەخۆیەوە یاخود قسەی هەڵبەستراونییە، چونکە دیمەنەکە بەبەرچاوی ئەو خەڵکەوە تەواو تراژیدی بووە، نەک هەر ئەو ژنە بەڵکو زۆربەی گەرمیانیەکان وایانزانیوە کە ئەو دووگەنجە مردوون. ئیدی بۆ ژنێکی گەرمیانی ڕەزیلکراو لە نوگرەسەلمان ئاسانییە، هەمووشتێک بەوردی بگێڕیتەوە یان وەک خۆی بیری مابێت، دەبێت ئەوەش لەبەرچاوبگرین کەلەگەڵ



هەڵەبجەییەکان خەڵکی هەورامانیشی زۆر تێدابوو. بەڵام ئەو بەشەی هەڵەبجەیی و هەورامییەکانی تێدابوون، هەر بەبەشی هەڵەبجەییەکان ناودەبرێت. ئەم ڕونکردنەوەیەشم هەر لەپێناوی ئەوەدایە کە مادام لەبەدواداچونمدا بۆم ڕوون بووەتەوە کە شەماڵ وستار نەمردون مافی ئەوەیان هەیە چیرۆکەکەیان وەک خۆی تۆمار بکرێت دەنا فایزە مەحمود ئەوەی بینیوێتی ڕاستە.

سەرچاوەکان

١-بروانە کەنالّی ڕوداو- دیدار لەگەڵ پاکیزە – ٢٠٢٠/٤/١٤
٢- سمکۆسابیر- نوگرەسەلمان -قەلاّی مەرگ وپاکتاوی نەژادی دیمانە لەگەڵ پاکیزە مەحمودی گوندی تەپەسپی – چاپی یەکەم -٢٠٢٣ ل٢٠٩.
بەدواداچونی مەیدانی نوسەر.

عەلی عەبدولڕەحمان : قەپاغی ساروخەکانمان فرۆشت کیلۆی بەشەش پەنجایی، ئێستا بمانەوێ بەملیۆنێک دەستمان ناکەوێتەوە.



دیمانەلەگەڵداکراو : عەلی عەبدولڕەحمان
دیمانەساز: عومەر محەمەد
شوێن : گۆپتەپە .
ڕۆژی ٢٠١٢/١٢/٧ کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆ.
بەهاوکاری مامۆستا هێمن عەبدولا

ڕۆژی ٢٠١٢/١٢/٧ بەنیازی دیمانە سازی چوم بۆگوندی گۆپتەپەی ناوچەی قەڵاسێوکەی سەربەناحێی ئاغجەلەر لەگەڵ مامۆستا هێمن عەبدولا چووین بۆماڵی عەلی عەبدولڕەحمان دوای ئەوەی نیازی سەردانەکەمان ئاشکرا کرد کاک عەلی جگەرەیەکی ئاگرداو گوتی : فەرموون لەئێوە پرسیارو لەمنیش جواب هەرچیم لەبیربێت دەربارەی ئەنفال وکیمیابارانی گۆپتەپە وەڵامتان دەدەمەوە، کامیرامان دامەزراندو ئەم دیدارەمان سازکرد.

ناوی سیانیت چییە ؟

من ناوم عەلی عەبدولرحمن مستەفایە خەڵکی گوندی گۆپتەپەم

تەمەنت چەندە ؟

لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٣م هەرلێرەش لەم گۆپتەپەیە لەدایکبوم.

پێتخۆشە من پرسیارت لێبکەم یان بۆخۆت چیرۆکی خۆت دەگێڕیتەوە ؟

وەڵا ئینجا بابەکەیفی تۆبێت

سوپاست دەکەم پێمخۆشە بزانم ئەوسا گۆپتەپە چۆن بوو ؟ چەند ماڵ بوو؟

گۆپتەپە گوندێکی ئاوەدان بوو، نزیکی سێ سەد ماڵ دەبوو خەڵک کاسب وخەریکی کشتوکاڵ بوون لەو دەم زێیە، هەرچەندە زروف باش نەبوو بەردەوام بۆمبارانمان لەسەر بوو بەڵام راهاتبوین و ژیانێکی هاکەزایی و سادەو ساکارمان هەبوو. بەڵام لەبەرئەوەی شوێنێکی خۆشبوو، هەمیشە قەرەباڵغ و ئاوەدان بوو، پێشمەرگەی هەموو ناوچەکان لەلای ئێمەوە دەهاتن و دەڕۆیشتن لەگەرمیانەوە لەهەولێرەوە لە کەرکوکەوە کە تیپەکانیان دەهاتن و دەچون بۆ سەرکردایەتی لەگۆپتەپەوە دەڕۆیشتن.

خانووەکانی لەچی دروستکرابوون ؟ لەقوروەرد یان لەخشتی قوڕ یان بلۆک و چیمەنتۆ ؟

هەموو خانووەکانی لەخشتی قوڕ دروستکرابوون پێموانیە یەک خانووی کۆنکرێتی تێدابووبێ ؟

ئەی خەستەخانەو قوتابخانە ؟

قوتابخانەی تێدابوو بەڵام خەستەخانەمان نەبوو.

ئێوارەی تاوانە گەورەکە تۆ لەکوێ بووێ چیت بە بیردێ ؟

من ئەوسا ١٣ ساڵ بووم هەموو شتێکم بیردێ، ئێوارە کاتژمێر ٥:٣٠ی ئێوارەی ڕۆژی ٣ی ئایاری ١٩٨٨شەش فرۆکە هاتنە سەرگوندەکەمان، من ئەو کاتە لەچەمی ڕەندیخان بووم، کە ٦ تەیارەی سێخۆ هاتنە سەر ئاسمانی گۆپتەپە، کە تەیارەکان هاتن ڕەمیان کرد، یەکەمجارم بوو ببینم ئەو تەیارانە بەو شێوەیە ڕەمی بکەن، ٦ تەیارەبوون بەڵام چواریان ڕەمیان دەکرد، هەرتەیارەیەکیان ٣ قومبەلەی بەردەدایەوە یەکەم جار نەمانزانی کیمیاییە هاتیبنەوە

بەرەو گوندەکە، لەریگا کوریکمان توش بوو دارای ناوبوو، گوتی کورە بگەڕێنەوە کیمیایی لەگۆپتەپەی داوە، لەوکاتەدا توشی دوو خوشکم بووم، یەکێکیان ئایشە بوو ئەوی تریان خەدیجە بوو گوتم بگەڕێنەوە کیمیایی لەناودێی داوە، ئایشەی خوشکم هاواری کرد بەگریانەوە گوتی: بەوخوایەی ناگەڕێمەوە کاکە لەناودێیە، ئەوبرایەمان دوای هەشت کچ لەدایک ببوو لەبەرئەوە هەر پێماندەگوت کاکە. تەنانەت دایکم وباوکیشم هەر پێیاندەگوت کاکە. ئەوان رۆیشتن و نەگەڕانەوە، لەگۆپتەپە بەردێکی گەورە هەیە، پێیدەڵێن بەردی کوڕوکچ، ئێمەش چوینە بن ئەوبەردە کەچوین ئەوێ جمەی دەهات پڕبوو لەخەڵک من کراسێک وفانیلەیەکی عەلاگەم لەبەردابوو، کراسەکەم لەئاو هەڵکێشاو بەدەموچاومەوە نا، چونکە دەیانگوت لەکاتی کیمیاباراندا پەڕۆی تەڕ بکەیت و بەسەرخۆتی دابدەی بۆ دەموچاوت باشە منیش وامکرد، لەوکاتەدا بوو کە بۆنی کیمیاییەکە هات، من بۆنی غازمکرد، کاتیش بەرەو ڕۆژئاوا بوون، دەرۆیشت خەڵکەکە هاواریان دەکردو دەیانقیژاند، دەتگوت ڕۆژی حەشرە زۆر دڵتەنگ بووم وزۆریش دەترسام، جەباری مام قادربوو (جەباری قالە داود) هەرخێرا خێرا ئاوی بەسەر خەڵکەکەی دادەکردو سەڵواتی لێدەدا. ژن ومندااڵ وگەورە پیاو هەمووی هاواریان دەکردو دەگریان ودەیانقیژاند، ئیتر خەڵک کەوتنە الرەالرو بەالدا دەهاتن. هەبوو شێت دەبوو، دۆخێکی زۆر ناخۆش و سامناکبوو، شوێنێک هەیە لەگۆپتەپە پێیدەڵێن ناوتاوێ ئەوێ میرگوئاوێکە کەگەیشتمە ئەوێ تەماشام کرد خوشکەبچوکەکەم سارا لەوێیەو دەگریا بەخیرایی فانیلە عەلاگەکەم داکەندو لەئاوم هەڵکێشاو ئەویشم بەدەموچاوی ئەوداداو گوتم راکە بەراکردن هاتین بەالم ئیتر بەرەوتاریکی دەچوو، ڕۆژنەمابوو، گردێکی تر لەگۆپتەپەهەیە پێیدەڵێن بەردی ئەحمەد دزەیی ڕۆیشتین بۆئەوێ لەوێش خەڵک هەر رایدەکرد، لەگەڵ خەڵکەکە رامانکرد چوینەوە بۆدەم زێێەکە، ئیتر تەواو شەوداهاتبوو، وەزعەکە زۆر خراپ بوو، خەڵک هەبوو شێت ببوو، خەڵک هەبوو چاوی کوێر بوو، هەبوو بەدەمداکەوتبوو، منداڵ دەگریان لەوێشەوە دیسانەوە هاتین چوینە سەرگردێکی گوندەکەمان گردی گۆزەودیزەی پێدەڵێن، ئەوەی باسی دەکەم نزیکەی سەعات ٨ و٩ی شەوە. لەوێ گوتیان بەرەو خوارێ بڕۆن ئەوتراکتۆرانە خەڵک باردەکەن بەرەو شارەکان دەڕۆن، ئێمەش بەرەو خوارێ ڕۆیشتین، ئێمە لەماڵی خۆمان ٨ نەفەربووین دایکم و باکم و برایەکم و چوارخوشکم بووین، بەاڵم ئەوکاتە تەنها من وسارای خوشکم پێکەوە بووین نەمانزانی ئەوان چییان لێهاتووەو بەرەو کوێ ڕۆیشتوون لەوێ توشی ماڵی خاڵم بووم، کوڕێکیان محەمەدی ناوبوو بەداخەوە دوایی ئەنفالکرا، گوێم لەدەنگی بوو بانگی دەکرد دەیگوت ئەرێ جەماعە هاجەری کاک عوبێدتان لەگەڵدا نییە ؟ منیش بانگم کرد، محەمەد گوتی : ئەوە ئێوەش لێرەن ؟ خێرا وەرن بۆئێرە ماڵی مامە جەبارم دەڕۆن ئێوەش وەرن بۆئێرە، کەچوین بۆاڵی ماڵی خاڵە جەبارم لەوێ توشی باوکم بووم باوکم گوتی کاکە وەاڵمم دایەوە گوتم بابە کاکە نیم عەلیم وتی ئەی خۆ گوتیان کاکە لەو سەرەوەیە، گوتی دەی ئایشەی خوشکت لەخوارێ کەوتووە ئەگەر خاڵت لەگەڵماندا بێت دەچین ئایشە دەهێنینەوە، باوکم و خاڵم و کوڕێکی تر ئەحمەدی مامەحەیان پێدەگوت ومن بەمەکینەکەی ماڵی ئەو ئەحمەدە ڕۆیشتین، شەو درەنگ بوو، مەکینەکەمان ڕاگرت و کەوتینە گەڕان بەدوای ئایشەی خوشکمدا، بەرەوخوارێ چووم بۆ

دەم زێێ بچوک، لەئاستی مالّی حەسەنی مام حوسێن لەدەم زێ لەدورەوە دیاربوو، ئەوسا ژنان جلی کوردیان لەبەردەکرد، کراسەکەی هەتا ئەژنۆی هەڵدرابووەوە مانگەشەو بوو، لەبەر تریفەی مانگەشەو لەدورەوە قاچی ئایشەی خوشکم بینی سپی دەچوونەوە، کە گەیشتمەسەری تەماشام کرد کەفی سپی لەدەم ولوتی دەهاتە دەرەوە، هەروا سێ چوارمەتریکی مابوو بگاتە سەرئاوەکە چەند جارێک بانگیم کرد ئایشە، ئایشە هیچ جوابێکی نەدامەوە، خیرا کراسەکەی خۆمم لە ئاوەکە هەڵکێشاو بەدەم وچاوو دەمولێوێم داهێنا، بێ سودبوو، چوم هەر بەچنگ ئاوم هێنا کردم بەدەمییەوە چونکە بەڕۆژوو بوو، بەڵام هەروا وەک بڵێی غەرغەرەی پێکرد، بەڵام ئاوەکەی بۆنەخورایەوە هەربانگیشم دەکرد ئایشە ئایشە هیچ وەڵامێکی نەبوو بەڵام یەکدووجار نالّاندی دەنا جوابی تری نەدامەوە. بانگی باوکم وئەوانم کرد گوتم وەرن ئەوە لێرەیە. ئەوان هاتن و بەسواری مەکینەکە گەڕاینەوە بۆلای ئەوخەڵکەی بەجێمانهێشتبوون، بۆئەوەی ئەوانەی رەندیخانیش بارکەین وبڕۆین بەرەوتەکیە، لەچەمی رەندیخان شوێنێک هەیە پێی دەڵێن بەستەکە، لەوێ کۆڕێکی پێشمەرگەی لێبوو تەها سێکانیانی روت وقوت بوو، بەم چاوانەی خۆم دیتم پڕبەدەمی هاواری دەکردو دەیشڕاندو دەیگوت ئەی کوردینا ئەی مەردینا موسوڵمانینا بەجێم مەهێڵن. ئیتر کە ژن ومندالّ ئەو دیمەنەیان بینی ئەوەندەی تر تۆقین (بەدەر لەبەها ئینسانی و ئیسلامیەکەی) ئەو پیاوە وەک گا دەیبۆڕاندو هاواری دەکرد، شێت ببوو.

ئەی کەس نەچوو هاوکاری بکات ؟

ڕاستیت دەوێ هیچ کەسێک بەلایدا نەچوو، بڵێم چووین نەبەخوا هیچ کەسێک بەلایدا نەچوو، ڕۆژەکە ڕەش بوو کەس ئاگای لەکەس نەبوو، ڕێک وەک ڕۆژی حەشر بوو. ئیتر کەبەرەو تەکییەهاتین شەو لە گوندی دالّاوا ماینەوە ئەوێش چۆڵیان کردبوو تاقە یەک مالّی تێدانەمابوو، شتێک لەوێ زۆر سەرنجی راکێشام لەدالّاوا ئاگریان کردەوە بەڵام هەرچی دەهاتە دیار ئاگرەکە یەکسەر دەڕشایەوە. ماینەوە هەتا بەری بەیانی خالّم ریشسپی و ڕێزداربوو لەناوماندا گوتی : خەڵکینا من دەڕۆم بۆتەکییە پێشئەوەی سوپاو جاش بجوڵین من دەڕۆم بۆتەکییە خۆئێمە هەر تەواوبووین، بانەکەوینە دەست عەسکەروجاشان من دلنیا ڕۆژببێتەوە جەیش هجوم دەکا کێ لەگەڵم دێت بابێت کێ نایات خۆی بەرپرسە لەخۆی . خەڵکەکەش گوتیان کاکە لێخورەو برۆ بۆتەکییە خۆمان هەر تەواوبووین، تەواوبووین لەکوێ کوشتیانین بابمانکوژن، ئیتر ڕۆیشتین لە ئاغجەلەر مەفرەزەیەک پێشمەرگەی لێبوو گوتیان ئەوە دەڕۆن دەبن بەجاش ؟ خالّم زۆر پەستبوو ڕقی هەستابوو، گوتی بەڵێ دەڕۆین دەبین بەجاش، ڕۆیشتین پێش ئەوەی بگەینە تەوەکەل گەیشتینە کانی ژالّە لەوێ سوپاوسەربازگەی لێبوو، بەیانی هێشتا ڕۆژ هەڵنەهاتبوو، عەسکەر چواردەوریان گرتین، جێگری ئامرەکە هات وبەک دوو مووستەشاریش لەوێ بوون هاتن، وتیان ئەوە بۆ ئێستا دێن بۆ پێشتر نەهاتوون، خالّم گوتی ئینجا کاکە چی بکەین ؟ کەی بێین ؟ وابزانم یەکێک لەموستەشارەکان بادینی بوو، باش لێک تێنەدەگەیشتن وتی بۆ زوو نەهاتوون . خالّم گوتی پێشمەرگە نەیدەهێشت بێین .

جاوابوو پێشمەرگە نەیدەهێشت یان بۆ خۆ ڕزگارکردن بوو لە بەڵای ئەنفال ؟

ناوەڵا بەڕاستیش هەروابوو پێشمەرگە نەیاندەهێشت ئەوەتا ماڵی مستەفا ١٧ کەسیان لەم گۆڕتەپەیە بەکیمیایی کوژران پێشمەرگە نەیانهێشت بڕۆن .

جێگری ئامرەکە ناوی چی بوو ؟

نازانم بەڵام ئەفسەرێک بوو، بانگی موستەشارێکی کرد گوتی : وەر ترجمەمان بۆبکە، خالیشم هویەکەی دەرهێنابوو دەیگوت سەیدی ئەوەتا هەموومان عێراقین، ئامرەکە دەیگوت بیخەرەوە گیرفانت بەلام خاڵم هەردەیگوت ئەوەتا ئێمە عێراقین ئامرەکە گوتی ئینشاالله بەرتان دەدەم. ئەفسەرەکە لەخاڵمی پرسی پێشمەرگە هەیە؟ خاڵم گوتی بەڵێ کەم کەم هەیە، من ئەوسا منداڵێکی بەدیقەت بووم پێشتر بینیم ١٣ تۆپ رووەو ناوچەی قەڵاسێوکە دابەستراببوون، من هەر سیانزە دانەکەم ژماردن، هەر دوای پرسیاری لەخاڵم کردو وەڵامیدایەوە کەوتی هەیە، یەکسەر ئەفسەرەکە ئاماژەی بۆ سەربازەکان کردو فەرمانی دەرکرد وتی: ارمی ئیتر لەوێوە تۆپبارانی ناوچەکەش دەستی پێکرد. ژن ومنداڵ دەستیانکرد بەزیروهوروگریان، ئایشەی خوشکیشم لەوێ مردو گیانی لەدەستدا.

واتا هەتا ئەوکاتەش هەر گیانی تێدابوو ؟

بەڵێ هەر دەینااڵند، بەڵام هۆشی بەخۆیەوە نەبوو، بەخوا خەیخەی خوشکیشم لە دااڵوا ژنێک پێی بە گوارەکەی گوێیدانا گورەکە گوێی هەلتڵیشاند خەیجە ئۆفێکی نەکرد ئەویش بەخەستی بریندار بوو، هۆشی بەخۆیەوە نەبوو. ئیتر لەوێ عەسکەریەکە هەربەمەکینەکانی خۆمان رەوانی ئامرییەیان کردین لەدەربەندی بازیان ئامرییە هەبوو بەڵام عەسکەریان لەگەڵدا ناردین وەک حیمایە ناردیانن ئەوان بەسەیارەی عەسکەری وئێمەش هەر بەتراکتۆرەکانی خۆمان بردیانین بۆ دەربەندی بازیان. کە گەیشتینە دەربەندی بازیان خەڵکی تەکیە لە کنگرو گیاکردنی ئەو شاخە دەگەڕانەوە دەنگۆیەکی واش پەیدا بوو گوتیان ئەوانەی گیراون یەک کەسیان دەرناچن و هەموویان دەکوژن، منیش لە مەکینەکەوە وتم خۆم لەناو ئەوژنانەدا وندەکەم جامن هەربەناوی دایکمەوە بانگم دەکەن، وتیان ئەرێوەڵا عەلی نەجمە رایکرد، لە دوای منەوە دوسێ منداڵی تریش رایانکرد و هاتن، کە ئەوان هاتن عەسکەرەکان پێیانزانی بۆمانهاتن میللی تفەنگیان لێراکێشاین خەریکبوو تەقەمان لێبکەن، ئێمەش گەڕاینەوە و سواری تراکتۆرەکان بووینەوە.

نەتزانی ئەو منداڵانەی لە دوای تۆوە پایانکرد کێ بوون؟

یەکێکیان ئاسۆی خاڵە جەبارم بوو، ئەوەی تریان زاهیری مەجیدی مام سمایلی بوو ئیتر هەرسێکمان گەڕاینەوە و بردیانین بۆ ئامرییە لە دەربەندی بازیان لەوێ بە عەسکەر هەر چواردەورمان گیرا ئێمەیان دابەزاند و مەیتی ئایشەی خوشکیشم هەر لەناو عەرەبانەی تراکتۆرەکەدا بوو. بەڵام من ناتوانم درۆ بکەم سەرباز یەک دونیا ئەرزاق و برنج وشەلە و گۆشتیان بۆهێناین، کاک محەمەد گوتی: بۆ ڕاناکەی گوتم ئاخر ناتوانم ئیڤاکە لێم دەدات، کێت لەگەڵدایە منیش گوتم : ئەوە ئایشێ لەناو تراکتۆرەکەدا مردووە ئەوە دایکمە لەوێ کەوتووە و ئەوە خەیجەی خوشکمە لە گیانەڵادایە، ئەوسا من و سارا و زارای خوشکم لە هەموویان منداڵتر بووین، من و ساراش وەزعمان لە هەموویان باشتر بوو، ئەوانی تر هەموویان سەختی بریندار بوون، ئیتر لەو فەرعەی لادەدات بۆ ناو تەکیە محەمەدی پوورزام کە هەم زاواشمانە و ئێستاش وەک براگەورەمان وایە هاواری بەسەرداکردم وگوتی سەگی سەگباب بۆ ڕاناکەی با لێرە بتۆپی باشترە، نەک لە شوێنێکی تر من دەزانم وەزعەکە چییە، منیش وتم دەباشە تۆ پێشی ئێڤاکەم بۆ بگرە باڵێم نەدات

رادەکەم، تراکتۆرەکە خیراش دەڕۆی من ئێستاش تامی ئەو خۆفرێدانەم لە لاخۆشە چونکە وانەبوایە ئەنفال دەبووم جادەکە یەک ساید بوو، خۆم فرێداو شیوێک بوو خۆم هەڵادایە ناوییەوە ئیڤاکە وەستا و منیش هەڵاتم، رۆیشتم خۆم بە ماڵێکدا کرد، ژنێک دانیشتبوو تەمەنی ٦٠- ٧٠ ساڵێک دەبوو، یەکسەر گوتم پوریێ گیان لە گۆپتەپەوە رامکردووە گۆپتەپە کیمیایی لێیداوە من ئەوسا نەمدەزانی ئەنفال چییە نەک من کەس نەیدەزانی نەمگوت ئەنفال گوتم لە وانەی گۆپتەپەم کەرامانکردووە، لەراهی خۆا بمحەوێنەوە با نەگیرێم نەشمدەناسین گوتی وەرە رۆڵە بڕۆ ناو ئەو پشتیرەوە. لەناو پشتیرەکە بەرمیلێکی سەر بەتاڵی لێ بوو گوتی مەترسە ئەگەر هاتن دەخەمە ناو ئەو بەرمیلە سەربەتاڵەوە، منیش زۆر دەترسام، جا ئینسان کە ترسا زۆر میزی دێت میزێکی زۆر زۆرم کرد، بەڵام پیرە ژنەکە دیار بوو عاقڵ بوو دوای چارەکێک ٢٠ دەقە وتی رۆڵە وەرە خۆتۆ لە نێوچاوانت نەنوسراوە خەڵکی گۆپتەپەی بلوسێکی سوری بۆهێنام گوتی ئەوەی لەبەر بکەو بەرە و خوارێ بڕۆ نەبادا بێن ئێرە تەفتیسش بکەن و بتگرن، منیش کراسە سپیەکەم هەر لەبەردابوو بلوسەکەم بەسەر کراسەکەمەوە لەبەرکردو لە ماڵی پیرەژنەکە هاتمە دەرەوە و بەرەو خوار رۆیشتم. نزیکەی ٧٠٠ مەترێک لە ماڵەکە دورکەوتمەوە دوسێ پیرەمێرد دانیشتبوون چووم بۆلای ئەوان نەگەیشتبوومە لایان ئیڤایەک بەرە و لای ئێمە دەهات منیش گوتم خاڵە من لەوانەی گۆپتەپەم کیمیایی لێیداون ئەو ئیڤایە بەدوای منا دەگەڕێ تومەس ئەو ئیڤایە رەبایەیەک لە پشتی تەکییەوە هەبوو دەچوو بۆ ئەوەی هەر ئاگاشیان لە من نەبوو بەڵام من وام دەزانی بەدوای منا دەگەڕێن پیرەمێردەکان گوتیان بڕۆ بۆلای ئەو خانووە لەوێ تەختەبەستی لێیە لەلای ئەوان خۆت بخافڵێنە منیش چووم بۆلای ئەوان و بە زمانی لادێی خۆمان گوتم خوا قەوەتاندا، یەکسەر گوتم کاکە وەڵاهی من لەوانەی گۆپتەتەم کە کیمیایی لێیداون ئەو ئیڤایە بە دوای منا دەگەڕێ دارم پێدەکێشن بلۆکم پێدەکێشن با لەلای ئێوەبم با وا بزانن کرێکارم کابرا زۆر نامەردبوو گوتی : بڕۆ بڕۆ لاچۆ بۆنی کیمیاییت لێدێ با ئێمەش نەکوژی بڕۆ دورکەوەرەوە، ئینجا ئەوانەی لە چەمی رەندیخان کیمیایی لێیدابوون حاڵیان زۆر خراپ بوو، هەمووشیان بۆنی کیمیاییان لێدەهات وامزانی منیش بۆنی کیمیاییم لێ دێت. کە ئەوان منیان دەرکرد ئیڤاکەش تەواو نزیک بووەوە هەروا سی چل مەترێکی مابوو بگاتە لام، منیش ماڵێکم بەدیکرد یەکسەر لەتاو گیانی خۆم، خۆم بە ژورێ داکرد بێ ئەوەی لە دەرگابدەم و بێ ئەوەی بڵێن فەرموو یەکسەر چومە ژورەوە کابرایەکی ئیختیار کەوا و سەڵتەیەکی لەبەردابوو، قورئانێکی بەدەستەوە بوو قورئانی دەخوێند دوو ژنی ڕەشپۆشیش لەملا و ئەولایەوە دانیشتبوون، گوتم خاڵە تووە ئەو قورئانەی بەدەستتەوەیە جێگەم بکەرەوە من خەڵکی گۆپتەپەم لەوانەم کە کیمیایی لێیداون، ئەو ئیڤایە بەدوای منەوەیە دەمگرن، گوتی وەرە بڕۆرە ژورەوە چومە ژورەوە وەڵاهی جامخانەیەک وسندوقێکی کۆنەو دۆڵابێکی قەدیمەیان هەبوو، گوتی : ئەگەر هاتن دەتخەمە ناو ئەو سندوقەوە دەتشارمەوە. پێنج دەقە رۆیشت هیچ نەبوو، دەدەقیقە ڕۆیشت هەر هیچ نەبوو، تەماشام کرد دوو پاکەت جگەرە و شقارتەیەک لەسەر پەنجەرەکە دانرا بوو پاکەتێکی بەغدا و یەکێکیشیان سومر بوو، من ئەوکاتە دەنگە دەنکە جگەرەم دەکێشا یەکسەر جگەرەیەکم راکیشا، لەسۆمەرەکەشم

داگیرســـاند نەک لە پاکەتە بەغداکەی، جگەرەیەکم کێشا پیاوێک هەیە، بەداخەوە ئێستا لە ژیاندا نەماوە ناوی حاجی ئەحمەدی حەمە ســـابیرە، ئەویش لەگەڵ ئێمەدا بوو ســـەیر بوو ئەویش ڕێـــک خۆی بەو مـاڵەیـداکرد، بە دەنگێکی گەورە گوتی خـاڵە گیـان نـامـانـحـەوێـنـیـتـەوە، لـێـمـان قەومـاوە لەو کیمیـابـارانکراوانەی گۆڕتەپەین ؟ کـابرا گوتی وەرە ژورەوە، ئەو منی نەدیبوو بەڵام من لە دڵی خۆمـدا گوتم واللە ئەوە بە دوای منداا هاتووە، ئەویش گیرابوو دیارە عەســـکەرەکان گوتویانە هەتا ئەو منداڵەمان بۆ نەهێننەوە بەرتـان نـادەین، مـاوەیەک حـاجی ئەحمەد لەلای کابرا دانیشـت و کەس نەهات بە دوامدا منیش چووم بۆلایان گوتم مام حاجی ئەوە چی دەکەی لێرە ؟ چییـان لێکردن ؟ وتی وەڵا ڕۆڵە ڕەبی عەمرتـدرێژ بێـت کە تۆ ڕاتکرد لە دوای تۆ ئێمەش هەمووەمـان رامانکرد، وتم حاجی ئەی نازانی دایکم و خوشکەکانم چییان لێهات ؟ مەیتی ئایشـــەی خوشـــکم چی لێهات؟ وتی نە بەخوای ڕۆڵە کەس بەکەس نەبوو، دوایی کەلەمـاڵەکە هـاتمە دەرەوە توشـــی پیـاوێـک بووم جەعفەری مەلاشـــێتەیان پێدەگوت، توشـــی ئەو کاک جەعفەرەبووم مـالی کـاک جەعفەر ســـاڵێـک دەبوو هـاتبوونە تەکیەو لەلای ئێمە نەمـابوون، خزمێکی تریشـمان هەبوو حاجی عەلی ناوە ئەوانیش سـاڵێک پێشـــتر مـالەکەیـان هێنـابوو بۆتەکیەو لەگۆڕتەپە نەمـابوون. گوتم کـاک جەعفەر نـازانی مـاڵی حـاجی عەلی لەکوێیە ؟ گوتی بەڕێوەڵا ئەوە مـاڵەکەیـانە، ئیتر ماڵەکەی نیشاندام و چووم بۆ ئەوێ ئینجا کچەکانیان زۆر تیکەلی خوشـــکەکانم بوون وەک دەڵێن شـــیری دایکی یەکتریمـان خواردبوو، کچەکـانیـان کەچاویـان بەمن کەوت شـــڵەژاوو شـــێواو چاوەکانم بەکیمیایی ســـوربووەوە، بۆنی کیمیـــایم لێـــدەهـــات ئەوان دەستیانکرد بەگریان وتیان ئەی کوادایک کواباوک ؟ وتم نـازانم کەس ئـاگای لەکەس نەماوە، ژنێـک نـاوی غەزالە برازای حـاجی عەلییە هـات بۆمـاڵیـان گوتی: وەڵا تەرمی ئایشـەی خوشـک والەماڵی کاکەبراشـەلەیە، من هەتا مردن ئێســـتاشـــی لەگەڵدابێت مەمنونی ئەو کـاکەبرایەم غەزال گوتی کـاکەبرا شـــەلە کەدیوێتی تراکتۆرێـک بەجێماوەو تەرمێـک لەعەرەبـانەکەیـدایە یەکسەر چووبووە سەر تراکتۆرەکەی و سلفی لێدابوو بەمەیتەوە بردبووی بۆمـاڵی خۆیـان غەزال گوتی والەماڵی کاکە برای مەیتی ئایشـەی خوشکت دەشۆن. منیش گوتم بەخوا دەچم بۆسـەر جەنازەکەی ئایشـەی خوشـــکم، لەگەڵ کچەکانی حاجی عەلی ڕۆیشـــتین بۆمـاڵی کـاکەبرا شـــەلە، کەچوین مەیتەکە لەوێ بوو کـاکە بـرا کۆمەڵێـک ژنـی کۆکردبووە بۆئەوەی مەیتەکەی ئایشـــەی خوشـــکم بشـــۆن وکفنی بکەن و بیبەن بینێژن، کەچووم دەیانشـۆرد منیش دەستم کرد بەگریان، زۆری نەبرد ملوانکەیەکی زەنگیانەی ڕەشـی لەملدابوو لەگەڵ ســـەعاتەکەی و شـــقارتەیەک وبەک دیناری لەگیرفانیدابوو ئەوانەیان دایەوە بەمن. ئینجا کاک محەمەدی پورزاشـــم هات وتی : ئەوە تۆلەکوێی ئەوە ســـەعـاتێکە من لەتۆ دەگەڕێم، گوتم نـازانم بۆخۆشـم نازانم لەکوێ بووم منیش ڕامکردووەو خۆم شـــاردبووەوە، یەکســـەر منی هەڵگرت وتی : وەرە بـاقەتـرە بـکەینە چـاوتەوە تـۆمەس ئەو زانـیبوی کێشـــەکەمـان چییە قەترەو دەرمـانی پەیـداکردبوو بردبووی قەترەی کردبووە چاوی دایکم ئەوانیشـــەوە لەمـاڵی برایمی مـام ڕەزابوون. چوین بۆلای دایکم وئەوان گوتیان وەڵا محەمەدی فەقێ کەریم جەنازەکەی ئـایشـــێی بردووە بۆســـەر قەبران، ئێمەش چوینە ســـەرقەبران بەڵام چیمـان بینی هەموو ئەوخەڵکەی تەکیە کەخەڵکی ئـاوەژێ وقەلاتـدزێ بوون زووتر

راگوێزرابوون کەزانیبویان ئافرەتێکەو کەسی لەگەڵدا نیەو بەکیمیایی شـــەهیدبووە هەموو لەســـەر قەبران بـوون، ئـێســـتـا چـۆن دەوڵەمەنـدێـک دەمـرێ سەرقەبرانەکەی قەرەباڵغە سەرقەبری ئایشەی خوشکم ئەوەندە قەرەباڵغ بوو، لەوێ گوتیان دەبێت کەســێک بێتە ناو قەبرەکەوە کە دەســت نوێژی لێی نەشــکێ منیش زۆر منـدالّ بووم ئیتر نـاچـار من وکـاک محەمەدی زاوامان چوینە ناوقەبرەکەوە. منیش تەمەنم دوانزەســیانزە ســالّان بوو، هیچم نەدەزانی مندالّ بووم رێنماییان دەکردم دەی رۆڵە لای ســەری بگرەو ئـاوای لێبکەو ئـاوای پێبکە منیش منـدالّ بووم هیچم لەو شـتانە نەدەزانی بەهەرحال ناشـتمان و رۆیشـتین کاک محەمەد دایکم وخوشــکەکانمی برد بۆســلێمانی بۆمـالّی حـاجی ئەحمەد ســـابیر خزممـان بوو. دوخوشـــکیشـــمیـانی برد بۆکەرکوک بۆمـالّی خوشکەکانی ترم لەوێ شویان کردبوو. منیش ماوەی ٢٠ رۆژ لەمالّی حاجی عەلی مامەوە مالّیان ئاوابێت زۆر باش بوون هەتا بڵێی خزمەتیان کردم.

ببورە کاک عەلی ئەی باوکت چی بەسەرهات ؟

جـاوا قســـەت بۆدەکەم، دوایی هەواڵێکمان بۆهـات، گوتیان باوکت لەچەمی بەرولان لەلای دارەقوتە، وتیان لەوێ بینیومـانە، منیش کـابرایەکم شـــک دەبرد لە چەمچەماڵ پورزای باوکمە مەحمود رەشـاشـی ناوبوو، چووم بۆلای پێمگوت کـاک مەحمود دەڵێن بـاوکم لەچەمی بەرولانە لەلای دارەقوتە، جـائەوســـا پـارەم پێبوو، ئێمە ڕاســـتە لێمان قەومـابوو بەڵام پـارەمـان هەبوو منیش پارەم پێبوو، گوتم کاک مەحمود کرێکار ڕۆژی بە دەدینار کاردەکات من ٢٥٠ دینارت دەدەمێ بچۆبـاوکم بۆ بهێنەرەوە، ئەویش هەر گوتی ئەمڕۆنـا ســبەی، بۆ ســبەی جواب هات گوتیان ئەوەی لەچەمی بەرولان بوون هەرهەموویان گیراون، ئیتر لەوێ باوکم گیرابوو، بردبوویانن بۆتۆپزاواو لەویشـەوە ڕەوانەی نوگرەســـەلمانیان کردبوون بۆماوەی ٥ مانگ هیچ ســەروســۆراخێکی نەبوو. ئینجا باوکم کێشـــەیەکی تریشی هەبوو هەموو لەشی تەقەڵ ونەشتەرگەری بوو، بەو وەزعەوە نازانم چۆن لەنوگرەســـەلمان نەجاتی بوو، ســـاڵێک پێش ئەنفال باوکم شـــوتی بردبوو لەتەکیە بیفرۆشـی ســەیارەک لێیدابوو، هەموو لەشـی شـــکـانـدبوو، مـاوەی شـــەش حەوت مـانـگ هەر لەخســتەخانە بوو، کابرا بەعســی بوو، کەزانی بووی خەڵکی لادێیە بردبووی هەر لەخەستەخانە پەنجەمۆری پێکردبوو هەرنەماندەوێرا باســی بکەین . بەوهەموو برینەوە لەنوگرەســەلمان بوو، کە هاتیشــەوە هێندەی تر شپرزە ببوو.

ئەی کەی کۆچی دوایی کرد ؟

ساڵی ١٩٩٢ بوو لێرەبووین کۆچی دوایی کرد.

ئینجا باسی تەکیەم تەواو نەکرد

بەڵێ فەرمو دوای ئەو ٢٠ ڕۆژە ئێمەش لەگەڵ دایکم و ئەوان گردبووینەوەو یەکمانگرتەوە.

کاک عەلی کاکە چی بەسەرهات ئەو شەهید بوو ؟

بەڵێ ئەوهەرئەو ئێوارەیە لەگۆپتەپە شەهید بوو.

وتت ئێمە هەموو پێماندەگوت کاکە بەڵام خۆی ناوی چی بوو ؟

بەڵێ ناوی عەبدوڵابوو ئێمە پێماندەگوت کاکە.

ئەویش سەڵت بوو یان خێزانداربوو ؟

نا هەروا دوو ساڵ لەخۆم گەورەتربوو.

ئیتر کەگردبوونەوە چیتان کرد ؟

چیمـانـکرد لەتەکیە مـاڵێکمـان پێکەوەنـایەوەو خانویەکمان کڕی، ئینجا بائەوەشـــت بۆبگێڕمەوە، دوای ســاڵێک ڕێگەیان بەغەســاڵە دانانەوە دا لەچەمی گۆپتەپە، منیش چووم گوتم ئەگەر هەربەبەلاشـــیش هیـچـم نەدەنـێ دێـم لەو غەســـــالەیە ئـیش دەکەم،

هەرپێمخۆش بووبچمەوە بۆگۆپتەپە، ئیتر چووم لەو غەسالەیە ئیشم دەکرد، ئینجا دایکم مەتارەیەکی سپی هەبوو هی رۆن زەیتی بێجی بوو، دەیگوت دەبێت هەموو رۆژێک لەئاوی زێی گۆپتەپە مەتارەیەک ئاوم بۆبهێنێ بروا بکە تەنها چای پێلێدەناو دەیگوت گوناحە پیاڵەی پێبشۆی. ئینجا زۆر بەوئاوە دڵخۆش دەبوو، ئیتر هەتا ساڵی ١٩٩١ هەرلە تەکییە بووین، دوای ڕاپەڕینیش هاتینەوە بۆ گۆپتەپە.

ئەی کەچویتەوە بۆگۆپتەپە چۆن کارت بۆ غەسالەکە دەکرد ؟ بەپارەیان بەبێ بەرانبەر ؟

نا مانگی بە٦٠ دینار کارم دەکرد یەکەمجار بووم بەقاپ شۆر. دوایی کابرای غەساڵە گوتی وەرە بە بەگریسمەند مانگی بە ١٠٠ دینار ئیتر ئەوەم دەکرد. دوای شەش مانگ بووم بەسایەق شۆفڵ ئینجا بووم بە سایەق گەڵابە هەرلەوێ فیری سایەقیش بووم، دواجار موچەکەم بوو بە٢٠٠ دینار.

هەتا ساڵی چەند لەوێ بوویت ؟

هەتا ساڵی ١٩٩٠ لەوێ مامەوە، غەسالەکە هی پیاوێک بوو ناوی بەکربوو خەڵکی چەمچەماڵ بوو. هەرئەویش نەبوو یانزە غەساڵەی لێ بوو، دوای ڕاپەرینیش هەموو ئەوانەی غەساڵەکانیان لەزەوی فەلاحەکانیان بەکارهێنابوو ئەوسا مەلبەندی دووی یەکێتی یەکی ٦٠٠٠ شەش هەزاردیناریان لەخاوەن غەسالەکان سەند بۆجوتیارەکان.

ئایشەی خوشکت شوی نەکردبوو ؟

نا شوی نەکردبوو، ئینجا شتێکم بیرکەوتەوە ئەو ڕۆژە تەنها دایکم و ئایشەی خوشکم بەڕۆژووبوون، ئایشە بەیانیەکەی گوتی : بەخوای ئەمشەو لەخەونمدا کۆپتەرەکاتبوون بەکیمیایی لەگۆپتەپەیان دەدا، جاپێشتریش ئەو دەنگۆیانە هەبوون ڕۆژێک دەیانگوت هەلەبجە بەکیمیایی لێیداوەو خەڵکی کوشتووەو ڕۆژێک دەیانگوت لەوێی داوە ئەو بەیانیە ئایشەی خوشکم خەنی دی بوو. بەیانی نان وچای دەدا بەئێمە بۆخۆی بەڕۆژوبوو سوێندبەخوا بەیانی ئاوای گوت وئێوارە کیمیایی لێیداین. تەنها جیاوازییەکە ئەوەندە بوو بەتەیارە لێیداین نەک بەکۆپتەر.

ئاماری ڕاستەقینەی شەهیدونەنفالی گۆپتەپە چەندە ؟

کەس نازانێ شەهیدەکانی سەدلەسەد چەند کەسن، لەبەرئەوەی هەتا ئێستاش کە بیست وپێنج ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە هەر تەرم دەدۆزرێنەوە، پار تەرمێکمان دۆزییەوە. خەڵکێکیش هەبووە لیرە پیشمەرگەبووەو کیمیایی کوشتوویەتی .

خەڵکی دەرەوە نالێم بەس هی ئێرە ؟

هی ئێرەش هەروایە ڕەنگە خەڵک هەبێت وابزانێت کەسوکارەکەی ئەنفالە، بەڵام لێرە کیمیایی کوشتبێتی. بەڵام شەهیدەکانمان ١٢٠ کەس دەبن.

ئەی بۆ دەڵێن ٤٥٠ کەس ؟

ئاخر ئەوەیان بەئەنفالەوە دەڵێن، ئەوەیان ڕاستە ڕەنگە زیاتریش بن، کاکە گیان ٣٤ ماڵ لێرە کەسیان دەرنەچووە نابەخوا تەنها کەسێکیان نەماوە بۆتۆویش.

تەنها خەڵکی ئەم گوندە ٣٤ماڵ کەسیان نەماوە ؟

بەڵێ، بۆنمونە ماڵی عوسمان داود تەنها بۆخۆی ماوە ٧٤ کەسیان لەکوروکورەزاو براوبرازای ئەنفالکراوە، تەنها بۆخۆی ماوە هەر ڕۆژەی لەمالێکە بەزۆری لەلای خوشکەزایەکی دەژی ناوی سالار بۆگدییە لەرانیە.

بەڵام کاک عەلی من چومە گوندێک ناوی توکنە لەگەرمیان توکن وعەزیز قادر وەک ئێوەو عەسکەر دراوسێ گوندن لەوێ دەزانی چییان کردووە، پیاوێک ناوی محەمەد ستارە ناوی هەموو ئەنفالکراوەکانی گوندەکەیانی لەدەفتەرێکدا نوسیوە، لەگوندی عەزیز

قادریش پیاوێک هەیە ناوی عومەر محەمەد فەرەجە خوێندەواریشی نیە ناوی هەموو ئەنفالکراوانی گوندەکەیانی نووسیوە، ئینجا هاتووە هەموویانی پۆلینکردووە کێ بێ سەروشوێنە کێ لەنوگرەسەلمان مردووە، کێ لەنوگرەسەلمان گەڕاوەتەوە لێرە مردووە، ئێ خۆئەوانە نەخوێندەواریشن بەڵام لە گۆڕتەپە کتێبخانەتان هەیەو خوێندەواری باشی تێدایە دەورەی فیربوونی کۆمپیتەری تێداکراوتەوە بۆچی نەتانتوانیوە ئاماریکی باش وباوەڕپێکراو بکەن ؟

دەزانی چۆنە کاک عومەر با ڕاستییەکت پێبڵێم ئێمە وەک ئێستا نەبووین هیچمان نەدەزانی ئێستا خوێندەوار پەیدابوون، کاکە ساڵی ٩٢ ئێمە کەهاتینەوە قومبەلەی کیمیاییەکان هەرمابوون، هەموو ئەوساروخانەمان لەوچەمەوەو لەناو گوندەکەوە کۆکردەوەو بەکۆڵ هێنامانە سەرئەو قەڵایە ئەو گردەی کە ئێستا دەیبینی و بووەتە مەزارو گۆڕستانی شەهیدانی کیمیباران، ئێرانیەکان هەموویان برد تەنانەت ئێستکی ئەو مانگایانەشمان کۆکردەوە کەکیمیایی کوشتبوونی، بەڵام دوایی هەموویمان بەتاڵان بە ئێرانیەکان فرۆشت کیلۆی بە ٦پەنجایی، دەی بزانە ئێستا هەر یەکێک لەو قەپاغە ساروخانەمان بە ملیۆنێک دینار دەستدەکەوێتەوە، کاکە ئێمە دڵسۆزیمان تێدابوو بەڵام کەس نەبوو ڕێبەری ورێنمایمان بکات و بڵێت مەکەن مەیفرۆشن ئەوە مێژووی خۆتانە. بروام پێبکە ئەگەر ئەوکاتە وەک ئێستا کامیراو ڕەسم هەبوایە ئەم گۆڕتەپەیە پڕبوو لەچیرۆکی سەرسوڕهێنە چۆن لەهەڵبجە وێنەی عومەری خاوەر بووەتە ڕەمز، نەنکی ئەم کاک مستەفایە[٥] لەسەر ئەو بەرزاییەی ڕۆژئاوای گۆڕتەپە خوشکێکی ئەم کاک مستەفایە ناوی کۆچەربوو چاوسەزێکی قژ زەردی سپیکەلانە بوو ئەوەندە جوان بوو، دەتگوت ئەجنەبییە منداڵێکی زۆر جوان بوو، لەوێ سیروانی کوێخا نەجم و پێشمەرگەکان دەرزیان لێدابوو، زۆر خەریکی بوون بەڵام بە سەختی بریندار بوو، مرد نەنکی ئەم کاک مستەفایە باوەشی تێوەرهێنابوو ڕێک وەک ئەوەی عومەری خاوەر تەرمی کچەکەی هێنابوو بۆلای مامۆی مستەفا ئەوسا دراوسێمان بوون، بروابکە بەو وەزعەیەوە لەپەنای ئەو دیوارەیە کیمیایی کوشتبووی و تەرمی منداڵەکەشی هەر لەباوەشیدابوو. بەڵام کاکە کەهاتینەوە کەس نەبوو ڕێنوێنیمان بکات.

(دەنگێک دێتە ناوەوە هی پیاوێکی گۆڕتەپەیە دەڵێت: وەک بۆخۆمان نەماندەزانی حکومەتەکەش خەمخۆر نەبوو) بەخوا بەس ئێستکی مانگا، یەک دونیامان کۆکردبووەوە.

جگەلە ئینسان مەرومالاتیش بە چەکی کیمیایی زۆرکوژرا بوون ؟

ئەو مالات وولاخانەی لەناودێ و لە چەمی ڕەندیخان بوون لە ٨٠% کوژران و ئەوەی تریش هەمووی جەیش وجاش بەتاڵانبردیان ئاخر ئێمە بێجگە لەچەمی ڕەندیخان دوو چەمی تریشمان هەیە لەوێش مەرومالات زۆربوون، شازادەو چەمەرکەو ڕەندیخان . کاکە دەزانی چۆن بوو بروا بکە بۆرەی مانگا ئەو ناوەی پرکردبوو. ئەوە لەبیرم چوو باسی بکەم کاتی کیمیاییەکە ژنێک بانگی کورەکەی دەکرد ژنەکە ناوی تەمینە ئێستاش ماوە کورەکەی ناوی جەلیل بوو

---

[٥] ئەو مستەفایەی عەلی باسی دەکات مستەفا قادری بریندارە چەکی کیمیاییە ئەوسا لەژیاندا مابوو ئەویش لەلامان دانیشتبوو. بەداخەوە هەر چەند هەفتەیەک دوای ئەم دیدارە کۆچی دوایی کرد بەڵام باش بوو هەمان ڕۆژ دوای عەلی دیدارێکیشم لەگەڵ ئەودا سازکرد.

جەلیلی حاجی محەمەدی مام کەریمی بەداخەوە ئەو ئەنفالکرا، باجی تەمین بانگی دەکرد دەیگوت جەلیل وەرە من منداڵێکم لەگەڵدایە ئەویش دەیگوت من منداڵم ناوێ فرێی بدە. ئەرێ بەخوا بەم چاوانەی خۆم بینیم و بەم گوێیانەی خۆم گوێم لەو قسەیەی جەلیل بوو جائەمە بۆیە دەگێرمەوە کەس ئاگای لەکەس نەمابوو هەندێک هەر بەو دیمانەنەو بەکیمیاییەکەش شێت بوون .

تۆ جگەلە ئایشێ کە بەکیمیایی شەهید بووە خوشکێکی تریشت ئەنفالکراوە ؟

بەڵێ خوشکێکی تریشم بە منداڵەکانیەوە لەگەڵ مامڵی خەزوری ٢٧ کەس ئەنفالکران، ئەوە کاکەش هەر لەناو گوندەکە شەهیدبوو، مامڵی خاڵم شانزە کەس بوون هەرهەموویان ئەنفالکران و کەسیان دەرنەچون، خاڵم خۆی و کوڕی و بوکی و کورەزای ٦ کوڕی هەبوون هەموویان ئەنفالکران خاڵم تەنها یەک کچی دەربازبوو ناوی خەدیجەیە ئێستا وا لە کەرکوک دادەنیشێت دەنا کەسی نەماوە. مامڵی ئامۆزایەکی دایکم ٩ نەفەرییان هەموویان کیمیایی کشتنی یەک کەسیان دەرنەچوون . مامڵی ئەم کاک مستەفایەش کە زاوامە ١٧ کەسیان بەکیمیایی شەهیدبوون . مامڵی کچەخاڵێکیشم ئەوانیش پێنج کەسیان ئەنفالکراون .

بەڵام وەڵامی ئەو پرسیارەت نەدامەوە تەرمەکان کێ ناشتبوونی ؟

وەک پێمگوتی ئەوەی رۆیشت رۆیشت و ئەوەی گیرا گیرا ئیتر کێ بیان نێژێ بۆ سبەی ڕۆژی دوایی کاتژمێر ٩ی بەیانی وەک باسیان دەکرد خۆ ئێمە لێرە نەبووین، کە جاش وجەیش هاتبوون دوو شۆفڵیشیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو هەر تەرمێکیان دیبوو هەر لە شوێنی خۆی بە شۆفڵ خۆڵیان کردبوو بەسەریاندا، هەبوو هەر لەناو ژورەکاندا مردبوون و خانووەکەیان بەسەرد روخابوو، بەڵام خەڵکیش هەبوو جاش بووە هەر خەڵکی گۆپتەپە بوو لەدوای ڕاپەرین دەیزانی کوێ مەیتی لێیە، خەڵکی تریش هەبوو لەگەڵ جاشەکان هاتبوو تەماشای کردبوو دەیزانی جەنازەکان لەکوێن٦، ئیتر چۆن کەوتووەو لەکوێ کەوتووە هەر لەوێ ولەشوێنی خۆی بە شۆفڵ خۆڵیان بەسەرداکردبوو.

کەواتە تەرمەکانیان کۆنەکردووەتەوەو لەشوێنێکدا خۆڵیان بەسەردابکەن ؟

نەخێر کۆنەکرابوونەوە، ئینجا کە ساڵی ١٩٩٢ هاتینەوە دەستمان کرد بەدەرهێنانەوەو ناشتنەوەیان ئەوسا زانیمان لەکوێ روفاتی شەهیدەکانی تێدایەو لەکوێ تێیدانیە. ئینجا هەتا ئەم ساڵانەی دواییش هەر جەنازە لێرە دەدۆزرانەوە ساڵی ٢٠١٠ لێرە دەجەنازە لەناو حەوزی مزگەوتەکە دۆزرانەوە . ساڵی ٢٠١٠ تەرمێکی تر لەمامڵی حاجی محەمەد دۆزرایەوە ئەوەش تەرمی پێشمەرگەیەک بوو، کەس نەیزانی ئەو کەسە کێیە.

کاک عەلی من باش ئاگام لەهەستی بەرێزتە، دەزانم یادەوەرییەکی زۆرناخۆشت لەگەڵ ئەنفال وکیمیابارانی گوندەکەت هەیە، براوخوشکت شەهیدبووە خوشک وخاڵۆزات ئەنفالکراون بەڵام دەمەوێ بپرسم دوای ٢٥ساڵ لەو تاوانە کەسێکی وەک من دێت پرسیارت لێدەکات ئەوە چۆنە لەلای تۆ یان بابڵێم پێتخۆشە پرسیارت لەوبارەیەوە لێ بکرێت یان هەر حەزناکەی باس بکرێتەوە ؟

[٦] یەکێک لەوکەسانە مستەفا عەسکەری پارێزەر بوو، لەدیدارێکی نێوانماندا دەڵێت بەهۆی هەندێک ناسیاوی جاشەوە توانیم بچم بۆ گۆپتەپە و ئەوەی پێمکرا هەندێک لەتەرمەکانم داپۆشی .

بەخوا ئەوەشـــیان دوولایەنە، جاری وایە حەزدەکەم پرسـیارلەوکەســانە بکەن کەوەک من ئەو روداوەیان دیوەو یادەوەریان لەگەڵیدا هەیە، جاریش هەیە نەوەڵا حەزناکەم ئەوەش دەکەوێتە سەر چۆنێتی پرسیارەکەو کەسـەکەش، خۆئێمە هەمیشـە لەخەیاڵماندایەو هەرگیز لەبیرمان ناچێتەوە بەڵام لێت بپرسـێتەوە باشـترەو بۆئێمەش خۆشـــترە. لەبەرئەوەی ئێمە تـازە توش بووین و بـاجەکەمـان داوە بەڵام هەرکەس نەیـات بەلاتداو لێت نەپرسێتەوە ناخۆشە. کەسێک بێت هەر ئەوەنـدە پێمان بڵێت بەشـــداری خەمتانین دڵمان پێیخۆش دەبێـت . بەتـایبەتی چـاوپێکەوتن لەگەڵ کەســـوکاری ئەنفال وکیمیابارانکراوان زۆر باشـــە، بەبروای من لێنەپرســـینەوە پشـــتگوێخســـتنی ئەو تاوانەیە.

دەمەوێ رای تۆ بزانم بەرانبەر تۆمەتباران وگومان لێکراوان، ئایا لێیان دەبوری یان دادگایی کردنیان بەباش دەزانی ؟

سـەدلەسـەد داوای دادگایی کردنیان دەکەم. کاکە گیان برۆ لەو بۆڵقامیشـــە لەو دەشـــتی عەســـکروگۆپتەپەیە خۆت بشـارێتەوە دوو هەزار عەسـکەری عەرەب بابین بزانە دەتوانن کەس بـدۆزنەوە؟ نـاتوانن بۆیە لەگەڵ ئەوە دام ئەو موستەشارانەی دەوری خراپیان هەبووە دادگـایی بکرێن و ســـزای خۆیـان وەربـگرن موســـتەشـــاریش هەبووە باش بووە لەگەڵ خەڵکداو خەڵکی رزگارکردووە. خۆمن هیچ پێویســـتیم بەوانە نەبووە بەڵام هەق هەقە و دەبێـت بگوترێـت ئەوەی بـاشـــەیـان کردووە وئەوەی خراپەی کردووە لێـک جیابکرێنەوە.

وتت کاتێک لەچەمی رەندیخان بووم فرۆکەکانم بینی کەیەکی سێ بۆمبیان بەرداوەتەوە ؟ ئەوە دیاربوون دیاربوون یەکی بەقەد بوتڵە غازێک دەبوون کە دەهاتنە خوارەوە من ئاوا تەماشـــام دەکردن و لێشـــمەوە دوربوون، چوار تەیارە رەمیان کرد یەکی ســـێ قومبەلەیان فرێدایە خوارەوە یەکەم تەیارە کە رەمیکرد لەپشـــت قەڵاکەی دا، دووەم تەیارە لەنزیک ماڵی کاکە عەبدولی دا، کاکە عەبدول برای شـــەهید عەلی عەســـکەریـیە، لەلای مـاڵی ئەوان و بەری مزگەوتەکەیدا، سـێیەم تەیارە لەناو زێیەکەیدا، چوارەم تەیارە لەناوەڕاستی گاوریدا. بەڵام دوو تەیارەکەی تر رەمیان نەکرد، خوائاگادرە ئاوا بەبەرچاومەوە بوون، دەنگی بۆمبەکان نزم بوون بەڵام زیرەی ئەو تەیارەیە زۆر بەهێزبوو، ئـاوا هەردوو گوێمـان دەگرت و سەیرمان دەکردن.

هەر لەوکاتەشدا لەعەسکەریاندا یان هەر ئەو تەیارانە بوون چون لەعەسکەریشیاندا.؟

من هەرئەوەی گۆپتەم ئـاگـا لێبوو هەرنەمزانیبوو کەلەعەسکەرو چەمی رەزانیشی داوە دوایی من لەتەکیە زانیم هەرنەمزانیبوو. بەڵام کەلەتەکیە خەڵکی عەسکەرم بینی گوتیان بەکیمیایی لەئێمەشی داوە.

پێش بۆردومان کردن ئاڕاســـتەی بایان وەرنەگرت ؟ (ئەم پرسیارە مامۆستا هێمن کردی)

نازانم ڕاستیەکەی من ئەو عیلمەم نیە.

ئەی پێش ئەم چوارتەیـارەیە هیچی تر نەهـاتن بسوڕێنەوەو بڕۆن ؟

نا بەڵام عەسرەکەی کۆپتەر هات، لەو چەمەی خوارەوە رەمی کرد پێشـمەرگەیەکی بریندارکردبوو، پێشـمەرگە بریندارەکە برای ســـەرکەوتی مامە قالەو شـــەهید دارابوو دوایی هێنابویان بۆ چەمی شـــازادە، بەڵام بۆســـبەی کە ئەو وەزعە خولقـا ئەویش لەتینوان خنکابوو ئایا لەبرسـان مردبوو بەسـتەزمانە. ئەوەش دوایی ئێمە بیستمان ئەوکاتە نەماندەزانی.

بیرورات بەرانبەر حکومەتی هەرێم چییە ؟ باشە بۆتان یان چۆنە ؟

باشیشەو خراپیشە، باشە موجەیەک دەداتە کەسوکاری شەهیدو ئەنفال، موچەکە لە ٢٠٠ دینارەوە دەستیپیکردو ئیستا ٤٥٠٠٠٠ چوارسەدو پەنجا هەزار دینارە لەئەنفالکراوێکەوە هەتا سێ کەس هەرئەوەیە لەچوارشەهیدو ئەنفالەوە هەتا ١٠کەس ٢٠کەسیشت هەبێت مانگی ٩٠٠٠٠٠ نۆسەد هەزارمان پێدەدات، ئەوە بۆئەوە باشە هەندێک پیرەمێردو پیرەژن دەرچوون هەرخۆیان ماونەتەوەو کەس نیە بەخێویان بکات بۆئەوانە زۆر باشە، بەڵام بەرپرسانی حکومەتی هەرێم قەرزداری خەڵکی لادێکانە بەگشتی نەک هەر کەسوکاری ئەنفال، خەڵک هەیە کەسیشی ئەنفال نەکراوەو قسمەتی لەو تاوانەدا نەبووە بەڵام مالّی روخاوە مالّی تالانکراوە خزمەتی شۆرشی کردووە لەدەمی مالّ ومندالّی گرتووەتەوە بەدەمی پێشمەرگەیدا کردووە، خەڵکی شاریش قوربانیانداوە کوریان پێشمەرگەبووە بەڵام کەدەڵێم حکومەت قەرزداری لادییە بابڵێن لەدوای گوندەکان یەک ڕۆژماوینەتەوە ؟!

بیرورات بەرانبەر ڕێکخراوەکانی ئەنفال چییە ؟

بونیان باشە بەڵام کەمو بێکاریگەرن نازانم حکومەت هاوکارییان ناکات یان خۆیان باش کارناکەن. ئەوانیش پیویستیان بەهاوکاری حکومەتە، بۆنمونە تۆ گۆڤاری ئەنفالستان بەپشتیوانی چەند کەسێک دەردەکەی کارێکی باش دەکەیت بەڵام ئەوە ناتوانێ هەتا سەربەردەوام بێت و هەر چوارسالّی ترو پێنج سالّی تر بەردەوام دەبیت.

عادل مەجید گوندی سەرچنار

رات چییە بەرامبەر ئەو هەوڵەی لەسوید هەیە بۆ بەفەرمی ناساندنی تاوانی ئەنفال ؟

هەر زۆر زۆر کارێکی باشە، بەهیوام لەهەموو دونیا ئەوە بکرێت .

زۆر سوپاس کاک عەلی

سوپاسی ناوێ من سوپاسی تۆ دەکەم لەخزمەتدام.


کێشەی مرۆڤایەتی

مرۆڤایەتی لەبەردەم کێشەی گەورەدایە، کاتێک بەتەنگ یەکترییەوە ناچن و هەست بەئازاری یەکتری ناکەن. هەربۆنمونە ئەگەر جوو بەراستی ڕێزیان لە قوربانیانی هۆڵۆکۆست بگرتایە، نەیاندەهێشت ئەنفالی کوردو کۆمەڵکوژی توتسیەکان و ئیزدییەکان روبداتەوە.. چونکە هێزو دەسەڵاتیان بایی ئەوەبوو. بتوانن پێش بەوتاوانانە بگرن. لەراستیشدا ئەرکیان بوو ئەوە بکەن. خۆ ئەگەر عەرەبەکانیش یەک زەرە ڕێزیان لە قوربانیانی هۆڵۆکۆست بگرتایە رەنگە دۆسێی فەلەستین بەم ئاستە لە ئاڵۆزی نەگەیشتایە.

ئەگەر ڕێزیان لە قوربانیانی فەلەستین بگرتایە، نەدەبوو لە ئەنفالی کورد بێدەنگ بن.. ئەگەر کوردیش ڕێز لە قوربانیانی ئەنفال و جێنۆسایدەکانی تر بگرێت نابێت چاو لە تاوانی کۆمەڵکوژی غەززە بپۆشی بەبیانوی ئەوەی عەرەب بێدەنگ بووە لە کۆمەڵکوژی کوردان.

مادام عەرەب و دونیای ئیسلامی بەگشتی لەکۆمەڵکوژی کوردان بێدەنگ بوون. ئەمرۆ مافی ئەوەیان نییە داوا لە کوردیش بکەن، لە ئاست کۆمەڵکوژی غەززەدا دەنگ هەڵبڕێت.

من موسڵمانم بەڵام لەبەر منداڵەکانم نەبوایە هەرگیز جەژنم نەدەکرد.



ئەم دیدارەی نیوان من وعادل مەجید لە ڕۆژێکی دیاریکراودا ئەنجامنەدراوە، بەڵکو بەرهەمی سێجار بینین و چەند پەیوەندییەکی تەلەفۆنیە، عادل خوێندەوارییەکی سەرەتایی هەیە، بەڵام ئەزمونی ژیان وای لێکردووە بەهێزو ئیرادەوە بژی و بەزمانێکی ڕەوان و باش بدوێ، ئەگەرچی زەبری ڕۆژگارو ستەمکاری زۆر دڵڕەقانە لەگەڵیدا جوڵاوەتەوە، فاشستەکان تونددڕەفتارو شۆڕشگێرەکان بێ وەفابوون لەگەڵیدا بەڵام بەئازایەتی خۆی نەیهێشتووە زەلیل بێت و ژیان تووڕی بداتە پەڕاوێزی ژیانەوە بەپێچەوانەوە بەبێ پشتیوانی ناوەندێکی ڕۆشنبیری و سیاسی کەسێکی وریاو چاوکراوەو جاوتێرە ڕێگا بەزەلیل بوونی خۆی نادات و نایەوێت کەسیش بەزەلیلی ببینێت.

دواهەمین پەیوەندی تەلەفۆنی نێوانمان شەوی ١٩ی ئایاری ٢٠١٩ بوو، کە عەسر تەلەفۆنم بۆکرد بۆپڕکردنەوەی هەندێک بۆشایی وکەلێنی نێودیدارەکەمان پرسیم بەڕۆژوێت یان نا گوتی بەڵێ گوتم دەیکەواتە دوای بەربانگ تەلەفۆنت بۆدەکەمەوەو ئێستا ماندوت ناکەمەوە شەوەکەی پەیوەندییەکە دروست بوو بەڵام سەرلەبەری دیدارەکەی پێشوی گۆڕی و سەرئەنجام ئەمەی بەردیدەتی لێکەوتەوە .

کاک عادل ئەم کاتەت باش مەبەستی هاتنی من بۆئەوەیە دیدارێک ئەنجامبدەین ئامادەیت ؟

بێگومان زۆر بەخۆشحاڵییەوە ئەمادەم بەخێربێیت

کەواتە باڵەناوی سیانی خۆتەوە دەست پێبکەین ؟

زۆر بەخێرهاتی ناوم عدل مەجیدە محەمەد ئەمین ڕەشیدە

تەمەنت چەندە ؟

موالیدی ١٩٧٣م خەڵکی گوندی سەرچنار، سەربانخێی ئاغجەلەر قەزای چەمچەماڵ

خوێندەواریت هەیە ؟

پۆلی شەشەمی سەرەتایم تەواو کردووەلەبەرئەوەی گوندەکەمان خوێندنگەی ناوەندی تێدانەبوو دەبوو بچمە شار، دواتر بۆ تەواوکردنی قۆناغی ناوەندی چومە ناحێی تەقتەق بەڵام بارودۆخەکە باش نەبوو، نەمتوانی خوێندنەکەم تەواو بکەم لە پۆلی یەکەمی ناوەندی وازم لەخوێندن هێنا.

گوندەکەتان چەند ماڵ دەبوون ؟

ئەوکاتە پەنجا ماڵ دەبوو

دەکەوێتە کوێوە ؟

سەرچنار لەنزیک گۆپتەپەیە بەڵام لە ناوچەی شێخ بزێنی و بناری خاڵخالانداید، لەروی ئیدارییەوە سەر بەناحێی ئاغجەلەرو قەزای چەمچەماڵە.

خانووەکانی لەچی دروستکرابوون ؟

لەخشتی قوڕخشتەکە لەقوڕ دروست دەکرا،قاڵبی هەبوو، قورەکەی تێدەکراو دەبردراو وشک دەکرایەوەو وەک بلۆک دیواری پێدروست دەکرا، سەربانەکەش هەر دارەراو گڵ بوو. گوندەکانی ناوچەی ئێمە ئاوابوون نازانم لەشوێنی تر چۆن بوون.

چەند ژورتان هەبوو

نـازانم چەن ژورمـان هەبـوو بەڵام خانووەکەمـان گەورە بـوو، دەسـتەیەکی پێـی دەگـوترا کۆشـک لەبەرئەوەی وەک خـانووی دوو قـاتی شـار وابـوو بەڵام هەر لەخشت دروستکرابوو.

خەڵـکەکەی بەچیـیەوە سـەرقاڵبوون سـەرچاوەی بژیویان چیی بوو ؟

خـۆت دەزانـی خەڵکـی لادێ هەر ئاژەڵـداری وجوتیـارییە گونـدەکەی ئـێمەش خەریکـی ئەو دوو ئیشـە بـوون، گەنـم وجـۆو نیسـک ونـۆک و مەروماڵاتیشیان بەخێودەکرد.

بیرەوەرییەکـی خۆشـی منـداڵیت گونـدەکەی خۆتانت لەبیرە ؟

والـلە بڵـێم چـی ئەوکـاتە زۆر خۆشـبوو کەمـام رۆستەم ژنی هێنا لەماڵی ئێمەبوو.

بۆچی لەماڵی ئێوە بوو خزمتان بوو ؟

نانـا خزممـان نەبـوو، بەڵام وەک کـوڕی مـاڵی خۆمـان وابـوو. کەژنـی هێنـا هـات بـۆلای بـاوکم داوای خـانووی کـرد ئەوسـا لەلادێ خـانوی دوو قات هەبـوو پێیـان دەگـوت کۆشـک بـاوکم پێیگـوت مادام دەڵێـی بمـکە بەکـوری خـۆت فەرمـوو بچـۆرە کۆشکەکەوە.

ئاخربۆچی لەماڵی ئێوە زەماوەندی کرد ؟

لەبەرئەوەی پێشـــمەرگەبوو نەیـــدەتوانی لەشـــار زەماوەنـــد بکـــات لەلادێ شـــاییەکەیان بـــۆکرد. زەماوەنـدو شـایی نەکـرد هەر نـان خـواردن بـوو ئەویش لەماڵی عەبدولاغای گڵناغاج بوو.

ناخۆشترین بیرەوەری تۆ پێش ئەنفال چییە ؟

وەلاهـی کەکۆپتەروشـت دەهـاتن رەمیـان دەکـرد، زۆر دەترسـام، هەر بیـرم لەوە دەکـردەوە چـۆن دنیـا خـۆش ببێـت و خوێنـدنەکەم تەواو بـکەم، چـــونکە لەبەرئەوە تەواوم نەکـــرد کە ماڵمـــان لەلادێ بوو.

ئەوکـاتەی ئەنفـال رویـدا تـۆ لەکـوێ بوویـت لەتەقتەق بوویت یان لەگوندەکەی خۆتان ؟

نـا لەتەقـتەق نەمـاوە، وازم لەخوێنـدن هێنـاو هـاتمەوە کـاتی کیمیابـارانەکەش لەگەڵ دایکـم وبـاوکم هەر لەسـەرچناربووم، بەچـاوی خـۆم بینـیم کە تەیارەکان بۆردومانیان کرد.

کوێیان بۆردومان کرد گوندەکەی خۆتان ؟

نانـا گونـدەکەی خۆمـان کیمیابـاران نەکـرا، گـــۆپتەپەو عەســـکەر دەڵـــێم کە ئەوییـــان کیمیابارانکرد

چ ڕۆژێک بوو بیرتە ؟

ئائا ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٣ بوو

ئەی کەی گەندەکەی ئێوە ئەنفالکرا ؟

هەر ئەو ئێـــوارەیە ئێتـــر بـــارودۆخەکە شـــیواو خەڵـک لەگونـدەکانیان چـۆڵکرد و ڕۆیشـتن لەنـاو چەم وشـیوو دۆڵەکانـدا خۆیـان شـاردەوە بـۆ ڕۆژی دوایـیش هێـرش دەسـتی پێکـردو جـاش وجەیـــش گەیشـــتنە نـــاوچەکە. ١٨٣ کەس لە گونـدەکەی خۆمـانەوە بەتراکتـۆر بەرەو تەقـتەق ڕۆیشـتین، لەنزیـک تەقـتەق سـەرباز چواردەوریـان گـرتین داینگـرتین و دەسـتیان کـرد بەپشـکنین، هەرچـی شـتی بەقـیمەت بـوو وەک پـارەو ئـاڵتون و چەک لەخەڵکەکەیـــــان ســـــــەندوگرتیانین وبردیـــانین بـــۆ تەقـــتەق و شـــەوی دوایـــش هەرلەتەقـتەق هێشـتیانینەوە، مـن هەتـا ئەوکـاتەش هەرلەگەڵ دایکـم و بـاوکم بـووم بـواری هەڵاتنیشـم هەبـوو، بەڵام لەبەر دایکمـم و بـاوکم نەدەڕۆیشـتم. نـازانم چـۆن بەبیرمـداهات ؟ هەڵبـێم دەرگـای ســیاجەکە کەمێـک کرابـــووەوە ئەمـــنەکە ڕوی لەودیـوی بـوومن بەدەرفەتـم زانـی هەڵاتـم ئەمـن وئیسـتخباراتەکە دوام کەوتـت میلـی تفەنگەکەشـی ڕاکیشـا بەڵام نەیـانتوانی بمگـرن ڕەبـایەیەکی جـاش لە نزیـک ئەو شـوێنە هەبووخـۆم بەو ڕەبـایەی جاشـەکاندا کـرد، ئەوانـیش سـواری شۆفرلێتێکیان کردم ڕفاندیانم بەرەو تەقتەق.

کەواتە جاش تۆیان داڵدەدا هاوکارییان کردی ؟

پیـاو ڕاسـتگۆبێت چـی بینیـوە دەبێـت ئەوە بگێـڕێتەوە، بەڵـێ ئەوان نەبونـایە مـن ئەنفـال دەکرام .

ئەی دوای ئەوە چییان لێکردیت ؟

لەتەقـتەق دایـانگرتم و چـومە مـاڵی خزمەکـانم و ئاگـام لەدایـک وبـاوکم نەمـا، هەتـا مـاوەیەکی زۆر هەرلەماڵی ئەوان لە تەقتەق مامەوە .

ئەو ماڵانە کێ بوون ؟

ماڵی خاڵم بوون .

ناویان چییە ؟

مـاڵی خـاڵە ئەحـمەد و خـاڵە عەزیـزم بـوون، هەرچەنـدە زۆر بـۆم بـاش بـوون بەڵام مـن زۆر زۆر خەفتبـاربووم نەنـانم دەخـوارد نەئـاو مـاوەیەکی زۆر ئـاوا مامەوەئینجـا بیـرم لەوە کردەوە کە دەبێت کارێک بکەم .

کاری چی ؟ چی هەبوو لەتەقتەق بیکەیت ؟

کاریکـاریم دەکـرد، ئینجـا چـوم بۆتکریـت بـۆ کرێکـاری دەچـوم بـۆ بەغـدا بەهەمـوو لایەکـدا دەڕۆیشتم لەهەرلایەک کارم دەستبکەوتایە.

ئەی چۆن کارت دەستدەکەوت چونکە تۆ هێشتا منداڵ بوویت نزیکە ١٢ – ١٣ سانزە ساڵ بوویت ؟

بەڵـێ منـدالّ بـووم بەڵام بەهـۆی ناسـیاوییەوە کـارم دەسـتدەکەوت ئەگەر خزمێـک ناسـیاوێک مقـاول بـوایە یـان کەسـێکی بناسـیایە ئـاوا کـارم دەسـتدەکەوت . جـاری واهەبـوو دەڕۆیشـتم سـێ مان گ و چوارمـانگم پێـدەچوو لەهەمـوو شـوێنێک ئیشـم کـردووە، لەتکریـت و بەغـداو رومـادی و هیـت لەهەمـووی مـن کرێکـاریم کـردووە. هەتـا لەموسل ئیشم کردووە.

ئەی شـەوان هەر لەسـەر ئیشـەکەت دەخەوتـی یـان دەچوویتە هۆتێل ؟

دەچوومە هۆتێل شەوی بە دینارونیوێک .

ئیتر هیچیشت دەربارەی کەسوکارت نەدەزانی ؟

نەخێـر بەڵام هەر تەماشـای تەلەفزیـونم دەکـرد بەڵکـو ئەمە خـوایە لێبوردنێـک دەربچێـت و بەربین

هەتاکەی چاوەروانیان بووی ؟

هەتـا ئەوکـاتەی سـەدم روخـاو گۆرەبەکۆمەڵەکـانم لەشاشەی تەلەفزیونەوە بینی .

بۆچی پێت دەڵێن عادل تاقانە خۆت تاقە کوڕی ماڵی خۆتان بوو؟

نـا دووبـرای تـرم هەبـوون، لەبەرئەوەی لەئەنفـالەکەدا مـاڵی ئـێمە هەمووییـان گیـران و بەس من بەتەنیا دەربازبووم.

هەموویان چەندکەس بوون ؟

لە٤٥ کەسـی بنەماڵەکەمـان تەنهـا سـێ کەس دەربـازبوون مـامێکم لەنوگرەسـەلمان هـاتەوە ئەو لەژیانـداماوە مـامێکی تریشـم ئەویـش هەر رزگـاربووە، لەگەڵ دوو ئـامۆزام بەتەنـێ ئەو سـێ چوار کەسەم لەئەنفال رزگاربوون.

ئەی ماڵی خۆتان چەند کەس بوون ؟

هەشـت نەفەر بـووین، حەوتیـان ئەنفـالبوون منـیش ئەوە هەشت لەوەندەی هەرمن ماومەوە .

باوکت ناوی مەجیدە ئەدایکت ناوی چی بوو ؟

بـاوکم دوو ژنـی هەبـوو دایکـی خـۆم نـاوی تەلـیعە شەریف قادرە

زردایکەکەشمان ناوی بەدریە ئەنوەر میرزا بوو.

ئەی خوشک وبراکانت ناویان چییە؟

پەرویـن ئەوەیـان خوشـکە گەورەکەمە، ئـاواز براکانیشم باکۆو ئاسۆ

ئەی ئەوکـاتە چـۆن لەگەڵ مامەکانـت نەمـایتەوە بەڵام لەماڵی خزمەکانت مایتەوە ؟

ئـاخر مـامێکم دوایـی لەنـوگرە سـەلمان هـاتەوە، ئەوەی تریشـیان لەبەرئەوەی پێشـمەرگە بـوو، پێشـمەرگەیەکی دیـاریش بـوو ئـامر کەرت بوو.هەمیشـە لە شـوێنگۆڕکیدا بـوو، ڕۆژێـک لە چەمچەمـاڵ بـوو ڕۆژێـک لەتەکیـیە و ڕۆژێـک لەرانـیە بـوو، بەکـورتیەکەی نەیـدەتوانی زۆر خـۆی دەربخـات و مـاڵ و شـوێنی دیـاری هەبێـت، چـونکە ئەو لەلای قاسـماغای هەڵاتبـوو، بـۆیە هەریەکەمـان کەوتبـووینە قـوژبنێکی ئەم دونیـایەوە پەراگەندەی شوێنان ببوین.

ئەومامەت ناوی چی بوو ؟

نـاوی جەوهەر بـوو مـام جەهەریـان پیـدەگوت، دوایـی لە سـالی ١٩٨٩ سـەیارە لێیـدا و مـرد،

ئەوپەرش ٩منداڵی هەموویان ئەنفال بوون.مامەکەی تریشم کەلە نوگرەسەلمان هاتەوە ناوی جەلال بوو ئەوپەرش ٩ منداڵی ئەنفال بوون بەڵام ئەویان ئیستا ماوە. دوو مامی تریشم ئەنفالن وهیچ کەسیان دەرنەچوون .

ئەوانەی ئەنفال بوون ناویان چییە ؟

مامە جەمیل خۆی وژنەکەی وهەموو منداڵەکانیان. مامە بەکریشم بەهەمان شیوە خۆی و ژن ومنداڵەکانی ئەنفال بوون. کاکە ئیمە زۆر خەراپ لێمان قەوما کەسمان نەما.

ئەی شەوانت لەهۆتیل چۆن بەسەر دەبرد ؟

هەربۆخۆم نەبووم بڵێم ژورێکی خۆمم هەبێت، خەڵکی تریش دەهاتن بەڵام بەردەوام بیرم لەدایکم وباوکم و خوشک وبراکانم دەکردەوە نانم دەخوارد دەمگوت خوایە دەبێت ئێستا ئەوان چی بخۆن، ئینجا دەمگوت بەخوا نەماون خواردنی چی؟ ئینجا دەمگوت خوایە دەبێت بەچ مردبن بەگوله کوشتویانن یان بەئاومردون ئێستاش هەر بیرلەوە دەکەمەوە دەبێت چۆن کوشتبێتیانن و چۆن هاواریان کردبێت. هەتا ئێستاش هەربیر لەکوشتنیان دەکەمەوە جاری وایە دەڵێم رەنگە لەبرسان مردبن یان بەزیندویی خۆڵیان کردبێت بەسەریاندا، ئینجا هەندێک قسەش هەبوو کەبردویانن بۆ دەوڵەتانی تر ئیتر دایمە بەئێستاشەوە هەرجارەی فکرێک دەکەمەوە.

ئەی ئەوکاتەی بەڵگەیەک لەبارەی کچ وژنانەوە دەرکەوت کەبە ولاتی میسر فرۆشراون ؟

ئا ئینجا ئەوەش پەیدابوو دەمگوت بەخوا رەنگە دایک وخوشکەکەی منیان لەگەڵدا بووبێ دوایی دەمگوت کورە نەوەڵا هیچ کەسێکیان بەزیندوویی نەماون .

کەواتە تۆ هەتا مامت وپیرەکان بەرنەبوون هیچت لەبارەیانەوە نەدەزانی ؟

کورە کەس هیچی نەدەزانی تەنانەت بەرپرسانی حکومەتیش نەیاندەزانی چییان بەسەرهاتووە، دەیانزانی کەگیراون بەڵام نەیاندەزانی لەکوێ گیراون و چییان لێدەکرێ و چارەنوسیان چی دەبێت، ئیتر کە خەڵک بەربوو زانیمان براون بۆ دوبزو نوگرەسەلمان ئیتر لەوەندە زیاتر نەمانزانی.

بەرپرسانی حکومەت نەیاندەزانی یان نەیاندەوێرا هیچ بڵێن ؟

رەنگە نەشیانوێرابێ ئەگەر بیشیانزانیبایە هەر پێتیان نەدەگوت، چونکە ئامادەنەبوون خۆیان توشی کێشە بکەن لەسەر خەڵکی ئەنفالکراو .

تۆ بۆسۆراخی کەسوکارت چویت بۆلای هیچ بەرپرسێک ؟

بەڵێ چووم ئەویش ئاسان نەبوو دەبوو بروا پێکراوبێت و بەهۆی ناسیاویی و واستەوە بڕۆی بۆلایان. پێش ئەنفال کابرایەک لەدێیەکەمان فیراربوو زۆر باوکمی خۆش دەویست، دوایی خۆی تەسلیم کردبووەوە ببوو بەئیستخبارات، چوم بۆلای ئەو پیاوە بەڵام رێک وڕەوان گوتی: هیچم بۆناکرێت

ناوی چی بوو ؟

بەخوا ئیستا ناویم بیرنەماوە، بەڵام وابزانم حەمیدی ناوبوو شتێکی ئاوابوو، دوو برابوون پیاوێکی بەهەیکەل بوو، ماڵەکەیان لای گەراجی سلێمانی بوو، ئەگەرشتێکی پێبکرایە ئەوپیاوە دەیکرد، چونکە زۆر قەدری باوکمی دەویست وباوکیشم خۆشی دەویست.

کاک عادل نوێژ دەکەی ؟

بەڵێ

پێش ئەنفالیش ماڵی ئێوە هەموو نوێژتان دەکرد ؟

بەڵێ هەموومان موسلمان بووین و ئێستاش موسوڵمانم وتازە لەتەراویح هاتوومەوە.

پێش ئەنفال ناوی ئەنفالت بیستبوو ؟

نەخێر هەرگیز نەمبیستبوو، دوایی زانیم ئەو تاوانەیان بەناوی ئایەتێکی قورئانەوە ناوناوە ئەنفال. سەدام بۆیە وای کرد هەتا زۆر بەسەریدا نەشکێتەوەو بڵێت ئەمانە کافروبێدین

وبـێ ئیمـان بـوون، بەڵام ئەوە ڕاسـت نـیە کـورد لەوان موسوڵمانترە.

ئینجا دوایی کەڕاپەڕینەکە بوو، تۆ چیتکرد؟

دوای ڕاپەڕیـن لە هێـزی ئـاگری بـوومە پیشـمەرگە، بەڵام زۆر نەبـوو دوایـی رۆیشـتمەوە بـۆ گونـدەکەمان وشـوێنی خـانووەکەی بـاوکمم چـاککردەوە، گـوتم باشـوێنەکەی نەفەوتـێ لەوێ کـاری کشـتوکاڵم دەکـرد، لەبەرئەوەی ئەوکـاتە گرانـی بـوو، کاروکاسـبی نەبـوو، گـوتم بـابچم شـوێنی بـاوکم ئـاوەدان بـکەمەوە . هەرمـن نەبـووم ئەوەی مـابوو هـاتبووەو دەسـتمان بەئاوەدانکردنەوەی گوندەکەمان کردەوە .

گونـدەکەتان یـان هەرکەسـەو خـانووی خـۆی دروست دەکردەوە ؟

گونـدەکەمان نەمـابوو تەخـت ببـوو، خانووەکـان هەمـوو ڕوخـابوون تـاکە دیوارێـک بەپیـوە نەمـابوو، کـانی وکارێزەکانیـان پڕکردبـووەوە، سـەرەتا کـارێزو کانیەکانمـان بۆژانـدەوەو هەنـدێک دارمـان ڕوانـدەوە. و ئینجـا دەستمانکردەوە بەخانوو دروستکردنەوە .

ئینجا تۆ بەتەنیـاو کەسـت نەمـابوو چ ژن توانیـت خانووەکەتان دروست بکەیتەوە ؟

بابـا مـامم مـابوو ئەویـش هـاتەوە لەگەڵ مـامم (جەلال) پـێکەوە بـووین و دوایـی ناسـیحی ئامۆزاشـم هـات بەڵام خـۆ خـانوو چ بـوو ؟ هەریەکەو هـۆدەیەک وهەیوانێکمـان دروسـت کـرد لە قەدەر وەختـەکە، هاوکـاری یەکتریمـان دەکـرد. لەگەڵ مـامم دەسـتمان پێکـ رد خشـتمان بـری و سەرو هۆدەو هەیوانێکمان لێ دروستکردوە.

ئەی کەی هاوسەرگیریت کرد ؟

ساڵی ١٩٩٢ هاوسەرگیریم کردووە

چەند منداڵت هەیە ؟

دە منداڵم هەیە، پێنج کورو پێنج کچ

هیچیانت بەناوی خوشک وبراکانتەوە ناو نەناوەتەوە ؟

نـاوەڵا ڕاسـتی دڵـم نەهـات چـونکە بێتـاقەت دەبـووم‌من هەمیشـە ئەوانـم لەبیـرە بـروا بـکە ئـاودەخۆمەوە دەڵـێم بڵێـی دایکـم وبـاوکم وخوشـک وبراکـانم لەتینـوا نەخنکـابن؟ نـان دەخـۆم دەڵـێم بڵێـی لەبرسـان نەمـردبن، مـن دایـمە ئەوانـم لەبیـرە، ئیـدی بـۆچی منـدالەکانم بەناویانەوە بکەم ؟

ئارەزوت دەکرد بەشـداری دۆسـێی ئەنفـال بکەیـت و شایەتحاڵێک بیت لەو دادگایەدا ؟

بێگومـان حەزم دەکـرد، زۆر هەوڵیشـمدا بەڵام نەیانهێشت .

کێ نەیهێشت ؟

تـۆ بـاش لە کێشـەوگرفتی ئـێمە تێـدەگەی مەبەسـتم تـۆنیە، بەڵام کەس ئاگـای لەدەردی ئـێمە نـیە،ئەوەی لەدڵـی ئـێمەدایە هەمـووی ئـازارو ژانە بەڵام ئەوە بۆهەمـوو کەس وانـیە، تۆتەماشـای خـۆت مەکە ئـێمە تۆمـان وەک خۆمـان حسـاب کـردووە، بەڵام ئەوەش ئاسـان نەبـوو بچیـت بۆدادگـاو شـایەتی لەسـەر سـەدام بـدەی دەبـوو بچیـتە سـلێمانی یـان هەولێـرو دەبـوو خەڵـک بناسـیت. هەرچەنـدە کەسـوکاری ئەنفـال هەمـوو لێیـان قەومـاوەو دڵیـان بریـنداره بەڵام کەس وەک تاقـانەی ئەنفـال نـیە، کـاکە سـبەی جەژنە مـن بـرایەکم نەمـاوە سـەردانم بکـات کەسـێکی وام نەمـاوە بێـت جەژنە پیـرۆزەم لەگەڵـدابکات‌ئینجا مەسـەلەکە هـر جەژن نـیە . زۆرجـار بەتەنیـا دادەنیشـتم دەگریـام و پەشـیمان بـووم لەوەی هەڵاتـووم و دەمگـوت خـۆزگە رامنەکـردایەو هەر لەگەڵ دایکـم وباوکمـدا بومـایە، ئـاخر کـاکە ئەوەی باسـی دەکەم هەربەدەم خۆشـە سـێ چـوار ڕۆژ دوای ئەوەش کەلەمـاڵی خزمەکـانم بـووم هەر دەگریـام و نـانم نەدەخـوارد . ئینجـا ئەوە هەرمـن وانـاڵێم بـروابکە زۆربەی کەسـوکاری ئەنفـال خۆزگەیـان دەخواسـت لەگەڵ ئەوان ئەنفـالبوایەن ئەوەنـدە خەفەتەمـان نەخـواردایە کـاکە گیـان ڕاسـتیەکت پێبڵـێم ئەوان ڕۆیشـتن ومـردن بەڵام

ئـێمە بەهـۆی خەفەتـی ئەوانەوە هەمـوو ڕۆژێکمـان مردنێکە.

بەڵام تۆپیـاوێکی ئـازاو بەئیرادەیـت، مـن هەمیشـە وا دەتبیـــنم، کەســـێکی تـــر هەیە وەک تۆخۆشەویسـتمە ئەویـش تاقـانەی ئەنفـالە کـاک مـحەمەد شـەمیرانی لە دەربەنـدیخان دادەنیشـێت ئەویـش وەک خـۆت موسـلمانە دەڵێـت هەرگیـز حەزنـــاکەم ڕۆژی جەژن بێـــت لەبەرئەوەی لەو ڕۆژانەدا زۆر عەزابـم خـواردووە، مـن هـی تـریش دەناسـم وادەڵـێن. ئایـا ئەم حـاڵەتە بۆتـۆش وایە ؟

بـــروا بـــکە بـــۆمنیش هەروایە، خـــۆت دەزانـــی تـــۆزێکە لەتەراویـــح هـــاتوومەوە، بەڵام لەبەر دڵـــی منـــدااڵەکانم نەبێـــت قەت قەت جەژن نـــاکەم ٣١ ســاڵە هەمـوو جەژنێـک هەروا بـووە بەڵام منـدااڵ ئەوە نازانێت.

کـاک عـادل ئێـوە نـزیکەی ٢٠٠ کەسـن پێتـان دەڵـــێن تاقـــانەی ئەنفـــال، ئەگەر لەنـــاو ئەو ژمـارەیەدا هەر ٢٠ کەسیشـتان پێکبـێن و بڕیـار بـــدەن وەک بـــرا لە خۆشـــی و ناخۆشـــی یەکتریـدابن و پـێکەوە پەیمـان ببەسـتن ئەوسـا لەبـــری تاقـــانە دەبـــن بە ٢٠ بـــرا یـــاخود ٢٠ خوشـک و بـرا چـونکە ژنـی تاقـانەش زۆرن بـۆ شتێکی واناکەن ؟

کردومـــانە بەڵام وەک ئەوەی تـــۆ نـــیە زۆرجـــار تاقانەکـان کـۆدەبینەوە پـێکەوە دەچـین بـۆ شـتێک زۆرجـار کـاک سـەباح تاقـانە لەکەلار تەلەفـۆنم بـۆ دەکات و دەچین بۆ کاروباری ئەنفالیش .

من مەبەستیکی تـرم هەیە بۆنمـونە پـێکەوە بەمـاڵ ومنـدااڵەوە یەکتـری بناسـن سـەردانی یەکتـری بـکەن و پـێکەوە سـەیران بـکەن دوربـا یەکێکتـان پرســـەیەکتان هەبێـــت ئەوانەی تـــر هەمـــوو بەدوربیەوە بن .

وەاڵخـۆ ئەوە شـتێکی باشـەو مـن بەش بەحـاڵی خـۆم ئامـادەم. بەڵام ئێسـتا ئەوە بۆکـاک سـەباح وئەوان لەگەرمیـــان گونجـــاوە بەڵام ئەوەی ئەم سنورە هەریەکەو خەڵکی گوندێکە و ..

بـا ئەوەش بپرسـم تۆباسـی ئەوەت کـرد جـاش هاوکـاری تۆیـان کـردووە، ئەوجاشـانە کـێ بـوون نەتزانی ؟

نەوەاڵ نەمزانی کێ بوون .

ئەگەر بتزانیبـایە کـێن و لەسـەر ئەنفـال دادگـایی بکرانـایە شـایەتیت بـۆدەدان کەئەمـانە هاوکـاری تۆیان کردووە ؟

ئەریوەاڵ چی ڕاست بێت و چیم دیبێت هەرئەوەم دەگوت .

بڕوات وایە ڕۆژێک جاشەکان دادگایی بکرێن ؟

بێگومان هەتـا وەک ئێسـتا بێـت دادگـایی نـاکرێن، هەتـا دادگـایەکی نیشـتمانی و سـەربەخۆنەبێت و دادوەری نیشـتمانی نەبێـت و دادگـای حـزب و حزبایەتی بێت بروام وانیە ئەوە ڕوبدات .

بەڵام بـانەوەش بڵێـین خۆکەسـوکاری ئەنفـالیش کەمتەرخەمبـوون مـن چەنـد کەسـێک دەناسـم ســـکاڵایان لەســـەر تۆمەتبـــارانی ئەنفـــال تۆمارکردبێـــت ئایـــا تـــۆ ســـکاڵات لەدژی تۆمەتبارانی ئەنفال تۆمارکردووە ؟

سکاڵا لەدادگا ؟

بەڵێ لەدادگا دەڵێم

نەخێـر سـکاڵام تۆمـار نەکـردووە، بەڵام ئەوە هەر قسـەی مـن نـیە قسـەی هەمـوو کەسـوکاری ئەنفـــالکراوانە تۆمەتبـــارانی ئەنفـــال دەبێـــت دادگایی بکرێن و بەسزای خۆیان بگەن.

ئەوە ڕاسـتە بەڵام ئەگەر خەڵـک سـکاڵای تۆمـار نەکردبێـت خۆپـۆلیس لەخـۆیەوە ناچێـت خەڵـک بگرێـت، مـ ن بـزانم دادگاکـانی کوردسـتان و عێـراق خـاڵین لەسـکاڵای کەسـوکاری ئەنفـال لەدژی تۆمەتباران ؟

وەاڵ نەمـانکردووە. بەڵام ئەی حکـومەتی هەرێـم بـۆنەیکردووە خـۆ ئـێمە ئەوانمـان لەجێـی دایـک وبـاوکی خۆمـان دانـابوو، نەک هەربـۆئەوە بـۆ

هەموو شتێک دەبوو حکومەت وبەرپرسان ئاگایان لە هەست ومافی ئێمە بوایە.

کاک عادل من دواپرسیار لەتۆ دەکەم وتت کەنان دەخۆم دەڵێم بڵێی خوشک وبراکانم لەبرسا نەمردبن ؟ یان کەئاو دەخۆمەوە دەڵێم بڵێی لەتینوان نەخنکابن ؟ ئایا تۆ رات چیە بەرانبەر ئەو بیرۆکەیەی گۆڤاری ئەنفالستان ڕۆژێک بۆسەرنەبرین ؟

ئەوە شتێکی زۆر زۆر جوانە ئێمە زۆر لەگەڵیداین خۆزگە لەپەرلەمانیش بریاری لێدەدرا ئەوە پرسیار لەلای خەڵک دروست دەکات ئەو ڕۆژە بۆچی ئەو میللەتە گۆشت ناخۆن . زۆرمان پێخۆشە ئەوە ببێتە سەراسەری .

من پرسیارێکم نەماوە ئەگەر تۆ شتێکت هەبێت و حەزبکەی باسی بکەیت ؟

من یەک داوایەکم هەیە خۆزگە بەقسەیان دەکردم خوێندنی باڵا وانەی هەبوایە لەزانکۆو پەیمانگاکان بۆ خوێندنی جینۆساید ئەمەشم بۆ بڵاوبکەرەوە وەک تاقانەیەکی ئەنفال ئەوە داواکاری منە.

بێگومان بڵاوی دەکەمەوە، خوێندنی باڵا نازانم بەلام زانکۆی هەڵەبجە ئەوەیان کردووەو ئیستا دەیخوێنن و زانکۆی سلێمانیش پرۆژەیەکی وایان هەیەو ئیستا لەگفتوگۆدان، بەڵام من داوایەکی تریش دەخەمە پاڵ داواکەت ئەگەر وانەکەش دانەنین جارجار کەسانی وەک تۆ بانگهێشت بکەن و چیرۆکی خۆتان بۆ خوێندکارانی زانکۆو پەیمانگاکان بگێڕنەوە.

وەلا ئەوەش هەر زۆر باشە.

کاک عادل زۆر زۆر سوپاست دەکەم

سوپاس بۆتۆ کاک عومەر کەهەمیشە لەگەڵماندایت

کۆمەک :

بۆ گۆڤاری ئەنفالستان

بە سوپاسەوە بڕی ٥٠٠٠٠٠ پێنج سەد هەزار دینار کۆمەکی خانەوادەی بەڕێز (شەهید عومەرە سور) گەیشتە گۆڤاری ئەنفالستان.

ناوی بەخشەرەکانی ئەم خانەوادەیەو بڕی کۆمەکەکانیان بریتییە لە :

١. **عومەر کەریم ناسراو بە شەهید عمرە سوور. بڕی ١٢٥٠٠٠ سەدو بیست وپێنج هەزار دینار**
٢. **نەرمین حوسین جەبار بڕی ١٢٥٠٠٠ سەدو بیست وپێنج هەزار دینار**
٣. **شیلان عومەر بڕی ١٢٥٠٠٠ سەدو بیست وپێنج هەزار دینار**
٤. **شەمێران بڕی ١٢٥٠٠٠ سەدو بیست وپێنج هەزار دینار**

جێگەی ئاماژە پێکردنە کەوا ئەم خانەوادە بەڕیزە هەموو ساڵێک بڕی (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزاردینار دەبەخشنە ئەنفالستان

ڕاستگۆیی وهیچی ترنا
بایادی تاوانی ئەنفال، بکەینە
ڕۆژی ڕاستگۆیی

هومەرمحەمەد

٣١ ساڵە تاوانی ئەنفال ئەنجامدراوەو ٢٧ ساڵە لە ئازادیدا یادی دەکرێتەوە !کەچی هێشتا بیری نوێ و قسەی جدی و نوێمان بۆ یادەوەرییەکی شایستە نیە، ئەگەر هەشبوبێت وەلانراوەو لەپەراوێزدا هێڵدراوەتەوە! ئەم دۆخە بۆچی وایە؟ ڕەنگە هەبن بێ یەک ودو بڵێن (دەستی حزب و کەمتەرخەمی حکومەت) باشە ئەوە بڕاوەتەوەو هەموومان لەسەری کۆکین، بەڵام خۆ حزب و حکومەت لە ئاسمانەوە دانەبەزیون ، بەرهەمی ئەم میللەتەن و مافی ئەوانیشە قسەی خۆیان هەبێ. ئەی ئەوانەی لەدەرەوەی حزب و حکومەتن قسە ی جیاوازیان چییە؟ چییان کردووە وا حزب وحکومەت ڕێگری لێکردون ؟ ئەوەی لەکارکردن بێت لەسەر حزب و حکومەت ناوەستێ، من بەشبەحاڵی خۆم وامکردووە، نەچاوم لە دەستی حزب و حکومەتەوە بووەو نەراوەستاوم، نەچومەتە بەرقاپی بەرپرسەکانی و نەوەستاویشم لەسەر ئەوەی کە هاوکارییان نەکردوم. باشە ئەگەر چاوەڕوانی حکومەت بومایە ئێستا چەند ژمارەی ئەنفالستان دەچووە ناو کتێبخانەی کوردییەوە؟ پێموایە خەڵکیش هێندە بێویژدان نییە نکۆڵی لەم ڕاستیە بکات و بڵێت کوا بەرهەمت .

تاوانی جێنۆساید هەرکێشەیەکی ناوخۆیی نیە، بەڵکو نێودەوڵەتیشە، دەبوایە هەر لەسەرەتاوە مامەڵەی نێودەوڵەتی لەتەکدا بکردایە، ڕاستە هەرچی دەمدەکاتەوە دەڵێت :(با ئەنفالیش وەک هۆڵۆکۆست بەدونیا بناسرێت) بەڵام کەی و چۆن ؟ ئەو (با)یە پراکتیک بکەین؟ ئایا خاوەن ئامرازو ئایدیای نوێین ؟ هێشتا خاوەنی یادێکی سەراسەرین ؟ هێشتا ڕەگەزی تاوانەکەمان وەک تاولنی نێودەوڵەتی شیکردەوەو قسەی جدیمان دەربارەی کردووە؟ بۆچی مێژومان ڕڕەو هێشتا هەوارمان خاڵییە؟ بۆمەگەرنەماندەتوانی وەک جووەکان بین و دنیامان بەقەرزداری خۆمان بزلنیبایە، نەمان دەتوانی کوردبوونمان بخستایەتە پێش ئاین و ئایدۆلۆژیاوە، ئەوەش لەبەرئەوەنا کە کورد (پ یرۆزە) بەڵکو لەبەرئەوەی کە کوردبوون لەژێر هەڕەشەدایە و لەڕابوردودا ئەم هەڕەشەیە پراکتیککراوەو کوردەکان زیاد لەجارێک بەر پەلاماری جێنۆسایدکەوتوون.

نابێت ڕێگەبدەم ئەمەم بەهەڵە بۆ لێکبدرێتەوە، چونکە کوردبوونم بە مرۆڤبوونیەوە قبوڵە، مرۆڤبوونیش نە پێکهاتەیەکی هەیکەلی و بایۆلۆژییەو نە ڕواڵەت و ئەتەکێتی پۆشین و خواردنیشە، بەڵکو مرۆڤ بوون مۆراڵە مۆرالیش دنیا بینی و بیری کراوەوفراوان بەرهەمی دەهێنێت، من کەسم ئەنفال نەکراوەو کەسیشم بەر چەکی کیمیایی نەکەوتووە، بەڵام ئەگەر کوردیش نەبومایەو ئاگاداری ئەنفال بومایە هەر بۆی تێدەکۆشام چونکە هەموو مرۆڤایەتی بە ئیسلام و عەلمانییەوە بەقەرزداری کوردو کەسوکاری ئەنفالکراوان دەزانم، ئەمە سادەترین مۆراڵە کە مرۆڤ بەرانبەر قوربانیانی ئەنفال وش ەنگال و هۆڵۆکۆست و هەڵەبجە هەیبێت، بەڵام ئایا تاکی کوردو حزبی کوردو حوکمڕانی کورد، دونیا بینیان وایە ؟ یان بەپێچەوانەوە هەمیشە خۆی بەبچوکتر لەخەڵک بینیوە و خۆی بەقەرزداری هەرکەسێک زانیوە کە هاتووە چەپکێک گوڵی پلاستیکی لەسەر مەزاری شەهیدەکانی و ئەنفالکراوانی داناوە؟ لەکاتێکدا ئەوە ئەرکی هەمووانە جاکوردبن یان بیانی ڕەنگە زۆریشیان لەوانە بن کە وڵاتەکانیان هاوکاری سەدامیان کردووە، ئاخر ناکرێت وڵاتێک بۆمب وگازی بە سەدام فرۆشتبێ و بە چەپکێک گوڵ شانی خۆی لەتاوانێکی جێنۆسایدخاڵی بکاتەوە، بۆیە بروام وایە هەرگیز کورد بەم دنیابینیەیەوە وەک جووەکانی پێناکرێت، چونکە جیاوازی زۆر لە نێوان کورد و جوودا هەیە، ئەوان چالاکانەو بە دڵسۆزییەوە لە هەموو ڕەهەندەکان و لە هەموو ئاستێکدا بە خۆشەویستیەکی زۆرەوە بۆ دۆسێی خۆیان تێکۆشان و ئێستاش نەوەستاون و

هەرتێدەکۆشـــن، هەتا ئێســـتا بەو پەڕی دڵگەرمییەوە بەدوای دۆزینەوەی نهێنیەکـانی هۆلۆکۆســـتەوەن و بەدوای تـــاوانبـاران و تۆمەتبـارانی ئەو تـــاوانەدا دەگەڕێن و دەیاندەن بەدادگا، بەڵام بڕۆن تەماشـــای تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیســـبوک بکەن، دەبینن چۆن بەبێباکی و خۆینساردییەوە تەماشای ئەنفال دەکرێت؟ بزانن ئەو گوندانەی زۆرترین ژمارەی ئینســـانیان بووەتە قوربـانی تـاوانی ئەنفـال پەیج وئەکـاونتیـان هەیە بزانن بـابەتەکـانیـان چین و چییـان تێـدا بڵاو دەکرێتەوە ســادەترین ڕێزگرتن لەئەنفالکراوەکان ون نەبوونی ناوی مرۆڤەکانە کەچی ناوی ئەوانیشـــیان بڵاوکردووەتەوە ! ئەمە بەهەموو لێکـدانەوەیەک لەیـادکردنە، ڕاســـتە حزب و حکـومەت پەنـای تـاوانبارانیـانـداوە بەڵام کـاردانەوەی کەســـوکـاری ئەنفـالکراوان چی بووە؟ ئـایـا تولنیویـانە پلە بەرزکردنەوەی تۆمەتبـارانی ئەنفـال لەنـاو حزب وحکومەتی کوردیـدا رابگرن ؟ چ جـای دادگـایی کردنیان، چەند کادری حزبی لەســـەر ئەم ڕەفتارەی حزب و حکومەت وازیـان لە حزبەکـانیـان هێنـاوە ؟ ئەمە ڕاستیەکی زۆر تاڵە.

ئەفســـوس بەپێـش چـاوی ڕێـکـخـراوەکـان و کەســـوکـاریـانەوە، ڕاگەیـانـدنی کوردی بەنـاوی ســـ ۆزداریـیەوە قـارەمـانێتی کەســـوکـاری ئەنفـالی فەرامۆشـــکردووەو وێنەی خەڵکیکی زەلیل و داماوی پێبەخشـــیون، لەســـەروەختی تاوانەکەدا ڕاگەیاندنی بەعـس کـوردی ئەنـفـالـکـراوی وەک خـائ یـن وبەکرێگیراوی ئێرانی و کافرو مەجوس وێنا دەکرد، بۆئەوەی جەلاد باشـــتر دەســـتی بچێتە خوێنی، لە دەســـەڵاتی خۆمـاڵیشـــدا ڕاگەیـانـدنی کوردیش بەدیوەکەی تردا وەک نەزان و نەخوێندەوارو گوناە وێنای کردون بەو شـ ێوەیەی هەمیشـــە داوای زەوی وموچە دەکەن ! لەکاتێکدا لەناو کەســـوکاری ئەنفالدا ژن وپیاو، کورو کچی زۆر قارەمان هەن و ڕاگەیاندن فەرامۆشـــی کردون، من زۆر زۆر لەو خەڵکە ئـازار چەشـتووە فێربووم، تەنانەت لێبوردەیی و پشـودرێژی زۆریـان-لێوە-فێربووم، ئەوان گەنج وپیریـان ژن وپیاویان داوای ســـ ەروەری یاســـاو دادپەروەرییان کردووە، زۆر بەدەگمەن لێم بیستوون کە داوای تۆڵەی خوێن بەخوێن بکەن ! ئاخر بەرگە گرتنی ئەو دۆخە ترسناک و پڕلە چەرمەسـەرییە، تەنها بەئینسانی ئازا و لێبوردە دەکرێت.

وەنەبێ کەســـوکاری ئەنفالیش بێ کەموکورتی بن، نا نەخێر ئەوان نەک هەر لەکەمتەرخەمی حزب وحکومەت تەنانەت لە یادکردنەوەشدا بێخەم بوون، لەو میدیایەش بێدەنگ بوون کە زەلیل و گوناە نیشـــانی داون، لەو نوسـ ەرو ڕێکخراوانەش بێدەنگ وبێ باک بوون کە بـازرگـانیـان بەســـەرەوە کردوون، زانیـاری هەڵەیـان بڵاوکردووەتەوە، بەڵام هێشـتا بێئومێدنیم، چاوەڕوانم کەسـوکاری ئەنفال ڕەش وسـپی لێک جودابکەنەوەو وەک جووەکان چۆن چاوەروانی حکومەتیان نەکرد خۆیان قۆڵیان لێهەلماڵی و بەکارەکانیان حکومەتیان ناچارکرد بێت پشـتیوانیان بکات ، ئەوانیش وابکەن . چـاوەروانـــی ئەوەم لە پەیـــج وئەکـــاونـــت وڕۆژنامەکانیانەوە لە وتاری یادەکاندا لەپێشـــەوە لەو بەناو ڕۆشـــنبیرانەوە دەســـت پێبکەن کە بازرگانی بەســـەر دۆســـێکانیانەوە دەکەن و کتێبی قەوارە ئەستور لەسەر بودجەی گشتی و بەناوی ئەوانە چاپ وبڵاو دەکەنەوەو لاپەرەکـانیـان پڕن لەهەڵەو پەڵەو درۆو دزی.

ناسـاندن و ڕێزگرتن لە یادەوەری ئەنفال پەیوەندەی بە ئەخلاقی تـاک بەتـاکی کوردەوە هەیە جـا حزب و حکومەتی هەبێت یان نەبێت، باش بێت یان خراپ بێت. بەهیوام کەســـوکاری ئەنفال و لەپێشـــیانەوە کۆمەڵەو ڕێکخراوەکـانی تـایبەت بەو دۆســـێیە ڕەخنەگربن و قبوڵی ڕەخنەش بکەن، بەپێچەوانەوە ناتوانن ڕێز لەقوربانیان بگرن کە ئەو هەموو دزی و فزییە بەســـەر دۆســـێی ئەنفالەوە ببینن و قسـ ەیەکیان نەبێت! هەتـا ئەوان بێدەنـگ بن ســـاختەکارەکـان لەمەیدان دەبن و لەبری ئەوان قســـ ەی پڤدراو دەکەن بەبێ ئەوەی هەســتێکی ڕاســتەقینەیان بۆ ئازاروژانی ئەوهەموو ژن ومندآڵ وپیرەمێردە ڕەشپۆشە هەبێت.

لە ئەنفالدا زیاتر لە سێ هەزار مزگەوت روخێنراون.



سالار مەحمود

" لەمانگی ڕەمەزاندا کورد ئەنفال کرا "

دەمەوێت لەسەدام و عەلی کیمیاوی بپرسم بۆچی لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا کیمیابارانیان کردین و دایک و باوکم بە زمانی ڕۆژوەوە گیانیان لەدەستدا؟ ." ئەم دەربڕینە وتەی یەکێک لەشایەتحاڵەکانی دۆسیەی ئەنفال بوو لە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق. کە لەبیستەمین دانیشتنی دادگادا، لەکاتی گێڕانەوەی ئەو دەردە سەریانەی لە شاڵاوی ئەنفالدا بەسەریاندا هاتووە لەناو هۆڵی دادگادا باسی لێوە دەکرد. سکاڵاکارە شایەتحاڵەکە خەڵکی گوندی(وەرێ)ی ناوچەی باڵیسان بوو, بەزمانێکی سادەو کوردیەکی ڕەوانەوە؛ ئەو بەسەرهاتە دوورو درێژو پڕ مەترسیانەی گێڕاەوە. کە چۆن چۆنی لە ڕۆژی ١٩٨٨\٥\١٨ چوار فڕۆکەی ڕژێمی بەعس هاتوونەتە سەر گوندەکەیان و کیمیابارانیان کردووە .ڕۆژی حەشر چۆن بوو، ئاوامان بەسەر هێنرا ترس و تۆقاندن و نالەو هاوارمان گەیشتە کەشکەڵانی فەلەک. بەڵام هەر سۆزو ڕەحمێکمان بەسەرا نەڕژا جگە لە دوکەڵ و غازی کوشتن و خنکاندن نەبێ .سەدام حسێن بەبێ ئەوەی هیچ وڵامێک یان قسەیەکی بۆ ئەو پرسیارەی شایەتحاڵ هەبێ، بەو پەڕی خۆێن ساردیەوە خۆی و عەلی کیمیاویش نقەیان لەخۆیان بڕیبوو .لەو دەربڕینانەی شایەتحاڵەکە؛ کەتەزووی بەگیانی هەموو کەسێکی خاوەن هەست و کەسایەتیی و مرۆڤایەتیدا دەهێنا .تەنانەت لەبەرخاتری ئەو مانگەو لەو مانگە پیرۆزەشدا بەعسیەکان دەستیان لە کورد قڕان هەڵنەگرت . جگە لەوەش بەگەڕانەوە بۆ ئەو سەردەمەو هەڵوێستی دونیا، بۆ جیهانی عەرەبی و ریکخراوە ئیسلامیەکان و ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئیسلامی بێدەنگیان شوورەییەکی گەورە بوو. چونکە هەموو دونیا بەئاگابوون لە ئەنفال. مانگە دەستکردەکان وڵاتانی بەناو مافی مرۆڤ و دیموکراسی بە 'مانگە دەستکردەکان'یان قافڵەی ئەنفالکراوەکانیان وێنە دەگرت. بە هەڵدانەوەی ئەو فایلانەو دەرخستنی ئەو ڕاستیانە جگە لەچەسپاندنی تاوانەکانی ڕژێمی بەعس لەدادگای باڵای تاوانەکان، لەرووی سیاسیی و ویژدانیشەوە. زۆر لایەنی تریش بە هەموو پێوەرێکی ئاسمانی و زەمینی خەتابار دەردەچن. لەو مانگەدا لەژێر ناوی لەشکری قەعقاع و قادسیەو خالد لەمانگی خێرو ئاشتیدا کوردی دەست بەدەستنوێژو دەم و زمان بەڕۆژوو، گوندنشینی خاوەن مزگەوت و خانەقا, ئەنفال و کیمیاباران کراوە .لەناو مااڵ وحاڵ و گوندی دوورە دەستی خۆیاندا خنکێنران. بەعس غەدری لە ئایینی ئیسلام و سورەتی ئەنفال و قورئان و سەرجەمی مرۆڤایەتی و هەموو ناوو بەهاو پیرۆزیەک کرد لە ئەنفالدا .ئەبێ تاوانی ئەو خەڵکە چی بێت؟ هەر وەکو دواتر پارێزەری دەستەی بەرگریکار لەمافی کەسێتی ئەنفالکراوەکان پرسیاری لەشکایەتکار کرد. بۆچی ئێوە کیمیاباران کراون؟ ئەویش دەمودەست هاتنە وەڵام و وتی: تەنیا لەبەر ئەوەی کورد بووین .!پێیان دەوتین ئێوە جەلالین.. موخەڕبین هیچ پاساوو تۆمەت و بیانوویەک نەبوو. ژن و منااڵ و پیرو خەڵکی بێدیفاع بەو جۆرەی بەسەریاندا هات مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەوەی جەلادەکانی بەعس بەخەڵک و بە ناوچە ئەنفالکراوەکانیان کردوە, بەپێوانەی گشت یاسا ئاسمانی و زەمینیەکان؛ نەک هەر جێی نابێتەوە, بەڵکو قبوڵی ناکات. چونکە نامرۆڤانەیی ڕەفتاری جەلادەکان دەرهەق بەژن و پیرو جوانی ناوگرتوخانەکان بەجۆرێک بووە، مەگەر هەر خودی

ئەنفالکراوەکان بتوانن بیگێڕنەوەو گوزارشت لەو ژان و ئازارو زوڵمە بکەن .لەئەنفالدا زیاتر لە ٣٠٠٠ مزگەوت روخێنراوە .بە رووخانی قەزاکانی هەڵەبجەو پێنجوێن و سەید سادق و قەڵادزە و ناحیەکانەوە دەگاتە نزیکەی ٣٥٠٠ مزگەوت. ئەمە جگە لە تێکدانی ئەو سەدان بەردە نوێژانەی لەسەر حەوزی ئاوو کانیاوەکان هەبوون .یاساناس تارق جامبار کتێبێکی نوسیوە بەناوی "اسماء اماکن العبادة المدمرة للمسلمین والمسیحیین والایزیدیین' تیایدا ئاماری ٢٨٥٥ پەرستگای ئاینی تۆمار کردووە، کە لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا روخێنراون. هەروەها چەند سەرچاوەیەکی تری پچڕپچڕ لەو بارەوە هەن بەڵام هێشتا داتاو ئاماری تەواوەتی کۆنەکراوەتەوەو دیکۆمێنت نەکراوە.

هەرچەندە تاوانەکە بە ژمارەو کەمو زۆری نیە، بەڵام گرنگە بەدروستی بزانرێ چەن مزگەوت و پەرستگا روخێنراون. بەهەزاران کتێبی قورئان و تەفسیری ئایەتەکان و بەرماڵ سوتێنران .هەزاران کتێبی کوردی و دیوانەکانی مەولەوی و نالی و مەحوی لەتەکیەو خانەقاو دیوەخانی سۆفی و شێخ و مەلاکانی گوندنشیندا سوتێنران و ئەنفالکران .بابەتەکە لەسەر ژمارەو کەم و زۆری روخانی مزگەوت و خانەقاو پەرستگاکان نیە، هێندەی تێبینیە لەم مانگەدا چەند وتارێکی ئاینیمان نەبینی باس لەوە بکات لەم مانگەدا ڕەمەزانـدا ئەو هەموو خەڵکەیـان ئەنفـالکردو بردو نەیانهێنایەوە.

بەداخەوە هێشتا کورد خۆیشی نەک بەدوای وڵامی ئەو پرسیارەدا نەچووە! بەڵکو پرسیاری لا دروست نەبووە بۆچی ئەنفال کرا.

ڕونکردنەوەیەکی پێویست دەربارەی کیمیابارانی گوندی وەرێ

ئەنفالستان: بەپێی بەدواداچوونمان بۆ کیمیابارانی گوندی وەرێ، لە ئێوارەی ١٥ی ئایاری ساڵی ١٩٨٨ دابووەو ئێوارەی کیمیابارانەکە ڕۆژی عارفەی مانگی ڕەمەزان بووە، کە دەکاتە دوا ڕۆژی مانگی ڕەمەزان، گوندەکە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی دۆڵی بالیسان و ڕۆژئاوای ئۆردوگای شکارتە و سەربەناحێی بێتواتە، ئێستا سەربەناحێی بالیسانە، لەو کیمیابارانەدا ٣٦ کەسیان گیانیان لەدەستدا، جێگەی ئاماژەیە زۆربەی بریندارەکانیان لەچەمی چەقانی خوار گوندی وەرێ گیانیان لەدەستداو هەرلەوێش بەخاک سپێردران و ئێستاش مەزارێکیان لەچەمی چەقاندا بۆ کردوون.



www.anfalistan.com

پێویستە مینەبەرەکانی مزگەوت بەردەوام باس لەو تاوانانە بکەن و نەهێڵن بیربچێتەوە. وتاری سیاسی دەسەڵاتی کوردستان چەندە شەرمن و بێ پرۆژەیە لەبەرامبەر پرسی جینۆسایدی کوردستان، گوتاری ئاینیش بەهەمان شێوە خەم ساردو بێ هەژانن لەو بارەیەوە .لەناو دادگادا بەعسیەکان وڵامی ئەو ژنەو هەموو کوردیان نەدایەوە بۆچی لەمانگی

رۆڵی گەنجانی ئێزدی لە ناساندنی جینۆسایدی شەنگالدا

ئەیاز هەرکی

گەنجان و چالاکوانانی ئێزدی رۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە ناساندن و بە بەڵگەنامەکردنی جینۆسایدی کارەساتی شەنگالدا، لە ساڵی ٢٠١٤دا ئێزدییەکان لە شەنگال لەلایەن داعشەوە سەدان کەس یان لێ



بێسەروشوێن کراو هەزارانیشیان لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان ئاوارەبوون.

مووراد ئیسمائیل چالاکوان و سەرۆکی پێشووی رێکخراوی یەزدا بۆ ناساندنی جینۆسایدی ئێزدییەکان لە ئەمریکا وتی، لە ساڵی ٢٠١٤ەوە گەنجان و چالاکوانانی ئێزدی لە کوردستان و عیراق و ئەوروپا و ئەمریکا و کەنەدا و زۆر وڵاتی تر رۆڵێکی گەورەیان بینیوە لە ناساندنی جینۆساید و بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکانی تایبەت بەکارەساتی دەڤەری شەنگال لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا.

وتیشی، گەنجانی ئێزدی بوونەتە سەنتەر بۆ بەهێزکردنی لۆبی و گەیاندنی پەیام و ئازارەکانی خەڵکی شەنگال بەگشتی، هەروەها رێکخراوەکانی وەک یەزدا و نادیە مووراد، و چەندین رێکخراوی دیکەی ئێزدی لە دەرەوەی وڵات چالاک و بەهێز بوون، ئەمەش بووە هۆی ناساندنی جینۆسایدی ئێزدییەکان لەلایەن زیاتر لە دوانزە وڵاتەوە، لەوانەش وڵاتانی گەورەی وەک بەریتانیا، ئەمریکا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، کەنەدا، هۆڵەندا، ئوسترالیا و ئەرمینیا دانیان بە جینۆسایدی ئێزدییەکاندا ناوە.

پشتیوانیکردنی ئێزدییەکان

عیراق لە رووی سیاسی و ئەمنییەوە جێگیر نییە، بەتایبەت لە ناوچەیەکی وەک شەنگال کە چەندین گروپ و هێزی میلیشیای جیاوازی تێدا کۆبووەتەوە لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا شەڕ دەکەن و گوێ بە ئێش و ئازارەکانی ئێزدییەکان نادەن.

مووراد ئیسمائیل باسی لەوەکرد، هەموو هەوڵێکی خۆماندووە و دەدەین بۆ گەیاندنی دەنگ و پەیامی خەڵکی شەنگال بۆ شوێنی بەرپرسیاری نێودەوڵەتی، بەڵام پشتیوانی ئێزدییەکان چ لە ناوخۆی کوردستان یان لە عیراق بەو پێیەی ئێستا زۆر لاوازە و وەک پێویست نییە.

قائید ئەلیاس چالاکوانێکی دیکەی دەڤەری شەنگالە وتی، دوای کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە سنوورەکەمان لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ کە بووە هۆی دەستبەسەرداگرتنی قەزای شەنگال و بێسەروشوێنکردنی ژمارەیەکی زۆری ئێزدییەکان لەسەر دەستی تیرۆریستانی داعش و کۆمەڵکوژ کردنیان، لە ٢٣ی ئابی ٢٠١٤ لەگەڵ ژمارەیەک هاوڕێ خۆپیشاندانمان لە (دێرەبۆن) رێکخست و دوای ئەوەش ئێمەی ڕۆژنامەنووس و چالاکوانانی ئێزدی بەردەوام بووین لە کارو بزاڤ بۆ دروستکردنی لۆبییەکی ئێزدی لە کوردستان و عیراق و جیهاندا، دوای ئەوەی پرسی جینۆسایدی ئێزدییەکان لە سەرانسەری جیهاندا بووە ڕۆژەڤ بەتایبەت لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا، گەنجان و چالاکوانانی ئێزدی لە دەرەوەی وڵات، توانیان لۆبییەکی بەهێز بۆ گەیاندنی

دەنگ و پەیام و ئازارەکانی ئێزدییەکان دروست بکەن لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا و چەندین خۆپیشاندان و ڕێپێوانی جەماوەری لە وڵاتانی ئەورووپا و جیهان سازکران.

هەوڵەکان لە ناوخۆدا

وتیشی، لە ساڵی ٢٠١٧دا میدیاکارانی ئێزدی بانگهێشتی پەرلەمانی ئەڵمانیا کراین بۆ یەکەمجار بوو، لە کۆبوونەوەکەماندا لەگەڵ پەرلەمانتارەکانی پارتە جیاوازەکانی وڵاتانی جۆرجیا، ئەرمینیا، روسیا، تورکیا و سووریا ئامادەبوون، بڕیاردرا ئێمە وەک ئێزدییەکان دەستبەرداری بەرژەوەندییەکانی خۆمان بین، چونکە ئێمە خاوەنی پرسە یەکی جیهانین و ڕووبەڕووی ئەزموونێکی نوێی سەخت بووینەوە.

گەیاندنی ئازاری ئێزدییەکان

لەیس گرعزێری سەرپەرشتی میدیای چیا پرێس و ڕاگەیاندنکاری مەڵبەندی ڕێکخستنی پانزەی شەنگالی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان وتی، لە سێ هەرەتای جینۆسایدی شەنگالەوە، ئێمە وەک چالاکوانان و ڕۆژنامەنووسانی دەڤەری شەنگال، ڕۆڵێکی کاریگەرمان بینیوە لە ڕومالکردنی جینۆسایدی شەنگال و گەیاندنی پەیام و ئێش و ئازارەکانی ئێزدییەکاندا، هەروەها بەشداریمان کردووە لە چەندین خۆپیشاندان و دۆکیومێنتکردنی جێنۆسایدی شەنگال لە ناوخۆی عیراق و لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا.

بەپێی دواین ئامار، لە ٣ی ئابی ٢٠١٤، ڕێکخراوی



بێجگە لە چالاکییەکان لە دەرەوەی وڵات لە ناوخۆش هەوڵەکان بەردەوام بوون بۆ قەرەبووکردنەوەی ئێزدییەکان و کارکردن بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ زێدی خۆیان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە بەردەوامی پاڵپشتی گەنجان و چالاکوانانی ئێزدی کردووە بەتایبەتی لە ناساندنی جینۆسایدی خەڵکی شەنگالدا. سەرکردایەتی یەکێتی لەسەر ئاستی عیراق لایەنگری سەرەکی ماف و داخوازییەکانی ئێزدییەکان بوون.

تیرۆریستی داعش لەکاتی داگیرکردنی قەزای شەنگال لە خۆرئاوای پارێزگای موسڵ، شەش هەزارو ٤١٧ ئێزدی ڕفاندووە لەنێویاندا ژن و پیاو ومنداڵ بوون. لەو ژمارەیەش سێ هەزارو ٥٤٧ کەس یان لە ڕەگەزی مێن، تائێستاش چارەنووسی زیاتر لە ٢٧٠٠ کەس دیار نییە.

مانگی ژەهراویی جینۆسایدی کورد و توتسی



سەرکەوت جەلیل

ئەم بابەتەی د.سەرکەوت جەلیل لەماڵپەڕی ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتی لەساڵی ٢٠٢٤دا بڵاوکراوەتەوە. بەڵام لەبەرگرنگی بابەتەکەی و تەبابوون لەگەڵ ئامانجی ئەنفالستان بەباشمان زانی دوای ڕەزامەندی هەردوولا هەم نوسەرو هەم ناوەندەکە لێرەدا بڵاوی بکەینەوە. چونکە پاراستنی لەگۆڤاریکدا مسۆگەرترە وەک لەماڵپەڕێکی ئەلکترۆنی .

لە ٧ی نیسان ١٩٩٤دا، جینۆسایدی کەمینەیەک لە ڕواندا دەستی پێ کرد؛ جینۆسایدی توتسییەکان. بە یەکێ ک لە خێراترین جینۆسایدی دەکانی مێژوو دادەنرێ ت، چونکە لە ماوەی ١٠٠ ڕۆژدا نزیکەی هەشت سەد هەزار کەسی سەر بە کەمینەی توتسی (Tutsi)لەلایەن زۆرینەی هوتووەکان(Hutu)ەوە کوژران. تەنیا توتسی ییەکانیش نا، بەڵکو هوتووە مێ انڕەوەکان و کەمینەیەکی تریش بە ناوی توا (Twa)پێوە بوون و بوونە قوربانیی ماشێنی ڕق و تۆڵەکردنەوە. وەک ئەوەی ـلێی دەگێڕنەوە، گەورە بچووکی کوشتووە، پزیشک نەخۆشەکانی کوشتووە، مامۆستا خوێندکارەکانی کوشتووە؛ کوشتنێکی بێپەروا و بێسنوور. جگە لە تێوەگلانی دەزگاکانی دەوڵەت لەو جینۆسایدەدا، میدیا و خەڵکی خواساییش بەشدار بوون. وەک گەلێکی ستەمدیدە و زیاد لە جارێک جینۆسایدکراو، گرنگە کورد هەم ئاگای لەو کەیسانە بێت و هەمیش هاوسۆز و هاوبیری گەلانی تری جینۆسلیدکراو. بۆیە لێرەدا و بەو بۆنەیەوە هەوڵ دەدەم، گەر بە کورتییش ـبێ ت، بەراوردێکی جینۆسایدی توتسی ییەکان لە ڕواندا و جینۆسایدی کوردی باشوور (ئەنفال) بکەم. هەرچەندە ئەنفال لە هەشت قۆناغ و نزیکەی حەوت مانگدا بەڕێوە چوو (شوبات تا ئەیلول)، بەڵام بەو پێیەی مانگی نیسان کە هاوکاتە لەگەڵ قۆناغی سێ یی ئەنفال (ئەنفالی گەرمی ان) کراوەتە سااڵیادی فەرمیی لە هەرێمی کوردستان، بۆیە لەو بەستێنەدا نیسانم وەک مانگی ژەهراویی جینۆسلید ناو بردووە. بە خوێندنەوەی هەواڵ و ڕاپۆرتەکان دەربارەی جینۆسایدی توتسی ییەکانی ڕواندا، هەندێک لێکچوون و جیاوازی لەگەڵ ئەنفال بەدی دەکەم، کە لێرەدا ئاماژەیان پێ دەدەم بۆ ئەوەی بزانرێ ت چی ڕووی دا و بۆچی ڕووی دا.

دەوڵەت وەک ئامرازی تۆڵەسەندنەوە

وەک لە پێناسەی چەمکی جینۆساید لە پەیماننامەی ڕێلێگرتن و سزادانی تاوانی جینۆسایدی ١٩٤٨ (پەیماننامەی جینۆساید)دا هاتووە، نیازی پشتەوەی جینۆسلید لە هەموو کەیسەکاندا یەک شتە، لەناوبردنی سەرتاسەری یان هەندەکیی کۆمەڵەیەکی ئاینی، ئیتنی، یانیش نەتەوەیی. بەڵام هۆکارەکانی جینۆسلید،یان ئەو پاڵنەرانەی وا دەکەن هانا بۆ لەناوبردنی کۆمەڵێک بدرێت، زۆرن و دەشێت جیاواز بن. بۆ نموونە، کۆمەڵەی یەک دەیەوێت کۆمەڵەی دوو بەتەواوی یان هەندێکیان، بسڕێتەوە و بکوژێت، بەمەش دەچێتە خانەی جینۆسلیدەوە. بەڵام بۆچی دەیەوێت وا بکات؟ دەکرێت هۆکار یان فشاری ئابووری، سیاسی، یان هی تری لە پشتەوە بێت.لە ڕوی دەوڵەتداریییەوە هەردوو جینۆسلیدی کورد و توتسی، جیاوازن. کورد لە عێراقدا، پێچەوانەی توتسی ییەکانی ڕواندا، لە کاتی جینۆسلیدەکەدا

فەرمانڕەوای وڵات نەبوون. ڕەنگە تاک و تەرا کورد گەیشتبنە پۆستی پەرلەمانی یان حکومی، بەڵام بەگشتی و وەک نەتەوە، کورد لە دەرەوەی دەوڵەتەوە بووە و لە مافە بنەڕەتییەکانی وەک خۆبەڕێوەبردن و خۆڕزگاربوون و لە زۆر قۆناغیشدا مافە کەلتوورییەکانی وەک زمانی خۆی، بێبەش بوو.جینۆسایدی کورد گرێدراوی خودی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقە لە پاش یەکەمین جەنگی جیهان و سەردەمی ئینتیدابی بەریتانییەوە، کە تێیدا کەمینەی سوننە دەکرێنە فەرمانڕەوای وڵات، کورد و زۆرینەی شیعە دەدرێنە دواوە و لەوێوە ململانێی درێژی نێوان ئەو سێ پێکهاتەیە، شێوە دەگرێت. سەرکوتکردنی کورد و شیعە لەلایەن سوننەوە دەیان ساڵ درێژەی کێشا، تا ئەوەی لە پاش کەوتنی بەعسەوە لە ٢٠٠٣ (کە هاوکات کەوتن و کۆتایی حوکمڕانیی سوننەکان بوو)، شیعەکان دەستیان دایە تۆڵەکردنەوە لە سوننەکان و تا بە ئەمڕۆش دەگات، هەوڵی ڕامکردن و پەراوێزخستنی زیاتریان دەدەن. سوننەکان، کۆتا جار بە سەرکردایەتیی سەدام حسێن، حوکمی وڵاتیان دەکرد و بە ئاگر و ئاسن، کوردیان سەرکوت دەکرد و بە "پاژنەی ئاخیلیس"ی پرۆژەی نیشتمانی عەرەبیی مەزن یەکانیپرۆژەی پان-عەرەبیزمیەکان دادەنان. ئەمانەش زیاد لە جارێک لە وتار و لێدوانەکانی تیۆریسیەنی سەرەکیی بەعس یزمی عەرەبی، میشێل عەفلەقدا، دووپات کراونەتەوە. لە ڕوانداش بە هەمان شێوە، پێش سەربەخۆیی و لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمی بەلجیکیدا (تا ١٩٦٢)، کەمینەی توتسی (کە نزیکەی ٩٪ی دانیشتووان بوون و پاڵپشت بە تیۆریای زانستیی هەڵەیان بەلاڕێدابراو، دەوترا زیاتر دەچنەوە سەر سیپیێستی ئەوروپی نەک ئەوەی لە بنەڕەتەوە سەر بە نەژادی ڕەشپێستی ئەفریقا و ڕواندا بن) دەسەڵاتێکی زۆریان درابوویە و وڵاتیان بەڕێوە دەبرد. زۆرینەی هوتووەکانیش ئاسان و ئاسایی دەستیان بە هەندێک خزمەتگوزاریی بنەڕەتی، وەک تەندروستی و خوێندن، نەدەگەیشت. دوای سەربەخۆییش هەموو ململانێکان، سارد بن یان گەرم، درێژەیان هەبوو. تا ئەوەی لە نیسانی ١٩٩٤دا تەقینەوە و لە تەنیا ١٠٠ ڕۆژدا سەدان هەزار کەس کوژران. بەوەش هەردوو جینۆسایدلەو ڕووەوە لێک دەچن، کە ڕیشەی مێژوویی درێژتریان بەراورد بە ساڵ و ساتی ڕووداندیان هەیە. نە ئەنفال و نە جینۆسایدی توتسیە یەکان تەنیا پێوەست نین بە ١٩٨٨ و ١٩٩٤ەوە.لێرەدا و لە باسی جینۆسایددا، ستەمی لایەنێک لە لایەنێکی تر، نابێتە پاساوی جینۆسایدو کوشتنی سەدان هەزار کەس. هێندە هەیە کە ئەو ستەمەی بە درێژایی ساڵانێک دەکرێت، بۆ خۆی لێکەوتەی ستەم و ناهاوسەنگیی هێز و پێکهاتەکانە، کە دەبێت بیری لێ بکرێتەوە و چارەی بۆ بدۆزرێتەوە. بە دەربڕینێکی تر، نەبوونی دیموکراسی و سەروەریی پەیمانێکی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینە لە نێوان پێکهاتەکاندا، لە قۆناغێکی دواتردا سەر دەکێشێت بۆ تووندوتیژی و تۆڵەسەندنەوە. هەردوو کەیسەکە و کەیسی تری هاوشێوەیش، هەمان شتمان پێ دەڵێن. گەر عێراق و ڕواندا، گەر کورد و سوننە و شیعە، گەر هوتوو و توتسی و توا، شکۆ و ماف و بەشداریی کارایان لە حوکمڕانیدا مسۆگەر بووایە، کەمتر ئەگەری سەرهەڵدان و یاخیبوون و پێکدادانی چەکداری و دواجاریش جینۆساید دەبێت. هەوڵدان بۆ قۆرخکردنی دەوڵەت و دەزگاکانی، وەک گەورەترین سەرچاوە و مۆڵگەی "دەسەڵات"، دەشێت هۆکاری سەرەکیی پاڵنان بێت بەرەو جینۆسایدی ئەوانی تر کە ناچاریت دەسەڵاتیان لەگەڵ بەش بکەیت.کەیسی ڕواندا و جینۆسایدی توتسییەکانیش، هەمان شتمان بۆ ئاشکرا دەکات. پاش سەردەمانێک ململانێ و نلکۆکیی ناوخۆیی نێوان هوتوو و توتسیە یەکان پێش ١٩٩٤، کاتێک هوتووەکان دەبنە فەرمانڕەوا و جێپێی خۆیان قایم دەکەن، وردە وردە گشت دەزگاکانی دەوڵەت بۆ تۆڵەکردنەوە لە توتسیە یەکان دەخەنە گەڕ. سوپا، میدیا، گرووپی چەکداری تایبەت، هەموو پێکەوە هەڵمەتێکی پاکتاو و قڕکردنی توتسییەکان بەڕێوە دەبەن. بەبێ دەزگاکانی دەوڵەت، مەحاڵ بوو بتوانن وەها هەڵمەتێکی

سەرتاسەریی بەڕێوە ببەن و تێشیدا سەرکەوتوو بن؛ ئەوەی تەنیا لە ماوەی ١٠٠ ڕۆژدا زیاتر لە ملیۆنێک مرۆڤ بکوژرێن و سێ هەزاری تریش ئاوارە و پەنابەر بن، کارێکی هەروا سانا نییە، کە بە گرووپێک چەکدار یان کۆمەڵەیەکی چکۆلەی یاخی بکرێت. لە حاڵێکی واشدا، واتە گەر کۆمەڵەیەک نیازێکی واشی هەبێت، دەوڵەت دەتوانێت ڕێیان لێ بگرێت و نەهێڵێت کارەکەیان بەئەنجام بگات. هەرچەندە نیزامی نێودەوڵەتی بەگشتی، لەسەر ناوەندێتیی دەوڵەت بنیات نراوە و هەمیشە پەیماننامە و یاساکان ڕووی دەمیان لە دەوڵەتە، بەوەشەوە هێشتا ڕۆڵی دەوڵەت و دەزگاکانی،یان قۆستنەوەیان لەلایەن گرووپێکەوە دژی گرووپێکی تر، کۆتایی نەهاتووەتیرۆری دەوڵەتی یان دااڵ دەدانی ڕێکخراوەی تیرۆریستی لەلایەن دەوڵەتەوە، بابەتێکی کۆن و قەیرانامییە. کۆنە، چونکە نوێ نییە، دەمێکە دەوڵەتان یان بۆ خۆیان دەبنە خوێنمژ و تیرۆریست، یانیش باوەش بۆ کۆمەڵە و دەستەی تیرۆریستی دەکەنەوە. قەیرانامییە، چونکە پێناسەی تیرۆر و دااڵدەدان(سپۆنسەرکردن)ی تیرۆر، پرسێکی لاستیکییە و دەوڵەتان زۆر جار بەپێی بەرژەوەندی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی خۆیان لێکی دەدەنەوە. بۆ نموونە، ئەمەریکا لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو و لە کاتی جەنگی ئێران - عێراقدا، عێراقی لە لیستی دەوڵەتی تیرۆریست، لابرد. دواتر لە نەوەدەکان، پاش کەڵەگایی داگیرکردنی کوێت و سەرێشەی چەکی کۆکوژ و کیمیایی، دیسان خستییەوە لیستەکەوە. بۆ ڕێکخراوەی موجاهیدینی خەڵقیش هەمان شت بوو؛ لە نەوەدەکان وەک ڕێکخراوەیەکی تیرۆریست ناسێنرا و دواتریش لە ٢٠١٢ لە لیستی تیرۆری ئەمەریکادا، دەرهێنرا. ئەم نموونەیە زۆر شتمان پێ دەڵێت. دوای شۆڕشی ١٩٧٩ی گەلانی ئێران، پەیوەندیی ئەو وڵاتە و ئەمەریکا تێک چوو و لە هاوکاری و هاوئاهانگیی ستراتیژییەوە پێی نایە قۆناغی دوژمنداری و نەیارییەوە، لەکاتێکدا لە سەردەمی حوکمڕانیی بنەماڵەی پەهلەوییدا، ئێران و سعودیە وەک دوو پایەی هاوپەیمانیی ئەمەریکا لە ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاستدا، دەناسێنران. ئەوەش وای کرد ئەمەریکا، لە سەردەمی جەنگی ئێران – عێراقدا، جگە لەوەی نەیدەویست هیچکام لە لایەنەکان ببەنەوە و هەردووکیان لاواز بن، لە ١٩٨٤ بەدواوە بەنهێنی و ئاشکرا زیاتر هاوکاریی عێراقی دەکرد. هەمان هاوکاری و پەیوەندی هۆکاری ئەوە بوو، کاتێک حکومەتی عێراق شاڵاوی ئەنفالی بەڕێوە برد، کاتێک هەڵەبجە و دەوروبەری بە گازی کیمیایی خنکاند، بە جۆرێک چاوپۆشیی لێ بکات و تەپوتۆزێکی وا بنێتەوە، لە ئەنجوومەنی ئاسایشدا وەک بەرپرس یاریێتیی هەردوو دەوڵەت، سەیری ڕووداوەکە بکرێت، نەک ئەوەی یەکلا ببێتەوە کە عێراق چەکی کیمیایی بەکار هێناوە. بەوەش عێراق لەو کاتەدا لەوە دەربازی بوو، وەک دەوڵەتێکی تیرۆریست یان تاوانکار بناسرێت.

گرووپەکان بۆ لەناوبردنی یەکتر، جگە لە بەکارهێنانی دەوڵەت، هانا بۆ ڕێگەی تریش دەبەن، کە دەکرێت بە پێشەکی یان ڕێخۆشکردن بۆ جینۆساید بناسرێن.

لە مرۆڤخستن وەک پاساوی کوشتن

وەک ڕێسایەکی گشتی، پێش هەر مەرگەسات و جینۆسایدێک قۆناغێک هەیە، کە دەکرێت بە قۆناغی ئامادەکاری یان زەمینەسازی ناو ببرێت. ئەو ئامادەکاری و خۆسازدانەش لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە لایەنی زاڵ، لایەنی تاوانکار و ئەنجامدەری جینۆسلید، لایەنی کوژراو و جینۆسلیدکراو و بەئامانجگیراو لەمرۆڤبوون دەخات، خەسڵەتی مرۆڤایەتیی لێ دادەماڵێت بۆ ئەوەی کوشتنی ئاسانتر بێت. سەدام حسێن و بەعسییەکان بە کوردیان دەوت خاین، داردەستی ئیمپێریالیزم، تێکدەر و چەندان ناتۆرەی تریش. وەکچۆن هوتووەکان بە توتسییەکانیان دەوت مار و سیسرکە. ئاشکرایە خاین و سیسرکە، یەکیان مرۆڤ و ئەوەی تر زیندەوەر، هەردووکیان بۆ مردن. لە زۆرێک لە

سیستەمەکانی دنیادا، کەسی خاین دەبێت بکوژرێت، وەکچۆن پانکردنەوە و پلیشاندنەوەی سیستەرکەش کارێکی تەواو ئاساییە. گەر کەسێک خیانەتی لە وڵاتی خۆی کرد، بەوەی بۆ نموونە، دەستی لەگەڵ دوژمنی وڵات تێکەڵ کردبێت،یان کەسێک لە ئاین یان مەزهبێکی دیاریکراوەوە بچێتە سەر ئاین و مەزهبێکی تر، ئەمانە سزاکەیان کوشتن و لەناوبردنە. ئەم قۆناغە هەمیشە جەماوەری تێدا خۆشە (مۆبیلایز) دەکرێت، ڕووی دەمی سەر یاسا ەتمەدار و تاوانکاری جینۆسایدە لە جەماوەرە و ئامانجیشی بەدیهێنانی ڕەوایەتییە بۆ کارەکانی دواتری. هەمیشە پێویستە جەماوەر جۆرێک حیکایەتیان بۆ دابتاشرێت بۆ ئەوەی بەرهەڵستیی جینۆسایدەکە نەکەن، یان لەوەش زیاتر، بۆ ئەوەی بەشدار و کارئاسانکەر بن. بەردەوام نیشداندانی کورد وەک خاین لە تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆکانی بەعس ەوە، بەردەوام تۆقاندنی خەڵکی عێراق بەوەی کورد مشەخۆرن، هاتوو(دەخیل)یکی ڕەزاقورسن بۆ سەر جەستەی پێشوەختە بریندارە نیشتمانی عەرەبی، بۆ ئەوە بوو کوشتنیان ئاسان بکرێت. پەخشکردنی دەیان و سەدان بەرنامە و بانگەشە لە ڕادیۆکانی ڕوانداشەوە دژی توتسییەکان و هاندانی جەماوەر بۆ کوشتنیان و تەنانەت ئاشکراکردنی شوێنی خۆحەشاردانیان بۆ خەڵک، بۆ ئەوە بوو کوشتنیان ئاسان بکرێت.هەمان حاڵەت لە جینۆسلیدی جووەکان لە سەردەمی حوکمڕانیی نازییەکانی ئەڵمانیادا دەبینرا. نازییەکان هەمیشە وەک مشەخۆر، سووخۆر، مشک، تێکدەر و قۆرخکاری ئابووریی ئەڵمانیا و جیهان، باسی جووەکانیان دەکرد. جووەکان ئەو دوژمنە بوون، کە هیتلەر و نازییەکان بۆ پڕکردنەوەی جەماوەر پێویستیان بوو، بۆ ئەوەی لە پشتیوانیی دەوڵەت و ئابووریی سەربازی و پلان و تەماحی داگیرکاریی هەموو ئەوروپا و بەڵکو جیهانیش، بەردەوام بن. بەبێ ئەو گوتاری ڕق و بوغزە، بەبێ نیشاندانی ئەوی تری بەئامانجگیراو وەک شتێکی نامرۆیی، دەرەمرۆیی، زیادە و زیانبەخش، پرۆسەی کوشتنەکە ئاسان بەڕێوە ناچێت و نەیار و بەرهەڵستکاری زۆرتر دەبن. جگە لەوەش ڕژێمە سەرکوتکار و ملهوڕەکان، بۆ ئەوەی شاردنەوە و کپکردنەوەی ئاسەوارى تاوانەکان ئاسان بکەن، پێویستییان بە ڕازیکردنی خەڵکە بۆ ئەوەی کەمترین ڕاپۆرتیان لێ بدرێت و جیهان و جڤاتی نێودەوڵەتی، بەو کارانە نەزانن و لەسەریان بەدەنگ نەیەن.

هەڵوێستی جڤاتی نێودەوڵەتی

لە سەردەمێکدا ناژین، خۆدزینەوە ئاسان بێت. خۆلادان لە کاریگەریی دەوڵەتان و کۆمەڵەکانی تر، هەوڵێکی بێهوودەیە. سەردەمەکە جیهانگیرییە و دنیا پڕە لە تەکنۆلۆژیا و بە تۆڕێکی ئاڵۆزی پەیوەندی، تەنراوە. لە دنیای دوای دووەمین جەنگی جیهانیدا، هەندێک گۆڕانی گەورە هاتنە پێش. سەردەمی دوای ١٩٤٥ بە چەند خەسڵەتیک دەناسرێتەوە. یەکیان پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی بازرگانییە؛ یەکێکی تر مافی مرۆڤ و گەلانە لە پاراستنی کەرامەت و لە مافی چارەی خۆ نووسین؛ هەروەها کەم تا زۆر سەروەریی یاسا و تۆکمەتربوونی یاسای نێودەوڵەتی. سەردەمی دوای ١٩٤٥ یەکسەرە بە دوو پرۆسەی دادگاییکردنی گرنگی نێودەوڵەتیی دەستی پێ کرد: دادگایی نورمبێرگ بۆ سەرانی ڕژێمی نازی، لەگەڵ دادگایی تۆکیۆ بۆ سەرانی ئیمپراتۆریای یابانی. دوو پێشهاتی یاسایی، کە لە هیچ قۆناغێکی تری مێژوودا هاوشێوەیان نەبووە. ئەوەی کۆمەڵی نێودەوڵەتی دەست وەربدات و سەرانی دەوڵەتێکی تر و ڕژێمە سیاسییەکەی، لەبەر ئەو تاوانانەی دەرهەقی خەڵکی خۆیان و گەلانی تر کردوویانە، دادگایی بکات و سزا بدات، وەرچەرخانێکی گرنگ بوو. سەرباری ئەمانەش، حیکایەتی جینۆسایدنەبڕایەوە و لاپەڕەی تری ڕەش دەکردەوە. لە عێراق (بارزانییەکان لە ١٩٨٣، ئەنفال لە ١٩٨٨)، کۆماری پێشووی یوگۆسلاڤیا، ڕواندا، سودان (دارفور)، دیسان لە عێراق (ئێزدییەکان لە

٢٠١٤)، مشتێک لە خەرواری کەیسەکانی جینۆساید بوون.وەک ئەوەی لە پێناسەی جینۆسایددا هاتووە، ئەو تاوانە "ویژدانی مرۆڤایەتی" دەهەژێنێت. بەڵام لێرەدا دەکەوینە بەردەم پێوانەیەکی لاستیکی: ویژدانی مرۆڤایەتی مانای چییە؟ ئایا دەوڵەتان یان گەلان و ڕای گشتی دەبنە پێوانە و سەنگی مەحەک؟ لێرەدا مرۆڤایەتی و کۆمەڵی نێودەوڵەتی زۆر لێک نزیک دەبنەوە، هاوکات ویژدانەکەش بە ناچاری بریتی دەبێت لە چۆنێتی و شێوازی کاردانەوەی کۆمەڵی نێودەوڵەتی بۆ کەیسەکانی جینۆساید. بە دیاریکراوتر، ئێستا کە دەوترێت کۆمەڵی نێودەوڵەتی، زیاتر لە دەوڵەتان و کۆمپانیاکان و ڕێکخراوە مەدەنییە نێودەوڵەتییەکان و چەند کەس و لایەنێکی تر دەگرێتەوە، کە لە تۆڕێکی نوێ و ئاڵۆزی پەیوەندی و کارلێکدا پێکەوە دەیگوزەرێنن. وەڵامی کۆمەڵی نێودەوڵەتی دەبێت چی و چۆن بێت؟بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، ناچار بیر لە میکانیزمەیاساییە بەردەستەکان بکرێتەوە. ئەوەشی هەیە، میکانیزمەکانی نێو پەیماننامە و گرێبەستەکانی نێوان دەوڵەتان و لایەنەکانی تره. یەکێکیش لەوانە، پەیماننامەی جینۆسایدە. بەپێی پێناسەی جینۆساید لەوێدا، تەنیا تاوانی جەستەیی و لەناوبردنی فیزیکی وەک جینۆساید لەقەڵەم دراوە. لە شوێنی تردا باسی ئەوەم کردووە، کە بەداخەوە سەرباری ئەوەی سەرەتا هەوڵەکان بەو ئاقارەدا بوون، دواجار "جینۆسایدی کەلتووری" وەک تاوانێکی شایەنی سزا، لە پەیماننامەکەدا جێ نەکرایەوە. بەپێی پەیماننامەکە لە کاتی قەومانی جینۆسایددا، جگە لە بەرپرسیاریێتیی دەوڵەتان لە سزادان(punishment)ی تاوانکارانی جینۆساید، دەشتوانن داوای هاوکاری لە دەزگایەکی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن و ڕێ لە تاوانەکە بگرن .(prevention) باشترین و بەهێزترین دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکلنیش، چ بەگشتی و چ بۆ کەیسێکی وا، ئەنجوومەنی ئاسایشە. چونکە بەپێی بنەڕەتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەرکی سەرەکیی دەزگای ئەنجوومەنی ئاسایش، پاڕاستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتییە. مشتومڕێکی زۆر لەسەر ئەوە هەیە، کە ئایا تاوانەکانی جینۆسلید و تاوانەکانی تریش (تاوانی جەنگ و تاوانی دژەمرۆڤایەتی)، دەچنە چێوەی "ئاشتی و ئاسایسی نێودەوڵەتی"یەوە یان نا. لێرەدا بواری خستنەڕووی وردەکارییەکان نییە. بەڵام بۆ هەر کەیسێک کە ئەنجوومەنەکە بە پێویستی بزانێت، دەتوانێت دەست وەربدات و داوای کۆتاییهێنان بە جەنگ و تونددوتیژییەکان بکات و لە حاڵەتی لاساریشدا، پاڵپشت بە بەندی حەوتەمی بنەڕەتنامەکە، ڕێگە بە بەکارهێنانی هێز دژی سەرپێچیکاران بدات. لێرەدا کە دەوترێت بەرپرسیاریێتیی یان هەڵوێستی جڤاتی نێودەوڵەتی، مەبەست لە کاردانەوە و هەڵوێستی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی ئاسایش و ڕێکخراوە ناوچەییەکانی تریشە لە کاتی ڕووبانی جینۆسایدی وەک ئەوەی ئەنفال و ڕواندادا. ئەوەش جگە لە باسی شەقام و کۆمەڵی مەدەنی و گەلان، کە زۆربەی جار دەتوانن فشاری جدی دروست بکەن و کاریگەرییش یان لەسەر ناوەندی بڕیاری وڵاتەکانیان هەبێت.هیچ بڕیارێکی ئەنجوومەنی ئاسایش، باسی ئەنفال و جینۆسایدی لە عێراقدا نەکردووە. لە ١٩٨٨ و لە حەوت مانگی بەڕێوەچوونی شالاوەکانی ئەنفالدا، بەو پێیەی حکومەتی عێراقی بۆردومانی کیمیایی هەڵەبجە و سەردەشت و چەند شوێنێکی تری کرد، لە چەند بڕیارێکی ئەنجوومەنی ئاسایشدا ئەوەیان باس کراوە. لەوانەش بڕیاری ٦١٢ لە ئایاری ١٩٨٨ و بڕیاری ٦٢٠ لە ئابی ١٩٨٨. هەرچەندە لەو بڕیارانەشدا کە سەرکۆنەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کراوە، یەکلا نەکراوەتەوە کێ و چۆن و چەندێک بەکاری هێناوە. تەنیا داوا لە کۆماری ئیسلامیی ئێران و عێراق دەکات، لەو ناکۆکییەی نێوانیاندا، واز لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و بایۆلۆژی و چەکی تری قەدەغەکراو بهێنن. جگە لەو چەند ئاماژە ناڕاستەوخۆیە لە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشدا، هیچی تر لە بارەی ئەنفال و

هەڵبجەوە نەوتراوە و نەنووسراوە. بۆ جینۆسایدی ١٩٩٤ لە ڕواندا، دۆخەکە هەندێک جیاواز بوو. بەپێی بڕیاری ٩٢٩ی ئەنجوومەنی ئاسایش، هێزێکی ئاشتیپارێزی فرەنەتەوەیی لە ڕواندا جێگیر کرا. بەگوێرەی بڕیاری ٩٣٥ تیمێکی پسپۆڕ بۆ لێکۆڵینەوە و تۆمارکردنی پێشێلکارییەکانی یاسای نێودەوڵەتیی مرۆیی، پێک هێنرا. ئەمانە هەبوون و کران، بەڵام هیچ ڕۆڵێکیان لە بنبڕکردن یان کەمکردنەوەی تووندوتیژییەکاندا نەبوو. تاکتێکی یاخیبوونی چەکداریی توتسی ییەکان لە دەرەوەی وڵاتەوە، توانی حکومەتی هوتووەکان بڕووخێنێت و سنووورێک بۆ جینۆساید دابنێت، ئەوەی ئەنجامدەران دەیانویست، کردیان و ڕەنگە بە زیادیشەوە. خاڵێکی سەرەکیی جیاکەرەوەی هەردوو کەیسی ئەنفال و ڕواندا، شێوازی دادگاییکردنی تاوانکارانە.لە کەیسی ئەنفالدا، پاش ڕووخاندنی حکومەتی بەعس و سەدام و دادگایی عەلی کیمیایی و چەند کەسێکی تر، کە لە کاتی شاڵاوەکەدا و بەپێی پلەی سەربازی و دەوڵەتییان، بەرپرسی بڕیاردەری شاڵاوەکانی ئەنفال بوون، بە سزای خۆیان گەیشتن. دوای ڕووخاندنی حکومەتەکەی بەعس، بە فەرمانی دەستەڵاتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی، دادگایەکی باڵای تاوان بۆ دادگاییکردنی سەرانی بەعس لە پای تاوانەکانیان دەرهەقی گەلانی عێراق، پێک هێنرا. سەدام حسێن لەسەر کەیسی کوشتنی دانیشتووانی گوندی دوجەیل و عەلی کیمیاییش لەسەر تاوانەکانی ئەنفال، لەسێدارە دران. هەمان ئەو دادگایە و دواتریش ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەنفالیان وەک جینۆسایدێ دژی کورد، لەقەڵەم دا. بەڵام بۆ دادگاییکردنی ئەنجامدەرانی تاوانکارانی ڕواندا، جۆرێکی تر بوو. یەکێک لە ڕێکارەکانی وەڵامگۆیی کۆمەڵی نێودەوڵەتی و بەدەمەوەهاتنی گەلی توتسیی جینۆسایدکراو، بڕیاری ٩٥٥ی ئەنجوومەنی ئاسایشە لە ٨ی تشرینی دووەمی ١٩٩٤. بەپێی ئەو بڕیارە، دادگایەکی نێودەوڵەتیی تاوان بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی ساڵی ١٩٩٤ لە ڕواندا، پێک هێنرا کە تا ساڵی ٢٠١٢ چالاک بوو. واتە دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق، کە بۆ دادگاییکردنی سەدام و هاوکارەکانی پێک هێنرا، پشتی بە یاسای ناوخۆیی و بڕیاری فەرمانڕەوای مەدەنیی عێراق دەبەست، لەکاتێکدا ئەوەی ڕواندا لە ڕێی بەشداری و بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشەوە، مۆرکێکی نێودەوڵەتی بە تاوانەکان درا و دەنگدانەوەشی زیاتر بوو. بە دەربڕینێکی تر، ئەنفال وەک پرسێکی ناوخۆیی عێراق و ڕواندا وەک پرسێکی نێودەوڵەتی، مامەڵەیان لەگەڵ کرا. ئەنفال، بە زمانی ئەنجوومەنی ئاسایش بدوێین، کاریگەری و ئاسەواری لەسەر "ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی نەبوو" بەڵام جینۆسایدی توتسی ییەکان هەیبوو. ئەوەش جۆرێک لە کورتبینیی ئەندامانی ئەنجوومەنەکە دەردەخات، بەتایبەت ئەمەریکا، چونکە هەر سێ ساڵ دوای ئەنفال و لە کۆڕەوەکەی ١٩٩١دا کاریگەریی چەوسانەوەی کوردمان لەسەر وڵاتانی دراوسێ و لەسەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، زیاتر بۆ دەرکەوت.

ڕامان لە جینۆساید

بۆچی جینۆسایدێ ڕوو دەدات، چۆن و چی بکرێت بۆ ئەوەی ڕوو نەداتەوە، پرسیارێکی واقوڕمێنە. لە هەردوو ئەزموونی جینۆسایدی کورد لە عێراق و توتسی لە ڕواندا، هەندێک وانە و پەندی هاوبەشی گرنگ فێر دەبین. بۆچی بەعس نزیکەی دوو سەد هەزار کوردی کوشت؟ بۆچی حکومەتی هوتووەکان جگە لە هوتووە میانڕەوەکان و تواییەکان و خەڵکی تریش، هەشت سەد هەزار توتسیی کوشت، کە پێکڕا نزیکەی ملیۆنێک و سەد هەزار کەس دەبوون؟ باشترین کاردانەوەیەک بەرامبەر جینۆسایدێ، بیرکردنەوەیە لێی، کە چۆن ڕێ لە دووبارەبوونەوەی بگیرێت.دابەڕوەری، سزادانی تاوانکاران، دیموکراسی و مافی گەلان، ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، لە خاڵە سەرەکییەکانی چاکسازیی سیستەماتیکن کە بشێت دوای جینۆساید،

یان بۆ ڕێگرتن لە سەرهەڵدانەوەی مەیلی جینۆساید، بگیرێنە بەر. دادپەروەری و سزادانی تاوانکاران پێوەستن بە هەموارکردنەوەی یاساکانەوە. دەبێت ئەو خاڵ و جێگەیانەی نێو یاساکان کە جیاکارییان تێدایە و ڕێخۆشکەرن بۆ تۆندوتیژی، لاببرێن و چاک بکرێن. بۆ نموونە، لە عێراقی دوای سەدام و بەعسدا، لابردنی هەموو ئەو مادە و بڕگانەی یاسای سزادان کە پێوەست بوون بە خودی حیزبی بەعس و هیماکانییەوە، لەلایەن فەرمانڕەوای مەدەنیی ئەوکاتەوە، پەک خران. دەبوو دوای پەسەندکردنی دەستوور و هێنانەئارای 'عێراقی نوێ'، پێداچوونەوەیەکی جدی بۆ سەرجەمی سێ یستەمە یاساییەکە بکرایە و تەنیا یاسای سزادان نەگرێتەوە. بۆ نموونە، ئەو هەموو بڕیارەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بۆ دەستگرتن بەسەر زەوی و موڵکی کورداندا لە ناوچەکانی مادەی ١٤٠، تا ئێستا بەرکارن. هەندێک یاساکان کە جیاوازی لەسەر بنچینەی ڕەگەزو جینەدەر، یان ئایین و باوەڕ دەکەن، هێشتا وەک خۆیانن. لە ڕووی دیموکراسی و مافی گەلانیشەوە، سەرباری بەشداریی پێکهاتەکانی عێراق لە حوکمڕانیدا، هێشتا وەک پێویست نییە.لێرەدا کێشەی هەرە جەوهەری، بریتییە لە سیستەمی سیاسی و ئیداریی وڵات. لە کۆی هەژدە (ئێستا بە هەڵەبجەوە نۆزدە) پارێزگا، تەنیا یەک هەرێمی فیدراڵ (هەرێمی کوردستان) لە وڵاتدا هەیە کە پێش ڕووخاندنی بەعس و سەدامیش، هەمان ستاتۆی هەبوو. واتە عێراق تاکە وڵاتە لە جیهاندا، کە بە دەستوور و بە مەرەکەبی سەر کاغەز، فیدراڵە، بەڵام لە باری واقیعدا، نافیدراڵە و شتێکی تر پێڕەو دەکات، ئیتر گرنگ نییە ناوەندێتییە یان ناوەندێتی. گرنگ فیدراڵیزم لە عێراقدا، وەک ئەوەی دەبوو هەبێت، نییە. ئەوەش یەک مانای هەیە، ئەوانەی پێشتر وڵاتیان بەڕێوە بردووە و ئەوانەشی ئێستا بەڕێوەی دەبەن، لە قووڵاییدا باوەڕیان بە مافی پێکهاتە جیاوازەکان نییە کە هەوڵی دامەزراندنی فیدراڵیزم بدەن و کاراتر لە حوکمڕانیدا، لە ڕێی فیدراڵیزمەوە، بەشدار بن. هەوڵەکانی سالانی دواتری بەغدا و فەرمانڕەوایانیش ی دژی هەرێمی کوردستان، بە جۆرێکن کە ئەوان ئاواتەخواز بن ئەو تاقە هەرێمەش نەمێنێت و کورد ئەو چۆڕە سەربەخۆییەی نەبێت. ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤیش لە عێراقدا نەک نەچوونەتە پێش، بگرە لە هەندێک لایەنەوە پاشە هەکشە هەیان کردووە. پەیوەندییەکانی پێکهاتەی سوننە بە دەوڵەتەوە وەک جاران نییە، نە وەک جاران فەرمانڕەوای وڵاتن و نە وەک پێویستیش خاوەنی ژێرخان و سەرخانی خۆیانن. لە دوایین پەلامار و تێکدانەکانی داعشدا، ناوچە سوننییەکان زۆرترین زیانیان بەر کەوت، چونکە داعش بە پلەی یەکەم لەو ناوچانەدا، لە موسڵەوە تا نزیکی کەرکوک و تکریت و ئەنبار، جێگیر بوو. زۆربەی ئاوارەکانیش بەهۆی جەنگی دژی داعشەوە، لەو پێکهاتەیەن لە پارێزگاکانی دیالە و تکریت و موسڵ و ئەنبار. کوردیش سەرباری هەر ماف و ئیمتیازێکی لە عێراقی دوای بەعسدا هەیەتی، هێشتا زۆرێک لە کێشە گەورە و سەرەکییەکانی چارەنەکراون. نە پێشمەرگە وەک بەشێکی سوپای عێراق دانی پێدا نراوە، نە چارەنووسی ناوچەکانی مادەی ١٤٠ یەکلا کراوەتەوە، نە کێشەی بەشەبودجە و زمانی کوردی لە ناوەڕاست و باشووری وڵات، کۆتاییان هاتووە. سەرباری هەمووشی، پرسی مافەکانی هەندێک لە چینەکان، لەوانەش ژنان و کرێکاران و منداڵان و کەمئەندامان، زۆر لە پاش ماوەیە. تا بە ئێستاش دەگات، سەرباری بڕیاری دادگای باڵای تاوان لە عێراق و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، سەرکۆمار لە پای ئەنفال و هەڵەبجە و تاوانەکانی تری ڕژێمی بەعس، بەفەرمی داوای پۆزشی لە گەلی کورد نەکردووە. لە ڕووی کردارییشەوە، هەنگاو بۆ بنیاتنانی عێراقێکی دوور لە شەڕی ناوخۆ و جینۆسایدە، نەنراوە. باشترین بەڵگەش بۆ ئەو قسە ئەیە، جینۆسایدی ئێزدییەکانە لە ٢٠١٤ بە دەستی داعش. گەر دوای ئەنفال، کورد و لایەنەکانی تریش، بەشداریيەکی بنیاتنەرانەیان لە عێراقێکی بەڕاستی 'نوێ'دا بکردایە، نەک تەنیا لە ڕووی شێوە و دەزگاکان و ڕووکەشانە، دەکرا ڕێ لە

جینۆسایدی ئێزدییەکان بگیرێت. بەڵام ئێستاش هەمان هەڵەی سترلتیجیک لە بیرکردنەوەی فەرمانڕەوایانی وڵاتدا دەبینرێت و هیچ گەرەنتییەک نییە جینۆسایدی تر نەبینین.لە ڕواندا هەمان گەلی و تێبینی هەن و بەردەوام دەوترێنەوە. سستیی سیستەمی دادوەری و دادگاییکردن و سزادانی تاوانکاران و دواتر یش قەرەبووکردنەوەی ڕزگاربووان، لە زەقترین گازندەکانن. بەڵام هەرچییەک بێت، ئەوەی دەرهەقی توتسی و توا و هوتووە مێلنرڕەوەکان کرا، هەم لەلایەن کۆمەڵی نێودەوڵەتی، بە سەرکردایەتیی ئەنجوومەنی ئاسایش، هەمیش لەلایەن دەوڵەتی ڕواندا وە بە جینۆسایدناسێنراوە و لەسەر ئەو بنچینەیەش مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. پێشتر ئەڵمانەکان و دواتریش بەلجیکییەکان، کە لە ١٩١٦دا ڕواندا داگیر دەکەن، سیاسەتی 'پەرت بکە و زاڵ بە' پێڕەو دەکەن؛ ئاماری دانیشتووان دەکەن و خەڵک بەگوێرەی بنەماڵە بۆ سەر هوتوو، توتسی و توا دابەش دەکەن. هاوکات کەمینەی توتسییەکان بەسەر زۆرینەی هوتووەکاندا زاڵ دەکەن. پاش گۆڕینی حوکمڕانیی پاشایەتیی توتسییەکان بۆ کۆماریی هوتووەکان لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەدا، هێرشی پێچەوانە دەست پێ دەکات. شەڕ بەردەوام دەبێت تا لە ٧ی نیسانی ١٩٩٤دا دەتەقێتەوە و لە ١٠٠ ڕۆژدا زیاتر لە ملیۆنێک کەس دەکوژرێن. دوای جینۆسایدی کۆمەڵێک هەنگاوی گرنگ هەڵگیران. یەک لەوانە ئەو دادگای تاوانە بوو، کە بە فەرمانی ئەنجوومەنی ئاسایش دامەزرا. یەکێکی تر هەڵوەشاندنەوەی سەرژمێریی دانیشتووان بوو لەسەر بنچینەی بنەماڵە و ئیلین. یەکێکی تر هێشتنەوەی شوێنی هەندێک لە ڕووداوەکان بوو وەک مۆنیومێنت و بیرخەرەوەی تاوانەکان، وەک ئەو قوتابخانەیەی لە هەشت کاتژمێردا پەنجا هەزار توتسیی تێدا کوژرا. تۆمەتباران هێندە زۆر بوون، زیندانەکان پڕ بوون، دەیان هەزار کەس سزای خۆیانیان وەرگرت. جگە لەوەش، بەشداریی دەزگا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، لەوانەش وێڵ د ڤیژن، گرنگ بوو. دەیان هەزار منداڵ (بەهۆی جینۆسایدو شەڕەوە، سەد هەزار منداڵ لە دایابیان دابڕابوون) گیرانە خۆ و پرۆگرامی تایبەت بە ئاساییکردنەوەی تاوانکاران و هاوکات ئامادەکردنی ڕزگاربووان بۆ لێخۆشبوون و ئاشتبوونەوە، جێبەجێ کران. وەلێ هیچکام لەمانە لە ئەنفال و دوای ئەنفالدا نەبینرا. کەمترین ئاوڕ لە ژنان و منداڵانی ڕزگاربوو دراوەتەوە. بەهۆی پرسگەلی کۆمەڵایەتیی وەک شەرەف و ترس و شەرمەوە، هیچکەس پێی خۆش و ئاسایی نەبوو خۆی وەک نەخۆش و تراومایدە بناسێنێت، یان گەر تاوانێکی سێکسیی بەرامبەر کراوە، دەنگ هەڵبهێنێت و بۆ مێژووی تۆمار بکات. وەک ئەوەی لە ڕواندا کرا، منداڵان خولی وینەکێشان و مۆسیقا و سەمایان بۆ ڕێک نەخرا بۆ ئەوەی هەم هەستەکانی خۆیان بەیان بکەن، هەمیش لەگەڵ ئەو ڕابردووە تاڵ و ئازاراوییەدا ئاشت ببنەوە و فێر ببن چۆن مامەڵە دەکەن. لە ئەنفالدا هەندێک منداڵ بەتەنیا لە خێزانەکانیان مانەوە و بە 'تاقانەکانی ئەنفال' ناوبان چوو. لەبەر نەبوونی پرۆگرامی ئامادەکردنەوە و هەڵسەنگاندنی پێویست، چەند دانەیەکیان سەریان لە کێشە و کوشتن و جۆری تری لادانەوە، دەرهێنا.پێش جینۆسایدی توتسییەکان، کاتێک کەسێک ڕەچەڵەکی نادیار بووایە، کۆمەڵەکەی بەپێی ژمارەی مانگاکانی دیاری دەکرا. گەر دە مانگا و زیاتری هەبووایە، بە توتسی لەقەڵەم دەدرا. چەند سااڵێک دوای جینۆسایدو پاش چەندان پرۆگرامی ئاشتبوونەوە، یەکێک لە هوتووەکان دەڵێت: "ئێستا ئیتر مانگا هەر مانگایە، ڕەمزی هیچ شتێکی تر نییە. مانگا چیتر ئامرازێک نییە بۆ دیاریکردنی چین و تویژەکانی دانیشتووان". بەڵام ئێمە دوای ئەنفال، چەند سەربازی عێراقیمان ڕاهێنایەوە؟ چەند پرۆگرامی ئاشتبوونەوە و لێبووردنمان لە نێوان ڕزگاربووان و تاوانکارانداپێک خست و بەڕێوە برد؟ تا چەندێک توانیمان دەوڵەتی عێراق بە جۆرێک شەرەزار بکەین، جارێکی تر باسی جینۆسایدنەبیستینەوە؟ هەڵبەت نەکرا و نەمانتوانی، ئەگینا

جینۆسایدی ئێزدییەکان نەدەبوو. بەڵام لە چوارچێوە گشتییەکەدا یەک جیاوازیی گەورە لە نێوان هەردوو کەیسە هەیە. کورد دوای ئەنفال، تەنیا توانی بەشێکی هەرێمەکەی خۆی ڕزگار بکات و بەشێکی تری، هاوڕێ لەگەڵ ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، هەروەک جاران لە بن دەستی بەعسدا مانەوە. لەکاتێکدا لە ڕواندا، ئەوە شۆڕشگێڕە توتسییەکانی دەرەوە بوون لە مانگی حەوتی ١٩٩٤دا، حکومەتی هوتووەکان دەڕووخێنن و کۆتایی بە جینۆسایدە دەهێنن و پرۆسەی دریژمەودای سزادان و ئاشتەوایی بەڕێوە دەبەن، بە جۆرێک کە ئێستا کەسێکی توتسی (پۆل کاگامێ، سەرکردەی بەرەی نیشتمانیی ڕواندا لە ١٩٩٤، کە کۆتاییان بە حوکمڕانیی هوتووەکان هێنا) سەرکۆماری ولاتەکەیە. واتە توتسییەکان دوای جینۆسایدە، حوکمڕانیی ولاتیان کەوتە دەست و توانییان ئەو جۆرە دەستپێشخەرییانە بکەن. کوردیش دوای ڕزگارکردنی بەشێکی هەرێمی کوردستان لە ١٩٩١دا، یەکەمین کارێکی کردمان، لێخۆشبوونی بێ کۆتوبەند بێ هیچ حساب و کتابێکی جاش و مستەشار و تێوەگلاو و تۆمەتبارانی ئەنفال بوو، کە تەنانەت پاش ئەوەشی دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرکردن، هەر ڕادەست و بەردەوامی دادگا و دادگایی و سزادان، نەکرانەوە.

ئێستا ئیتر؟

کاتی ڕامان و بیرکردنەوەی جدیترە لە جینۆسایدە، لە ئەنفال وەک یەکێک لە کەیسە زەقەکانی جینۆسایدە، لە هەڵبجە وەک یەکێک لە گەورەترین کەیسەکانی کیمایی‌بارانکردن لە مێژوودا، کە دەکرێت جینۆسایدە و دەکرێت تاوانی دژمرۆڤایەتییش بێت. کاتی ئەوەیە جۆری یادکردنەوەمان بگۆڕین، لە شێوەنەوە بۆ بیرکردنەوە؛ چی بکرێت بۆ ئەوەی جینۆسایدی لە عێراقدا نەبێتەوە، بۆ ئەوەی کورد جۆری نوێی جینۆسایدی بەسەردا تاقی نەکرێتەوە. کاتی ئەوەیە قوواڵیی بیرهێنانەوەی ئەنفال و جینۆسایدە لە هەرێم و هەولێرەوە، ببرێنە عێراق و بەغدا، ببرێنە شارەجیاوازەکان و خۆشیان بێت یان ترش ئەو مێژووە ناشرین و خوێناوییەیان بەچاودا بدرێتەوە. هەرچەندە کۆمەڵ دینامیکییە و هاوکێشەکان زوو بێت یان درەنگ دەگۆڕێن، بەڵام هیچ نەبێت دەکرێت هەندێک هەنگاو بنرێن. وەک هەندێک کەسی تریش پێشنیازیان کردووە، لەبری بنیاتنانی مۆنیومێنت لە ڕزگاری و تۆپزاوا و سەنگاو، یان با بڵێین جگە لەوانەی ناوخۆی هەرێم، هەوڵ بدرێت لە بەغدا و شارەکانی تری عێراقیش، دروست بکرێن. هەوڵ بدرێت شوێنی تاوانەکان بکرێنە ئاسەوار و بەشێک لەو مێژووە، هەروەها هەرچی زووتر پرسی دۆزینەوە و هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و گەڕاندنەوە و ناسینەوەی قوربانییان لە ڕێی پشکنینی ترشی ناوکی ((DNA)) هوە، خێراتر و کاراتر بکرێت. مێژووی جینۆسایدەکانی کورد و وردەکارییەکانیان، بکرێتە بەشێک پرۆگرامی خوێندن و هەموو ئەو ئاماژە و سیاسەتنامە و هەوڵانەی کورد وەک مشەخۆر و جرج و داردەست وێنا دەکەن، بسڕێنەوە و بگۆڕدرێن. هەموو ئەوانەش دڵبڕاو نین لە کەش و لە بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکە. چاکسازیی سیاسی و ئیداری لە عێراق و لە هەرێم، دیموکراسی و بەشداریی زیاتری ڕاستەوخۆی خەڵک و کۆمەڵەکان، مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان، ڕوونی و بەرپرسیاریێتی و یاسادەوەری، ڕیفۆرمی دەزگاکان بە جۆرێک گرووپێک بۆی نەبێت هانا بۆ جینۆسایدی دی گرووپێکی تر ببات، هۆکار و ڕێخۆشکەرن بۆ بنیاتنانی کۆمەڵەیەکی باشتر و ئارامتر. هەقە بپرسین، بۆچی لە ڕواندا سی ساڵە (١٩٩٤ – ٢٠٢٤) جینۆسایدە نەبووەتەوە، بەڵام لە عێراق و لە سی ساڵدا (١٩٨٣ – ٢٠١٤) سێ و چوار جار کورد جینۆسایدە کران؟

جینۆسایدی گەلی کورد لە ژێر تیشکی بڕیاری دادگای ناوخۆیی لاهای لە کەیسی "فرانس فان ئانرات"دا



عیباد ڕۆحی

ئەم توێژینەوەیەی بەریز عیباد ڕۆحی لە ماڵپەری ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتی وەرگیراوە کە پێشتر لەساڵی ٢٠٢٤دا بڵاوکراوەتەوە.
لەبەرگرنگی بابەتەکەی و تەبابوون لەگەڵ ئامانجی گۆڤاری ئەنفالستدا، بەباشمان زانی دوای ڕەزامەندی هەردوولا هەم نوسەرو هەم ناوەندەکە لێرەدا بڵاوی بکەینەوە. چونکە پاراستنی لە گۆڤارێکی وەک ئەنفالستاندا مسۆگەرترە وەک لە ماڵپەڕێکی ئەلکترۆنی .

پوختە

دادگای ناوخۆیی شاری لاهای وەکوو دادگاییەکی نیشتمانیی دەوڵەتی هۆڵەندا لە ٢٠٠٥ دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی خۆی سەبارەت بەو تۆمەتانەی کە خرابوونە پاڵ کەسێک بە ناوی "فرانس فان ئانرات" کە گوایە لە مەودای شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێراق و ئێراندا لە تاوانی شەڕ و تاوانی کۆمەڵکوژی گلاوە. دادگا بە پشتبەستن بە ڕووداوەکان و ئەو فاکت و داکەوتانەی لەبەردەستیدا بوون و لەسەر بنەمای یاسای نێودەوڵەتیی و هەروەها پەیماننامەی ڕێگریکردن و سزادانی تاوانی جینۆسایدی ١٩٤٨ی نەتەوەیەکگرتووەکان دەیسەلمێنێت کە گەلی کورد کۆمەڵکوژ کراوە. لە حوکمی دادگا باس لەوە کراوە کە تاوانی شەڕ و تاوانی جینۆسایدی لە هەر دوو وڵاتی ئێران و ئێراقدا بەتایبەت بەرانبەر بە گەلی کورد ڕوویداوە. بڕیاری کۆتایی بەشی تاوانکاری دادگای لاهای هەندێک ڕەهەندی جێسەرنجی تێدایە. بۆ یەکەمجار دادگایەکی نیشتمانی دەوڵەتێک دان بە جینۆسایدی گەلی کوردا دەنێت. بۆیە ئەم وتارە لەم بابەتە دەکۆڵێتەوە کە دادگای لاهای پشت بە چ بنەما و فاکتێک دەبەستێت بۆ پێناسەکردنی جینۆسایدی گەلی کورد و خاڵە گرینگەکانی بڕیاری ئەو دادگایە چین کە دەکرێت کورد وەکوو بەڵگەیەکی یاسایی بەکاریانبێنێت. بڕیارەکە باسی جیاوازی هێزە کوردیە دژبەرەکانی سەددام لەگەڵ گرووپی تێرۆریستی دەکات و هەندێک پێوەری یاسایی ئەخاتە بەرچاو بۆ جیاوازی نێوان ئەم دوو هێزە. هێزە کوردیەکان بە رزگاریخواز و بەرهەڵستکار و بەرخۆدێر ناو دەبات و پێوەری یاسایی دەخاتەبەرچاو بۆ ئەم مژارانە.

پێشەکی

بەشی تاوانکاری دادگای پارێزگای لاهای لە وڵاتی هۆڵەند کە یەکێکە لەدادگا ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتە، سەبارەت بە بریندارانی و بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی لە ساڵەکانی شەڕی نێوان ئێران و ئێراقدا لە ١٨ی ئاپریلی ٢٠٠٥ بە دەرکردنی تۆمەتنامەیەک بازرگانێکی هۆڵەندی بە ناوی "فرانس فان ئانرات" تۆمەتباردەکات بە ئەنجامدانی تاوانی کۆمەڵکۆژیی و تاوانی جەنگ. ناوبراو لەو کاتەدا لە وڵاتی ئیتاڵیا لە بەر تاوانێکی دیکە لە گرتووخانەدا دەبێت. داواکاری گشتی ناوچەی لاهای داوای ڕادەستکردنەوەی دەکات. لە سەر ئەساسی ئەم داوایە فرانس فان ئانرات ڕادەستی دادگای لاهای دەکرێتەوە و وەکوو دادگایەکی نیشتمانی دادگاییکردنی تۆمەتبار دەستپێدەکات. دادگای شاری لاهای دەستی کرد بەدواداچون و لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی خۆی

سەبارەت بەو تۆمەتانەی کە خرابوونە پاڵ کەسێک بە ناوی "فرانس فان ئانرات" کە گوایە ناوبراو لە مەودای شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێراق و ئێراندا لە تاوانی شەڕ و تاوانی کۆمەڵکوژی گلاوە. لە کۆتاییدا پاش دادگاییکردنی ناوبراو و سەلماندنی تاوانەکانی لە ٢٠٠٥ بە هۆی دابین کردنی ماددە و ماکی خاو و سەرەتایی بۆ سازکردنی بۆمبی کیمیاوی لە لایەن رێژیمی بەعسی لەناوچوو مەحکوومکرا و تۆمەتەکانی پشتڕاستکرانەوە و وەکوو تاوانبار ناسێندرا. لە پێشدا تۆمەتی تاوانی شەڕ و تاوانی جینۆساید واتە جینۆساید خرابوونە پاڵی بەڵام پاش دادگاییکردنی، تەنیا تاوانی شەڕی بە سەردا شکایەوە، ئەگەرچی دادگا بە پشتبەستن بە ڕووداوەکان و ئەو فاکت و داکەوتانەی لەبەردەستیدا بوون و لەسەر بنەمای یاسای نێودەوڵەتیی و هەروەها پەیماننامەی ڕێگریکردن و سزادانی تاوانی جینۆسایدی ١٩٤٨ی نەتەوەیەکگرتووەکان دەیسەلمێنێت کە گەلی کورد کۆمکوژ کراوە، بەڵام ئەم تاوانە بە سەر "فرانس ڤان ئانرات"دا ساغ نابێتەوە. لە حوکمی دادگا باس لەوە کراوە کە تاوانی شەڕ و تاوانی جینۆساید لە هەر دوو وڵاتی ئێران و ئێراقدا بەتایبەت بەرانبەر بە گەلی کورد ڕوویداوە.

فرانس فان ئانرات بە درێژایی ساڵەکانی شەڕی نێوان ئێران و ئێراق دەستی داوەتە دابینکردنی کەرەستەی سەرەتایی و ماددەی خاو بۆ بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی بۆ حکومەتی ئەو کاتەی ئێراق. دادگا لە تۆمەتنامەکەی خۆیدا ئاماژە بەوەدەکات کە پشتبەستن بە ماددەکانی ٤٨ و ٥٧ لە کۆیاسای تاوانی نێودەوڵەتیی و ماددەی ٨ لە یاسای دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی، بە ڕوونی بۆمان دەرکەوتووە کە تۆمەتبار بە ئەنقەست و بە مەبەستی بەدەستهێنانی سوود و قازانجی ماددی، بە شێوەیەکی بنەڕەتی هەستاوە یارمەتیدان بە بەرنامە و پڕۆژەی چەکی کیمیایی لە ئێراقدا لە ساڵەکانی ٨٠ی سەدەی ڕابردوودا. ئەم یارمەتیدانە دەرفەتی ئەوەی ڕەخساندووە کە هێرشی بەربڵاو بە گازی خەردەل بکرێتە سەر هاووڵاتیانی بێدیفاع و ئاسانکاریی بۆ ئەم هێرشانە کراوە. ئەم هێرشانە تاوانی قورسی شەڕ ئەژم اردەکرێن. دادگا فرانس فان ئانرات تۆمەتبار دەکات بە تێوەگلان لە جینۆساید و تاوانی شەڕ. لە کۆتاییدا دادگا دەگات بەو بڕیارەی کە ناوبراو لە تاوانی شەڕدا بەشداربووە، بەڵام لە تاوانی جینۆساید بێبەریدەکرێت.

بڕیاری کۆتایی بەشی تاوانکاری دادگای لاهای هەندێک ڕەهەندی تێدایە کە بۆ یەکەم جارە لە دادگایەکی نیشتمانی و ناوخۆیی وڵاتێکدا باسی لێوەدەکرێت و بە بڕوای نووسەر داهێنانێکی بەنرخ و جێسەرنجە و بە گشتی بۆ سەرجەم ئەو کەسانەی کە زەرەرمەندی هێرشە کیمیاویەکانی ڕێژیمی "بەعس"ن و بۆ گەلی کورد گرینگی خۆی هەیە. بۆ یەکەمجار دادگایەکی نیشتمانی دەوڵەتێک دان بە جینۆسایدی گەلی کوردا دەنێت و بە لێکدانەوەی ئەو کردارانەی بەرانبەر بە گەلی کورد کراوە ڕادەگەیەنێت کە کورد وەکوو گرووپێکی نەتەوەیی لە لایەن دەوڵەتی ئێراقەوە بە مەبەستی لەناوبردن و پاکتاوکردن کەوتووتەبەر هێرش و پەلاماردان. بۆیە ئەم وتارە لەم بابەتە دەکۆڵێتەوە کە دادگای لاهای پشت بە چ ئەساس و بنەما و فاکتێک دەبەستێت بۆ پێناسەکردنی جینۆسایدی گەلی کورد و خاڵە گرینگەکانی بڕیاری ئەو دادگایە چین کە دەکرێت کورد جەختیان لەسەربکاتەوە و وەکوو بەڵگەیەکی یاسایی بەکاریان بهێنێت. لەگەڵ پێناسەکردنی جینۆسایدی گەلی کورد لەلایەن ئەم دادگایەوە، بڕیارەکە باسی جیاوازی هێزە کوردیە دژبەرەکانی سەددام لەگەڵ گرووپ و تاقم و دەستەی ئاژاوەگێڕ و هێزی تێکدەر و تێرۆریستی دەکات و هەندێک پێوەری یاسایی ئەخاتە بەرچاو بۆ جیاوازی لە نێوان ئەم دوو هێزە. هێزە کوردییەکان بە رزگاریخواز و بەرهەڵستکار و خۆڕاگر و بەرخۆدێر ناو دەبات و پێوەری یاسایی دەخاتە بەرچاو بۆ ئەم مژارانە.

هەموو ئەم بابەتانە لە بڕیاری دادگاکەدا لە روانینی یاسای نێودەوڵەتییەوە لێکدراوەتەوە و باسی دەستکەوتەکانی داگاکە ئەکرێت و لایەنە گرینگەکانی بڕیاری دادگا ئەخرێتە بەرچاو کە کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە.

تۆمەتەکانی تۆمەتبار

دادگا لە سەرەتادا تێوەگلان لە دوو تاوان وەکوو تۆمەت ئاڕاستەی تۆمەتبار دەکات. هەر دوو تاوان، لە تاوانە قورسە نێودەوڵەتییەکانن کە ئەکەونە بەر شیانی جیهانی دادگاکان. تاوانی کۆمەڵکوژیی و تاوانەکانی شەڕ کە لە ماددەی ٥ی بنەڕەتنامەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتییدا لە گەڵ تاوان دژی مرۆڤایەتی و تاوانی شەڕەنگێزیی مژاری شیانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیین. ئەم تۆمەتانە بە پێی بڕگەی ئەلفی ماددەی ٣١٤ لە یاسای دادبینی تاوانکاری هۆڵەند دەستنیشانکرابوون و بۆ ساڵەکانی ١٩٨٠ تا ١٩٨٨ باسیان لێکرابوو. فرانس فان ئانرات تۆمەتبارەدکرێت بە پێشێلکردنی یاساکانی هۆڵەندا تایبەت بە کاتی پێکدادانی چەکداریی، یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی لە پەیماننامە و باوە یاساییە نێودەوڵەتییەکاندا و هەروەها پێشێلکردنی پەیماننامەی ١٩٤٨ی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان تایبەت بە ڕێگریکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید.

بنەماکانی شیانی دادگا

بە پێی یاساکانی هۆڵەندا ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید و تاوانەکانی شەڕ، لەو تاوانەن کە کات و شوێن نایانگرێتەوە و دادگاکانی ئەو دەوڵەتە شیانی ئەوەیان هەیە بە بێ لەبەرچاوگرتنی کات و شوێنی ڕووداوەکان تاوانەکە لێپێچینەوەیان بۆ بکەن. بە واتایەکیتر گرێدراوی کات و شوێن نین و لە هەموو کات و شوێنێکدا بە تاوانی قورس ئەژماردەکرێن. سەرەڕای ئەم بابەتە، ئەو تۆمەتانە ئاڕاستەی کەسێک کراون کە هاووڵاتی هۆڵەندییە و بە پێی ماددەی ٥ی یاسای دادبینی تاوانکاری هۆڵەند دەکرێت لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت و دادگاییبکرێت. بە پێی ماددەی ٢ی هەمان یاسا و ڕێساکانی تایبەت بە شیانی دادوەری لە یاسای تاوانە نێودەوڵەتییەکاندا، دادگاکانی هۆڵەند شیانی دادگاییکردنیان هەیە. دادگا ڕادەگەینێ کە ئەوەی کە تاوانەکان تاوانی نێودەوڵەتین شتێک لە ڕاستییەکان ناگۆڕێت. دادگا سەرەڕای هەبوونی شیانی نیشتمانی، هەندێکجار خۆی بۆ لای شیانی جیهانی ڕادەکێشێت.

یاسای بەرکار

لە کەیسی فرانس فان ئانراتدا دادگای لاهای لەگەڵ تێکەڵەیەک لە یاسای نێوخۆیی و یاسای نێودەوڵەتیی ڕووبەڕووودەبێتەوە. لەم کەیسەدا دادگا پشت بە یاسای نێوخۆیی و یاسای نێودەوڵەتیی دەبەستێت. یاسای نێوخۆیی هۆڵەندا تایبەت بە کاتی پێکدادانی چەکداریی و یاسای پەیماننامەیی و یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و هەروەها قەدەغەبوونی جینۆساید دەبەستێت. دادگا پاش بیستنی وتەکانی چاوەڕوکان و بەرگری تۆمەتبار و پارێزەرەکانی، ڕووداوی تاوانەکانی شەڕ و کۆمەڵکوژی بۆ یەکلادەبێتەوە. بە مەبەستی سەلماندنی ڕووداوی ئەم تاوانانە، پابەندێتییە نێودەوڵەتییەکانی هۆڵەندا و باو و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و هەروەها یاسا نێوخۆییەکانی هۆڵەند بە بنەمادەگرێت. بۆ لێکدانەوەی تایبەتمەندی تاوان و پێناسەکردن و دەستنیشانکردنی سنووری بەرپرسیاریەتیی بەپێی یاسای تاوانکاری، دادگای هۆڵەندا دەبێت لەم بوارەدا بە ئاڕاستەی یاسای نیونەتەوەییدا هەنگاوبنێت. وەکوو ئەوەی کە لە ماددەی ٩ بنەڕەتنامەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتییدا هاتووە و پێکهێنەرەکانی تاوان

دەبێت وەکوو ئامرازێک بۆ شـڕۆڤەکردنی تاوانەکان کەڵکیان لێوەربگیرێت.

لە کۆتاییدا سـەبارەت بە یاسـای بەرکار و ئەگەری ناتەبابوون یان بەریەککەوتنی یاسـاکان لە نێوان یاسای ناوخۆیی و یاسای نێودەوڵەتییدا دادگا دەگات بەوەی کە دەبێت یاسـای نێودەوڵەتی پێشـبخرێت و بەرکاربێت.

پێناسەی دادگا بۆ تاوانی جینۆساید

جینۆسـاید بریتییە لە کوشـتنی بە ئەنقەسـت، لەناوبردن، پاکتاوکردن و قڕکردنی گرووپێک یان ئەندامانی ئەو گرووپە. لە سـەرەتادا ئەم تاوانە بە بەشـێک لە تاوان دژی مرۆڤایەتی ئەژماردەکرا. جینۆسـاید لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان و لە بنەڕەتنامەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتییدا باسـی لێوەکراوە و ماددەی ٢ی پەیماننامەی جینۆسـاید و ماددەی ٦ی ئەم دادگایەدا بەم شـێوە باسـی ئەم تاوانەیان کردووە: مەبەست لە جینۆساید هەر کام لەم کردەوانەی خوارەوەیە کە بە "مەبەستی لە ناوبردن"ی هەموو یان بەشـێک لە گرووپێکی نەتەوەیی، نەژادی، ڕەچەڵەکی یان ئایینی جێبەجێ دەکرێت:

١. کوشتنی ئەندامانی گرووپێک.
٢. زیانگەیاندنی قورسی جەستەیی و دەروونی بە ئەندامانی گرووپێک.
٣. خسـتنە بەر جەوروسـتەم بە مەبەسـتی لەناوبردنی بەشێک یان تێکرای گرووپێک.
٤. سـەپاندنی کردەوەگەلێک بە مەبەسـتی پێشگرتن لە زاووزێی گرووپێک.
٥. گـواسـتنەوەی زۆرەملـی منـدالان لە گرووپێکەوە بۆ گرووپێکی دیکە.

ئەم تاوانە بۆ یەکەم جار لە لایەن "رافائێل لێمکین" یاسـاناس لە سـاڵی ١٩٣٣ دا هاتەئاراوە و هەر بۆ خۆی لە ساڵی ١٩٤٥ دا هێنایە ناو وێژەی یاساییەوە دواتر لە سـاڵی ١٩٤٨ لە پەیمانـنامەی قەدەغە و سـزادانـی تـاوانـی جـینـۆسـاید لە لایەن نەتەوەیەککگرتووەکانەوە ناسـێندرا و تاوەکوو ئەمڕۆ وەکوو مەترسـیدارترین و قێزەونترین تـاوانی نێودەوڵەتیی نـاوزەدکراوە و بە تـاوانی تـاوانەکـان دەیناسـێنن. پایەی یاسـایی تاوانی جینۆسـاید لە یاسـایی نێودەوڵەتییدا لە سـەر بنەمای پەیماننامەی جینۆسـاید پێناسـەدەکرێت کە بەپێی ڕاگەیندراوی دادگای دادی نێودەوڵەتیی و دادگای تایەت بە تاوانە نێودەوڵەتییەکان وەکوو یاسای نێودەوڵەتی نەریتی و تەنانەت ڕێسا فەرماندەرەکان خاوەن پێگەی یاساییە. جینۆسـاید تاوانی تاوانەکانە و لە دادگای تایبەت بە تـاوانی نێودەوڵەتیی لە ڕۆوانـدا لە کەیسـەکـانی "کامبادا" و "کایشما و ڕۆزیندا" ئەم ڕاستییە لە لایەن دادگاوە پشـتڕاستکراوەتەوە. لە تاوانی جینۆسایدا، تـاوانلێکراو یـان قوربـانیی، تـاکەکەس نیە بەڵکوو گرووپە. ئەوە ڕاسـتییەکە کە لەناوبردنی گرووپ لە ڕێگای کوشـتن و قڕکردنی ئەندامانی گرووپەکەوە مسۆگەردەبێت بەڵام ئەگەر تاوانکار تەنیا بەمەبەستی کوشـتن و لەناوبردنی کەسـێک یان چەند کەس، کەسـەکان بکوژێت بەبێلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەندامی گرووپێکن و لەبەر ئەندامێتی لەو گرووپە نەکرابێتنە ئامانج، ئەوا ناکرێت بە تاوانی جینۆساید مەحکوم بکرێت. تەنانەت ئەگەر دەسـتنیشـانکردنی قوربـانییەکـان لەبەر هۆکـاری ئەنـدامبوونیـان لە گرووپێکی ڕەچەڵەکی، ئایینی یان نەتەوە و ئەتنیکێکی تـایبەتـدا بێت. لەم حـاڵەتەدا دەبێت بە تـاوانی چەوسـانەوە وەک بەشـێک لە تاوانی دژەمرۆڤایەتی ئەژماربکرێت.

دادگـای لاهـای بـاس لەوە دەکـات کە کردەوەکـانی بکەرەکان کە پێکدێن لە بەرپرسانی ڕێژیمی بەعس و "فرانس فـان ئـانراات"، لە گەڵ کردەوەکـانی نـاو پەیماننامەی جینۆسـاید دەخوێنێتەوە و وەکوو یەکن؛ واتا، کوشـتنی ڕێبەران و سـەرۆکەکانی دەسـتەیەک و لێدانی زام و بریندی قورسـی جەسـتەیی و گیانی لە ئەنـدامـانی دەسـتە. دادگـا بە پێی پەیمـاننـامەی جینۆسـاید ئەم مژارە دەخاتە بەرباس کە جینۆسـاید

کاتێک رووەدات کە کردارێک ڕاشکاوانە و بەمەبەستی لەناوبردنی گشت یان بەشێک لە دەستەیەک یان تاقمێکی تایبەت جێبەجێبکرێت. دادگا ئاماژە بە هەندێک پێوەر دەکات بۆ ناسینی تاقمێکی تایبەت وەکوو دەستەیەک کە دەبێت بپارێزرێن و دەڵێ ئەو دەستەیەی کە بوونەتە قوربانی دەبێ هەڵگری ئەو پێوەرە بن و ئەگەر وا بێت دەبێت پارێزراوبن.

دادگا لە درێژەی دادگاییکردنەکەدا ڕادەگەینێ کە کرداری بکەران کە بەرپرسانی رێژیمی بەعس و فرانس فان ئانراتیش لە خۆدەگرێ لە گەڵ ئەو کردارانەی کە لە پەیماننامەی جینۆسایددا هاتوون یەکدەگرنەوە؛ واتا، کوشتنی ڕێبەرانی گرووپی خاوەنپارێزبەندیی و زیانگەیاندنی قورسی گیانی بە ئەندامانی گرووپ. دادگا هەروەها باس لەوەدەکات کە جینۆساید تەنیا کاتێک ڕووەدات کە کردارێک لە ڕاستیدا بە مەبەست و بە خواستی لەناوبردنی هەموو یان بەشێک لە گرووپی خاوەنپارێزبەندیی ئەنجامبدرێت. لێرەدا دادگا ئاماژە بە کۆمەڵێک پێوەری دیاریکراو دەکات و لە سەر بنەمای ئەو پێوەرانە گرووپی قوربانی وەکوو گرووپی خاوەن پارێزبەندیی پێناسەدەکات. یانی گرووپێک کە هەڵگری ناسنامەیەکی تایبەتن. دادگا بە پشتبەستن بەو پێوەرانە سەبارەت بە گرووپی قوربانیی یانی گرووپی خاوەنپارێزبەندی وەکوو "کورد" ڕادەگەینێ کە هەبوونی ئەم خاڵانەی خوارەوە پێویستن: ئەندامانی دەستەکە زمان و چاندی هاوبەشیان هەبووە؛ یان ئەندامانی دەستەکە خۆیان بە گرووپێکی نەتەویی بزانن؛ کەسانی دیکە، بە تایبەت بکەرانی تاوانی جینۆساید، گرووپەکە بە گرووپێکی نەتەوەیی بزانن.

لە سەر ئەو بنەمایە دادگا ڕادەگەینێ بە شێوەیەکی ڕاشکاو و باوڕپێکراو و ئەرخایەن سەلمێندراوە کە جەماوەر و حەشیمەتی کوردەکان ئەو تایبەتمەندیانەی سەرەوەیان هەیە کە لە پەیماننامەی جینۆسایددا ئاماژەی پێکراوە. بۆیە دادگا بە لەبەرچاوگرتنی قورسایی و قوولّی کارەساتەکە و هەروەها بەربڵاوی تاوانەکە و هەژماری کوژراو و بریندارەکان و هتد... ڕادەگەینێ کە کوردەکان لە ئێراق کۆمەڵکوژکراون. سەبارەت بە هەڵەبجە و سەردەشت و گوند و ناوچە کوردییە سنووریەکان و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دەڵێ: "ناکرێ هیچ مەبەستێکی دیکە بێجگە جینۆساید بۆ کردەوەکانی دەوڵەتی ئێراق بوونی هەبێت." هەروەها دادگا شتێکی سەیرتر باسدەکات و ڕادەگەینێ کە تێڕوانی سیاسی سیستەماتیک و ڕێکخراو دژی کوردان ڕوویداوە. دادگاکە ڕادەگەینێ کە بەئەنقەست ئەو کردەوانەی کە لە ماددەی ٢ی پەیماننامەی جینۆساید و ماددەکانی ١ تاوەکوو ٥ پەیماننامەی ئاکارەکی جینۆسایدا هاتووە ڕوویانداوە و ئەو کردەوانە بەرانبەر بە گرووپێک کراوە یان بەشێک لە گرووپەکە کراوە کە بەپێی پەیماننامەی جینۆساید خاوەنپارێزبەندین. ئەو کردەوانەش بە ئامانج و لە سەر ئەساسی خواستی لە ناوبردنی گرووپەکە ڕوویانداوە. بایەخی ئەم بەشەی بڕیاری دادگا لەوەدایە کە بۆ یەکەمجارە دادگایەک لە وڵاتێکی بیانیدا باسی کۆمەڵکوژیی کورد دەکات. ئەمە لە حاڵێکدابوو کە دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق تەنانەت بە یەک وشەش قەت باسی نەکرد. بۆ ئەوەی کورد وەکوو نەتەوە و دەستەیەکی نەتەوەیی بناسێندرێ باسی زمان و چاندی هاوبەش و ویستی خۆیان بۆ خۆ بەنەتەوەزانین و هەروەها بە نەتەوە ناسینیان لە لایەن کەسانی دیکە و بە تایبەت لە لایەن بکەرانی تاوانی جینۆساید دەکات.

دادگا بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە بکەرانی تاوان ویستی تایبەتی لەناوبردن و سڕینەوە و پاکتاوکردنی نەتەوەی کوردی وەکوو گرووپی خاوەن پارێزبەندی هەبووە، کۆمەڵێک پێوەری دیاریکراوی ڕاشکاو لەبەرچاوەدگرێت. ئەم پێوەرانە لە نەبوونی دانپێدانانی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانەی بکەری تاواندا لە ڕووی ئەو دۆخ و هەلوومەرجەی کە تاوانەکە تێیدا ڕوویداوە

دەستنیشاندەکرێت. بە مەبەستی سەلماندنی هەبوونی ویستی لە ناوبردن و قەڵاچۆکردن و مسۆگەربوونی جینۆسایدی بەپێی ڕێچکەی داوەریی تاوانی نێودەوڵەتیی، ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕۆڵی سەرەکییان دەبێت:

چوارچێوە و بەستێنێکی گشتیی کە ڕووداوەکان تێیدا ڕوویانداوە؛ دۆخێک یان ڕەوشێک کە گرووپی خاوەنپارێزبەندی بە شێوەی ڕێکخراو و سیستەماتیک تێیدا بە نایاسایی بوونەتە قوربانی؛ بەربڵاوی تاوانە کراوەکان؛ بەربەرەکانێ و ڕووبەڕووبوونەوەی سیستەماتیک و ڕێکخراو لە گەڵ قوربانییەکاندا بە هۆی ئەندامبوونیان لە گرووپێکی دیاریکراودا؛

ژمارەی قوربانییەکان؛

شێوازی ئەنجامدانی تاوانەکە؛

هەڕێمێک کە بکەرانی تاوان تێیدا چالاک بوون؛

ویستی ئاشکرای بکەرەنی تاوان بۆ کوشتنی قوربانییەکان؛

قورسایی ئۆپەراسیۆن و شاڵاوی کۆمەڵکوژیی؛

ڕێژە و چەندبارەبوونەوەی کردەوەکان لە شاڵاوی کۆمەڵکوژی لە ناوچەیەکی تایبەتدا؛

چوارچێوە و بەستێنی سیاسەتێکی گشتی کە تێیدا تاوانەکان ڕوویانداوە؛

وتەکانی بکەری تاوان سەبارەت بە چارەنووسی قوربانیان و گرووپی خاوەنپارێزبەندی.

دادگاکە بۆ ئەوەی بتوانێ بیسەلمێنێ کە ویستی تایبەت بۆ لەناوبردنی نەتەوەی کورد لەئارادا بووە بە جۆرێک پەنا ئەباتە بەر ڕێچکەی داوەریی دادگا نێودەوڵەتییەکان وەکوو ئەوەی کە لقی سەرەتایی و پێداچوونەوە لە دادگای تایبەت بە تاوانی نێودەوڵەتیی لە یۆگسلاڤیا بۆ سەلماندنی ویستی لەناوبردنی قوربانییەکان لە لایەن تاوانکارەکانەوە پشتپێدەبەستن.

ئەو بابەتانەی کە دادگا بۆ سەلماندنی تاوانی جینۆساید بەرابەر گەلی کورد جەختیان لەسەردەکات بە جۆرێک پشتبەستن و پابەندبوونە بە ڕێچکەی داوەری دادگاکانی دیکە. لە کەیسی "ئاکائیسۆ"دا دادگای تایبەت بە تاوانی نێودەوڵەتیی لە ڕواندا ڕایدەگەینێ کە دەرپەڕاندنی و کۆچپێکردنی پلان بۆدارێژراوی گرووپی قوربانی لە لایەن تاوانکارانەوە وەکوو یەکێک لەو کردەوانە پێناسەدەکرێت کە "خستنە ناو دۆخێکی نالەباری ژیان کە لە کۆتاییدا ببێتە هۆی لەناوچوونی فیزیکی هەموو یان بەشێک لە گرووپەکە" لەخۆدەگرێت و بە مانی ڕووداوی جینۆسایدە ئەژماردەکرێت. داواکاری گشتیی لە دادگای تایبەت بە تاوانی نێودەوڵەتیی بۆ یۆگسلاڤیا لە دووتوێی تۆمەتنامەکەدا کە دژ بە "ڕادوان کارادزیچ" و "ڕاتکۆ مێلادیچ" ئاڕاستەکرابوو ئەو تۆمەتانە ئەخاتەبەرباس کە دەرپەڕاندنی سەدان هەزار مۆسڵمانی بۆسنیایی لە نێوان ساڵەکانی ١٩٩٢ بۆ ١٩٩٣ و هەستان بە پاکتاوی ڕەچەڵەکی لە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی بۆسنیا و کراجینا و سێربرێنیتسا تێیدا ڕوویانداوە. داواکاری گشتیی ئەم کردەوانە وەکوو جینۆسایدێ دژی مۆسڵمانەکانی بۆسنیا پێناسەدەکات. ئەم مژارانە لە بۆچوونەکانی دادوەرەکانی دادگای شاری لاهای و بڕیاری دادگادا بە ڕوونی ڕەنگیداوەتەوە. بۆیە دادگاکە ئەو ڕاستییانە لەبەرچاودەگرێت کە کۆی تاوانە یەک لەدوای یەکەکان بەرانبەر بە گرووپی نەتەوەیی کورد لە ئێراقدا بە درێژی سالانێکی زۆر ڕوویانداوە. دادگا بە ئاماژەدان بەو خاڵانەی سەرەوە و هەروەها هەڵاوردن و سەرکوتکاریی سیستەماتیک دژی گرووپی کورد و شەڕی تۆندوتیژی ئێراق لە گەڵ کوردەکان لە هەر بڕگەیەکی زەمەنیدا، ڕادەگەینێ کە دادگا ناتوانێ بێجگە جینۆساید بە بابەتێکیتر ڕاڤەی بکات. دەکرێت بۆ سەلماندنی ئەم مژارە بە تۆندوتیژی سەرکوتکاری بەربڵاو و عەرەبانەی ناوچە کوردییەکان، پاکتاوکردن و شۆڤێنیزمکردن لە ئاستێکی بەربڵاودا، کوشتنی سەرەڕۆیانە بێدادگاییکردن، هێرشی سەرگوندەکان و

خاپوورکردنیان، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و قەڵاچۆکردن و پاکتاوکردنی گشتیی لە شاڵاوی ئەنفالدا بەڵگاندنی بۆ بکرێت. دادگا سەبارەت بە بابەتی هەڵەبجە و سەردەشت و گوند و ناوچە سنوورییەکان کە بەر چەکی کیمیایی کەوتن و کە هەموویان کوردن، بابەتەکە وا شرۆڤەدەکات کە هیچ تاوانێکی نیکە کە کردەوەکانی دەوڵەتی ئێراقدا بێجگە لە جینۆساید ناخوێندرێتەوە. دادگا بڕیارەکەی خۆی لە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە پتەو و پشت ئەستوورەکات: هەبوونی چوارچێوەیەکی گشتی بۆ سەرکوتکاریی سیستەماتیکی گرووپی کورد؛ زۆربوونی ژمارەی قوربانیانی کورد، کە دادگا لەو باوەڕەدایە بە دڵنیاییەوە ژمارەی قوربانیان دەیان هەزار کەس تێدەپەڕێنێ کە لە ئاکامی هێرش و کوشتنی بەکۆمەڵدا رووياندواوە؛ بەکارهێنانی بەربڵاوی چەکە کیمیاوییەکان دژی گرووپی جەماوەری کورد کە لە بەر تایبەتمەندی ئەم جۆرە چەکانە لە کاتی بەکارهێنانیاندا نەکرێت هیچ جیاوازییەک لە نێوان کەسانی مەدەنی و سەربازییدا بکەن، ئەم چەکانە جگە لەوەی زیانێکی زۆر گەورەی لە دانیشتوان داوە، بەڵکوو بوونەتە هۆی تۆقین و ترساندنی خەڵک و وایکردووە کە شار و گوندەکان جێگای ژیان نەبێت و چۆڵبکرێت؛ خاپوورکردن و لەناوبردنی بەربڵاوی گوندە کوردییەکان و دواتر دەرپەڕاندنی خەڵکی مەدەنی؛ وتە و قسەکانی نوێنەرانی رێژیمی بەعس بە تایبەت عەلی حەسەن مەجید کە سەلمێنەر و نیشاندەری سووکایەتی بە گرووپی جەماوەری کوردە. لە سەر بنەمای ئەو داکەوت و فاکتانەی سەرەوە دادگا دەگات بەو بڕوایەی کە سەرجەم هێرشەکان بە مەبەست و ویست و خواستی جینۆساید رووياندواوە. هەروەها دەڵێت کە تیرۆری سیاسی دژی گەلی کورد رووياداوە. دادگا بڕاوی وایە کە ویستی لەناوبردنی کورد بە تەنیا نیشانەری ئەو ڕاستییەیە کە بکەری تاوان، یەک بە یەکی قوربانییەکانی تەنیا لە بەر ئەندامبوونیان لە گرووپی خاوەنپارێزبەندییدا کردووتە ئامانج و کوشتن و سووکایەتی و بەدرەوشتی لەگەڵ ئەندامانی ئەو گرووپە لە ڕاستیدا نیشاندەری ویستی لەناوبردنی گرووپەکەیە. ئەم بۆچوونەی دادگا لێرەدا پشت بە رێچکەی دادوەریی دادگا نێودەوڵەتییەکانی دیکە دەبەستێت.

دادگا، سەرەڕای ئەوەی کە دەسەلمێنی کورد جینۆسایدکراوە و سەددام حسێن وەکوو حاکمی رەهای ئێراق و عەلی حەسەن مەجید وەکوو ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و فەرماندەی شاڵاو و هێرشەکانی ئەنفال و حسێن کەماڵ حەسەن مەجید وەکوو یەکێک لە فەرماندەکانی سووپا بە بکەری سەرەکی تاوانی جینۆساید ئەژماردەکات و ویستی تایبەت بۆ لەناوبردنی گەلی کورد بە مسۆگەر دادەنێ، فرانس فان ئانرات لە تۆمەتی کۆمەڵکوژیی بێبەریدەکات. لەبەر ئەوەی کە دادگا ناتوانێ بیسەلمێنێ کە فرانس فان ئانرات ویستی تایبەتی لەناووبردنی گەلی کوردی هەبووبێت. ڕاستە کە کورد جینۆسایدکراوە بەڵام ئانرات بە کرادارەکانی خۆی ویستی لەناوبردنی کوردی نەبووە و ناکرێت بەشداری لە تاوانی جینۆسایدی کوردا بخرێتە ئەستۆی. چونکوو دادگا هیچ بەڵگەیەکی بەدەستەوە نیە کە بیسەلمێنێ کە فرانس فان ئانرات لە ویستی دەوڵەتی بەعس بۆ لەناوبردنی گەلی کورد ئاگەداربووبێت و هەر لە سەر ئەم بنەمایە، ئەم تاوانەی بەسەردا ساغنابێتەوە.

پێناسەی دادگا بۆ تاوانی شەڕ

ماددەی ٨ی بنەڕەتنامەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی پەسەندکراوی کۆنفرانسی ١٩٩٨ ڕۆما بە پشتبەستن بە پەیماننامە چوارێنەکانی ١٩٤٩ جنێڤ و پرۆتۆکۆڵە هاوپێچەکانی ١٩٧٧ و هەروەها یاسای نێودەوڵەتیی مرۆیی سەبارەت بە شەڕی چەکداریی و

یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی بەم جۆرە تاوانەکانی شەڕ پێناسەدەکات: مەبەست لە تاوانی شەڕ لە بنەڕەتنامەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتییدا ئەنجامدانی هەریەک لەم کردەوانەی خوارەوەیە بە تایبەت کاتێک کە ئەم کردار و تاوانگەلە لە دووتوێی پلان و بەرنامە یان سیاسەتێکدا رووبدەن یان زنجیرەیەک لە تاوانی هاوشێوەبن و لە ئاستێکی بەرفراواندا ئەنجامبدرێن: پێشێلکردنی قورسی پەیماننامەکانی ١٩٤٩ی جنێف، واتا هەر یەک لەو کردارانەی دژی کەس و موڵک و ماڵ و داراییانەی کە لە لایەن ئەم پەیماننامەگەلەوە پارێزراون؛ پێشێلکردنی قورسی یاسا و رێسا باوەکانی یـ اسای نێودەوڵەتیی مرۆیی و ئەو یاساگەلەی زاڵن بەسەر پێکدادانی چەکداریی نێودەوڵەتیدا؛ لە حاڵەتی رووداندی شەڕی نانێودەوڵەتیدا، بنپێکردنی قورسی ماددەی ٣ی هاوبەش لە چوار پەیماننامەکەی جنێف ١٩٤٩ واتا هەریەک لەو کردارانەی کە دژ بەو کەسانە دەکرێت کە هیچ جۆرە بەشداریەکی کارایان لە شەڕدا نیە؛ پێشێلکردنی قورسی ئەو بەشەی لە یاسا و رێسای نێودەوڵەتیی کە بەرکارن لە کاتی پێکدادانی چەکداریی نانێودەوڵەتیدا؛

دادگا پاش ئەوەی رووداوەکانی شەڕی نێوان ئێران و ئێراق دەگێڕێتەوە و بە شێوەیەکی یاسایی وەکوو ئەوەی خوارەوە لێکدانەوەیان بۆ دەکات: لە مەودای نیوان ١٩٨٠ بۆ ١٩٨٨ پێکدادانی چەکداریی نێودەوڵەتیی لە نێوان ئێران و ئێراقدا هەبووە؛ لە خاکی ئێراقدا لە نێوان سووپای حکوومەتی ئێراق و گرووپە بەرهەڵستکار و بەرخۆدێرە کوردەکاندا لە لایەکیترەوە پێکدادانی چەکداریی نانێوودەوڵەتی (لە چوارچێوەی واتایی یاسای پێکدادانی چەکداریی)دا بوونی هەبووە، ئەم شەڕە نانێودەوڵەتییە زۆر لە پێشووترەوە دەستیپێکردبوو و لە مەودای کاتیی تۆمەتەکەشدا هەر بەردەوامبووە. دادگا بۆ ئەو زانیاریانەی تایبەتن بە نەتەوەی کورد و شۆڕشەکانی دژی حکومەتی بەعس و راپەڕینەکانی کورد پشت بە کۆمەڵێک سەرچاوەی زانستی و مێژوویی دەبەستێت کە کۆمەڵێک بەڵگەنامەی باوڕپێکراو ئەخاتە بەرچاو کە هەندێکیان نووسەرانی بەناوبانگی بیانی بەرهەمیان هێناوە و هەندێکیان بەلگەنامەی ناوەند و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانن. سەرجەم ئەو سەرچاوانە لە لایەن دادگاکەوە شڕۆڤەی یاسایی بۆ کراوە و وەکوو بەڵگەنامە و فەکت بۆ سەلماندی ڕاستییەکان کەڵکیان لێوەرگیراوە. بۆیە دادگا دەگات بەوەی فرانس فان ئانڕات ناتوانێ خۆی بێئاگا لەو بابەتانە لە قەڵەمبدات. فرانس فان ئانرات ئاگەداری شەڕی نێوان ئێراق و ئێران و هەروەها ئێراق و گرووپی بەرهەڵستکاری کورد بووە و لەم رووەوە زانیاری تەواوی هەبووە، سەرەڕای ئەم زانیارییە هەڵساوە بە دابینکردنی مادەی خاو بۆ بەهەمهێنانی بۆمبی کیمیایی بۆ دەوڵەتی ئێراق. دادگا دەگات بەو باوەڕەی کە بە پێی ئەو بەڵگە و ڕاستییانەی بەردەستن فرانس فان ئانرات ئاگاداری دۆخەکە بووە و ئەو پێداویستییانە بۆ دەوڵەتی عیراق دابینکردووە کە بۆ تاوانی شەڕ کەڵکی لێوەرگرتوون و ئەو مادده و پێداویستییانەی بە دەوڵەتی ئێراقی فرۆشتوون تەنی و تەنیا بۆ بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی کەڵکیان لێوەردەگیرێ. دادگا رایدەگەینێ بەڵگە باوڕپێکراوەکان دەیسەلمێنن کە دەوڵەت و سووپای ئێراق بە چەندینجار یاسا و رێساکانی پێکدادانی چەکداریی و باوە یاساییەکانی مرۆڤدۆستی نێودەوڵەتیی و پرۆتۆکۆڵی جنێف ١٩٢٥ و ماددەی ١٤٧ی پەیماننامەی چوارەمی ١٩٤٩ی ژنێف سەبارەت بە پاراستنی کەسانی مەدەنیی و هەروەها ماددەی ٣ی هاوبەشیی هەر چوار پەیماننامەکەی ١٩٤٩ی جنێفیان بنپێکردووە و ئانراتیش لەم پێشێلکارییە قورسەدا بەشدارە و هاوکاری سووپای کردووە و کەرەستە و ئامرازی تەواوی بۆ دابینکردوون. هێرشی کیمیاوی لە ١٩٨٧ بۆ سەر ئاڵوت و ١٩٨٧ بۆ سەر سەردەشت و ١٩٨٨ بۆ سەر هەڵەبجە و ١٩٨٨ بۆ سەر زەردە و ١٩٨٨ بۆ

سەر شاری شنۆ و دەیان ناوچەی دیکە کراوە کە بووتە هۆی مەرگ و لەناوچوون و برینداربوونی هەزاران کەس و زیانی گیانیی و رۆحیی بەجێهێشتووە. ئەم کردەوە بە ئەنقەست و بە بەربڵاو و بە دەیان جار کراوە. ئانرات ئامرازی دروستکردنی بۆمبی کیمیایی بۆ ئەنجامدانی تاوانی قورسی نێودەوڵەتیی دابینکردووە. بە زانیاری تەواو و بە مەبەستی بەدەستهێنانی پارە و قازانج یارمەتی پرۆژەی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی ئێراقی داوە. یارمەتییەکانی ئەو بووتە هۆی گیانلەدەستدانی هەزاران کەس لە ئاکامی هێرشە کیمیاوییەکانی رێژیمی بەعسدا.

بڕیاری دادگا

بەپێی بڕیاری دادگا تۆمەتی یەکەم کە تایبەت بوو بە بەشداری لە جینۆسایدی گەلی کوردا لەسەر لانەچێ، بەڵام دادگا بە پشتبەستن بە ڕاستییەکان و بەڵگە حاشاهەڵنەگرەکان دەگات بەوەی کە جینۆسایدی گەلی کورد رووبداوە. سەبارەت بە تۆمەتی دووەم دادگا رایدەگەینێ کە بەڵگەکان دەسەلمێنن کە تاوانی شەڕ رووبداوە و فرانس فان ئانرات ڕاستەوخۆ بەشداری لەم تاوانەدا کردووە و تەنانەت پاش کیمیاباران هەڵەبجەش سەردانی پایتەختی ئێراقی کردووە و ناوی بازرگانیی خۆشی گۆڕیووە بۆ ئەوەی کە نەناسرێتەوە و هاوکارییەکانی بۆ پرۆژەی چەکە کیمیاوییەکانی ئێراق بەردەوامبووە. تەنانەت هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە ناوبراو پەشیمان بووبێتەوە یان بە بەزەییەوە چاوی لە قوربانییان کردبێت تێبدا بەدینەکراوە. بۆیە لە کۆتاییدا بە پێی یاسای هۆڵەندا قورسترین سزای بەسەردا دەسەپێندرێ بۆ بەشداریکردن لە تاوانەکانی شەڕدا لە رێگەی هاوکاریکردنی رێژیمی حاکمی ئەوکاتەی ئێراقەوە بۆ بەرهەمهێنانی چەکی کۆکوژ و کیمیاوی.

دەرەنجام و خاڵە گرینگەکانی بڕیاری دادگا

زۆر گرینگە کە هیچ تاوانباریک نەتوانێ لە دەرەوەی یاسا بمێنێتەوە و رزگاری بێت لە دادگاییبوون و لە سزاوەرگرتن. بۆیە هەر دادگاییکردنێک بە دوای دوو ئامانجدا دەگەڕێت: یەکەم، دادپەروەریی و قەرەبووی قوربانییان و گەڕاندنەوەی ئاسایش و سەقامگیری بۆ کۆمەڵگا لە رێگای سزادانی تاوانبارەوە. دووەم، رێگریکردن لە دووبارە و چەندبارەبوونەوەی تاوان لە رێگای چاوترسێنی یاساییەوە کە هەست و خواستی ئەنجامدانی تاوان لاوازبکات. سەرەڕای ئەم بابەتانە کۆمەڵێک خاڵی جێ سەرنج لە هەموو دادگاییکردنێکدا هەن بە تایبەت لە کەیسێکی وەکوو دادگاییکردنی فرانس فان ئانراتدا دەردەکەون کە لەوانەیە گرنگێتیی و قورساییەکەیان لە بڕیاری کۆتایی دادگاکە زۆرتر بێت و تا ساڵەهای پاش دادگاییکردنەکە هەر ئاماژەی پێبدرێ و لێکۆڵینەوەی لەسەربکرێ. ئەم بابەتە لە بڕیارەکانی دادگا نێودەوڵەتییەکاندا زیاتر بەرچاوەدەکەوێ هەندێکجاریش راوبۆچوونی دادوەرەکان هاوپێچی بڕیاری دادگاکە دەکرێت و بڵاودەکرێتەوە کە بەردەوام ئەبنە هۆی گەشەسەندنی یاسای نێودەوڵەتیی. ئەم بابەتە لە کەیسی فرانس فان ئانراتدا لە کاتی گەنگەشەی دۆسیەکەدا و دووتۆی ئاڕاستەکردنی تۆمەت و بەرگری تۆمەتبار لەخۆی و بەڵگاندنەکانی دادگا و هەروەها بۆچوونی دادوەران و دادگا لە سەر هەندێک بابەت بەرچاوەدەکەوێ کە جێ سەرنج و جێگای تێرامانن.

ئێ بابەت لە بڕیاری ئەم دادگادا و لە دووتۆی پرۆسەی دادگاییکردنەکەدا زۆر گرینگن و دەکرێت زیاتر لە سەریان راوەستە بکرێت. ئەم مژارانە بۆ نەتەوەی کورد و هێزی رزگاریخوازی کورد کە ناچاری بەرپەرچدانەوەی چەکداریی و بەرگریی رەوا دەبێت و بۆ قوربانیانی چەکی کیمیاوی دەکرێت ببێتە بەردێکی بناغە بۆ پێداگری و داواکاری لە سەر مافی قەرەبووکردنەوە و بۆ نەتەوەی کوردیش یەکەمجار لە



ڕێگای دادگایەکی وڵاتێکی بیانی و ئەوروپییەوە بە فەرمی دان بە جینۆسایدکردندا دەنرێت و ئەمەش دەبێتە بەردی بنەما بۆ کۆمەڵێک داواکاری یاسایی لە دەوڵەتی ئێراق و لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. لە بڕیاری دادگادا فرانس فان ئانرات بۆ جینۆسایدی گەلی کورد مەحکووم نەکرا، بەڵام بەشی هەرە زۆری بەڵگەنامە و سەرقاڵییەکانی ناو دادگاکە تەرخانکرا بۆ لێکۆڵینەوە لە جینۆسایدی گەلی کورد وەکوو نەتەوەیەکی خاوەن پارێزبەندی لە بەر ڕووناکی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی قەدەغەبوونی جینۆسایدەوە بەو پێوەرانەی کە لەم پەیماننامەیەدا هاتوون. یەکەمجار دادگایەکی ناوخۆیی و ئەوروپی باسی جینۆسایدی کورد دەکات کە دەکرێت ببێتە بەردی بناغە بۆ داواکاری مافی ئەو نەتەوەیەی کە جینۆسایدکراوە. دادگا بە ڕاشکاوی ڕادەگەینێ کە کوردەکان هەڵگری ئەو پێناسەیەن کە بۆ گرووپێکی نەتەوەیی خاوەنپارێزبەندیی لە پەماننامەی جینۆسایدا هاتووە.

یەکێک لەو تۆمەتانەی کە دەوڵەتە داگیرکەرەکان و ڕێژیمە ڕەگەزپەرستەکان بەردەوام ڕووبەڕووی مافخوازان و ڕاپەڕیوانی دەستی ستەم و نادادی و داگیرکاری دەکەنەوە ئەوەیە کە هەر چەشنە داواکاری و مافخوازییەک بە دڕندانەترین شێوە وەڵام دەدەنەوە و ئەو گرووپ و ڕێکخراوانە کە بەرپەرچی سەرکوتکارییەکان ئەدەنەوە و دژی ستەم ڕادەپەڕن بە تیرۆریست و تێکدەر و ئاژاوەگێڕ ناوزەد دەکەن. ڕێژیمی بەعسیش هەر کوردێکی مافخواز و ڕاپەڕیوی بە تێرۆریست و ئاژاوەگێڕ دادەنا و لەو چوارچێوەیەدا لە گەڵی هەڵسووکەوتی دەکرد. ئەم دادگایە بۆ یەکەمجار باسی گرووپێک دەکات کە دژی ڕێژیمێکی دڕندە و ڕەگەزپەرست بەرخۆدان دەکات و بە گرووپی بەرخۆدێر ناویان لێدەبات و ڕادەگەینێ کە ئەم گرووپە یەکێک لە لایەنەکانی شەڕن و هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەکوو هێزێکی ڕزگاریخواز پێناسەدەکات و دەیخاتە ناو چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیی پێکدادانی چەکداریەوە و لێرەشدا پێگەی یاسایی بۆ هێزی ڕزگاری کوردستان دادەنێت.

لەسەر ئەم بنەمایە رادەگەینێت کە ئەو ڕاستیە کە هێزە کوردیە بەرهەڵستکارەکان هەندێکجار لەگەڵ هێزەکانی ئێران هاوڕێ بوون و پێکڕا هێرشیان دەکرد نابێتە هۆی ئەوەی کە شەڕەکەیان لە شەڕی ناوخۆییەوە بگۆڕدرێ بۆ شەڕی نێودەوڵەتیی یان بەشێک لەو شەڕە. لە بەر ئەوەی کە ئێران هیچ هێز و کۆنترۆڵێکی بە سەر ئەوانەوە نەبوو و هێزەکانی بەرهەڵستکار بەردەوام بە دوای ئامانجی خۆیانەوە بوون. بەلەبەرچاوگرتنی ئاستی بەربڵاوی هێرش و پێکدادانەکانی نێوان گرووپە بەرهەڵستکارەکان و هێزەکانی دەوڵەت و ئەو چەکانەی بەکاردەهێندران و ئەو ڕاستییەی کە هێزە کوردیەکان توانای ڕێکخستنی هێرشی چەکداری لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە هەبووە، شێوازی ڕێکخستنی ئەم گرووپە بەرخۆدێرە لە ڕێکخستنە بەرپەرچدەرەکانی خۆیان، هیچ ئاماژە یان نیشانەیەک لە ناڕێکی ناوخۆیی و ناڕێکخراوەیی پێوە دیارنیە و کردەوەی تووندوتیژی و بێسەروبەرەیان لێنەکەتووتەوە. بۆیە شەڕ و پێکدادانی ناوخۆیی بەو مانایەی کە لە یاسای شەڕپێکدادانی چەکداریدا هاتووە، بوونی هەبووە. ئەو پێوەرانەی دادگا بۆ جیاوازییکردن لە نێوان هێزێکی رزگاریخواز و بەرهەڵستکار لە گەڵ هێزێکی تووندئاژۆ و تێرۆریستی و تێکدەر یان ئاژاوەگێردا ئاماژەیان پێ دەکات لە یاسای نێودەوڵەتیی پێکدادانی چەکداریەوە وەرگیراون کە بۆ هەر دۆخێکی هاوشێوە و وەکهەڤ دەکرێ کەڵکیان لێوەربگیرێ بە پێ ئەم پێوەرانە دەکرێ هێزێکی چەکداری رزگاریخواز و بەرهەڵستکاری ڕێژیمی ڕەگەزپەرست و ئاپارتاید لە هەڵچوونێکی بێسەروبەرە یان گرژی و ئاڵۆزی و تێرۆر جیابکرێتەوە. ئەم جیاوازییە دەبێتە هۆی بەفەرمی ناسینی هێزی رزگاریخواز لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتیی و یاسای نێودەوڵەتیی مرۆیی. بۆ ئەم مژارە دادگا ئاماژە دەکات بە فەرماندەری و سەرۆکایەتی بەرپرسیار و لێپرسراوی ئەم هێزانە، ڕێکخستن و سازی بوون، هێز و توانای هێرش و بەرپەرچدانەوە، خاوەن پرەنسیپ و کردار و هەڵسووکەوتی نیزامی، هەڵگری ناسنامە و جلوبەرگی تایبەت، لێدان لە ئامانجی نیزامی، خۆبواردن لە کوشتن و خەسارگەیاندن بە خەڵکی ئاسایی و مەدەنی. بنەمای ئەم پێوەرانە لە پەیماننامەکانی جنێڤی ١٩٤٩ و پرۆتۆکۆڵەکانی ١٩٧٧دان. بە تایبەت پرۆتۆکۆڵی دووەمی هاوپێچ باسی خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی و دژەداگیرکاریی و هەروەها دژی ڕێژیمە ڕەگەزپەرستەکان دەکات کە لەسەر بناغەی مافی دیاری کردنی چارەنووس بە پێی بنەرەتنامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و هەروەها پەیوەندی دۆستانە و هاریکاریی نێوان دەوڵەتەکان بنیات نراوە.

وێنەی جل وبەرگ وبوخچەی ئەنفالکراوان لە گۆڕی بەکۆمەڵی ناوچەی تەلشیخە لەبیابانی پارێزگای سەماوە

لە بڕیاری کۆتایی دادگا، تاوانبار بە بڕە پارەیەکی ڕەمزی وەکوو قەرەبووی زەرەر و زیان حوکمدرا و تەنانەت لە بەشەکانی کۆتایی بڕیارەکەدا تێچووی پارێزەریش لە بەرچاوگیراوە. ئەمە دەتوانێ وەکوو خاڵی بنەما چاوی لێبکرێت و بەهەندوەربگیرێت بۆ داواکاری قەرەبووکردنەوە لە دۆز و دۆسیەی نوێدا کە بە داخەوە هەتا نووکە بە گوێرەی پێویست تیشکی نەخراوەتەسەر. بەدڵنیایەوە دەکرێ داوا و سکاڵای تازە هەر لەسەر ئەو بنەما و دەسکەوتانە بجوولێندرێ. دەکرێ ئەم هەنگاوە بۆ قوربانیانی کیمیابارانەکانی ڕێژیمی بەعسی لەناوچوو شتێکی لێ شین بێت. بۆ ئەم مەبەستە پشتیوانی دام و دەزگا دەوڵەتیەکان زۆر پێویستە. کۆمەڵگای مەدەنی دەتوانێ قوواڵایی ئەم زامە بۆ لایەنە پێوەندیدارەکان زۆرتر بخاتە ڕوو و هانیان بدات بۆ هەنگاوێکی کرداری.


کەندێناوە سەرەتای تەعریب و سەرەتای دەستپێکردنەوەشی



شێرکۆ کرمانج

هەر جارێک پرسـ یاری تەمەنو ڕۆژی لە دایکبوونی خۆم بکردایە، دایکم دەیگۆت کوڕم ئەتوتەقریبەن چار مانگانبووی لە زگم کە حەرەس قەومی و عەســـکەر هاتن گابەرەکەو چەندین گوندی دیکەیان لە کەندێناوە ســـوتاند. بابت لەگەڵ تەواوی خەڵکی گابەرەکەو ئەو گوندانەی کە ســـوتێندران بردرانو لە موســـ هیب لەودیوی بەغدای زیندانیکران. ئەو ڕۆژی خوا ئەتوی دا مە بابتو خەڵکەکە لە زیندان بەربوون. ئەو وەختی ئەمە لە هەولێرێ بووین چونکە حکومەت پاش گرتنی پی اوەکان ژنەکانی ان دەرکرد لە گوندەکان. دایکم ئێســـتاش ئاوا چیرۆکی لەدایکبوونی من دەگێڕێتەوە کە لەڕاســـتیدا تەنیا چیرۆکی لەدایکبوونی منداڵێک نییە بەڵکو چیرۆکی هەولّی زیندەبەچاڵکردنی گەلێکیش ە لەڕێگەی تەعریبو ڕاگواستن. ســوتاندنی ئەو گوندانەی دایکم باســـ ی دەکردن لە کەندێناوە لە ١٩٦٣ دا کە ژمارەیان دەگەیشتە نزیکەی ٣٠ گوند لە ٧٠ گوندی ناوچەکە دەکرێت بەسەرەتای تەعریبکردنی سیستەماتیکانەی ناوچە کوردستانیەکان لە باشوری کوردســـتان دابنرێت. هەندێک نوســـ ەرو توێژەر پرۆســـ ەی تەعریبکردنی کوردســـتان دەگێڕنەوە بۆ سەردەمی پاشایەتی کاتێک یاسین هاشمی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، لە ١٩٣٦ دا ئاســـانکاریی زۆری پێشـــکەش بە خێڵە عەرەبەکانی دیوی ڕۆژئاوای زێی دیجلە کرد تـاوەکو بێن لە دیوی ڕۆژهەلاتی دیجلە لە نـاوچەی حەویجە پێگەبلنێن، ئەویش بەـلێ دانو ڕاکێشـــانی کەنـاڵێکی ئـاو تـاوەکو عەرەبەکـان لە دەوروبەری کەنـاڵەکە بەروبومەکـلنیـ ان بچێننو نیشـتەجێبن. بەڵام ئەم هەوڵانە زۆر سـ یسـتەماتیک نەبوون چونکە خێڵە کوردییە نیمچە ڕەوەندەکانیش ئـازادکرابوون کە کەڵ ک لەم پرۆژەیە وەرگرن بەس کوردەکـان تەنـانەت بەپیر بـانگەوازی هەنـدێ ک لە ڕوناکبیری کوردیش ەوە نەچون بۆ نیشـتەجێبوون لەو نـاوچـانە. مەبەســـت ئەوەیە کە پێش هـاتنی ناسـ یونالیسـتە عەرەبەکان بۆ سـ ەر حوکم لە ١٩٦٣ هـاتنی عەرەب بۆ کوردســـتـان زیـاتر بەشـــ ێوەی گەشـ ەیەکی ســـروشـــتی بووە لەوەی سـ یاسـ ەتێکی تەعریبی سیستەماتیکی لەپشت بووبێت. بەڵام لەوکات بەدواوە تەعریبکردن شـ ێوازێکی سـ یســـتەماتیکانە بەخۆیەوە دەبینێ تو لەئـاکـامیـ دا لەنێوان ١٩٦٣ تـا ٢٠٠٣ نزیکەی ٣٦ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشـ ە، واتە ٤٢%، ی خاکی کوردستان، بەشێوەیەک لە شێوەکان بەر سیاسەتەکانی تەعریب کەوتووە.

ناوچەی کەندێناوە لەم هەڵمەتە سیستەماتیکییە پشکی شـــ ێری بەرکەوتـوە. یەکەم هەوڵی تەعریبکردنی نـاوچەکە لە ١٩٦٣ دا لەســـ ەر دەســـتی حەرەس قەومییەکانو ناسـ یونالیسـتە عەرەبەکان لەسـ ەردەمی عەبـدولســـ ەلام عـارف ئەنجـامـدراوە، کە وەک گوتم نزیکەی ٣٠ گوندی گرتەوە. دووەم هەوڵ لە ١٩٧٥ دا لەســـ ەر دەســـتی بەعســـ ییەکان لەســـ ەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکر جێبەجێکرا. تەنیا ئەو گوندانەی گرتەوە کە ئەوکات نەوتیان تێدا دۆزرابۆوە کە ژمارەیان ٢٩ گوند بوو. ســـ ێیەم هەوڵ لە ١٩٨٧ لەســـ ەر دەســـتی بەعسییەکان لەسەردەمی سەدام حوسێن وەگەڕخرا کە تەواوی گوندەکانی کەندێناوەی گرتەوە .



لە دوای پڕۆسەی ئازادی عێراق لە ٢٠٠٣ دا خەڵکی تەواوی گوندەکانی کەنداوە بەشێوەیەکی پچڕپچڕو بەژمارە کەم گەڕاونەتەوە گوندەکانی خۆیان بەگشتیش خەریکی ئاژەڵداریو کشتوکاڵن. لەدوای شکستی ئۆکتۆبەری ئەم ساڵ لێرەو لەوێ قسە لەسەر گەڕانەوەی عەرەبەکان بۆ ناوچەی کەندێناوە کراوەو دەکرێت، بەتایبەتی ئەو گوندانەی کە لە ١٩٧٥ــــ ەوە عەرەبیان تێدا نیشتەجێکرابوو. لە ڕۆژی چوارشەممە، ٢٧ ی کانونی دووەم، گروپێکی گەورە لەو عەرەبانەی کاتێخۆی لەناوچەکە نیشتەجێکرابوون بە پاڵپشتیی پۆلیس ی ئیتیحادی عێراقی و بەڕەزامەندی پارێزگاری کەرکوک هاتونەتە گوندی پەلکانە، یەکێک لە گوندە تەعریبکراوەکانی کەندێناوە. لەوێ هەندێک ماڵیان داگیرکردەوەو هەڕەشە ەیان لە خەڵکەکەش کردوە کە دەبێت گوندەکە جێبهێڵن .

ئێستا هەوڵەکان بەردەوامن بۆ شکستپێهێنانی هەوڵی دووبارە تەعریبکردنەوەی ناوچەکە لەژێر سایەی حکومەتەکەی عەبادی. لەو پەیوەندە واچاکە هەڵوەستە لەسەر هەندێک پرس بکرێتو هەندێک ڕاستیی بخرێنەڕوو، لەوانە:

یەکەم، حکومەتی مەرکەزی عێراق دەیەوێت خۆی لەم هەوڵە نەبان بکاتو بیخاتە ئەستۆی دەسەڵاتدارانی پارێزگای کەرکوک وەک ئەوەی کە گەڕانەوە بۆ سیاسەتی تەعریب بەشێک نیە لە سیاسەتی حکومەتی مەرکەزی. ئەم قسانەی حکومەتی مەرکەزی بە سەرکردایەتی حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، لەڕاستییەوە دوورن چونکە دوای شکستی ئۆکتۆبەر ئەوە بۆ چەند مانگێک دەچێت هەوڵی ئێجگار چڕو بەرفراوان دراوەو دەدرێت بۆ دووبارە تەعریبکردنەوەی تەواوی ناوچە کورد‌ییەکان بەتایبەتی ناو شاری کەرکوک. نمونەی ئەم هەوڵانە دانی پسوڵەی خۆراک (البگاقە الغڕائیە) و پسوڵەی نیشتەجێبوون (بگاقە السکن) ــ ە بە سەدان عەرەبی هاتوو (عرب النازحین) لەناو شاری کەرکوک. مەترسی ئەم کارە لەوەدایە کە پسوڵەی خۆراک و پسوڵەی نیشتەجێبوون لە هەڵبژاردنەکان بنەمای سەرەکین بۆ مافی دەنگدان لە هەموو شوێنێک، ئەمەش بە دڵنیاییەوە هاوکێشە ە سەیاسیی بەکان و کورسییە براوەکان لە هەڵبژاردنی داهاتودا بە قازانجی هێزە عەرەبییەکان و بە دژی هێزە کورد‌ییەکان دەگۆڕێت. هەر لە بنەڕەتیشدا پڕۆسەی تەعریب، بەکۆن و بە نوێیەوە، بۆ ئەم مەبەستە دارێژراوە .

دووەم، ئەم هەوڵانە ناکرێت و نابێت لەلایەن گەلی کوردستانەوە قەبوڵبکرێت چونکە دژی مافە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانی خەڵکی کوردستان و پێشێلکردنێکی زەقی مافەکانی مرۆڤیشە بەگشتی. کوردستانیان دەبێت ئەم هەوڵانەی لایەنە عێراقییەکان بکەن بە سەرەتایەک بۆ زیندوکردنەوەی ماددەی ١٤٠ لە دەستوری عێراق کە بە ڕوونو ئاشکرا پێداگری لەسەر هەر نەهێشتنی ئاسەواری تەعریب دەکاتو میکانیزمی ناردنەوەی عەرەبە هاوردەکانو گێڕانەوەی کوردو تورکمانە دەرپەڕێندراوەکانی دیاریکردوە. بۆیە دەستور دەبێت بکرێت بە بنەما بۆ

یەکلاییکردنەوەی چارەنوسی ئەم ناوچانە ئەگەرنا هەمیشە هەڵگیرسانەوەی شەڕی نەتەوەیی لە عێراق لەنێوان کوردو عەرەبدا بەزیندویی دەمێنێتەوە، کە بەدڵنیایشەوە مااڵوێرانی بۆ نەتەوەکانی عێراق بەدوای خۆیدا دێنێت.

سێیەم، کوردستانیان دەبێت ئاگاداری ئەوە بن کە ئەم پرسە پرسێکی سیاسییەو ناکرێت لەڕێگەی دادگاوە چارەسەربکرێت. مەبەستی ئەوەیە ناکرێت پرسی خاوەندارێتی لەم ناوچانە لەسەر ئەساسی وەرگرتنی قەرەبۆیان وەرنەگرتنی قەرەبۆ یەکلاییبکرێتەوە چونکە خاڵێکی ئەم ناوچانە تەنیا لەسەر ئەساسی کوردبوونیان دەرکراون نەک هۆکارێکی دیکە. قەرەبۆکردنەکەش بەزۆرەملێ بووە. خۆ ئەگەر هۆکاری ئەمنی، ستراتیجی یان تەندروستیو ژینگەیی لەپشت چۆڵکردنی گوندەکان بووە ئەی بۆ عەرەب هێنراون بۆ ناوچەکە. حکومەتی مەرکەزی عێراق لەسەردەمی بەعس بڕیارێکی ڕەگەزپەرستانەی داوەو دەبێت بەگەڕانەوە بۆ دەستوری ٢٠٠٥ ی عێراق ئەم بڕیارانە هەڵوەشێنرێنەوەو ماددەی ١٤٠ یش بکرێت بە میکانیزمێک بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخە شێوێنراوەکە.

چوارەم، ئەم پرسە تەنیا کێشەو ململانێی گوندنشینە کوردەکانی ناوچەکەو عەرەبە هاوردەکان نیە تا لە میانی ململانێ لەسەر خاک (نزاعات الأرض) لە نێوان دوو کەس یان چەند کەسە یەک یەکلاییبکرێتەوە. ئەمە کێشەی گەلی کوردستانە لە عێراق، کە ڕووبەڕووی سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزیو تەعریبو ڕاگواستنو چۆڵکردن بۆتەوە. ئەم پرسانە دەبێت لەنێوان حکومەتی مەرکەزیو نوێنەرانی کورد چ لە بەغدا چ لە حکومەتی هەرێم لە چوارچێوەی دەستوری عێراق یەکلاییبکرێنەوە . ناکرێت ئەو ئارگیومێنتە قەبوڵبکرێت کە گوایە زەوییەکانی ئەم ناوچانە کاتیخۆی لەسەر وەزارەتی دارایی عێراق تاپۆکراونو بگوترێت کوردنشینەکانی ئەم ناوچاوانە چیدیکە مافی داواکردنی ئەم زەوییانەیان نیە چونکە وەک گوتم ئەمە بڕیارێکی دەمارگیریو ڕەگەزپەرستانەی حکومەتی عێراق بووەو مەبەستێکی سیاسیی دژە-کوردی لەپشت بووە، بۆیە دەبێت لەو چوارچێوە سیاسییەدا ببینرێتو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

لە کۆی ئەم قسانە دەکرێت بگوترێت وەک چۆن سەرەتاکانی تەعریبکردنی کوردستان کاتیخۆی لە



کەندێناوە دەستپێکرد واپێدەچێت سەرەتاکانی دووبارە دەستپێکردنەوەی تەعریب هەر لەو ناوچەیە دەستپێبکاتەوە، وەک ئاماژەکان ئێستا دەرکەوتون. بۆیە ئەم هەوڵە نابێت وەک کردەیەکی چەند کەسی، یان هەڵەیەک، یان پرسێکی لاوەکی تەماشابکرێت. ئەم هەوڵە لە کەندێناوە سەربگرێت درێژدەکرێتەوە بۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستان کە ئێستا لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزیو عێراق سازدەکەنەوە بۆ شەڕێکی دیکەی خوێناوی، ئەمجارە نەتەوەیی، کە لە قازانجی هیچ کەسو لایەنێکدا نیە.

هەردووک وێنەکە ، گوندی گابەرەکەی کەندیناوان، بە سوپاسەوە نوسەر نارەونی ، یەکەمیان گوندی گابەرەکەیە ساڵێک پێش ڕوخاندنی لە ئەنفالدا-ساڵی ١٩٨٧ و دووەمیان دوای ئاوەدانکردنەوەیەتی ساڵی ٢٠٠٣.

ئیسماعیل رەشید – گوندی سپی سەر

چوار برای شەهیدوئەنفالن و لە خانووی کڕێدایە.

سمکۆ سابیر
گوندی سپی سەر
ڕۆژ: ٢٣-٤-٢٠١٦



لەگەشتێکماندا بۆناوچەی ئاوەسپی سەردانی گوندی سپی سەرمان کرد، کە ئیستا چەند ماڵێکی تێدا نیشتەجێبوون. لە گۆڕستانی ئەوگوندەدا، شەهیدانی داستانی گوندی مەلا ئۆمەر نێژراون کە بەشەڕی (بۆروزێن)ناسراوەتیایدا ٢٢ پێشمەرگەی حزبی یەوەی لەروویەروبوونەوەیەکدا لەگەڵ سوپای ڕێژیمی بەعس لەساڵی ١٩٨١ شەهید دەبن.*

خەڵکی گوندەکە باسی ئیسماعیل رەشیدیان بۆکردین، کە سەرباری ئەوەی خوێنی بۆ نیشتمان داوە بەڵام لەنیشتمان خانوویەکی نییە تیایدا بژی ! ئیسماعیل دوو برای شەهیدە و دووبراشی ئەنفالکراون، کەچی بەهۆی کەمدەرامەتیو نەداریيەوە خۆی و هاوسەرەکەی تەمەنیان هەڵکشاوە لە سپی سەر دەژین.

ئەوان پێشتر لەناحیەی ڕزگاری بوون وکرێچیبوونو نەیانتوانیوە کرێ بدەن. داوامان کرد بیدوێنین،بانگیان کردو هاتەلامان. لالە ئیسماعیل پیاوێکی ماندوو تەمەن هەڵکشاوە، بەڵام بەگوڕو وڕیایە لەگفتوگۆکەماندا باسی کرد کەبە زەحمەت ژیان بەسەر دەبات.

لالە ئیسماعیل رەشید عەلی لەساڵی ١٩٤٧ لەگوندی سپی سەری ناوچەی ئاوە سپی لە دایکبووە.بەرلە شالاوی ئەنفال ماڵی لە گەڕەکی ئیمام محەمەدی قەزای کفری بووە. بەڵام بەعسیەکان ئەم گەڕەکەیان ڕوخاندو خەڵکەکەشی بەزۆر ڕاپێچی ئۆردوگای (سموود)کردووە. سەبارەت بەمێژووی گوندی سپی سەرلالە ئیسماعیل دەڵێت: نازانم ئەم گوندەکەی دروست بووە، بەڵام بەڵایەنی کەم تەمەنی ئەم گوندە لە ٢٠٠ ساڵ کەمترنییە، سەرباری نەهامەتیو پەلامارو شەڕو ناخۆشییەکان، بەردەوام ژیانی تێدابووە...

وتیشی کاتێک ئەنفال دەستی پێکرد لەگەرمیان، ئێمە خۆمان حەشاردابوو لەئۆردوگای سمود چونکە هەڵاتووی سەربازی (هارب) بووملەنێو ماڵەکەی خۆمدا چاڵێکم هەڵکەند بۆ خۆشاردنەوەچونکەبەعس بەبچوکترین بیانوو لەناوی دەبردین.بۆیە تەنها ئەوەمان بۆکرا کە لەدوورەوە سەیربکەین و هیچ دەسەڵاتێکیشمان نەبوولەسەر چارەنووسی ئەوان .

دوو لەبراکانم لەگوندی سپی سەرئەنفالکران بەناوەکانی (ئەمین و نوری). تەواوی هاوولاتیانی گوندی سپی سەر بەیەکەوە بەرەو قادرکەرەم دەڕۆن و بەناچاری خۆیان ڕادەستی ڕێژیم دەکەن کە ژمارەیان ٨٠ کەس دەبوو. سەبارەت بە هۆکاری گەڕانەوەی بۆ گوندەکە لالە ئیسماعیل گووتی: من بەم تەمەنە گەڕاومەتەوە بۆ ئاوایی ،هەرچەندە هیچ لەکوڕەکانم لەگەڵمدا نین،تەنها خۆمو هاوسەرەکەم کە ئەویش پیربووەو ناتوانێ هەموو کارێک بکات. من لەخانووی کرێدا دەژیام و موچەکەشم زۆر کەمە،٤٥٠هەزار بەشی ژیانو پارەی کرێی خانوو ناکات. بۆیە خانوەکەمان ڕادەستی خاوەنەکەی کردەوەو وەک دەبینین لەنێو ئەو خانوە شڕەدا دەژین ودەیگوزەرێنین.

بە سوپاس بەوە ئەم گەشتەم لەگەڵ هاوڕیان (محەمەد سابیر. جەلال هەزارکانی . مەحمود ناسرساڵح هەلاج) بوو.

ناهیە ئەحمەد سەعید- گوندی کانی ماران

هاوڕێیەکانی هندالێم هەووی ئەنفالکراون

دیمانە: سمکۆ سابیر
شوێن : گوندی کانی ماران
ناحیەی سەرقەڵا
کات: پێنج و سێ خولەکی ئێوارە
ڕۆژ : ٩/ ٣/ ٢٠١٧
هاوکاران :محەمەد سابیر.محەمەد عومەر

چەند مانگێک لەگەڵ بەڕێزان محەمەد ساابیرو مامۆستا محەمەد عومەر بەرنامەمان دانابوو سەردانی گوندی کانی مارانی سە ەربە ناحیەی سە ەرقەڵا بکەین،ڕۆژی ٩ی ئازاری ساڵی ٢٠١٧ لەگەڵ مامۆستا محەمەد عومەر، سە ەردانی گوندەکەمان کردو بێجگەلەم دیدارە چەند دیدارێکی ترمان ئەنجامدا.
ناهیە ئەحمەد ماوەی چەند مانگێک لەبەندیخانەی دووبز دەستبەسە ەر بووەو دوای لێبوردنەگشتیەکەی ٦ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨ ئازاد بووەو گەڕاوەتەوە سە ەرهەواری خاڵی، لەم دیمانەیدا باس لەتراژیدیای ئەنفال و ئەشکەنجەی دوبزو ڕۆژانی ناوکۆمەڵگا زۆرەملێکان دەکات.



ناوی سیانیت چییە ؟
ناهیە ئەحمەد سەعید ئەحمەد بەسوەیبەش ناسراوم .
ساڵی چەند لەدایک بوویت؟
نازانم بەڵام لەمامۆستا عومەری برام منالّترم. هەرلەگوندی کانی ماران لە دایکبووم.
کانی ماران بەر لەئەنفال چەند ماڵ دەبوو.؟
بەبڕوای من لەسەد ماڵ کەمتر نەبوو،لەوانەیە سەد ماڵ زیاتر بێت
هەتاکەی لەم ئاواییە ژیاویت
هەتا شوم کردو دوو منالّیشم بوو، ئیتر سالی ١٩٨٨ بەرشالاوی ئەنفال کەوتین.
نەچویتە بەر خوێندن
نەخێر هەرچەندە دێیەکەمان قوتابخانەی تێدابوو، بەڵام نەخراومە، بەرخوێندن، عومەر برامیان نارد مەکتەب و منیش خرامە بەرئاژەڵ ووبووم بەشوان.
هاوڕێیەکانی منالّیت، کێ بوون ؟
بەداخەوە گشتیان ئەنفالکراون،بنەماڵەی حەمە حەسە ەن،عەینەوبەهارەوبێگەرد وبەهیە، برازاکانم رزگارو بەیان، زۆری ترناویانم بیر نەماوە .
لەمانە کامەیان زۆر هاوڕێت بوو ؟
گەلاوێژو روخۆش وعاسم ئەمانە هەم هاوڕێ وهەم ئامۆزاشم بوون،هەموویان ئەنفال کران .روخۆش خوشکی حەسە ەنە وا لەنوگرە سە ەلمان گەڕاوەتەوە، بەتایبەتی رزگاری برازامم زۆر خۆشویستووە.
ساڵی چەند هاوسەرگیریت کردووە؟
ساڵ نازانم بەڵام دوو ساڵ بەرلەئەنفالەکە بوو، لەگەڵ عەدنان کە خاڵۆزاو میمزای یەکتری بووین هاوسەرگیریمان کرد، دوو منالّیشمان بوو بەناوەکانی گەرمیان و کۆچەر.گەرمیان گەورەکەیان بوو.کۆچەریش کچ بووتەمەنی تەنها پێنج مانگ دەبوو لەکاتی ئەنفال.
بەرلە ئەنفال چیت لەبیرە؟
لەساڵی ١٩٨٧ کانی ماران روخاو بارمانکرد بۆ گوندی هەزارکانی، ئاوایی شێخیشیان پێدەوت .
چەند ماڵی هەزار کانی ڕۆیشتن بۆهەزارکانی ؟
ئێمە چوارماڵ، لەکانی مارانەوە ڕۆیشتین بۆ ئەوێ، ماڵی محەمەد سەعید، عەباس و مەحمود سەعید، ماڵی

ئەکبەرحەمەی سـلێمان‌لەگەڵ مـاڵی فەتـاح محەمەد سـەعید، شـەش مانگ بەرلەئەنفال رۆیشـتین، لەمانگی زسـتاندا رۆیشـتین و لەبەهاردا خانومان دروسـت کردو زۆری پێنەچوو ئەنفال رووبداو هەموو شتێکمان بەجێهێشـت. پێشـئەوەی بار بکەین هەمیشـە لە ژێر تۆپبـاران دابـووین کـلدی مـاران روخـا، دوای روخانەکەش گەڕاینەوەو خانوومان دروسـتکردەوە، حەشارگەشمان دروست کردبوو بەڵام سودی نەبوو، جـاری وابـوو تـۆپ لەسـەر حەشـارگەکە دەتەقییەوە.ئیترکانی مارانمان بەجێهێشت و رۆیشتین بۆئاوایی شێخ.

چۆن لەهەزار کانی بەیەکجاری دەرچوون؟

لەهەزارکانی دەرچووین‌وتیان لەئۆمەربلەوە سـوپاو جاش دێت بۆ ئێرە، ئیتر رۆیشـتین بۆکانی عوبێدو هەوارەقولّە، ئینجـا وتیـان لەزەردەوە سـوپاێت، بەناچاری رۆیشـتین بۆگوندی ملەسـوورە، ئێمە چوارخێزان‌پێکەوە بووین رووماـنکردەوە کـلنی عوبێد‌چەمێکی قوڵی تێدایە شـەوێک لەوێ ماینەوە شەوەکەی وتیان مام سلێمان لەتەپەسپی شەهید بووە. دواترهاتینەوە بۆهەزار کانی هێشـتا ماڵی شـێخ لەهەزارکانی مابوون لەگەڵ چەند دەرویشـێک. شـەڕ دەسـتی پێکردبەردەوام گوێمـان لەدەنگی تۆپ و تەیارە بوو‌دونیا ناخۆش بوو‌کەس نەیدەزانی چی رووەدات و چارەنوسمان بەکوێ دەگات ! ئیتر شێخ حسـێن خەڵکەکەی هەزار کانی کۆکردەوە و هەمووی بردە مەزارگەکەو دەسـتی کرد بەپـاڕانەوە لەخواو قورئـان خوێنـد. خەڵکەکەش لە خوا دەپـاڕانەوە لەم نەهـامەتـیـیە رزگـاربـن .فـرۆکەش بەردەوام بەسـەرمانـدا دەسـوڕانەو دەڕۆیشـتن بۆبنەکەو بۆردومانی دەکردو دەگەڕایەوە، بۆ ئۆمەربل وتوکن و چوارشـاخ. ژن و منـاڵ هـاواروقیژەیان بوو‌زۆر دەترسین.

دواجار لەهەزار کانی دەرچوون رووتان کردە کوێ ؟

ئێمە چوار مـاڵ لەنـاو مەکینەکەی مـاڵی خەرزوم بووین‌جێگەمـان نەبوو.فـاتیمە ژنی عەبـاس ئـامۆزام بوو‌لەسـەردەرگاکە سـواربووو‌دووگیانیش بوو کەوتە خوارەوەو دەسـتی شـکا‌ئیتر چارمان نەبوو‌چیبکەین ڕۆژەکەی رەشـبـوو، زۆربـووین و مەکینەکەش لاربوویەوە و گشـتمان بەلادا هاتین .ئیتر رۆیشـتین بۆملە سـووڕەوسـێ شـەوی لێماینەوە‌بـاران و رەشـەبایەک بوو، فاتیمە بەمشـێوەیە بەدەسـتی شکاوەوە ئەنفال بوو.

ئەو سێ شەوەی ملەسوورەتان چۆ بەسەر برد؟

زۆر نـاخۆش دەژیـاین، چوار خێزان لەنـاو گەوەڕی ئـاژەڵ بووین، گەوەڕەکە هی مـاڵی حـاجی رەفعەتی ملەسـوورە بوو، بەناچاری تێیدا ماینەوە .چەندین منداڵم بینی لەناو ئاخوڕ خەواندبوویان.

لەملە سوورەوە چۆن بردیانن بۆ قۆرەتوو .؟

هەر بەمەکینەکەی خۆمـان براین بۆ قۆرەتوو وەکو پێشتر هەموومان لەناو یەک مەکینەدا بووین .ئەو سێ ڕۆژەی لەوێ بـووین جـاش وجەیـش و تەیـارە دەورمـانیـان گرتبوو‌ئەتوت ڕۆژی حەشـرە‌بەیـانی کەوتینە ڕێ بۆ قۆرەتوو‌دەمەو خۆرئـاوا گەیشـتینە قۆرەتـوو، ئەوەی مەکینەی خۆشـێ پێنەبـووایە دەیانخسـتە ناو ئیڤای عەسـکەری، کەگەیشـتینە قۆرەتوو بینایەکە دووقات بوو‌ئاومان دەست نەکەوت .زۆر ناخۆش بوو‌ماڵی براکانیشـم لەوێ بوون .بەس لەوێ بینیانم .هەرچی خزم و ناسـیاو بوو لەقۆرەتوو بینیم ئیتر ئەمە دواجار بوو نەمبینینەوە.

ئەو چەند شەوەی لەقۆرەتوو بوون چۆن گوزەراندتان.؟

خەڵکێکی زۆری تێدابوو، کەس بەکەس نەبوو، ئاوی نەبوو‌شـوێنەکە زۆر پیس بوو، دەوروبەرمان هەمووی پیسـی بوو، دووسـێ شـەو بەمشـێوەیە ماینەوە .باش بوو ئێمە خواردنی خۆمانمان پێبوو ئەوەی خواردنی لانەبوو لەبرسـا پەرێشـان بوون دواتر خەڵکی خێرخواز خۆراک و خواردنیان بۆ خەڵکەکە هێنا.

باسی شێخ حسێنت کرد لەقۆرەتوونەتبینی ؟

نەخێر نەمبینی، خەڵکێکی زۆر گیرابوون، کەس بەکەس نەبوو. بەڵام ژن و منـاڵەکەیم لەتۆبزاوا بینی، یادی بەخێر دادە زەینەبی خوشـکی کاک حسـێنم بینی، بـاران بوو بەبڵندگۆ دەیانقیراندو دەیانگوت

هیچ شتێک لەگەڵ خۆتان مەبەنە قاعەکە هەموو شتێکی لێیە، وەکو ئاژەڵ بەجارێ نزیکەی پێنج سەد کەسیان دەخستە ناوقاعەکەوە، نەتدەزانی کەی شەوەو کەی ڕۆژە. بێ کارەباو بێ ئاو بارانیش بەردەوام دەباری .دادە زەینەب بانگی کردین وتی ســـوەیبە بەمن و ســوەیبەیەکی تری وت بەردەمم بگرن باسەربازەکان نەمبینن دەســت بە ئاو دەگەیەنم، دوایی هەریەکەو بۆ قاعەیەک دابەشکراین و یەکتریمان نەبینییەوە.

لەنزیکەوە شێخت دەناسی .؟

بەڵێ چەندین جار هاتۆتە ماڵمانەوە، گەرمیانی کورم نەخۆش بوو دووجار بەنهێنی لەسالّی ١٩٨٧ هێنامان بۆ گوندی تازەدێ حکومەت بیگرتینانە گوللەبارانی دەکردین و حســاب پێشــمەرگەی بۆ دەکردین .بۆیە بەئاشکرا نەدەویراین برۆین بۆناو شار و هاتوچۆی ئاســایی بکەین بەتایبەتی بۆ ناحیەی سەرقەڵا .بۆیە گەڕاندمانەوە بۆ ماڵی شــێخ و ئیتر بەرەو باشــی ڕۆیشت و لەنەخۆشیەکە رزگاری بوو.

منداڵەکانت لەقۆرەتوو وەزعیان چۆن بوو .؟

کۆچەر منالّ تر بوو بەباوەشــمەوەبوو.بەڵام گەرمیان وەزعی زۆر خراپ بوو.شیری خۆمم دەدا بەکۆچەر.

ناخۆشترین شت لەتۆبزاوا چی بوو؟

تۆبزاوا هەموو شــتێ.ی زەلیلی بوو.دۆزەخێک بوو بۆخۆی ،گەرمیانی کورم دەگریاو دەیگوت دایە باێرە بڕۆین، جاری واش هەبوو دەیوت دایە میز دەکەم بۆ سەر پەنجەرەکە بەرزم دەکردەوە، شوێنێکی زۆر پیس بوو ،جلی خوێناوی تێدابوو.دەتت شوێنی ئازاردان و کوشــتنی خەڵکە.هەرچی کەلوپەلی پیاوەکان هەبوو لەسەر یەکتری هەڵدرابوویەوە.ئیتر گەیشتینە قەناعەت و وتمان ئیتر پیاومان نەماوە .ســویچی مەکینەو تەزبیح و چەقۆ و جل و بەرگ و هەموو کەلوپەلەکانیان لێوەرگیرابوو.لەسەر یەکتری هەڵدرابوویەوە .بەسەدان مشــکی و جامانەو کڵاوو جلی کوردی لەسەر یەکتری هەڵدرابوویەوە .هەر پیاوێک تەنها کراســێک و شەروالێکیان لەبەرمابوو.

کە بردیانن بۆ دووبز بە ئۆتۆمبیلی ســەربازی گوازرانەوە ؟

جۆری سەیارەکە زۆر سەیر بوو ،بچوک بوو لەدواوە دوو دەرگای هەبوو لەناوەوە تەنها جێگەی ١٢ کەسی تێدا دەبوویەوە.بەڵام چوار خێزان لەناو یەک سەیارە جێگەیان کردینەوە .نزیکەی ٣٥ بۆ ٤٠ کەس دەبووین.دوو پەنجەرەی بچوکی تێدابوو، وابزانم ڕەنگەکەی سوور بوویا ڕەساسی ،دڵنیانیم.

کەگەیشــتنە دووبز ناویان نوســین .یان یەکسەر بردیانن بۆ ناو هۆڵەکان .؟

لەتۆبزاوا چێشــتەنگاو کەوتینە ڕێ، بۆ خۆرئاوا گەیشتنیە دووبز، ئێمەیان وەستاند پیاوێک دیار بوو جەیشی شەعبی بوو، قسەی بۆ کردین.وتی پێش ئێوە پیاوەکانی بارزانی تێدابووە، کەگەیشــتین دیار بوو بەرلەئێمە خەڵکی تری تێ دابوو، خواردنیان وەکو خۆی بەجێهێشــتبوو، شــتەکان وەکو خۆی مابوویەوە،کەگەیشتین باران بەخۆڕ دەباری ،ئاو دەهاتە ناو قاعەکان.شوێنێکی وشکم شک نەدەبرد بۆ ئەوەی منــاڵەکانی لەســەر دابنێم هەر لەباوەشــم بوون .هیچیشمان لانەبوو لەسەری دابنیشین.

بەبەراورد لەگەڵ تۆبزاوا ژیانی دووبز چۆن بوو.؟

زۆر ســەخت و ناخۆش بوو.منالّەکانیشــم بچووک بوون،کۆچەر تەمەنی تەنها پێنج مانگ بوو،گەرمیانیش زۆربێتــاقەت بوو هەردەگریــاو بەردەوام نەخۆش دەکەوت، گەرمیان دوو ســاڵان کەمتر بوو.هەرداوای بــاوکی دەکرد دەیوت برۆین بۆلای عەدەبە عەدنانی بــاوکی دەوت عەدە، ئێســتاش هەر بەمناوە بانگی بــاوکی دەکات.زۆر دەگریــاو تەلەبەندی بەندیخانەی دەگرت و دەیقیژانــد دەیوت بــابڕۆین.منیش دەموت کورم بۆکوێ برۆین .بەردەوام داوای تەماتەو خەیاری دەکرد .سەمونەکەم پێدەدا فڕێیدەداو نەیدەخوارد.

ئێوە لەمــانگی ڕەمەزانــدا ئەنفــالکران، بەهۆی ئەم مانگەوە هیچ بەزەییەکیان بەرامبەر ئێوە نەدەنواند؟



هەبوو ڕۆژووی دەگرت، بەژنێکم وت ڕۆژی چی دەگری خوا ئێمەی خستۆتە شوێنێکەوە ڕۆژی چی بگرین، بەچی بگرین .نەئاو هەبێت نەنانت هەبێ ت ئیتر بەچی ڕۆژووبگرین .ئێمە بەردەوام بەڕۆژوو بووین.

ئێوە بڕە پارەیەکتان پێبوو ؟.

نەخێر ئێمە هیچ پارەمان پێنەبوو. هەرچی هەمانبوو لای خەسوو و خەزورەم بوو، ئەوان بۆ نوگرەسەلمان بران، خەسوشم بڕە پارەیەکی لابوو لە ئێمەی شاردبوویەوەو نەیدا بەئێمە. ئێمەش نەمانزانی پارەی پێیە ئەگینا بەهەر جۆرێک بوایە پارەکەمان لێیدەسەندە. کاتێک ئازاد کراین بینیمان پارەکەی دەرهێناوداویەتی بەخەزورەم، خەسوم خوشکی باوکم بوو لەدووبزبش بڕێک پارەی خەرج کرد بەڵام هەردەیوت پارەم پێنەماوە هەرچی لامبوو خەرجمکردووە،ئیتر بەمشێوە پارەکەی هێنایەوە .

چۆن شتەکانی خۆتان دەشاردەوە ؟

تۆش وەکو برام ولیت،ئێمە لەژێرەوە جلی پیاوانەمان لەبەر کردبوو گیرفانی هەبوو،لەگەڵ ئەوەش گیرفانمان بۆجلەکانی ژێرەوەمان کردبوو،پارەو ناسنامەمان تێدا دەشاردەوە .چونکە هەرچیەکیان دەستبکەوتبا ،یان دەیانبرد یابەبەرچاوتەوە دەیاندڕاند .بۆیە بیرمان لەو بیرۆکە کردەوە.

لەدووبز زیاتر پێویستتان بەچ شتێک هەبوو؟

من جلم بۆمنالەکان پێبوو بەڵام من خۆم هیچم بۆخۆم پێنەبوو،بەڵام خەسووم دوو کراسی بۆکچەکانی هێنابوو ،لەئاوایی زۆر داوام لێکردبوو پێینەدەدام تا لەبەندیخانە لێموەرگرت و پێموت زۆر داوام لێتکرد ئێستا پێمیدەدەیت ،وتی لێتی دەسەنمەوە،منیش پێموت تازە ناتوانی لێمی بسەنیتەوە.

مامەڵەی سەربازەکانی دووبز چۆن بوو لەگەڵتان؟

ڕەش پێستەکان زۆر خراپ بوون،بەڵام خەڵکی باشیش هەبوو بەتایبەتی کوردەکان دەسەڵاتیان بوایە هاوکاریان دەکردین. دوو کەسی تێدابوو بەناوی مام مەحمود ومام نوری .گوایە برای مام نوری لەلایەن پێشمەرگەوە کوژراوە، کە دەهات دەبوایە هەموو هۆڵەکان منداڵەکانمان لە ترسا بشارینەوە. نەوەک ئازاریان بدات زۆر ترسناک بوو، کەسێکی زۆردار بوو .هەر منالێکی لە دەروەی هۆڵەکە ببینیایە شەقی مام نوری دەخوارد ئەوەندە رقی لە کورد بوو. بەڵام کوردەکان بۆ ئێمە باش بوون لە ترسی دەستدرێژی کردنە سەر ئێمە پێیان دەوتین ئەگەر کەسێک بەنیازی خراپ هاتە ناوتانەوە، ئاگادارمان بکەنەوە .ئێمە ترسمان لە عەرەبەکان بوو ،رقیان لێمان بوو.

کەست بینی بمرێت ؟

منداڵ زۆرمردن، لەدووڕەوە لای باخەکان و نزیک ئاوەکە، گۆڕستانەکە دیار بوو هەرکەسێک بمردایە جەیش شەعبییەکان دەیانبرد بۆئەوێ و دەیانناشت .جارێکیان کەسێکی تریش پیرەژنێک بوو خەڵکی هەواڕە بەرزە بوو زۆر لەڕوو لاواز ببوو،لەوێ مرد .ژنێکی تریش ناوی سەعدە بووخەڵکی تووکن بوو هەشت نۆ منداڵی هەبوو منداڵێکی مرد.ژنێکی تریش ناوی مەلەک بوو خەڵکی تیلەکۆ بووبەشەو و ڕۆژێک سێ منداڵی مرد .هەموو پارانەوەیەکم ئەوەبوو دەموت بەس بڕۆینەوە بۆ ناوچە و وەتەنی خۆمان منداڵەکانیشم بمرن ئاساییە.

چۆن ئازاد کران و گەڕانەوە بۆ گەرمیان

ئێمە دووا هۆڵ بووین کە ناویان نوسین و ئازاد کراین، کەس نەیدەزانی ئەم ناو نوسینە بۆ ئازاد کردنمانەخۆشبەختانە ئەنفال نەکرلین، بەڵام ئەوەندەمان ئازار بینی هیچی لەئەنفالکردنی ئەو خەڵکە کەمتر نەبوو.چونکە هەموو ڕۆژێک مردنێکمان دەبینی ..

عەزیز عەبدوللا- گوندی سەرپەش

چۆن ئەنفال نەکرام

دیدار/ سمکۆ سابیر
مالّی دیمانەکراو: ناحیەی رزگاری – گەرمیان
مێژوو: ٢٠١٧/٥/٣١
کات: نۆ و نیوی شەو

عەزیز عەبدوللا حسێن لەکاتی ئەنفال شوانی مەڕومالّانی خۆیان بووە لەڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٤ بەنیازی دەربازکردنی مەڕەکانیان لەگەلّ باوکی بەرەو صمودی جاران و رزگاری ئێستا بەڕێکەوتن نەهامەتی عەزیز زۆر تراژیدییە بەلّام لێرەدا تەنها چیرۆکی دەربازبوونی خۆی دەگێڕینەوە



عەزیز دەڵێت : لەکاتی ئەنفال من تەمەنم نزیکەی چوارده سالان دەبووله دایکبووی ١٩٧٤ م .لەگوندی سەر رەش نیشتەجێبووین، بەگەورەیی خرابوومە بەر خوێندن لەپۆلی سێیەمی سەرەتایی بووم ،مامۆستاکەم ناوی سالّەح بوو، خەڵکی شاری خانەقین بوو. تاوەکو سالّی ١٩٨٦ لە قوتابخانەبووم بەلّام دواتر وازم هێنا. چەند ڕۆژێک بەر لەئەنفال گوندی سەر رەشمان بەجێهێشت . پێش ٤/١٤ لەخێزانەکەم دابڕام ،ئەشکەوتێک هەبوو لە نێوان گوندەکەمان و گوندی سەیبیە خان،ئەشکەوتی دێوەکەی مەحمود قولەیان پێدەگووت. لەوێوە کەوتینە ڕێ بۆ گوندی سەیبیە خان .دواتر سەرکەوتین بۆ گوندی گامەخەڵ . لە گامەخەڵ شتی زۆر ناخۆشم بینی، ڕۆژێکی ناخۆش بوو، یەکەم شت کەچام پێبیکەوێت،جاشەکان بوون. هەرچیان دەست بکەوتایە بەتالّانی دەیانبرد،بەچاوی خۆم بینینم کەڕوێشکی زۆری گوندەکەیان گرتبوو .مامەم عەلی لەگەلّ ئێمەدابوو، پێشتر سەربازیی کردبوو،پێیوتین پەرۆیەکی سپی بێچنە قامێشمێک و بەرزی بکەنەوە و مەترسن، ئیتر بەم شێوەیە بەرەو گامەخەڵ ڕۆیشتین . ئەم ناوە هەمووی جاش و سوپا بوو، بەلّام جاشەکان زۆر بەخراپی و ناڕێکی دەجوڵانەوە و هەر خەریکی تالّان کردن بوون . دواتر بەرەو گوندی ژالّان ڕۆیشتین . شەو لەو گوندە ماینەوەبۆ بەیانیەکەی کەوتینە ڕێ بۆ گوندی کوڵەجۆ، دوو شەویان سێ شەو لەوێ ماینەوە، سوپا و جاش لەئێمە تێپەڕین بەرەو ژوور. بەلّام کە گەڕانەوە خەڵکەکەی گوندی کوڵەجۆیان کۆکردەوە. من خەریکی مەڕەکان بووم و چومە دەرەوەی ئاوایی کامیل لەگەڵدا بوو، میمزام بوو، کامیل پێشمەرگەش بوو بەلّام لەگەلّ منداما بووەوەگوێدر ێژێکی پێبوو بە گوێدرێژەکە بەرەو لای خەڵکەکەو کەسوکارەکەی ڕۆیشت و پێیگوتم تۆش وەرە لەگەلّ من، من نەڕۆیشتم ،ئیتر ئەوە دووا ڕۆژ و دووا جار بوو کە بیانبینم .

تەنها ئەم دوو شەوە بەیەکەوە بووین و دواتر کەسم نەبینییەوە .من بۆ دواجاردەمەو بەیان خوشکەکانم کەل وپەل و خواردنیان بۆ پێچامەوە وخستمە هەگبەی گوێدرێژەکەم، ئیتر کوڵەجۆم بەجێهێشت و لێیان دابڕام بەیەکجاری، شەوەکەی کە گەڕامەوە بۆ کوڵەجۆ وامزانی خەڵکی لێماوە، بەلّام تاقە یەک کەسی تێدا نەمابوو، چۆڵ وهۆڵ بووبەبیرمە ڕۆژی ١٤/ ٤ ئەو ڕۆژەی دوا ڕۆژ بوو بۆ ئەوەی خەڵکەکە خۆیان بگەیەننە گوندی ملە سوورە، ئەو شەوەش لەکوڵەجۆ مامەوە، پیاوێکیش لەگەڵمندا مایەوە ناوی ئەحمەد سالّەح خەسرەوی پێدەڵێن، خۆمان بە قارەمان بانگی

دەکەین .هەندێک لەو خەڵکانەی ترسیان لەحکومەت هەبوو یان سەربازی هەڵاتوو بوون، وەک حاجی مەحمود باوکی عوسمانی حاجی مەحمود و کوڕەکانی : مامۆستا عەلی و عومەرو سەلام والی تاقانەی ئەنفال لەکوڵەجۆوە تێپەڕین. خۆیان رادەستی حکومەت نەکربووەوە، سەلام بانگی قارەمانی کرد وتی عەزیز لای تۆیە، وتی بەڵێ ،وتی پێبێژە خاڵۆم عەبدوللا بەدوایدا دەگەڕێ . ئیتر بۆ بەیانیەکەی باوکم منی دۆزییەوە .شەوێکیش بەتەنیا مامەوە لەکوڵەجۆ هەستێ:ی زۆر ناخۆش بوو من ڕۆژی پێشتر هەموو کەسوکارەکەم لێرە بەبەجێ هێشت و هەر بۆ هەمان شوێن هاتمەوە کەسی تێدا نەمابوو،دیوەخانێکی درێژ ،لەم سەر بۆ ئەو سەر یەک تاقە کەسی تێدا نەمابوو،تەنها هەندێک کەل و پەلی تێدا بوو لەگەڵ خۆیان نەیانبردوو .جگە لەوەش کە گەڕامەوە کوڵەجۆ لەبەر دوکەڵی ئاگر دیار نەبوو،هەرچی خانووە سوتابوو،یا رووخابوو،بەدەگمەن خانوێک بەپێوە مابوو .هەموو کارەکەش بەدەستی جاش ئەنجامدرابوو،باوکیشم بۆ بەیانی دۆزییەوە،دیار باوکم لەناو خەڵکەکە دابوو ،بەڵام ڕۆیشتبوو بۆ لای ئامرەکە وتبوی کوڕێکم لەو هەردەیە ئەڕۆم ئەیهێنمەوە بۆ ئەوەی خۆی رادەست بکات، ئەوانیش ڕێگەیان پێدابوو،ئەو زانیارییەی بەئێمەش گەیشتبوو لەسەر خەڵکەکە، دوو کەس لەملە سوورە خۆیان رزگار کردبوو،وتیان فەتاح بەگ خەڵکەکەی کۆکردبۆوە،بەپێچوانەی ئامری سوپاکە کەتبووی من نازانم چارەنووسی ئێوە بەکوێ دەکات و بۆ کوێتان دەبەن،بەڵاک فەتاح بەگ وتبووی لەو بەری سیروانەوە خێمەتان بۆ هەڵدراوەو ئۆردوگاتان بۆ دروووست دەکەن و هەلی کارتان دەستدەکەوێت و بۆخۆتان بەخۆشی دەژین،دواتر باوکم بەبیانووی من هاتبوو بۆ دەروووبەری کوڵەجۆ.لەنێوان پیازە جاڕ و کوڵەجۆ لەچەمەکە منی دۆزییەوە.دوای ئەوە لە کوڵەجۆوە بەشەو بەرەو گوندی عارفە رەش هاتین،شەوێک لەعرافە رەش ماینەوە،پیاوێکی خزمان لەعارفە رەش هەبوو پێیاندەوت قادر مستەفا بەقاڵە مچە ناسرابوو،لەگەڵ پیاوێکی تر بەیەکەوە بوون،قاڵە مچە منی نەناسی وتم خاڵۆ ئێوە چیدەکەن،وتی خەریکی ڕاوکردنم ،ئیتر من بردم بۆ چەمەکە بۆلای باوکم ، باوکم پێیوت بمانگەیەنێتەشوێنێکی سەلامەت چەند سەر مەڕت گەرەک بێت ئەتدەینێ ،بەڵام لەبنەڕەتدا ئەوانیش بۆ ڕزگارکردنی برایەکیان هاتبوون کەناوی حاجی حسێن بوو،بۆ ئەوەی نەهێڵن بکەوێتە دەست سوپاو جاشەوەو ئەنفال نەکرێت ،ئیتر لەگەڵ ئەوان ڕێک کەوتین بە ١٨ سەر مەڕ دەستنیشانی مەڕەکانیشمان کرد . بەو مەرجەی بگەینە ئۆردوگای سموود،ناحیەی ڕزگاری ئێستا ،ئیتر کەوتینە ڕێ و لەبەرزاییەکانی سەرووی کارێزەی حەمە کەیفە کەوتینە بۆسەی ڕەبایەکی سوپاوە،چەند بزنێک ڕۆیشتنە ناو کیلگەی مینی دەوروبەری ڕەبایەکەو بووە گرم و تەپ و تۆز لەو ناوە بەرز بووەوە، من ڕامکرد ،بەڵام باوکمیان دەستگیرکرد ،لەگەڵ ڕانەکە بردیان بۆ سەریەی سوپا ،خۆشم ڕامکرد بۆ ناو کەندێک ،ڕۆژەکە وابزانم ١٧/ ٤ بوو.لەکەندەکە خۆم شاردەوە .هەرچەندە سەربازەکان زۆر گەڕان بەڵام من واخۆمشاردەوە کەنەمدۆزنەوە،سێبەری سەربازەکانم ئەبینی بەسەر سەرمەوە دەهات و دەچوو،ئیتر وازیان لێهێنام و ڕۆیشتن .دوای ماوەیەک خۆم بێدەنگ کرد و ئینجا گڵۆپێکم کردە نیشانە لەسمود و دەستمکرد بەڕاکردن،پێڵاوێکی ئەدیداسم لەپێدابوو لەترسا دامکەندو بەدەستمەوە گرت لەترسی ئەوەی نەوەک لەپێم دابکەندرێ ،ئیتر بەرەو گڵۆپەکە کەوتمە ڕێ ،کەگەیشتم لەدەرگای ماڵێکمدا دەرگای ماڵەکەیان ڕەنگی شین بوو،ماڵەکە لەبنەڕەتدا خەڵکی گوندی شێخ لەنگەر بوون،بەوردی باسی دۆخەکەم بۆ کردن کەچیم بەسەر هاتووە،چۆن کەسوکارەکەم هەمووی گیراون و چۆن باوکیشم ئەمشەو کەوتە بۆ سەی سوپاوە،پیاوەکە زۆر خەفەتی بۆ خواردم ،زۆر بەڕێزیشەوە پێشوازی لێکردم،ئیتر پیاوەکە پرسیاری لێکردم کە کێ ئناسیت لەسمود، منیش وتم ،ماڵی ئەحمەد کاکە براو ماڵی فەریق و ماڵی حەمە کەیفەو چەند ماڵێکی ترم پێوت،ئەویش وتی هەموو ئەوانەی

تۆباسیان دەکەیت لێمانەوە نزیکن و تۆ بەسەر ئەواندا بازتداوەتشەو دۆڵمەیەکی ساردیان بۆ هێنام و خواردم و شەو لەهەیوانەکە خەوتم .بارانیش تێیکردبۆبەیانیەکەی پێیوتم کاکە بۆ کوێ بتبەم ،وتم هەر بۆ ئەم مالانەی تۆ پێیئەزانیت ،ئیتر بردمی بۆ لای مام فەریق ،دیارە مام فەریق ئامر سریەی جاش بووبلەو خزمانەی ترم باشتر دەستی دەڕۆیشتکەگەیشتمە مالیان لەدواوە شەروالەکەم گرت و ئاوڕی دایەوە و ناسیمی و وتی ئەوە لەکوێوە هاتیت و چۆن گەیشتیتە ئێرەئیتر دوای چاک و چۆنی و وتی ئەی باوکتئیتر هەمویم بۆ باسکردوتی خالۆمیان گرتمەبەستی باوکم بووتم بەڵێ سوپا گرتی ،ئیتر وردە وردە بۆ لای سوپاکە رۆیشتین، بینیمان باوکم لەلای ئاژەڵەکانەو سەربازێکیش لەلایەتی و باوکمیان نارد بۆ سریەکەی ئەو بەربەڕێکەوت کەباوکم دەستگیر دەکەنکوڕێک لەوێ دەبێت ناوی ئایدن دەبێتئەم ئایدنە کاتی خۆی لەسالی ١٩٨١-١٩٨٢لەسەربازی رایکردبوو لەمالی ئێمە خۆی حەشار دابووئیتر باوکمی ناسیبووەوە .کەباوکمی بینیبوو دەستی گرتبوو بۆ ناو خێمەکەو هێلکەو رۆنێکی بۆ کردبووەدوای ئەوە هەوڵی دابوو لەگەڵ ئامرەکەو هەشتا سەر مەڕو بزنی بۆ باوکم گەڕاندبووەوە .لەکۆی ٣٠٠ مەڕو بزنئەوانی تریشیان بار کردو بردیان .ئەم ئاژەڵانە تەنها هی خۆمان نەبوو هی مالی سەلام والیشی تێدا بوو بەهۆی خزمایەتییەوە کەوتە لی ئێمەوە .بەبەرچاوی ئێمەوە ئیڤایان هێناو ئاژەڵەکیانیان بار کرد و بردیان .بەم شێوەیە من و باوکم دەرچووین و ئەنفال نەکراین .باوکیشم بەهۆی ئایدنەوە رزگاری بوو .ئایدن زۆر باش فریای کەوت .ئەگینا چارەنووسی لەخەڵکە ئەنفالکراوەکە باشتر نەدەبوو .هەرچەندە هاو تەمەنی باوکم بران بۆ نوگرە سەلمان بەڵام خۆشبەختانە بەمشێوەیە هەردووکمان رزگارمان بوو بەڵام کەسوکارەکەم هەموویان ئەنفالکران .بەداخەوە دوا ئەنفال پێمانوابوو ئێمەی کەسوکاری ئەنفال زۆر ڕێزمان لێدەگیرێتئەم بۆشاییە گەورەمان بۆ پڕدەکەنەوەبۆشایی نەمانی کەسوکارو خزم و دۆست،چونکە گوندەکەی ئێمە بۆ هەموو لایەک وەک چێشتخانە و پەناگەبوو بۆ هەموو لایەک بەڵام بەپێچەوانەوە زۆرێک لەو کەسانەی لەگوندەکەی ئێمەلەمالەکەی ئێمە رێزی لێگیراوە و خزمەتی کراوەتەنانەت گەیشتە ئەوەی سوکایەتیشمان پێبکەنزۆربەیان ئامادە نەبوون بۆ یەک جار و بۆ یەک ژەمە خواردن دەرگامان بۆ بکەنەوەو سفرەیەکمان بۆ بڕازێننەوە .من قەت ئەو ماوەیەم لەبیر ناچێت کەبەبێ مال و بەبێ کەسی ژیاوم ،تەنها خۆم و باوکم بووین، باوکیشم نەخۆش بووئەو ڕۆژەی ئاژەڵەکانمان وەرگرتەوە یەکەم ئێوارە چووین بۆ مالی مام جەمال ئەلکەخەڵکی گوندی کارێزەی حەمە کەیفەیەئاژەڵەکانمان کردە حەوشەی ئەوان و خۆشمان لەمالی ئەوان ماینەوەدوای ئەوە بۆ بەیانییەکەی ئاژەڵەکانمان فرۆشت ودامانە هەزارو حەوت سەد دینار، وەک تالانی بەنرخێکی زۆرکەم فرۆشتمان، چارمان نەبوو .هەزار دینارەکەشی بۆخۆمان مایەوە، من لەوەش چاوم بەیەک دیناری نەکەوت، هەر نازانم چی لێهات. بۆ دووەم ئێوارە چووین بۆمالێکی خزم ئێمە پێیدەڵێن کاکەم نوری میمزامە .مالی لەکەلار بوو .خستمیە ناو جێبێکەوە بۆ ماوەی پازدە ڕۆژ لەمالی ئەوان بووم،دوای ئەوە هەر چەند ڕۆژ یەک لە مالی خزمێک دەماینەوە، بۆماوەی هەشت مانگ بەمشێوەیە ژیام. هەتا دایکم و گەڵاوێژی خوشکم کە تەمەنی پێنج سالان بوولەنوگرە سەلمان ئازاد کران وگەڕانەوە. ماوەی سێ بۆ چوار ڕۆژی ترلەلای خزمەکان ماینەوە ئیتر خانوویەکمان بەکرێ گرت لەگەرەکی شاکەل لە ئۆردوگای سموود، من و دایکم و کەسێکی خزمێکمان بەناوی محەمەد عەزیز، برای براژنەکەم، بەنهێنی ڕۆیشتین بۆ گوندی سەر ڕەش بۆ ئەوەی هەندێک لەو کەلوپەلانە بێنینەوە کە جێمانهێشت بووبەمەو بەیان دوای کاتژمێر سێ لەجادەی قیر پەڕینەوە لە سنووری گوندی تورانەوە لە نێوان ڕەبایەکان دەرچووین، چوارگوێ درێژمان بردو بەرەو سەر ڕەش کەوتینەڕێ ،کە گەیشتین چەند

پێشـــمەرگەیەکی پارتیزانمان بینی، کاک عوســـمانی حاجی مەحمود و چەند پێشـــمەرگەیەک بوون، یەکەم پێشمەرگەکە هاتە سەر ڕێگەمان عوسمانی مەلاجەمیل بوو، ئێستاش لەژیاندا ماوە، پێشمەرگەکە بەتوڕەییەوە پێیگـوتـین،خۆڕاک نەبەن، ئێمەی نـارد بـۆ لای بەرپرســەکەیان، کە چوێنە چەمەکە دوو عوســمانمان بینی کاک عوســمانی حاجی مەحمود و عوســمان تلیشانی، بەگشتی نزیکەی هەشت پێشمەرگە دەبوون، ســێ عوســمانیان تێدابوو، دایکم کاک عوســمانی دەناسی دەستی کردە ملی و بەگەرمی چاک و چۆنی لەگەڵ کرد،کاک عوســمانی حاجی مەحمود وتی میمی کەلوپەلتان نەماوە لەو کەڵۆزەی لای خۆتانەوە، بۆکوێ دەچن .! ئێمە هەندێک لەو کەلوپەلانەمان کۆکردۆتەوە، کەمێکی لێبەن بۆ پێویســتی خۆتان،ئیتر پێویســت ناکات بڕۆن بۆناو کەڵۆزەکە، شــتێکی وای لێنەماوە. ئێمەش هەندێک شــڕەمان لەگوێدرێژەکان بارکرد، لەڕاستیدا کەلوپەلەکان تەنها هی خۆمان نەبوو، بەڵکو هی خەڵکیشــ ی تێدابوو، هەمووی کۆنە و شــڕبوو هیچی بەســەر هیچەوە نەمابوو، کە گوندەکەشــم بینی زۆربەی خانوەکان یا ســوتابوو،یا تەخت کرابوو، دیمەنێکی زۆر ترسناکی هەبوو، مرۆڤ دڵ و جگەری دەهــاتە دەرەوە کەئەم دیمەنــانەی دەبــینــی .دوای سوتاندنی خانوەکان ئینجا بەشۆفەڵ تەخت کرابوون، دوو شــــەو لەوێ ماینەوە،کەلوپەلەکە بەکەڵمان هات و ســـودمان لێبینی. دایکم لەو ســـەفەرە زۆر ئازابوو هەرچەنــدە لەنوگرە ســـەلمــان گەڕابوویەوە، هێزی لێبڕابوو بەڵام گوێی پێنەدا ،کەلەنوگرە ســـەلمــان گەڕایەوە گیانی هەمووی ئەسپێ بوو ،هێشــتا خۆی نەگرتبۆوە زۆر هیلاک و بێهێز بوو .بەڵام ئەم سەفەرەی کرد لەگەڵ ئێمە.بەتایبەتیش مەترسی لەسەر ژیــانمــان هەبوو،حکومەت نــاوی نــابوو نــاوچە قەدەغەکراوەکان و کەســـیش بۆی نەبوو هاتوچۆی تێدا بکات و لەم ناوچانە نزیک بێتەوە .خەڵک زۆر دەســـتگیر کراو کۆپتەریش خەڵکی زۆری کوشـــت .ئیتر دوای مــاوەیەکی تر خــانوبەکی ترمــان بەکرێ گرت لەخانووی یەکەم باشـــتر بوو ،ئینجا خۆشـــم دەســـتمکردە ئیشـــکردن لەکێڵگەیەکی پەلەوەری (دەواجن) لەکولەجۆی زەنگاباد لەنزیک تەپەی کەڵان .خەڵک لە ســـەدو پەنجا دینار لەو شـــوێنانە کاری دەکرد بەڵام من بە هەشــتا دینار ئیشــم دەکرد .لەبەر ئەوەی من منــدالّ بووم نەمــدەتوانی هەموو کــارێــک بکەم .دواتر ڕێگەی بەغدام گرت بۆ ئیشـــکردن هەتا نزیــک ڕاپەڕین لەبەغدا کارمــدەکردو بەر لە ڕاپەڕین موالیدەکەم لەوە نزیک بوویەوە کەبەرگی ســـەربازیی لەبەربکەم ،ئیتر گەڕامەوە بۆ سموود .باوکیشم بەهۆی ئەوەی جگەری ســووتابوو لەئەنفال و خەمی دەخوارد نەیــدەتوانی هیچ کارێــک بکات و دەســـت بۆ هیچ شــتێک ببات.هەتا ڕاپەڕین خانەوادە چەند کەسیەکەی ئێمە کەتەنها چوار کەســـمان مابوویەوە بەمشـــێوەیە ژیاوین .دوای نزیکەی ســـی ســـاڵ تێپەڕین بەســـەر تاوانێکی وەک ئەنفال هێشتا بەناوی خوێنی شەهیدو ئەنفالکراوانەوە درۆ دەکرێت،بەرپرســـەکان زۆرترین درۆ دەکەن لە١٤/ ٤ و ڕۆژانی دوایی بۆ مێژوو جارێکیان بەهۆی ئەوەی بەرپرســـی پاســـەوانەکانی کــاک عوســـمــانی حــاجی مەحمود بووم زۆر جــار لەنزیکەوە کاک نەوشــێروان مســتەفام بینیوە،ســاڵێک لەڕێــگەی پەیــوەنــدییەکــی تەلەفــۆنــی داوامــلێــکــرد کەبەشداری لەیادی ئەنفالی ئەمسالّدا بکات،ئەمە دوای دروستبوونی بزوتنەوەی گۆڕان بوو،وەڵامی دامەوەو وتی :من ناتوانم بەشــداری یادی ئەنفال بکەم،چونکە ناتوانم درۆ بکەم لەگەڵ کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال .زۆرێک لەبەرپرسەکان درۆ لەگەڵ کەسوکاری ئەنفال دەکەن .شـــوێن نەما ئیمزای لێکۆنەکەینەوە لەپێناو جێبەجێکردنی بڕیاری دادگای بــاڵای تــاوانەکــان بۆ لێپێچینەوە لەتۆمەتبــارانی ئەنفــال ،کەبریتی بوون لەجاش و موســتەشــارەکان،بەڵام هەر بەدرۆ ئێمەیان دەخســـــتە ڕێ و کــارەیــان جــێــبەجــێــنەکــرد .ڕێکخراوەکانیش لەسەرەتادا جێگەی دڵخۆشی بوون ،بەڵام لەکۆتایی لەئامانجە گشـــتییەکانی خۆی لایداو لەســەر ئەو بەرنامەیە نەما کەدەبوو لەسەری بڕوات و لانەدات .ئێمە تــازە قۆنــاغی شـــــین و واوەیلامــان تێپەڕاند ،بەڵام بەهیچ دڵخۆش نین چونکە بەرپرسان



تادەگەیتە لایان دەبێت بەدیان پرسگەت بۆ دادەنێن لەکاتێکدا ئەوان لەسەر خوێنی شەهیدان و ئەنفالکراوان دانیشتوون و ئەم دەسەڵاتە بەرنادەن .ڕۆژێ لەڕۆژان نەمبینی ڕێز لەو سیانزە کەسە ئەنفالکراوەم بگرن .هەموو ساڵێک داواکانمان بەرز دەکەینەوە،یەکەم خاڵ ؛ لێپێچینەوەیە لەگەڵ جاش و موستەشارەکان دووەم داواکاریش هێنانەوەی ڕوفاتی ئەنفالکراوانە بەڵام کەس گوێمان پێنادات،وەزیریش کەدێت بۆ یادی ئەنفال وەک ئامر لیوایەک دێت ،یان ئەفسەرێک کاتێک قسە لەگەڵ سەربازێک دەکات تۆڕەو توند ،گوێ لەکەس ناگرێت وەکو پێویست .وەزیری وام نەبینیوە بەمشێوە قسە لەگەڵ کەسوکاری ئەنفالدا بکات ،زۆر خەفەت دەخۆم کەسوکارەکەم لەپێناو هیچدا ڕۆیشتن،وەک ئەوەی ئاو بردبێتنی،یەک کەسوکاری ئەنفالم پێبڵێ لەجێگەیەکی باش دەسەڵاتی هەبێت،ئەوە جەمال وارانی لەبەرەکانی جەنگ لەپێش پێشەوەی سەنگەربوون،یان وەهابی تاقانەی ئەنفال کە لە قەرەتەپە چەندین جار لەمردن گەڕاوەتەوە .بەداخەوە تەیموریش بەباشی پەروەردە نەکرا هەتا ئەنجامەکەی بەمشێوەیە کەوتەوە .

باوکم لە٢٠٠١ و دایکیشم لە ٢٠١١ کۆچی دوایی کرد .

*** عەبدوللا حسێن سەلیم . هاوسەرەکەی گورجی مەجید ٨ مانگ لەنوگرە سەلمان بووە و گەڕاوەتەوە کۆچی دوایی کردووە .**

*** محەمەد عەبدوللا حسێن هاوسەرەکەی " ئەختەر جەبار منالەکان : کوڕەکان: خەبات محەمەد عەبدوللا: سەنگەر محەمەد عەبدوللا. ڕێبوار محەمەد عەبدوللا**

- **تەلیعە عەبدوللا حسێن . مەلیحە عەبدوللا حسێن . قەدریە عەبدوللا حسێن . ئازاد عەبدوللا حسێن . نەجات عەبدوللا حسێن . بورهان عەبدوللا حسێن . عەینە عەبدوللا حسێن .**
- **عەلی حسێن سەلیم (مامە) ی عەزیز . خۆی و هاوسەرەکەی ئامینە مەجید .**

کوڕەکانی: جەلال عەلی حسێن . ڕێبوار عەلی حسێن .کچەکانی : نەشمیل عەلی حسێن . نەسرین عەلی حسێن

لەیادی ئەنفالدا شەرمەزاریيەکانمان دەچنینەوە

هۆمەر

زۆرن ئەوانەی لە ساییەی دیکتاتۆریدا بە ئومێدی ئازادی ودیموکراسییەوە بەدەم گازەوە مردن یاخود ئەنفالکران و لە بیابابانەکانی عێراقدا مردن، کەچی ئێمە لە (کوردستانی ئازاد)و لە سایەی (دەسەڵاتی دیموکراسیدا..!) بەبێ ئومێدی دەژین و بەدڵساردییەوە یادیان دەکەینەوە .

درۆزنەکانی سیاسەت هەرزوو بەهاریان هێنایە چۆکان و بەخۆشخەیاڵیەکی کوشندەوە بەرەو پیری بانگەشەی دیموکراسی و بەسەر چونی دنیای دکتاتۆرەکانەوە چوون، بانگەشەی بازاری ئازادیان لە پرسی چارەنوسی ئەنفالکراوان گرنگتربوو، لەبری ئەوەی بەدوای (حصانە) پارێزبەندییەوە بێت بۆکوردی جینۆسایدکراوئاخر لە دنیای دکتاتۆرەکاندا جینۆسایدی (فەیلیەکان و بارزانیەکان و گازبارانی هەڵەبجە و لە دنیای دیموکراتەکان و گلۆبالیزەیشنیشدا جینۆسایدی ئێزدیەکان وشەنگال بەشی کورد بوو..!

بۆیە هەر کاتێک بمانەوێ گوزارشت لە مێژومان بکەین جگە لە چیرۆکی تراژیدی و وێنەی قوربانیەکان هیچمان نیە بەجیهانی بڵێین. ؟ بەڵام ئەفسوس ..! لە سایەی دەسەڵاتی خۆمالیدا لەماوەی چارەکە سەدەیەکدا لەمەشدا فەشەلمان هێناو لەنائومێدی زیاترمان نەچنیوە. لەشەری ناخۆدا هەموو ئومێدێک کوژراو لە شەرمەزاری زیاتر بۆ کوردی مەینەتبار نەمایەوە .

من لە خستنە ڕوی بەڵگەنامەکانی ئەنفال و گازباراندا ناخوازم ئازارتان بدەم بەڵکو دەمەوێ لە مەترسییەک ئاگادارتان بکەمەوە، چونکە بیرکردنەوەو ڕاچەنینێکمان پێویستە ئەگەر دابەروەری بەدی نەهێنن ژیان وەک رابوردو لە مەترسیدایە.

دەبێت چالاکوانانی ئەنفال هێزوتوانای لێبوردەیی بن‌دەزانم هەندێک دۆسێی ئەنفالیان خستووەتە خزمەتی خۆیانەوە و توانای بیرکردنەوە لە کەسوکاری قوربانیان زەوت دەکەن و پڕیان دەکەن لە ڕق و دڵپیسی و تورەیی، بەڵام بێ ئومێدیش نیم لەوەی کەسانێک هەن، خۆیان خستووەتە خزمەتیانەوەو بەدوای خۆشەویستی مرۆڤەوەن.

ئەمرۆ هاواری قوربانیەکان بۆ دابەروەری و ژیانێکی شەرەفمەندانەیە، نەک بۆموچەو پارە، بایکۆتکردنی یادی ئەنفال واتای گەورە لەخۆدەگرێ و سیاسی کورد لێی تێناگات، هاواری دایکان بۆ بەهاناوە هاتنی ستەم لێکراوانە. بۆ دڵی هەلاهەلای ئەو کچ وکوڕە عاشقانە یە کە دکتاتۆریەت دڵی شکاندون ودیموکراسیەت ئاشتی نەکردونەتەوە، ئێمەش هەر بۆئەوە دەنوسین ولێکۆڵینەوە دەکەین چونکە لە ژیان رازی نین، بەدوای ژیانێکی تردا دەگەڕێین، کە سەرۆک وسەرکردەکان جەلاد لە قوربانییان لەلا بەرێزتر نەبێ. کەس خۆی لە سەروی یاساوە نەبینێ و چیدی شـ کۆمەندی قوربانیان و هاوڵاتیان پێشێل نەکەن.. ئەگەرنا ناچارین بڵێین هێشتا بەعسیزم و ئەنفال بەردەوامن. ئەمەش لەشەرمەزاریی زیاترمان پێنابەخشێ .

دووا ماچی نازم

ئامادەکردنی :سمکۆ سابیر

نازم مەنسوور رەحیم- گوندی قەوالّی - داوێ، لەملەسوورە کۆکرانەوەو بردیانن بۆ قۆرەتوو، چەند شەوێک لەوێ دەمێننەوەو رەوانەی تۆبزاوا دەکرێن . خالّۆ حەکیم ئەم چیرۆکە تراژیدییەمان لەبارەی نازم بۆ دەگێڕێتەوە:

" لەڕۆژی ١٤/٤ /١٩٨٨ خەڵکێکی زۆر لە ملەسوورە کۆکرابوونەوە، ئەوکات مالّم لەشاری کفری بوو. خزمەکانم لە گوندی قەوالّی و قەڵاچەرمەڵە بوون، بەپشتی ناحیەی سەرقەڵادا ڕۆیشتم، بەڵام جموجۆڵ ئاسان نەبوو، جاش و سوپا ناوچەکەیان تەنی بوو.

کاتژمێر ٩ی بەیانی لەپشت گوندی وەلی هەیەر کۆمەڵە خەڵکێکی زۆری ئاواییەکان کۆکرابوونەوە پێدەچوو لە ملەسوورە رایانکردبێت و بەرەو ناحیەی سەرقەڵاتبن دەیانویست خۆیان رزگار بکەن، بەڵام سوپاو جاش ناوچەکەیان تەنیبوو خەڵکەکە نەیانتوانی بوو بگەنە ناو ناحیەکە هەموویان دەستگیرکرابوون.

من لە دوورەوە (نازم)م ناسییەوە، ئەو خوشکەزای خێزانەکەم بوو، تەمەنی ١٧-١٨ ساڵ دەبوو، کراسێکی سپی لەبەرو شەروالّێکی لەپێدا دابوو لەگەڵ کۆمەڵێک ئافرەتی تردابوو، جاش و سوپا گرتبوویانن و ڕێگەیان نەدەدا بڕۆن، هەموو لایەکیان لێگیرابوو. ئەم دیمەنە ئاگری تێبەردام، کە بینیم جاشێکی کورد دەستی بەسەرداگرتبوون، دوای کەمێک گەیشتم و داوام لە جاشەکە کرد ڕێگەم پێبدات بڕۆم بۆ لای ئەم خزمەی خۆم و تەنها دوو ماچی لێبکەم، جاشەکە تورەبوو ڕێگەی نەدام، بەڵام جاشەکە ئەوناوەی بەجێهێشت، ئینجا چوومەوە نزیکی خەڵکەکە و ئەمجارەیان داوام لەسەر بازێکی عەرەب کرد، کە ڕێگەم پێبدات تەنها دوو ماچی نازم بکەم، هەر بە عەرەبی پێمگوت : ئەویش ڕێگەی پێدام ووتی برۆ بەس زوو بگەڕێیتەوە، منیش چومە لای نزام و لە جیاتی دوو ماچ چوار ماچم کرد و بەجێمهێشت.

زۆر گریام ئەویش زۆر گریا، کە گەیشتینە یەکتری هیچ کام لە ئێمە قسەمان بۆ کریا تەنها گریاین. بەتایبەتی بەهۆی ئەوەی هیچ کەسێک





لەکەسوکارەکەی لەگەڵدا نەبوو، بریا بەیەکەوە بوونایە چونکە هەموویان ئەنفالکراون."


حەکیم ئەوەشی وت کە نازم جگە لە دایکی بەناوی (خەیریە عیسا حەسەن) و باوکی بەناوی (مەنسور رەحیم جادر) برایەکیشی بەناوی یادگار ئەنفالکراوە لەگەڵ چوار خوشکی بەناوەکانی: چیمەن و شەونم و ئاواز و کەژاڵ. تەنها خوشک و برایەکی بەناوی (هەرمێ و رزگار) ماون، بەچاوی فرمێسکەوە نازمم بەجێهێشت و ئەوە دووا بینین بوو ئیتر ڕۆیشت و نەگەڕایەوە.

ئەو دیمەنە زۆر کاری تێکردم، کە گەڕامەوە بۆ ماڵ ئیتر دەستمکرد بە شیعر نوسین لە بارەی ئەنفالەوە. تامانگی دووی ١٩٨٩ نزیکەی سێ هەزارو سێ سەد دێڕ شیعرم بۆ ئەنفال و نەهامەتییەکانی ئەم میللەتە نوسیوە بەتایبەتی ئەنفال تا دەگاتە نوگرەسەلمان و باسکردنی سەگەڕەش، بەڵام بەداخەوە لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ هەمووی لەناوچوون.

وێنەی دووەم، دایک و باوکی نازمن لەگەڵ یادگاری برا بچووکیدا کە ئەویش ئەنفالکراوە.

چەکی کیمیایی لەژێر تاقیکردنەوەدا

ئەسعەد جەباری



| الحرب العراقية - الإيرانية |

أسلحة كيمياوية تحت الفحص

إنَّ دافع الربح شجّع بعض الشركات على مساعدة العراق للحصول على كميات كبيرة من الأسلحة الكيمياوية. فمنذ بداية الحرب مع إيران سعى النظام العراقي إلى الحصول على برامج "لأسلحة خاصة"، لاستخدامها حصرًا في الدفاع عن الأرض العراقية وفي الحالات الاضطرارية الطارئة. واستخدم هذا الاسم الخفي واجهةً للأسلحة الكيمياوية المحرمة الاستخدام دوليًّا بموجب برتوكول جنيف لعام 1925 [1]. ونتيجة للآثار المرعبة التي تركتها استخدامات الغازات في الحرب العالمية الثانية، اتفق المجتمع الدولي على تحريم استخدامها في ميدان المعركة. ومنذ ذلك الوقت، استخدمتها إيطاليا فقط في أثناء استعمارها لإثيوبيا، وبخلاف ذلك كانت نظرية الردع فعَّالةً. وحتى في ذروة الحرب العالمية الثانية قاومت كلّ أطراف الحرب أن تستدرج واللجوء إلى استخدام خزينها من الأسلحة الكيمياوية.

تسارع العمل ببرنامج الأسلحة الكيمياوية العراقي منذ صيف عام 1982 حينما دخلت القوات الإيرانية الأراضي العراقية. في ذلك الوقت شحن الاتحاد السوفييتي لبغداد عناصر الغازات المثيرة للقرح والبثور، والتي هي مجرد نسخة محسنة من غاز الخردل السيئ السمعة الذي استخدم في الحرب العالمية الأولى[2]. وباعت إسبانيا للعراق حاويات مُكيفة لنشر المنتوج الكيمياوي في الجو، وباعت مصر له كميات كبيرة من القذائف الفارغة التي مُلئت في معمل بسامراء شمال بغداد، وفي معمل آخر في عكاشات بالقرب من الرطبة عند الحدود الأردنية. واستنادًا إلى روايات الجنرالات العراقيين السابقين فإنَّ الشركات الألمانية والبلجيكية والدنماركية وحتى اللبنانية زوَّدت العراق بالعناصر الكيمياوية الضرورية لبناء هذا البرنامج السري، وبشكل خاص تطوير العناصر السامَّة والقاتلة؛ لأنَّه من الصعب كشفها أو الوقاية منها.

1- لم توقّع إيران ولا العراق على البروتوكول الصادر بجنيف في يوم 17 حزيران 1925 الذي لم يحرّم إنتاج الأسلحة الكيمياوية والحصول عليها أو تخزينها، ولكن في عام 1991 أُقيمت بدلًا منه معاهدة دولية تحرّم امتلاك تلك الأسلحة واستخدامها.

2- Derek Wood, " Gulf Chemicals Could Be Soviet," Jane's Defence Weekly, March31, 1984.

- 375 -

لەســـــاڵی ١٩٨٣ عێراق هەوڵی بەدەســـتهێنانی چەکی کیمیـــاوی داوە، بەتـــایـــبەتـــی (گـــازی خەردەل)ی کووشـــنـــدە. یەکەمین ووڵاتیش کە ئەو چەکە قەدەغەکراوەی بە عـێـراق فـرۆشـــتـــووە، ووڵاتی (ئیســـپانیا)بووە!، دوای ئەویـــش ووڵاتـــی (میسر)ی عەرەبی.

ئەو چەکە مەترسیدارە لە کارگەیەکی شـــارۆچکەی (ســـامەڕا) لە پارێزگای (تکریت) پڕ دەکران.

هەروەهـــا لەکـــارگەیەکی تـــریـــش لە نـــاوچەی (شـــەڕگات) نزیک قەزای (ڕووتـــبە)ی ســـــەر ســـــنـــووری عـێـراق و (ئوردن).

دواتر چەندین کۆمپانیای جیـــاجیـــا لە ووڵاتـــانی ئەوروپی و عەرەبی وەکو (ئەڵەمـــانیـــا و بەلژیکیـــا و دانـیـــمـــارک و تەنـــانەت لوبنان)یش چەکی کیمیاویان (زۆر بەنهێنی و تایبەت.!!) بە عێراق دەفرۆشـــت. (دەســـتەواژەی زۆر نهێنی و تایبەت یاخود نهێنی و بەپەلە لەزۆربەی نوسـراوەکانی دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگریی عێراقییدا نوسراون).

سەرچاوە:

الحرب العراقية-الايرانية، بيير رازو، ترجمة فلاح حســـن الأسدي، بغداد، ٢٠٢٣، ص٣٧٥.

جینۆسایدی بێدەنگی کوردانی فەیلی


فاتیح عەبدولّا شوانی

دەروازەیەک

فەیلیەکان وەک لقێکی گەورەی نەتەوەی کورد لە باشوری میسۆپۆتامیاو باشورو رۆئاوای زاگرۆس لە هەزارەی سێیەمی (پ.ز)ەوە لەو ناوچەیە نیشتەجێن و هەتا ئەمرۆش بەشێکی زۆریان ماونەتەوەو لەسەر خاکی باوباپیرانی خۆیان دەژین و بەشێکی سەرەکین لە خاک وخەڵکی کوردستان. ئەمانە لەرووی کلتوری و زمان و شارستانی و رەگەزیەوە کوردن، دەگەڕێنەوە سەر سومەر(١)، بە پاشماوەی سومەریەکان دادەنرێن، لە ناوچەکانی ئێستای باشوری عێراق و باشورو باشوری رۆژئاوای ئێراندا وەک خەڵکی کورد دەژین و بە ژیانی رۆژانەی خۆیانەوە خەریکن. ئەم بەشەی گەورەیەی گەلی کورد تا هاتنی ئیسلام بۆ ناوچەکە بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و بازرگانی و بازارەوە خەریک بوون لەسەر خاکی خۆیان و ئەو زەویانە هەموی مولّک و خاک و نیشتیمانی ئەوان بوو، هیچ کێشەیەکیان نەبوەو ماونەتەوە لەسەر خاکی خۆیان.

کاتێ هێزە دەرەکیەکان هاتوون لە ئەنجامی شەڕو سەرهەڵدانی کێشە رامیاریەکاندا ئەمانیش وەک بەشێکی سەرەکی خەڵکی ناوچەکە زیانیان بەرکەوتوە. لە ئەنجامی هاتنی شەپۆلی یەکەمی گەلانی سامی نەژاد لە نیمچە دورگەی عەرەبیەوە بۆ میسۆپۆتامیا وەک ئاکەدو بابل و ئاشور کە توانیان جێ پێی خۆیان بکەنەوەو دەستیان بە داگیرکردنی ناوچەکە کرد. ئەوەش بە یەکەم شەپۆلی داگیرکاری کوردستان دادەنرێت لەلایەن سامی نەژادەکانەوە، وەک یەکەم قۆناغی بەعەرەبکردنی کوردستان، چونکە ئەو پرۆسەیە هەر ناوچەی سومەرو فەیلی نەگرتەوە، بەڵکو گەیشتە زۆربەی خاکی کوردستان.

لە ئەکەدو بابلەوە بۆ هاتنی سامی نەژادەکان

هەرچۆنێک بێت سەردەمی داگیرکاری ئەکەدو بابل و ئاشور، نەبووە هۆی هەڵکەندن و راگوێزانی تەواوەتی فەیلیەکان و دەرکردن و کۆمەڵکوژیان لەسەر خاکی خۆیان کە بەشیکی سەرەکی کوردستانە. کەچی بە هاتنی ئیسلام وەک شەپۆلی دووەمی هاتنی سامی نەژادەکان و بەعەرەبکردنی کوردستان لێرەوە کوردستان و خاک و خەڵکی فەیلی توشی کارەسات بوون، کە ئەکرێ وەک شەپۆلی دووەمی بەعەرەبکردن دابنریت لەژیر ناونیشانی فتوحاتی ئیسلامدا، چونکە لەو سەردەمەدا سەدان خێڵی بەربەریی عەرەب لە نیمچە دورگەی عەرەبی و کەناری دەریاوە بەرەو خاکی میسۆپۆتامیاو کوردستان هاتن و دوای داگیرکردنی تیدا نیشتەجێبوون و دەستیان بەسەر هەزاران دۆنم زەوی کشتوکاڵ و خاک و ماڵی کوردا گرت، وورده وورده خەڵکە رەسەن و خاوەن ماڵەکەیان توشی کێشەو شەڕو کوشتن و دەرپەڕاندن و ماڵوێرانی کرد. لە سەرەتاشدا بەناوی ئیسلامەوە دەستیپێکرد لەبەرئەوەی ئەم ناوچانە لە پایتەختی دەوڵەتی ساسانیەوە نزیک بوون و ناوچەیەکی دەوڵەمەند بون بە ئاوو خاک. هەروەها کاتێ دەوڵەتی ئیسلامی هەر ناوچەو هەرێمێکی داگیردەکرد سەرۆک خێڵ و سەرکردە سەربازیەکانی عەرەبی دەکردە فەرمانڕەوای ئەو ناوچانەو هێزو سوپای خێڵە عارەبەکان لەو ناوچانە دەمانەوەو دەیانکرد بە مولّکی خۆیان و خەڵکە رەسەن و خاوەن خاکەکەش وەک ژێردەستە مامەڵەیان لەگەڵ کراوەو وردەورده خاکەکەیان لەدەست دەرچووە، بەو شێوەیە عارەب وەک هێزێکی داگیرکەر بوون بە

خاوەن ماڵ لەسەر خاکی کورد لە ناوچەی سومەرو فەیلی.

ئەم قۆناغەش لە سەردەمی راشدین دا بەرووبی دیارە خێڵە عەرەبە بەربەرییەکان چۆن نیشتەجێکراون لە ناوچەکەدا، دواتریش لەسەردەمی دوا خەلیفەدا ئەم ناوچەیە بووە مەیدانی شەڕو پێکدادانی بنەماڵەی عەلی و موعاویەو ئەو عەرەبانەی هاتبوونە ناوچەکە زیاتر پشتگیری عەلی بوون و ئیتر لێرەوە کێشەکە زیاتر دەستی پێکردو رق و کینەو کوشتن و فیتنەو داگیرکاری زیاتر سەریهەڵداو بەتایبەتی دوای هاتنی ئومەویەکان و ناوچەکەیان کردە جێی تۆڵەکردنەوەو کوشتارگەو ماڵوێرانیەکی زۆریان بۆ ناوچەکە هێنا.

لەسایەی دەسەڵاتی ئیسلامیی عەرەب و تورکدا

بەدرێژای حوکمی دەوڵەتی ئیسلامی عەرەب بەناوی ئاژەڵداری و لەوەڕگاوە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو ڕۆژهەڵات و باکوری میسۆپۆتامیا دەهاتن. ئەمە جگە لەو بنەماڵە عەرەبانەی وەک حاکمی دەوڵەتی ئیسلامی لە ناوچە کوردستانیەکان جێگیربوون و خۆیان سەپاند بەسەر خەڵکی ناوچەکەدا. ئەم شەپۆلی کۆچبەریەی هۆزە عەرەبە بەربەریەکان بەدرێژایی چەندین سەدە بەردەوام بوو، واتە بەتەواوەتی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا تا هاتنی شەپۆلی سێیەمی بەتورککردن و بەعەرەبکردن لەسەردەستی دەوڵەتی عوسمانیەکان وەک دریژەپێدەری دەوڵەتی ئیسلامی، عوسمانیەکان هەر لە سەرتاوە دەستیانکرد بە سیاسەتی بەتورککردنی کوردستان و داگیرکردنی خاکی کورد، بەڵام ئەوەی ئەم جارە جیاوازە بەتایبەت دژی خەڵکی فەیلی ئەنجامدراوە بە سیاسەتی بەعەرەبککرنی ناوچەکەیان لە سەدەی هەژدەو نۆزدەدا.

دەوڵەتی عوسمانی دەستی کرد بە گۆڕینی دیمۆگرافی گەلانی ناوچە بەتایبەتی دژی کورد بە بیانوی ئایینی و مەزهەبی و شۆڕش و ڕاپەڕینەکانەوە، بۆ نمونە ڕاگوێزانی هەزاران کوردی هۆزی هەمەوەند بۆ لیبیاو هۆزی فەیلیەکان بۆ ئێران بە بیانوی ئەوەی خەڵکی فەیلی شیعە مەزهەب بوون.

لێرەدا غەدرێکی گەورە لە خەڵکی فەیلی کراوە لەلایەن والی بەغداوە بە فیتی خەلیفەی عوسمانی. کاتێک سەرژمێری دانیشتوانی دەوڵەتی عوسمانی کراوە، فەیلیەکان بێبەش کراون و تۆمارنەکراون بە بیانوی ئەوەی سونە مەزهەب نین و مەیلیان بەلای دەوڵەتی شیعەی ئێرانداید(٢)، یان ڕەنگە ئەمە بۆ فەیلیەکان هەنگاوی یەکەمی کارەساتەکە بێت لە لێستەندنەوەی زەویەکانیان و بە بێگانە زانینیان لەلایەن دەستەڵاتەوە. کە دواتر بووە بنەمایەک بۆ دەستبەسەراگرتنی موڵک و ماڵ و دەرکردنیان. هەر بۆیە لەم سەردەمەدا بەتایبەتی سەردەمی مەدحەت پاشا سەدان خێڵی کۆچەری و ئاژەڵداری عارەب هاتنە ناوچەکەو بەرەسمی بریاری نیشتەجێکردنیان دراوەو لە زۆربەی ناوچەکانی موسڵ و کەرکوک و دیالەو ناوچەی فەیلەکانیش بۆنمونە (لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٩دا لە سەردەمی مەدحەت پاشا ١٨٦٩ کە والی بەغداد بوو، خێڵێکی عەرەبی وەک (ڕەبیعە, بەنی ئەوس, جبور...) دەشتەکانی مەندەلی و بەلەدروزو قزڵرەباتو قەرەتەپەیان گرتەوە, ئاشکرایە کە مەدحەت پاشاو ئەو والیانەی دوای ئەو هاتن هانی ئەو عەشیرەتە عەرەبانەیان دا بۆ نیشتەجێکردنیان). ئەمەش بە قۆناغێکی مەترسیداری بەعەرەبککردن و دەرکردنی کوردو فەیلی دادەنرێت لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا(٣).

بەعس و سڕینەوەی کوردی فەیلی

قۆناغی چوارەمی بەعەرەبککردن و جینۆسایدی هۆزی فەیلی کوردو دواتر ئەنفال و ڕوخاندنی گوندەکان و کیمابارانکردن لە سەردەمی دەوڵەتی نەتەوەپەرستی عارەبی سونەدا کە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە لەلایەن بریتانیاوە دروستکراوە لەسەر خاکی کوردستان. ئەوە بوو بەشێکی گەورەی کوردستان کەوتە ژێردەستی کەمینەیەکی عارەبی سونەوە لەساڵی ١٩٢١وەک یەکەم دەوڵەتی سونی عارەبی کەوتە جینۆسایدکردن و بەعەرەبککرن و ڕاگوێزانی کورد بەتایبەتی فەیلیەکان.

ئەم دەوڵەتە ناسـۆنالیستە سـونە مەزهەبە هەر لە سـەرەتاوە کەوتە دژایەتی کوردی فەیلی بە بیانوی ئەوەی شـیعە مەزهەبن، لەکاتێکدا عارەبیش هەبوون شـیعە بوون، بەڵام فەیلیەکان باجی کوردبوونیان داوە نەک مەزهەب. بۆ نمونە داگیرکەری بریتانیا تا سـاڵی ١٩٣٠ کە خۆیـان بە فەرمـانڕەوای کرداری ئێراق دەزانی و دەوڵەتی پاشـایەتی لە ژێر دەسـتی ئەواندا بوو، یاسـای ئێراق کە بریتانیای داگیرکەر دایڕشـتبوو چەمکی هاوڵاتی ناڕەسـەنی(٤) دەرکرد، ئەو کەسـانەی دەگرتەوە کە شـوناسـنامەی عوسـمانییان نیە یان لە سـەرژمێری عوسـمانیدا ناونوس نەکراون. ئەمەیان کردە بیانویەکی باش بۆ ئەوەی فەیلیەکان بە هاوڵاتی نارەسەن و شوێنکەوتەی ئێرانی شیعە لەقەڵەم بدەن و پاشان رایان بگوێزن و دەست بەسەر ماڵ و مووڵکیاندا بگرن(٥).

ئەمەش بووە بنەمایەکی گرنگ بۆ دەوڵەتی پاشـایەتی و کۆماری کە کاری زیاتری لەسـەر بکەن، هەر لەم روانگەو یاسـایەوە کار بۆ جینۆسـایدی فەیلیکان کرا، بۆ نمونە لە سـەردەمی دەسـتەڵاتی بەعسـدا نیو ملیۆن کورد لە خەڵکی فەیلی لە سـەرەتای سـاڵی ١٩٧٠دا دەسـتکرا بە پرۆسـەی دەرکردن و راگوێزان و ڕەوانەکردنیـان بۆ ئیران، ئەمەش وەک قۆنـاغێکی ترسناکتر و بۆ جینۆسایدی فەیلی و کورد لەو ناوچانە پەیڕەوکرا.

بە نزیکبوونەوەی جەنگی ئێراق –ئێران مەترسـیەکە زۆرتر بوو بۆ خەڵکی فەیلی بەتـایبەتی بۆ ئەوانەی هێشـتا مابوونەوەو لەسـەر خاکی خۆیان، ئەوانیش دەرکراون و راگوێزران بە بیانووی ئەوەی شـیعەن و لەگەڵ سـەدان هەزار عەرەبی شـیعەدا دەرکران لە زێدی ڕەسـەنی خۆیان، بەڵام ئەمجارەیان ش ێوازی راگوێزان و دەرکردنیان ئاسـایی نەبوو، چونکە فەیلیەکان وەک خەڵکی کورد بەشـێکی گەورەی بـازرگان و ئـابووری بـازاری بەغـدادیـان بەدەسـتەوە بوو هـاوشـێوەی راگوێزانی جوولەکەکانی سـەردەمی نازیی هیتلەر بوون لە ئەڵمانیا، چونکە هەموو ماڵ ومووڵک و سـەرەوەت و سـامانیان دەسـتی بەسـەردا گیرا لەلایەن دەوڵەتەوە، خەڵـک و ژن و منـاڵ و پیـاوو گەنجیـان وەک ئەنفال گیران و دەسـت بەسـەر کران و گەنجەکـانیـان جیاکردەوەو دواتر لەناوبران و بێسـەروشـوێن و ئەنفالکران، پاشـان پیرو پەککەوتەو ژن و منـاڵیان بە ماشێنی سەربازی لەسەر سنوری ئێراق-ئێران فڕێدا و بەدەم لێدان و تەقەکردنەوە بەسـەریاندا لە سـنوری ئێراق دەرکران.

ئەم کارە دڕندانەیە بەرامبەر کورد و خەڵکی فەیلی زۆر سەیر نەبوو، چونکە فەیلیەکان هەم ناسنامەیان کوردی بوو هەم لەرووی مەزهەبەوە شـیعە بوون، بۆیە لەلایەن رژێمی نەتەوەپەرستی عارەبی سونەوە دەبوو دوو جار جینۆسـاید بکرێن(٦). یان دووقات ئەنفال بکرێن، دواتر سـەرجەم ماڵ و مووڵک و خاک و هەرچییان هەبوو دابەش کرا بەسـەرعارەبی سـونەو شـیعە بەتایبەتی بەعسیەکان.

تەنانەت دوای بەعسیش، سڕینەوەی فەیلییەکان

قۆناغی پێنجەمی بەعەرەبکردن و لەناوبردنی فەیلیەکان لەدوای ڕوخانی رژیمی بەعسـەوە دەسـتی پێکردو ئەو فەیلی و کوردانەی لەو ناوچانە مابوون بەهۆی ئەوەی کوردن گێچەڵیان پێکراوەو بۆ ئەوەی دەسـت بەسـەر زەوی و خـاکیـانـدا بگرن لەلایەن گروپی چەکـداری سـونەو تیرۆرسـتەوە بەهاوکاری و چاودێری دەوڵەت. ئەوەی جێی داخە بەدرێژای مێژووی دەوڵەتەکـانی ناوچەکە فەیلیەکان بە بیانوی شـیعەبوون جینۆسـاید دەکران و هەنـدێ جـارێش کوردبـوونیـان. واتە شـیعەبوون ببووە بەڵایەکی گەورە بەسـەر فەیلیەکانەوە بۆ لەناوبردنیان لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی و عوسمانی و پاشایەتی و بەعسەوە.

ئەوەی لێرەدا جێی سـەرنجەو دەبێت ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە لەدوای سـاڵی ٢٠٠٣ەوە شـیعەکان بوون بە دەستەڵاتداری عێراق، کەچی فەیلی زیاتر توشی کێشەو مـاڵوێرانی بونەتەوە، ئەم جـارەیـان بەنـاوی کوردەوە کۆمەلکوژ دەکرێن و دەربەدەر دەکرین و بەترس و تۆقاندن و کوشـتن و هەڕەشـەکردن لێیان ماڵ و مووڵک و زەوییەکـانیـان لێ داگیردەکرێت بە بەرچـاوی

حکومەتی بەغدادو ئێرانی شیعەو هەرێمی کوردساتانیشەوە.

خەریکە ئەم بەشە گرنگەی نەتەوەی کورد (فەیلییەکان) بەرەو لەناوچوون دەروات، هەم لە ئێران و هەم لە ئێراق. هەتا دێت کێشەی زیاتر بۆ ئەم خەڵکە رەسەن و پاکەی گەلی کورد دروست دەکەن و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر فەرامۆش دەرکرێن و مەترسی جینۆسایدێکی تریان لێدەکرێت و بەردەوام لەژێر مەترسی و هەڕەشەدان بە ئاشکرا هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەو ڕەگەزیان دەدرێت و بەیەکجاری لەسەر نەخشەی کوردستان و بەتایبەتی ناوچەکانی خۆیان لە وڵاتی سومەر و فەیلی بەغدادو کوت و سەماوە بەدرەو جەسان و مەندەلی و سۆمار، چونکە شوێنەکەیان کەوتۆتە ناوجەرگەی عارەبی سوونەو شیعەو دورن لە هەرێمی کوردستانەوەو دابڕاون لە کوردستان. ئیرانیش لەبەرئەوەی کوردن هاوکاری و پاڵپشتیان ناکات، لە هەمان کاتدا شیعەی عەرەبی عێراق خۆیان بەشێکی سەرەکی بوون لە تاڵانکردن و دەست بەسەراگرتنی موڵک و مااڵی کوردو داگیرکردنی خاک و ئاویان بەدرێژایی مێژوو بەتایبەتی لە ناوەندی شاری بەغدادا خەڵکیان تیرۆر دەکرێت و کۆمەڵکوژ دەکرێن

ئەم کارە بە بەرنامە دەکرێت دژی فەیلیەکان(٧)، نەک هەر داگیرکردن و دەست بەسەراگرتنی خاکی فەیلی، بگرە گەیشتونەتە ناوچەکانی دیالەو خانەقین و کەرکوک و موسڵ و دوزخورماتوو هەندێ شوێنیان بەتەواوەتی داگیرکردووەو لەدەستی کوردیان دەرهێناوە بە هاوکاری حکومەت و میلیشیاو چەکدارە تیرۆرستەکانی سەربە شیعەو سونە، واتە داعش و حەشدی شەعبی.

سەرچاوەو پەراوێزەکان:

(١) سۆمەرییەکان یەکێکن لە گەلە دێرینەکانی کوردستان و باشوور و باشوری ڕۆژهەاڵتی وڵاتی نێوان دووڕوبارە سنوری جوگرافیای وڵاتی سۆمەر دەکەوێتە باشوورو ناوەڕاستی میسۆپۆتامیا وە، لە باشوورەوە کەنداوی عەرەب و وڵاتی ئیلام هەندێ جار هەموو وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەیان لە ژێر دەستبووە لە باکورەوە خاپوور لە ڕۆژئاواشەوە ڕۆژئاوای کوردستان.

کریمر، صمویل: من الواح سومر، ترجمه گه باقر، قاهره ١٩٥٧، ص ٩.–گلعت الشیمانی: دساتیر الحکم فی العراق القدیم , مجله ڤڤاو ّ العدد الاول , شباگ , ١٩٥٧ , السنه الخامسه عشره , مکبعه العانی , بغداد , ص٢١.

بۆ پەیوەندی نێوان سومەرو فەیلی، بڕوانە:

حول علاقه بین السومریین و الکورد الفیلیین والحقائق، جریده الاتحاد، العدد ٤٥٥١، السنه العاشره، ص١١،١٥- ٢٠٠٢.

فاتیح عەبدوڵاڵ موحەممەد: مێژوویی دێرینی کوردستان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کاروخ / سلێمانی ٢٧١٦ کوردی ٢٠١٦ل٦٣.

)٢) ڕەفیق سابیر: ئیمپراتۆریای لم، چ٣،٢٠١٤، غەزەلنوس، سلێمانی، ل١١٦-١١٧.

)٣) فاتیح عەبدوڵاڵ شوانی: پارێزگای کەرکوک لە ساڵانی ١٩٥٧-١٩٧٧، چ١:٢٠٠٠، سلێمانی، ل٢٣-٢٤.

)٤) ڕەفیق سابیر: ئیمپراتۆریای لم، ١١١-١١٦.

)٥) ڕەفیق سابیر: ئیمپراتۆریای لم، ل١١٦-١١٧.

)٦) ڕەفیق سابیر: ئیمپراتۆریای لمل١١٦-١١٧.

)٧) نعیم الهاشمی الخفاجی: مقلومیه الکورد الفیلیون- ، جاسم الخیبری ابو زهراو قصه التهجیر للکورد الفیلیین .

دیسانەوە دۆسێی ١٨ کچە فرۆشراوەکە لەنێوان ساختەو راستیدا

هۆمەر محەمەد

٢٠٢٥/١/٢٤ سلێمانی

دوای ئەوەی بەرنامەکەی کاک شـــۆرش حاجیم لە "دەو میدیا"دا بینی کە دەربارەی نوســـراوێکی موخابەراتی کەرکوک قسەدەکات چەند پرسیارێکم لەلا دروســـت بوون، نوســـراوی ژمارە ١٦٠١ی رێککەوتی ١٩٨٩/١٢/١٠ لەســـەردەمی بەعســـدا بەڵگەی فرۆشتنی کچانی کوردە لە تاوانی ئەنفالدا، لەدوای روخانی رژێمی بەعســـەوە ئەم دۆسـیێیە هەر جارناجارێک دێتەوە بەرباس و یەکێک دەڵێت راستەو یەکێک دەڵێ ساختەیە، پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا کاک شـۆرش ئەگەر دەیزانی ساختەیە بۆچی دەرنگ کەوت لە ئاشکراکردنی ڕاستییەکەی ؟ ئەگەر دەیزانی (تەزویرە) بۆچی ڕۆژێـک نەچوو بۆلای کەســـوکاری ئەو ژن وکچانەو دڵیان خۆش بکـات یـاخود ئەوان بـانـگ بکات بۆلای خۆی و دڵنیایان بکات؟ وەک ئەوەی نەکردوو ئەی بۆچی لە گەرمەی هەراو هەڵای ئەو باسەدا، کە میدیای کوردی بەبێ بەزەییانەو بێ ئەتەکێـت بێڕیزی بەو ژنـانە و بە هەستی کەسـوکارەکانیان دەکرد ئەو نەلەسـەر شـاشـەیەک نە لە مینبەرێک دەرنەکەوت. هەتـا ئەو میـدیـایـانە بێدەنگ بکات کە دڵی کەســـوکاری ئەو کـچـانەیـان دەشـــکـانـد و نەیـانـدەزانی مـافی کەســـی چیەو هەستی مرۆڤ نرخێکی هەیە؟

ئێ خۆ هێشـتا کاک شـۆرش کادری یەکـێـتـی بـوو، کە ڕۆژنـامەی کوردســـتـانی نوێ بەڵگەنـامەکەی بڵاوکردەوە! ئەی بۆچی ئەوســـا قسەی نەکرد هەتا بەردێک لەسەر ئەم باسە دانێن؟

باشـــە، بۆچی لەنـاو ١٨ تەن بەڵگەنـامەدا تەنها بەڵگەی فرۆشتنی ژنی کورد لە ئەنفالدا تەزویرە ؟ بۆیە ئێســـتا بە گومانێکی زۆرترەوە لەم قســـانەی بەریز شـۆڕش حاجی رادەمێنم، هەڵبەت منیش نەک هەرلە بەڵگەنامەکە بەڵکو گومانم لەو سیناریۆیانەش هەیە، کە بە دوای بڵاوبوونەوەیـدا هـاتن. هەر زوو سـاڵی ٢٠٠٦ بەهەوڵی ڕەوانشـاد مامۆسـتا نەجیب گەرمیانی سـورەت قەیدی زۆربەیانمان لە خورماتوو دەرهـێـنـایەوە و دیـدارم لەگەڵ زۆربەی زۆری کەســـوکـارەکـانیشـــیـانـدا کردووەو بەوردی لە بارەیانەوە نوسیوومە. هەندێک ڕاستیم خستووەتە ڕوو کە بـاس نەکرابوون. (**بروانە گەشـــتەکـانی ئەنفالســـتان، دیدارو بەدواداچوون، دەزگای چاپ وپەخشـــی ســـەردەم ٢٠٢١ ل ٦٤٠ بۆ ٨٤٦**) لەخوارەوە جاریکی تر گومانەکانم دەخەمەوەڕو.

بەڵام ئێسـتا ئەو قسـانەی بەریز شـۆرش حاجی گومانەکەم بە ئاڕاستەیەکی تردا دەبات بەتایبەتیش، کە ئێستا دەرکەوت ئەو بەڵگەنامەیەش گەیشتووەتە ئەمریکا، چونکە هەوڵەکانی دیزە بەدەرخۆنەکردنی



بسم الله الرحمن الرحيم

العدد/ ١٦٠١
التاريخ / ١٢/١٠ /١١٨٧

(سري وعلى الفور)

مديرية محافرات محافظة التاميم

الى / مديرية المحافرات العامة

الموضوع / اجراء ت

بعد الأمار المباشر من لدن القيادة السياسية موقتنا بعملیات الأنفال الاولى و الثانية والتي تم فيها حجز مجاميع مختلفة من الأغنام ومن تلك المجاميع مجموعة من القطعات التي تتراوح اعمارهن بين (١٤ الى ٣٤) سنة وقد قمنا وحسب أوامركم بأرسال مجموعة من تلك القطعات الى ملاهي والدواجي الليلية لجمهورية مصر العربية وحسب طلبهم هو لكم طياً قائمة بأسماء تلك القطعات مع عمر كل واحدة منهن للتفضل بالاطلاع مع التقدير .

الاسماء	العمر
كلاويز عادل رحيم	١٧
جيهان نازم عباس	٢٣
ليلى عباس جوهر	٢١
لمعة ناظم عمر	١٩
بيمان عكر مصطفى	١٦
غراسان عبدالله توفيق	٢٠
قدرية احمد ابراهيم	١٧
كولبلك ابراهيم علي	١٩
غوله احمد فخرالدين	٢٥
عصمت قادر عزيز	٢٤
نجيبة حسن علي	١٨
حسيبة امين همزه	٢٩
بلير حسن علي	٢٠
عكربة رستم محمد	٢٢
حسيبة هدايت ابراهيم	١٥
كويستان عباس مولود	٢٦
سروه عثمان كرم	١٧

التوقيع
مديرية محافرات محافظة التاميم
١٩٨٩ / ١٢ / ٢٠

ئەم دۆسێ یە زۆرترن لە بەدواداچوون. یەکێک لەو قسانە ئەوەبوو گوایە ئەم بەڵگەیە دوای پرۆسە ەی ئازادی ساختەکراوە، کەچی کاک شۆرش باسی ئەوبەڵگانە دەکات، کە لەساڵی ١٩٩١ براون بۆ ئەمریکا، ئێ خۆ دواین سیناریۆش ئەوە بوو گوایە کەسێک ئەم نوسراوەی تەزویر کردووە و ئێستا دەستگیراوە! بەڵام ئەوەش هەرقسە بوو نەکەس دیارەگیرابێ و نەڕاگەیەنراوە نەکەس یش زانی کێیە و نەکەسیش دەزانێ بۆچی ئەو کارە ناپەسەندەی کردووە؟ ..گومانەکەم زیاتربوو، کە وتیان دوای پرۆسەی ئازادی عێراق نوسراوەکە تەزویرکراوە! بەو پییە بێت دەبێت لەسەروبەندی راپەرینداتەزویرکرابێت ! بۆیە ناتوانم بڕوا بەم رونکردنەوەی کاک شۆرش حاجیش بهێنم .. لەگەڵ ئەوەشدا کە بروای زۆرم بەکاک شۆرش هەیەو ریزی زۆریش لەکارە باشەکانی دەنێم.

بەڵام جێگەی پرسیارە کەکاک شۆرش دەڵێت موخابەرات ناتوانێت مامەڵە لەگەڵ وڵاتێکی تر بیکات بەڵکو وەزارەتی خارجی دەیکات ! بەڵام خۆ لە نوسراوەکەدا موخابەراتی کەرکوک ڕاستەوخۆ ئاراستەی لایەنێکی وڵاتی میسر نەکردووەو مامەڵەی لەگەڵ دەوڵەتی میسردا نەکراوە، هەتا کاک شۆرش ئەوە بەبەڵگە بهێنێتەوە، بەڵکو لە موخابەراتی کەرکوکەوە ئاراستەی موخابەراتی گشتی کراوە، واتا ئاڕاستەی سەروی خۆی کراوە، نەک دەوڵەتی میسر ! هەروەها لە نوسراوەکەدا هاتووە بەپێی فەرمانتان کۆمەڵێک لەو کچانەمان ناردووە بۆ نادییەکانی شەوانەی میسر بەپێی داواکارییان.

ئەو ناوانەی لەو نوسراوەدا هاتوون جێگەی تێڕامان وبەدواداچوونن. بەڵام دیارە مرۆڤەکان هێندەی هەواڵەکان و کاغەزەکان گرنگ نین. بۆیە زۆریش دیقەت بەپێویست نازانن.

جارێکی تر لەکاک شۆرش حاجی دەپرسم

ئایا کە ئەم بەڵگەیە لەدادگای باڵای تاوانەکان بووە جێگەی مشتومڕو پیشانی شارەزایانی سوپایانداوە بۆ ڕاستی و دروستی چۆنە پەنایان نەبردووەتەوە بەر ئەو (فحس)ەی لە ئەمریکا کراوە؟ خۆ دادگاکە بەتەواوی لەژیر رکیفی ئەمریکیەکاندا بوو؟ چۆن بۆ بەڵگەو شایەتحاڵ سەریان بە هەموو کونێک و ماڵێکدا دەکرد لە شارەزایەکی وەک شۆرش حاجیان نەپرسیوە؟ خۆ ئەو لەپێش هەمووان دەستی بەنوسین کردووە لەمەر ئەنفال و یەکەم کەسیش بوو کەشانسی ئەوەی هەبوو لەگەڵ میدیل ئێست وچ خەریکی ئەو بەڵگانە بێت ؟ دیسان دەپرسمەوە ئەو هەموو هەڵایەی ڕاگەیاندنی کوردی بەتایبەتیش (K.N.N)ی ئەوسا لەسەر ئەو دۆسێیە دروستیان کرد ئەی بۆچی کاک شۆڕش حاجی زوو نەیگوت خۆتان بەو باسەوە ماندوومەکەن ئەو بەڵگەیە (فەحس)کراوە و سەلمێندراوە کە تەزویرە ؟ لەڕاستیدا ئەمە بۆ من پرسیارێکی جەوهەرییە و دیسانەوە گومانەکەم زیاتر دەکات.

ئەی چی بە دەرهێنەری فیلمی نیران الصدیقە بڵێین؟ کێ چوو بۆلای؟ خۆ ئەو سەرەتا وتی : ئەمە لە ڕۆژنامەکانی مصردا باسکراوە، ئەمە مایەی گومان و سەرسوڕمانە. ئێ خۆ هەر ئەو دەڵێت : کە وا لە ساڵانی هەشتاکاندا ڕۆژنامەکانی مصر باسی هێنانی ئەو کچە کوردانەیان کردووە! ئەی کەدواتر ژێوان دەبێتەوە چۆن دەبێ بێئاگابی لە دانپێدانانی (اعتیماد خورشید) کە لە کەناڵی ئەلحیات بەراشکاوی باسی کردوون و بەڕێوەبەری موخابەراتیشی لە بەشداری هێنانی ئەو کچانە تۆمەتبار کردووە؟ بۆیە لێدوانەکەی (محمد ئەمین زاری)یش خۆدورە پەڕێزگرتنە لەو دۆسێیە، بەتایبەتیش کە دان بەوەدا دەنێت و دەڵێت : نەمزانیوە مەسەلەکە ئەوەندە گەورە دەکرێ ؟ دیارە قسەکانیی محمد ئەمین زاریش هەر مەبەستی دیزە بەدەرخۆنەکردنێ، دەنا بەرپرسیارانە باس لەروداوەکانی ناو دراماکەی دەکات. ئینجا تاوانەکە بۆخۆی گەورەیە نەک کوردەکان گەورەیان کردبێ. بەڵام دیارە ئەگەر چیرۆکەکە ڕاست نەبوایە ئەویش نەیدەکردە بابەتێکی دراماکەی. چونکە فیلم دروست کردن بەرپرسیارێتیە.

ئەو بەڵگەنامە کۆپیەی دادگاش بەهەندی نەگرت، کاک شۆرشیش ئێستا دەڵێت تەزویرە بەڵگەیەکی تاک و تەنیا نیە، بەڵکو واقعێکی تاڵە، بۆیە دەتوانین زانیاریەکان لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە وەک ڕاستی و دۆکۆمێنت ببینین بە

پاساوەکەی نوسەری دراماکەشەوە دەنگ و باسی فرۆشتنی ژنانی کورد لە تاوانی ئەنفالدا بووەتە جێگەی باسی میسریەکانیش هەروەک لە شەوی ٢٠١٢/٨/٩دا ژنە هونەرمەندی میسری (ئیعتیماد خورشید) کە لەسەروەختی جەمال عەبدولناسرەوە بە یەکێک لە کەسایەتییە نزیکەکانی دەزگای موخابەراتی میسری دادەنرێ زانیاریی مەترسیداری لەسەر دەزگای موخابەرات و بەرپرسەکانی بڵاوکردەوەتەوە، بەتایبەتیش لەسەر (سەفوەت ئەلشەریف)ی سەرۆکی ئەنجومەنی شورای سەردەمی حوسنی موبارەک، ئیعتماد خورشید لەبەرنامەیەکی کەناڵی (ئەلحەیات)دا بەڕوونی باسی لە بردنی کچە ئەنفالکراوەکانی کورد کردووە بۆ وڵاتەکەی کە موخابەراتی میسر رو سەفوەت ئەلشەریف لە پشتیەوە بون. ئیدی ئەوە بەڵگەیەکی گرنگە کە لەناو مخابەراتی میسر رەوە هاتووە. کاتی خۆی کاک کاوە محەمەدیش بابەتێکی لە ڕۆژنامەی ئاوێنەی ڕۆژی ٧ی ئابی ٢٠١٣ و ماڵپەڕی ئاوێنە ١٠ی ئابی ٢٠١٣ بەشی بیرورا لەبارەی چاوپێکەوتنەکەی (ئیعتماد خورشید) بڵاوکردووەتەوە.

گومان لەسەر بەڵگەنامەکە :

نوسراوەکەی موخابەراتی کەرکوک لەلای هەندێک کەسولایەن جێگەی گومانە، لە ڕاستیدا گومانکردن لە بەڵگەکە بۆ کەسانێک کە کاریان لەدۆسێی ئەنفالدا کردووە ڕەوایە و بۆ هەندێکیش گومانەکە بووەتە خێر بۆیە پاساوی بۆ دەهێننەوەو ڕەتیدەکەنەوە، چونکە نەئەوساو نەئێستاش نەیانویستووە لەسەر ئەو دۆسیە بەرژەوەندیان لەگەڵ ولاتی میسر و وڵاتانی عەرەبیدا بکەوێتە مەترسییەوە، یان هەر لەبنەڕەتەوە نایانەوێ بەوردی کار لە دۆسێی ئەنفالدا بکرێ بۆئەوەی کەمترین بەرپرسیاریتی بکەوێتە ئەستۆیان. لە پێش هەموویانەوە دەوڵەتی عێراق و لایەنە عەرەبیەکان کە جگەلەوەی ئابرو شکانێکی بۆ ئەوان تێدایە قەرەبووکردنەوەشیان دەکەوێتە ئەستۆ. هەرچی لایەنە پەیوەندیدارەکانی کوردیشن، دەیانەوێ دۆسێی ئەنفال نەبێتە مایەی سەرئێشە بۆیان و خۆیان لەبەر پرسیارێتی دەدزنەوە.

منیش بەگومانەوە تەماشای بەڵگەنامەکە دەکەم، بەڵام هەتا بلوێ بەرپرسیارانە مامەڵەم لەگەڵدا کردووە، زۆر بەوردی تەماشام کردووەو ماوەیەکی زۆر تێیڕامام و بەپێی توانای خۆم بەدواداچوونم کردووە و گەیشتوومە ئەو ئەنجامەی کە بەڵگەکە سەرباری ئەو گومانانەش هێشتا نزیکە لەڕاستیەوە.گومانی من لە ڕێکەوت و شوێنی ڕوداو و شوێنی نیشتەجێی کەسەکان و ئەو قۆناغانەی ئەنفال دایە کە ئاماژەیان بۆکراوە، بێگومان ناساندنی کەسەکانیش جێگەی گومانە. لێرەدا ئاماژە بەهەندێک لە گومانەکانم کەم بەم شێوەیەی خوارەوە:

١). نوسراوەکە هەموویانی بەکچ ناونوس کردووە، لە کاتێکدا هەموویان کچ نین، بەڵکو تیایاندایە دایکی سێ منداڵە و دوان لە کچەکانی ئەو دایکە ناویان لە نوسراوەکەدایە.

٢). تەمەنەکانیان گومان هەڵگرە لە نوسراوەکەی موخابەراتدا دایکەکە بە ٢٩ ساڵ و کچە گەورەکەی بە ٢٠ ساڵ و کچە بچوکەکەی بە١٨ ساڵ نوسراوە، کەواتە دەبێ یان دایکەکە زۆر بە منداڵی هاوسەرگیری کردبێ یان تەمەنیان بەڕاستی نەنوسراوە.

٣). دوای لێکۆڵینەوەم بۆم دەرکەوت کە ژنێکیان لە دایکبووی سالی ١٩٤٧ بەڵام لەبەڵگە نامەکەدا نوسراوە تەمەن ٢٤ ساڵ .

٤). نوسراوەکەی موخابەرات ئاماژەی بەشوێنی گرتنیان کردووە لە پەلامارەکانی ئەنفالی یەکەم و دووهەمداگیراون، بەڵام ١٥ لەو ئافرەتانە خەڵکی گوندەکانی ناحێی (نەوجول)ن و سیانیشیان، هێشتا کەسوکاریان نادیارە، ناحێی نەوجول دەکەوێتە ناو جوغرافیای پەلاماری سێی ئەنفالی گەرمیان، نەک پەلاماری قۆناغی یەک و دووی ئەنفال کە دۆڵی جافایەتی و ناوچەی قەرەداغ دەگرێتەوە.

٥). دادگای باڵای تاوانەکان لەسەر ئەو بنەمایە بەڵگەکەی بەساختە ناوبردووە کە پیشانی ڕاوێژکاری سەربازی داون و ئەوان بریاریان

لەسەرداوە، بەڵام ئەو نوسراوە لەلایەن موخابەراتی کەرکـــوکەوە دەرچـــووە نەک لەلایەن یەکە سەربازیەکانەوە .

٦). نوسراوەکە باس لەبردنیان دەکات بۆ نادیەکانی شـەوانەی میسـر ر، نەک باس لە ڕادەسـتکردنیان بە موخابەراتی میســر ئایا موخابەراتی کەرکوک یان گشــتی لەتوانایدا هەیە خەڵک بگەیەنێتە نادیەکانی شەوانەی میسر ؟

٧). هێشـتا چاپی بنەڕەتی ئەو نوسـراوە(بەڵگە)کە نادیارە، گوایا لای دکتۆرە زەکیە ئیســماعیل حقی بووەو ئەهیش داوێتیە دەســـت(پۆل بریمەر)ی حـاکمی کـاتی ئەوســـای عێراق. بەدەر لەکۆپی نوســـراوەکە هیچ بەڵگەیەکی تری هـاوشـــێوە بەردەســت نەکەوتووە کەباس لە حاڵەتی تر بکات، بەڵام باس لە ئافرەتانی ئەنفالکراوی کورد دەکرێت لەوڵاتانی تردا.

٨). کۆپی نوســـراوەکە بەڕەش وســـپی (ڕەنگی مۆر)ی مۆرەکەی وون کردووە، هەتـا بزانرێ بە مۆری موخابەراتە یان نا، وەک شـــارەزلیان باس دەکەن مۆری موخابەرات سور بووە .

سـەرباری هەموو ئەو گومانانەم هێشـتا بڕوام وایە ئەم بەڵگەیە لەڕاســـتیەوە نزیکە، چونکە دەزانم ئافرەتی ئەنفالکراو تەنانەت لەناو بنەکەکانی ئەمن و ئیسـتخبارات و لە نێوان شـ ێخە عەشـایەرەکانی عەرەبیشـــ دا دابەشـــکراون. تەنانەت من بۆخۆم دۆسـێیەی بوونی (ژنی کوردم لە بەسـرە) ڕادەسـتی وەزارەتی کـاروبـاری شـــەهیـدان و ئەنفـالکراوان کردووە، بەڵام نەچوون بەدەنگییەوە، بۆیە دڵنیـام لەوەی ژنی کورد براون بۆ وڵاتـانی تری عەرەبی بەڵام بردنیـان بۆ نـادیـیەکـانی شـــەوانە نـاچێتە عەقڵەوە.

بادوا قسـەشم هەر شـایەتحاڵێکی گەرمیانی بێت، کە کەســـایەتیەکی ناســـراوەو قســـەی بۆ جێگری سـەرنوسـەری ئەنفالستان (سمکۆ سابیر) کردووەو شـایەتی هەیە کەلە وڵاتی میسـر ژنی کوردی بینیوە و قســـەشـی لەگەڵدا کردوون، لەئایندەیەکی نزیکدا کاک سمکۆش زانیاری لەو بارەیەوە بڵاودەکاتەوە.

لە دۆسێی فەیلیەکانەوە
شەهیدکردنی (سەمیر نور عەلی غوڵام)
سیناریۆی بەعسیەکان بوو یان ڕاستی ؟

بەدواداچوون ئەنفالستان :

دوای ئەوەی ســـەمیر تۆمەتبارکرا بەوەی بۆمبێکی لەناو زانکۆی موسـتەنسـریە تەقاندووەتەوە ڕژێمی بەعس لەســـێـدارەی دا. بەڵام ئەو ڕووداوە هیچ پەیوەنـدییەکی بەســـەمیر غوڵامەوە نەبوو بەڵکو ســـینـاریۆیەک بوو، لە لایەن پیـاوانی دەزگـای هەواڵگریی ڕژێمی لەناوچووی بەعس و ســـەدامەوە دروســـتکرا، کە پێـدەچێت پەیوەنـدی بەنیـازی جەنـگەوە بـووبیـت لەگەڵ ئێـران و دواتـریـش کۆمەڵکوژکردنی فەیلیەک ان و وڵاتبەدەرکردنیـان بوو. هەرچەندە لەو کاتەدا ئامانجی ئەم سـیناریۆیە نادیاربوو، بەڵام دواتر کەجەنگ هەڵگیرسـا تەموژ لەسـەر ئەم سـیناریۆیەش ڕەوییەوەو هەمووشـتێک ئاشـکرابوو. چونکە دواتر هەموو دونیا شـاهیدی گرتن و وڵاتبەدەرکردن و ئاوارەبوون و کوشـــتنی بەربڵاوی کوردانی فەیلی بوو، کە لە ١٩٨٠/٤/٤ وە هەڵمەتی گرتنیان دەستی پێکرد.

جگەلە شـــەهیـدکردنی ســـەمیر غوڵام تەواوی خێزانەکەشی بەبێ هیچ پاساوێکی یاسایی و بەبێ دادگاییکردن، لەناوبران لەکاتێکدا هیچ تـاوانێـک لەلایەن خـودی ســـەمیـرو و ژن و مـنـدالّە بێتاوانەکانیانەوە ئەنجام نەدرابوو. لەم بارەیەوە عەبدوالواحد فەیلی دەڵێت : ســـینـاریۆی تەقینەوەی زانکۆی موســـتەنســـریە، درۆیەکی پیـاوانی موخابەراتی بەعس بوو، کە تێیدا ســـەمیر غوڵام عەلی و خێزانەکەی بوونە قوربانیی ئەو سیناریۆیە، چونکە ســەمیر لە هیچ ڕێکخســتنێکی ئیســلامیدا نەبوو، بگرە کەســێکی قەومیی کورد بوو، تەنانەت ئەو تەقەمەنییەی فڕێـدرایە نـاو زانکۆکەوە، لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە بوو، سـەمیر غوڵام عەلی ئەو ڕۆژە هەر لەزانکۆش نەبوو.(گوڵان ٢١.٢٠٢٤ی مەی)

خزمەکانیشـی بەم شـێوەیە چیرۆکی شـەهیدبوونی ئەو خوێندکارەی زانکۆ دەگێڕنەوە.

شـەهید سـەمیر غوڵام قوربانی پیلانێکە کە ڕژێمی لەنـاوچـوو ســـەرکـردایەتـی دەکـرد، بـۆ بـۆ ڕیشەکێشکردن و دەرپەڕاندن و ئاوارەکردنی دەیان

هەزار خێزانی کوردی فەیلی و ڕاگواستنیان بۆ ولاتی ئێران. ئەمە بیانوویەک بوو بۆئەوەی کە سەدام ڕق و کینەی قوڵی خۆی لە دژی کوردانی فەیلی نیشان بدات، چونکە لەگەڵ دەستپێکردنی پلانەکە ڕژێم هەڵمەتی ئۆپەراسیۆنی فراوانی لەدژی فەیلیەکان ئەنجامداو ئاوارەیی زۆرەملێ بە شێوەیەکی بێ وێنە، دەستی پێکرد، نەک هەرئەوەندە بگرە سیاسەتی هەڵوەشاندنەوەی هاوڵاتی بوونی فەیلیەکانیشی گرتە بەرو شوناس و ڕەگەزنامەی عێراقی لە کوردانی فەیلی سەندەوەو دەستی بەسەر هەموو سامانێکی گواستراوەو نەگواستراوەی فەیلیەکاندا گرت و دەستگیرکردن و لەسێدارەدانی هەڕەمەکی بە پێچەوانەی هەموو نۆرم و یاسایەکی نێودەوڵەتی دەستپێکرد.

(سەمیر نور عەلی) خوێندکاری زانکۆ بوو، لە قۆناغی سێهەمی بەشی فیزیادا بوو، کە بۆمبێک لە ناو زانکۆی موستەنسریە تەقێندرایەوە کە (عملية المصطنسرية) ناسراوە، کە لەلایەن ڕژێمەوە هەڵبەستراوبوو، لەدوای ئەوە سەمیر غولام کرایە ئامانج و لەخۆڕایی بە تیرۆرکردنی (تارق حەنا عەزیز) تۆمەتبارکراو لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا بەعسیەکان مالّی (حاجی نور عەلی) باوکی سەمیریان لە مەیدانی بەیروت گەمارۆدا، چیرۆکەکەیان هەر بە دەستگیرکردن تەواو نەبوو بەڵکو هەموو ئەندامانی ئەو خانەوادەیان لەسێدارەدا، بە منداڵەکانیشیانەوە، کە لەناویاندا ویسامی تەمەن ٨ ساڵ و ئەمیری تەمەن ١٠ ساڵ هەبوون. دواتریش دەستیان بەسەر تەواوی کەلوپەل مواڵک و سامانی گواستراوەو نەگواستراوەیان داگیرا.

چیرۆکی کچ و کورە بچووکە

(وەسان)، و (عەلی)، منداڵەکانی شەهید (ئەحمەد شوکر ڕەحیم) کە تەنها زاوای شەهیدی خوێندکار سەمیری بوو، بەهۆی هاوسەرەکەیەوە بەناوی (سەعدیە نور عەلی) لە دوای نیوەشەو هێزەکانی ئاسایش هەڵیانکوتابووە سەریان بۆ دەستگیرکردنی باوک و دایکەکە. لەو دۆخەدا منداڵەکان لە تەنیاییدا لەناو مالّێکی چۆڵ وترسناکدا بەبێ دایک و باوک و لەناو دۆخێکی تەواو ترسناکدا مانەوە! ئەوان تەنانەت نازانن بۆ کوێ بچن هەتا یەکێک لە بنەماڵە شەرەفمەندەکانی دراوسێیان دەگەنە فریایان و دەچن بەهانایانەوە. بەڵام دوای چاوەڕوانییەکی زۆر و بێ هیوابوون لە دایک و باوکیان و ترسیان لە ستەمی بەعسیەکان ئیتر نەیوێرابوو لەوە زیاتر چاوەڕوانیان بکات پیاوی داروسێکەیان بە هەژاری و دڵپاکی خۆی بردبوونی تەسلیمی کرد بوون، هەتا دوای ساڵانێک لە دەستبەسەرکردن لە قوواڵایی زیندانەکاندا، سەعدیە نور عەلیان بەردابوو ئەویشیان دەرکردبوو بردبوویان بۆ سەر سنوری ئێران بەڵام هاوسەرەکەی ئەویش لەسێدارەدراو هەر دوو منداڵەکە لە خانەی نەوجەوانداندا مابوونەوە بۆ ئەوەی لەلایەن دوو خێزانی دەوڵەمەندەوە بەخێوبکرێن. بەڵام ئیدی ئەوانیش تەعریب کرابوون ناوی کوردەکەیان گۆڕی بوو بە (عەلا فواد عەبدولغەنی) و کچەکەشیان گۆڕی بوو بە (ووسان دیا هاشم) ئەم دوومنداڵە هیچ کامیان هیچی لەبارەی ئەوی ترەوە نەزانیوە هەتا ڕووخانی ڕژێم چارەنووسیان ئاشکرابوو

دوای گەڕانەوەی زۆرێک لە خێزانە ئاوارەکانی فەیلییەکان، لەوانەش کەسوکاری ئەم منداڵانە، شوێنی نیشتەجێبوونیان دەستنیشانکرا و دوای ٢٤ ساڵ لێک دابڕان لەگەڵ دایکیان بەیەک شادکرانەوە!!

حیکمەت دەڵێت مرۆڤ بکەوێتە دەستی کەسانی بەشەرەفەوە باشە، بەڵام بۆی خراپە بکەوێتە داوی چەقۆکێش و چەقۆکێشەکانەوە.

چیرۆکی شەهید سەمیر و بنەماڵەکەی یەکە لە هەزاران چیرۆکی کورد کە دەهێنێت وەک تۆماربکرێن و وەک شایەتحاڵی سەردەمی تاوانەکانی ڕژیمی بەعس بمێنێتەوە، لەڕاستیدا ئەو چیرۆکانە ئەمانەتێکە لە ملی هەموو شەرافەتمەندێکدایە کە ئەرکیان شەو وڕۆ کار بکەن بۆ ئەوەی دابەروەری بۆ کۆمەڵگا دابین بکەنو لەگەڵ کەسوکاری خانەوادەی قوربانیەکان و شەهیدەکان هاوسۆزییەک لەدژی هەموو تۆمەتباران و ستەمکاران دروست بکەن.

دەربارەی ژمارەی قوربانیان پرسێک بۆ تێڕامان و توێژینەوە

هۆمەر محەمەد – ٢٠٢٣

هەمیشە ڕووبەڕوی ئەوپرسیارە دەبینەوە ئایا ژمارەی قوربانیانی ئەنفال چەندە؟ ئەوەی باس دەکرێت (١٨٢٠٠٠) ڕاستە یان زیادەڕۆیی تێدایە ؟ ئایا ئامارێکی جێی بڕوا کراوە ؟ هەڵبەت وەڵامی هیچ کام لەو پرسیارانە بە بەڵێ و نەخێر نادرێتەوە. چونکە هەم بەڵێ ڕاستەو هەم نەخێر هەردوکیان بۆ هەردوک بارەکە ڕاستن، "ناسنامەی بکوژان و ئەژماری وردو ڕێکوپێکی قوربانیەکان ڕەنگە قەت نەزانرێ، یان هیچ نەبێ تا ئەو کاتەی دۆسیەو فایلەکان لە بەغدا دەکرێنەوە".(میدل ئیست وۆچ ٢٠٠٤ل٤٣٢)

کەواتە ژمارەکە چەندە ؟ ئەوە پرسیارە قورسەکەیەو وەڵامەکەشی ئاڵۆزە، کێ دەتوانێت ئەوەساغ بکاتەوە ؟ چۆن ساغ دەکرێتەوە، ئەوەی لە بارەیەوە دەوترێت (١٨٢٠٠٠) ئەگەر زیاتر نەبێت کەمتر نییە، بە بۆچوون وڵێکدانەوەی من کە پشت بەهەندێک ئارگۆمێنت دەبەستم زیاترە، کەمتر نیە. بەڵام سەرباری هەندێک ئارگۆمێنتیش کە پشتم پێبەستوون هێشتا بۆچونەکەی منیش هەرخەمڵ وگریمانەیان تێدایە.

سەبارەت بەوەی ئاخۆ ئامارێک بۆ ئەم پرسەکراوە، دیسان دەبێت بڵێین هەم بەڵێ ڕاستەو هەم نەخێر، چونکە ئەگەر بڵێین ئامارنەکراوە ڕاست نییە، ئاماری نافەرمی و فەرمیش هەیە، بەڵام ئاماری سەراسەرییەکەش دیسانەوە هەر ڕاست نییە، بگرە ئەو ئامارانەش کە گوندنشینەکان خۆیان یان ڕۆژنامەنوسێک لە گوندێکدا یان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا کردونی هێشتا هەر بێ کەموکورتی نین، هەندێک دوای بەدواداچوونم لەو ناوچانەو بەراوردکردنیان لەگەڵ ئەو ئامارانەی لەبەردەستمدان هەندێک کەسی بێسەروشوێن لە ئامارەکاندا ناویان نەهاتووە و نەبوون بەژمارە.

لێرە بەدواوە هەندێک سەرنجی خۆم لە بارەی ئەم پرسە دەخەمەڕوو، کە ڕەنگە وەڵامێکی ئەو پرسیارانەشیان تێدابێت، ڕاستە هەندێک ئامار لەبەردەستدان، بەڵام زۆر جێگەی متمانەو باوەڕ نین، لەڕاستیدا هەندێکیان زیاتر خەمڵن نەک داتا، قسەی حسابیشن نەک گۆترەکاری، چونکە کاری گۆترەکاریمان زۆرە.

مافی هەموو کەسێکە بپرسێ ژمارەی قوربانیەکان چەندە، بەڵام ئەرکی هەموو کەسێک نییە وەڵامی وەها پرسیارێک بداتەوە، چونکە ئەوەی دەبێت، وەڵامی ڕاست و دروستی ئەم پرسیارە بە بەڵگەو داتا بداتەوە، بەپلەی یەکەم دەوڵەتی عێراقە، ئینجا حکومەتی هەرێمی کوردستان، نەک لەبەرئەوەی کیانێکی سیاسی و کارگێڕی کوردەکانە، بەڵکو لەبەرئەوەی دەوڵەتی عێراق وەک میراتگری دەوڵەتی پێشوو، بەرپرسیارێتی هەلبگرێت، ئەرکێکی یاسایی و سیاسی ئەخلاقی لەئەستۆیە ئاماری ئەنفالکراوان و دادگایی تۆمەتبارانی بکات و سزای تاوانبارانی بدات و قەرەبووی مادی ومەعنەوییان بکاتەوە، حکومەتی هەرێمیش بێ ئەرک نییە بەڵکو وەک بەشێک لە دەوڵەتی عێراق ئەرکێتی کۆی دۆسێکە بکاتە پرۆژەو بیخاتە بەردەم دەوڵەتی عێراق و حکومەتی عێراق و جێبەجێی بکەن. بەڵام بەداخەوە نە دەوڵەتی عێراق لەو ئاستەدایە بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و سیاسی جێنۆساید بگرێتە ئەستۆو دەوڵەتێکی دادپەروەر بۆ هەمووان لەسەربنەمای مافی یەکسان بۆ پێکهاتەکان دابمەزرێنێ و لەمیانەیدا داوای لێبوردن بکات و قەرەبووی زیانلێکەوتوان بکاتەوە، نە دەسەڵاتدارانی هەرێمیش هێندە ئاگاییان لە دۆسێی جێنۆساید و بەها ناوخۆی و نێودەوڵەتییەکانی هەیە هەتا هەنگاوی لێکتێگەیشتن بۆ ئەم ئەرکە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بهاوێن .

سەبارەت بە ژمارەی قوربانیانی ئەنفال کەس ناتوانێت، بەرێک وڕەوانی بڵێت چەندە ٢٠٠٠٠٠ یان ١٨٢٠٠٠ ە، هەندێک ژمارەکە زۆر لەوەش بەکەمتر دەزانن، لەوانە باوەڕپێکراوترین ڕاپۆرت ئەوەی ساڵی ١٩٩٣ی ڕێکخراوی میدیل ئیست وۆچە کە ژمارەکە زۆر لەوەکەمتر دەخەملێنێ کە لەئەنفالدا تێداچوبن، هەروەک لەڕاپۆرتەکەدا هاتووە: " بە خەمڵ و بۆچوونی ئێمە لە

ئەنفالدا لایکەمەکەی ٥٠ هەزار یان ڕەنگە ١٠٠ هەزار کەس کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون لە نێوان شوبات و ئەیلوولی ١٩٨٨دا کوژرابێتن."(**میدیل ئیست:١٩٩٣ ل٢٢**) پێناچێت حکومەتی هەرێمی کوردستان جارێکی دی خەم لە سەرلەنوێ ئامارکردنەوەی ئەنفال بخوات، بۆیە دەشێت خەملاندنێک لەڕێگەی ژمارەی گوندە ئەنفالکراوەکان و ڕێژەی دانیشتوانیانەوە، بە لەبەرچاوگرتنی شێوازی خێزان و نەریتی زۆر منداڵ خستنەوە، گونجاوبێت. هێشتا ئەوەش ناتوانێت لە خەملێکی جێگە بڕوا نزیکمان بکاتەوە لەبەر چەند هۆکارێک کە گرنگترینیان ئەمانەن .

١. لەبەرئەوەی زۆربەی هاوسەرگیری ئەوسا لەسەر بنەمای گرێبەستی یاسایی نەبووە، واتا ژن و مێرد لە دادگاکان گرێبەستی هاوسەرگیرییان تۆمار نەکردووە و لە فەرمانگەی باری کەسێتی پەڕاوی تۆماریان بۆ نەکراوەتەوە، هەرلەبەر ئەوەش زۆربەی منداڵانی گوندەکان پێناسی باری کەسێتیان نەبووە و لە نفوس تۆمار نەکراون.

٢. لەگوندە قەرەباڵغەکاندا هەندێک خانەوادە هیچ کەسێکیان دەرباز نەبووە، ژمارەیان هەرچەندێک بووبێت تۆمارنەکراون و لەبیرخەڵکی گوندەکش چوونەتەوە. بۆ نمونە لەگوندی گۆپتەپە ٢٤ خانەوادە بەتەواوی تێداچون هیچ خێزانێک ژمارەیان لە (٦) کەس کەمتر نەبووە بەڵام هەیانە ١١ سەر خێزان بوون.

٣. لە هەندێک گوند زۆربەی دانیشتوانەکەی بەتایبەتی گەنجەکانیان ئەنفالکراون، ئەوانەشی دەربازبوون یان ئەو پیرو پەککەوتانە بوون، کە لەنوگرەسەلمان گەڕاونەتەوەو یادەوەرییان لاوازبووە، یاخود ئەو گەنجانە بوون کە بەهۆی پێشمەرگایەتی و خوێندن و کرێکاری لە گوندەکانیان دوربوون یان ئەو خانەوادانەی ماوەیەکی زۆر پێش ئەنفال هاتوونەتە شارەکان و ئاگاداری ڕێژەی منداڵ بوون نەبوون، بۆیە ئەو کەسانە بۆ سەرژمێری ئەنفالکراوەکان و ژمارەی ونبوان ناتوانرێت پشتیان پێ ببەسترێ.

٤. زۆربەی گوندەکان خەڵکی شار و شارۆچەکەکانیان تێدا ژیاوە و لە کاتی ئەنفالدا ئەوانیش بەرکەوتوون بۆیە ڕەنگە لە ئاماری گوندەکاندا ناونوس نەکرابن.

٥. لە هیچ ئامارێکی فەرمی و نافەرمیدا نەمدیوە منداڵێکی یەک مانگ هەتا شەش مانگ یاخود کۆرپەلەیەک لە سکی دایکیدا تۆمارکرابێت. بەتایبەتی کۆرپەلە هەرگیز وەک مرۆڤی ونبوو نەژمێردراوە، ئەمە جگەلەوەی چەندین ژن لەگرتووخانەکاندا یاخود لەکاتی گواستنەوەیاندا لەناو ئۆتۆمبیلەکان منداڵیان بووە. تەنانەت لە یەکێک لە گۆڕەبەکۆمەڵەکەی سەماوەدا تیمی گۆڕهەڵدانەوەکە منداڵێکیان ئاشکرا کرد کە لە ساتەوەختی گوللەبارانکردنەکەدا لە دایک بووە. ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ڕاپۆرتی داوە، کەوا ٣١٢ منداڵ لەسکی دایکیاندا مردون پاش ئەوەی کە سەربازانی عێراق دایکی ئەم منداڵانەی کوشتووە.(**لۆکمان میهۆ :٢٠٠٩، ل٦٣٨**)

٦. زۆربەی ئەو پێشمەرگانەی لە شەڕی ئەنفالدا شەهیدبوون یان بەدیل گیراون و ئەنفالکراون لە ریزبەندی شەهیدانی سەنگەردا تۆمارکراون نەک لە تۆماری ئەنفالکراواندا. ئەوەش هۆیەکە بۆ ئەوەی زۆربەیان لەتۆمارو ئاماری وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراواندا وەک کەسێکی ونبووی ئەنفال تۆمار نەکراوە.

٧. ئەو هاوڵاتیانەی لەکاتی ئەنفالدا لە چیاکان مردون جا چ ئاوی ڕوبارەکان بردبنی یان لە بەفردا ڕەق بووبنەوە، یاخود لە برسان مردون و لە تینوان خنکاون یان لە چیا هەڵدێراون بە دەگمەن وەک ئەنفال

تۆمارکراون، بەزۆری وەک شەهیدی هاوڵاتی تۆمارکراون، یاخود هەر تۆمار نەکراون.

٨. مەگەر چۆنها دەنا ئەنفالکراوانی شاری هەڵەبجە کە ژمارەیەکی زۆرن نەچوونەتە ئامارە فەرمیەکەی حکومەتیشەوە، نمونەش منداڵەکانی حوسێن شاو سەبریەی هاوسەرین. (**بروانە ئەنفالستان ژمارە ٧، ژمارە ١١**)

٩. هەر سەبارەت بە ئەنفالکراوانی هەڵەبجە هەندێکیان بە کیمیاباران و هەندێکیشیان بەنبووی کیمیاباران ئەژمارکراون و زۆریشیان بە زەحمەت توانیان موچەو ئیمتیازیان بۆ ببڕنەوە و وەک ئەنفال حسابیان بۆ نەکراوە یان نەمدیووە حسابیان بۆ بکەن.

١٠. رەنگە زۆرلە مەسیحیەکان و ئێزدییەکان لە پارێزگای موسڵ و قەزای شێخان هەرگیز وەک ئەنفال ئەژمارنەکرابن. بەڵام لێرەدا تەنها ئەگەرو گریمانەیە چونکە من بۆخۆم شاهیدی تەنها ٩٦ کەسم کە لەقەزای شێخان وەک ئەنفال تۆمارکراون.

بەدەر لەم حاڵەتانە هەندێک ونبووی تر هەن، کە هەتا ئێستا باس ناکرێن و ناخرێنە خانەی ئەنفالەوە، هەندێک کەس لەڕێگای ئێران بەهۆی جیاواز هاتوون بەمدیوداو گیراون و بێ سەروشوێنکراون، یان وەک چیرۆکی (نگین) کە منداڵێکی بێ کەس بووە و وەک خۆی دەڵێت پیاوێکی خەڵکی قلیاسان کە لەکاتی ئەنفالدا جاش بووە و لە نزیک چەمچەماڵ ئەم منداڵەی بەبێکەسی دۆزیوەتەوە و هێناوێتیەوە بۆ ماڵی خۆیان و هەتا تەمەنی ١٤ ساڵی بەخێوی کردووە و دواتر داوێتی بە پیاوێکی کوردستانی ڕۆژهەڵات و هەر لەلای مەلا مارەی کردووە و گرێبەستی هاوسەرگیری فەرمییان نەبووە.

ئێستا نگین هەم زیندووە و هەم ئەنفال، هەم وونبووە و هەم لەناویشماندا دەژی، تەنانەت هەتا ئەمساڵ ٢٠٢١ هیچ ناسنامەیەکی نەبوو، ساڵی ١٩٩١ دوای ڕاپەڕین پیاوەکە ڕۆیشتووەتەوە و لەگەڵ خۆیدا بردوویەتیەوە بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەڵام دوای ئەوەی دوو منداڵی لێی دەبێت بەناوەکانی (موبین و ڕوبین) پیاوەکەش دەمرێ و دیسان نگین بەدوو منداڵەوە سەرگەردان وبێکەس دەمێنێتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٠ دیسانەوە دێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان بەنیازی ئەوەی سەرەداوێکی کەسوکاری بدۆزێتەوە و لەموچەو ئیمتیازی شەهیدان و ئەنفالکراوان بەهرەمەندبێت، بەڵام نگین و منداڵەکانی بێ شوناس و بێ ناسنامەی باری کەسێتی مابوونەوە و منداڵەکانیشی لە خوێندن بێبەشن.

سەبارەت بە چیرۆکەکانی ئەنفال من بۆخۆم زۆرم لەم بابەتانە تۆمارکردون و هێشتا هیچ کامیان وەک ئەنفال تۆمارنەکراون و پێناچێت هەرگیز تۆماربکرێن. با بەڵگەو نمونە بخەمە ڕوو.

لە چەمچەماڵ پیاوێک کە خۆی و کوڕەکەی دوکانی پەنچەرچییان هەبووە و ڕۆژانە لە دوکانەکەیاندا تایەیان چاککردووە و پەنچەرییان کردوون، لە کاتێکدا کە کاروانی ئەو ئۆتۆمبیلانەی بینوە بەرەو لیواکەی چەمچەماڵ و دواتریش بەرە و کەرکوک ڕۆیشتوون، کەوتووەتە ژێر پروپاگەندەی بەعسییەکانەوە کە گوتوویانە ئەو خەڵکە دەبەن بۆ کەرکوک و دوایی لێرە لە ئۆردوگای شۆڕش و بانی مەقان قەرەبویان دەکەنەوەو خانوویان بۆ دەکەن. پیاوەکە کوڕەکەی هان دەدات سواری یەکێک لەو سەیارانەبێت کە ئەنفالکراوەکانیان دەگواستەوە، پێیگوتووە: دەتۆش پیاوبە و برۆ پارچەیەک زەوی یان خانوویەک بۆخۆت بپچڕە. کوڕەش بەقسەی دەکات و دەڕوات خۆی بە سەیارەیەکی ناو کاروانەکەوە هەڵدەواسێ، بەڵام هەر ئەو ڕۆیشتنە بوو جارێکی تر نەبینرایەوە. (**سەربەست عەبدالرحمان :٢٠٢٢**) ئەم حاڵەتە چۆن تۆماردەکرێت ؟ چۆن لەفەرمانگەی حکومەتدا دەسەلمێندرێ کە ئەنفالکراوە؟ کێ دەڵێت باوکەکە ڕوی ئەوەی هەیە بچێت تۆماری بکات و داوای موچەکەی وەرگرێت ؟

هەر لەناو ئەم چیرۆکانەدا ڕەنگە چیرۆکی ئەنوەر تەیار سەرنج ڕاکێشترینیان بێت، کە هێشتا لە تۆماری وەزارەتی کاروباری شەهیدان و

ئەنفالکراواندا وەک ئەنفالکراوێک تۆمار نەکراوە، بەڵکو وەک شـــەهیدێکی ســـەنگەر تۆمارکراوە. (ئەنوەر تەیار) ناوی ڕاســـتەقینەی ئەنوەر محەمەد ڕەزایە، پێشـــمەرگەیەکی بەرچاوی ناوچەی گەرمیان بووە لەبەرئەوەی شـــۆڤێرێکی تیژڕۆ بووە نازناوی ئەنوەر تەیارەی بەســـەردا بڕاوە، یەکێکە لەو ٧ دەربـــازبووەی خەڵکی گەرمیـــان، کە لە گۆڕێکی بەکۆمەڵ ڕزگاری بووە. ئەنوەر تەیاریش لەئەنفالی گەرمیاندا لە نزیک قادرکەرەم گیراو دوای دوو ڕۆژ ڕەوانەی تۆپزاوا کراوە، لەوێش شەوێک دەستبەسەر بوون و ڕۆژی ١٦ی نیســـان ١٩٨٨ لە تۆپزاواوە لەناو هەمان ئەو پاسەی عوزێرو ڕەمەزان و واحیدی تێدابوو ڕەوانەی بیابـانێکی ســـەربە پارێزگای ڕومادی (الانبار)کران و هەر ئەو ڕۆژە ئێوارەکەی بە کۆمەڵ لەناو پاســـەکەیاندا گوللەبارانکران کران، چونکە ئەنفـالکراوەکـان پەلامـاری چەکی ئەو سەربازەیان دابوو، کە بەنیازبوو دووکەس دووکەس دایـانـبـگـرێـت، بەڵام ئەنـوەر تەیـار داوا لەهاوســـەفەرەکانی دەکات هاوکاری بکەن بۆئەوەی چەکەکەی لێ بســـەنن و بەرگری لەخۆیان بکەن، دوای چەندجارێک هەوڵدان سەرئەنجام تیمی گوللە بارانکردنەکە هەرلەناو پاســـەکەدا گوللەبارانیان دەکەن لەو ڕوداوەدا ئەنور تەیارو ســـێکەســـی تر (عوزیرو واحیدو ڕەمەزان و ئەنوەر) ڕزگاریان بوو، ئەنوەرتەیاریش بەبریندارى خۆى دەربازکرد و لە تاریکی شەودا خۆی لەشوێنی ڕوداوە خوێناوییەکە دورخســـتەوەو لە نزیک کەمپی ئالّتاش چووبووە خانویەکی چۆڵەوە، ڕۆژی دوایی پیاوێک بەناوی (یەدۆلا عەلی مورادد) ئەنوەری بینیوەو هـاوکـاری کرد و توانی لە خـانووەکـانی نزیـک کەمپی ئاوارەکانی ئالّتاش ڕزگاری بێ. ســەرئەنجام خۆی گەیاندبووە بەغداو ماوەی مانگێک لە مالّی پوریکی لە بەغداد مایەوە.

ئەگەرچی ئەنوەر هێشـــتـا برینەکـانی وشـــک نەببوونەوە بەڵام بەغدای بەجێهێشـت و گەیشـتەوە چەمچەمـاڵ و مـاوەیەک لەگەڵ ژن و منـدالەکـانیـدا مایەوە، بەڵام ترســـی جەلادەکانی بەعس و دیمەنی کوشـــتـارەکەی ئەو ئێوارەیەی کۆمەڵکوژییەکە ئۆقرەی لەبەربڕی و چیـدی نەیتوانی لە چەمچەمـاڵ دابنێشـــی و چووەوە بۆ ناوچەی قادرکەرم و هەر لەو هەردانەی نزیـک گونـدە ڕوخـاوەکەیـان "چەم ســـورخاو" خۆی شـــاردبووەوە، بەڵام دوای ئەوەی چەنـد جـارێـک چۆمـانی کوڕی بەدزیی پیـاوانی بەعســـەوە بەناو ڕەبیەی ســـەربازی پڕلە مەترســـیدا نـــان و دەرمـــانی پێـــدەگەیەنێـت ئیتر بـــاوکی نـابینێتەوەو ئەنوەر تەیـار بەو چیرۆکە گرنـگ و دانســـقەیەوە، بۆ هەتـاهەتـایە ووونبوو جارێکی تر نەبینرایەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی باســـەکەی ئێمەیە و مایەی تێڕامانە ئەنوەرتەیار لە تۆماری وەزارەتی کاروباری شـــەهیدان و ئەنفالکراواندا بە شـــەهیدی ســـەنگەر تۆمارکراوە، نەک بەئەنفالکراوێکی بێ سەروشوێن و بێ گۆڕ.!

ووونبوویەکی ئاشکرا

عەبـدوڵا خەڵکی گونـدی ئۆمەرمەتـانی دەشـــتی کۆیەیە، لە ئەنفالی قۆناغی چوارەمی دەشـتی کۆیەدا کە لەگەڵ کۆمەڵێـک پیـاوی گونـدەکەیـان گیران و ئەنفالکران، عەبدوڵا هاوســـەرگیری کردبوو باوکی کوڕێک بوو، بەڵام هاوسەرەکەی دوای چەند ساڵێک لە ئەنفـالکردنی عەبـدوڵا، هـاوســـەرگیری لەگەڵ برایەکی عەبـدوڵادا کردەوە، ئێســـتـا من و چەنـد کەســـێک دەزانین کە عەبدوڵا ئەنفالکراوە، بەڵام لە هیچ تۆمارێکی وەزارەتی کاروبـاری شـــەهیدانـدا تۆمـار نەکراوە، ئەمەش تەنها لەبەر یەک هۆکاری کۆمەڵایەتی کە ژنەکەی هاوسـەرگیری لەگەڵ براکەی عەبدوڵا کردەوە، کورەکەی بەناوی ئیدریس پێناسی باری کەسێتی نەبوو، لەبەرئەوەی باوکیشـی ئەنفال بوو، نەیاندەتوانی پێناســـی بۆ دەربهێنن، چونکە عەبدوڵاو هاوسـەرەکەی گرێبەستی هاوسـەرگیریان نەبوو، بۆ چارەســـەری ئەو کێشـــەو دەرهێنانی پێناســـی ئیدریس مامی کە دەکاتە هاوســـەری دایکیشـــی بەناوی خۆیەوە پێناســـی بۆ دەرکرد و کردی بە کوڕی خۆی، ئیدریس ئێســـتا گەنجە و هاوســـەرگیری کردووە و خوێندەوارەو بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماســتەریشـی بەدەســتهێناوە، بەڵام لەبەر دڵی مامی و بێئەوبەرەو ڕۆتینـاتی دانگاکـان ناســـنامەکەی نەخســـتووەتەوە ســـەرباوکی.. بۆیە ئیدریس و دایکیان نەک هەر لەموچە و ئیمتیازاتی ئەنفالکراوان بێبەشـن، بەڵکو عەبدوڵاش نەخراوەتە

تۆماری ئەنفالکراوانەوە! ئێستا زانیمان عەبدوڵا ئەنفالە، بەڵام لە داهاتوودا عەبدوڵا لە بیردەچێتەوە و دەچێتە خانەی نەبوانەوە و مێژووش لە بیری دەکات.

ڕۆژی ٢٠١٣/١/٢٥ لەسەردانێکمدا بۆ گوندی جەلەمۆرد لەبناری خاڵخاڵان دیدارم لەگەڵ پیاوێک ئەنجامدا بەناوی مام ڕەجەب (ڕەجەب سالّح مستەفا) ئەو پیرە پیاوەی بەهۆی مەینەتیەکانی ڕۆژگارەوە هەموشتێکی لەدەستدابوو، دوای ئەوەی گوندەکەیان ڕوخاندبوو و ماندالّەکانیان لێ جیاکردبووەوە ماوەی ٦ مانگ لەنوگرەسەلمان دەستبەسەر بووە، کاتێک گەرایەوە تەنیاو سەرگەردان و بێ ماڵ، هیچ کەسێکیش لە خێزانەکەی نەمابوو، بۆیە هەر بەتەنیا مابووەوە. ئەوکاتەی من چووم بۆگوندەکەیان و سەردانیم کرد ئەو لەخانوبەکدا لەگوندی جەلەمۆرد دەژیا کاتێک ڕەزامەندی نیشاندا بۆئەوەی دیداری لەگەڵدا سازبکەم و پرسیاری ناوی منداڵەکانیم لێکرد سەرەتا لە کورەکانیەوە دەستی ژماردن و بەناوهێنانیان کرد، بەڵام یادەوەری یاریدەدەرنەبوو چونکە ناوی منداڵەکانی بیرچووبووەوە، بۆیە هاوتەمەنێکی خۆی بەناوی مەحمود وەڵامی دایەوەو وتی: کوڕەکەی ناوی جومعە بوو.. ئەم دیدارەم بەڤیدیۆ تۆمارکردووەو ئەم ڕاستیەم بۆ مێژوو تۆمارکردووە. ئەم دیدارەو چەندین حاڵەتی تر ئاماژەی ئەوەیە کە ساغکردنەوەی ژمارەی ئەنفالکراوان کارێکی ئاسان نیەو بگرە زۆریش ئاڵۆزە.

ڕەنگە چیرۆکی ڕزگار بۆئەم باسەو تێگەیشتنمان لەسەر ئاڵۆزی ئاماری ئەنفالکراوان لەهەموویان گونجاوتر بێت، ڕزگار دوای ئەوەی باوکی دەمرێت و دایکی هاوسەرگیری دەکاتەوە، دەکەوێتە دۆخێکی سەخت وناهەمواڕەوە هەتا تەمەنی هەڵدەکشێ پێداویستیەکانیشی زیاد دەکەن و کۆسپەکانی بەردەمی گەورەتر دەبن بەڵام لەهەموویان سەختر ئەوەیە کاتێک تەمەنی دەگاتە ئەوەی بچێتە ریزی سوپاوە بەناچاری وەرەقەیەکی فەوجەسوکەڵەکانی جاش هەڵدەگرێ بۆئەوەی خۆی لەسوپا بدزێتەوەو کاسبی خۆی بکات، بەڵام لەسەردانیکردنەوەیەکیدا بۆڵای دایکی دەکەوێتە کەمینی پێشمەرگەی یەکێتیەوەوە دەگیرێ و ڕەوانەی زیندانی کانی توو دەکرێت. پاش ماوەیەک کەدەزانن کورێکی باشە، ئازادی دەکەن و دەبێتە پێشمەرگە، بەڵام ڕزگار لەقۆناغی یەکەمی ئەنفالدا ونبوو کەس نەیزانی لەبەفری چیای کۆرکۆرپا ڕەق بووەوە یان کەوتە دەست سوپاو جارێکی تر نەبینرایەوە. ئینجا ئەگەر دەزگایەک نەبێت بۆسەرژمێری وئامارو بەدواداچونی ئەنفالکراوان بێگومان ڕزگارو هاوشێوەکانی هەرگیز ناچنە ناوتۆماری ئەنفالکراوانەوە.

سەرچاوەکان

١. میدیل ئیست ڤچ جێنۆساید لەعێراق و پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد چاپی دووەم، ٢٠٠٤ خانەی وەرگێران، سلێمانی، وەرگێرانی لەئینگلیزییەوە، محەمەد حەمەسالّح توفیق .
٢. دیدار لەگەڵ هونەرمەندی شیوەکار سەربەست عەبدولڕەحمن ٢٠٢٢ – کوردستانی نوێ ڕۆژی
٣. دیدار لەگەڵ دەستبەسەرکراوێکی نوگرەسەلمان ڕەجەب دانیشتووی گوندی جەلەمۆرد سالّی ٢٠١٣ کاتژمێر ٣ی پاش نیوەڕۆ.
٤. بەدواداچونی مەیدانی نوسەر.
٥. گەشتێک بۆبناری خاڵخاڵان، گۆڤاری ئەنفالستان، ژمارە ١٠ ، ٢٠١٣ .
٦. ماڵپەری ئەنفالستان ١٠ی تەموزی ٢٠١٨
٧. کوردوکوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا (کوردستانی عێراق) ٢٠٠٩ ئامادەکردنی پرۆفیسۆر لۆکمان میهۆ، لەئینگلیزییەوە وریای ڕەحمانی، ل ٦٣٨



جێنۆسایدی کلتوری، لە تەختایی شارەزووردا

هۆمەر محەمەد – سلێمانی

مامۆستا حەمە عەلی مەعروف، لەخەمی گوێژەدا دەگاتە شارەزوور، لە پۆستێکیدا ئاوڕ لەبەڵگەیەک دەداتەوە، لەپێش ئەویشدا خەمخۆرو شوێنەوار ناسی بەناوبانگ مامۆستا عەبدوالرەقیب یوسف برین و تێکدانی سێ گردی شارەزور دەگەیەنێتە بەغدا، بەڵام لە پێش ئەوان ئازاری برینی شارەزور دەگاتە هەناوی (ئاوات نامیق ئاغا).

تێرابمێنەو تەماشای خەمخۆری مرۆڤی بەئاگا بکە، لەکاتێکدا کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی سڕینەوەی یەکجاریدا بووە، هەڵەبجە کیمیاباران کراوەو بە هەزاران مرۆڤ کوژراون و شارەکە وێران بووە، ئەنفال کۆتایی هاتووەو هیچ گوندێک بەپێوە نەماوە، بەڵام مامۆستا ئاواتی نامیق ئاغاو مامۆستا عەبدوللرەقیب یوسف لە خەمی گردەکانی شارەزووردان! دوای وێرانکردنی هەڵەبجە بەعسیەکان کۆمەڵگایەکیان بەناوی (هەڵەبجەی سەدامی). دروستکرد. بەڵام خەڵک وەک ناڕەزایی دەربڕین، هەر پێیاندەگوت هەڵەبجەی تازە.

وەک مرۆڤێکی بەهەست تێرابمێنە، ئەگەر هەڵوێست و کاردانەوەی مامۆستا ئاوات نامیق تەنها ئاخ هەڵکێشانێک یان جنێوێکی مزربوایە بەدەسەڵاتدارانی دەوڵەت، ئایا ئێستا ئەو گردانە مابوون؟ ئەگەر مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف تێنەگۆشایەو خەمخۆری ڕاستەقینە نەبوایە ؟ ئایا ئەو شوێنەوارانە ئێستا بەپێوە دەمان.؟ ئەگەر عێراق دەوڵەتی نەبوایەو یاسا نەبوایە بەڕێوەبەرێکی گشتی دەیتوانی خوێنڕێژو بکوژو ببڕێکی وەک عەلی حەسەن مەجید ڕاگرێ؟ لەکاتێکدا دەسەڵاتی ئەوسای ناوبراو هاوتای دەسەڵاتی سەدام بوو. بۆیە گرنگە دەوڵەت و حزب لەیەکتری جیا بکرێتەوە.

ئەوەتا لەبێ یاسایی و بێ دەوڵەتیدا هەموو کوردستان فرۆشراو دەشت و چیاو گرد و کێوەکانی دەفرۆشرێن. نەک عەبدولرەقیب و مامۆستا ئاوات نامیق بەڵکو شارێک بۆ گوێژە بەدەنگ هاتوون نەک تێکدانی گوێژە نەوەستاوە بەڵکو ئامادەنین گوێیان لێ بگرن. تێبینی ئەوەش بکە کەئەوسا نەڕاگەیاندن هەبووەو نەسۆشیال میدیاو نەئیمایل ئیتر چۆن بەخێرایی کارەکە وەستا ؟ ئەوە تەنها ئیرادەو ئازایەتی مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف دەیزانن.

گرنگی دۆکێومێنتکردن

لە دووەم ڕۆژی کۆنفرانسی نێودەوڵەتی جێنۆسایدا، لەزانکۆی سلێمانی بە باسێک بەشداربووم، دکتۆرێک ئەم پرسیارەی ئاڕاستەی هەرچوارمان کرد وپرسی، ئایا دۆکێومێنتکرد سودی چییە ؟ ئەم بەڵگەیە وەڵامی پرسیارێکی لەوشێوەیە.

مامۆستا ئاوات نامیق ئاغا پێیڕاگەیاندم، ئەوسا فەرمانبەری دەوڵەت بووم، لە دائیرەی (اشغال) وێنەکێشی ئەندازیاری بووم، ڕۆژێک عەلی حەسەن مەجید بەکۆپتەر هات و لە شارەزور دابەزی، دوای ئەوەی سەگەکانیان ناردە سەرگردێکی بەرز بۆ سەلامەتی و دوزینەوەی ئەڵغام، خۆشیان چونە سەرگردەکەو لەوێوە تەماشای ئەو دەشتەی دەکردو هەر دەستی بەملاولادا ڕادەکێشا، دیارە هەرئەوجارە بریاریداوە لەوشوێنە هەڵەبجەی تازە دروستبکرێت. وتیشی دوای ئەوەی دەستبەکاربووین، بەتراکتۆر ختیان بۆ نەخشەی کۆمەڵگاکە دەکێشا، لەو خەتانەدا گۆزەو پارچەی شوێنەواری ژیانێکی بەسەرچوو دەردەکەوتن، تەنانەت کەتراکتۆرەکە زەویەکەی هەڵدەکەن بۆنی

سـملّی لەخاکەکەوە دەهات من زۆر دلّم تەنگ بوو، ئەوەبوو لەگەلّ مامۆستا عەبدولرەقیب قسەم کرد. هەرلە کتێبخانەی سلێمانی کاغەزێکی ڕاکێشاو یاداشتەکەی نوسی لێی پرسیم ئاساییە ناوی تۆ وەک هەواڵدەر بنوسم منیش قایل بووم. دوای ئەم تێکۆشەرانە ڕۆژنامەنوسی خەمخۆر"عەبدولاکەریم مەحمود"یش ئەم چیرۆکەی مامۆستا ئاوات و مامۆستا عەبدولرەقیب یوسفی دۆکیومێنت کردووەو لەم سەروەختەدا، کە کوردستان هەڕاج و گوێژە بریندار دەکرێ، بۆ شەرمەزارکردنی بکەران، ئەم فایلە هەڵدەداتەوەو وەک بەڵگە دەخرێتەوە بەرچاوان.

پوختەی چیرۆکەکە:

دوای کیمیابارانی هەڵەبجە، بەبڕیاری عەلی حەسەن مەجید ، شارێک بەناوی هەڵەبجەی سەدام، (صدامیة حلبجة) لە نزیک ناحێی وارماوا- زەڕاین دروست دەکرێت، دەست بەکاردەبن وشۆفڵ وحەفارەو ئامێرەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئیدارە محلی سلێمانی دەست بەکاردەکەن. بەڕێوەبەری ئیدارە محلی سلێمانی و ئەندازیارەکان، کە شۆفڵ وحەفارەکانیان بینی، بەربوونەتە جەستەی ئەو سێ گردەی ناو هەڵەبجەی تازە هەتا تەختی بکەن، زۆر نیگەران بوون، بەڵام هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوو. کاک ئاوات نامیق ئاغا بەناوی خۆی و بەڕێوەبەرو ئەندازیارەکانی ئیدارە محلی، وەک هەڵوێستێکی نیشتمانی، ئەم باسە دەگەیەنێتە شوێنەوارناسی بەناوبانگ عەبدولرەقیب یوسف و پێدەڵێت:

-بە بڕیاری عەلی حەسەن مەجید، چەند ڕۆژێکە هەرسێ (گوند)ەکەی ناو شاری هەڵەبجەی تازە تەخت دەکەن . (هەرسێک گردەکە راستە نەک هەرسێک گوندەکە پێدەچێت هەڵەی چاپ بێت، بەڵام من پێمباش نەبوو بیگۆڕم) عەبدولرەقیب یوسف ،هەر لەوێدا بەپێوە، لە ٢٨/ ١٠ / ١٩٨٨، یاداشتێکی کورتی نوسی و بۆ(موئید سەعید)ی بەڕێوەبەری گشتی عێراقی لەبەغداد نارد. لە یاداشتەکەیدا ، داوای لێ کرد:

-بەخێرایی ئەو پڕۆژەیە بوەستێن و جێبەجێی مەکەن، ئەو سێ گردە مەڕوخێنن. موئید سەعید وەک بەڕێوەبەری گشتی شوێنەواری عێراق بەئەرکی پیشەیی خۆی هەڵدەستێت، پشتگیری یاداشتەکەی مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف دەکات و بەنوسراوێکی فەرمی بەرزی کردووەتەوە، بۆ بەرپرسانی سەروی خۆی. دوای چەند ڕۆژێک ،بەبڕیارێک کارەکە دەوەستێنن و هەموو شۆفڵ و حەفارەکانی ئیدارە محلی سلێمانی، لەگردەکە دەکشێنەوە.

دوای گۆڕانکاری ٩/ ٤/ ٢٠٠٣،دوای لە سیدارەدانی سەدام و عەلی حەسەن مەجید ،بەڕێوەبەری ئیدارە محلی سلێمانی عەبدولرەقیب یوسفی بینی و پێیووت: من وهەموو ئەندازیارانی ئیدارە محلی، کە ئەو شۆفلانەمان بینی، بەربوونەتە ئەوگردانە، وامان دەزانی دڵ و جگەرمان لەت لەت دەکەن، ئێمە لەبەردەم یاداشتە پڕ لە تەحەداکەت و هەڵویستە ئازایانەکەتدا ،دەست لەسەرسنگ دەوەستین .

سەرچاوە:

عەبدوڵڵا کەریم مەحمود : دیدارێک لە گەڵ مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف. تێبینی: ١). بابەتەکەم لە والّی مامۆستا حەمە عەلی مەعروف وەرگرتووە

٢). بەرپرسیارم لە دارشتنەوەی نوسینەکە، چونکە لەهەندێک شوێندا هاوڕای سەرچاوکە نیم بۆنمونە نوسەر هەڵەبجەی سەدامی بەکارنەهێناوە لەراستیدا (هەڵەبجەی تازە) ناوێک بوو خەڵک لێیاننا دەنا لەتۆماری فەرمی دەوڵەتدا (حلبجة الصدامیة) بوو.

شیکردنەوەی DNA بۆ ناسینەوەی ڕوفاتی مردوو.

ئامادەکردنی ئەنفالستان :

یەکێک لە ئاڵۆزترین کێشەکانی دوای جەنگ و جێنۆسایدە، دۆزینەوەی ڕوفاتی قوربانیەکان و ناسینەوەیانە. بەتایبەتیش ڕوفاتی خەڵکی مەدەنی کە لەکردەی تاوانکاری جەنگ و جێنۆسایددا دەکوژرێن و لەشوێنی نهێنێ دەشاردرێنەوە، چونکە جەلادەکان باشتر دەستیان دەچێتە خوێنی قوربانیەکان و بێ بەبەزەییانە بەکۆمەڵ دەکوژرێن و بێ هیچ نیشانەیەکی ناسینەوە. دەخرێنە ژێر خۆڵەوە و هیچ ڕێورەسمێکی نەریتی ئایینی و کۆمەڵایەتیشیان پێ ڕەوانابینن.

لەدوای جەنگ و ڕەخسانی دەرفەتی گونجاو بۆ هەڵدانەوەیان. ئیدی ناسینەوەی ڕوفاتەکان دەبێتە یەکێک لە کێشە ئاڵۆزەکانی دەوڵەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان. چونکە هەم پرۆسەکە ئاڵۆزەو هەم کەسوکاری قوربانیەکان. بەبەردەوام داوای دۆزینەوەو هەڵدانەوەو هێنانەوەیان دەکەن هەتا بە ڕێورەسمی ئاینی و کۆمەڵایەتی بەخاکیان بسپێرنەوە.

هەڵبەت ڕێگای جیاواز هەیە بۆ ناسینەوەیان بەڵام شیکردنەوەی DNA یەکێکە لە گرنگترین ڕێگاکان بۆ ناسینەوەی کەسێکی مردوو، بە تایبەتی ئەگەر ماوەیەکی زۆر بەسەر مردن و ڕوداوی تاوانەکەدا تێپەڕیبێ و گۆڕەکان کۆن بووبن و ڕوفاتەکان شێوبنەوەو جلوبەرگیان رزی بن و ڕەنگیان نەمابێ. یان کەسەکە هیچ نیشانەیەکی پێوە نەبووبێ بۆنمونە پلاتینێک لەقاچیدابێت بەهۆی نەشتەرگەرییەکەوە. لەحاڵەتی قاچ شکانیدا.

شیکاری (DNA) چیەو چۆن بەکاردەهێندرێ :

١ .کۆکردنەوەی نموونە:

کە نموونەی لە ئێسک، ددان یان پاشماوەی جەستە وەردەگیرێت

- ددان باشترین سەرچاوەیە چونکە DNAتیایدا باشتر دەپارێزرێت

٢ .دەرهێنانی:DNA

- بە تەکنیکی تایبەت DNA لە خانەکان دەردەهێنرێت
- پاککردنەوەی DNA لە پیسبوون و ماددەی تر

٣ .زیادکردن و شیکردنەوە:

- بەکارهێنانی تەکنیکی PCR بۆ دروستکردنی کۆپی زیاتر لەDNA
- شیکردنەوەی جینەکان و دۆزینەوەی تایبەتمەندییەکانی کەسەکە

٤ .بەراوردکردن:

بەراوردکردنی DNA لەگەڵ کەسوکاری نزیک یاخود بەراوردکردنی لەگەڵ داتابەیسی DNA ئەم پرۆسەیە دەتوانێت زانیاری گرنگ دەربارەی:

- ڕەگەزی کەسەکە
- تەمەنی مەزەندەکراو
- پەیوەندی خزمایەتی
- ناسنامەی کەسەکە (ئەگەر لە داتابەیس هەبێت)

هەرچەندە ئەم پرۆسەیە ئاڵۆزە و پێویستی بە:

- تاقیگەی پێشکەوتوو
- پسپۆڕی شارەزا
- کاتی زۆر
- تێچووی بەرز

ناسینەوەی قوربانیانی گۆڕی بەکۆمەڵ کارێکی ئاڵۆزە بەڵام چەند ڕێگایەک هەیە:

١ .شیکردنەوەی DNA و خزمایەتی:

- کۆکردنەوەی نموونەی DNA لە ئێسک و ددانی قوربانیان
- بانگکردنی خەڵکی ناوچەکە کە کەسوکاریان بێسەروشوێن بووە
- وەرگرتنی نموونەی DNA لە خزمە زیندووەکان بۆ بەراوردکردن
- دروستکردنی شەجەرەی خێزانی لەسەر بنەمایDNA

٢ .شیکردنەوەی مرۆڤناسی:

- دیاریکردنی ڕەگەز و تەمەنی قوربانیان لە ڕێگەی ئێسکەکانەوە
- دۆزینەوەی نیشانەی برین یان شکان لە ئێسکەکان
- دیاریکردنی بەرزی و قەبارەی جەستە
- دۆزینەوەی نیشانەی نەخۆشی یان برینی کۆن

٣ .بەڵگەکانی تر:

- شیکردنەوەی جۆری خاک و ماددەکانی دەوروبەری گۆڕەکە
- دیاریکردنی کاتی مەزندەکراوی تاوانەکە
- دۆزینەوەی هەر پاشماوەیەکی وەک: (فیشەک، پەت، شتی کەسی)

٤ .کۆکردنەوەی زانیاری میژوویی:

- لێکۆڵینەوە لە ڕاپۆرتی کەسە بیسەروشوێنەکانی ناوچەکە
- وەرگرتنی شایەتحاڵی خەڵکی ناوچەکە
- پشکنینی دۆکیومێنت و بەڵگەنامە میژووییەکان

٥ .تەکنەلۆژیای نوێ:

- بەکارهێنانی وێنەی سێ ڕەهەندی بۆ دروستکردنەوەی ڕوخساری قوربانیان
- شیکردنەوەی ئایزۆتۆپی بۆ زانینی شوێنی ژیانی قوربانیان
- بەکارهێنانی داتابەیسی نیشتمانی و نێودەوڵەتی

ئەم پرۆسەیە:

- کاتێکی زۆری دەوێت
- پێویستی بە تیمی پسپۆڕی جۆراوجۆرە
- هاوکاری نێوان چەندین لایەن و دامەزراوەی پێویستە
- تێچووی زۆری هەیە

شیکردنەوەی DNA بۆ ناسینەوەی ڕوفاتی قوربانیەک یاخود موردووەیەک لە ڕووی تێچووەوە زۆر جیاوازە واتا بەپێی دۆخ و گرێبەستەکان دەگۆڕین :

١ .جۆری شیکردنەوەکە:

- شیکردنەوەی سەرەتایی ڕەنگە : ٢٠٠–٥٠٠ دۆلاری پێویست بێت
- شیکردنەوەی تەواوی جینۆم: ١٠٠٠–٣٠٠٠ دۆلاری پێویستە

٢ .دۆخی نموونەکە:

- نموونەی تازە: تێچووی کەمترە
- نموونەی کۆن یان خراپبوو: ٥٠٠–٢٠٠٠ دۆلاری زیاتر دەچێت

٣ .خزمەتگوزارییە زیادەکان:

- بەراوردکردن لەگەڵ داتابەیس: ١٠٠–٣٠٠ دۆلار
- شیکردنەوەی خزمایەتی: ٣٠٠–٧٠٠ دۆلار
- ڕاپۆرتی فەرمی: ٢٠٠–٥٠٠ دۆلار

بە گشتی، تێچووی تەواوی پرۆسەکە دەکرێت لە نێوان ١٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠ دۆلار بێت، بەڵام دەکرێت زیاتریش بێت ئەگەر نموونەکە زۆر کۆن بووبێت و ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕی بێت ئەوا پێویستی بە چارەسەری تایبەت دەبێت چونکە پێویستە چەند جارێک تاقیکردنەوەو شیکارییەکە دووبارە بکرێتەوە. گرنگە هەم کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال وکیمیاباران و قوربانیانی ئێزدییەکان و فەیلیەکان و بارزانیەکان هۆشیاری زیاتریان لەوبارەیەوە پێبدرێت .

دەتوانین نەوەیەک پێبگەێنین کە شکۆی پێ لەپێش هەرشتێکی تر‌ەوە بێ



نەریمان ئاغالی

نەمانتوانی سزای تاوانبارانی ئەنفال بدەین، بەڵام دەکرا بە دەستخۆشی و سوپاسی ئەوانە کە لە خاکفرۆشی و گەلفرۆشی و گەندەڵی و ناشرینییەوە نەگلاون نەوەیەکی تر پێبگەێنین!

ئەو هۆکارە سەرەکییەی وایکرد کە ئێمە لە وێستگە جیاوازکانی مێژووی خۆماندا شکستی گەورە و پرنەکراوە ببینین، ڕێک ئەو خاڵەیە کە نەمانتوانی کەسانی بێ هەڵوێست و بەهەڵوێست لە بەهای کۆمەڵەیەتی و یاسای نەنووسراودا لێکدی جیابکەینەوە!

بێگومان ئێمە ئاوا ناتوانین نەوەیەک بۆ ئایندە پێبگەێنین کە شکۆی پێ لەپێش هەرشتێکی تر‌ەوە بێ، بۆ ناتوانین؟

وەڵامەکە ئاسانە:چونکە جیاوازیی کەسێک، کە جاش و خیانەتکار و گەندەڵە لەگەڵ کەسێکدا کە بە ڕاستگۆیی ماوەتەوە لە واقیعی ژیاندا نەکراوە! نووسین و قسە ئاسانە، وەلێ لە واقیعی کۆمەڵایەتی ئێمەدا کێ لەسەر گەندەڵی و جاشایەتی و ناپاکیی سزای قورسی کۆمەڵایەتی و کولتووری دراوە کە ئەو سزایە کاریگەری خستبێتە سەر چۆنیەتی ژیانی؟ بە پێچەوانە کەم نین ئەوانەی پێگەی کۆمەڵایەتی و شێوەی ژیانیان بەرزتریش بۆتەوە لەبری ڕووی ئەوەیان نەبێ خۆپێشان بدەن!

دادگایکردن و سزادانی تاوانبارانی ئەنفال لە دەسەڵاتی ئێمەی هاوڵاتیدا نەبوو، دەی گرنگترین هەنگاو دوای ئەوەیە ئەوەبوو "دەستخۆشی و سوپاسی ئەو کەسانە بکرێ کە بۆ ئەو پرسە بە ڕەنجی شانی خۆیان و بێ گوێدانە بەرژەوەندی تایبەت، خۆیان ماندوو کردووە و لەو بارەوە تێکۆشاون". ئێ نە بە یاسای نووسرا و وە نەنووسراو ئەو کەسانەی کە لە ڕابوردوودا تاوانیان ئەنجامداوە سزا نەدراون، دەی مادام جیاوازییەک لەنێوانی کەسێکی بێهەڵوێست و بەهەڵوێستدا نەکراوە، ئەی چۆن بەهای باڵا بە نەوەی داهاتوو پێشان بدەین؟

بەڕاست کاتێک گەنجێک نەتوانێ نمونەی باڵا و پاراو لە ڕەفتاری شکۆمەندانە ببینێ، چۆن دەتوانیت فێری بەهای باڵای بکەین؟

چۆن دەتوانین پێی بڵێین: ئەمە بەهای باڵای نێو کۆمەڵگەی ئێمەیە، ئەم جۆرە لە مامەڵە ڕێزی لێ دەگیرێ و وەکو نمونە چاوی لێدەکرێ!

دەی بە پێچەوانەوە کاتێ ک جاشیەتیی و گەندەڵکاریی و خراپەکارهێنانی دەسەڵات و بەرپرسیاریەتی دەبێتە کولتوور واتە: ئەوە هیچ بەرپرسان لەسەر تاوانی گەندەڵی سزا نادرێن، لەوەش خراپتر ئەوەیە کە کەس لە ئەنجامدانیدا شەرم ناکات، ئیدی گەنجێک بۆ ناچاربێ خۆی ماندوو بکات و بەڕێگایەکی پاک و دروستی دوروودرێژ خۆی پێبگەێنێ، لەکاتێکدا ڕێگا کورتەکەش لەنێو کۆمەڵگەدا هەمان بەهای پێ بدرێ؟!

سەنگ و بوونی بەهای گشتی لە نێو هەر کۆمەڵگەیەکدا نەک هەر گرنگە، بەڵکو پێویستیەکی سەرەتاییە بۆ بنیاد و مانەوەی کۆمەڵگەیەک.

هەر ساڵێک لە بیرکردنەوە و گەڕانەوە بۆ تاوان و جینۆسایدی ئەنفال بەرانبەر بە ئێمەی کورد، بەخۆم دەڵێم: جورئەتی دەوێ بیر لە پرسی ئەنفال بەبێ هەوڵ و تێکۆشانەکانی هۆمەر محەمەد بکەیتەوە!

سوپاس بۆ هەموو ماندووبوون و تێکۆشانەکانت کە لە نەبوونی دەسەڵاتێکی بەرپرسیاردا بە ماندووبوون و ژیانی تایبەتی خۆت بەشێکت لەو بۆشاییە پرکردەوە.

ئەو نمونە و دەیانی تر لەسەر ئەو بنەما زانستیەی کە باسی هەر شتێک بکرێ ئەوە زیاتر و زیاتر دەبێ، لە خوێندنگە و کایەکانی تری ژیاندا هێند زەقبکرێنەوە، کە گەنجان خەون بەو سەرمایە مەعنەوییەوە ببینن، نەکو تاوان و گەندەڵی و جاشایەتی و کەسایەتی جنێودەر بکرێنە نمونە و ئەوانە ئاسایی ببیندرێن!



وێنەکان کوڕانی مەلاشوکر ڕۆژنەیانی چوار براى شەهید لەیەک کات وساتدا ساڵی ١٩٨٥

لە ساڵیادی دەستگیرکردنی برا گۆڕ ووندەکانم

یادەوەرییەکی کورت بەڵام تاڵ

ئارا ڕۆژبەیانی

ئەم یادەوەرییەی تاڵەی ئارا ڕۆژبەیانی پەیوەندی بە پرۆسەی ئەنفالەوە نییە، بەڵکو جۆرە دڵڕەقی و ستەمکارییەکی تری بەعسییەکانە بەرلە تاوانەکانی ئەنفال. جۆرێکی تری تاوانکاریی و کۆمەڵکوژییە لەدەرەوەی ئەنفال، پەردە لەسەر تاوانێکی تری دژە مرۆڤایەتی هەڵدەداتەوە، ئاوڕدانەوەیەکی تری مرۆڤی کوردە لەو بڕیارانەی بەجەستەو ڕۆحییەوەیەتی.

بۆیە ئەرکی میدیای کوردی و دەزگا ڕۆشنبیرییەکانە ئامێز بۆئەم یادەوەریانە بکەنەوەو یاریدەدەری کەسوکاری شەهیدەکان و قوربانیەکانی جەنگ و جێنۆسایدبن هەتا وەک گیانێکی بەرەنگاری بێنەوە مەیدان و بەگژ هەرستەمکارییەکدا بچنەوە کەلە ئێستاو ئایندەدا بەرەوڕوی کۆمەڵگاو تاکی کورد دەبێتەوە.

بەهاری ساڵی ١٩٨٢ لەلایەن دائیرەی ئاسایشەوە دەستگیرکراین. خانەوادەی ئێمە بریتی بووین لە (دایکم کافیە شەریف و براکانم نەوزادو ئازادو سالارو ئاشتی لەگەڵ خوشکەکانم شەرمین، پەروین، تارا) کە خێزانێکی شیوعی بووین لەگەڵ کۆمەڵێک خێزانی تردا لە زیندانی فضیلیەی بەغدا کە ئەوانیش هەر کەسوکاری پێشمەرگە بوون، ڕۆژێک لە فەزیلییەوە ڕەوانەی ناوچەی (شحیات)ی بیابانەکانی پاریزگای سەماوە لە سنووری سعودیە کراین. لە بەیانی زووەوە هەمومانیان لە چەند پاسێک ئاخنی و بەڕێیانخستین. هەموومان لەباریکی دەرونی زۆر خراپدا بووین و دڵەراوکێ بەسەر و سیمای هەمومانەوە دیار بوو لەبەرئەوەی نەماندەزانی بۆ کوێمان دەبەن و چیمان لێدەکەن، دواتر کە گەیشتینە شوێنی دیاری کراو زانیمان کە ئەو شوێنە پێی دەڵێن شحیات. دوای ئەوەی ڕێگایەکی دوور و درێژمان بری، دەرەنگانێکی شەو گەیشتینە شوێنی مەبەست هەرچەندە زۆر ماندوو شەکەت بووین بەڵام نەیانهێشت لە پاسەکان بێینە خوارەوە تاوەکو پشوێک بدەین تا بەیانی لە ناو پاسەکاندا ماینەوە. کە دابەزین و تەماشامان کرد بیابانێکی کاکی بە کاکی جگە لە بنکەیەکی پۆلیس کە دوو تا سێ پۆلیسی تێدابوو لەگەل چەند ریزە خانوویەک کە لە کوخت دەچوون، هیچی ترمان نەدەبینی. ئەو ریزە خانوانە کاتی خۆی بۆ خێلە کۆچەرییەکانی ناوچەکە دروست کرابوون بەلام ئەوان رازی نەبوو بوون بچنە ناوی بۆیە هەر بەچۆڵی مابوونەوە بەو هۆیە تۆز و خۆڵێکی زۆر هەموو ژوورەکانی داپۆشیبوو پێویستیان بە پاک کردنەوەیەکی زۆر هەبوو . دوای ئەوەی لە پاسەکان دایانگرتین، پێیان وتین هەر خێزانێک بچێتە نێو یەکێک لەو خانوانەوە، هیچ پێداویستییەکیشیان پێنەداین کە ژوورەکانی پێ

پـاک بکەینەوە.هەر ئەو رۆژە بۆ دەمەو ئێوارە پێیان راگەیـانـدین کە بەرێوەبەری ئەمنی عامەی بەغدا دێت بۆ ســـەردانی و دیاریمان بۆ دەهێنێ بۆیە دەبێ هەموومان بچینە دەرەوەو لە بەر دەرگا چاوەڕێ بکەین. کە ناوبراو هات دوو پاســـەوانی لەگەڵـدا بوو کە دیـاریـیەکـانیـان لەگەل خۆیـان هەڵـگرتـبوو. جەنـابی بەرێـوەبەر کە دەچـووە بەردەرگای هەر خانوویەک چەند پرســیارێکی لە خـانەوادەکـان دەکرد و دیـاریـیەکەی رادەســـت دەکردن. هەرکە گەیشتە بەردەرگای ئەو خانووەی ئێمەی تیدابووین، پرسی:

- **ئێوە لەسەرچی گیراون؟**

(سالاری برام) وەڵامی دایەوە:

لەبەرئەوەی باوکمان پێشمەرگەیە.

-(بە سەرسورمانەوە) **من تائێستا ئەوەی زانیومەو بینیومە باوک و دایک لەسەر کورەکانیان گیراون، کەچی ئێوە بەپێچەوانەوە.! لەسەر باوکتان گیراون ! ئینجا ووتی ئێوە خێزانی کێن؟**

-شکور لەتیف.

ئەهاها، مەلا شکور لەتیف حەسەن رۆژبەیانی.

دیار بوو باوکمیان دەناسی و کەسێکی ناسراو بوو لەلایان.

-دوای ئەم دەمە تەقێیە، جەنابی بەرێوەبەر وتی: دیاریەکم بۆ هێناون.

-(ئازادی برام) پرســـی : دیاریـیەکەت بۆ ئێمە چییە؟

-وێنەیەکی سەرۆکی فەرماندەم بۆ هێناون.

"ئازادیش زۆر بوێرانە وەڵام دەداتەوە" : جا چی لەو وێنەیە بکەین بۆچیمانە؟ باشتر نەبوو شتێکت بۆمـان بهێنـایە کە ســـودی لێوەربگرین؟ ئێمە پێویســـتمان بە گســـک و خاکەنازە هەتاوەکو ژورەکـانی پێ پـاک بکەینەوە بۆ ئەوەی تیـایـدا دابنیشـین، پێویسـتمان بەوێنەی سـەرۆک نییە. بەرێوەبەری ئاسـایشـی گشـتی (الامن العامة)، کە گوێی لە قسـەکانی ئازاد بوو چاوی پەریـیە پشـتی سەری و بە تورەییەوە وتی خێزانەکانی دیکە هەر یەکەو وێنەیەکی ســـەرۆکی فەرماندەیان وەرگرت بەڵام لەبەر ئەو قسـانەی کە کردت دەبێ ئێوە دوو وێنە وەربگرن و هەڵیشـی بواسـن. وێنەکانیان بە زۆر بەســـەردا ســـەپاندین بەڵام هەتا ئازادیش کراین، هەر بە لولکراوی مـانەوە و هەڵمـان نەواسین.

ســـەبارەت بە چارەنوســـی ئەم چوارشـــەیدی خانەوادەی شـــوکر لەتیف رۆژبەیانی دووبەڵگە لەبەردەستن یەکێکیان هی دادگای بەناوشـڕشـەو ئەوی تـریـان واژۆی ســـەدامی لەســـەر بـۆ جێبەجێکردنی بریارەکە.

بەپێی نوسـراوێکی سـەرکایەتی دادگای شـۆرش (المحكمة الثورة) بەغداد

ژمارە :٣٣٣ ج ١٩٨٥

لە رۆژی ١٩٨٥/٤/١١

بڕیاری سزا

دادگـای شـــۆرش لە ڕێـکەوتـی ١٩٨٥/٤/١١ بەسەرۆکایەتی عەواد حەمەد بەندەرو بە ئەندامێتی عەقیدی یاسایی داود سەلمان شەهاب و موقەدەمی یاسایی طارق (ناوی باوکی دیارنیە) شکر بەناوی گەلەوە بەم شێوەیە بریاریانداوە کە:

هەریەک لە جەبار محەمەد حەسـەن و علی سـلیم و رشـــاد مراد علی محمد و ئازاد شـــکر لەتیف و سالار شکر لەتیف و نەوزاد شکر لەتیف و جەمیل شـــکر لەتیف و فەخرەدین ئەحمەد کەریم و حمید عەبدولکەریم سەعید ئەمین و ئازاد محمود وەلی و عەلی ئەحمەد محەمەد و هیوا رەشید عەلی و رسول شریف کەریم و ئازاد قادر محەمەدو محمد حسن (ناخوێندرێتەوە) و عباس ڕەمەزان عەلی و ســـتار مەجیدکەریم و غەریب حســـین کەریم و جەلال کەریم و مستەفا حسـین لەرێکەوتی ١٩٨٥/٤/١١ ژمارە ٣٣٣/ج/ ١٩٨٥ بەپێی هەردوماددەی ١/١٥٧ و ١٤٩ ســـزای لەســـێدارەدانیان دراوە، بەڵام بەداخەوە هێشـــتـا گۆڕو ڕوفـاتی هیچ کـام لەم شەهیدانە نەدۆزراوەتەوە.

دەستەی ڕیشەکێشکردنی بەعس لە هەرێمی کوردستان پێویستە ...



مەعروف مەجید

لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ یەکێک لەو کارانەی پێویست بوو سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی کاری لەسەر بکات. دایمەزراندنی دەستەی ڕیشەکێشکردنی بەعس بوو، خۆیان باش دەیانزانی بە دەیان هەزار کورد ئەندام وچەکدارو جەلادی حزبی بەعسی عەفلەقی بوون، بەڵام بە داخەوە ئەوە نەکرا .وەکو چۆن لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ لە عێراق بە یاسا بەعسی بوون قەدەغەکرا و یاسای ڕیشەکیشکردنی بەعس بەفشاری شیعەکان دەرکرا و ئێستاش لە سوریا بە هەمان شێوە حزبی بەعس قەدەغەیە و ناوهێنان و دروشمەکانی بە تاوان دادەنرێن، یاخود لە ئەڵمانیا یاسایەکی وا بۆ نازییەکان و لە ڕواندا و چەندین وڵاتی تر بەپێی ستاندردی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەو وڵاتانەی بە حکومەتی ڕاگوزەر تێدەپەڕێت، کە بە قۆناغی دادوەری ڕاگوزەر ناو دەبرێت، ئەو حکومەت و حزبانە دەخرێنە لیستی تاوانەوە، کە پێشتر ستەمکارییان کردووە و تاوانیان لە دژی میللەتەکەیان ئەنجامداوە ئەگەر لە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانیش تاوانبارانی ئەنفال و جاش و مستەشارەکان و ئەوانەی ڕۆڵیان هەبووە لە ئەنفالکردنی کورد سزا بدراڵ ایە ئێستا کەس بوێری ئەوەی نەدەبوو سوکایەتی بەهەستی میللەتێک بکات و بڵێ سەدام لەم دەسەڵاتە باشتر بووە و ڕەحمەت لە گۆڕی سەدام ...هتد.

ئەگەر دوای ساڵی ١٩٩٢ لە دوای یەکەمین هەڵبژاردنی پەڕلەمان و دامەزراندنی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەک پرەنسیپێکی سیاسی و ئەخلاقی و یاسایی بەعسی بوون و هاوسۆزی بۆ بەعس بەپێی یاسا قەدەغەو حەرام بکرای، ئەوسا کەسوکاری شەهیدان وئەنفالکراوان و هەر کەسێکی ئازادیخواز مافی ئەوەی دەبوو بەتۆمەتی پاکانەکردن بۆ بەعس سکاڵا لەسەر هەرکەسێک تۆمار بکات کە ئەنفال و تاوانکاری بەعسیەکان بخاتە گومانەوە یان دوعای خیر بۆ سەدام و دارودەستەکەی بکات و بەیاسا سزا بدرایە. ئەوسا کەس زاتی ئەوەی ناکرد دوای ڕاپەڕین بچێتەوە ژێر دەستەڵاتی بەعس و دوای پڕۆسەی ئازادی عێراق بێتەوە کوردستان و بێ باک وبێ منەت کورد‌ایەتیمان پێبفرۆشێتەوە و بڵێ من تەنزیمی فلان لایەن بووم، کارم بۆیان دەکرد لەناو بەعسدا، چەندین نموونەشمان بینی .ئەگەر ساڵی ١٩٩٢، داوای هاوکاری و پشتیوانی لەگەڵ بەعس بە یاسا قەدەغە بکرایە، ئەوا لەو بەروارەوە بە دواوە هیچ کەسێک زاتی ئەوەی ناکرد داوای هاوکاری و پشتیوانی لە بەعس بکات وەکو ئەوەی بینیمان کرا، نەک تەنها حزبی بەعس دەبوو بە یاسا هاوکاری و پشتیوانی وڵاتان بۆ دژایەتی کردنی ناوخۆیی و شەڕی کورد بە کورد حەرام بکرایە بە داخەوە ئەوەش نەکرا ..کەواتە، هەر لەسەرەتای شۆڕشەکان ژێر بەژێر بۆ مانەوەی خۆیان بە پێی کات وسات بەناو شۆڕشگێڕەکانمان نەک ڕەحمەتیان بۆ سەدام ناردووە بگرە سەدام بۆتە پشتیوانی و مانەوەی هەندێکیان، وەکو چۆن لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ مەلەفی دەیان سەرکردە ئاشکرابوو، کەواتە بۆ ئەوەی سەدام و حزبی بەعس و هاوشێوەکانیان بە یەکجاری ڕیشەکێش بکرێن و تەنانەت ناو هێنانی لای نەوەکانی داهاتوومان بە باشە بە تاوان بناسرێت، تکایە هاوکاری و پشتیوانەکانی سەدام و هاوشێوەکانی لە ئێستا ولە ڕابردوو کۆتایی پێبهێنن ..ناکرێ ڕژێمێک زیاد لە ٤هەزار گوندت وێران بکات و بە سەدان هەزار کەسی بێتاوانت زیندە بەچاڵ بکات و دەستی هەبێ لە وێرانکردنی ژیانی ملیۆنان هاوڵاتی و شێواندن و تێکدانی ژینگە و سروشت و ئابووری، زاتی ئەوەت نەبێ لە حکومەت و پەڕلەمانەکەت ناوهێنانی بە تاوان بناسێنی ....

بیرۆکەیەک بۆ دزین

هۆمەر محەمەد

زۆر بیرۆکە و بگرە وتارو بابەتم دزراون و پێیان تورەو نیگەران بووم، بەڵام ئەمەیان جۆرێک دەرگاکردنەوەیە بۆ هەرکەسـ یک لەخۆی ڕادەبینێت بیبات و گەردنی ئازادبێ و مالّی ئاوابێت. وا لێرەوە ئلیدیاکەم ڕادەگەیەنم ئەویش گەڕانە بەدوای مەقام بێژەکانی گەرمیاندا لەناو پەلاماری ئەنفالدا. هەقە بزانین چەند هونەرمەند و چەند شـاعیرو مەقام بێژو گۆرانی بێژمان ئەنفالکراون. راستیەکەی ئەوە ئەرکی یەکێتی هونەرمەندان یاخود وەزارەتی ڕۆشـنبیری یـ ان گەنجەکـانی گەرمیـ ان بوو ئەو کـارەبکەن. بەڵام ئەفسـوس بەهەر هۆیەک بووبێت نەیانکردووە. بۆیە بەڵێن دەدەم هەر ئەوەندەی دەسـتم بەتاڵ بێت، تەنها بڕێک پولّمان چنگ بکەوێ بەشـ ی کرێی هاتوچۆو تۆمارکردن و چاپکردنی کتێبێ ک بکـات، بەسـمانە بۆئەوەی هەموو گەرمیـ ان تەیبکەین و بگەڕێین و کنەو پشـکنینێکی قوڵ و ورد دەکەین بەدوای ئەو مقام بێژە گەرمیانیانەی ئەنفالکراون. بۆ ئەوەی بزانین چەند مەقام بێژ لەگەرمیـاندا ئەنفالکراون. چونکە ناوچەی گەرمیـان بەتایبەتیش ناوچەی کفری و ناودەو زەنگنەو زەنگاباد لانکەی مەقام و ئەڵاوەیسـ ی و ئـای ئـایی و قەتـارو خـاوکەر. من هەرجارێ ک گوێم لەدەنگی گەرمیـانیەکـان (شـوکر خەیات، حوسـێن عەلی و عەلی مەردان و حەسـەن گەرمیانی و حەسـەن عەلی و ڕەمەزان گەرمیانی و محەمەد گەرمیانی و عوسـمان میروەیس و هتد. دەبێت لەکاتی مەقام چریندا یەکسـ ەر دەڵێم یـاران دەبێت چەند لەم دەنگخۆشانە ئەنفالکرابن .؟

ئێ خۆ هەقەو ئەرکمانە بزانین چەند گەنجی بەهرەدارو دەنگ خۆشـ ی وەک کاکە حەمە لەو پرۆسـ ە نەگریسـ ە تاوانکارییەدا ڕۆیشـتن و نەگەڕانەوە.. ئینجا کێ ئەم بیرۆکەیەم دەدزێ و لەپێش منـدا دەسـت پێدەکات نەک لەگوڵی کـاڵتر پێنـاڵێم بەڵکو گوڵی لەیەخەدەدەم ئینجـا بایەکێک بەدوای شـاعیرەکاندا بگەڕێ و یەکێک بەدوای حیکایەتخوانەکان و یەکێک بەدوای مەلاکاندا بگەڕێ .

زەردەخەنەو نیگای تاڵ



عەلی مەلا عارف کاتێک نەرمە پێکەنێک دەکات، لە نیگایـدا تـاڵاوی تراژیـدیایەک دەخوێنیتەوە، هەموو ئەو کاتە بێدەنگ بوو، کە لەنوگرەسـەلمان بووین بەڵام بێـدەنگییەکەی لە قسـەی ئەو ڕونـاکبیرانە بەسـەنگترە کە سـاڵێـک دوای ئێمە چوون بۆنوگرەسـەلمان کۆمەڵێک قسـەی لەقوتونراوی هەزارجاردووبارەبووەوەیان دەرپەڕاند.

کێشـەی عێراق ئەوەندە نیە کە زمانی عەرەبی بە زمـانی دەوڵەت دادەنرێت)، بەڵکو ئەو عەقڵیەتەیە کە دەستوری پێنوسراوەتەوە، دەنا دەبێت بپرسین ئەی زمـانی چوار ملیون کورد کەدووەم پێکهـاتەی عێراقن ئەی مـافی مرۆڤەکـانی دی ئەوانەی عەرەب نین؟ "ئایا عێراقیەکان بەتایبەتی عەرەبەکان هەسـت بەوە دەکەن کە بەو دەسـتورە ئەوانیـدی بەکەم تەماشاکراون؟ مەلاکانی سوننە ئاخونەکانی شیعە، ڕۆشـنبیرەکـانیـان قەت لەخۆیـان پرسـیوە ئەم دەسـتورەو ئەم دەوڵەتەی وا زمانی فەرمی عەرەبیە چییان بەسـەر ئێمە هێناوە؟ شـەرم لەوە ناکەن بیابانیان بۆ ئێمە کوردووە بەگۆڕستان و هەوڵیاندا ئێمە بکەن بە وەهم بە بوونەوەری غەریـب بگرە بمـانکەن بە تـارمـایی، بمـانکەن بە شـێوێنەرو نایاسـایی تەنانەت لە خاکی خۆشـمان ئازادنین بەزمانی کوردی بدوێین چ جای لەناو دەستوردا ؟

جێنۆسایدی کوردی فەیلی لە سەردەمی پاشایەتیەوە بۆ سەردەمی بەعسیەکان

هۆمەر محەمەد

٢٠٢٤/٢/١١ –سلێمانی

کاتێک باسی کوردی فەیلی و دۆسێکەیان دەکەین، نابێت هەرگیز قسەکانی سەدام لەیادەوەری هیچ کوردێک و هیچ مرۆڤێکی بەویژدان بچێتەوە، کە بەڕونی هەڵوێستی دوژمنکاری و شۆڤێنیانەی خۆی نەشاردەوەوله لێدوانێکیدا لە ساڵی ١٩٨١ دوای هەڵمەتەکانی دەرکردنی فەیلیەکان وتی: " لەڕەگەوە ئەوان لە خاکی عێراقدا هەڵکەندران، بۆ ئەوەی خاکی عێراق و هەوای عێراق و خوێنی عێراق پیس نەکەن، کە لەڕێگەی هاوسەرگیرییەوە خوێنیان تێکەڵ بە خوێنی عێراقیەکان بووە، بەم شێوەیە شۆڕش ڕەگ و ڕیشەی هەڵکێشان...بۆ ئەوەی نیشتمانپەروەری ڕەسەن و پاکی عێراقی بۆ هەمیشە بە بەرزبمێنێتەوە.(عبیس:٢٠٢٤)

هەموو ئەوستەمکاریی وتراژیدیایەی لەعێراقدا ڕویاندا دەرهاویشتەی پەیمانی لۆزانە کە تیایدا نکۆڵی لەبوونی کوردکراو بەوشەیەکیش ناوی نەهێندرا، هەرئەو نکۆڵیلێکردنەبوو کە زەمینەی بۆ جێنۆسایدکردنی کوردو ملهوڕی دەسەڵاتدارانی عێراق خۆشکرد. ڕەگ و ڕیشەی جێنۆسایدکردنی فەیلیەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و دەرکردنی یەکەم دەستوور لە ساڵی ١٩٢٥ و دەرکردنی یاسای نەتەوەیی عێراقی ژمارە (٤٢)ی ساڵی ١٩٢٤ لەڕێککەوتی ١٩٢٤/٦/٨، ئەو یاساو دەستورەی لە پرسی نەتەوەییدا، ناسروشتی بوو، تیایدا مافی کوردەکان لەبەرچاو نەگیراو هەتا ئێستاش کاریگەری ماوەو بارودۆخی سیاسی عێراقی بەم ڕۆژەگەیاند.

کوردەکان لە عێراقدا هەمیشە کەوتوونەتە بەر سیاسەتی پاکتاوکردنی دەوڵەت ئیدی لە سەردەمی پادشایەتییەوە هەتا کۆماری لەهەموو بارودۆخێکدا جگەلە پەرواوێزخستن بە پلەدوو تەماشاکردنی



عوائل المسفرين في الحجز قبل التسفير

بەپاساوو بیانوی جیاوازیش کۆمەڵکوژ کراوەو خراوەتە ناو پلانی سرینەوەی شوناس و جینۆسایدەوە. پاکتاوکردن و دەرکردن و کۆمەڵکوژی (جینۆسایدی فەیلی)یەکان یەکێکە لەو تاوانانەی دەوڵەتی عێراق، ئەگەرچی فەیلیەکان تەنها جارێک بەڕەلاماری جێنۆساید نەکەوتوون بەڵام لەدوای ڕوخاندنی رژێمی بەعس و دامەزراندنی دادگای باڵای تاوانەکان و دادگایی کردنی تۆمەتبارانی تاوانی کۆمەڵکوژی یەکێک لەو دۆسیانەی دادگای باڵای تاوانەکان بریاری لێداو بەجێنۆساید یەکلایی کردەوە جێنۆسایدی کوردانی فەیلی بوو.

فەیلیەکان بەشێکن لە نەتەوەی کورد، هەندێک لە مێژوونووسان ڕیشەیان دەگێڕنەوە بۆ ئیلامییەکان، گۆتییەکان لە ناوەڕاست و باشووری عێراق (مەندەلی، بەدرە، جاسان، خانەقین، کەرکوک، بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق، جگە لە شارەکانی ئێران) جگە لەوە کوردی فەیلی لە ڕەچەڵەکی خێڵە ناسراوەکانی کوردەوە هاتوون کە ژیانی سروشتی

خۆیان لە ناوچەی (خوزستان) ڕۆژهەڵاتی عێراق(بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی دیجلە) کە کۆنترین ناوچە مێژوویییەکانی عێراقە. (**الحريري ٢٠٢٣، ٩**) هەروەها شاری کوت زۆرترین ڕێژەی دانیشتوانەکەی کوردی فەیلی بوون، تەنانەت قسەیەک هەیە کەناوی شارەکە لە (کوتەک) یاخود کوتەک بەدەستەکانی کوردەوە هاتبێت.(هەدای ٢٠٠٤) خۆ پێدەچێت ریشەی شاری کوت لە گۆتیەکانەوە بەجێ مابێت .

بنەچەی ناوی "کوردی فەیلی" لەوەوە هاتووە کە مێژوونووسانی عەرەب بەو کوردانەیان داوە کە لە چیای زاگرۆزو کوردستانی ئێرانەوە هاتوون و سەدان ساڵ بەسەرکەوتوویی لە کۆمەڵگای عێراقدا، کاری بازرگانی و کشتوکاڵی و پیشەسازییان کردووە و لە دیارترین توخمەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی عێراقدا بوون بە گشتی، و لە چالاکییە نەتەوەییەکانی ناو ڕیزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیدا بوون لە عێراقدا، زۆربەیان سەر بەباوەڕی ئایینی ئیسلام و شیعە مەزهەبن و جەعفەریین هەندێکیشیان شیعە نین و بە ئاشتی لەگەڵ ئەوانی تر ژیاون(هەمان سەرچاوە،ل١٠)

یەکەمین قۆناغی پەلامارو وڵاتبەدەرکردنی کوردی فەیلی لە سەردەمی حکومەتەکەی یاسین هاشمیدا بوو کە ئەو کاتە ڕەشید عالی گەیلانی وەزیری ناوخۆبووە، لە سالی (١٩٣٦) ئاوارەی ئێران کران.(**ساڵح ٢٠٢٤**)

لە عێراق دەگەڕێتەوە بۆساڵی ١٩٧٠، بەدرێژایی ماوەی ٥٠ ساڵ ئەم بەشە ڕەسەنەی کورد لەبەردەم هەڕەشەی جێنۆسایددا بوون و ستەمی هەمەلایەنەیان دەرهەقکراوە، "چ بەکوشتن، زیندانی کردن، بێ سەروشوێنکردن، دەستگرتن بەسەر ماڵ ومووڵکیان ئەوانەی بێ سەروشوێنکراون ٢٢ هەزارکەس دەبێت . (د.ژیلوان تاهیر:٢٠٢٣ ل١٤) کورد فەیلییەکان لەبەر ئەوەی لە پەیڕەوانی ڕێبازی شیعە مەزهەب بوون، بە ڕەچەڵەکی ئێرانی ناو نووسکران، بۆیە بە بەردەوامی کەوتوونەتە بەر هێرشی دەسەڵاتدارانی سوننەمەزهەبی عێراقییەوە. کورد فەیلییەکان لەعێراقدا هەر قوربانی نەتەوەیی نین بەڵکو قوربانی مەزهەبیشن بەئەنقەست خراونەتە ناو کێشەی مەزهەبییەوەو وەک عەرەبە شیعەکان کەوتوونەتە نێوان بەرداش و ملمانێ سیاسی نێوان هەر دوو دەوڵەتی عوسمانی تورک و سەفەوی ئێرانی.

یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی ساڵی ١٩٢٤ جەختی لەسەر دابەشکردنی گەلی عێراق کردەوە بۆ سێ بەش لە سەر بنەمای ئایین و نەتەوە.(عەدالەت عومەر،٢٠٢٤)

کورد فەیلییەکانیش کە زۆری پەیڕەوی ڕێبازی



بسم الله الرحمن الرحيم

مجلس
سادة الثورة

رقم القرار / ٦٦٦
تاريخ القرار /٧/٥/١٩٨٠

قـــرار

استنادا الى أحكام الفقرة (أ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور المؤقت مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ١٩٨٠/٥/٧ ما يلي : ـ

ـ تسقط الجنسية العراقية عن كل عراقي من اصل اجنبي اذا تبين عدم ولائه للوطن والشعب والاهداف القومية والاجتماعية العليا للثورة .

ـ على وزير الداخلية ان يأمر بابعاد كل من اسقطت عنه الجنسية العراقية بموجب الفقرة (١) ما لم يقتنع بناء على اسباب كافية بأن بقاءه في العراق أمر تستدعيه ضرورة قضائية او قانونية او حفظ حقوق الغير الموثقة رسمياً .

ـ يتولى وزير الداخلية تنفيذ هذا القرار .

صدام حسين
رئيس مجلس قيادة الثورة

شیعە مەزهەب دەکەن، ئەوەیان بۆکرا بەبیانو هەتا بەڕەچەڵەکی ئێرانی ناو نووسبکرێن، و بکەونە بەرپەلاماری دەسەڵاتدارانی سوننەمەزهەبی عێراقییەوە. بەتایبەتیش ئەم ستەمکارییە لەلایەن بەعسییە شۆڤێنیەکانەوە، زیاتر جەختی لەسەرکراوەتەوەو لە ساڵی ١٩٦٨ بە دواوە، کورد فەیلییەکان ڕووبەڕووی پەلامارو ڕاگواستن و لە ناوبردن بوونەوە.

لەسەرەتای حەفتاکان ڕژێم نزیکەی (٤٠،٠٠٠) چل هەزار کوردی فەیلی لەوڵات دەرکردوو ڕەوانەی سەرسنورەکانی ئێرانی کردن، بەبێ ئەوەی بتوانن هیچ لەسامانی تایبەتی خۆیان ببەن، بە بیانوی ئەوەی کە ڕەچەڵەکیان ئێرانییە.

بەعسیەکان لە ڕێککەوتی ١٩٨٠/٥/٧ بەبڕیاری ژمارە (٦٦٦)، مافی هاوڵاتیبوونی لێسەندنەوە، ئەم

بریارە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنداو بڵاوکرایەوە هەروەک لە ڕۆژنامەی ئەلعیراق ژمارە ٢٧٧٦ ی ڕۆژی ٢٦ی ئایاری ١٩٨٠دا بڵاوکراوەتەوە. دواتریش بە بڕیاری ژمارە ٩١٦ لەهەمان ساڵدا دەست بەسەر سەروەت و سامانی کوردی فەیلیدا گیراو و تاپۆکانیان خرایە سەر سەرۆکایەتی هەواڵگری گشتی بەوشێوەیە دەست بەسەر تەواوی ماڵ و سامانیان لە گواستراوەو نەگواستراوە داگیرا. هەر لەدریژەی ئەو سیاسەتەدا ڕۆژی ١٩٨٠/٢/٣ بە بڕیاری ژمارە(١٨٠) ڕەگەزنامەی عێراقی لە کوردی فەیلی سەندرایەوەو بەهاووڵاتیی بیانی ئەژمارکردان. (**سابیر:٢٠١٩ل١١**) بەڵام لە دوای ڕووخانی ڕژێم لە ساڵی (٢٠٠٦) یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی، بەبڕیاری ژمارە(٦٦٦) کە لەڕێککەوتی ١٩٨٠/٥/٧دا دەرچووبوو، هەڵوەشاندەوە، کە پەیوەست بوو بە سەندنەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی لەلایەن ڕژێمی پێشوو.

ئەو بڕیارەی بەعسیەکان پێشێلکارییەکی ئاشکرای هەموو ئەو ڕێککەوتننامانەیە کە عێراق واژۆی کردبوون، هەروەها پێشێلکاری ماددەی ١٥ی جارنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤە کە دەڵێت: "هەر کەسێک مافی ڕەگەزنامەی هەیە و نابێ لەڕەگەزنامەی خۆی بێبەش بکرێت و نە مافی گۆڕینی ڕەگەزنامەی خۆی لێ بێبەش بکرێت"، هەروەها ئەو ڕێککەوتنە نێودەوڵەتیانەی کە لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە بە فەرمی پەسەند کرابوون، واتە: ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردنی ڕەگەزی لە ساڵی ١٩٦٥


3540

قـــرار

ڕێککەوتننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی ساڵی ١٩٦٦، ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی سەرکوتکردن و سزادانی تاوانی ئاپارتلید لە ساڵی ١٩٧٣، ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەک دژی ژنان لە ساڵی ١٩٧٩ و ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ لە ساڵی ١٩٨٩. جێگەی ئاماژەیە عێراق لەوستەمکارییانەی دژی فەیلیەکان ئەنجامیدان پێشێلی هەموو ڕێککەوتنەکانی کردووە.

ئەم ڕەفتارانەی بەعسیەکان لەدەسەڵاتدا زۆر وێرانکاربوون، لێکۆڵینەوە لەو وێرانکاریانەی بەعسیەکان مرۆڤ توشی سەرسوڕمان دەکات، کەهەتا ئێستاش کاریگەرییە خراپەکانی ماون و پێناچێت عێراق بەخێرایی بتوانێت چاکیان بکاتەوە، ئەو هەستە شۆڤێنیەی بەعسیەکان لە بریارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا بەتەواوی ڕەنگیداوەتەوە، کە بەکەیفی خۆیان یاسایان دەرکردووەو یاسایان هەڵوەشاندووەتەوە بەقازانجی شۆڤێنیزم و چەسپاندنی بیری کۆنەپەرستی عەرەبی و پەراوێزخستن و سرینەوەی نەتەوەکانی تری ناوعێراق لەمیانەی ئەو سیاسەتەدا هەم یاسایان دەرکردووەو هەم هەڕەشەیان کردووەو هەم دەمی کەسانێکیشیان چەورکردووە بۆئەوەی قایل بن بەوەی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بگۆڕن لە کوردەوە بۆعەرەب لەژێر ناوی ڕاستکردنەوەی نەتەوەیی (تصحیح القومیة) کە سیاسەتێک بوو زۆر کوردیان ناچارکرد شوناسی نەتەوەیی خۆیان بگۆڕن بۆعەرەب بەتایبەتیش لەپارێزگاکانی (موسڵ وکەرکوک و دیالە و کوت و بەغداد) ئەم سیاسەتە بۆ فەیلییەکانیش لەئارادبوو هەندێک لەوکەسانەی ڕاگواستن ودەرکردنیش دەیگرتنەوە، (استثناء)ی تایبەتیان بۆکردن بەتایبەتیش ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی بەرزبوون یان پسپۆڕ و دکتۆر بوون

لەگەڵ ئەوەشدا لەژێرچاودێری وردی سیخوڕی وهەواڵگریدا بوون بەپێی بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کەلەڕۆژی ١٩٨٨/١٢/١٥ دادەرچووە.



لەسەردەمی بەعسیەکاندا جینۆسایدی فەیلیەکان چووە قۆناغێکی زۆر مەترسیدارەوە، سەرەتا بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکەوە لەزانکۆی موستەنسریە، کە هەربەعسیەکان خۆیان سیناریۆیان بۆ دارشتبوو، گەنجێکی کوردی فەیلیان تۆمەتبارکرد بەناوی سەمیر غوڵام عەلی خۆی و تەواوی خانەوادەکەیان لەسێدارەدان. چیرۆکی سەمیر و بنەماڵەکەی یەکە لە هەزاران چیرۆکی کورد کە دەهێنێت وەک تراژیدیای جێنۆسایدی کوردو مەینەتی فەیلیەکان تۆماربکرێن و وەک شایەتحاڵی سەردەمی تاوانەکانی ڕژیمی بەعس بمێنێتەوە، لەراستیدا ئەو چیرۆکانە ئەمانەتێکە لە ملی هەموو شەرافەتمەندێکدایە کە ئەرکیانە شەو وڕۆژ کار بکەن بۆ ئەوەی دادپەروەری بۆ کۆمەڵگا دابین بکەن و لەگەڵ کەسوکارو خانەوادەی قوربانیەکان و شەهیدەکان هاوسۆزییەک لەدژی هەموو تۆمەتباران و ستەمکاران دروست بکەن. (**ئەنفالستان ژمارە١٧، ل١٥١-١٥٢**)

بەدوای ئەوەشدا لەڕێکەوتی ٤-٤- ١٩٨٠تاکۆ ١٩-٥-١٩٩٠ هەڵمەتی کوشتن و ڕاوەدونان و دەرکردنی کوردانی فەیلی بە شێوازی جیاواز دەستی پێکردو دەیان تاوانی گەورەیان لەدژ ئەنجامدران. سەرەتای هەڵمەتەکە بەگرتنی ٤٠٠ بازرگانی کوردی فەیلی کە جومگەکانی ئابووری عێراقیان لە دەستیاندابوو دەستیان پێکرد وبڕیاری دەستبەسەرداگرتنی هەموو ماڵ و مۆڵکی گوازراو و نەگوازراویان دەرچوو.

بەعسیەکان هەرپاساوێکیان هەبووبێت ناتوانێت ئەو ڕاستییە بشارێتەوە کەوا جێنۆسایدکردنی فەیلیەکان لەبەر ئەوەبوو کەوا "لە بەغدا و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە خاوەن پێگەیەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی بەهێز بوون و بەشداریەکی کارایان لە زۆربەی جووڵانەوە ئازادیخوازەکان هەبووە" (موراڤەیلی ٢٠٢٤) بەشداری کوردانی فەیلی و ڕۆڵییان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و ئەندامێتیان لەناو حزبی سیاسی عێراقی و کوردستانیدا هۆیەکی تری پەلاماردانیان بوو یاخود پاساوێک بوو، دەنا ڕقی شۆڤێنیزم لە فەیلیەکان چاوجنۆکی و دەمارگیری ئایینی و قەومی بووە بەتایبەتیش ترسیان لە هۆشیاری و زیرەکییان و ژمارەی زۆری کوردی فەیلی بوو لە بەغداو لەسەر خاکی ڕەسەنی باوک و باپیرانیان، لەروخساردا وادەردەکەوێ کە ئەوان تەنیا لەبەر پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبییەکەیان کەوتوونەتە بەرپەلاماری ڕەگەزپەرستییەوە بەداخەوە زۆرجار ڕۆشنبیرانی فەیلیش دەکەونە ئەم هەڵەیەوە بەڵام ڕاستیەکەی ترسی شۆڤێنیزم لەفەیلیەکان ترس بووە لە هۆشیاری و باری ڕۆشنبیریان بەتایبەتیش لەبواری ئابووری و بازرگانیدا، کە دەیویست بەهەر نرخێک بووە فەیلیەکان لەبەغداو عێراقدا ریشەکیش بکات و دەست بەسەرسامانیاندا بگرێ ومێژوویان بسڕێتەوە بەداخەوە بەعسیەکان سەرکەوتن و توانیان فەیلیەکان لەوڵات دەربکەن و گەنجەکانیان بکۆژن و خاک وسامانیان داگیربکەن ئەوەتا لەدوای ڕوخانی بەعسیش هێشتا بەمافەکانیان شادنەبوونەتەوەو بەتەواوی تۆپۆگرافیای ناوچەکەیان گۆڕیوون و ماڵوسامانیان زەوتکراوەو

زۆربەی زەوییە کشتوکاڵییەکانیان و باخ و بێستان و گوندەکانیان تەعریب کراون.

سەرەڕای ئەو ستەمکارییەی کە دەرهەقیانکرا، هەڵمەتی ڕەشبگیری هەزاران گەنجی فەیلی دەستی پێکردووەو دەیانهەزار گەنجی فەیلی هەتا ئێستا بێسەروشوێنن.

ساڵی (١٩٨٠) وەزیری ناوخۆی عێراق، بڕیارێکی دەرکرد بە دوورخستنەوەی ئەو کەسانە کە بە ڕەچەڵەک ئێرانین و لە عێراقدا دەژین و ڕەگەزنامەی عیراقییان نییە.

لە چوارچێوەی ئەم بڕیارە ئەو گەنجانە کە تەمەنیان لە نێوان (١٨- ٢٨) ساڵدا بوو، وەک دسبەسەر لە لای ڕژێم مانەوە، ئەوانی تریش بەرەو سنوورەکانی ئێران دوور خرانەوە، بڕیارەکە جەختی کردەوە هەر کەسێک بیەوێت بۆ عێراق بگەڕێتەوە دەبێ گوللەباران بکرێت.

هەر لە میانەی ئەوسیاسەتە شۆڤێنیەی بەعسیەکاندا بەواژۆی (سەدام حسێن)، ساڵی ١٩٨٠ بریاری ژمارە ٤٧٤ی دەرکرد ناوەرۆکی بریارەکە بریتیە لەوەی نابێت پیاوی عیراقی ژنێک بکاتە هاوژینی خۆی کە فەیلی بێت و ئەوەشی کە ژنەکەی فەیلیبە دەبێ لێی جیابێتەوە، لە بەرامبەریشدا بە بڕی (٤،٠٠٠) چوار هەزار دیناری عێراقی خەڵات دەکرێت ئەگەر سەرباز بێت و بڕی (٢،٥٠٠) دوو هەزار و پێنج سەد دینار بۆ کەسێک ئەگەر سڤیل بێت. لە میانەی بەردەوامبوونی سیاسەتی پاکتاوکردنی کورد، تەنیا لە ٤ی نیسانی ١٩٨٠، (٥،٠٠٠) پێنج هەزار کوردی فەیلی بەکۆمەڵ لە ناوبران. بەپێی ئامارێ خاچی سوور و مانگی سووری نێودەوڵەتی (٤٠٠،٠٠٠) چوارسەد هەزار هاوڵاتی فەیلی بوونە قوربانی ئەم سیاسەتەی ڕژێم.(**ساڵح ٢٠٢**)

ژمارەیەک توانیان مافەکانیان بە دەست بهێننەوە، بەڵام ژمارەیەکیان تا ئێستا نەیانتوانیوە ئەو مافانە بەدەست بهێننەوە، چونکە بۆ گێڕانەوەی مافەکانیان پێویستیان بە بەڵگەنامە هەیە کە ڕەچەڵەکی عێراقی خۆی بسەلمێنێ، دەبێ لە سەرژمێری ١٩٥٧ ناوونووس کرابێت، بەڵام خەڵکێکی زۆر بەڵگەنامەکانیان نەماوە، لەبەر ئەوەی ڕژێم لە کاتی شالاوەکانی دەرکردن و گرتنەکان هەمووی لەناو بردووە.

جینۆسایدی کوردانی فەیلی لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقدا

دۆسێی جینۆسایدکردنی کوردی فەیلی لە ڕۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢١ هەواڵەی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کراو لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١١ دادگا کارەکانی تەواو کردو بڕیاریدا کە ستەمکاری لەدژی فەیلیەکان جینۆسایدبووە. دوای بڕیاری دادگاکەش ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و حکومەتی عێراقی فیدارڵ بڕیارەکەیان پەسەندکرد.

سەرچاوەکان :

١. سمكز سابير جێنۆسایدی زرگۆشەکا، لاپەرەیەکی تری سڕینەوەی شوناس چاپی دووەم ٢٠١٩.
٢. د.رائد عبيس، الإجرام بصيغته القانونية ٢ جريمة اسقاط الجنسية والترحيل – قرار (٦٦٦) المركزالعراقي للتوثيق الجرائم التطرف ٢٠ يوليو٢٠٢٤.
٣. عەدالەت عومەر جێنۆسایدی کوردانی فەیلی، ساڵح ئەرشیفی نیشتمانیی جینۆساید لە کوردستان، ٢٠٢٤ بەبێ ڕێکەوتی ڕۆژ.
٤. ئەنفالستان ژمارە (١٧) ساڵی ٢٠٢٥ ل ١٥١
٥. الحريري، .جاسم يونس .٢٠٢٣' .الابادة الجماعية الكورد الفيليين في العراق: رؤى ومقاربات فكرية أقليمية ودولية لمعالجة، مركز حامورابى للبحوث والدراسات. ٢٠١٧.
٦. عەدالەت عومەر ساڵح ئەرشیفی نیشتمانیی جینۆساید لە کوردستان. سێیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی زانکۆی سلێمانی پانێڵی حەوتەم ٢٩ی ئایاری ٢٠٢٤
٧. زەید نەجم مەراد فەیلی، پڕۆسەی بڕیاری نێودەوڵەتیکردنی جینۆسایدی کوردی فەیلی لێکۆڵینەوەیەکی نێودەوڵەتی بکرێت، گوڵان ١١ی جونەی ٢٠٢٤.
٨. عەدالەت عومەر ساڵح ماڵپەری ئەرشیفی نیشتمانیی جینۆساید لە کوردستان-٢٠٢٤ بەبێ ڕێککەوتی ڕۆژ .

من وتۆ

هۆمەر محەمەد

٢٠٢٤/١٢/١٥ سلێمانی

لە کۆنفرانسێکدا دانیشتبووم، منیش وەک تۆێژەرە ئەکادیمیەکە باسێکم هەبوو، دەبوو پێشکەشی ئامادەبوانی بکەم. بەڵام وەک هەموو جارێک بەو پێیەی ئەوانە هەڵگری بڕوانامەی ماستەرو دکتۆران جا هەرچۆنێک بەدەستهاتووە ئەوەیان نەلەزانکۆکان و نەلە کۆنفرانسەکان زۆرگرنگ نییە. ئەوەی گرنگە ئەو پارچە کاغەزەیە. کە(دال ومیم) دەخاتە بەردەم ناوەکان. بەهەرحاڵ بەهۆی ئەو (دال ومیم)ەوە ئەوەی ئەو پێیدەوترێ تۆێژینەوەی زانستی و ئەوەی ئێمەو مانانیش پێیدەوترێت کاری مەیدانی. دەنا خۆمنیش وەک ئەو باسەکەی خۆمم لەڕێگەی سلاید و داتاشۆوە نمایش کرد، هیچ سلایدێکم نەبوو، وێنەیەک یان بەڵگەنامەیەکی تێدا نەبێت. بەڵام سلایدەکانی تۆێژەرە ئەکادیمیەکە خاڵی بوو لە وێنەو بەڵگە. بۆچی؟ چونکە ئەو باش نەگەڕابوو بنکۆڵی لە بارەی ئەنفالەوە نەکردبوو، بەڵکو قسەی تۆێژەرانی تری هێنابوو هی فەیلەسوفان و ناودارانی جیهان و گێڕانەوەی چیرۆکی بیانیەکان و ئەوانەی ناوبانگی جیهانیان هەیە، هەر بۆیە زۆربەی سلایدەکانی لەمەڕ هۆڵۆکۆستبوون لەکاتێکدا تۆێژینەوەکەی ئەو بەڕێزە دەربارەی ئەنفال بوو، نەک هۆڵۆکۆست. ئێ رودواوی ئەنفال لەکوردستاندا بووەو بەڵگەوشایەتحاڵ و قوربانی هەمووی هەرخۆمالێن خۆ نابێت بچیت لەدەرەوە بەدواياندا بگەڕێیت . هەرچەندە ئەو لەسیمنارەکەی منداد دانەنیشت ئەوەش لەبەرهۆیەکی زۆر سادەبوو. چونکە من (دال یان میم) لە پێش ناوەکەمدا نەبوو، بەڵام لەلایەن ئامادەبووانەوە پێشوازییەکی گەرم لەوەی من کراو ئەوەی ئەویش پێشوازییەکی سارد. ئەمەش لە دوو حاڵەتدا دەرکەوت یەکەم کاتێک ئەو باسەکەی پێشکەش دەکرد.. ناوهۆڵەکە پڕبوو لەژاوەژاوو دەنگە دەنگی ئامادەبوان و بگرە چۆڵبوونی هۆڵەکەش، ئەوکاتەی تەواویش بوو چەند کەسێک نەک هەموو چەپڵەیەکیان وەک دەفعی گللەیی و دڵپێخۆش بوون بۆلێدا. بەڵام لەکاتێکدا من باسەکەم پێشکەش دەکرد، هەموو بینەران چاویان لەسەر پەردەی نیشاندان بوو، هۆڵەکە جگەلە دەنگی من هیچ ورتەو چرپەیەکی تێدا نەبوو، نیگاکان جارجار دەگوازرانەوە بۆسەر روخساری من و سەری ڕەزامەندی و سەرسوڕمان و جۆرێک لە حەپەسانیان دەنواند وەک بڵێی لە ناخی خۆیاندا بڵێن : (چۆن من کوردم و ئەم زانیاریانەم نەزانیون)؟ دەرئەنجامی هەموو ئەم ڕونکردنەوانەی تۆێژەرە ئەکادیمیەکە. لەبارەی باسەکەیەوە خستنەڕوو هی ئەوەبوون لەسەرشتێک دەدوێ کە شارەزایی لێی نیە. لێی بێئاگایە ئەمەش لەوکاتەدا زیاتر دەرکەوت، کە ئامادەبوان پرسیاریان دەربارەی ئەنفال لێدەکردو ئەو هەوڵیدەدا بفەلسەفێنێ. باسەکەی بەرێتەوە سەر هۆڵۆکۆستی جووەکان. سەرئەنجام نەتوێژەرو نەئامادەبوو نەیانتوانی لێک حاڵی بن، چونکە تۆێژەر نەیتوانی باسی بابەتە زانستیەکەیمان دەربارەی ئەنفال بۆ بکات. بەڵکو قسەی لە ئەنفال دەکردو بەدەوری بابەتەکەدا دەخولایەوەو نەدەچووە ناو بابەتەکە، بۆچی ؟ چونکە لە جەوهەری بابەتەکە بێئاگا بوو، توانای لێکدانەوەی نەبوو، بۆیە ناچارە لەوەها حاڵەتێکدا هەر قسەی سەیرو سەمەرە بکات.

من بەبێ بروانامەی زانکۆ بەلامەوە سەیربوو کە وتی : رەنگە رافئیل لیمکن یەکەم کەس بووبێت کە دەستەواژەی جێنۆسایدی بەکارهێنابێت ! ئاخر رەنگەو پێموایە و مەحاڵەو دڵنیام) لەتوێژینەوەی زانستیدا عەیبەن و بەکارناهێندرێن. ئینجا ئەوە رەنگەی ناوێ و ساغ بووەتەوە کە بەڵێ ڕافائیل نەک (رافئیل) بۆیەکەمجار چەمکی جێنۆسایدی بەکارهێناوە.

مرۆڤ هەقە کەمێک بەرپرسیارێتی قسەی هەڵگرێ، هیچ نەنگیەکی تێدانیە کەسێک دەربارەی بابەتێک شارەزایی نەبێت، بەڵام نەک نەگی بگرە شورەییە ئەگەر شارەزای بابەتێک نەبیت و خۆتی تێهەڵقورتێنی و وەک شارەزاو پسپۆڕ خۆت بخەیتە ڕیزەوە، ئەوسا لەبری ئەوەی بابەتەکە بەخەڵک بناسێنیت خودی خۆت و جەوهەری خۆت نیشان دەدەیت.

تۆ کە نەزانیت باسی کورد و بەعس بکەیت ئەوا هەرگیز ناتوانیت باسی ئەنفال بکەیت. ڕاستە قسەی لەبارەوە دەکەیت، بەڵام ناتوانیت وێنای ئەنفال بکەیت، چونکە نەتویستووە یان نەتوانیوە تێڕامێنی و بگەڕێیت و بنکۆڵی بابەتێک بکەیت کەدەتەوێ لەبارەیەوە بدوێی. نەتتوانیوە چیرۆکەکان و فیکری جەلادو دۆخ و ژینگەی قوربانی بناسیت. باشترە دان بەوەدا بنێیت، کە ناتوانی چیرۆکی قوربانی بگێڕیتەوە، ئەمە بۆخودی قوربانیش هەروایە، چونکە باسکردن پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە گێڕانەوەوە هەیە، بەڵام چۆنێتی گێڕانەوەی چیرۆک گرنگە. دەی خۆ باسکردنی هەر ئۆبژەیەک، بابەتێک گێڕانەوەی هەر چیرۆکێک وەک گرتنی وێنە وایە یاخود وەک نیشاندانی وێنەیەکە. چونکە پەیوەندی بە ئاستی ئاگایی گێڕەرەوە یاخود وێنەگرەوە هەیە، بەرامبەر بەو بابەتەی دەتەوێت بیگێڕیتەوە.

ئاگاداربە بروانامەو زانکۆ، کەس ناکەن بەپسپۆڕو شارەزا، بەڵکو ڕێگەت نیشان دەدەن چۆن شارەزابیت، خۆ خراپ نابێت ئەگەر ئەوەش بزانیت، عەیبە هێندەی کەسانێک شارەزایی پەیدا نەکەیت کە بەبێ بڕوانامە و پێشگری دال ومیم. لەتۆ قسەزانتر و شارەزاترین، جائەوە نەک هەر لە دۆسێی ئەنفالدا لەهەر بواریکدا کە بۆ ژیان پێویستە.

مام سەعدونیش کۆچی دوایی کرد




سەعدون خدر قادر دانیشتوی گوندی مالومە لە پەلاماری یەکەمی ئەنفالدا بۆ ناوچەی شاربازێر و دۆڵی جافایەتیدا خۆیی و دوو کوڕی بەناوی (کەمال و جەمال) و چەندین کەسی تری خانەوادەکەی گیران و ئەنفالکران. لەدوای پرۆسەی جیاکردنەوەدا ئەویش وەک زۆربەی پیرەمێردەکان ڕەوانەی نوگرەسەلمان کراو دوای ٨ مانگ لە دەستبەسەرکردن وئازاردانی لە نوگرەسەلمان ئینجا ئازادی دەکەن.

بەڵام کوڕەکانی و بوک و نەوەکانی نەبینیەوەو بێسەروشوێن کران.

ساڵی ٢٠١٧ ئارام هەڵەدنی چاوپێکەوتنی لەگەڵ سازکردووەو. چیرۆکی ئەم پیاوەی تۆمار کردووە و تاوانی ئەنفال و زیندانی نوگرە سەلمان دەگێڕێتەوەو لە کتێبەکەیدا (ئەنفالی دۆڵی جافایەتی لە پلانی جینۆسایدی کوردا) چەند لاپەڕەیەکی بۆتەرخان کردووە.

سەرنجێک لەسەر دەرکەوتنی (بەراء)



هۆمەر محەمەد

٢٠٢٥/٢/٢٧ سلێمانی

چەند ڕۆژێکە هەواڵی دەرکەوتن و دۆزینەوەی کچێکی ئەنفالکراوی کورد، لەڕێگەی سۆشیال میدیاو تیڤیەکانەوە، بڵاوکراوەتەوە. منیش لە وێنەکەی ورد دەبمەوە و تێڕادەمێنم، زۆر بەدیقەتەوە تەماشای جوڵەو هەست و دەربرینی دەکەم. لە نیگای و ڕوخساری و فرمێسکەکانی ورد دەبمەوە. سەرباری کۆمەڵێک پرسیارو تێبینیم بەڵام نەمتوانی هیچی لەبارەوە بنوسم، چونکە بەو پێیەی بەرکەوتنم لەگەڵ ئەم دۆسیانەدا زۆرە، پەلەناکەم و بە دوای قەرەبالّغی ناکەوم. ئێستاش کە هەندێک سەرنج وتێبینی دەخەمەڕوو هیچ داوەرییەک ناکەم. چونکە کچەکە چووەتە مۆنۆمێنتی ئەنفال لە چەمچەماڵ و داوای وەرگرتنی خوێنی کردووە بۆ (شیکاری DNA) ئیتر ئێمە و مانان دەبێت چاوەڕوانی هەنگاوەکانی دواتربین، بەهیوام لایەنە پەیوەندیدارەکان پەندیان لە دۆسێکانی پێشتر وەرگرتبێ، لە ئێستادا پێویست ناکات بکرێتە کالای ڕاگەیاندن و سەر لە کچەکەو خەڵک و دادگاو تاقیگەو شیکاریی بشێوێندرێت. خۆشبەختانە ئەمرۆ د. فاتیح سەنگاوی نوسیوێتی : سەرەداوی کچە ونبووەکەی ئەنفال لە دەرکەوتندایە. لەراستیدا هەر ئەو نوسینەی بەڕێزیان هاندەربوو منیش ئەم سەرنج وتێبینیانە بخەمەڕوو.

ئەوەی بۆمن جێگەی پرسیارە ئەوەیە، د. فاتیح نالّێت سەرەداوی دۆزینەوەی کەسوکاری لە دەرکەوتندایە! لەبنەڕەتەوە دۆسێی ئەم کچەش پرسیار هەڵگرە، ئایا بۆچی لە ئێستادا ئەم دۆسێیە وروژێندراوە؟ د. فاتیح دەڵێت لە کاتی هاوسەرگیرییەکەیدا ئەم راستییە تاڵەی پێدەڵێن ؟ بەڵام بەپێی زانیارییەکانم ساڵی ٢٠٠٥ هاوسەرگیری کردووە، ئەو خانەوادەیە بۆ چەندین ساڵە هەوڵیان نەداوە سۆراخێکی کەسوکاری بکەن ؟ وەک (بەراء) دەڵێت دایکی لە مەرکەز شەبابەکەی دووزدا گیراوە و لەو کاتەدا ژانگرتوویەتی ؟! ئەمەش بەرچاوڕوونیەکی باشە چونکە ئەوانەی لەمەرکەز شەبابەکەی خورماتوودا دەستبەسەربوون لە ئەنفالکراوانی ناوچەی داوێن، واتا بازنەی شوێنی ڕووداوەکە زۆر بچوک بووەتەوە و گەڕان بەدوایدا ئاسانترە وەک لەئەوەی نەزانرێت لەکوێ بۆی بگەڕێین. بەو حاڵەشەوە هێشتا چیرۆکەکە بۆمن جێگەی هەڵوەستەو تێڕامانە، بەتایبەتیش کە دەڵێن لەوکاتەدا کە(دایکی ژان بەم کچەوە دەگرێت و لە خەستەخانەکەی دووزدا منالّەکەی دەبێت)!! بەڵام خۆ دەستبەسەرکراوانی مەرکەز شەبابەکەی خورماتوو (زیندان نەبوون) بەڵکو مەرکەزەکە شوێنی کۆکردنەوەی کاتی بووە و ئەوانەش هەروا بۆ چەند کاتژمێرێک ئەوپەڕی بۆ شەوێک هێڵدراونەتەوە، هەتا فەرمانیان بۆبێت بۆکوێیان بەرن ؟ بۆ تکریت یان بۆ تۆبزاوا یان بۆ قەراخی ئەو چاڵانەی لە چیای حەمرین بۆ ناشتنی ئەنفالکراوان ئامادەکرابوون ؟ هەموو ئەوانەی لەخورماتوو دیدارم لەگەڵدا سازداون و قسەیان بۆ کردووم دەڵێن ئێمەیان بردووە بۆ تکریت و دواتریش بردویانین بۆ نوگرەسەلمان.

چیرۆکی بردنی دایکی (بەراء بۆخەستەخانە) بەناراستەوخۆ سپیکردنەوەی ڕووی بەعسیەکانە، چونکە لۆژیکی ئەنفال هیچ نەرمیەکی تێدانەبووە. هەتا ئەنفالکراوان خزمەتگوزارییان پێشکەش بکرێت !! ئەوان بۆ مردن گیرابوون. دەشێت جاشێک یاخود چاکە کارێک تەنانەت بەعسیەکی

دڵنەرم لەکاتی هەڵکوتانە سەر مەرکەزشەبابەکەی خورماتوو دایکی ئەم کچەی رزگاری کردبێ و بردبێتی بۆ نەخۆشخانە. بەڵام دیسان لەوێ ئاشکرابووبێتەوە و بردبێتیان. دەنا ئەنفالکراوان زیندان نەبوون، هەتا هەندێک مافیان وەک زیندانی کراوێک بۆ دەستەبەرکرابێت و لەکاتی نەخۆشیدا بردبێتیانن بۆ نەخۆشخانە! ئەنفالکراوان بۆ مردن و کوشتنی بەکۆمەڵ کۆکرابوونەوە. لێرەدا نمونەیەک دەخەمەڕوو (ئەفرۆز ئیسماعیل جەلال) خەڵکی گوندی وارانیی خواروو. لەکاتی ئەنفالی گەرمیاندا دووگیان بوو. کاتێک کەوتنە دەست جەیش وجاش بە ئیڤای سەربازی گەیاندیانن مەرکەزشەبابەکەی خورماتوو، هەر لەناو ئیڤاکە ئەفرۆز ژان گرتبووی، کە گەیشتنە دوزخورماتوو لە مەرکەز شەبابەکەدا دەستبەسەریان کردن، دوو کاتژمێر دوای گەیشتنیان پیاوانی ئەمن کەوتنە پۆلێنکردن و جیاکردنەوەیان و بە دەستوبرد هەندێکیان سواری سەیارە کرد و بردیانیانن بۆ شاری تکریت. یەکێکیان (داخل حەسەن)ی هاوسەری ئەفرۆزبوو، لەودۆخەدا ئەفرۆزی ژانگرتوو، بە بەرچاوی خەڵکەوە دوومندالّی بوو(ئاوات و نەجات). ئەفرۆز جگەلە مێردەکەی ٢٧ کەس لە مالّی باوکی ئەنفالکران جارێکی تر نەبینرانەوە. لە ناویاندا هەشت برای بە ژن و منداڵەوە لەبەختی ئەفرۆز و ئەوانەی رزگاریان بوو، جموجۆڵی گومانلێکراویی بەعسییەکان، غیرەتی دابووە بەر جاشێک بە ناوی جەبار (جاشەکە بە جەبارە درێژ ناسراوە) ئەو توانیبووی لەناو خورماتوو پشێوییەک بنێتەوە و هەڵکوتێتە سەر مەرکەز شەبابەکە، خەڵکێکی زۆر سودیان لەو کارەی جەبار بینی و رزگاریان بوو، ئەفرۆز بۆیرانە بە مەلۆتکەکانیەوە، پرکێشیی ڕاکردنی کردبوو بەمنداڵە تازە لەدایک بووەکانیەوە لە مەرکەز شەبابەکە چووە دەرەوەو خۆی ڕزگارکرد.[٧]

جێگەی ئاماژەیە دوای ڕاپەڕین برازایەکی ئەفرۆزە بەناوی "ئاکۆ عیزەدین" دەرکەوتەوە ئەویش پیاوێکی خەڵکی بەغدا دۆزیبوویەوە و لای خۆی دالّدەی دابوو، پاش ئەوەی حوکوومەتی بەعس ڕووخا، ئاشکرای کردو گەڕایەوە بۆخورماتوو، ئێستا ئاکۆ مالّ و حالّی خۆی هەیە و باوکی منداڵێکەو هەر لەخورماتوو دادەنیشێت.[٨] دەشێت چیرۆکی (بەراء) لەسەر چیرۆکەکەی ئاکۆ بونیات بنێین. بەڵام هێشتا مافی دادوەریمان نیەو ناتوانین بڵێین ئەم چیرۆکە بێ بنەمایە یاخود راستەو بەراء کچی ئەنفالکراوانە یان کچی زیندانیکراوێکی ترە.

هیچ هەلومەرجێکی وانەبووە ئەنفالکراوان لە نەخۆشیدا یاخود لەکاتی منداڵ بوونda ببرێن بۆ نەخۆشخانە. بەتایبەتیش لە مەرکەز شەبابەکەی خورماتوو، چونکە هەموو خەڵکی شارەکە و ئەوانەی کەلەوێ رزگاریان بوو، دەزانن کە جاشەکانی (جەبارە درێژ) پەلاماری مەرکەز شەبابەکەیان داوەو کردوویانە بەتەق و تۆق و پشێوێکیان ناوەتەوە، بۆ ئەوەی ئەوخەڵکە رزگاریان ببێ، بۆیە هەرگیز ڕێی تێناچێت بەعسیەکان لەو پشێوییەدا ژنێکی ژانگرتوویان بردبێت بۆ خەستەخانەو دوای لە دایک بوونی منداڵەکەی گێڕابێتیانەوە. خۆ ڕەنگە ئەم چیرۆکە بەشێکی ڕاست بێت بەڵام بەشێکی ناراست بێت.

[٧] (بۆچیرۆکی ئەفرۆز بروانە گەشتەکانی ئەنفالستان دیدارو بەدواداچوون، عومەرمحەمەد، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم چاپی یەکەم ٢٠٢١، ل٧٦٨)

[٨] بۆ چیرۆکی ئاکۆعزەدین بڕوانە ئەنفالستان ژمارە (٥) ل ١٢١.

ئەم ژنە ئەنفال نەبووبێ و زیندان بووبن خۆ بەعسیەکان چەندین جۆری زیندانیان هەبوو.

بۆیە من هیچ گومانێک ناخەمە سەر ئەو دوو کارمەندە پزیشکیە تورکمانە، کە کچەکەیان هەڵگرتووەتەوە و هەتا ئێستاش دەڵێن : وەک کچی خۆیان تەماشای دەکەن و وەک کچی خۆیان بەخێویان کردووە. بەپێچەوانەوە زۆر جێگەی ڕێزن تەنانەت ئەگەر چیرۆکەکە پەیوەندی بەئەنفالیشەوە نەبێت. تۆوی مرۆڤایەتی و پێکەوەژیانی لێشین دەبێ و دەبێتە رایەڵێکی گرنگی ئاشتی و پێکەوە ژیانی پێکهاتەکان. بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیاری منە بۆچی لەکاتی گواستنەوەی بووکێنیدا ئەم ڕاستیەتاڵەی دەدرێت بەگوێدا؟ د. فاتیح سەنگاوی نوسیوێتی (گوێی لە چرپەی خزمانە کە: ئەمە کچی خۆیشیان نییە دەبێت، دوای سووربوونی لەگەڵ دایکی ڕاستییەکەی بۆ دەردەکەوێت. ئێستە ئەو کچە لە سۆراخدایە و خولیای گەڕان و دۆزینەوەی کەسوکارێتی. لەو ڕۆژەوە لەڕێگەی پەیوەندییەکانمەوە بەدوای ئەو کەیسەوەم، هەروەک چۆن چەندین کەس و دەزگای تریش سەرقاڵن، هاوشێوەی کاک هابیلی مۆنۆمێنتی چەمچەماڵ و کاک عومەری شەهیدان و کەسانی تریش. بەڕێگەی خۆم گەیشتووم بە سەرە داوێکی گرنگ کە هیوام وایە کەسوکارەکەی ئەو بن...)[٩] من نازانم د. فاتیح بەچ سەرە داوێک گەیشتووە، بەڵام بەشبەحاڵی خۆم گومانێکی زۆرم لەم دۆسێیە هەیە، پەیوەندی بە ئەنفالەوە بێت، بێگومان گومان ناخەمە سەر حاڵەت ئینسانیەکەی و چیرۆکەکەی وەک لەسەرەتاوە ئاماژەم پێکردووە، دەشێت دایکی ئەم منداڵە زیندان بووبێت جالەسەر هەرشتێک گیرابێت دۆسێکەی سیاسی بێت یان کۆمەڵایەتی بەڵام هەرچەند تێڕادەمێنم ئەم چیرۆکە بەپێی گێڕانەوەکان پەیوەندی بەئەنفالەوە نییە بەتایبەتیش لە ئەنفالکراوانی ناو مەرکەز شەبابەکەی خۆرماتوو. کە ڕووداوەکە بەبەرچاوی خەڵکەوە بووەو زۆرشایەتحاڵی ئەنفال و خەڵکی داوێ و خورماتوو ماوون و ڕووداوەکەیان دیوە یان لەناویدا بوون.

بەبروای من نابێت پەلە بکرێت نەلە ڕەتکردنەوەی نەلەساغ کردنەوەی، چونکە ئەنفال هەزاران چیرۆکی ئاڵۆزی تێدایەو بەعسیش سەدان هەزارجار ئاڵۆزتر، بەعسیەکان تەنها بەئەنفال کوردیان نەکوشتووە و زیندانەکانی بەعس هەر بۆ کەسانی سیاسی نەبوون، بەڵکو زیندانی جۆراوجۆرو زیندانیکراوی جیاوازیشی زۆربوون.

بۆیە نەشایەت و ووتی ووتی دۆسێکە یەکلایی ناکەنەوە ئەوەی لەهەمووان بڕوا پێکراوترەو دەتوانێت دۆسێکە یەکلایی بکاتەوە (پشکنینی خوێن وDNA) یەکلاکەرەوەن.

دواهەمین پرسیارو گومانم ئەوەیە باشە بۆچی هەموو هەوڵێک ئامادەیە بۆ (دۆزینەوەی کەسوکاری بەراء) بەڵام بۆ (هەژار) نا؟ ئێ خۆ ئەویش هەر لەسنوری چەمچەماڵ و کەرکوکدایەو ئەویش وەک ئەم کچە کەوتووەتە لای پیاوێکی تورکمان و هەرلەکەرکوکیشە دایە! ئەی بۆچی کەسێک بۆ ئەو تێناکۆشێ ؟ بۆچی ڕێکخراوەکان و دەسەڵاتداران قسەیەکی لەبارەوە ناکەن و ئامادەی شیکاری دی ئێن ئەی نین بۆی؟ خۆ (هەژار- ئایدن) ڕوون وئاشکرا منداڵێکی گوندی گۆپتەپەیەو کەسوکاری دۆزییانەوە و چونەتە مااڵی (جەمال) پیاوە چاکەکارە تورکمانەکە و قسەشیان لەگەڵدا کردووە و هەمووشتێکیش یەکلایی بووەتەوە ؟

[٩] من وتارەکەی د. فاتیح سەنگاویم لە واڵی فەیسبوکی تایبەتی خۆیدا خوێندەوە

بەهیوام (بەراء)و کەســـوکاری بەیەک شـــادببنەوە. ئەوســـا ڕێزگرتنی ئەو ژنەی بەخێوی کردووە و شاردوویەتیەوە دەکەوێتە ئەستۆی هەموومان.

"گوڵەکانی کەرکوک"و بێنازی لەدرامای کوردیدا..!

ئەنفال و کیمیاباران هەڵەبجەمان بۆ دەگێڕێتەوە



ئەسعەد جەباری

ناوی فلیم: گوڵەکانی کەرکوک - The Flowers of Kirkuk
ساڵی بەرهەمێنان: ٢٠١٠
ماوەی فلیمەکە: ١١٠ خولەک
دەرهێنەر: فاریبورز کامکاری
سیناریست: دەرباز دارا
ناوی کاراکتەرەکانی فلیم: (سەرکاو هادی، مەرجان عەلەوی، محەمەد بەکری، ئەشـــرەف حەمید، محەمەد ئەلزواوی، مەریەم حەسـون‌شیلان رەحمانی، سـەفیە حەریری، فەلاح ئیبراهیم، ئیلیزا بیتا بیلی، .....هتد)

ئیستێک لەسەر فلیمەکە:

بەڕاگوزەرێـــک بەنـــاو چیرۆکی فلیمەکەدا، لەهەر گۆشەیەکیەوە سەیربکرێت لێوانلێوە لەبەسەرهات و ڕووداوی جیـاجیـای ســـەرنجڕاکێش، کە مرۆڤ لەئاســـتیاندا دۆش دادەمێنێت و دەکەوێتە گومانەوە کە ئایا ئەوە ڕاستە یاخود چیرۆکێکی چنراو. بەڵام کـاتێـک ڕۆدەچیتە نـاو بـابەتەکەوە، لەبەرچـاوتـدا ســـەدان پەل و پۆی لێدەبێتەوە کە دەتخاتە دەریای خەیاڵەوەو ناخت دەهەژێنێت و ئازارو ژان تەواوی جەســـتەو ڕۆحـت دادەگرێـت. ئەوە چیرۆکێکی خەیاڵی نیە بەڵکو ئاوێنەی بالانوێنی خســتنەڕووی لەناوبردن و پاکتاوی نەتەوەیەکە کە لەهەرچوارلاوە لەڕابردوی دوورو نزیکدا لەخوێندا خنکێنراوە.
دەڵێن شـاکارە ئەدەبی و هونەریەکان دوو کۆڵەکەی گرنـــگ و بەهێزی بەزیـنـدوویی هێشـــتنەوەی نەتەوەیەکن، کە لەڕێگـایـانەوە دەتوانرێـت بەپێوە بـهـێـلـێـتەوەو مـێـژووی تەژی لەقـوربـانـی و نەهامەتیەکانی بۆ تۆماربکات.
ئەدەب و سینەما هۆکاری بەزیندوویی هێشـتنەوەی خۆڕاگری و خەباتی گەلانەو دەکرێت لەڕێگایانەوە بەرهەمە جۆراوجۆرەکـانی ڕونـاکبیری و کلتورو خۆڕاگریەکـانی نەتەوەیەک بکـاتە هۆکـارێـک بۆ ئەزموون وەرگرتن و هوشـــیارکردنەوەیان. لێرەدا ســـەرنجمان دەچێتە ســـەر فلیمەک کە شـــاکارێکە بۆخۆی و نـاوی "گوڵەکـانی کەرکوک"ی لەخۆیـدا هەڵگرتووە، کە دەکرێت مرۆڤی کورد وەک بەشێک لەمێژووی پڕ چەوسانەوەو زۆرداری دەسەڵاتدارانی بەعس چـاویـان بخـاتەســـەرو هەڵوەســـتەیەکی هوشیارانەش لەبەرانبەریدا بنوێنێت.
فلیمەکە کە پانزە ســـاڵ لەمەوبەر بەرهەمهێنراوەو لەگەڵ ئەوەشـــدا چاوی ســـینەماکارانی کوردو بینەرانی فلیمی لەکوردستاندا نەچۆتە سەری!.

چۆن فلیمەکەم دۆزیەوە:

بەنێو تۆڕەکاندا دەگەڕام و لەیوتوبدا چاوم چووە سەر فلیمێک و بەوردبوونەوە لەناوەکەی "گوڵەکانی کەرکوک"، کەمەندکێش بووم و بڕیارمدا تاکۆتایی ســەیری بکەم، ووردە ووردە لەگەڵ جوڵەو دەنگ و مۆسیقادا ڕۆیشتم تا چاوم کەوتە سەر کۆڕوکچێک کە لەسەرناوی فلیمەکەدا دانرابوون، هەروەک ئەوەی لەناویەکترادا توابنەوە، بەهۆیانەوە بەردەوام بووم و لەنـاکـاو چـاوم چووە ســـەر دیمەنی کەوتنی پەیکەری ســـەدامی دیکتاتۆرو دیمەنی خەڵکی کە بەبۆنەی ڕووخـانی ڕژێمەوە کەوتبوونە ئـاهەنـگ هەڵپەڕکێ و هەموو وێنەکـان ڕۆدەچوونە نـاخی ناخمەوە.

سەرەتای دیمەنەکان:

کاتێک پرســـی "نەجلا" لەوێیە، ئەو پرســـیارەی کاراکتەرەکە منی ڕاچەڵەکاندو زیاتر شـــۆڕبوومەوە بۆ قوڵایی چیرۆکەکە، چیرۆکێـــک کە لەهەنـــاوی

ڕووداوی نەهامەتی و مەرگەساتەکانی ئەنفال و کیمیاباران خەڵکی کوردەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە هەمووی ناسۆرو بێهیوایی و کورد کوژی بوو.

گوڵەکانی کەرکوک:

ئەو ئاوێنەیە بوو کە ستەم زۆرداریەکانی سەرانی ڕژێمی لەدژی کورد لەکەرکوکدا تێدا دەبینرا، ئەوێمان بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن تاکی کورد لەکەرکوکدا دەهارێت و دەیەوێت کۆمەڵکوژی بکات.



دیمەنەکان لەئاوێنەی ڕۆژگاری ئەوسای کەرکوکدا، بوونە چەقی گێڕانەوەیەکی دژ بەیەک، کوشتن و ڕاوەدوونانی لەمەنگەنەدانی خەڵکە هوشیارەکەی کەرکوک و دیوەکەیتریشی ئەوینێکی پاک بۆ خاکی نیشتمان و چاونەترسی ئەو خەڵکە لەگوولەبارانکردن و بەعەرەبکردن و بەبەعسیکردن و ڕاگواستن کە سەرەتایەک بوو بۆ سڕینەوەیان لەخاکەکەیاندا.

لەناونیشانەکەوە تێدەگەین، کە کەرکوک خودی کەرەستەی فلیمەکەو عیشقی دوو مرۆڤی نەترس و پاکمان وا بۆ دەگێڕێتەوە.

(نەجلا و شێرکۆ) دوو خوێندکاری زانکۆن و بەشی پزیشکی دەخوێنن لەئیتاڵیا، نەجلا کیژۆڵەیەکی عەرەبەو شێرکۆش کوردێکی شاری کەرکوک، نەجلا لەبەغدا هاتۆتە دنیاوەو خولیای خوێندن گەیاندوێتیە ئەو ولاتە، لەزانکۆ یەکتر دەناسن و لەبەرانبەر یەکتردا خۆشەویستی لەچاوەکانیانەوە بڵاچەدەدات و دەکەونە خۆشەویستیەکی ئەبەدیەوە لەنیسانی هەزارو نۆسەدو هەشتاو هەشتدا، شیرۆکۆکەی کەرکوک، بڕیاری گەڕانەوە دەدات بۆ شارەکەی خۆی، کە هەموو یادگاریەکانی منداڵ و هەرزەکاری لەوێدا خەملێوە، ئەو دەگەڕێتەوە، پاش بیرکردنەوەیەکی قوڵ نەجلا-ش، بێ شێرکۆیی هەراسانی دەکات و ناتوانێت لەدووری شێرکۆکەی لەئیتاڵیا بمێنێتەوەو دەگەڕێتەوە شارەکەی شێرکۆ، کاتێک لەئیتاڵیاوە نەجلا دەگاتە بەغدا، ئەوین و خۆشەویستی بۆ شێرکۆ پەلکێشی کەرکوکی دەکات و لەوێ دەچێت ماڵی مامی کە لەوێ دەژین و خاوەنی کۆمپانیایەکی دەرمانن و لەدەسترۆیشتوانی دەسەڵاتە لەشارەکەدا.

یەکتربینینەوە:

نەجلا بەپرسیار لەگەڕەکی شۆرجە شیرکۆ دەدۆزێتەوە، دوو دڵدارو خۆشەویست ئاوێزانی یەکتری دەبنەوە، هەرچەندە لەدوو نەتەوەی جیاو دوو کلتورو ژینگەی جیاوازن، کەچی دەستبەرداری یەکتری نابن. بەڵام ئەوە هەرگیز نابێت: شێرکۆ بەنەجلا دەڵێت: باشتر وایە بگەڕێیتەوە چونکە لەکەرکوکدا نایەڵین عیشق و خۆشەویستی چەکەرە بکات، باهەر یەکەمان ڕێگای چارەنوس و ژیانی خۆی بگرێت و بڕوات. لەبەر ئەوەی من دەبمە پێشمەرگەو ئەوەش مانای مردن و سەرماو برسێتی و چەرمەسەریەکی زۆرە، نەجلا ئەو قسانە بەگوێیدا ناچێت و دەمێنێتەوە.

دیمەنێکیتر:

(موختار)ی کەسایەتیەکی ناو فلیمەکەیەو پلەکەی مولازمەو پاش ماوەیەک پلەکەی بەرز دەکرێتەوەو دەبێتە نەقیب، موختار دۆست و هاوڕێی مامی نەجلایە، لەیەکەم بینیندا کە چاوی بەنەجلا دەکەوێت سەرسامی دەبێت و داوای هاوسەرگیری لێدەکات، بەڵام نەجلا داواکەی ڕەتدەکاتەوەو ئەویش


چاودێری هاتووچۆکانی نەجلا دەکات و دەزانێت عاشقی شێرکۆیە، شێرکۆ دەخاتە ژێر چاودێریێ وردەوەو یەکارەکانی شێرکۆ دەزانێت، نەجلا دەبێتە خاڵی ملمانێی موختار لەگەڵ شێرکۆدا، شێرکۆ یەکێکە لە ڕێکخستنەکانی ناو شاری کەرکوک.

لەچالاکیەکی ناوشاردا بریندار دەبێت کاتێ ئابڵوقە دەدرێن، سەرەڕای مەترسی موختار هاوکاری شێرکۆ دەکات تا دەربازی بکات، شێرکۆ دەربازی دەبێت و دەزگای ئەمنیش بەوە دەزانن و موختار گولەباران دەکرێت.

ڕووداوەکانی ناو فلیمەکە ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی







ئەنفال و کیمیاباران کوردستانەو هەر لەوساتانەدا بوو کە فلیمەکە دەیگێڕێتەوە، هەڵەبجە بەخەڵک و خاکەوە کیمیایی خنکاندی.

مامەڵەی دەرهێنەری فلیمەکە(فاریبورز کامکاری)، لەگەڵ دەق و سیناریۆکەیدا مامەڵەیەکی ژیرانەبووەو هەر بەشێکی فلیمەکە بگرێت تواناو زیرەکی دەرهێنەری تێدا دەدۆزێتەوە. دیمەنی ئەکتەرەکانیش پێمان دەڵێت، کە بەچ تواناو خۆماندوکردنێکەوە توانیویانە ڕۆڵەکانی خۆیان بخەنەڕوو، ئەوەی جێگەی هەڵوەستەیە زۆربەی زۆری ئەکتەرەکان کوردنین و توانیویانە ئەو ڕۆڵە جوانە ببینن.

فلاشباکی تۆپزاوا:

ئەو پێگە جوگرافیایەی سەربازگەیەکی لێبوو، مەترسیدارو تۆقێنەر، تۆپزاوا چیرۆکی گرتن و کۆکردنەوەی هاوڵاتی کورد لەجوغزێکی بەرتەسکدا بوو، کە لەفلیمی (گوڵەکانی کەرکوک)دا فۆکەسی خراوەتە سەر، کە چۆن ژن و منداڵ و پیرە پیاوان و لاوانی کورد وەک مێگەل ڕاپێچی ئەو سەربازگە ترسناکە دەکەن، بەتایبەتی لەقۆناغەکانی ئەنفالدا لە(١٩٨٨)دا بەلێشاو لەگەرمیان و کوێستانەوە بەتراکتۆرو زیل و جۆرەها ئۆتۆمبیلی تر ئەو خەڵکەیان لەوێ دەپەستاو بڕشتیان لێدەبڕن.

تۆپزاوا، یەکێک بوو لەوێستگەکانی ئامادەسازی و کۆکردنەوەی کوردو دواتر بەرەو باشوری عێراق بۆ نوگرە سەلمان و عەرعەرو شوێنیتر دەگوازرانەوە کەلەوێدا زیندەبەچاڵ دەکران.

لەگرتەیەکی تری فلیمەکەدا، نەخۆشخانەی سەربازی و سەربازگەی تر بۆ کۆکردنەوەی دەستگیرکراوەکان و لەوشوێنانەدا، ئەمنی ورگ زل و ڕەش داگەڕاو، لەئازاردانیان نەدەپرینگانەو چێژیان لەوکارەی خۆیان وەردەگرت.

نەجلا و تۆپزاوا:

لەدیمەنێکیتری گرتووخانەی تۆپزاوادا، نەجلای پزیشک دەبینرێت کە لەناو بۆنی ئارەقەی ورگەردا، سەرگەرمی پشکنینی ئەو خەڵکە بێدەرەتانەیە (ئێمە نازانین ئەو بەڕاپاردەی ڕێکخستنەکانبوە یان بەناچاری و بۆ مانەوەی لەکەرکوک بووە، کەوتۆتە سەربازگەکەوە). ئەو لەگەڵ پشکنینەکەدا بەزی ئەمنەکانەوەو بەچپە ناوو ناونیشانی نەخۆشەکان دەپرسێت تا دواتر بیداتە شێرکۆو هاورێکانی شێرکۆ لەڕێکخستنی ناو شاردا. ئەوەی نەجلا

دەیکات یاریکردنە بەئاگر، بەڵام لەخۆشەویستی بۆ شێرکۆ سڵ لەهیچ مەترسیەک ناکاتەوە.

شۆرجە:

لەگرتەکـانی فلیمەکەدا، دەبینین شـــۆرجە هەر پێگەیەکی جوگرافیایی و گەڕەکێکی شـــارەکە نیە، دەبینین خەڵک دێن و دەچن بەترســـەوە دەڕۆن و لەهەرچی ســـەربـازو ئۆتۆمبیلێکی ســـەربـازی دەســـڵەمنەوەو لاتریســـکە دەگرن، خەڵکی ترس و تۆقین لەچـاویـانـدا دەخوێنرایەوە، لەبەر ئەوەی هەموو رۆژێک هەڵکوتانە سەر ماڵان و تەق و تۆق وگرتن وگوللەبارانکردن دەبینرێت. لەگرتەیەکیتردا شـوێنی حەشـاردانی ڕێکخسـتنە دەسـت وەشـێنە جەربەزەکان دەخاتەڕوو. لەگرتەیەکیتری (گوڵەکانی کەرکوک)دا، هەژاری ونەبوونیەکانی کەرکوکیەکان واقیعی ئەو سەردەمەی تێدا خراوەتەڕوو.



سەر سنوری عێراق ئێران:

ڕووداوەکان دەگوازرێنەوە بۆ سەر سنوور، شێرکۆ بۆ چارەسـەر ئاودیوی ئێران دەکرێت و نەجلاشـی لەگەڵدایە، لەیمەنێکدا شـێرکۆ لەنەخۆشـخانەیەکی بچووکدا چارەســەری بۆ دەکرێت و نەشـتەرگەری بۆ دەکرێت پاش ماوەیەکی زۆر کە هۆشی دێتەوەو چارەســەر وەردەگرێت، لەپڕ هەســت دەکات نەجلا دیار نیە، بەو بریانەوە هەڵدەسێت بەدوایـدا بـگەڕێـت، هەرچەنـد پەرســـتیـارەکە پێی دەڵێـت تۆ مەترسی دەخەیتە سەر ژیانی خۆت، شـێرکۆ هەروەک گوێی لەقسـەکانی ئەو نەبـووبـێـت، بەرەو دەرەوەی نەخۆشـــخـانەکە هەنگـاو دەنێت، لەدوورەوە ژنێک دەبینێت کە پشتی لێیەتی و لەنەجلا دەچێت و بەرەو ڕووی دەچێت، کاتێک بانگی دەکات نەجلا، ئەو ئـاوڕ دەداتەوەو پێی دەڵێـت: نەجلا گەڕایەوە عێراق و ئەو ســـەنـدەڵەی بـۆ دانـاوی، شـــ ێرکۆش دەســـت دەبـات بۆ جـانتـاکەو دەفتەرێکی تێـدایەو لەو دەفتەرەدا نـامەیەکی خواحافیزی و ماڵئاوایی تێدا نووســـیبوو، ئیدی شـێرکۆ چاوی دەچێتە سـەر پەڕەی دەفتەرەکە کە نوسراوە: شێرکۆ من دەگەڕێمەوە بۆ عێراق.....هتد.

دوا وێستگەی فلیمەکە:

لەکردەی ئازادی عێراقدا، شـــێرکۆش وەک هەموو خەڵک و پێشـمەرگەکان دێتەوە کەرکوک، چیرۆکی نەجلا دەپرســـێـت و دەگـاتە ئەوەی کـاتێـک گەیشـــتـوەتەوە کەرکـوک وەک تـاوانـبـاری دەربـازکردنی شـــێرکۆ گوولەبـاران دەکرێـت لەتۆپزاواو ژێر گڵ دەخرێت.

شـێرکۆ شـێتگیر دەبێت و بەرەو تۆپزاوا دەڕوات، بیردەکاتەوە کام لەو تەپۆڵکە گڵانەی بەرزبوونەتەوە گۆڕی نەجلایە؟ گوڵێک دەخاتە سـەر شـوێنێک و دەڵێت: نەجلا من هاتمەوە ئەی تۆ لەکوێیت ی ی ی ی ت.

بیری ماسیە سورەکەی گوند دەکەم

هۆمەر محەمەد

گوندەکەی ئێمە خۆشبەختانە کەسی ئەنفال نەبووە، بەڵام بێزیانیش نەبووە. روخاندنی ماڵ زیانی ماڵ و دابڕانیش لە شوێن و سروشت و ژینگە زیانێکی مەعنەویەو کاریگەری سایکۆلۆژی بەسەر مرۆڤەوە دەبێت. گوندی کرژە لەناوچەی سورداش و لە پێدەشتەکەی بناری چیای سەرکەشی پیرەمەگرون هەتا بڵێی جوان و دڵگیربوو. هەتا درەنگانێکی ساڵی ١٩٨٧ خەڵکەکەی خۆیان گرت و ملیان بەسیاسەتی بەعس نەدا بەڵام سەرئەنجام ئەویش راگوازرایە ناو ئۆردوگای زۆرەملێی پیرەمەگروون کەوا هەر دووکیلۆمەترێک لە ڕۆژهەڵاتی گوندەکەو ڕۆژئاوای چیای پیرەمەگرونەوە نەخشەی بۆکێشرابوو.

ئەگەرچی پێش ئەنفال لەوێ نەمابووم، بەڵام زوو زوو بۆ خۆدەربازکردن لەژاوەژاوی شارو ئارام بوونەوەی گیانم سەردانم دەکردەوە و چاوم بەقەدوگەڵای دارەکانی و کانیە ڕونەکانی ڕوون دەبووەوە، ئێواران لەگەڵ هاوڕێ و هاوتەمەنەکانم کۆدەبوینەوەو بازنەمان دەبەست و بەگێڕانەوەی نوکتەو بەسەرهاتە خۆشەکان لەتریقەی پێکەنیمان دەدا. ژینگە گوندی کرژە کەمێک جیاوازبوو تاڕادەیەک سیمای شاری پێوەبوو بۆیە لەشار زۆر هەستم بەنامۆیی نەکرد. چەندین باخچەی جوانی تێدابوو، قوتابخانەو مزگەوت و هەندێک خانووی فەرمانگەی کشتوکاڵ و پرۆژەیەکی ئاوی ئاودێری و جادەی قیری هەبوو، لاوەکانی تیپی وەرزشیان هەبوو، بەگشتی خوێندەواربوون و زۆربەشیان لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵدا ڕێکخرابوون، مامۆستاکانی گوند پەروەردەکاری باش و دڵسۆزبوون و جێگەی دەستیان دیاربوو. بەتایبەتی مامۆستا جەمال و مامۆستا ئاوازی هاوژینی و مامۆستا مژدەو مامۆستا عەواتفی هاوژینی هەتا پلانی ئەنفال قوتابخانەکەی پێدانەخستن ئەوان دەستبەرداری قوتابی و قوتابخانەکە نەبوون، ئەوان جگەلەوەی مامۆستای باش بوون کەسی باشیش بوون پەیوەندی کۆمەڵایەتیان لەگەڵ گوندنشینەکان بەهێزبوو، خەڵکەکەش هەرباش میواندۆست و لاشەڕو ئارام بوون.

هەتا ئەنفال کانیەکانی کوێرنەکردەوە ڕەنگە هیچ کاممان سەرنجی ئەوەمموو جوانیەی سروشتمان نەدابێت کانییە زۆرەکانی کرژە ببوونە سەرچاوی روبارێکی بچکۆلەو جۆگەلەیەکی تر، کەپێیان دەگوت جۆگەدرۆزنە. روبارێک لەبەردەم ماڵی خۆمان ڕووەو ڕۆژئاوای گوندەکە شۆڕ دەبووەوە، کاتێک منداڵ بووین بەسەبەتە ماسیمان تێدا دەگرت. لەخراپترین کاتی بێ ئاویدا ئاش گێڕێک سەرەوخوار دەڕۆیشت و شەوان ماسییەکان لەبەرتریفەی مانگەشەو دەجوڵان و دەهاتنە کەنار، هەرکە مرۆڤێک لێیان نزیک دەبووەوە بەکۆمەڵ فرتەیان دەکردو شڵەپشڵپیان لەئاوەکە دروست دەکرد، نایشارمەوە من هەتا نەچومە شار هێندە جێگەی تێڕامانم نەبوون. بەڵام کاتێک لێیان دورکەوتمەوە ئینجا هەستم کرد کەلێنێک کەوتووەتە یادەوەریمەوەو زۆرجار لەشار کە لەپەیمانگە شانۆم دەخوێند وەک شانۆکارێک بیرم یادەوەریم ختوکەی دەدام و بیرم لەو ژینگەو کلتورە دەکردەوە، بیرم لەو ئاوازی شڵەپشڵپەی ماسیەکان دەکردەوەو خەیاڵێکی ئەفسوناویان بۆ دروست دەکردم. داربیەکانی قەراغ جۆگاکەی بەرماڵمان و دارتووە پیرەکانی سەرکانی پیاوان و چنارە بەئاسماندا چووەکانی بەرماڵان



جگەلە چۆلەکە پاساریيەکان چەندین مەلی پەڕ ڕەنگینیان پێوە دەنیشتن، خۆئەوە پەپوسلێمانکە یەکێک بوو لە جوانترین باڵندەکانی کرژە،

پۆڕەکانی بەرناودێ بەتایبەتی بەهاران کاتێک دەیانخوێند لەبەری گردی جەوشەنەوە دەگەیشتنە ناوگوند. ئێوارانیش لورەی چەقەڵ و قێڕەی بۆق جۆرە ئاوازێکی ناو ئەوسروشتەبوون و خەڵکەکە هێندە لەگەڵیاندا ڕاهاتبوو هەتا ئەنفال لەیەکی نەکردن و لێک دورنەکەوتنەوە نەیانزانی چ گەوهەرێکیان لەدەست چووە.

ئەنفال نەک هەرخانووەکانی تەختی زەوی کرد، خەڵکەکەی لەوهەموو باڵندەو ماسیانە کردو ئیدی لێک دابڕان.

ماسیە سورەکە جوانترین ماسی ناوحەوزەکەی کانی پیاوان بوو، کە بۆخۆم لەدوکانەوە هێنابووم و خستبوومە ناو گۆمە ئاوەکەی ناودێوە، ماسییەسور تاقانە بوو، لەراستیدا سورنەبوو، بەڵکو ڕەنگی پرتەقاڵی بوو. بەڵام ئێمە هەر پێماندەگوت ماسیە سور. لەهەموان جیاواز و لە هەمووانیش گەورەتربوو، جوانی خەڵکی کرژە لەوەدابوو کەس بیری لەڕاوکردن و خواردنی نەدەکردەوە.

کاتێک لەناوەندی دوکان دەمخوێند رۆژێکی ساڵی ١٩٨٣ دەرگای بەنداوەکەیان گرتەوەو ئاوی زێی بچوکیان بڕی ئیدی ماسی کەوتنە وشکانی و لەسەر وردەبەردەکان هەڵدەپەڕین خەڵکی دوکان بەخێرایی هاتن و کەوتنە کۆکردنەوەی ماسی ئێمەش کەخوێندکاری ناوەندی بوون هەتا توانیمان ماسیمان کۆکردەوە لەناویاندا چەند ماسییەکی لەوجۆرە پرتەقاڵییەشمان گرتەوەو خستمانە ناو بانوی حەمامەکەوەو دواتریش هەر لەئاودا گەیاندمانەوە کرژەو بەرەڵای ناوحەوزەکەمان کرد، ئەگەرچی من هەر ئەوساڵە ماڵمان بارکرد بۆسلێمانی و لە ماسیە سوردابڕام بەڵام هەرکات سەردانی گوندم دەکردەوە سەردانێکی ماسییەسوریشم دەکرد، بەداخەوە هەتا کاتی ئەنفالیش هەرمابوو، ئەوسا زۆرگەورەترو قەڵەوتر بوو لەوکاتەی کەهێنامان بۆ کرژە، ئیدی ئەویش لەگەڵ ئەنفال لەخەڵک دابڕاو نازانم جاش گرتیان و خواردیان یان ئەویش وەک هەرسامانێکی تری ناوچەکە ئەنفالکرا، دوریش نیە بە دیاری برابێت بۆ لەفەرماندەیەکی سوپای ئەنفالچی.



هۆکارەکانی پەلاماری چەکی کیمیاوی لە بالیسان و شێخ وەساندا.

هۆمەر محەمەد

٢٠٢٤/٣/٣٠ -سلێمانی

کیمیابارانی دۆڵی بالیسان لەچاو ناوچەکانی تر، بۆنمونە لەچاو هەڵەبجە کەمتر قسەی لەبارەوە کراوە، ئەمە نەدەبوو وابێت، بەڵای کەمەوە خوێندەوارانی ناوچەکە دەبوو زیاتریان لەبارەوە بکردایەو بگووتبایە، لەهەموو لایەنەکانیان بکۆڵیبایەوەو هەتا ئێستا بەتایبەتیش کە کامێرا بەدەست هەموو کەسەوەیە، هیچ کەسی بەرکەوتوو یان شایەتحاڵی ڕوداوەکە نەمایە چیرۆکەکەی تۆمارنەکرایە، بۆ نەکراوە ئەوەباسێکی تر‌ەو هەویرێکی ئاوکێشە. لەم وتارەدا هەوڵدەدەم تەنها لەسەر یەک ڕەهەندی بدوێم ئەویش هۆکارەکانی کیمیابارانکردنی ناوچەکەیە بەتایبەتیش کیمیابارانی هەردوک گوندی بالیسان و شێخ وەسان، بێگومان کەسانی تریش قسەیان لەمەڕ ئەم لایەنە کردووەو ئارگۆمێنت و بەڵگەیان لەمەڕ هۆکارەکانی گازبارانی دۆڵی بالیسان خستووەتەڕوو. بەڵام بەگشتی ئەوەندەی بەرچاوم کەوتووە گەراندوویانەتەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی، سەرباری ڕاستی قسەکانیشیان دەشێت ئەو هۆکارانەی دەستنیشانیان کردوون، گشتی بن، زۆربەیان دەیگەڕێننەوە بۆ تۆندڕەوی بەعس و شۆڕشگێڕی خەڵکی ناوچەکە. بەڵام ئەمانە هۆکارنین، بەڵکو دەرئەنجامی تۆندڕەفتاری و پەرچەکرداری ڕژێمە دکتاتۆرەکانن. دەنا ڕژێمێک دکتاتۆر نەبێت، گازبارانی نەیارەکانی خۆی دەکات ؟ چ جای منداڵ بە دوژمن بزانێت؟ دەسەڵاتدار دەوڵەتداری بزانێت خەڵکی بێچەک بۆمباران ناکات. من هەوڵدەدەم هۆکاری تری کیمیابارانی خۆشناوەتی بەگشتی و هەردوو گوندی بالیسان و شێخ وەسان بەتایبەتی بخەمە بەرباس، دەشێت چەندین هۆکاری تریش هەبووبن کە من درکم پێنەکردوون. بەڵام لێرەدا جگەلەو هۆکارانەی باسکراون وەک درندایەتی و دڵڕەقی بەعسیەکان بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە هێزبوونی پێشمەرگەو هاوپەیمانێتی حزبەکان لەگەڵ ئێران و پێگەی بەهێزی جەماوەری ناوچەکە و لێخوێندنی خراپی سیخورەکانی ڕژێم ، چەند هۆکاری تریش هەبووبن کە لێرە بەدوا هەوڵدەدەم بەچەند خاڵێک ڕیزبەندیان دەکەم و پۆلێنیان بکەم .

هۆکاری سیاسی: بەعس دەیویست بەم تاوانە، وەک چۆن لە پەرچەکرداری بەرەی جەنگی حاجی ئۆمەرانداکە هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشڕەوی ئێرانیەکانی کرد، لەبەرانبەردا بەعس کۆمەڵکوژی بارزانییەکانی کرد، بەهەمان شێوە هێزەکانی یەکێتیش تەمبێ بکات، لە زۆنی ئەویشدا کۆمەڵکوژیی بکات و تۆڵەیان لێبکاتەوە، لە پاڵ ئەم تاوانەدا چەند ئامانجێکی زیاتر بپێکێ، هەم ڕۆڵی تاقیکردنەوەی گاز ببینێ و لە بیدەنگیشدا خەڵکی کوردستاندا بەکۆمەڵ بکوژێت و ئەوانی تر بتۆقێنێت و لە ئاشکرابوونیشدا ئێران تاوانبار بکات، بەتایبەتی کەسانێک لە برنیدارەکان قایل بکات بەوەی پاگەندەی ئەوە بکەن کە ئێران بە گازی کیمیایی لە عیراقی داوەو عیراقیش وەک قوربانی پیشانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بدات و سۆزی ئەنجومەنی ئاسایش زیاتر بۆلای خۆی ڕابکێشێ لە دژی ئێران. دەبێت ئەوەش بڵێین کەوا سەرباری گەمژەیی و دڵڕەقیی دەسەڵاتدارانی عێراق کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لە دژی ئێران سەریان بۆ هەموو درۆکانی سەرانی عێراق دەلەقاندو بەڵای کەمەوە تاوانەکانیان دەخستە تەمومژەوە.

هۆکاری سەربازی : سوپای عێراق جگەلەوەی لەبەرەکانی جەنگی عێراق – ئێراندا شەکەت و ماندوو بوو، خەڵکێکی زۆر لە سوپا هەڵدەهاتن ولادێکانی کوردستان ببونە پەناگای هەزاران سەربازی هەڵاتوو، هێزی پێشمەرگەش لە کوردستانەوە ناوچەیەکی

زۆریان کۆنترۆڵکرد بوو، بەشیوەیەکی بەرچاو ببوونە هەڕەشە بۆ حکومەت، وەک عەلی حەسەن مەجید، دانی پیدانابوو (پێش ئەم پەلامارانە تێکدەران جادە گشتیەکانیان کۆنترۆڵ کردبوو، لە کاسێتە دەنگیەکانیدا دەڵێت : ئێوە کەستان نەتان دەتوانی دوای نیوەڕۆ بەهێزێکی زۆرەوە لەکەرکوکەوە بچن بۆ سلێمانی یان بۆ هەولێر، ئەوان بەچەند رەشاشێکەوە پێشیان بەفرقەیەک دەگرت)[10]بۆیە دەبوو کاربانەوەکانی بەشیوەک تۆقێنەربن، عەلی حەسەن مەجید پلانی ئەوە بوو کە بەهەر نرخێک بووە ڕیشەی گوندنشین لە گوند هەڵکێشێ و خەڵک ناچاربکات بێنە کۆمەڵگاکانەوە. ئەو ئامانجەش پێویستی بەتەکنیکی جیاوازو سیاسەتی جیاوازو چەکی کاریگەر بوو. کیمیایی یەکێک بوو لەو چەکانەی تۆقێنەرو ترسناک بوو. تاقیکردنەوەی لەبالیسان و شێخ وەسانان چەندی بۆکوشتنی زۆرترین خەڵک بوو بۆ تۆقاندنی پێشمەرگەش بوو.

عێراق سەرکردایەتیەکەی سەرباری ئەوەی سەرکێشو چەواشەبوو، سەرباری ئەوەی سوپایەکی هارو درندەی بەردابووە گیانی خەڵک و خەڵکێکی زۆریشی بەجاش گرتبوو، کەچی هەمیشە شکستیان دەهێناو لەبەرانبەر هێزی پێشمەرگەدا شتێکی ئەوتۆیان لەدەست نەدەهات بۆیە کە دەکەوتنە تەنگژەو تەنگانەوە هیچ پرەنسیپێکی جەنگیان نەدەماو پەنایان بۆ هەموو چەکێک دەبردو تاوانی جەنگ و تاوانی دژە مرۆڤانەیان ئەنجام دەدا، لەشەردا پابەند نەدەبوون بەیاسای شەڕەوەو ئەفسەرو سەربازانی سوپایان لە هەموو بەهایەکی ئینسانی و هۆشیاری مافی مرۆڤ و هۆشیاری پاراستنی مافی مەدەنی دامالّیبوو، بە لۆژیکی تۆڵەو تەمبێ کردن دەجوڵانەوە، زۆر ناچار نەبوونایە دیالۆگیان نەدەکردو بروایان بە گفتوگۆو لێک تێگەیشتن نەبوو، دانویان لەگەڵ کورد نە دەکولّاو بەدەمارگیریەکی شۆڤێنیانەی عەرەبیەوە، مامەڵەیان دەکردو کەیفیان بە پاڵەوانبازی دەهات، بۆیە لەوەها حاڵێکدا کە هێزەکانی پێشمەرگە لە دۆڵی جافایەتی کۆببوونەوە، گازبارانی دۆڵی بالیسانیان کرد، بۆئەوەی بەلای کەمەوە هێزە خۆراگرەکەی مەڵبەندی سێ لەبەرەی جەنگی حەوزەی ماوەت و چیای ئەزمر بکێشنەوەو بەهەواڵی کۆمەڵکوژی کەسوکارەکانیان ورەیان بڕوخێ و سەنگەرەکانیان لە شارباژێرو دۆڵی جافایەتی چۆڵبکەن و هێزی پێشمەرگەش بتۆقێنن وبەچۆکیاندا بهێنن .

هۆکاری ناوچەیی ونێودەوڵەتی : رژێمی بەعس سوێکی زۆری لە سۆزی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەرگرتبوو، ئەو سەروەختە ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش جگەلە چین کەبەبێ لایەنی مابووە هەموویان بەگشتی هاوسۆز بوون لەگەڵ عێراق و دژی کۆماری ئیسلامی بوون، بۆنەگبەتی کوردیش ئەو سەروەختە هەموو دنیا دژی ئێران بوو، هێزە کوردیەکان هاوپەیمانی ئیران بوون، بۆیە عێراق ئەم دەرفەتەی قۆستبووەوەو کوردی وەک بەکرێ گیراوی ئیرانی ئەنفال و کیمیاباران دەکردو لەنوسراوەکانی هەواڵگری و سوپادا ئەو ناوچانەی وەک پێگەی خومەینی دەجال و پاسەوانی خومەینی وبەکرێگیراوی ئێرانی ناو دەبرد (بڕوانە ئەم لینکە http://cabinet.gov.krd/a/d.aspx?a=10284&l=14&r=84&s=010000) [11]ئەمانەو

[10] ئەوەی ناوکەوانەکە قسەی عەلی حەسەن مەجیدە لەیەکێک لە کاسێتە دەنگیەکانیدا- کۆبوونەوە لەگەڵ پارێزگاری شارەکان وبەرپرسانی حزب بۆ بەخێرهاتنی حسن علی ئەعامری ١٩٨٩ – کەرکوک. کەلە ڕاپەڕینی سالی ١٩٩١ لەمالەکەیدا دەستیان بەسەردا گیرا .

[11] ئەم لینکە ڕونکردنەوەی زۆری بەزمانی عەرەبی لەبارەی مامەڵەی چەکی تایبەت و ڕەزامەندی وپێشنیاری سەرۆک تیدایەو لەچەند شوێنێکیش باسی حەوزەی بالیسان کراوە .

لوتبەرزی وغروری فەرمانـدەکـانیـان بە حیکمەتی سەرۆکەکەیان هۆکارێکی تربوون .

لە کۆتایی ئەم بەشـەدا پیویسـتە ئەوەش بزانین کە چەکی کیمیایی بەچەند شـــێوەیەک بەکاردەهات، باوترینیان لەرێگەی رۆکێت (ساروخ) و کاتۆیشـاو تـۆپـی دورهـاوێـژ و بـۆمبـی فـرۆکەوە بـوو کە لەئاسمانەوە بەردەدرانە خوارەوە، ئەوەی کە لە دۆڵی بالیســـان بەکارهێناون چ بۆمبارانی رۆژی ١٦ی نیسـانی سـاڵی ١٩٨٧ و چ ئەو گازبارانانەی تر کە کە لە ســـاڵی ١٩٨٨ لە گوندی وەرێ و قاســماواو دۆڵی مەلەکان و گەرەوان و توتمە ئەوجۆرە بوون، کە فرۆکە بەریدەدانەوە، هەندێک جاریش لەرێگەی مینەوە دادەنران بەڵام کاریگەرترینیان ئەوانە بوون کە بە بۆمبی فرۆکەو کاتۆیشـاو رۆکێت بوون وەک ئەو بۆمبارانەی لە ســـێوســـێنان ئەنجامدراو (٦٩) کەس گیانیان لە دەســـتدا، هەروەها کیمیاباراني شـاری پاوەو نۆدشـەو سـەردەشـت لە کوردسـتانی رۆژهەلات و گۆپتەپەو عەسـکەریش لە باشـور هەر بە فرۆکە بوون . بەلام لەهەڵەبجە هەم بە رۆکێت بووە و هەم بەفرۆکە .

هۆکاری ژینگەیی : پیســـبوونی هەوا، یەکێکە لە خراپترین پیســـبوونەکـانی زەوی و پەیوەنـدیەکی ڕاستەوخۆی بە مرۆڤ و زیندەوەرانەوە هەیە، چونکە هەوا بەتەنهـا لەشـــوێنێکـدا بەجێگیری نـامێنێتەوە. جوانی ناوچەکەو کەشـــوهەواو ژینگەکەی دەشـــێت هەڵبژاردنی ئەم ناوچەیە بۆ بەکارهێنانی گازو چەکی کیمیایی لە تەنها ئامانجێکدا کورت نەبێتەوە بۆنمونە رەنگە ئامانج بە تەنها کۆمەڵکوژی نەبووبێت، بەڵکو کۆمەڵێک ئامانج لە ئارادا بووبن چونکە ئەمە یەکەم تـاقیکردنەوەی بەعس بوو، پیســـکردنی ژنگەو دروســتکردنی نائارامی دوداڵی و دڵڕاوکێ، بۆ خەڵک و هێزەکانی مەڵبەندی ســـێ کە لێرە پێگەو بارەگایان هەبوو هێزێکی کاریگەرو شـەرکەر بوون، بەتایبەتیش لەو کاتەدا کە لە ناوچەکەدا نەبوون و ڕۆیشـتبوون بۆ بەرەی شـــەر لە ناوچەی ســـەرکردایەتیەکەیان کە بە داســـتانی رزگـاری نـاو دەبراو تـارادەیەک هێزی پێشمەرگە حکومەتیان شپرزە کردبوو، لێدانی بالیسان و شـــێخ وەســـان بۆئەوەی هەم ترس و دڵەڕاوکێ بۆ هێزەکـانی مەڵبەنـدی ســـێ دروســـت بکەن و لە پـاشـــەکشـــەدا بەترس و دوداڵییەوە بگەڕێنەوە نـاوچەکەیـان و ترس لەکیمیـایی و پیســـبوونی ژینگەکەیان ئەگەر بەچۆکیشـیاندا نەهێنێ ئەوا دودڵ وڕاڕابن لە ژینگەیەکی ئەمین و ئاوی پاک و خاکێکی ســـەلامەت کە لەســـەری بحەوێنەوەو بجەنگن. ئەوەی مایەی تێرامانە هێشـتا هێزەکانی مەڵبەندی ســـێ هەر لەبەرەی جەنگـدابوون کە دۆڵی مەلەکـانیش لە ١٩ی حوزەیرانی هەمـان ســـاڵـدا کیمیـابـاران دەکرێت ! ئەوەش نیسـانەوە جێگەی ترامان و بەدوادا چونە کە هاوینەهەواری دۆڵێ مەلەکان (سـەروکانییاران) کراوەتە ئامانج و زۆرترین ڕێژەی کیمیایی بەسـەردا باراندووە کە زۆرترین خەڵـک ڕویـان تێکردووەو شـــوێنێکی گەشـتیاریی بووە بۆ حەوانەوە.[١٢] ئەمجۆرە هەوڵانەی رژێم لەســەربنەمای زانیاری کۆکردنەوە بووە لەرێگەی سیخورەکانیانەوە، بۆیە شوینە گرنگ و قەرەبالّغەکانی گازبارانکردووە، بەمەش لە هەوڵی کوشـتنی زۆرترین خەڵکی ســـڤیـل و پیســـکردنی ژینگەکەیـان و دروسـتکردنی ترس و دڵەراوکیی خەڵک وپیشـمەرگە بووە لەناوچەکەدا .

هۆکاری کۆمەڵایەتی : دۆڵی بالیسان بەگشتی و هەردوو گوندی بالیسـان و شـێخ وەسـانان بەتایبەتی، دوو قەرەبالّغترین گونـدی نـاوچەکە بوون، ژمارەیەک

[١٢] بروانە کیمیـابـاران لە خۆشـــنـاوەتیدا ئـامـادەکردنی محمەد جەمال، ســالح ئەکرەم حەیدەری ،کەریم عەبدولا هەرتەلی –چاپی یەکەم –٢٠٠٦ ل ٤٧




گەنجیان پێشمەرگەو فەرمانـدە بـوون، دوو گـونـد بـوون وەک گۆپتەپەو عەسـکەر لە نـاوچەی قەڵاسـیوکەو ئۆمەربـل لەگەرمیـان و سـێوسـێنان لە قەرەداغ لەبەرئەوەی پـێـگەو پشـتوپەنای پێشـمەرگە بوون، بۆیە ببونە جێگەی سـەرنج و دەمێـک بوو پیـاوانی بەعس لێویـان لێدەکرۆشتن. هەر لە زووەوە کەسایەتی کۆمەڵایەتی و ئاینی و رۆشـنبیری ناسـراویان تێدا هەڵکەوتوە، جگە لەکشـتوکاڵ و ئاژەڵداری پیشـەوەری بەسـەلیقەو خوێندەواری بـاشـی تیـدابووە، هەموو ئەمـانەش بەشـێوەی ڕاسـتەوخۆو ناراسـتەو خۆ دەبوونە هێزی پشـتەوەی جەنگ بۆ هێزەکانی پێشـمەرگە، بۆیە کۆمەڵکوژی خەڵکەکەیی و و ڕاوەدونان و هەڵکەندنیان لەشوێنی خۆیان و تێکدانی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی و جەماوەری لەناوچەکەداو بەعیبرەتکردنی ئەو دووگونده و ترسـانـدنی ئەوانی ترو تێکـدانی پەیوەنـدی جەماوەری پێشمەرگەو هاوڵاتی لەوناوچەیەدا بەگشتی هۆکاری ئەو کۆمەڵکوژییە بوون.

دەنگی شێخ وەسانان: لە یەکەم سەردانماندا بۆ گوندی شێخ وەسانان عومەرفەقێ باسی وەستایەکی بۆکردم کەلە شێخ وەسانان رادیوی چاک دەکردنەوەو لە کۆنە کۆیـل و پـارچەی رادیۆ و سـتونێـک توانیوێتی رادیویەک دابمەزرێنێ، کەریم عەبدوڵا هەرتەلیش باسی ئەم رادیۆیەی کردووە، کە دواتر پەرەی پێدراوەو هەتا چەنـد کلیۆمەترێـک ڕۆیوەو گونـدەکـانی دەوروبەری بـالیسـان گوێ بیسـتی بوون. بەڵام لەهەموویان ڕەوانترو جوانتر محەمەد جەمـال توتمەیی بـاسـی ڕادیۆکە (دەنگی شـێخ وەسـانـان) دەکـات، ئەو نوسیوێتی: (یەکەم رادیۆ لە خۆشناوەتی (فەقێ مستەفا مەلا مسـتەفا یان وەسـتا مسـتەفا) یەکێکە لەو کەسـە دەسـت ڕەنگینانەی کە بەتواناو بلیمەتی خۆی بڕەوی داوە بە ئەلیکترۆنیات، کە سـاڵی ١٩٨٣ دوکانێکی زۆر سادەی هەبوولە شێخ وەسانان خەریکی چاکردنەوەی رادیۆو تەسـجیل بوو، ئەوکات لە شـوێنێکی داخراو ودوور لەشـار توانی ئێسـتگەیەکی رادیۆ لەشـێخ وەسانان دابمەزرینێ، بەکۆنە کۆیل و ئەنتینێکی سادە ،رادیۆکەی ناونابوو (دەنگی شـیخ وەسـانان) سـەرەتا تەنها لە ناو گوند وەری دەگرت، دواتر پەرەی پێداو گەیشتە دەشتی بالیسان، تاماوەیەکی زۆر ئەو رادیۆیە بەردەوام بوو، دواتر بەهۆی (ئەوتاوانەی ساڵی ١٩٨٧) نەی توانی تاسەربمینێ.

من دواتر وەستا مستەفام لەڕێگەی فەیسبوکەوە ناسی وگفتوگۆمان کرد، بەداخەوە کە ١٨ کەس لە بنەماڵەی ئەم پیاوە دەسـت ڕەنگینەش، شـە هیدبوون. لەگەڵ ئەوەی کە کـارەکەی بەرزدەنرخێنم ڕەنگە بوونی ئەم ڕادیۆیەش هۆکـارێکی لاوەکی بووبێ ت لەسـەرنج راکێشـانی بەعسـیەکان، وەک ناوەندێکی ڕاگەیاندن و پێگەیەکی هەواڵی و ڕۆشـنبیری لەناوچەکەدا حسـابی بۆ کرابێ. هەرچەندە لە نامەگۆڕینەوەیەکی نێوانماندا وەستا مستەفا جەختی لەوە کردەوە کەوا ساڵێک پێش کیمیـابـاران ئەو رادیۆکەی داخسـتووەو نەیتوانیوە بەردەوام بێت. بەڵام ئیدی دەوڵەتی دیکتاتۆر ئاوایە

لەبری پەرە بەتواناکانی هاوڵاتی بدات، ئامادەیە ئاوەدانییەک بەهۆی دەنگێکی نارازییەوە بسوتێنێ.



یادەوەری مەرگ و ژیان

گەشە جاف

هەر نیشتمانێک، گەلێک نەتەوەیەک بەبێ یادەوەری وەک ئەوەیە مێژوویان نەبێت. نەتەوەو نیشتمانی بێ مێژوو ئەگەر هەش بێت هیچ بەهایەکی نیە، چونکە ئەوەی نەتەوە لەسەر پێی خۆی ڕادەگرێت بەها کلتوری و نەتەوەییەکانێتی گرنگترین بەهاش بۆ نەتەوەیەک کە نەک جارێک چەندین جار جێنۆساید کرابێت یادەوەرییە.

زۆر باش لە بیرمە ڕۆژی دووشەمە بوو شارەکەمان هەڵەبجە بۆردومان دەکرا ، ئەو کات دایکم دووگیان بوو لە کۆتای مانگ و ڕۆژەکانی بەدونیا هێنای چوارەمین خوشکم دا بوو ، هەربۆیە سەر لەبەیانی ١٤//٣ /١٩٨٨ کاتژمێر یازدەی نیوەڕۆ دایکم ژانی منداڵ بوون گرتی. باوکی ڕەوانشادم بڕیارێکی چارەنوسسازیدا، کە دەبێت بڕۆین و دایکم بگەیەنێتە نەخۆشخانە لەشاری سولەیمانی. ئەو بڕیارە سەرلەنوێ هێنانەوە ناوژیانی هەموومان بوو. بەڵێ ئێمە تەواوی خێزانەکەمان ماڵ و حاڵمان بەجێ هێشت و هەر بەجلە سادەکانی بەرمانەوە سواری ئۆتۆمبێلەکەی باوکم بووین و بەخێرایی بەڕێ کەووتین بەرەو سولەیمانی. لە ڕێگە نزیک پردی زەڵم ئۆتۆمۆبێلێک وەستا بوو جوان بیرمە ڕەنگی سپی بوو، شۆفێرەکەی دابەزی و بە باوکمی ووت مامۆستا (قەسف) بۆمبارانێکی زۆر چڕ هەیە ئامانجیش پردەکەیە، من دەڕۆم ئەگەر هیچ ڕوونەدا تۆش بەدوامدا وەرە، مەبەستی بەچەند مەسافەیەکی کوورت لەنێوان دا. ئەوان ئۆغریان کرد بێ کێشە !جا نۆبەی ئێمە هات بەدایکێکەوە کەژانی منداڵ بوون هەراسانی کردوە و تەنها جلی ماڵەوەی لەبەردایە . باوکم بە هەموو دووڵی و ترسەوە، پرکێشی کردوو ئازایانە پێ لە بەنزینی ئۆتۆمبێل داگرت و کەوتینەڕێ بۆ پەرینەوە لە پردی زەڵم کە ئەو ساتە وەک پەرینەوە بوو لە پردی سرات!

چونکە ئێمە ڕێک لەنێوان بەهەشت و دۆزەخ ناوچەی جەنگ و ناوچەی ئارامدابووین. بەڵێ ئەوکاتە بۆ ئێمە ڕێک وەک پردی سیرات بوو. هێندەی نەمابوو تۆپەکان بمان پێکن بەڵێ زۆر کەمی مابوو نێوانی ژیان ومەرگ هەروا تاڵە دەزوویەک بوو، بەڵام دیارە بەخت یاوەرمان بوو، باوکم قوربانی ڕۆحی بم قاچی لەسەر بەنزینەکە دەڵەرزی هەتا لەو نەهامەتیە رزگارمان بکات خوشکەکەم بێتە دونیاوە. تۆپێک دەیدا لەزەوی و یەکێک و دوان بەئاسمانەوە بوون. خۆشبەختانە لەپردی زەڵم (سیرات) پەڕینەوەو ئێمە لە جامی دواوەی ئۆتۆمبێلەکەمانەوە بینیمان و بەبێ ئاریشە دەرچووین لە شارەکەی دایک و باوکم ، گەشتینە سولەیمانی و یەکسەر بۆ نەخۆشخانە پاش چەند کاتژمێرێک خوشکەکەم چاوی بە دونیا هەڵهێنا و باوکم ناوی لێنا (نگین) بەواتای بەخت و دایک بە (گوڵان) تا بۆنی گوڵانی هەڵەبجە بدات .نیگوڵ ئێستا پارێزەرە و خاوەنی سێ منداڵی جوانە، بەراستی هەر نیگولیش پارێزەری ژیانی ئێمە بوو، ئەو هێشتا لەدایک نەبووبوو کە پارێزەری ژیانی ئێمەبوو، ئەگەر لەدایک بوونی ئەونەبوایە ئێستا ڕەنگە ئەم نوسینە لەدایک نەبوایەو ئێمەش چاڵێکی مەرگ یان گۆڕێکی بەکۆمەڵمان پربکردایەوەتەوە. تێر تەمەنبیت نیگولی پارێزەر ساڵەکانی ژیانت هەمیشە جوان بنووێنێت.

ئێمە لە ١٩٨٨/٠٣/١٤ سولەیمانی بۆ جاری سێهەم بوویەوە مەنزڵگەمان، بەڵام ئەمجارە جیاواتر بەس خۆمان و بەو جل و بەرگانەی بەرمانەوە دەرچووین. ڕاستە سەرمان دەرچوو بەڵام ماڵمان چوو، چونکە هەمووی لە هەڵەبجە تاڵانکرا. دواتر ئەوەشمان زانی کەوا (نۆستی باوکم) بەدوای ئۆتۆمبێلەکەیدا گەڕابوون تا بیبەن!!!!! . لەکاتێکدا، دایک و باوکم هیچ کات لەئاست پێشمەرگەکلدا دەرگایان دانەخراوە، کە دەهاتنە ناوشار هەردەم دەرگایان والابوو.بیرمە حەمامیان بۆیان دادەخست و هەموو پەنجەرەی ماڵەکەمانیان بە بەتانی دەگرت هەتا کەس نەزانێت کێ لە ژوورەوەیە و ڕووناکی نەچێتە دەرەوە. بەڵام پاداشتەکەی لە کیمیاییەکەدا تاڵان

کـردنـی مـالّـمـان و هەروەهـا گەڕان بەدوای ئۆتۆمبێلەکەی باوکم دا تا بیبەن (بیدزن) بەداخەوە

گەشاوە لەیادی ڕۆژبوونی نیگۆڵ
٢٠٢٣/٠٣/١٤ - سوێد


جینۆساید کاردانەوە نییە

ڕێبین فەتاح

١-جارێک ئامادا دیبێنگ ڕاوێژکاری پێشـــووی نەتەوەیەکگرتووەکـان بۆ بەرەنگـاربوونەوەی جینۆســـاید گوتی، جینۆســـاید ئەوکاتەیە کە "دەکوژرێیـت نەک لەســـەر ئەوەی کردووتە، بەڵکوو لەبەرئەوەی کێیت". بەو جۆرە، ئەلف و بێی جینۆســـاید ئەوەیە کە خەڵک جینۆســـاید دەکرێن لەبەر ناســـنامەیان نەک لە بەرانبەر کارێک/ڕەفتارێک کە کردوویانە یان دەیکەن. ئەوە ئەلف و بێیە لە ئەدەبیـاتی تیۆری و توێژینەوەی جینۆسایددا.

٢-بەداخەوە لە قسەکردن و هەڵوێستەوەرگرتن لە بەرانبەر هەر دۆسـیەیەکی جینۆسـایدکردنی گەلی کوردستاندا، دەیەوێ وەهای پیشان بدات ئەو شـــالاوەی جینۆســـاید "کاردانەوە" بووە بەرانبەر بە جوولّەیەک یان کار و ڕەفتارێک کە گەلی جینۆسـایدکراو ئەنجامی داوە. بە نموونە جینۆســـایـدکردنی بـارزانییەکـان خەتـای مەســـعـوود بـارزانـی و حـزبەکەی بـوو؛ کیمیـابـارانکردنی هەڵەبجە، خەتـای جەلال تاڵەبانی و حزبەکەی و ئەوانی دی بوو؛ ئەنفال و ڕاگواســـتن و کۆمەڵکوژی کەرکووک و گەرمیان خەتای نەوشـیروان مسـتەفا و لێدانی پرۆژەکـانی نەوتی کەرکووک بوو. بەو جۆرە، بۆ هەر هەڵمەت و شـــالاوێکی جینۆســـاید و قڕکردن پاســاوێک لە شـــێوەی پاکانەکردن بۆ تاوانبار ئامادەیە .

٣- هەزار جار بەداخەوە، کە زۆرجار کەسانێک بڕەو بەو بیرکردنەوەیە دەدەن کە خۆیـان خەمـخـۆر و دڵســـۆزی بـوارەکەن! ئەمـن



ژمارەیەکیان دەناسـم و دڵنیام لە دڵسـۆزیی و خەمخۆرییان، بەڵام بەداخەوە کە تێگەیشـتن و خوێندنەوەیان بۆ جینۆسـاید کورت دەهێنێت و لەڕووی کـارتێکەرییەوە وەک "پـاکـانە"یەک خزمەت بەو ڕژێمە داگیرکەرانە دەکات هەر لە ســـکی دایکیـیـانەوە بڕیـاریـان لەســـەر جینۆسایدکردنی گەلی کوردستان داوە.

٤-ئێمە یـان دەبێت بـاوەڕمـان بەوە نەبێت کە ئەنفـال و کیمیـابـاران و کۆمەڵکوژییەکـان و ... هتد جینۆســـاید بوون، یان ئەوەی کە ئەگەر باوەڕمان وایە جینۆسـاید بوون، کەواتە دەبێت واز لەو دیدە شکێنەرە بهێنین و دان بە پێناسە و حوکمی جینۆساید دابنێین!

٥-ململانێی ناشـەریفانەی ناوخۆ، ڕق و بوغزی کۆنە سـیاسـییەکان و هەوڵدان بۆ ملشـکاندنی یەکتر، هـانـدەر بووە لەوەی ئەوان بە هەر ڕێـگەیەکـی نـابەڕپـرســـیـارانە، هەوڵـی چەواشـــەکردنی ڕاســتییەکان بدەن و تەنانەت ســـڵ لەوە نەکەنەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان پاساو بۆ درەندەترین و ترسناکترین داگیرکەر و ڕژێمەکـانی ســـەدەی ڕابردوو بهێنەوە کە

بەعسی عێراقییە و وا پێشان بدەن کە ئەوە کەسێک یان گرووپێک لە خۆمان! هۆکار بوون بۆ جینۆسایدکردنمان و لەوێشەوە هەمان حوکمدان و هەڵوێستوەرگرتن بۆ ئاستی بژاردەیەک لە نووسەران و چالاکانی بواری جینۆساید شۆڕ بووەتەوە !

٦-ئەدەبیاتی تیۆری و توێژینەوەی جینۆساید قەت وەک ڕووداوێک لە ڕابردوودا، وەک مێژوویەکی ڕاگوزەر مامەڵە لەگەڵ جینۆساید ناکات، بەڵکوو وەک ڕووداوێک و ئەگەرێکی کراوە لە پێشمانەوە سەیری جینۆساید دەکات. لەبەرئەوەی خەڵک و گرووپەکان لەبەر ناسنامە و شوناسیان جینۆساید دەکرێن، تا ئەوان بمێننەوە، هەردەم ئەگەری جینۆسایدکردنیان بە کراوەیی دەمێنێتەوە .

٧-گوزارشت و دەربڕینی سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان زۆرجار تەواو غەمگینانەیە! ئەوان زۆرجار لە لێدوان، بەیاننامە و ڕاگەیەندراوەکان لە بیرەوەری شالاوەکانی جینۆسایدکردنی گەلی کوردستاندا، بە نموونە دەڵێن (خەونی لەناوبردنی گەلی کورد لە گۆڕ نرا) یان (ئەو خەونەیان بۆ نەهاتەدی). بەڕێزان؛ جینۆسایدخەون نەبوو! ڕەنگە لەسەر ئەو گۆی زەوییە، جگە لە ئێمەمانان و ئێوەمانان کەس جورئەتی نەکردبێ، بڵێ کۆتایی هات و لە گۆڕمان نا! کەواتە ئێستا مورتاح لێی پاڵ بدەینەوە؟ !

٨-کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، بالیسان و شێخوەسانان و کوێ و کوێی دی، ئەنفالی گەرمیان تا بادینان، کۆمەڵکوژی فەیلییەکان و بارزانییەکان و یەک بە یەکی تاوانەکانی دی، ڕووداوگەلی ڕاگوزەر نین، ئەوانە و تاوانی دیکەیش لە پێشمانەوەن، بەڵکوو هەر ئێستا لەناویدا دەژین.

هەڵەبجە بەرز ڕابگرن



سەلاح ئەحمەد

٣٧ساڵە دەوترێت"یادی هەڵەبجە بەرز ڕادەگرین و هەڵەبجە لەیاد ناکەین... " جگە لەوەی (چەند چرکەیەک) بۆ وێنەیەک ڕادەوەستن لەو یادەدا، ئەی چی تر کراوە بۆ ئەوەی هەڵەبجە لەیاد نەکرێت؟!

لەماوەی ئەو ٣٧ ساڵە جگە لە چەند خزمەتگوزارییەکی سەرەتای وەک هەر شارێک لە شارەکان بەشێوازێکی زۆر سەرەتایی گەیشتووە بە شارەکە. لەنێوان دوو حکومەتدا، خەڵکەکەی هێشتا نەگەیشتوون بە قەرەبووکردنەوەیەکی دادپەروەرانە، کە ئەوە سەرەتاییترین مافی قوربانیانی جینۆسایدە لە دنیادا. ئەو هەموو بەردی بناغەی پرۆژانە لە مانگی ئازاری ساڵەکاندا دادەنرێت، بەڵام زیاتر لە نیوەیان تەواو نەبوون! پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هەڵەبجە و مافی قوربانییەکانی لە کام پەیڕەو ستراتیجیەتی لایەنەکاندا بە جدی و بە کردار هەنگاوی بۆ نراوە.

سەرەڕای ئەو هەموو بەربەست و ئاستەنگیانەی بۆ دەزگای ژیان دروستدەکرا، ئێمە توانیمان بەو توانا سنووردارەمانەوە خزمەتی هەزارەها ڕزگاربووی چەکی کیمیایی بکەین بە دابینکردنی دەرمان و ئامێری پزیشکی و پاڵپشتی دەروونی لە هەڵەبجەدا. ئەوەش ساکارترین کار بوو کە ئێمە کردمان و هەمیشە شانازی پێوە دەکەین. بەداخەوە لەدوای ئێمە هیچ کەس و لایەنێکی دیکە نەیتوانی درێژەی پێبدات. تەنانەت زۆر ڕێکخرا و کەس و لایەن داخستن و کۆتایی هێنان بە کارەکانی ئێمە لە هەڵەبجەدا بە ئەرکی خۆی دەزانی .

هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان دەبێت بە پلان و ستراتیجی کار بۆ ئەوە بکەن #هەڵەبجە لەیاد نەکرێت و ئاوەدانی بکەنەوە، نەک بە چەند ڕستەیەک لە مانگی ئازاردا.

کچان عومەر محەمەد

کچان لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٠یە و دانیشتوی گوندی هەڵەدن- سەر بە ناوچەی سورداشی قەزای دوکان- پارێزگای سلێمانییە .

ئەم کچەش وەک زۆر کچی تری کورد، لەقۆناغە جیاجاکانی ئەنفالدا یەکێکە لە قوربانیانی پەلاماری ئەنفالی یەکەم کە لە دۆڵی جافایەتی وشاربازێر رووبدا.

کچان لە بنەڕەتدا ناوی زارایە، بەڵام باوکی لە خۆشەویستیدا هەر بە کچان بانگی کردووە و لەزاری باوکیشیانەوە هەموو ئەندامانی خێزانەکەیان هەر پێیانگوتووە کچان.

دوساڵ پێش ئەنفال لەگەڵ جەلال عەلی محەمەد هاوسەرگیری کردووە. کاتێک ئەنفالکران دایکی کوڕێکی یەک ساڵان بوو، بەناوی شوان.

ئەم خانەوادەیەش لە یەکەم قۆناغی ئەنفالدا بۆ سەر دۆڵی جافایەتی ئاوارەبوون و بەناو بەفری ئەستورو ڕێگەی سەختی بەفرگرتووی دۆڵی شێخ محەمەددا دەڕۆن. بەهەر هیلاکەتیەک بووە گەیشتوونەتە کوردستانی ڕۆژهەڵاتی بندەستی ئێران.

بەڵام لەوێ بەپرۆپاگەندەی سیخوڕەکانی بەعس لەگەڵ خەڵکێکی زۆری ناوچەکە دەگەڕێنەوەو لە سەیتەرەکەی سونێ پشتی قەڵاتدزێ خۆیان ڕادەستی جاشێک دەکەن.



جاشەکە (بەڵێنی شەرەف)یان پێدەدات کە دەیانپارێزێ و ڕادەستی حکومەتیان ناکاتەوە. بەڵام ئیتر بڕواکردن بە بەڵێنی جاش بێ باج نەبوو. چونکە هەموویانی ڕادەستی فیرقەی ٢٤ بیستوچواری چوارقورنەکردن. لەبەر ئەوەی ئەو فیرقەیەی سوپا سەربە فەیلەقی پێنج بوو، کەبارەگاکەی لەهەولێربوو ڕەوانەی ئەمنی هەولێریان کردبوون و لە ئەمنی هەولێریش دوای ئەوەی شەوێک دەهێڵدرێنەوە ڕەوانەی تۆپزاوایان دەکەن.

ئیتر کچان و جەلالی هاوسەری و شوانەی کوڕی جارێکی تر نەبینرانەوە. خۆی و نزیکەی ٦٠ کەس لەخزم و کەسوکاریان ئەنفالکران و نەگەڕانەوە.

بەسـوپاسـەوە زانیارییەکان لە بەریز محمەد عومەر برای کچان وەرگیراوە.

پرسی یەکەم (تاوانی ئەنفال وەک پرسێکی بوونناسانە)



ئاریان ئەحمەد

ناونیشـانێکی وا بۆ پرسـی تاوانی ئەنفال زیاتر وابەسـتەی فۆرمی تاوانەکەیە و ڕووداوی تاوانەکە لەڕوی چۆنێتی و چەندێتیەوە .قەبارەی تاوانەکە و جۆرێتیەکەی ئاماژە بۆ بانگ کردنی ئەم پرسـە دەکەن وەک پرسێک کەزانین لەبارەیەوە وابەستەی بابەندبونێکی خودیانەو ڕەوشـتیانەیە.وتن لەبارەی تاوانی ئەنفال سـەرەتا دەبێت ووتن بێت لە سـەر ماناو دەلالەتە ڕیشـەییەکانی تاوانی ئەنفال.ئەویش بە پێویست خوازیاری ئامادەبونێکی ئاگایی ئامێزە کە بەدەرە لەهەر ڕەهەندێکی پێشـبیرانە کە بیەوێ لەبارەی تاوانەکە وتن بسازێنێ .

ئەم نوسـینە کۆشـش دەکات بانگێکی ویژدانی مەعریفە دۆسـت و ئاگاییەکی ڕیشـەیی بکاتە وێسـتگەی دەسـتپێکی لێوردبونەوە و ناسـینی قوربانی و ناسینی کارەکتەری جینۆسایدکەر لەهەر فۆرمێکی ئـایـدیـاو بیرێکی تونـدڕەوانە .ئەڵبەتە هەموو ڕوداوێک ئەگەرەکانی سەربە فاکتەکانی کات و شـوێن.تاوانی ئەنفالیش لەناوسـیاقی شـوێن و زەمەنێکی مێژوویـیـدا ڕویـداوە.بۆیە هەوڵ ئەدەین لەپاڵ کۆشـشـە مەعریفیەکانی تر خوێندنەوەیەکی بوونناسـیـانە بکەینە دەلاقەی تەماشـایەکی ڕەهەندیانە و ڕیشەییانە بۆ ناسینی فاکت و هەل و مەرجە پەیوەنـدیـدارەکـانی تـایبەت بە ڕووداتی تاوانی ئەنفال.کەئەمەش وابەسـتەگی هەیە بەپێش گریمـانەی ئـامـادەگیەکی ئـاگـایی ئـامێز بۆ کنەو پشکنینی قوڵ لە واتای تاوانەکە.

لێکۆڵینەوە لە بونی تـاوانی ئەنفال بەواتـا کردنی ئەم پرسـەیە بەپرسـێکی بونەوی و هزری ئەوتۆ کە ناوەڕۆک و مەغزای تاوانەکە خوازیارێتی.

بۆ ئەم مەبەسـتە ئەوەی ئەبێتە پێویسـتی سـەرەتای ئەم توێژینەوەیە.ڕوانینێکی بوون ناسـیـانەیە بۆ تـ اوانەکە .لـێـرەدا بـوون ئەو شـتەیە کە توێژینەوەکەمان کاری لەسـەر دەکات.بەتایبەت ئەو بونەی کە زەمینەی ڕووداتی تاوانەکەیە.

واتە بوون دەبێتە چەقی کارکردنمان لەسـەر واتای تاوانی ئەنفال و هوشیاریمان بۆ بوونی تاوانەکە.

ئەم ڕوانینە دەکۆشێت پرسی تاوانی ئەنفال بوون ناسیانە بخوێنرێتەوە.بەجۆرێک لەناو فاکتۆرەکانی هەبونماندا ئاگاییەکی ڕیشـەیی بۆ پرسـەکە بێتە بوون. ئایا ئەوەی ئاماژەمان پێدا دەشێ چۆن بێتە بوون؟ پێشمەرجەکانی ئەو پرۆسەیە چین لەئاستی توانای زانینماندا کە ڕوو لەناسـینی تاوانەکە دەکات؟ ئێمە وەک پێویستی ئەم پرسە ،چەمکێکی فەلسـەفی لەکتێبی (بوون و کات) ی هایدیگەر فەیلەسوفی ئەڵمانی.دەکەینە پێش مەرجی سەرەتای پرۆژەکەمان.کە توێژینەوەیە لەواتای تـاوانی ئەنفـال.ئەویش ("دازاین" بون لێرە) یـان (بوون لەنێو جیهان) دایە. هایدیگەر پێی وایە.(تێگەیشـتن لەبـوون سـەربـوونی دازاینە،بـوونی هەمـوو تێگەیشـتنێک لەچالاکی تێگەیشـتندایە .ئەگەر بوون لەنێو جیهـان سـەربەبوونی دازاین بێـت.ئەوا تێگەیشتن لەبوون لەنێو جیهانیش سەربەناوەڕۆکی تێگەیشتنی ئەوە لەبوون)

کەوابوو پرۆسـەی ناسـینەوە و زانین لەبوون وئـامـادەگی دازاینی بیرکەرەوە دێ .بۆ ئەوەی

تێگەیشتن لەسەربناغەیەکی بوونناسانە دابمەزرێنین بەزەرورەت پێویستە ئەرکە لەپێشینەکەمان بوونی خۆیەکی بیرکەرەوەو خودناس بێت.بوونێک کەئاگایی بۆ ئەو پنتی ڕیشەیی ویست و ئەکتەکانێتی تا ئاستی دەرکەوتنی وەک بونێکی ڕەسەن.



ڕوداوەکانی تاوانی ئەنفال ئەگەرچی لەناو ڕۆژگارو هەل و مەرجێکی مێژوویی و گۆڕانکاریەکانی ناوچەکەو هەرێمایەتی ڕوویان داوەبەڵام بەپرسکرنی لەئێستادا پێویستیەکی فیکری و زانستی و هزریە.

ئێمە لێرەدا پرسی ئەنفال دەبەستینەوە بەپرۆژەیەکی فەلسەفی بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەو لێوردبونەوەمان بۆ ڕوداوی تاوانی ئەنفال ڕۆشنیەک لەواتای تاوانەکەو مکورِبونێک لەئاستی بەرپرسیارێتیدا سەبارەت بەهوشیاری بۆ ڕوداوی تاوانەکە وەدی بێت.ئەمەش بەوە دەبێت کە بانگێکی ویژدانی لەساتەوەختی ڕاچڵەکین بەجۆرو تایبەتمەندێتی تاوانەکە لەڕووی چۆنێتی و چەندایەتیەوە هەستپێ بکەین و

ڕوداوی تاوانەکەی لەبەردەمدا بخوێنینەوە ئاوڕدانەوەیەکی لەم چەشنەش جگەلە ئامادەبونێکی ڕەوشتیانەی خودیانە بۆ زانین و پەی بردن بە ڕەهەندو قوڵایی تاوانە کە هیچی تر نیە.

ئێمەلێرەدا دەمانەوێت ئەم پرسە بوننناسانە بخوێنینەوە و هوشیاری و ئاگایی لەبارەیەوە بخەینە سەر زەمینەی مەعریفەیەکی بوونناسانە.بەئامانجی ئەوەی کە تاوانی ئەنفال وەک هۆکارێکی بەردەوام و چاودێریکەر بەسەر وەزیفەی بیرکردنەوەمانەوە بەشدارو یارمەتیدەربێ لە دیاریکردنی دیدو ڕوانینمان بۆ پرس و دیاریدە پەیوەندیدارەکان بەژیانی جڤاکی و سیاسی و کۆمەڵایەتیمان.

*سارتەر فەیلەسوفی فەرەنسیی پێی وایە بوونگەراکان دوو جۆرن(یەکەمیان مەسیحیەکان‌لەوانیش هەردوو فەیلەسوفی کاسۆلیکی کارڵ یاسپرز و جبریل مارسیلە).

دووەمیشان بریتین لەهەریەک هایدیگەرو سارتەرو چەند بیریارێکی فەرنسی تر.

خاڵی هاوبەش و یەکگرتوی هەردوو جۆرەکە ئەوەیە کەهەموان ئەڵێن.(بوون پێش بنەڕەت / چیەتی)کەوتوە.

واتە پرۆژەکەمان لەخوودگەرایی مرۆییەوە دەست پێ ئەکات.

ئەرگۆمێنتی سارتەر بۆ ئەم خاڵی هاوبەشە کەپێی وایە (بوون پێش بنەڕەت کەوتوە) ئەوەیە کە پێی وایە ئەگەر بڕوانینە شتێکی دروستکراو لەلایەن مرۆڤەوە بۆ نمونە کتێبێک یان هەر کەرەستەیەکی تر ئەبینین ئەو شتە پەیوەندی بەبیرۆکەی کەسەکەوە هەیە و لەوەوە هاتوە.واتە شتەکە لێکەوتەی ڕێگەی داهێنراوی ناو بیرۆکەی مرۆڤە.

واتە بەم پێودانگە چیەتی بریتیە لە سەرجەمی ئەوچۆنایەتیانە کە شتە دروستکراوەکەی پێ دەناسرێت و سەرجەمی ئەو ئامرازانەیە کە کتێب یان هەرشتێکی پێ دروست ئەکرێت.

مانا وەدەستهاتوەکەی ئەگەرەکانی نێو پرۆسەی شیکردنەوەی بونگەرانەئامادەگی(دازاینە) وەک بکەری دۆزەرەوەو پرسیارکەر لەبارەی بنەڕەتی ترین پرس کەپرسی بوونەهاتنەگۆی ئەو سۆبێکتە بیرکەرەوەو نیگەرانەیە کە تاوانی ئەنفال وەک زەبرێک ئاڕاستەی بوونە مرۆییەکەی کردوە.کەوای کردوە چی دی بۆ هەر ئەگەرێک لەبارەی ناسینەوەو زەخیرەکردنی زانین بەدوای خۆ دۆزینەوەو خۆناسیدا بکەوێتە بزاوت و چالاکی.بەم پێودانگە هزریە چی دی،تاوانی ئەنفال پرسێک نابێت کە مامەڵەیەکی پێشبیرانەو ئامادەکراو بچێتە پەیوەندیەوە لەگەڵیا،بەڵکو دەبێتە ناوەندی دەستپێکی پرسیاری ڕیشەیی و بونیادیانە لەبارەی شیاوێتی هەر بونێکی مرۆیی کە ووتن و نوسین لەبارەی تاوانی ئەنفال بسازێنێت.

بوونناسیانە تێگەیشتن لەپرسی تاوانی ئەنفال هاندەرو کۆمیکەرە بە هێنانەئارای هەل و مەرجێکی زاتی بۆ هەر تاکێک کە لەئاستی مانا ڕیشەیی و پێویست و شیاوەکەیدا قسەلەسەر تاوانی ئەنفال بهێنێتە بوون.ئەمەش بەزەروورەت بانگکردنی دازاینە(بوون لەنێو جیهاندا) وەک خۆیەکی بیرکەرەوە بۆ هێنانەدواندن و خوێندنەوەی فاکت و ڕەهەندە کانی پشت ڕووداوی تاوانی ئەنفال.بەڵام ئێمە لەئێستادا بەنزیکەیی لەغیابی ئەو سۆبێکتە مێژوویییەین کە بە هەبوونی گۆڕانی گەورە لە پەخش بوونی وشیاری و ئاگایی لەپەیوەند بەپرسی تاوانی ئەنفال دێتەگۆڕێ".هایدگەر لەکتێبی (بوون و کاتدا) گرنگی پرسیاری لەڕیشەیی ترین مانایدا ئاماژە پێداوە.ئەویش پرسیارە سەبارەت بەواتای بوون.پێی وایە ئەگەر بمانەوێت لەچەمکی بنەڕەتی(بوون) تێبگەینو نەخشەی بوونناسیانەی بۆ دابنێین و گۆڕانکاریە پێویستەکانی بناسین،ئەوا پێویستە ڕێنماییەکی کۆنکرێتی بدۆزینەوە ئەویش لەڕێگەی ڕاڤەکردنی جۆرێک لەهەبوو،کەدازاینە بۆ ئەوەی لەواتای بوون تێبگەین.چونکە دازاین(بوون.لەنێو جیهاندا) بوونێکی مێژووی هەیە هەر لەبەر ئەمەشە ڕوونکردنەوە بوون ناسیەکەی دەبێت بەڕاڤەکردنێکی (مێژوییانە(بەم پێیەبێت ئێمە پێویستمان بە دازاین و ئەو بوونە مرۆییەیە کە مانای ڕووداوی تاوانی ئەنفال لەئاستی بوونناسیدا بخوێنێتەوەو تێبگات.نەک گیرۆدەی زمان و مەنهەجێکی پێش وەختەو ئامادەبێت کە پێش پرۆسەکانی بیرکردنەوە،ئەنجام دیارو دەرکەوتەبێت.

"لەپێشتریتی دازاین(بوون لەنێو جیهاندا) بۆ ڕاڤەکردنی بوونی دازاین بونیادێکی پێکهاتو نیە،بەڵکو گرنگ و هەمویەکی بەردەوامە.هەروەها بۆچوونی جیاوازمان لەبارەی فاتۆرەکانەوەدەداتێ کەبوونی پێک دێنن".

هایدیگەر پێی وایە.دازاین لەهەموو دۆخێکدا بوونی منە یان دەیەوێت بوونی من بێت.واتە ئەو هەبوونەیە کەبوون بۆی دەبێتە کێشە.وەک یەکێک لە ئەگەرەکانی ڕوو لەبوون دەکات.لەبەر ئەوەی دازاین(بوون لەنێو جیهاندا)هەر لەبنەڕەتەوە ئەگەری بوونی خۆیەتی.ئەوا ئەتوانێت خۆی هەڵبژێرێت و خۆی بباتەوە.یان خۆی بدۆڕێنێت و هەرگیز خۆی نەباتەوە.هەر لەبەر توانای هەڵبژاردنی ئەگەرەکانی بوونی دەتوانێت ڕەسەن بێت و خاوەنی خۆی بێت،ڕەنگەش شێوازێکی ناڕەسەنی بوون هەڵبژێرێت و خۆی بدۆڕێنێت.

ئێمە لێرەدا بانگهێشتکردنی ئەم پرسەمان بۆ ئەوەیە کەبێژین ئەوەی وادەکا پرسی تاوانی ئەنفال لەمەنهەجی گێڕانەوەو زیندانی حیکایەتی ناهزریانەی دووبارە دەربازبێت،ئەوەیە تاوانی ئەنفال وەک هێنانە ئاراو هێنانە بوونی ئەو بوونە مێژوییە تەماشای بکەین کە دەتوانێت لە مەرگی قوربانیەکانەوە بڕوانێتە پرۆژەی دروستکردنی هزر و هوشیاریەکی پێکەوەیی.بەجۆرێک هەموان زمان و خەیاڵێکی هزر ئامێزیان بۆ قوربانیەکان هەبێت،لانیکەم وەک بەرپرسیارێتیەکی ڕەوشتیانە یادگەو تێگەیشتنمان بە ئاگاییەکی سەنگین و ڕەسەن دروست بکەین.ئاگاییەک کە بە ئەمەک بوون و پەیوەست بونێکی ویژدانیانەمانەمان بسپێرێت.کە چوار چێوەو ڕووبەری دەرکەوتەکانی بریتی بێت لە ویست بۆ پاراستنی زمانی ڕەسەن و

دیدی ئینسانیانەو خۆشەویستی بۆ ژینگەو بونەوەر بەگشتی.

دەشێ زیاد لەفۆرم و ئەگەرێک لەپەیوەست بەو گوتارانە هەبن کە دەیانەوێت ڕەهەندو سوچێکی تاوانەکە بخوێننەوەو شرۆڤەی بکەن،کەهەموو هەوڵێک لەو ڕووەوە بایەخ و گرنگی خۆی هەیەو چەند وشەو پەیف لەوبارەیەوە بهێنرێتە بوون هێشتا کەمە و بارتەقای دڵۆپێک خوێن و چرکەیەک لەو ساتەوەختە پڕ ئازارە نیە کە قوربانیەکان ئەزموونیان کردوە.

لێرەدا ئەمانەوێت تاوانی ئەنفال وەک بانگێکی مرۆیی ئەخلاقی بناسێنین.بانگێک کەزیاتر ماهیەتێکی بوونەوی هەیە و سەر بە تەرزی بیرکردنەوەی فەلسەفیانەی بوونناسیە.

لێرەدا ڕووداوی تاوانی ئەنفال دەبێتە ساتەوەختی شۆکێکی ویژدانی قووڵ،کەدەرگابەڕووی سەرەتاکانی پرسیار لەواتای بونی مرۆییمان وەک دازاین(بوون لەنێو جیهاندا) دەکاتەوە.بەشێوەیەک کەبوون بۆ ئێمە دەبێتە پرس و کێشەو لەوێوە پرۆژەی تێگەیشتن لەو دیاریدەو ڕووداوانە دەست پێ ئەکەین کە بونی مرۆییمانی تێدا قوربانیە.

بەئامانجی زانین و ئاگاییەکی ڕەسەن و شیاو بۆ پرسی تاوانی ئەنفال.کە هەمیشە بەتەنیشت ڕوانین و زمانی بیرکردنەوەمان ئامادەگیەکی چاودێرانەی هەبێ.

فۆرمی مردن لەئەنفال وەک دەرکەوتنی وێنەی پەرگیری ئایدیای بەعس

لەتاوانی ئەنفالدا ڕووداوی مردن یان فۆرمی مردن جێگەی هەڵوەستەیەکی هزریە،چونکە ئەم مردنی بەکۆمەڵە و قوربانیەکان هەم خۆی وەک ڕووداو خاوەنی تایبەتمەندی و جیاوازیە،هەم لەگەڵیشیدا ئاماژە بۆ قەبارەو شوناسی ئەو ئایدیاتوند ئاژۆو پەرگیرەش ئەکات کە بکەری پشت ڕووداوی تاوانەکەیە.لەتاوانی ئەنفالدا کە تیایدا کۆمەڵێکی زۆر لەژن و منداڵ ڕووبەڕووی مەرگی داسەپاو دەبنەوە،ڕووداوێکە ئەگەر بەشۆک و تراوما لێی بڕوانین واتە پێی ڕاچڵەکێین ئەوا ئاگاییمان ئەبێتە پنتی ڕیشەیی مامەڵەکردن لەگەڵ ناسینەوەی وەک و پابەندیەکی بەرپرسیارانەو ڕەوشتیانە،بەدەر لە بونمان وەک بونێکی کورد زمان،بونی مرۆییمان وەک مرۆڤ بەسە کە هەڵوەستەیەکی بووناسیانەی مرۆڤانەمان بۆ تاوانەکە هەبێت.بۆچی؟چونکە ئێمە ناسینی تاوانەکەو فۆرمی تراژیدی ئامێزی تاوانەکە ئەکەینە هێزی تەقالاو بنکۆڵکاری زانین لەبارەی تاوانەکە،کەبێ گومان هوشیاریە سەبارەت بە ناسینی بکەرانی ئەنجامدەری تاوانەکەو ناسینی فۆرمی مردن لە تاوانی ئەنفال کەپێکەوە ئاماژەشن بۆ ئەو بیرو باوەڕە توند ئاژۆیەی کە بونیادی ڕیشەیی کارەکتەرەجەلادەکانی ڕژێمی بەعسن.

واتە لێرەدا فۆرمی مردن ئاوێنەی فۆرمی ئایدیای پەرگیرو توند ئاژۆی ڕژێمی بەعسە.کۆی تاوانەکەش پێکەوە لەبەردەم لەحزەی ڕاچڵەکین و شۆک و ئاگاییمان.زنجیرەیەک خواست و داواکاری و بانگی ویژدانین بۆ هەر یەکێکمان کە پرسی ئەنفال بەناوەکی بکەین لەئاستی دونیبینی و هزربینیماندا.

لەتاوانی ئەنفالدا ڕەگی تۆندو تیژی و دەمارگیری ڕژێمێک کەشف ئەبێت،کەپرۆژەی بوونی خۆی لەسەر خوێن و قوربانی ئەوی تر بنیات ئەنێت،ئەم ڕژێمە خوێن مژە بۆ ئەوەی بوونی پیشانی دونیابدات دێت و لە سەر مەرگەساتبارترین ڕووداوی تاوان ووجودی خۆی بەیان ئەکات.واتە لێرەدا قوربانی و دۆخی قوربانی ئەبنە ئاماژەی دەرکەوتنی قەبارەو شوناسی هێزی تاوانکار.لە ڕووداوە تاوانکاریەکانی ڕژێم ئەو ویستە سەرکوتکەرو داپڵۆسێنەرە وەک ئایدیایەکی ڕەش و قێزەون دێتەبوون و خۆی بەدەر دەخا.

واتە تیۆر ئەبێتە کردەو پراکتیک .ئایدیاش زنجیرەیەک پرۆسەی خوێناوی کە وامان لێ ئەکات خودی ئایدیاکە وەک ڕووداوێکی تایبەت و مەرگەساتبار بخوێنینەوە،واتە بوونی ئایدیاو کارخانەیەکی فیکری لەم تایپە وەک ڕووداوێکی مەترسیدار لەبوونی خۆیدا بخوێنینەوە.چونکە لەهەناویدا هەموو ئەگەرێک بۆ سرینەوەو نەهێشتن

ئامادەگی هەیەواتە بوونی ئەم ئایدیاو کارخانە فیکری و ڕەمزیە.خۆی بوونێکی تاوانکارانەیە.چونکە پێناسی خۆی لەسەر قەبارەی وێرانکاری و سڕینەو کۆمکوژی ئەکات.واتە بۆ دەرخستنی بوونی خۆی مردنی بەکۆمەڵی ئەوانی تر پێویستە ببنە خاڵی دەرخستن و دەرکەوتنی وەک هێزو ویستێکی بەدو تاوانکار.

بەعس بۆ گەیاندنی ماناو دەلالەتە ناوەکیەکانی خۆی پێویستی بەهەموو جۆرە گرتنەبەری ڕێگاو میکانیزمێک هەیە تا لێیەوە نمایشی بوونی خۆی بکات.

بۆئەمەش پێویستی بەتاقیکردنەوەی هەموو فۆرمەکانی کوشتن هەیە.هەر لەکوشتن بە شێوەی ڕاستەو خۆ وەک (گولەبارانکردن و لەسێدارەدان و سوتان و ژەهراویکردن و کیمیایی باران تا دەگاتە زیندە بەچاڵ کردن) ئەمانە هەموو فۆرمانەی کوشتن و بڕینن کە پێکهێنەری بەشێکی گەورەی ڕەهەندەکانی توند ئاژۆیی و ستەمکاری ڕژێمی بەعسن وەک ئایدیا.

بوونی ویست و ئامادەگی بۆ ڕووداوی تاوانکردنوابەستەی بوونی ئایدیاو سیستم و کارخانەیەکی کلتوری و زمانەوانی و سایکۆلۆژیە.کە زەمینەی بۆ بڕەخسێنێت لێوەی بەشەکانی بوونی بناسێنێت

بەعس هەم سیستمێکی زمانەوانی توند ئاژۆیە هەم دیسپلینێکی چاودێرو تۆقێنەرە بەسەر هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ. وێنەی بەعس بریتیە لەوێنەی کوشتن و بڕین و تاوانکاری.ئەو بۆ ئەوە هاتۆتە بوون لەڕێی سەپاندنی مەرگ و ویستی دەسەڵاتەوە خۆی بەیان بکات.کەواتە بەعس بۆ ئەمە پێویستی بە زەمینەو دۆخێک هەیە ئەوانی تر پێش وەخت وەک قوربانی و جێبەجێکەری ئەم نەخشەو سیاسەت و پیلانە ئامادەگیان هەبێ .و بڕوای قوڵ و پەرستش ئامێزانەیان بۆ سەرکردەو جەلاد و جێبەجێکاری ئەم سیاسەت و ئایدیایانە هەبێت کە بەعس بوونی خۆی لەسەربونیات دەنێ.

هەرچۆنێکبێ ئەم وێنەیە کەسیماو شوناسی بەعسە ئەبێ شوێنەوارو دەرکەوتەی هەستپێ بکرێت و هەڵکۆڵرێ .ئیدی ئەم هەڵکۆڵینە لەسەر جەستەی خاکبێ یان لەسەر سروشت یان لەسەر ڕوخساری ئەوانی تریان لەسەر ڕۆح و جەستەیان.وە یان لەسەر دەروونیان.

نمونەکانی وێرانکردنی گوندەکان و وشککردنی سەرچاوەکانی ژیان و ڕاگواستن و گۆڕینی دیموگرافیاو سەپاندنی دۆخی نائاسایی بەسەر شارو گوندو قەزاو ناحیەکان لەو کردارانەی بەعسن کە تیایدا وێنەی بەعس وەک هێزێکی کۆنترۆڵکەر پیشان دەدرێتوێنەیەک کەهەم لەئاستی مانا بەعس بۆ مرۆڤی کورد و نەیارەکانی دەیکێشاهەم بۆ لایەنگرو ئەندامانی خۆیشی وەک نامەیەک دەینارد.بەوە پێی دەوتن کە بەعس بەتەنها کۆمەڵێک نوسراوو دام و دەزگای ئیداری و بەڕێوەبردن نیە.بەڵکو هێزو ویستێکی شەڕانگێزو بەزەبرو خوێنمژە کە بۆ پیشاندانی بوونی خۆی سڵ لەهیچ شتێک ناکاتەوە و هیچ لەبەرچاوگرتنێکی ئینسانی و ئەخلاقی نیە و پرۆژەی بوونی بریتیە لەوەی کە ئەنجامی ئەدات.

بەقەوڵی هیگڵ جەوهەری هەردەرکەوتەیەک لەبوونیدایە.و ئەوەی لێی دەوشێتەوە بریتیە لەبوونە ڕاستەقینەکەی.

بەعس ئامرازەکانی دوڵەت بۆ ناردنی ئەم نامەیە بەچڕی بەکار دەهێنێهەر لەدەرکردنی یاساو دەستکاریکردنی سیستمی پەروەردەو ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵ و بازاڕو بازرگانی و هەموو شێوەکانی پەیوەندی و ڕاگەیاندن و هونەرو ئەدەب و کایەکانی تر.قۆرخ دەکابەخاتری ئەوەی هەریەک لەم کایەو بوارە جیاوازانە زنجیرەی بوونی وێنەگەورەکەی سەرۆک و ویستەنەگریسەکانی لەئاستی ماناو ڕەمزو زماندا بگەیەنن.

لەتاوانی ئەنفالدا.گەیاندنی ئەم ویستە ڕەش و بەدو قێزەونە دەگاتە ترۆپک.بۆیە دەبینین مەرگێک دەسەپێنرێت بەسەر ژن و منداڵ و پیروپەککەوتەی مرۆڤی کورد.کەتەنها لە دیکتاتۆرو خوێنمژو جەلادەکانی ناو لاپەڕە ڕەشەکانی مێژوو ئەوە شێتەوە.

مەرگێکە کەدەرخەری ڕووی ڕاســـتەقینەو بوونی بەعســـە وەک ویســـت و ئامادەگیەکی کوشـــندەو قێزەون.

ئەوەی گرنگە بوترێت لەم پرســـەدا ئەوەیە.چۆن کاربکرێت کە تاوانی ئەنفال بکرێت بە پرســـی ڕاچڵەکین (تراوما). بۆ خۆناســـی و دواجار ئەوی دی ناسی.

خۆنـاســـی لێرەدا ئـاکـارێکی پەرچەکردارانەیە بۆ چونکە تازە بەودۆخە راهاتوون، یاخود ملکەچی سیاسەتێکی بەسەردا سەپێندراوبوون.

برای بەریز سالار حەمید پۆستێکی کردووە و نوسیوێتی:**(کاردەکەینەوە لەسەر بەقەزاکردنی پیرەمەگرون بەم زووانە پێویستم بە پشتگیری هەمووانە)**. بەراستی جێگەی تێڕامانێکی زۆر قوڵە کەسێک خەڵکی گوندێکی ڕوخاوی سەردەمی ئەنفال بووبێ و گوندەکەشی لەخۆشترین شوێنی بناری



گیانی قوربانیەکان و ئازارو ناسـۆرەکانیان.چونکە ئەم فۆرمە لەخۆناسین وەک پرۆژەیەک ڕوو لەخۆی ئەکات لەپێناو ناســـینێکی ڕیشـــەییانەی فاکت و هۆکار و هەل و مەرجە بەشـــدارەکان لە ڕووداوی تاوانی ئەنفالدا.

ئەگەر ئەم هەســـتە بەکۆمەڵ بکرێ ئەوا ئاگایی لێ دێتە بەرهەم ئاگاییەک کە ڕووداوی تاوانی ئەنفال وەک خاڵی ڕاچڵەکین و ســـەرلەنوێ خوێندنەوە دەناســـێنێ.خوێندنەوە بۆ ئەو پێوەرو ئیمکانەی تێگەیشـــتن و زانینمان کەپێی لە پرســـەکانی پەیوەندیدار بەتاوانی ئەنفال دەڕوانین.

کۆمەڵگا زۆرەملێکان

پیرە مەگرون دەبوو بکرێتەوە بەشوێنی گەنم وجۆ نەک هەوڵبدرێت بکرێت بەقەزا، ڕەنگە ئەم قسەیەم پشتیوانی خەڵکی پیرەمەگرون بەدەست نەهێنێ پیرەمەگرون و سەرجادەی گشتی و سەیرانگای تابیین لەدۆڵی سورداشدا بێت داوا بکات (ئۆردوگا زۆرەملێکەی پیرەمەگرون) شوێنی سوکایەتی کردن بەکوردبوون و بەگوندنشینی کورد بکات. بەقەزا ! لەکـاتێکـدا قەزای دوکـان (یـاخود زێڕان دۆڵ) مێژوویەکی هەیە و پیرەمەگرون ناحیێیەکی سـەربەو قەزایەیە.

ئەم هەنگاوەی خەڵکی پیرەمەگرون هیچ شـــایانی پشـــتیوانی نییە، چونکە دەبوو کاریان بۆ ئەوە بکردایە، پیرمەگرون بکرێتەوە بەشـــوێنی گەنم و جۆ، نەک کۆمەڵگـا زۆرەملێکـانی بەعس بکرێن بەقەزا و شـــاری ئـاوەدان، چونکە ئەوە ڕێـک ڕەوایەتـی دانە بە تـاوانە گەورەکەی ئەنـفـال و ڕوخاندنی گوندو ئەو هەموو خەڵکەی کوژران وبێ سـەروشـوێنکران. ئەگەر دەسـەڵاتداری کورد یەک تۆزقاڵ ڕێزی لە قوربـانیەکـانی کورد بەتـایبەتیش

ئەنفال یاخود هەرهیچ نەبێ ڕێزی لە پێشمەرگەکانی خۆیان بگرتایە دەبوو یەکەم هەنگاوییان ڕوخاندنی ئۆردوگا زۆرە ملێکان بوایە. نەک فراوانکردنیان.

ڕۆڵی سینەما لە پاراستنی یادەوەری ئەنفالدا – وانەیەک لە هۆڵۆکۆستەوە

هۆمەر محەمەد
٢٠٢٥/٤/١٣ سلێمانی



لە یادی تاوانی ئەنفالدا، چی بگێڕینەوە؟ چیمان هەیە بۆ وتن؟ زۆربەئازارە کاتێک سەیری حاڵی خۆمان و گفتاروڕەفتاری دەسەڵاتداران و سیاسییەکانی کورد دەکەیت یاخود گوێبیست و بینەری کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی دەبین یاخود شێن وشەپۆڕی ئیسلامی سیاسی بۆهەرکەسێک دەگاتە ئاسمان و بۆبرینی خۆشی کڕومات ئەوسا زیاتر قوڵی برینی کورد هەست پێدەکەین. کە هێشتا نەک لەسەر ئاستی جیهانی بەڵکو لەناوخۆشدا هێندەی پێویستە نەناسراوە. ئەم هاوارە هێشتا وەک پێویست نەگەیشتووەتە گوێی جیهان. ساڵی ٢٠١٢ لە ژمارە (٩)ی گۆڤاری ئەنفالستان کە ئاماری ئەو زانیاری دۆکیومێنتانەی دەربارەی نفرۆبوونی کەشتی تایتانیک بڵاوکرابوونەوە نزیکەی ١٨٤٤ جار زیاتر لە ئەنفال لەگۆگڵدا ناوی تایتانیک هێناوە، پرسیار ئەوەیە: چی وای کردووە ئەم تاوانە گەورەیەی بەعسیەکان دژ بەکوردانی باشور ئەنجامیاندا و بەڵام چونکە دیدو تێروانینەکە هێندە کورت بێت .. ئیتر ئەوە بەرهەمەکەیەتی!!

سەدان هەزار مرۆڤی کوردیان کۆمەڵکوژکرد، کەچی هێشتا هێندەی نفرۆبوونی تایتانیک نەچووەتە یادەوەری مرۆڤایەتیەوە ئایا لەخۆمان پرسیوە ئەم بۆچی دەبێت مەرگی ئەو هەموو مرۆڤەو چارەنوسی ئەم میللەتە نادیدە بگیرێت؟ ئایا ئەم بەکەم گرتنە هەر سوچی دەسەڵاتدارانە یان هی تاک بەتاکی کوردە ؟ ئەگەرچی کارکردن بۆ ئەنفال و ناساندنی و ڕێزگرتنی لەقوربانیەکانی ئەرکی تاک بەتاکی کوردە. بەڵام لەپێش هەموویانەوە هی دەستەبژیرو نوخبەی ڕۆشنبیران و ئەدیبان و هونەرمەندانە، کەدەیانتوانی یان دەتوانن بێ گوێدانە سیاسی و دەسەڵاتداران بۆی تێبکۆشن.. چونکە هەریەکێک بخوازێت بەوکەرەستانەی بەدەستییەوەیەتی دەتوانێت بەپێی توانای خۆی ئەگەر زۆر کەمیش بێت کارێک بکات. راستە هونەرمەندانیش موعاناتی خۆیان هەیە بەدەست بێ بودجەییەوە بەڵام خۆ کامێرایان پێیە؟ خۆ ئایدیایان هەیە خۆئەگەر نەتوانن کاری گەورە بکەن دەتوانن هەنگاوی بچوک بهاون. ئەدیبان ونوسەران خۆ قەڵەمیان هەیە ئەگەر کەمتەرخەمی نەنوێنن لەرێگەی کۆمپیتەرەکانیانەوە دەتوانن بەردێک بخەنە سەربینای یادەوەری.

بەهەرحاڵ من لەم یادەدا ڕووداوەکەمەوە هونەرمەندانی کورد، بەتایبەتیش فیلمسازان کە زەخیرەیەکی

فراوانیـان لەچیرۆکی نەمر لەتراژیـدیـای کوردو قـارەمـانێتی کورد لەبەردەســـتـدایە دەتوانن ئەو چیرۆکانەی بەرگوێیان دەکەون بەوێنە بیگێڕنەوە. چونکە ئەگەر کەس نەزانێت هونەرمەندان دەزانن هێزی وێنە بەتـایبەتیش وێنەی جولّاو چەنـدەو دەتوانن چ کاریگەرییەک لەسەر بینەردابنێن.

هێزی وێنەی جولّاو لە گێڕانەوەدا

سینەما هونەرێکی ئەفسوناوی کاریگەرە، کە ئەمرۆ وەک میللەتانی دونیا لەبەردەست کوردیشـدایە ئەم هونەرە تەنهـا بۆ کـات بەســـەربردن و بـازاڕو ســـەرگەرمی نییە، بەڵکو هێزێکی کـاریگەرە بۆ دروسـتکردنی یادەوەری دەسـتەجەمعی، هێزێکە بۆ تێگەیشـــتنی ڕوداوی مێژوویی. چ شـــکســـت چ ســـەرکەوتن. هۆڵۆگۆســت، وەک تاوانێکی جیهانی مرۆیی، چەندە لەپێش ئەنفال و هەڵەبجەو شەنگالەوە ڕوێـداوە کەچی هێشـــتـا چیرۆکێکی زیـندووە لە یـادەوەری مرۆڤایەتیـدا، ئەوەش ئەگەر بەشـــێکی ســیاســەت و چالاکی ڕێکخراوەکانی جو بووبێت ئەوا بەشـــــی زۆری دەگەڕێـتەوە بـۆ ڕۆڵـــی ســـینەمـاوئـایـدیـای داهێنەرانەی هونەرمەنـدان بەتایبەتیش سیناریۆ و دەرهێنان.

فیلمەکانی وەک "شیندلەرلیست و پیانیست و "هایە ڤیتـاو "ژیـان جوانە و دەیـان فیلمی تر، تـاوانی هۆڵۆگۆستیان خستەناو یادەوەری گشتییەوە و لە چوارچێوەی کـاری داهێنەرانەو دۆکیـۆمێنـتی مێژووییدا نەیانهێشتەوە بەڵکو بەهەر نرخێک بووە لە دۆخی فەرامۆشـــی ڕزگـاریـان کردو کردیـانە ئەزموونێکی بەهێزو هەســـتیار. چونکە ســـینەما بەئەفســـونـی وێـنە مـرۆڤ دەخـاتە دۆخـی بیرکردنەوەوە چونکە ئەگەر فەلســـەفە کارلەعەقڵ بکات ئەوا فیلمی سینەمایی کار لەعەقڵ و هەستیش دەکات. ئەم فیلمانە توانیان چیرۆکی قوربانییەکان بگەیەنن ملیۆنان کەس کە لەوانەیە هەرگیز کتێبێکی مێژوویی دەربارەی ئەم کارەســـاتە پێی نەکرابێت یـان لەتوانـایـدا نەبێـت بیکـات. چونکە ئەوە ڕاســـتییەکەو نکۆڵی لێنـاکرێـت کە هێنـدەی فیلم بینەری هەیە هێندە کتێب خوێنەری نییە.

بۆشایی گەورە لە سینەمای ئەنفالدا

بەداخەوە، ســـەربـاری ئەوەی کۆمەڵێـک فیلمیش دەربارەی ئەنفال دروســتکراون بەڵام لە ســینەمادا ئەو ڕەنگـدانەوەیەی نەبووە کە دەبێـت هەبێت. ڕاستە ژمارەیەک فیلمی دۆکیومێنتاری و کورتەفیلمی ســـەربەخۆو هەنـدێکی درێژیش بەرهەمهێنراون و هونەرمەنـدان هەوڵیـانـداوە ئەم بەشـــــە گرنگەی مێژووی کورد تۆمـار بکەن، بەڵام ئەمە بەراورد بەوهەموو چیرۆکەی لەبەردەستدایە زۆر کەمە.

ئەگەر جیـمیـس کـامیـرۆن بە فیـلمێـکی وەک "تایتانیک" توانی ئەو کارەســاتە بکاتە بەشـێک لە یـادەوەری جیهـانی، هەرتەنهـا بودجە زەبەلاحەکەی نەبوو بەڵکو ئیـدیـای هونەرمەنـدانەو دیـدی دەرهێنەرانەی خۆشـــی بوو کەتوانی چیرۆکەکە بەجۆرێک بگێڕێتەوە، کە مرۆڤەکان لەتەواوی دونیا بەتـامەزرۆییەوە چـاوەڕوانی بینینی بوون. بۆیە ئێمەی کورد دەبێت بپرســـین: ئایا کەی فیلمێکی جیهانی لەسەر ئەنفال دروست دەکرێت کە بتوانێت ویژدانی جیهـان بهەژێنێـت؟ خۆزگە وەزارەتی کاروباری شـــەهیدان و ئەنفالکراوان لەماوەی ئەم چەنـدســـاڵەی رابووردودا لەبری ئەو پـارەیەی لەیـادەکـانی ئەنفال وهەڵەبجەدا خەرجیـان کردووە تەنها یەک فیلمی سینەمایی باشیان بەرهەمبهێنایەو یادی ئەنفالیان نەکردایەتەوە.

وانەکانی هۆڵۆگۆســت: چۆن ســینەما دەتوانێت یادەوەری نەتەوەیی و نیشتمانی بپارێزێت؟

دروســتکردنی یادەوەری هاوبەش بەهۆی سـیحری سـینەماوە هۆڵۆگۆستی وەک چەمکێک، کردووەتە بەشـــێـک لەزمـانـی ڕۆژانەی خەڵـک.وێـنەی کـارەکتەرەکـانی جوو لەهۆڵۆگۆســتـدا لەزەینی ملـیـونـان مـرۆڤـدا جـێـگـیـرکـردووەو و وەک پێداویسـتیەکی کلتوری مامەڵە لەگەڵ هۆڵۆگۆس تدا دەکات چونکە ئەم هونەرە (ســـینەما) توانیویەتی شـــایەتحاڵەکان لەدۆخی زەلیلی ڕزگـاربکـات و تـاڕادەیەک ئـاســـودەیـان بکـات بەوەی دەنگیـان بگەیەنێتە جیهان.

وەنەبێـت فیلمەکـان تەنهـا بۆ بـازارو نـاوهۆڵی ســـینەمـاکـان بن نەخێر بوونەتە بەشـــێـک لە پەروەردەی قوتـابخـانەکـانیش نەک هەر وڵاتی خۆیـانـدا بەڵکو لە زۆربەی وڵاتـانی جیهـاند ا،

چیرۆکەکانی هۆڵۆکۆست کاریگەرییان لەسەر بینەر هەیە لەناوخۆشدا هەر منداڵێک لە تەمەنێکی گونجاودا بەهۆڵۆکۆست ئاشنا دەکرێت و زۆربەشیان لە ڕێگەی فیلمەکانەوە زانیاریی بەدەست دەهێنن. نەک هەرئەوەندە بەڵکو ڕۆڵ وهێزی وێنەی سینەمایی کۆمەڵێک دیمەنی هێماداری خوڵقاندووە کە ڕایەڵێکی جیهانی لەنێوان مرۆڤەکاندا دروست کردووەو کۆی مرۆڤایەتی پێکەوە دەبەستنەوە، وەک کوریژگەی بیجامە خەت خەت یاخود کچە بچکۆلەکە بەچاکەتێکی سوورەوە لە فیلمی "شیندلەر لیست."دا نوێنەرایەتی بێ تاوانی قوربانیانی جوو دەکات.

کەواتە دەبێت چی بکەین بۆ ئەنفال؟ دەبوو چی بکرێت ونەکراوە؟

بۆ ئەوەی ئەنفالایش وەک هۆڵۆکۆست و جێنۆسایدی ئەرمەن بچێتە یادەوەری جیهانیەوە، پێویستە:

١ .وەبەرهێنانێکی بەرچاو بەچێرۆکی باشەوە لە سینەمای کوردیدا بکرێت. هەوڵی دروستکردنی فیلمی ئاست بەرز و کاریگەر لەسەر ئەنفال بەرهەمبهێنێت. بەلەبەرچاو گرتنی ئەوراستییەی "فیلمی باش لەسەر چیرۆکی باش دادەمەزرێ"

٢ .پەیوەندی لەگەڵ بەرهەمهێنەران و دەرهێنەرانی ناسراوی جیهانی دروست بکرێت سەرنجیان بۆ چیرۆکە بەهێزەکانی ئەنفال ڕابکێشرێت و هاوکاری بکرێن و سود لەئەزمون و تواناو ناوبانگیان وەربگیرێت.

٣ . زانکۆکانی کوردستان بەتایبەتیش کۆلێژی هونەرەجوانەکان خوێندکارانیان هان بدەن توێژینەوەی زانستی دەربارەی فیلم وئەنفال ئەنجام بدەن.

٤ . سود لە زیرەکی دەستکرد (AI) و تەکنۆلۆژیاو پلاتفۆرمە نوێیەکانی دیکە وەربگیرێت بۆ بەرهەمهێنان و گەیاندنی چیرۆکی کورد "ئەنفال، هەڵەبجە، ئیزدی وبارزانی و فەیلیەکان) بەنەوەی نوێی کورد و لەرێگەی توانایانەوە بگەیەندرێتە جیهان و لە کێشەیەکی ناوخۆییەوە بیگوازنەوە بۆ کێشەیەکی جیهانی.

چونکە سینەماو وێنەی جوڵاو لەتوانایدایە کە نەک تەنها وێنەگەورەکەی کوردو تراژیدیاکەی بەڵکو جەوهەری تاوانەکەو شوناسی کلتوری کوردی و بەها مرۆییەکەی کورد و ناوەرۆکی ئازارو تراژیدیای کورد بەجیهان بگەیەنێت. مێژوو سەلماندویەتی ئەو نەتەوانەی یادەوەری خۆیان دەپارێزن، دەتوانن بژین و بمێننەوە. چونکە چیدی جیهان گوێ لەمەزڵوم ناگرێ بەڵکو پێشوازی لەوانە دەکات داهێنەرن و بەرهەمیان هەیە.

ئەنفال تاوانێکی نێودەوڵەتیە، راستە برینێکە بەجەستەی کوردەوە، بەڵام هەرئەوەندەی بە جیهان ناسێندرا ئیدی دەبێتە ئازارێکی جیهانیش نەک تەنها وەک پەڵەیەکی ڕەش بەتەوێڵی بەعسیەکانەوە بەڵکو نیشانەیەکی پرسیاریشە بە ئابرومەندی مرۆڤایەتیەوە ئەگەرچی ئێستا بەجیهان نەناسێندراوە بەڵام تاوانێکە لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو تۆمارکراوەو ئەزموونێکی مرۆییە کە نابێت دووبارە ببێتەوە.

بۆیە لە ئێستاو داهاتوودا پێویستمان بە هونەرێکی کاراو سینەمایەکی بەهێزە، کە چیرۆکی ئەنفال تێیدا بدرەوشێتەوە و ببێتە هەوێنی یادەوەری جیهانی.

لەیادی ئەنفللدا، ئەرکمانە دەنگمان هێندە بڵندبێت کە جیهان ببیستێت ئەوەش بەپلەی یەکەم بەسینەما دەکرێت. چیرۆکی ئەنفال دەبێت بگێڕدرێتەوە، ئەوەی سیاسیەکان و میدیاکان دۆڕاندویانە ئەرکی فیلمسازو سینەمایە وەری بگرێتەوە.

سەرچاوەکان

١. د. ئارام ڕەفعەد لەیادی تاوانی ئەنفال و تایتانیکدا. گۆڤاری ئەنفالستان ژمارە ٩ ساڵی ٢٠١٢ .

٢. د.دڵشاد مستەفا، وانەی فیلم تێوری ٢٠١٧.

٣. عومەر محەمەد سینەما هێزی شوناس و شوناسی هێز) لە چل و سێیەمین لایڤی لیستی هەشتەم ١١ی ئەپریل ٢٠٢١ .

٤. عومەر محەمەد ئەنفال و تایتانیک، بەراوردێکی خێرا لە نێوان

تـاوانـی ئەنـفـال و کـارەسـاتـی تایتانیکدا کەلتور مەگەزین ٢٠٢٠/٦/٧

تاوانی ئەنفال و زیانە کلتووریيەکانی کورد لەکوردستانی باشوردا

هۆمەر محەمەد

٢٠٢٥/٤/١٤ – سلێمانی

پێشەکی

لەبەرئەوەی لەم مانگەدا وتاری زۆر دەربارەی ئەنفال دەنوسرێت نەمویست من هیچ بنوسم بەڵام بەگشتی ئەوەی بەردیدەم کەوت هەرئەوەیە کەچەندین ساڵە دوبارە دەکرێتەوە، بەتایبەتیش دەربارەی کوشتن و گوندڕوخاندن و پەلامارەسەربازییەکان دەنوسرێت .. ئەمەش ئاماژەی ئەوەیە کورد هێشتا تەماشای هەموو رەهەندەکانی ناکات تەنها یادەکە وەبیر دەهێنیتەوەو بیری لێناکاتەوە بەگشتی هەروێنەی قوربانیەکان دادەنێتەوە و هەوڵنادات وێنەی هەستانەوەو ئامادەبوونەوەی خۆی نیشانی ئەوانیدی بدات. هێشتا ئەو بەلایەوە گرنگە دەست بە شوناسی مەزڵومیەتی خۆیەوە بگرێت. لەکاتێکدا ئەوەی گرنگە نیشاندانی شوناسی هێزە چونکە چیدی دونیا گوێ لەمەزڵوم ناگرێت لەراستیدا هەرگیز گوێی لەمەزڵوم نەگرتووە بۆیە دونیا چاوەروانی داهێنانە نەک پاڕانەوەو خۆزەلیل نیشاندان.

ئەو چیرۆکە کۆتایی هاتووە بەخۆمان و بەدونیا بڵێین : تاوانی ئەنفال برینێکی گەورەیەو لەیادناچێ و لەیادی ناکەین ئەوە بۆ هەموو دونیا رونە کە ئەنفال یەکێکە لە قورسترین و دڵتەزێن ترین تاوانەکانی سەدەی بیستەم لە دژی گەلی کورد، ئەوەش دەزانن کە لەلایەن ڕژێمی بەعسی عێراق وسەدامەوە ئەنجامدراوە، بەڵام خۆنابێت ئەنفال تاوانەکانی ترمان لەبیربەرێتەوە. کورد نابێت ئەنفال شەنگالمان لەبیر بەرێتەوە. بەرلە ئەنفال بارزانیەکان بەبەرچاوی کۆمەڵگەی نیودەوڵەتیەوە کۆمەڵکوژکران، فەیلییەکان پێش بارزانیەکان کۆمەڵکوژو وڵات بەدەرکران. بەبەرچاوی دونیاوە لە ساڵانی ١٩٨٧-١٩٨٩ ئەنجامدرا. ئەوەی لەم تاوانەگەورەیەدا ئەنجامدرا هەر کوشتنی مرۆڤەکان نەبوو بەڵکو سەرەڕای ئەو زیانە گەورە مرۆییانەی کە بەرکورد کەوتن و ژمارەی قوربانیەکانی گەیشتنە نزیکەی ١٨٢ هەزارکەس، شوێنەوارو کلتوور و شوناسی گەلی کوردیش لە باشوری کوردستان لەبەین بران و کرانە ئامانجی پەلاماره سیستەماتیکەکەی بەعس. ئەم وتارە هەوڵدەدات تیشک بخاتە سەر ئەو زیانە کلتووریيانەی کە بە هۆی تاوانی ئەنفالەوە لەکورد کەوتوون و تا ئێستا کەمتر باسیان لێوەکراوە.

کلتووری کوردی زیانی گەورەی بەرکەوت دەشێت بەعس ئامانجێکی سەرەکی لەئەنفالدا سرینەوەی کلتوربووبێت.

وەک لەسەرەتاوە ئاماژەم بۆکردو ئێستاش جەخت دەکەمەوە کەوا تاوانی ئەنفال تەنها بریتی نەبوو لە کۆمەڵکوژی و سڕینەوەی فیزیکی، بەڵکو هەوڵێکی فاشیانەی سیستەماتیکی دەوڵەتی عێراق بوو بۆ لەناوبردن وسڕینەوەی شوناس و کلتووری کوردی. ئامانجی لەکوشتنی مرۆڤەکان بەو زۆریە کەمکردنەوەی ڕێژەی کوردبوو بۆئاستی ڕێژەی (نەمانی مەترسی) واتا بەعسیەکان نەیانویستووە لەقۆناغی یەکەمدا هەموو کوردێک بکوژن بەڵکو ویستویانە ڕێژەی کورد بەتایبەتیش لەنزیک کەرکوک و لەگەرمیاندا دابەزێنن ئاستی بوونێک کە مەترسی لەسەر ئایندەی دەوڵەتێکی عەرەبی نەبێت. ڕژێمی بەعس لە پرۆسەی ئەنفالدا چەندە ئامانجی

کوشـــتنی مرۆڤەکان بوو دووهێنده ئامانجی لەناوبردنی هەموو ئاســـەوارێکی مێژوویی و کلتوری کوردی بوو. ئەوســـتراتیژەی بەعس هەی بوو پێی دەوترێت "جینۆسایدی کلتووری" که بریتییه له هەوڵی بەئانقەست بۆ لەناوبردنی کلتووری گرووپێکی ئیتنی یـان نەتەوەیی. دەتوانین بڵێین تـارادەیەکی زۆر ئـامـانجەکەی بەدەســـتهێنا چونکه بەلای کەمەوه هەندێک دابوو نەریتی بەهێزی کوردی تێکشکاند یاخود هێنـدەلاوازی کرد بـخـرێنەجێگەی نەبوان بۆنمونه کاری هەرەوەزی گوندەکان کەیەکێک بوو لەجوانترین داب ونەریتەکانی گوندنشین .. گوندییەکان شـەرمیان کردووه لەبەرانبەرکاردا یاخود هاوکاری کردنی هاوگوندەکانیاندا کرێی کـاروەربگرن. لەپرســـەوشـــاییدا بەتەواوی هەمـاهەنـگ و هـاوکـاری یەکتری بوون و بەدڵگەرمییەکی زۆرەوه بەشـــداری شـــین و شایی یەکتریان دەکرد.

زیانه کلتووریيه سەرەکییەکان

١ .لەنـاوبردنی ژینگەی فیزیکی کلتووری کوردی

ڕووخاندنی گوند و ناوچه کوردییەکان :زیاتر لە ٤٥٠٠ گوند بە تەواوی ڕووخێنران.

لەنـاوبردنی ژێرخـانی کلتووری :مزگەوت، قوتابخانه،تەکیە و شـوێنە پیرۆزەکان تێکدران. ئەگەرچی گۆڕستانەکانیان تێکنەدا بەڵام هەموو ئەوانەی کـوژران بـێگـۆڕ نـێژران هەروەک زۆربەی ئەو مەزارانەی لەکوردســـتاندا هەن کێلی ڕەمزی وســـمبولیان بۆ دروســـتکراوه بۆنمونه لەگوندی (کڵێســـە)ی ســـەربەقەزای کۆیە! یاخود مەزاری شەهیدانی هەڵەبجە.

وێرانکردنی ژینگەو دارســـتـان و کـانیـاو و ســـەرچـاوەکـانی ئـاو :ئەمـانه نەک تەنهـا سـەرچاوەی ژیان بوون، بەڵکو شـوێنی گرنگ بوون بۆ کۆبوونەوه و کارلێکی کۆمەڵایەتی و کلتووری که فـاکتەرێکی بەهێزی مـانەوەش بوون وەک پێکهاتەیەکی نەتەوەیی .

٢ .لەناوچوونی کەرەسـته و سـامانی کلتووری بەرهەست

لەناوبردنی کەلەپور :جلوبەرگی کوردی، ئامێرە کشـــتوکاڵییەکان، گاســـن و هەوجارو گۆزەو دیزەو ئامێرە میوزیکییەکان، شمشاڵ و زورنا، بەرەو مافورو لباد قاڵی و بەرهەمی دەستی.

لەناوچوونی سـامانی کشـتوکاڵی: ڕەزە تری و مێو، بـاخی میوه و بەرهەمه کشـــتوکـاڵییه تایبەتەکانی تر وەک گەنم وجۆی پشتاوەکان و توتن و تەمـاتەو برنج و لۆکەی بەراوەکـان و زۆی تری ناوچەکه. بەرهەمه ئاژەڵییەکان وەک ماســـت وشـــیروپەنیر و ڕۆنی کەرە (ڕۆنی خۆمالّی)

٣ .شێواندن و لەناوبردنی میراتی نامادی

پچڕاندنی زنجیرەی گواستنەوەی کلتووری :له ڕێگەی کوشـــتن و دوورخســـتنەوەی ئەندامه بەتەمەنەکانی کۆمەڵگا، زنجیرەی گواستنەوەی زانیاری کلتووری له نەوەیەکەوه بۆ نەوەیەکی تردچڕا.

نەمانی فۆلکلۆر و داستانەکان :چیرۆکی میللی، گـۆرانـی، هەڵپەڕکێ و داســـتـانەکـان که پەیوەستبوون به ناوچه دیاریکراوەکان.

لەنـاوچوونی زاراوه نـاوچەییەکـان :زاراوه و دەســـتەواژه تایبەتەکانی هەندێک ناوچه که تایبەت بوون به گوند و دەڤەرێکی دیاریکراو کەوتنه مەترسی لەناوچوون.

٤ .شـکسـتی ڕەنگ و جواناسـی له کلتووری کوردیدا

گۆڕانکاری له ئامادەیی ڕەنگه زیندووەکان :له دوای ئەنفال، بەشـــێکی بەرچاو له جلوبەرگی کوردی، که پێشـــتر به ڕەنگی زیندوو و جوان

دەناسران، بەرەو تاریکی و ڕەنگی کاڵ گۆڕان.

زاڵبوونی ڕەنگی ڕەش لە لەشارو کۆمەڵگاکاندا بەتایبەتیش جلوبەرگی ژنان لە دوای پەلامارەکانی ئەنفال، ڕەنگی ڕەش بە شێوەیەکی زاڵ لەیادەوەری کۆمەڵایەتی و شیعری شاعیرانەدا ڕەنگی داوەتەوە وەک دەرهاویشتەی تاوانەکە لە کارە هونەرییەکاندا دەردەکەوێت. ئەنفالی ڕەش، کوردستانی ڕەشپۆش و ژنی ڕەشپۆش و جاشی ڕووڕەش ..هتد لەئەدەبیاتی کوردیدا ڕەنگیان داوەتەوە.

نەمان و سنووردارببوونی ڕەنگەکان لە هونەری کوردی :لە دوای پەلامارەکانی ئەنفال، هونەرمەندان و ڕۆشنبیران ڕەنگی ڕەش زیاتر بەکاردەهێنن و دەربڕینەکانیان زیاتر بەرەو بەکارهێنانی ڕەنگی تاریک و کاڵ چوون.

٥ .گۆڕانکاری لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و داب و نەریت

لەناوچوونی سیستەمی هاوکاری کۆمەڵایەتی گوندەکان :زۆر لە ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتییەکان وەک "زیارەت"، "بەرەوپیری" و "پاروویی" کە تایبەتی گوندەکان بوون لەناوچوون.

شێوازەکانی ژیان و بەها کۆمەڵایەتییەکان : گۆڕانکاری بنەڕەتی لە شێوازی ژیان و بەها کۆمەڵایەتییەکان ڕوویدا کاتێک خەڵک لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان و کۆمەڵگا زۆرەملێکان گواستراندەوە. بەتایبەتیش کە ژیانی گوندنشینەکان لە کۆمەڵگاکاندا هەموو جۆرە سەرچاوەیەکی ژیانی کشتوکاڵییان لێقەدەغەکراو لەکۆمەڵگایانەدا وەچەیان خستەوە ئیدی ئەوانەی لەشوێنی نیشتەجێکردنەوە لەدایک بوون نەمندالّی لادێ بوون نەهی شار چونکە ئەنفال بەتەواوی کلتوری گوندی گۆڕی و کاریگەری زۆریشی لەسەر ژیان وداب ونەریتی شارهەبوو. ژیانی شار و کۆچی زۆرەملێ کاریگەری قوولّی لەسەر داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و کلتووری کوردی هەبووە. هاوکات گۆڕانکاری لە بنیاتی خێزانی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت شێوەی هەڵسوکەوت و ڕوانینی نەوەی نوێ بە نیسبەت کلتووری کوردییەوە دروست بووە.

گۆڕانکاری لە نەریتە ئایینیەکان :زۆر لە نەریت و ڕێوڕەسمە ئایینیەکان کە پەیوەست بوون بە شوێن و گوند، لەگەڵ ڕووخانی ئەو شوێنانە گۆڕانکارییان بەسەرداهات. ئیتر پەیرەوی ئاینی لەداب ونەریتی کوردەواریەوە گۆڕا بۆشێوازێکی تری عەرەبی و بەتایبەتیش دوای ڕاپەرین و پەیدابوونی ئیسلامی سیاسی. بۆنمونە کوری ئەنفالکراوێک، کە پەروەردەی ئیخوان مسلمین بوو بەشێوەیەکی نارەوا پەلاماری منیدابوو. بەپاساوی ئەوەی بەراوردێکم لە نێوان ئازایەتی (شێخ حوسێنی هەزارکانی و ترسنۆکی جەلادەکەی ئەنفال– (بارق حاج حنطة)دا کردبوو.. بەبروای ئەو گەنجە کەباوکیشی ئەنفالکراوە گوایە من هێرشم کردووەتە سەر ئیسلام !! بەبێ ئەوەی بەیەک وشەش باسی ئاین وئیسلامم لەوباسەدا کردبێت .. ئەم گەنجە کاتێک وشەی عروبەی لەناو بابەتەکەمدا دیبوو وای لێکدا بووەوە من سوکایەتیم بە (مەرجعی فیکری)یەکەی کردووە کە ئاینە بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەی من ئاماژەم پێکردبوو ڕۆح و ڕەفتاری فاشیزم بوو .. ئەو بۆی نوسی بووم ڕاستە باسی ئیسلامت نەکردووە بەڵام کاتێک باسی عروبە دەکەیت مەبەستتە لە پیرۆزی زمانی عەرەبی بدەیت کە زمانی پێغەمبەری موسڵمانانە و قورئانی پێنوسراوەتەوە ؟ سەیرەکە لەوەدابوو من باسی ئازایەتی شێخ حوسێنم کردبوو، کە لەئەنفالدا لەگەڵ خێزانەکەیدا گیرابوون و هەندێک لەجاشەکان هەوالّی گرتنی شێخ حوسێنیان دابوو بەعزەت دوری و ئەویش ئەم هەوالّەی گەیاندبووە سەدام و سەدامیش بریاری ئازادکردنی خۆی و خێزانەکەی شێخ حوسێنی دابوو .. بەڵام ئەو ڕەتی کردبووەو

وتبووی یان من و ئەوخەڵکە هەمووی ئازادبکەن دەنا بەتەنیا لەم قەڵایە دەرناچم." ئەمە لەبری ئەوەی سەرکۆنەی بەعسیزم بکات کەسورەتێکی قورئانی بەکارهێناوە سەرکۆنەی منی کردبوو، کە قسەم لەبارەی عروبەوە کردووە !

دەرهاویشتە کلتوورییەکانی ئەنفال لە ئێستادا

١ .دابڕانی نەوەکان لە یەکتر و لەمیراتی کلتووری

نەوەی دوای ئەنفال بە شێوەیەکی سروشتی پەیوەندی لەگەڵ کلتووری نیشتمانی پێش ئەنفال نەماوە. بەشێکی زۆری ئەو نەوەیە لە کەمپ و شارەکاندا گەورە بوون و ئاشنایەتیان لەگەڵ ژیانی گوندنشینی و کلتووری پێش ئەنفالدا نیە یان هەیانەو زۆر کەمە. هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی دەسەڵاتدارانی کوردو حزبەکان کەدەستیان بەسەر تەواوی دەزگا رۆشنبییەکاندا گرتووەو میدیاکانیان پشتیان کردووەتە رۆشنبیری و کلتوری کوردی و دراماو فەرهەنگی ئەوانیدی هاوردە دەکەن و بەسەر کۆمەڵگەی دوای ئەنفالیدا دەسەپێنن.

٢ .هەوڵەکان بۆ پاراستنی میراتی کلتووری

سەرەڕای کاریگەرییە نەرێنیەکانی ئەنفال و سەرەڕای داگیرکردنی ناوەندەکانی رۆشنبیری و هونەری لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، بەڵام هێشتا هەندێک هەوڵی بەرچاوی باش هەن کە کار بۆ پاراستن و زیندووکردنەوەی میراتی کلتووری کوردی دەکەن، وەک:

چالاکەکانی بواری ئەنفال و جێنۆسایدی کورد و دامەزراندنی هەندێک مۆزەخانەی بچوکی ئەنفال بۆپاراستنی یادەوەری و کەلوپەلە کلتوورییەکان وەک ماڵی مرییەم لە کۆمەڵگای رزگاری .

تۆمارکردن و هەندێک کۆکردنەوەی چیرۆک و گێڕانەوەی ڕزگاربووان لەرێگەی گۆڤاروبڵاوکراوەی تایبەت بەو دۆسێیەو هەندێک فیلم و ڕێپۆرتاژی تەلەفزیونی. بەرچاوترینیان گۆڤاری ئەنفالستان و گۆڤاری تۆپزاواو کەسانی چالاکی وەک سمکۆسابیر شەریف.

هەوڵەکان بۆکۆکردنەوەو دۆکێومێنتکردنی کەلەپووری کوردی پێش ئەنفال وکیمیاباران وەک (دۆکێومێنتکردنی مێژووی هەڵەبجە) و هەوڵەکانی هێمن عەبدوڵا گۆپتەپەیی.

دەرەنجام

تاوانی ئەنفال نەک تەنها کارەساتێکی مرۆیی، بەڵکو هێرشێکی قوڵ بوو لەسەر کلتوور و شوناسی کوردی. لەناوبردنی ژینگەی فیزیکی کلتووری کوردی، شێواندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، و دابڕانێکی قوڵ لە نێوان ڕابردوو و ئێستای کولتووری کوردی، بووەتە هۆی دروستبوونی برینێک کە تا ئێستاش ساڕێژنەبووە وپێناچێت وا بەخێرایی ساڕێژببێت بەتایبەتیش بەم دیدی بەریوەبردنەی ئیستایەوە. هەوڵدان بۆ تێگەیشتن، دۆکیومێنتکردن و پاراستنی ئەو لایەنە کلتوورییانەی کە زیانیان پێگەیشتووە، بەشێکە لە پرۆسەی ساریژکردنی ئەو برینەی ئەنفال کردوویەتیە جەستەو ڕۆحی کورد. بەرگریکردن لەکوردبوون و ریگری کردن لە دووبارەبوونەوەی تراژیدیایەکی هاوشێوەی ئەنفال لە داهاتوودا. پێویستی بەخەباتێکی نەبراوەی کوردییە بەتایبەتیش ئەرکی زانکۆکان و ناوەندە ڕۆشنبیریەکان تویژینەوەو لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەو زیانە کلتوورییە بکەن، بۆنمونە ڕەنگاوڕەنگ کردنی کوردستان بەرپەرچدانەوەی ئەو گورزەیە کە

بەر ڕەنگ کەوت، چونکە ڕەنگ لەناو کلتوردا دەتوانێت شەڕی مانەوەی پێبکرێت و تێگەیشتنێکی قوواڵتر بۆ کاریگەرییە درێژخایەنەکانی جینۆساید لەسەر شوناسی کوردی پێشکەش بکات.

بەرخودانی دژ بە بیرچوونەوەی یادەوەریی: ئەنفال

فاتمە کۆچاک

لە تورکییەوە: نەجیبە قەرەداغی

چواردەی مانگ بوو
لەسەر گۆڕەکە، با قەاڵمەکەی فڕاندم
کە دۆزیمەوە و پێم نووسی
پۆل پۆل فڕین وشەکانم
پانزەی مانگ بوو
"سیروان" قەاڵمەکەی بردم
وەختێ گرتمەوە و پێم نووسی
بوون بە ماسیی شیعرەکانم
شانزەی مانگ بوو!
ئاخ، شانزەی مانگ!
کە شارەزوور قەاڵمەکەی لێ وەرگرتم
وەختێ دایمەوە بنووسم
وەک هەاڵبجە
وشک بووبوون پەنجەکانم[١٣]!

ئەم بابەتەی فاتیمە کوجەک لە ئەم وتارە لە کتێبی ژنۆلۆژی " باشوور" باڵاو بۆتەوە. لەبەرگرنگی بابەتەکەو تایبەتمەندێتی ئەنفالستان بەم دۆسێیە بەباشمان زانی لێرەدا باڵاوی بکەینەوە.

جوگرافیای گوڵەکانی بەهار و کێڵگە شەپۆلئاساکانی گەنم، جۆگە و ڕووبارە خرۆشاوەکان و دۆڵە قوواڵ ترسناکەکان، ئەشکەوتی شاراوە و تاشەبەردە ڕووتەکان. سەرەتا و بەر لە هەموو شتێک، ئێرە شوێنێکە، کە ڕێتمی ژیان لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و چیاکاندا دیاری دەکرێت. لووتکەکان کە بە شێوەی زنجیرەیی بەرەو هەموو لایەک درێژ دەبنەوە، بەرزترینەکانیان بە درێژایی ساڵ بەفر دایپۆشیون. پەندێکی پێشینان دەاڵێت: "کورد جگە لە چیا دۆستیان نییە". داگیرکەران ئەمە باش دەزانن و لە هەر شەڕێکدا کە دژی کورد بەڕێوەی دەبەن، سەرەتا "چیا"کان دەکەنە ئامانج، چونکە دەزانن کوردێک کە پشت بە چیا نەبەستێت، هەمیشە ڕووبەڕووی هێرش دەبێتەوە. عەلی حەسەن مەجیدی پیاوە وەفادارەکەی دیکتاتۆر سەدام حسێن، کە بەرپرسیار بوو لە ئەنجامدانی کۆکوژی "غەنیمەت" لە کوردستان، ئەم ڕاستییەی دەزانی و پێش دەستپێکردنی کۆکوژییەکان یەکەمین فەرمان، کە بە سەربازەکانیدا دابوو، ئەوە بوو؛ "ئەگەر چیاکان تەخت بکەین، لە یەک ڕۆژدا هیچ شوێنەوارێکی کورد نامێنێت".

دەکرێت کۆکوژی وەک کۆنترین خووی شارستانییەت هەژمار بکرێت. تۆمارە میژووییەکان، یەکەمین قڕکردنی بەکۆمەڵ لە ساڵی ١٤٩ پ.ز لە ساڵنامەدا تۆمارکردووە، لەبارەی لەناوچوونی قەرتاجە لە کۆتایی جەنگی سێیەمی پونیک. بەاڵم ئەگەر هەنگاوێک، ئاوڕ لە پاش بدەینەوە، دەتوانین بڵێین کە لەگەڵ پێکدادانی شۆڕشی کشتوکاڵی لە میزۆپۆتامیای ژوورین و دژە شۆڕش لە میزۆپۆتامیای ژێرین، یەکەمین کۆکوژی لەلایەن سێیانەی "ڕاهیب – شا – سەرباز"ەوە لە خودی ژندا لە بەرانبەر کۆمەڵگە پەرەی سەند. چونکە میتۆلۆژییەکان لە ڕۆژهەاڵتەوە بۆ ڕۆژئاوا، پڕن لە پەیکەری ئەو خوداوەندانەی سەمبولی کۆمەڵگەی دایکانە (کۆمەڵگەی

[١٣] شێرکۆ بێکەس، شانزەی ئادار لە هەڵەبجە، باڵوکراوەکانی شیعریستان، ئەستەنبوڵ: ٢٠١٨.

سرووشتی)ن، کە سەرەتا بە دەستوەردانی ئایدۆلۆژیی زیهنییەتی پیاوسالاری بۆ ڕیشەی خراپە گۆڕان و دوایی بۆ بڵاوکردنەوەی ترس لە کۆمەڵگەدا، ناسنامەکانیان چەواشەکران. یەکەم و دووەم شکانی ڕەگەزی سیستەمی پیاوسالاری هێنایەئاراوە، کە خۆی لەسەر ئەو کۆکوژییە بنیاتنا، کە دژی ژنان ئەنجامدرا[١٤]. دەکرێت بڵێین قڕکردنی کۆمەڵگە / کۆکوژی، کە داهێنانی شارستانییەتی دەوڵەت و پیاوسالارییە، کە دواتر ڕەنگدانەوەی لە ئایینە تاکخوداییەکانیشدا هەبووە، کە ژنانی بە بێ سوژە مەحکوم بە لەناوچوون کردووە.

بەکارهێنانی جینۆساید وەک چەمکێک بۆ ئەو کۆمەڵکوژییانەی کە بە شێوازی درێندانە لە مێژووی شارستانییەتدا ڕوویانداوە، دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی نزیکتر. چەمکی جینۆساید یەکەمجار لە ساڵی ١٩٤٣ لەلایەن ڕافاییل لێمکینەوە داهێنرا و دوای جینۆسایدی جووەکان لەلایەن نازییەکانەوە، لە ساڵی ١٩٤٨ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە (UN) پەسەند کرا. لە ماددەی دووەمی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە ڕێگریکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید، بەم شێوەیە جینۆسایدی پێناسە کردووە: "هەر کردەوەیەک لەم کردەوانەی خوارەوە، بە مەبەستی لەناوبردنی تەواو یان بەشێک لە گرووپێکی نەتەوەیی، ئیتنیکی، ڕەگەزی یان ئایینی ئەنجام بدرێت، بە تاوانی جینۆساید دادەنرێت: "کوشتنی ئەندامانی گرووپێک، زیانی گەورەی جەستەیی یان دەروونی بە ئەندامانی گرووپێک، خستنەژێر بارودۆخێکی تایبەتی ژیانەوە کە پێشبینی کرابێت ببێت بەهۆی لەناوچوونی تەواو یان بەشێکی فیزیکی گرووپێک، سەپاندنی ڕێوشوێن بۆ ڕێگریکردن لە منداڵبوون لەناو گرووپێک، گواستنەوەی بەزۆری منداڵانی گرووپێک بۆ ناو گرووپێکی تر"[١٥].

نووسەرانی کتێبی "مێژوو و سۆسیۆلۆژیای جینۆساید"، فرانک چالک و کورت جۆناسۆن، کە ئەم پێناسەیەیان بە کێشەدار زانیوە، جینۆساید بەم شێوەیە پێناسە دەکەن: "کۆمەڵکوژی بریتییە لە کوشتاری بەکۆمەڵی یەک لایەنە، کە لەلایەن دەوڵەتێک یان دەسەڵاتێکی تر‌ەوە ئەنجام دەدرێت، بە مەبەستی لەناوبردنی گرووپێک کە بوونیان وەک گرووپ و ئەندامبوونیان لەو گرووپەدا لەلایەن بکەرەوە پێناسە. ئەگەر بە هەموو لایەنەکانییەوە سەیری ئەم بابەتە بکەین، کە نموونەی زۆری لە مێژوودا هەیە، بۆ هاندانی مرۆڤێک بۆ لەناوبردنی مرۆڤێکی تر، پێویستە بە تەواوی سووکایەتی پێبکرێت، پەراوێز بخرێت و بڕوای پێ بهێنرێت، کە نزمترە. بکەران سەرەتا هەموو پەیوەندییەکی مرۆیی لەگەڵ گرووپی دەستنیشانکراو دەپچڕێنن بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دەست بە کوشتنیان بکەن. قوربانییەکان کەمتر لە مرۆڤ ببینن، کە لەناوبردنیان خزمەتێکە بۆ کۆمەڵگە. کاتێک ژێرخانی جینۆساید ئەنفال ئامادە دەکرا، دەبینین کە هەمان دۆخ ڕووی دا. عەلی حەسەن مەجید، کە ئامۆزای دیکتاتۆر سەدام حوسێن بوو و سکرتێری گشتی مەکتەبی باکووری حزبی بەعسی عێراق بوو. دەسەڵاتی پێدرابوو بۆ ئەنجامدانی جینۆساید لە باشووری کوردستان. لە ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکانی دەوڵەتی عێراقدا بەم شێوەیە باسی کوردی کردووە: (ناهێڵم چیتر وەک کەر لە چیاکان بژین، بەچەکی کیمیایی لەناویان دەبەم، کێ قسە دەکات؟ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی؟ لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەم و لەوانەش کە گوێیان لێدەگرن). پێم وابوو لەوانەیە چەند کەسێکی باشیان تێدا بدۆزینەوە

[١٤] ع.ئۆجالان – مانیفستۆی شارستانی دیموکراتی- بەرگی پێنجەم

[١٥] https://inhak.adalet.gov.tr/Resimler/Dokuman/2312020093827bm_11.pdf

(لەناو کورددا)، بەڵام هەرگیز نەماندۆزییەوە. جگە لە پارێزگارەکەی هەولێر و سلێمانی ئەوانی تر نە دڵسۆزن و نەباشن، ئەو سەگانە بۆچی باشن؟ سەریان پاندەکەمەوە، شۆڤڵ دەنێرم بۆ نزیک و دوور لەگۆڕیان دەنێم."[١٦]

جینۆسایدەکان کردەوەی خراپەی دەسەڵاتن کە بۆ ئامانجێکی ستراتیژیی دیاریکراو جێبەجێ دەکرێن و دەبینرێت، کە ئەم کردەوەیە بە هەمان شێوە لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا جێبەجێ کرا. ڕژێمی بەعس لە عێراق، کە لە حەفتاکانەوە لە نێوان دانپێدانان بە ئۆتۆنۆمی و لەناوبردنی کورددا دەهات و دەچوو، چەندین جار تاکتیکی گێژەر و قامچی بەکارهێنا، کاتێک دەسەڵاتی خۆی پتەو دەکرد و بەرەو ئامانجی کۆتایی هەنگاوی دەنا. حزبی بەعس لە ساڵی ١٩٧٠ بەهۆی هەوڵی پتەوکردنی پێگەی خۆی لە دەسەڵاتدا، پێشنیاری ئۆتۆنۆمی بۆ کورد کرد. بەڵام ڕژێم بە ئەنقەست هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستانی بە شێوەیەک دیاری کرد، کە سامانە زۆرەکانی وەک نەوت، لە هەرێمە دابڕاوەکان لە کوردستان بهێڵێتەوە. دوای چوار ساڵ لە دانوستاندن، هەرێمی ئۆتۆنۆم لەلایەن کوردەوە ڕەتکرایەوە و لە ١٩٧٤ لەلایەن بەغداوە یەک لایەنە جێبەجێ کرا، لە سێ پارێزگای هەولێر، سلێمانی و دهۆک پێکهاتبوو. سەرەڕای ئەوەی نزیکەی نیوەی خاکی هەرێمی باشووری کوردستان لە دەرەوەی ئۆتۆنۆمی مایەوە. هەرێمی ئۆتۆنۆم گرنگییەکی ئابووری ڕاستەقینەی هەبوو، چونکە نیوەی بەرهەمی کشتوکاڵی عێراق، کە زۆربەی بیابان بوو و کورتهێنانێکی زۆری لە بەرهەمهێنانی خۆراکدا هەبوو، لە کوردستان بەرهەم دەهات. دوای بڕیاری ئۆتۆنۆمی، ڕژێمی بەعس دەستی بە پرۆسەی بە "عەرەبکردن"ی کەرکووک، خانەقین و ناوچەکانی تری نەوتی باکوور کرد، بە دەرکردنی جووتیارە کوردەکان و نیشتەجێکردنی خەڵکی هۆزە عەرەبە هەژارەکانی باشوور لە شوێنیان. پێش ئەنفال، لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ و ١٩٨٦، زیاتر لە ملیۆنێک کەس ئاوارەکران. لە باشووری کوردستان کە خاوەن کولتوورێکی ڕیشەداری بەرخودانە، بەرەنگاری دژی سیاسەتەکانی بەعس لە ماوەی ئەو ساڵانەدا بەردەوام بوو. سەرەڕای ڕێککەوتننامەی جەزائیری ١٩٧٥ و "ئاش بەتاڵ"، بەرخودان لە ناوچە گوندنشینەکاندا خۆی ڕێکخستەوە.

بێگومان لەم پرۆسەیەدا پێویستە باس لە پشتگیریی هێزە نێودەوڵەتییەکان بکرێت. سەدام حوسێن، کە ئەمریکا وەک هاوپەیمانی سرووشتی خۆی دەیبینی، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی شاراوەی باڵادەستی ناوچەیی و هێزە باڵادەستەکان، لەوانەش یەکێتی سۆڤیەت، دەستی دایە جینۆسایدی کورد. دواتر کاتێک بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ سەدام ئاوەژوو بووەوە، ئەو باڵادەستەی ئەوی ڕووخاند. بەپێی تۆمارە فەرمییەکان، ئەوان چاویان لە لەناوبردنی ٢٠٠،٠٠٠ کەس و سووتاندنی ٤٠٠٠ گوند نووقاند، تەنیا لە ماوەی دوو ساڵدا. ئەو ڕۆژانە، لانی کەم بۆ کورد، ڕۆژێک بوو کە جیهان کەڕ، لاڵ و کوێر بوو. ئەو ڕۆژانە، ڕۆژانێک بوون، کە مرۆڤایەتی شەرمەزار بوو. ڕێزی خۆی لەدەست دا و سەرکۆنەکرا. هەر بۆیە، لە گفتوگۆکاندا سەبارەت بە ئەوەی کێ جینۆسایدی ئەنفالی ئەنجام دا؟ ئەگەر بڵێین بەبێ ڕەزامەندیی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی ناوچەکە و هێزە باڵادەستەکان لەگەڵ جێبەجێکارانی ڕژێمی بەعس ئەنجامدراوە، جگە لە نەزانی سیاسی هیچی تر ناگەیەنێت! وەک ئاروندهاتی ڕۆی دەڵێت: "جینۆسایدەکان بە گشتی هەر بەو هۆیانەوە نکۆڵییان لێ دەکرێت، کە لەسەری سزا دەدرێن. چارەنووسی

[١٦] ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ – چاودێری ڕۆژهەڵاتی ناوین، جینۆساید لە عێراق، ئۆپەراسیۆنی ئەنفال دژی کورد. ئەستەنبوڵ: بڵاوکراوەکانی ئارام، ٢٠٠٤.

ئابووری کە لە سۆسی جیاکاری ڕەگەزی / ئیتنیکی / ئایینی / نەتەوەیی هەڵگیشراوە. بە کورتی، دابەزین یان بەرزبوونەوەی نرخی بەرمیلێک نەوت (یان تەنێک یۆرانیۆم)، ڕێگەدان بە دامەزراندنی بنکەی سەربازی، یان کرانەوەی ئابووری وڵاتێک، دەتوانێت فاکتەری یەکلاکەرەوە بێت لە بڕیاردانی حکومەتەکان لەسەر ئەوەی ئایا جینۆساید کراوە یان نا. تەنانەت لە ڕاستیدا لەسەر ئەوەی، کە ئایا جینۆساید بکرێت یان نا؟ و ئەگەر کرا، ئایا ڕابگەیەنرێت یان نا؟ و ئەگەر ڕاگەیەنرا، ئەم هەواڵە بەرەو کوێ دەچێت؟ بۆ نموونە، سەبارەت بە مردنی دوو ملیۆن کەس لە کۆنگۆ هیچ هەواڵێک نەکرا. بۆچی؟ ئەمە بەندە بەوەی کێ یاساکان دادەنێت؟"[١٧]

ڕژێمی بەعسی ئایینگەر – نەتەوەپەرست، ستراتیجی جینۆسایدی بە ڕەزامەندی بیدەنگی هێزە نێودەوڵەتییەکانیش جێبەجێ کرد، هەروەک ڕاوڵ هیلبێرگ لە مێژووە بەناوبانگەکەی هۆلۆکۆستدا تێبینی کردووە. بەپێی هیلبێرگ، پڕۆسەی لەناوبردن نموونەیەکی ناوەکی هەیە. لەم نموونەیەدا سێ هەنگاوی پەیوەندیدار هەن: پێناسەکردن، کۆکردنەوە (یان دەستگیرکردن)، لەناوبردن. "ئەمە پێکهاتەی نەگۆڕی پڕۆسە بنەڕەتییەکەیە؛ هیچ گرووپێک ناتوانرێت بکوژرێت پێش کۆکردنەوە یان دەستگیرکردنی قوربانییەکان و جیاکردنەوەی قوربانییەکان، ناکرێت پێش ئەوەی بکەر بزانێت کێ لە گرووپەکەدایە."[١٨] جینۆسایدی کورد لە ساڵانی ١٩٨٧ – ١٩٨٩ کە ئۆپەراسیۆنی ئەنفال لە ناوەڕاستیدا بوو، وەک نموونەیەکی تەواوی ئەم پارادایمە، وەک پەڵەیەکی ڕەش لە مێژووی جیهاندا تۆمارکراوە. یەکێک لە خەسڵەتی ناسینەوەی تاوانێکی جینۆساید دەستنیشانکردنە، کێن ئەوانەی دەبێت بکوژرێن؟ جووەکان، ئێزدییەکان، کوردە گوندنشینەکان، ئەرمەنەکان، دوای دەستنیشانکردن، پەلاماردان و کۆکردنەوە دێت. ئینجا پاکتاوکردن و کوشتن.

دوای ڕووخانی سەدام حوسێن، بەڵگەنامە دەستکەوتووەکان و گێڕانەوەی شایەتحاڵەکان پشتڕاستی دەکەنەوە، کە شالاو و ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال بەپێی پلانێکی دیاریکراو جێبەجێکراون. سەرەتا ناوچەکە دیاریکرا، دواتر لەلایەن سەربازەکانەوە گەمارۆدەدران و هاتوچۆ بۆ ناوچەکە قەدەغەدەکرا. دواتر سەرباز و جاشەکان دەچوونە ناو گوندەکانەوە، خەڵکەکەیان بەپێی تەمەن و ڕەگەز جیادەکردەوە و بە ئۆتۆمبێل بۆ شوێنی نەزانراو دەیانناردن. دوای ئەوە، چۆڵکردنی شوێنی نیشتەجێبوون و ئاژەڵ و کەلوپەلی ناوماڵەکان وەک "دەستکەوت – غەنیمە" دەستیان بەسەردا گیرا. سەربازەکان بە تەقەمەنی، بلدۆزەر و گرەیدەر خانوو، قوتابخانە و مزگەوتەکانیان لەگەڵ زەوی تەخت دەکرد، سەرچاوەکانی ئاویان بە کۆنکرێت پڕدەکردەوە. درەختی میوەدار دەبڕدرایەوە، ئاگریان لە ڕەز و باخەکان بەردەدا. هەرچەندە ئامانجی ڕژێمی بەعس لەناوبردنی بەکۆمەڵی کورد و "یەکلاکردنەوە"ی کۆتایی کێشەی کورد بوو لە عێراق، بەڵام لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنەکاندا دەیان گوندی سریانی، ئێزدی، تورکمان و جووش لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ دانیشتووانەکانیان لەناوبران. لە چوارچێوەی شالاوەکانی ئەنفالدا، باشووری کوردستان جگە لە ناوەندی شارەکان لەژێر ناوی "داماڵین لە مرۆڤ"دا بێگیان کران. هەموو ناوچە گوندنشینەکان وەک ناوچەی قەدەغەکراو ڕاگەیەندران، ڕووەک و جۆرەکانی ئاژەڵی ناوچەکانیش لەناوبران.

---

[١٧] ئاروندا‌تی ڕۆی: لەو وتارەی کە لە ١٨ی کانوونی دووەم ٢٠٠٨ لە ئەستەنبوڵ پێشکەشی کرد، بە یادی یەکەم ساڵیادی کوشتنی سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئاگۆس، حەرانت دینک.

[١٨] ڕاول هیلبێرگ–هۆلۆکۆست: Les Sources d'une histoire

بەپێی بەڵگە بەدەستخراوەکانی دەزگای هەواڵگریی عێراق، کوشتنە بەکۆمەڵەکان، بێسەروشوێنکراوەکان و ڕاگواستنە زۆرەملێکانی شاڵاوەکانی ئەنفال و ئۆپەراسیۆنەکانی تری دژە کورد لە ١٩٨٧–١٩٨٩، بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ و پلانڕێژکراو ئەنجامدراون. بەڕێوەبردنی ئەم ئۆپەراسیۆنانە تەواو ناوەندی بوو، بەڵام سەرکەوتنیان پشتی بە هاوئاهەنگی هەوڵەکانی چەندین دامەزراوە و دەزگا هەبوو لە ئاستی ناوخۆیی، هەرێمی و نیشتمانی، لە پۆستی سەرۆک کۆمارەوە تا خوارترین یەکەی جاش.

لە ساڵی ١٩٨٦، بە نووسراوێکی فەرمی کە دەیگوت؛ "ئەم یەکانەی پێکەوە ماونەتەوە هەر کاتێک مەیلی یاخیبوونیان هەیە و لە باکوور و ناوەڕاستی عێراق دەبێت هەموو ئامادەکارییەک دژی ئەم گرووپە مەترسیدارە بکەن"، پێناسەی 'مەترسیدار و نامتمانەپێکراو'یان بۆ کرا و یەکەم هەنگاوی جینۆساید نرا[١٩]. جینۆسایدی ئەنفال، کە بە ناوی سورەتی ئەنفال لە قورئان ناونرا کە واتای "دەستکەوتی جەنگ" دەگەیەنێت و لە ساڵی ١٩٨٧ – ١٩٨٨ ڕوویدا و بۆ هەشت قۆناغ دابەشکرا، هەوڵێکی بەرفراوانی ڕژێمی بەعس بوو بۆ لە ناوبردنی گەلی کورد لە باشووری کوردستان. ڕژێمی بەعس، کە جینۆسایدی بە بریاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەدام حوسێنی سەرۆکی ئەوکاتەی دەوڵەتی عێراق ئەنجام دا، کوشتارگەکانی لە نێوان مانگەکانی شوبات و ئەیلوول لە هەشت قۆناغی سەربازییدا بەڕێوەبرد. . ئەڵبەتە هەشت قۆناغەکە تەنها پەلاماری سەربازییەکان بوون، کە ئەرکیان تەنها گرتن و کۆکردنەوەی خەڵکەکە بوو، کۆمەڵکوژییەکە دواتر بە ڕێبازی جیاواز بەردەوام بوو.

لە "سەردەمی مۆدێرن" واتە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری، پەیوەندی نێوان کۆمەڵگە – بکەر و شوێن – جوگرافیا لە ڕێگەی ستراتیژی" لەناوبردن – لەبیرکردن – گۆڕین" وەک جوولەیەکی سیستەماتیکی کۆکوژیی مرۆڤ و کۆمەڵگە، هەوڵی لەناوبردن دەدرێت. هەوڵدەدرێت گەلان و کۆمەڵگەکان لەو ناوچانە دابڕێندرێن، کە زۆرترین خۆبوون و بەرگرییان دژی دەسەڵاتداریی و بااڵدەستی هەیە. گوندەکان سەرەکیترین شوێنی جێبەجێکردنی شاڵاوەکانی کۆکوژیی ئەنفال بوون، چونکە بەهێزترین ناوەندی بەرگری بوون. لە ماوەی سێ ساڵدا، بەپێی هەندێک سەرچاوە، سووتاندن و وێرانکردنی ٤٥٠٠ گوند و ڕاگواستنی خەڵکەکەی بۆ کەمپە زۆرەملێکان و گۆڕینی ئەو شوێنانە بۆ دۆخێک، کە نەتوانن بۆی بگەڕێنەوە، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەو ڕاستییەوە هەیە. لەناوبردنی گوندەکان بە ئاستێک، کە بۆی نەگەڕێنەوە، دابڕینی هەزاران کەسی دیلکراو لە کەمپەکان لە خاکەکەیان و ناچارکردنیان بە برسێتی لە باشووری کوردستان، ئاماژەیە بۆ ئەوەی دەیانەوێت کۆکوژی بەردەوام بێت. ئەم ستراتیژە دواتر لە باکووری کوردستانیش لە سەرەتای ١٩٩٠کان جێبەجێکرا و ٤٠٠٠ گوند بە ستراتیژی "ئاوەکە وشک بکە، ماسییەکە بکوژە" بە ئیلهام وەرگرتن لە بەعس، درێژەی پێدرا.

قۆناغی یەکەمی ئەنفال لە ١٨ی شوباتی ١٩٨٨ دەستی پێکرد، ماوەی شەش مانگی خایاند. ٢٢ی شوبات هەتا نۆی ئەیلوول ١٩٨٨. قۆناغی یەکەمی ئۆپەراسیۆنەکە ناوچەکانی دۆڵی جەفایەتی، دوکان، شاربازێڕ، چوارتا، قەڵاچوالان و سووراش و مەرگە و کانی توو، تەواوی ناحیەی بنگردی گرتەوە. قۆناغی دووەمی ئەنفال لە ٢٢ی ئاداری ١٩٨٨ دەستی پێکرد، هەوت ڕۆژی خایاند. شاڵاوەکان

[١٩] ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ- چاودێری ڕۆژهەاڵتی ناوین، جینۆساید لە عێراق، ئۆپەراسیۆنی ئەنفال دژی کورد. ئەستەنبوڵ: بڵاوکراوەکانی ئارام، ٢٠٠٤.

ناوچەکانی قەرەداغ، سەنگاو، بازیان، عەربەت و دەربەندیخانی گرتەوە. قۆناغی سێیەمی ئەنفال، کە بە گەورەترین و خوێناویترین قۆناغ دادەنرێت، سنوورەکانی ناوچەی گەرمیانی گرتەوە. ئەم قۆناغە لە حەوتی نیسانی ١٩٨٨ دەستی پێکرد و لە ٢٠ی هەمان مانگدا کۆتایی هات. چەمچەماڵ، سەنگاو، قادرکەرەم، دووز و لەیلان و کفری و کەلاری گرتەوە. لە قۆناغی سێیەمی ئەنفالدا، کە سەختترین قۆناغ بوو، لە بەشەکانی داهاتووی نووسینەکەدا بە تایبەت باسی هەڵەبجە دەکەین.

قۆناغی چوارەمی ئەنفال، کە لە ٣ی ئایاری ١٩٨٨ەوە تا ٨ی ئایار درێژەی کێشا، کەرکووک، پردێ، شوان، شێخ بزێنی و قەرەهەنجیر وکۆیە وتەقتەق وگونـدەکانی دەشتی هەولێر و تەکیە و چەمچەماڵ و ئاغجەلەری لە پارێزگای سلێمانی گرتەوە. دواتر قۆناغەکانی پێنجەم، شەشەم و حەوتەمی ئەنفال لە ١٥ی ئایاری ١٩٨٨دا دەستی پێکرد و لە ٢٦ی تەممووزدا کۆتایی هات. ئەم قۆناغە دۆڵی باڵیسان، دۆڵی مەلەکان و دۆڵی ئاکۆیان و ناوچەی خۆشناوەتی و ڕەواندز و سۆران و وەرتێ و خانەقا و چۆمان و ڕانیە و قەڵادزێ و ناوچەی چیای قەندیلی گرتەوە. قۆناغی هەشتەم، کە دوا قۆناغ بوو، لە ٢٥ ئابی ١٩٨٨دا دەستی پێکرد و ١١ ڕۆژی خایاند. ڕژێمی بەعس لەم قۆناغەدا ناوچەی بادینانی کردە ئامانج. ئۆپەراسیۆنەکانی کوشتار لە دهۆک، ئامێدی، ئەتروش، زاخۆ و کانی ماسێ بەردەوام بوو.

پەلاماری سەربازییەکان، کە لە ساڵی ١٩٨٨دا کۆتایی هات، ئێستاش کاریگەرییەکانی لەسەر باشووری کوردستان بەردەوامە. بەپێی ئاماری فەرمییەکان ٢١٠،٠٠٠ کەس لە ژن، پیاو، منداڵ و بەساڵاچوو کوژران و بێ گۆڕ بوون. یەک ملیۆن کەسیش ئاوارەکران. هەروەها چوار هەزار و ٥٠٠ گوند و ٣٠ ناحیە تەختی زەوی کران. هەزار و ٨٠٠ قوتابخانە، ٣٠٠ نەخۆشخانە، سێ هەزار مزگەوت و ٢٧ کڵێسا ڕووخێندران. ئامانج لەم وێرانکارییە سەرتاپاگیرانە ئەوە بوو؛ کورد چیتر نەتوانن لەسەر خاکی خۆیان بژین، ئەمەش لە ڕێگەی کۆمەڵێک هێرشی سیستەماتیک بۆ سەر شوێنەکانی ژیان بە گوندەکانیانەوە تا دەگاتە کشتوکاڵ، ژێرخان، ڕێگاوبان ..هتد، جێبەجێکرا. لە ماوەی شالاوە کۆکوژییەکانی ئەنفالدا، لەگەڵ لەسێدارەدانی بەکۆمەڵ، ڕاگواستن و ئۆپەراسیۆنەکانی زەمینی و ئاسمانی، ٧٧ جار هێرشی کیمیایی ئەنجام درا.

شالاوەکانی کۆکوژیی ئەنفال قۆناغ بە قۆناغ، سەرەتا بە گەمارۆدان و پاشان کۆکردنەوە و دواتر ڕاگواستن و لەناوبردنی بەکۆمەڵ جێبەجێکران. هەڵەبجە زۆرترین دەنگدانەوەی هەبوو لە ڕای گشتیدا. هێرشی کیمیاوی بۆ سەر هەڵەبجە، کە لە قۆناغی سێیەمی شالاوەکانی ئەنفالدا بوو، بوو بە هێمایەک لە کۆکوژییەکانی ئەنفالدا. هەڵەبجە و دەوروبەری بە گازی خەردەل، گازی دەمار (سارین، تابوون، ڤی ئێکس)، ژەهری خوێنمەییەنی هایدرۆسیانید و گازی کیمیاوی، یان بە ناوی باوتر، چەکی کۆکوژ بۆردومانکران. لە کاتی بۆردومانەکەدا، خەڵک "بۆنێکی خۆش، بۆنی سێوی شیرین، پرتەقاڵ و سیر"یان دەکرد و بە تێپەڕبوونی چەند خولەکێک، بە ئەستەم هەناسەیان دەدا و دواتر دەمودەست گیانیان لەدەستدەدا. هەندێکیان بە پێکەنینەوە گیانیان دەرچوو، مردنی هەندێکی تر درێژەی دەکێشا؛ سەرەتا بە سووتان، دڕووستبوونی بقڵی ئاوی زەردباو یان بە ڕشانەوەیەکی سەوزباو، دەمردن. کۆکوژیی هەڵەبجە نزیکەی ٥٠٠٠ پیاو، ژن، منداڵ و بەساڵاچووی کوشت؛ زیاتر لە ١٠ هەزار کەسی بریندارکرد. هەزاران کەس هێشتا بێسەروشوێن و هەزاران کەس بەهۆی نەخۆشی و کەمئەندامیی دوای لەدایکبوون، دوای کۆمەڵکوژییەکە گیانیان لەدەستدا. ئەوانەی بە زیندوویی ڕزگاریان بوو، بە ڕێژەیەکی زۆر لە ئاسایی، کێشەی تەندروستییان هەبوو. بە بەراورد لەگەڵ

ناوچەکانی تری وڵات، ٢٤ جار زیاتر لەباربردن، ١٠ جار زیاتر شێرپەنجەی ڕیخۆڵە، جۆرەکانی تری شێرپەنجە، نەخۆشییەکانی هەناسە، کێشەکانی پێست و چاو، ژنان کێشەی نەزۆکیان هەبوو. ئەم هێرشە کیمیاوییانە کاریگەری جەنەتیکی بەردەوامیان هەبوو و ئەم کاریگەرییە لە ڕێژەی کەمئەندامی لەدایکبوون لەو شارانەی کە هێرشیان کرایە سەر بە ڕوونی دەردەکەوێت. هەندێک سەرچاوەش ئاماژە بەوە دەکەن کە ئامانجی سەرەکی ئۆپەراسیۆنەکە هەر ئەوە بووە. ماوەیەک دوای هێرشەکە، چەند ڕۆژنامەنووسێک چوونە هەڵەبجە. یەکێک لەو ڕۆژنامەنووسانە کاوە گوڵستان بوو، کە ئەوەی بینیبووی بەم شێوەیە باسی دەکات:

"ژیانێکی وەستاو هەبوو. ژیان وەستابوو؛ وەک ئەوەی فیلمێک سەیر بکەیت و لە وێنەیەکدا ڕاوەستابێت. بۆ من، ئەمە شێوازێکی نوێی مردن بوو. دەچیتە ژوورێک، چێشتخانەیەک، ژنێک دەبینیت (پێش ئۆپەراسیۆنەکە) بە چەقۆیەک لە دەستیدا خەریکی گێزەر وردکردن بووە. دوای ئەوە زۆر خراپتر بوو. قوربانییەکان هێشتا بۆ شوێنێک دەبران. چەند گوندییەک هاتنە لای هێلیکۆپتەرەکەمان. ١٥ یان ١٦ منداڵی جوان لەگەڵیاندا بوون، پارانەوە لێمان، کە بیانگەیەنینە نەخۆشخانە. هەموو ڕۆژنامەنووسەکان لەوێ دانیشتین و هەر یەکەمان منداڵێکمان هەڵگرت. کاتێک هێلیکۆپتەرەکە بەرزبووەوە، شلەیەک لە دەمی کچە بچکۆلەکەی باوەشمەوە هاتەدەرەوە و لە باوەشمدا گیانی لەدەستدا" [٢٠].

کاتێک قوربانی دەنگی نابیستریت، بەهێزترین هاندەرە بۆ ئەوانەی کۆکوژی ئەنجام دەدەن. ئەم ڕۆژانە ئەو بێدەنگییەی لە کاتی کوژرانی هەزاران کەس لە تەنیا ڕۆژێکدا لە غەززە دەیبینین، زۆر شتمان پێ دەڵێت دەربارەی چۆنیەتی بێدەنگی و هاوبەشی لە تاوان. لە کۆکوژیی ئەنفالدا دەتوانین ببینین، کە ئەم بێدەنگییە لە هەموو لایەکەوە کاری کردووە. کاتێک باس لە کوردستان دەکرێت، لە پرۆسە مێژوویییەکانی هەموو پارچەکانەوە باش دەزانین، کە ئەم بێدەنگییە چەند قات زیاتر دەبێت. هەروەک چۆن لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بێدەنگییەکی تاوانبارانە بەرانبەر لەناوبردنی سەدان هەزار کورد لە کۆچگری، ئاگری، ساسۆن، دێرسیم و زیلان هەبوو، لە چارەکی کۆتایی سەدەی بیستەمیشدا، لەژێر ناوی ئەنفالدا، کەس ئاگای لە کوشتنی سیستەماتیکی سەدان هەزار کەس و ئاوارەبوونی ملیۆنان کەس نەبوو. ئەمڕۆش بە هەمان شێوە، ئەم بێدەنگییە لە کوردستان دەوڵەتە داگیرکەرەکانی ناوچەکە هاندەدات و بە ڕێبازی چەکی کیمیاوی بۆ لەناوبردنی کۆمەڵگە و بەرخودان بەکاردەهێنرێت[٢١].

بەپێی لێکۆڵینەوەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ، گازی کیمیاوی بە هەڵەبجەوە، لانیکەم لە ٦٠ گوند و شارۆچکەدا بەکارهێنرا، بەڵام هیچ هێزێکی باڵادەست بایەخی پێنەدا، تا ئەو کاتەی کە بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو جانەوەرەی کە هەر خۆیان دروستیان کردبوو، سەدام حسێن، یەکی نەگرتەوە و بە بیانووی "چەکی کیمیاوی هەیە" هاتنە عێراقەوە. سەدام حسێن هەرگیز لەسەر کۆکوژیی هەڵەبجە دادگایی نەکرا، چونکە لە دۆسیەی کۆمەڵکوژی دوجەیل لە ساڵی ١٩٨٢ سزای مردنی بەسەردا سەپێنرا و لەسێدارەدرا. بەڵام عەلی حەسەن مەجید، ئامۆزای سەدام حسێن، کە بە "عەلی کیمیاوی" ناسرابوو، بێگومان بە ڕەزامەندی سەرگەورەکەی سەدام حسێن، وەک بەرپرسی

[٢٠] https://military-history.fandom.com/wiki/Kaveh_Golestan

[٢١] باشووری کوردستان لەژێر هەڕەشەی چەکی کیمیاییدایە"، ڕۆژنیوز، ٧ی تەممووزی ٢٠٢٢ https://rojnews.news/tr/guney-kurdistan-kimyasal-silahlarin-tehdidi-altinda/

سەرەکی ئەو جینۆسایدە لە کەیسی هەڵەبجەدا دادگایی کرا، سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنرا و لە ٢٥ی کانوونی دووەمی ٢٠١٠دا لەسێدارەدرا.

لە دوای ٣٦ ساڵ لە جینۆسایدی ئەنفال، ناتوانین باس لە سەرچاوەیەکی دڕووست و تەواو بکەین، کە بە ژمارە و ئەنجامەکانی بەشێوەیەکی ڕاست دەربببڕین. لە هەموو قۆناغەکانی ئەم جینۆسایدە، شێوازێکی کوشتنی بەکۆمەڵ بەکارهێنرا، کە گۆڕ لەئارادا نەبوو، تەنیا بۆ ئەوەی خەڵک لە شۆک و دۆخێکی تۆقێنەردا دەستبەرداری بەرەنگاربوونەوە بن. لە کەمپەکانی کۆکردنەوەدا، ئەوانەی بە "خراپکار" ناودەبران و بە مەترسیدار دەبینران، بە هەزاران کەس بەبەرچاوی کەسوکارییانەوە بردران. بۆ ماوەیەکی درێژ هیچ هەواڵێک لە چارەنووسیان نەبوو، چونکە وەک شێوازێکی کۆکوژی، نەک لەسەر خاکەکەیان، بەڵکو لە بیابانەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراقدا لە گۆڕی بەکۆمەڵدا نێژران. یەکێک لە گرنگترین لایەنەکانی ئەم کۆکوژییە، وەک زۆربەی نموونە هاوشێوەکانیی لە مێژوودا، سیاسەتی بێ گۆڕکردن بوو، کە بە سیاسەتی بێ یادەوەریکردنی کۆمەڵگە ناسراوە.

بەپێی داتاکانی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان، لە شالاوەکانی ئەنفالدا لە کۆی ٢١٠ هەزار کەسی کوژراو، ١٨٢ هەزار کەسیان لە بیابانەکانی عێراق بە زیندوویی لەو چاڵانەی بە بولدۆزەر هەڵکەنران، زیندەبەچاڵکران. تاکو ئێستا تەنها پاشماوەی ئێسکی ٢٦٧٢ کەس دۆزراوەتەوە. واتە هێشتا ڕووفاتی ٩٨.٥٪ی ئەو کەسانەی کوژراون، لەژێر خاکدان و سیاسەتی بێ گۆڕکردن، یەکێکە لە کاریگەرییە بەردەوامەکانی ئەنفال. زۆربەی ئەو کەسانەی لە کۆکوژیی ئەنفالدا لە زێدی خۆیان دەرکران و لە بیابانەکانی عێراقدا کوژران و فرێدرانە گۆڕە بەکۆمەڵەکانەوە، هێشتا لەژێر خاکدا بێ گۆڕن. نیکرۆپۆلەتیک (سیاسەتی مردن) کە لەلایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە پەیڕەو دەکرێت، سیاسەتێکی بێ یادەوەریکردنە کە لە هەر چوار پارچەی کوردستان جێبەجێ دەکرێت. دەریا ئایدن، ئەنترۆپۆلۆجیست و هاوتەریب وتەبێژی دەستپێشخەری ڕێزگرتن لە مردووان و دادپەروەری، ئەم سیاسەتە بەم شێوەیە پێناسە دەکات: "یادەوەریی پەیوەندی بە مردن، مێژوو بە گۆڕەوە هەیە. گۆڕەکان کەرەستەی بەرجەستەی مێژوون. کردەوەکانی دەوڵەت بەرانبەر بە مردووەکان دەستێوەردانێکە لەو پرۆسەیەدا بە گشتی. باس لەوە دەکرێت، شێوێنبزرکردنی قوربانییەکە و تاوانەکە، بۆ لەناوبردنی تاوان و شاردنەوەی تاوانبار ئەنجامدراوە، بەڵام مەسەلەیەکی لەوە واوەترە. شێوێنبزرکردن، بڵاوکردنەوەی تۆقاندنە لە کۆمەڵگەدا. هەروەها پەلامارادانی ڕووفاتی ئەوانەی لە شەڕدا گیانیان لەدەستداوە، تەنیا سزادانی کەسوکارییان نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ ڕێگریکردن لە دڕووستبوونی یادەوەریی بەرخودان."[٢٢]

حکومەتی هەرێمی کوردستان ١٤ی نیسانی وەک ڕۆژی ئەنفال ڕاگەیاند، کە لەو ڕۆژەدا زۆرترین کەس کوژران (لە ١٤ی نیسانی ١٩٨٨دا، ٢٠ هەزار کەس لە گوندەکانی ملەسوورە، کۆڵەجۆی گەرمیان بران و چیتر هیچ هەواڵێکیان لە بارەوە نەزانرا)، بەڵام وێرای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە ٣٠ ساڵە لە دەسەڵاتدایە، جگە لە یادکردنەوەی ئەنفال وەک تەنها ڕۆژێک، کارێکی جددی نەکردووە بۆ بەدواداچوونی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و دیاریکردنی چارەنووسی ونبووەکان. نموونەیەکی بەردەوامبوونی سیاسەتی بێ

[٢٢] " هێزی مردووەکان، لەناوبردنی یادەوەری لە لایەن دەوڵەتەوە"، 1+1 ئێکسپریس، ٤ی ئایاری 2020 , https://birartibir.org/olulerin-gucu-devletin-hafiza-kirimi/

گۆڕکردن و بێ یادەوەرییکردنە. لە سیاسەتی نێوان دەوڵەتان، واتە سیاسەتی نێوان پیاوان، کە ڕاستییەکان هێندە کراوەن بۆ ئاوەژووکردنەوە، کۆکردنەوەی شایەتحاڵەکانی کۆکوژی و دانی مافی بەخاکسپاردن بە بێ گۆڕەکان، زیاتر لە یادەوەریمان نزیک دەکاتەوە. ئەمەش ئەرکێکە، کە دەبێت لەلایەن هەموو ئەو هێزانەی دەڵێن؛ "لە پێناوی گەلەکەیاندا خەبات دەکەن" جێبەجێ بکرێت.

کاتێک پرسیار دەکرێت کە ئایا کۆکوژی هەبووە یان نا؟ ڕوویداوە یان نا؟ بابەتەکە وەک مەسەلەیەکی زانستی سەیردەکرێت، کە مێژوونووسان دەتوانن بە لێکۆڵینەوە بیدۆزنەوە، بەڵام ئەگەر کۆکوژییەک لەلایەن دەوڵەتەوە ڕێکخرابێت، ئەوا بەڵگە نووسراوەکان لەناودەبرێن، شوێنەوارەکان دەسڕدرێنەوە و قسەکردن لەسەر بابەتەکە قەدەغە دەکرێت بۆ داپۆشینی ئەم ڕووداوانە. وا دیارە کاتێک گەواهیدەرەکان، یاداشتە ڕۆژانەییەکانیان کە ناتوانن ببنە جێگرەوەی بەڵگەی مێژوویی، توێژینەوەکانی مێژووی زارەکی و گێڕانەوەکان دەردەکەون، ئەو کاتە پێویستمان بە ئەدەب و فەلسەفە و شیکاری دەروونی هەیە نەک مێژوو، بۆ ئەوەی پەیوەندییان لەگەڵدا دروست بکەین و ئەو شتانە بناسێنین، کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گواستراوەتەوە[٢٣].

لە باشووری کوردستان، دوو ڕێباز لە توێژینەوە و بڵاوکراوەکانی تایبەت بە کۆکوژیی ئەنفال بەرچاو دەکەوێت: یەکەمیان؛ بە گێڕانەوەیەکی گشتگیر لایەنی سیاسی کۆکوژییەکە دەردەخات، بەڵام لایەنی کۆمەڵایەتی، دەروونی و مێژوویی کەم ڕەنگ دەکات.

دووەمیان، بە شێوازێکی زۆر کورتکراوە تەنها وەک ڕووداوێکی تاکەکەسی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و لە زەمینەی کۆمەڵایەتی و سیاسی دایدەبڕێت و دەیکات بە چیرۆک. ئەم دوو شێوازە لە نموونەکانی تری کۆکوژی لە جیهاندا دەبینرێن و شێوازێکی نائاسایی نین. بەڵام کاتێک باسی کۆکوژی دەکرێت، زیاتر پێویست بە هەڵسەنگاندنێکی کۆمەڵناسییانە هەیە. بۆ ئەوەش، پێویستە لە یادکردنەوەی سادە زیاتر، پرۆسەیەکی بیرهێنانەوەی شکۆدار بۆ قوربانیان و ڕزگاربووان بەڕێوەبچێت، کە لەگەڵ واتای یادەوەریی کۆمەڵایەتیدا بگونجێت. چاوەڕوانیکردن لە دەسەڵاتداران یان ئەوانەی بەشدارن لە کۆکوژییەکە کە واتا بە ئازار و ئەزموونەکانتان بدەن، وەک ئەوە وایە قوربانی چاوەڕێی بەزەیی لە بکوژەکەی بکات. بۆیە پێویستە بۆ قوربانیان یادکردنەوەیەکی شکۆدار، دروستکردنی گۆڕ و یادگاری وەک شوێنی یادەوەری هەبێت. لەلایەکی تر، هێشتا کات زۆری بەسەردا تێنەپەڕیوە، تەنها ٣٦ ساڵ بەسەر کۆکوژییەکەدا تێپەڕیوە، کە دەکرێت بۆ ڕزگاربووان هەموو باشووری کوردستان و تەنانەت هەموو کوردستان لەخۆبگرێت – پێویستە واتا بە بە ئەزموونەکانیان بدرێت و دروستکردنی گێڕانەوەیەکی مێژوویی پتەو هەبێت، تاکو کۆمەڵگە ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر، بۆ ئەوەی دووبارە هەمان شت بەسەرنەیاندا نەیەتەوە.

گۆڕانی جەستەی ژن بۆ گۆڕەپانی توندوتیژی لە کۆکوژیی ئەنفالدا

لە ئەنفالدا، زۆرترین چیرۆکسازی و ڕۆچوون بە وردەکاری ئەو ژنانەی باشوور دەگرێتەوە کە قوربانیی کۆکوژییەکە بوون. لە کاتێکدا دەیان هەزار کەس کۆمەڵکوژکران، هەزاران ژن دەستدرێژییان کرایەسەر و ژمارەیەکیان لە بازارەکاندا فرۆشران. ژنانی قوربانیی

[٢٣] "گێڕانەوەی کارەسات"، وردپرێس، ١٦ی ئابی ٢٠١٥ ، https://zeynepdirek.wordpress.com/2015/08/16/felaket-anlatisi/

ئەنفال، بە چاوی خۆیان شایەتحاڵی مەرگی منداڵەکانیان و هاواری ئەو ژنانە بوون، کە دەستدرێژییان کرایەسەر. هەرچەندە لەسێدارەدانە بەکۆمەڵەکان زۆربەی کات بەرانبەر بە پیاوانی چەکدار ئەنجامدەدران، بەڵام لە هێرشە ئاسمانی و کیمیاییەکاندا زۆربەی قوربانیان ژنان و منداڵان بوون. بەپێی هەندێ سەرچاوە ژمارەی ئەو منداڵانەی لە کۆرە بەکۆمەڵەکاندا دۆزراونەتەوە ١٠٢ منداڵن.

دەستدرێژیی بۆ سەر هەزاران ژن و فرۆشتنیان لە بازاڕەکاندا، تراژیدیایەکی باسنەکراوی ئەنفاڵە. زۆرێک لە ژنانی ئەنفالکراو تا ئێستاش بەرەنگاری ئەو کێشە دەروونییانە دەبنەوە، کە لەو ڕۆژانەوە بۆیان ماوەتەوە.

ڕزگاربووانی شاڵاوە کۆکوژییەکانی ئەنفال، هاوسەر، منداڵ و کەسوکاریان ڕووبەڕووی چەندین کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی بوونەوە. سەرەڕای هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی ڕزگاربووانی ئەنفال، ڕزگاربووان ڕەخنە لە حکومەت دەگرن، کە یارمەتیی ماددی و مەعنەوی پێویستی پێشکەش بە خێزانە ئەنفالکراوەکان نەکردووە. زۆربەی قوربانییانی ئەنفال هێشتا لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی عێراقدان. خێزانەکان داوای هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان دەکەن. هەرچەندە هەندێک لەو گۆڕە بەکۆمەڵانە هەڵدراونەتەوە، بەڵام بەهۆی قەیرانی ئابووری و ئاسایشی ناوچەکەوە، سەدان گۆڕی بەکۆمەڵی تر چاوەڕێی کردنەوەن.

سەبریە ئەحمەد، یەکێک لە شایەتحاڵەکانی ئەنفال خەڵکی گوندی داویانی گەرمیانە، ژنێکە، کە ٢٢ کەس لە خێزانەکەی لە کەمپەکانی مەرگدا لەدەستداوە. سەبریە، کە سااڵنێکە ناتوانێت پرسەیان بۆ بگێڕێت، دەڵێت: "خۆزگە هەر گۆڕێکیان هەبوایە" و باوەڕی وایە ڕەنگە ئەوکات بتوانێت بە پرسە و ماتەمینی ماڵئاوایی لە خۆشەویستانی بکات.

عەتیە حوسێن مەحموود کە توانیبووی لەگەڵ منداڵەکانی پێش گەیشتن بە کەمپەکانی مەرگی ڕژێمی بەعس ڕابکات، دەڵێت: "دووگیان بووم و سێ منداڵی بچووکم هەبوو. هاوسەرەکەم ڕۆیشت تا شتێک بۆ منداڵەکان بهێنێت و چیتر نەگەڕایەوە" و هەوڵدەدات بە نیشاندانی چەند پارچە نینۆکێکی بەجێماو لە قوربانیەکەوە، ئازارەکەی کەم بکاتەوە. تابان گەرمیانی، ئەندامی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، دەڵێت: هەرگیز ئەو ئازارانە لەبیر ناکەن کە تووشیان بوون: "ژنانی ئەنفالکراو وەک کۆمەڵگەیەکی نەخۆش و بێچارەن، هەم لە ڕووی کۆمەڵایەتی و هەم لە ڕووی دەروونییەوە بوونە بەشێک لە مێژوو".

تابان گەرمیانی، کە لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا شایەتحاڵی کۆکوژیی ئەنفال بووە، حەوت برای لە ئەنفالدا لەدەستداوە. تابان دەڵێت: هێشتا ١٨٢ هەزار کەس بێ گۆڕن، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە هەوڵدەدرێت کۆکوژییەک لە یادی گەلێک ببڕێتەوە کە تا ئاستی خەمۆکیی کاریگەری کردووە:

"هیچ کام لە دی ئێن ئەی (DNA)ی ئێمە وەرنەگیرا، لێکۆڵینەوە لە ناسنامەی ئەوانە نەکرا، کە دۆزرانەوە، ئەرشیفی زانیارییەکان نەکرا. حوکوومەت تا ئێستا ژمارەی ڕزگاربووانی ئەنفالی ئاشکرا نەکردووە، کە زۆربەیان منداڵ، گەنج، ژن و بەتەمەن بوون. تەنها باسی کەرەستەکان کرا و هیچ شتێکی تر نەخرایەبەر لێپرسینەوە. حوکوومەت هیچ کات باسی ئەوەی نەکرد، کە چەند زیانی ئابووری و دەروونی ڕوویداوە. بەداخەوە لە چەند ساڵی ڕابردوودا، وەاڵمی پرسیارەکانمان وەرنەگرتووەتەوە. ژنانی ئەنفال وەک کۆمەڵگەیەکی زۆر نەخۆش و بێ دەرەتان، چ لە ڕووی کۆمەاڵیەتی و چ لە ڕووی دەروونییەوە، چوونە ناو مێژووەوە. نەخۆشن چونکە برینەکانیان هێشتاش ساڕێژ نەبوون.

هیچ کامیان لەبیر ناکەم. کاتێک نەتەوە یەکگرتووەکان گەمارۆی خستەسەر عێراق، عێراقیش گەمارۆی خستەسەر ئێمە. وەک ژنانی ئەنفال ئەم دۆخە زۆر ناخۆش بوو بۆ ئێمە. ئەو شتانەی دوای ئەنفال ڕوویان دا هەرگیز لە یادەوەرییماندا ناسڕێنەوە".

شایەتحاڵی ئەوانەی ماونەتەوە، وەک ئەوەی هەموویان کۆک بن، ئاماژە بەوە دەکەن؛ ئەنفال کۆمەڵکوژییەکە، کە کاریگەرییەکانی لەسەر باشووری کوردستان هێشتا بەردەوامە. چونکە ئامانجی بکەرانی کۆمەڵکوژییەکان، وەک نموونەکانی جیهان و بەشەکانی تری کوردستان، بێ خاک، بێ گۆڕ، بێ بەڵگە و بێ پرسە هێشتنەوەیانە، بە کاریگەرییە درێژخایەنەکانییەوە کۆمەڵگە دیلدەکەن. لە دیوەکەی تری مێدالییەکەدا، کۆنترین "شەڕی غەنیمە –دەستکەوت" دێتەئاراوە و منداڵانی کچ لە ڕەگوڕیشەی خۆیان دادەبڕێندرێن و وەک ڕێبازێکی داگیرکاری و جینۆساید، وەک کۆیلە دەفرۆشرێن. ئەمە ڕێبازێکە کە ڕژێمە ئایینییەکانی سیستەمی دەوڵەتی پیاوسالار لە هەموو سەردەمێکی مێژوودا پەیڕەویان کردووە. جینۆسایدی ئەنفال تەنیا بە کوشتن سنووردار نەبوو. قوربانییەکان بە تایبەت ژنان، هەروەک ئەو مامەڵە نامرۆڤانەیەی داعش لەگەڵ ژنان و منداڵان کردی، دووچاری هەمان مامەڵە بوونەوە. کۆیلەکردن و فرۆشتنی ژنان، بەکارهێنانیان وەک کەنیزەک و دەستدرێژی کردنەسەریان، ئازارەکانی ژنانی ئەنفالی قوواڵتر کردەوە. دەروونی زۆرێک لەو ژنانەی ئەنفالیان بەسەر هات تا ئێستاش چاک نەبووەتەوە. لە بەڵگەنامە فەرمییەکاندا هاتووە، کە لەو سەردەمەدا ١٨ ژنی گەنجی کورد بۆ کارکردن لە یانەکانی شەوانەدا بە میسر. دیارە ئەمە تەنیا ئەو ژمارەیەیە، کە لە هەندێ بەڵگەنامەدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو ژن و کچە گەنجانەی لە مامەڵەکانیان دەرهێنران و سواری ئۆتۆمبێل کران بۆ کوشتن، فرۆشران بە قەتەر، کوێت، ئیمارات و شێخەکانی عەرەبستانی سعودی، یان وەک دیاری پێشکەشکران، لێکۆڵینەوەی لێ ناکرێت و ئاشکرا ناکرێت.

چیرۆکی کچە ڕفێندراوەکانی ئەنفال لە ساڵی ٢٠١٣ لە ڕێگەی زنجیرە درامایەک بەناوی (نیران صدیقە) کە لە کەناڵی ئێم بی سی (MBC)ی سعودی پەخشکرا، دووبارە کرایەوە ڕۆژەڤ. لە زنجیرە درامای "نیران الصدیقة" یان ئاگری دۆستانەدا، بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ باس لە فرۆشتنی ١٨ کچی کورد بە میسر و بەزۆر کارپێکردنیان لە یانەکانی شەوانەدا دەکرێت و وەک پەشیمانناماەی میسر دەردەکەوێت، کە بەشداربوون لەو جینۆسایدانەدا. لە ساڵی ٢٠١٠دا، بەڵگەنامەکانی سەر بە دەزگای هەواڵگریی عێراق بڵاوکرایەوە. لە بەڵگەنامەکاندا، نووسینگەی پارێزگاری کەرکووک، ناوی ئەو کچ و ژنە گەنجانەی بڵاوکردەوە، کە تەمەنیان لە نێوان ١٤ تا ٢٦ ساڵ بوو و لەلایەن بەغداوە فرۆشرابوون. لە نامەیەکی نووسینگەی کەرکووک بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتیی هەواڵگری، کە لە ٢٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٩ نێردراوە، هاتووە: "کچە کوردەکانی گیراو لە ئەنفالی یەکەم (گرووپی تەمەن ١٩ – ٢٤)، بە فەرمانی ئێوە نێردران بۆ یانەکانی شەوانە لە کۆماری میسر: ناو و تەمەنەکانیان بە ئاماژەی ئێوە هاوپێچکراوە".

سەرەڕای بەڵگەنامەی ئاشکرا، سەرنجڕاکێشە حکوومەتی باشووری کوردستان لەجیاتی هەنگاونان، ماوەیەکی درێژ هەوڵی دا ئەم بەڵگانە بەدرۆ بخاتەوە. حکوومەت لەو سەردەمەدا بۆ وەڵامی پرسیارەکان، هەڵبژاردنی نکۆڵیکردنی بە گوتنی؛ "هیچ تۆمارێکی وەهامان لەبەردەستدا نییە." دایەوە. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پارێزەرانی داکۆکیکاری قوربانییەکانی ئەنفال، داوایان کرد بەپەلە هەنگاو بنرێت بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ١٨ کچ و ژنە گەنجە بۆ کوردستان، ئەگەرنا ناچاردەبن پەنا بۆ ڕێکاری یاسایی ببەن.

هیچ زانیارییەک دەربارەی چارەنووسی ئەم ژنانە لە ساڵانی دواتردا بەدەست نەهێنرا، بەڵام نموونەیەکی سەرنجڕاکێش، کە گوڵاڵە گەرمیانی، ئەندام پەرلەمانی پێشووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئاژانسی هەواڵی ژنان (JINHA) لە ساڵی ٢٠١٥ باسی کرد، دەربارەی چۆنیەتی سەیرکردنەوەی جینۆسایدی ئەنفال لە ڕوانگەی ژنانەوە شتی زۆرمان پێ دەڵێت.

"تا ئێستا ژمارەیەکی دیاریکراومان لەسەر ئەو ژنانە نییە، کە لە ئەنفالدا فرۆشراون و دەستدرێژییان کراوەتەسەر. ژنان بە تایبەتی خۆیان دەبوێرن لە باسکردنی ئەم بابەتە. ژنان باسی ئەوە دەکەن، کە چەند کەس لەبەر چاویان بە برسێتی و تینوێتی مردوون، بەڵام باسی ئەوە ناکەن کە چەند ژن دەستدرێژییان کراوەتەسەر. یەکێک لەو ژنانەی قسەم لەگەڵ کرد، لەو ساڵانەدا تەمەنی بیست ساڵ بووە. داوام لێکرد ئەوەم بۆ باس بکات، کە بەسەری هاتووە. گوتی: 'هەر شتێک تۆ مەزەندەی بکەیت، بەسەرم هاتووە'. دایکی پێی دەڵێت: 'هەرچیت بەسەر هاتووە، بۆ کەسی باس مەکە'. ئەم ژنە زیاتر لە بیست ساڵە لەگەڵ ئازارەکانیدا دەژی. لە دادگاییکردنی سەدام، زۆر ژن، زۆر ژنی قوربانیی ئەنفال شایەتییان دا، کە لە بازاڕەکاندا فرۆشراون. هیچ کام لەمانە نەبوونە بابەتی دادگا. سەدام لەسەر ئەوەی بەرانبەر بە ژنانی کورد کردی، سزا نەدرا. بە جۆرێک بێسزایی ڕووی دا. سەرەڕای تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵە، هیچ داتایەکی دروست دەربارەی ئەو ژنانە پێک نەهێنرا، کە فرۆشرابوون بە وڵاتانی تری عەرەبی. ژنان نابێت شەرم بکەن یان خۆیان تاوانبار بکەن لەسەر ئەوەی دەستدرێژییان کراوەتەسەر. دەبێت خەبات بکەن. دەبێت ئەم چیرۆکانە ببیسترێن. هەموو کەس دەبێت ئەوەی بەسەری هاتووە باسی بکات، تاوەکو چیتر ئازاری وەها ڕوو نەداتەوە. با ئەو ژنانەی فرۆشراون بگەڕێنەوە وڵاتەکەیان. هەموو کەس پشتگیرییان دەکات. ئەوان مێژووی خۆڕاگریی ئێمەن".

دەوڵەتەکان لە پلانی جینۆسایددا، زیندووهێشتنەوەی هەندێک کەس وەک ڕێبازێک بەکاردەهێنن. لە ئەنفالدا دەبینین، کە ئەم ڕێبازە زۆر بەکارهێنرا. بە تایبەتی ئەوانەی کەسوکاریان لە تێکۆشاندا بەشداربوون، دەستگیرکران و لە کەمپەکانی کۆکردنەوە و زیندانەکاندا ناچارکران تەماشای ئەشکەنجەدانی کەسوکاریان بکەن. لە قەڵای نزارکێی دهۆک، زیندانی سەلامیەی موسڵ و زیندانی ئەمنەسوورەکەی سلێمانی، هەزاران ژن هەم خۆیان ڕاستەوخۆ قوربانیی ئەشکەنجە بوون و هەم ناچارکران تەماشای ئەشکەنجەدانی کەسوکاریان بکەن. ڕژێمی بەعس بەم جۆرە بەرەوڕووی ژنانی باشوور بوویەوە، کە پایەیەکی بەرەنگاریی کۆمەڵایەتی و کولتووری بوون، لە زیندان و کەمپەکاندا، کە تاقیگەی جینۆساید بوون، بەو ئامانجەی کە بیانترسێنن و دەستبەرداری بەرەنگاری بن، ناچارکران تەماشای ئەشکەنجەدانی باوک، هاوسەر، برا و منداڵەکانیان بکەن،

ئایا ڕۆحی بەرەنگاریی ژنان تێکشکا و ڕێبازەکانی قڕکەران سەرکەوتوو بوون؟ یان دەتوانین پرسیارەکە بەم شێوەیە بکەین: ئەوانەی مانەوە، بە تایبەتی ژنان، چییان بەسەر هات؟ ئەم دوو پرسیارە پەیوەندییەکی تۆندوتۆڵیان بە یەکترەوە هەیە. وەڵامی پرسیاری یەکەم بێگومان نەخێرە. سەرەڕای هەموو ئەو ئازارانەی چەشتیان، ژنانی باشوور هەرگیز وازیان لە هیوای ئازادی و ژیان نەهێنا، بەڵام ئەوانەی ڕزگاربوون، پرۆسەیەکی دژواریان تێپەڕاندووە. لە ساڵەکانی دواتردا ژنان لە لایەکەوە هەوڵیان دەدا بێ هیچ پشتگیرییەک لە حوکوومەتی نوێی دامەزراوی باشووری کوردستان لەسەر پێی خۆیان بوەستن، لە لایەکی ترەوە هەوڵی تێپەڕاندنی

ئەو خەمۆکییەیان دەدا، کە تووشی ببوون. ئەو ژنانەی گەڕانەوە بۆ ماڵ و گوندەکانیان، لەو ژیانەی هەوڵی دروستکردنیان دەدا، ڕووبەڕووی دەستەڵاتێک بوونەوە، کە مەیلی بەلای لەیادکردنی هەموو شتەکان هەبوو، وەک ئەوەی هیچ شتێک ڕووی نەدابێت. ژنان بەهۆی ئەو گەمارۆیەی، کە هەموو جیهان لەسەر عێراق و عێراقیش لەسەر باشووری کوردستانی دانابوو، برسی کران. کاتێک دوای چەندین مانگ گەڕانەوە بۆسەر خاکەکانیان، هیچ شتێک وەک جاران نەمابوو. نە ماڵ و نە زەوی و نە باخ و بێستانیان مابوو. بە هاوپشتی، یەکتریان لەسەر پێ ڕاگرت.

ساڵەکانی سەرەتا، ساڵەکانی دەربەدەری بوون و بۆ ئەم ژنانە زۆر سەخت بوون. لە هەندێک ناوچە ژنان کۆدەبوونەوە و بە گوتنی؛ 'لەبەرئەوەی کوردین ستەممان لێ دەکرێت' پشتگیری یەکتریان دەکرد. چیرۆکی هەندێک ژنیش هەیە کە لە دەوروبەری کێڵگە کشتوکاڵییەکان لە بەرەبەیانیدا کۆدەبوونەوە و هەوڵی وەرگرتنی کاریان دەدا. لەم سەردەمەدا ئەو ژنانەی خاوەن زەوییەکان هەڵیان دەبژارد، ژنی گەنج و جوان بوون. ژنان لە ڕووی زایەندییەوە لەژێر گوشاردا بوون. ساڵانێکی سەخت بوون. دوای ساڵی ١٩٩٢ چەندین ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی هاتن. یارمەتییان دان بۆ بنیاتنانەوەی گوندەکان. بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی گوندەکان، کەرەستەیان پێدەدان و هەوڵیان دەدا خەڵکەکە خۆیان کارەکە بکەن. ژنان هەوڵیان دا خۆیان گوندەکانیان بنیات بنێنەوە. پیاوەکان خەریکی کشتوکاڵ بوون، ژنان و منداڵەکان مابوونەوە. لەبەر ئەوەی ئیتر پیاوەکانیش نەمابوون، ژنان و منداڵەکان بە تەنیا دەستیان بە چاندن و دروێنە دەکرد. لە چەمچەماڵ گوندێکی نوێ دروست کرابوو و ناوی گوندەکە 'مێینە' بوو (واتە ژنانە). ژنان خەباتێکی زۆریان کرد، بەڵام نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٩٩٨ بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراکی هەبوو. لەجیاتی کرپینی بەرهەمەکانی گوندنشینان، نەوتی ناوچەکەیان دەبرد و لە بەرامبەردا خۆراکیان لەو شوێنانە دەهێنا، کە بە هەرزانتر دەفرۆشران و بە خۆڕایی بەسەر خەڵکدا دابەشیان دەکرد. لەبەر ئەوە کاتێک بازاڕ بۆ بەرهەمەکانی خەڵک نەما، بەرهەمهێنانیش واتای نەما. کاتێک وشکەساڵی ساڵی ١٩٩٩یش هات، زەبرێکی گەورەتر لە کشتوکاڵ درا. ئیتر گوندەکان لەبەرەوە چۆڵبوون[٢٤].

تاوانی جینۆساید تا ئەوکاتەی لە چوارچێوەی کۆمەڵناسی مێژوویی بە وردی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، دەکرێت ڕێگری لێ بکرێت و کاریگەرییە خەمۆکییەکانی جینۆساید لەسەر نەوەکانی داهاتوو وەلاوە بنرێت. دەبێت ئەوە وەک دیاردەیەک لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، کە تا ئێستا گێڕانەوەیەکی تەواو سەبارەت بە ئەنفال دروست نەبووە و هێشتا بەبێ دروستکردنی ناوەندێکی یادەوەریی هاوبەش و بەبێ کارکردن بۆ قوربانییەکان و ئەوانەی ماونەتەوە، بە فەرامۆشکراوی ماوەتەوە. پێویستە بە وردی و بە جدی بیر لە هەنگاوی پێشینە بکەینەوە، کە چی پێویستە بکرێت بۆ ئەوەی ئەنفال، کە هێشتا برینێکی کراوەیە، ڕووداوەکانی بخرێنەژێر تیشکی هۆشیاریی، تێگەیشتن و چارەسەرکردنی ئەو خەمۆکییانەی دەروستی کردوون. چۆن لە ڕووداوەکان تێبگەین؟ چۆن یادیان بکەینەوە و چۆن وەڵامێکی بدەینەوە؟ ئەنفال تەنها بەشێکە لەو ڕووداوانەی، کە لە باشووری کوردستان لە سێ سەدەی ڕابردوودا کەوتووەتەبەر شاڵاوەکانی کۆکوژییەوە بەڵام قوڵترین و گەورەترینیانە.

[٢٤] چۆمان هەردی، ئەزموونەکانی هەڵاواردنی ڕەگەزی لە جینۆسایدی/ ژنانی ڕزگاربووی ئەنفال، ئیستەنبوڵ، بڵاوکراوەکانی ئیڤەریست:٢٠١٣

هەروەک چۆن هەمەگیریی جەستەی مرۆڤ تەندروستی دەکات، کاتێکیش مامەڵە لەگەڵ جوگرافیایەک دەکەین دەبێ لە نێو هەمەگیرییەکدا وەری بگرین، ئەمە ئاماژە بەو ڕاستییە دەکات، کە پێویستە بۆ تێگەیشتن لەوەی لە هەر پارچەیەکدا ئەو ڕووداوانەی ڕوویانداوە، ناچارین لە گۆشەی کۆمەڵناسی و مێژوویی‌یەوە سەیری کوردستان بکەین وەک جەستەیەکی هەمەگیر. ئەلێیدا ئاسمان– Aleida Assmann، یادەوەری وەک مەیدانێکی "تێکۆشان" پۆلێن دەکات. لەبەرئەوەی "یادەوەری، مەیدانی بەرخودانە دژی لەبیرکردن." و ئەم بەرخودانە پێداویستی خۆی هەیە. پێویستی بە ڕێباز هەیە. ئەو شوێنەی ئەم مەیدانی بەرخودانە خۆی تێدا زەق دەکاتەوە، ئەو مەیدانەیە، کە پێی دەڵێین بیرەوەری / یادەوەری "بەکۆمەڵ". چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی لەبیرکەر و هەڵەکارە، یادەوەریی مرۆڤ تووشی لەبیرچوونەوە دەبێت، بەڵام کۆمەڵگە وەک 'تاک' نییە. دوژمنایەتی دەستەڵاتەکان بۆ کۆمەڵگە یان هەوڵی داگیرکردنی کۆمەڵایەتیبوونەکەی لە ڕێگەی تاکەوە، تەواو پەیوەندی بە سنوورەکانی ئەم یادەوەرییەوە هەیە. بەردەوام هێرش دەکات، تا لەناوی نەبات ئارام ناگرێت. کاتێک لەناوی دەبات، ئیتر لێرەدا، بە تایبەت دەسەڵاتی خۆی بەسەر یادەوەریدا دادەمەزرێنێت[٢٥]. کچە ونبووەکانی دێرسیم و کچە ونبووەکانی ئەنفال هەمان ڕووی شەڕی 'غەنیمە – دەستکەوت'ی هەمان عەقڵیەتی جینۆسایدن، کە لەسەر جەستەی ژن بۆ داگیرکردنی کۆمەڵگەیەک، ئەنجامی داوە. ئەو ژنە دووگیانانەی لە چەمچەماڵ بە سەرنێزە سکیان دەدڕا و کوژران، لەگەڵ ئەو ژنانەی لە زیلان بە هەڵدڕینی سکیان قەتڵوعام کران، شێوازی جێبەجێکردنی هەمان عەقڵیەتی داگیرکارین.

ساکینە جانسز، کە بەرانبەر بە شێوازەکانی ئەشکەنجە لە زیندانی ئامەد بۆ شکاندنی ئیرادە و ئابڕومەندیی گەلێک دەڵێت؛ 'شەرمم کرد تەنانەت ئاخێکیش هەڵبکێشم' لەگەڵ نەسرین عومەر ڕەشید؛ کە لە ئەشکەنجەکانی ئەمنەسوورەکە چاوەکانی لەدەست دا و سەرەڕای سیاسەتە دژە – ژنەکانی حکومەتی باشووری کوردستان دەڵێت؛ 'خەبات ئەمڕۆش بەردەوامە'، تازەیی هێوای ئازادیی لە وتەکانیاندا ڕەنگدانەوەی هەمان ڕیشەی بەرخودانە. تێگەیشتن لە ڕابردوو، تێگەیشتنە لە ئێستا و وەڵامدانەوەیەتی. تێگەیشتن لە یەکێکیان تێگەیشتنە لە ئەوی تر، بیرهێنانەوەی یەکێکیان بیرهێنانەوەی هەموویانە، ئەوەی لە یەکێکیانەوە فێری دەبین سەرەداوی ئەو شتانەمان پێدەدات، کە دەبێت لە هەموویانەوە فێری بین. هەڵسەنگاندنەکەی ئۆجەلان لەم ڕووەوە زۆر سەرنجڕاکێشە:

" ئەو جوگرافیایەی لانکەی سەردەمی بەرەبەیانی شارستانییەت بوو، ئەم جارە دەبێتە لانکەی بەرەبەیانی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی و دیموکراسیی ڕادیکاڵ و ڕاستەقینە. ڕێسایەک لە سروشتدا هەیە و دەڵێت: هەموو شتێک سەرلەنوێ لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە. وەک دیارە، دیموکراسیش لەسەر ڕەگە شاراوەکانی نیۆلیتیکەوە بە شێوەیەکی تەواو سەرکەوتوو لەدایک دەبێتەوە. ئەو لانکەیەی تا ئێستاش گورزەکانی تەواوی شارستانییەتە ناوەندییە هەژموونگەراکانی بەردەکەوێت، دەرفەتی گەورەکردنی کۆرپەلە لەدایکبووەکەی (دیموکراسیی) هەیە. ئەو خاک و شاخانەی لەمێژە هێزی خۆبەڕێوەبردن و توانای کۆمەڵگەی سیاسی و ئەخلاقییان لەدەستداوە، لەوانەیە جارێکی دیکە شاهێدی

[٢٥] "حەسەنکیف: لە نێوان یادەوەری و کارەسات"، یەنی ئۆزگورپۆلیتیکا، ٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨ https://www.ozgurpolitika.com/haberi-hasankeyf-hafiza-ile-felaket-arasinda-115483

ڕابوونی "کورد"ـەکان لە بێشکە و دەستپێکردنی کاروانەکەی بێت"[٢٦].

کـاتێ لەبیـرنەکـردن لەلایەک چـوارچێـوەی تێڕوانینی داهاتووی کات – شـــوێن و مرۆڤ دیـاری دەکـات، لە هەمـانـکـاتـدا ڕۆڵـی ڕێنیشـــاندەرێکیش دەبینێت بۆ کۆمەڵگەکان بۆ ئەوەی ئەو شـــتانەی ڕوویان داوە دووبارە نەبنەوە. ئەم خـاکەی لە کەوانی زاگرۆســـدا یەکەم کـۆمەڵـگەبـوون و کـولـتـووری ژن – تەوەری تێدا دروووســـت بووە، هاوکات وەک خاڵی یەکتربڕینی کولتووری پیاوســـالاریی و شـــوێنی یەکەم جینۆســـایدەکانیش ناســـراوە. کولـتـووری بەرخـودان، کە لە بـاشـــووری کوردســـتان بە شـــێوازی جیاواز و بەردەوام درێژەی هەیە، ســـەرەڕای هەموو هەوڵەکانی ســـەرکوتکردن و کۆکوژیی، زیندوویی خۆی لەدەســـت نەداوە. لەوانەیە نهێنی چوارچێوەی لەیادنەکردن – بەرخودان و مانەوە، لە خودی شـــوێنەکەدا، لە یـادەوەری زیـنـدوویـی جوگرافیاکەدا، لە شـــکۆی پشـــتبەســـتن بە چیاکانییەوە شاراوە بێت، کە تا ئەمڕۆ هاتووە.

تاقانەی ئەنفال سیامند محمود قادر:

نەفرەتی خوالەوجاش و مستەشارانە دەکەم، کە دەستیان لەخوێنی ڕۆڵەی کورددا هەبوو.



سـیامەند مەحمود قادر، تاقانە دەربازبووی خانەوادەیەکی دەکەسـی گوندەکانی گەرمیانە، پێش ئەوەی ئەنفال گوندەکانی گەرمیان وێران بکات لەگوندی (تلیشـان)ی ناوچەی جەباری گەرمیان نیشـتەجێ بوون، بەڵام بەهۆی (ترحیل) ڕاگواســتنی گوندەکەیان و مل نەدانیان بەســیاســەتی ڕاگواســتن و تەعریبکردنەوە بەناچاری باریان کردووەو چونەتە گوندی خان ڕۆستەم ئاغای ســەربەقەزای کفری، لەوێ بەنیازی خۆپاراســتن نیشــتەجێ بوون. بەڵام هەواری تازەیان خێری پێوەنەبوو بەڵکو ڕیشەی خێزانەکەیان بڕایەوە.

ئەفســوس لە نیســانی ١٩٨٨دا گەرمیان ســەرتاپا کەوتە بەرهەڵمەتی پاکتاوکردنێکی ســەرتاپاگیری فاشــیانەی بەعسیەکان و لە پەلامارەکانی ئەنفالی گەرمیاندا گوندی خان ڕۆستەم ئاغاش بەڕپەلامارەکە دەکەوێ و ٩٥ کەس ئەنفال دەکرێن. لەوانە (٩) کەسیان لەخێزانەکەی سیامەند بوون. بۆیە لەنیسانی ساڵی ١٩٨٨ ەوە سیامەند تەنیا دەمێنێتەوەو لەلای خاڵەکانی و خزمەکانی دەژی و هەتا ســاڵی ١٩٩٢ هاوســەرگیری دەکات بێ ماڵ وحاڵ دەمێنێتەوە.. ئەم دیدارەمان لەڕێگەی نامە گۆڕینەوەوە دروست بوو سەرەتا لێم پرسی تۆش تاقانەی ئەنفالیت وەڵامی دامەوە بەڵێ ئیدی داوام لێکرد هەندێک زانیاریم بداتێ دەربارەی خێزانەکەیان بۆ ئەوەی لەگۆڤاری ئەنفالســتان بڵاوی بکەینەوە ؟ هەرجەندە ڕەزامەندی دەربڕی بەڵام دیاربوو ئەوکاتە ســەرقاڵ بوو دواتر وەڵامی پرسیارەکانی داینەوەو ئەم دیدارەی لێکەوتەوە کە تایبەتە بۆ گۆڤارو ماڵپەڕی ئەنفالستان.

کاک ســـیامەند بەخێربێیت ئەم دیدارەت لەگەڵدا ســـازدەدەین هەتا لەزاری خۆتەوە چیرۆکی ژیانی خۆتمان بۆ بگێڕیتەوە.

دیدار: هۆمەر محەمەد

ڕۆژی ٢٠٢٥/٣/١٣

[٢٦] ع.ئۆجالان: مانیفســتۆی شــارســتانی دیموکراتیک، بەرگی پێنجەم ٢٠١٢

بەڵێ بەخۆشحاڵییەوە

کەواتە با لەناوی ناوی سیانیتەوە دەست پێبکەین چییە ؟

سیامەند مەحمود قادر

تەمەنت چەندە؟

١٩٧٠/١/١ لەدایک بووم

ئاستی خوێندەواریت ؟ مەبەستم ئەوەیە هەتا چەندت خوێندووە؟

ئاستی خوێندنم هەتا پۆلی نۆ واتا هەتا سێی ناوەندیم خوێندووە.

لەکاتی ئەنفالدا لە کوێ دادەنیشتن؟

ئێمە لەکاتی ئەنفالدا لە گوندی (خان رۆستەم ئاغا) بووین، بەڵام پێشوتر لە گوندی (تلیشان)ی سەر بەناحیەی جەبارە بووین دانیشتووی ئەوێ بووین. کاتێک لە ساڵی ١٩٨٧دا گوندەکەمان (ترحیل) کراوەو ڕاگوازراوە. ئێمە ئەوکات ڕازی نەبوین و بارمان کردووە، بۆ (خان) و نەڕۆشتین بۆژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی. هاتین بۆ گوندی (خان رۆستەم ئاغا) ئەوکاتە لەژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا بوو.

بۆچی چوون بۆ خان رۆستەم ئاغا ؟

چونکە پێشتر باپیرانمان خەڵکی گوندی خان بوون.

گوندەکەتان چۆن بوو؟ دەتوانیت وەسفێکیم بۆ بکەیت ؟

گوندەکەمان "تلیشان" بەدارخورمان بەناو بانگ بوو، هەموو جۆرێکی دارخورمای تێدا بوو نزیکەی چوارست بۆ پێنجست داری خورمای تێدا بوو. بەڵام لە دوای ڕاگوستن "تەرحیل" کردنمان بووە ناوچەی موحرەمە لەلاین حکومەتی بەعسەوە هاتووچۆ تیایدا قەدەغەکرا و بەعسییە ئەفلەقیەکان هەموویان سوتاند و جگە لەچەند دانەیەک داری تێدا نەما، ئەوانەی ماون بە پەنجەی دەست دەژمێرێت ئیستاش هەر داگیرکراوەو جەیشی عێراقی تێدایە. بەڵام هاتووچۆیان لێ قەدەغە نەکردووین و گێچەڵمان پێناکەن ئیمەیش کاری جوتیاری خۆمانی تێدا دەکەین. هەرچەندە هەتاش گونەکەمان ئاوەدان نییەو کەسی تێدا ناژیت هەموو ماڵەکان خاپورن و هەر بەکەلاوەیی ماوەتەوە بەڵام من بیری ئەرتوازیم هەڵکەندووەو کاری جوتیاریی تێدا دەکەم ئەمساڵ چووم (٢٠)دار خورمام تێدا ناشتوە دەمەوێیت زیادیان بکەم و بیکەمە (٤٠) هێواش هێواش دارەکانی بڕوێنمەوەو ئاوەدانی بکەمەوە.

تلیشان چەند ماڵ بوون ؟

ئەوەندەی من بیرم بێت و یادەوەریم هاوکار بێت ٦٣ ماڵ بووین.

ئەی خان چۆن بوو ئەوکاتە چەند ماڵ دەبوو؟

ئەوکات دانیشتوانی گوندی (خان رۆستەم ئاغا) نزیکەی ٣٠ ماڵ بوون. هەموویان ناسیار و دۆست بوون.

لە گوندی خان چەند کەس ئەنفال کراون؟

لەگوندی (خان رۆستەم ئاغا) (٩٥) کەس ئەنفالکران بە ژن و پیاو و گەنج و منداڵ و پیرو پەککەوتەوە.

ئەی لەگوندەکەی پێشترتان (تلیشان) چەند کەس ئەنفال بوون ؟

١٨ کەس ئەنفال بوون لەسێ بنەماڵەدا ئەوەندەکەس ئەنفالکراون .

بژێوی ژیانتان چۆن بوو، بەچی دەژیان؟

بژێوی ژیانمان بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداریەوە بەسەر دەبرد.

ئەوکات دانیشتوانی گوندی (خان رۆستەم ئاغا) نزیکەی ٣٠ ماڵ بوون. هەموویان ناسیار و دۆست بوون.

لە گوندی خان چەند کەس ئەنفال کراون؟

لەگوندی (خان رۆستەم ئاغا) (٩٥) کەس ئەنفالکران بە ژن و پیاو و گەنج و منداڵ و پیرو پەککەوتەوە.

بژێوی ژیانتان چۆن بوو، بەچی دەژیان؟

بژێوی ژیانمان لەسەر کشتوکاڵ وئاژەڵداری بوو.

چەند سەر خێزان بوون؟

خێزانێکی قەرەباڵغ بووین ژمارەی خێزانەکەمان (١١) سەر خێزان بووین.

چەند کەستان ئەنفال کراون؟

(١٠) ئەندام لە خێزانەکەم دایکم و باوکم و خوشک وبراکانم ئەنفالکراون. تەنها خۆم دەربازبووم.

ئەگەر بتوانیت ناوەکانیانم پێ بڵێیت؟ لەدایک و باوکتەوە بۆم باس بکە؟

بەڵێ ناوی ئەنفالکراوانمان بریتی بوون لە: مەحمود قادر سلیمان، باوکم، ریمە ئەحمد رەحیم دایکم، حربیە و لەیلاو شوقیەو وشنۆ خوشکەکانم، براکانیشم یاسین و شکور و ملکۆ و قادر بوون.

کێ کەسوکارەکەتیان گرت ئەوەی هاتە سەرتان چی بوون جاش بوون یان سوپا ؟

ئەوە هەموو کەس دەیزانێت، کە جەیشی عێراق ئەنفالەکەیان ئەنجامدا.. بەڵام دایکم و باوکم و خوشک وبراکانم لە مللەسورە لەلایەن جاش وجەیشی عێراقیەوە گیران.

تۆ چۆن دەرباز بوویت؟

من بەهۆی ئاژەڵداریەوە ڕزگارم بوو، کە بەپێ هاوردمن بۆ ناحیەی سمود- ئەوسا بەم ڕزگاریە دەوترا (صمود). شەوبوو بەنێوان جاش و جەیشدا هاتم خۆم کرد بە ناحێ صمودا.

کەس هەبوو هاوکاریت بکات ؟ بۆئەوەی لە ئەنفال ڕزگارت بێت ؟ کێ بەتایبەتی هاوکاری کردیت؟

(محمد ئەمین ئاغا) یەکێک بوو لە هاوکارانم، لەگەڵ ئەودا هاتم و ڕزگارم بوو. لەناو ناحیەی سمودیش مالّی (علی قارەمان) هاوکارمان بوون و ڕزگاریان کردین. هەمان شەو کەگەیشتین جێگایان بۆکردینەوە.

یادەوەری منداڵیت چییە؟ کامەیە ئەوەی کەهەرگیز لەبیرت ناچێت؟

یادەوەری منداڵیم زۆرە بەتایبەتی لەگەڵ خێزانەکەمدا کە هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە. بەتایبەت ئەو یادەوەریە خۆشانەی لەگەڵ خێزان و هاوڕێکانمدا بەسەرمان دەبرد.بەتایبەتتریش ئەو یادەوەریانەی لەگەڵ دایباب و خوشک و براکانمدا بەسەرمان دەبرد.

چەند هاوتەمەن وهاوڕێی خۆت ئەنفالکراون؟ کامیانت زۆر خۆشدەویست؟

هاوتەمەن و هاوڕێم زۆر ئەنفالکران نۆکەسیان زۆر هاوڕێم بوون و قەت لەبیریان ناکەم. لەناویاندا ئەم هاوڕێ خۆشەویستانەم لەدەستدا: (کامیل مام عەلی، حەسەن خورشید، ڕەشید مام عەلی، کریم ئەحمد).

ئەوسا حەزت لە دەنگی کام گۆرانی بێژ بوو؟ دوای ئەنفال حەزت لە دەنگی کام گۆرانی بێژە؟

ئەوسا زۆر حەزم لە (سەید عەلی ئەزغەری کوردستانی و مەزهەری خالقی و سرودەکانی ناسری ڕەزازی...) بوو، بەڵام لەدوای ئەنفالەوە، ئارەزوم بۆ هیچ گۆرانیەک نەما. تەنها گوێ بۆ مقاماتی خاو و ئاوازی (حزین) غەمگین دەگرم.

لە گوندەکەتان چەند کەسی دەنگ خۆش بۆ نمونە مەقام بێژ گۆرانی بێژ یان شاعیر هەبوون کە ئەنفال کراون و نەگەڕاوانەتەوە ؟


لە گوندەکەمان پیاوێک هەبوو هەم دەنگی خۆش بوو، هەم چوزەلەشی لێدەدا ناوی ئەحمەد ئەمین مسری بوو. ئەویش ئەنفالکراوە.

پێش ئەنفال تۆ لە سروشتێکی جوان ورەنگیندا ژیاویت گوندەکان هەموو گوڵاڵە سورە بوو تۆ حەزت لە چ ڕەنگێک بوو؟

ئەوکاتە حەزم لە ڕەنگی (قاوەیی و شین) بوو.

ئەی دوای ئەنفال؟ ئێستا حەزت لە چی ڕەنگێکە؟

لەدوای ئەنفالەوە، تەنها مەیلم بۆ ڕەنگی (ڕەش، زەیتونی) بووە. لەدوای پڕۆسەی ئەنفالیشەوە، بەهۆی لەبەر کردنی جلی ڕەشەوە، چەندین جار ڕوبەڕوی لێدان بوومەتەوە لەلایەن ئەمنی حکومەتی



مەحمود قادر باوکی سیامەند

عێراقی و بەعسـەوە لە هەردوو ناوچەی، ناحیەی ڕزگاری و قەزای کەلاردا.

ئایا پێش ئەنفال ژنانی گوندەکەتان یان گەندەکانی دیکە ڕەش پۆش بوون؟ یان جلوبەرگی ڕەنگاو ڕەنگیان دەپۆشی ؟

ژنانی گوندەکەمان، جلی کوردیان دەپۆشی ، تەنها جلی کوردییان لەبەر دەکرد بەڕەنگی ئاڵووالا.

لەگوندەکەتان چەند کەس وەک خۆت تەنیا ماوەتەوە، مەبەستم ئەوەیە چەند تاقانەی ئەنفال لەخان ڕۆستەم ئاغادا هەیە؟

تەنها کاک ئەدیب هەیە، ئەدیب مام ڕەشید ئاغا ئەویش تەنیا دەربازی بووە، ئێستا پۆلیسی دارستانە.

بەڵێ ڕاستە ئەویشم مقابلە کردووە، یەکەم جار ٢٣ی ئازاری ساڵی ٢٠٠٦ بوو لەگەڵ مامۆستا نەجیب گەرمیانی هاتینە، گوندەکەتان کاک ئەدیب و پورەزینەتم بینی و مقابلەم کردن. باشە چەند کەس دەناسیت وەکو خۆت تاقانەی ئەنفال بێت؟ چەندیان پیاون و چەندیان ئافرەتن؟

چەندین کەس ئەناسم کە وەک خۆم تاقانەی ئەنفالن واتا وەک خۆم بەتەنیا لەئەفال ڕزگار بوون وەک ئەم بەڕێزانە: (کاوە ڕەشید، سەباح کۆنە کۆتری، مامۆستا بەختیار، ڕۆستەم تاقانە، سەلام مام والی، ئازاد کوڵەجۆیی، محەمەد بنەکەیی، حەسن ئۆمەربلی و سیروان حەسەن)

بە بڕوای تۆ هەق بوو کۆمەڵگای سمود لەدوای ڕاپەڕین بمێنێت؟

بەڵێ، پرسیارێکی جوانە نەخێر پێم باش نەبوو ئەم ئۆردوگایە بەدناوە بمێنێ هەقوابوو خەڵک بگەڕابایەتەوە بۆ زێدی باب و باپیرانی و گوندەکانی خۆیان ئاوەدان بکردایەتەوە. بەڵام دەبێت ئەو ڕاستیەش بڵێیم کە ئەم ئۆردوگایەی سـ مود سودی ئەوەی هەبوو زۆر کەسی پەناداوا لەئەنفال ڕزگاری کرد، ئەمە بووە هۆی دالدەدانی کەسانێکی زۆر کە لەو پرۆسەیەدا وەک من ڕزگاریان بوو.

ئایا ئەم شێوازی یادکردنەوەی ئەنفالت بە دڵە؟

بەڵێ یادکردنەوەی ڕۆژی ئەنفال پێویستە و دەمەوێت ساڵانە یاد بکرێتەوە لەبەرئەوەی نەوەکانی ئەم نیشتمانە ئاگادارین کە ئێمە زیندە بەچاڵ، و کۆمەڵکوژ کراوین بەهۆی کورد بوونمانەوە بە بێتاوانی بەدەستی عەرەبی خۆپەرستی شۆفینییەوە.من دەڵێم هەقوایە لە ڕۆژی ئەنفالدا هیچ کەس ئاژەڵ و پەلەوەر سەر نەبڕێت و قەسابەکانیش هیچ سەرنەبڕن و لە خواردنگەکانیش گۆشت لێ نەنرێت؟ هەتا وەکو هاوخەمیەک پێم وایە وابکرێت. من لەدوای ئەنفالەوە، لە ڕۆژانی یادەکانەوە، وەکو مالی خۆشم بەهیچ جۆرێک گۆشتی هیچ پەلەوەر و ئاژەڵێک لێنانەین و بەرزمانمان ناکەوێت.

هەندێک کەس و زۆرجار ڕۆژنامەنوسانیش بە ئێوە دەڵێن پاشماوەی ئەنفال، بەم قسەیە هەستت بریندار دەبێت؟

بەڵێ زۆریش دڵگرانم بەو وشانەی ئەمجۆرە ڕۆژنامەنوسانە، کە پێماندەڵێن. پاشماوەی ئەنفال، ئێمە بووینەتە قوربانی لەڕێگەی کوردو کوردستاندا بۆ ئەوەی بە جوانترین وشە ناومان بێنن. ئەمە

مانای زۆر دەگەیەنێت بۆ ئێمە، بۆ ئێمە پاشماوەی کاری بەعسین؟ پاشماوەی جاشین؟

دوای ئەوەی کەسوکارت ئەنفالکران تۆ لەکوێ دەژیایيت؟ کێ هاوکاری کردیت؟

من بە نەهامەتیەکی زۆر دەژیام لە دوای پڕۆسەی ئەنفالەوە بەوەی هەر ڕۆژی لە مالّی خزمێک دەژیام بە کوللەمەرگی و بەنەهامەتی و بەڕەزالەتی ژیانم بەسەر دەبرد. بەتایبەت دوو لە خاڵۆکانم زۆر هاوکارم بوون خاڵۆ ڕەشید و خاڵۆم نوری سوپاسیان دەکەم هەتا ماوم.

هەتا کەی تەنها بوویت؟

هەتاوەکو ساڵی ١٩٩٢ بە سەڵتی ژیاوم. لە هەمان ساڵدا خێزانم پێک هێنا.

بە خۆشەویتی بوو یاخود بەڕێکەوت و قسمەت؟

لەساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ میمزایەکی خۆم بەقسمەت و نسیب خێزانمان پێکهێناوە ئێستا (٦) منداڵم هەیە.

ناویان چییە؟

ناوی منداڵەکانم : (ڕۆشنا، زانا، شنۆ، ئاشنا، گەڕبین، دانا)


ئایا هیچ منداڵێکت بەناوی کەسوکارە ئەنفالکراوەکەتەوە ناو ناوە؟

بەڵێ، کچێکم و کوڕەزایەکم بەناوی کەسوکارە ئەنفالکراومەوە ناو ناوەتەوە. شنۆم بەناوی خوشکەکەم (شنۆ)وە ناونراوەتەوە. ملکۆش کوڕەزامە بەناوی براکەم (ملکۆ) وە ناونراوەتەوە.

سوپاس ماندووم کردیت ئایا شتێکی گرنگت هەیە باسی بکەیت ؟ شتێک من بیرم نەبووبێت یان نەمزانیێت و تۆ بتەوێ باسی بکەیت ؟

سوپاست دەکەم بەڵێ پەیامێکم هەیە من وەکو تاقانەیەکی ئەنفال داواو پەیامم ئەوەیە:

لە خەمی ئەوەدام ورۆژانە، خەون بەوەوە ئەبینم کە ئێسک و پروسکی دایک و باوک و خوشک و براکانم ببینمەوە. ناشزانم هەتاوەکو ئێستا لەکوێن و لە چ بیابانێکدا نێژراون. داواکارم لە حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق کە ئێسک و پروسکی دایباب و خوشک و براکانمان بۆ بهێننەوە و هەتاوەکو ئێمەش بتوانین بچینە سەر گۆڕەکانیان





مەحمود قادر لەوێنەی یەکەمدا هەردوو منداڵەکەی لەباوەش گرتووە، شوکرە و ئەوەی لای چەپیشی ملکۆیە، وێنەی دووەم یاسینە کەبەتەنیشت باوکییەوە بە پێوە وەستاوە

تکام وایە هەوڵبدەن بیاندۆزنەوە و بیانهێننەوەو ئێمەش سوکناییەک بە دڵماندا بێت.


دەمەوێت گۆڕەکانیان بە نەوەکانم بناسێنم ئەوانیش بزانن کە گۆڕی باپیر و نەنک و مامە و پورەکانیان لەکوێیە؟ ئەوان دەزانن کە ئەنفالکراون بەدەستی سەدام حسێن و جاش و مستەشار و نۆکەرەکانیان، دەزانن هەمویان کۆمەڵکوژ و زیندەبەچاڵ کراون لە بیابانەکانی سەماوە و عەرعەر بەڵام هێشتا گۆڕ وونن.

دەستخۆش و سوپاس بەڵام دواقسەت چییە ؟

دواقسەم ئەوەیە نەفرەتی خوا لەو جاش و مستەشارانە دەکەم کە دەستیان لە خوێنی ڕۆڵەی کوردا هەبوو کە بوون بە نۆکەر و بەر لەشکری داگیرکارانی کوردستان. هەموو ئەمانە خەم و بڕینێکن لەسەردڵم هەرگیز سارێژ نابێت و بەکۆتا نایەت تا ئەو ڕۆژەی ئەچمە بەر یەزدانی خوا و نێو گۆڕەوە لە بیرم ناچێتەوە. داوام وایە لەدوای مردنی خۆم، لەدوای ئەم دەسەڵاتە هەرچ دەسەڵاتێک بێتە سەر حوکمی خاکی هەرێمی کوردستان هەرگیز لە خوێنی ئەنفالکراوانمان خۆش نەبن، کە بەدەستی سەدام و جاش و مستەشارەکان و نۆکەرانی دوژمنانمان شەهید کران. لە کۆتاییدا زۆر سوپاسی ئەو خزم و دۆستانە دەکەم، کە لەکاتی ئەنفالدا هاوکارییان کردووم.

گەشت بەناو بریندا

نوسینی ئاوات خدر



ئەم کتێبەی شـــارەزا و توێژەری بـواری ئەنـفـالـنـاســـیی هـۆمـەر موحەممەد، یەک لە بـاشـــترییـن کتێبەکانە لەسەر پرۆسەی ئەنفال.

هـۆمـەر مـوحـەمـمـەد یەکـێـک لەو گیـانفیـدایـانەیە کە تەمەن و خەم و ژیـانی خۆی تەرخـان کردووە بۆ کەیســـی ئەنفال، ســـالانێکی زۆرە یاداشـــت و تۆماری یادەوەریی و کۆژانی ئەو ڕزگـاربووانەی ئەنفـال دەکـا کە تـاق و لۆق لێرە و لەوێ ماون.

ئەو کارناســـەی ئەنفالناســـیی هێند قـوولْ ڕۆچـووەتە نـێـو کـۆژان و یادەوەریی و ئازارەکانی ئەنفالکراو و ڕزگـاربووانەوە، کۆژانەکە بووە بەشێک لە دەروون و فکری، نەستی قانگ دراوە بەو وتە و یادانەی ڕزگاربووان بۆیان گێڕاوەتەوە، ئەوە بۆیە بەبێ ویســـتی خۆیشـــی هەر هەنگاوێکی لەم گەشتەیدا هەڵیناوە تاڵییەکانی وەبیر هاتوونەوە.

کتێبەکە لە گەشـــتی نووســـەرەوە دەســـت پێدەکا بۆ دۆزەخی ئەنفالکراوان، ئەمەیش وای کردووە شـێوە یاداشـتێک وەربگرێ، ئاخر نووســـەر لەهەر ســـات و شـوێنێکی گەشـتەکەیدا دەگەڕێتەوە بۆ میژووی ڕووداتی پرۆســـەکە، ئەم گەڕانەوەیەی یاداشـــتەکانی ســـەفەرەکەی تام و جوانییەکی ناوازەیان پێ داوە. ڕەنگە کەمێک دەســـتکاری کردبا، ڕۆمانێکی یەکجار جوانی لێ دەرچووبا، ئاخر هێند بەزمانێکی جوانی شیعری دەگێڕێتەوە بۆڕی هەر شاکار و ڕۆمانێکی نایابیشی داوەتەوە.

هۆمەر وەک کوردســتانییەک دەســت دەکا بە بەراوردکاریی نێوان کوردســتان و ئەو دەریا پان و بەرینەی لم کە خۆڵێکی چارەگران دایپۆشـیوە، باس لەوە دەکا چۆن کانیاو و کارێز و ســەوزایی و بەفراو و لووتکە و چیاکان چەندە پێچەوانەی ئەو لمە گەرم و وشک و بێ ناونیشانەن.

نووســـەر هێنان و بەڕەوا نەبینی ئەوەی ئەنفالکراوان لە زێدی خۆیان بکوژرێن و ژێر خاک بخرێن دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە بەعس ویستویەتی قوربانییەکان یادەوەرییان نەبێ، گۆڕبزر بن و وەک ئینســـان شـــوێن و کێڵ نەبێتە ناســـنامەیان، ئاخر لەو بیابانە ڕێبەریش هەبێ بەئەســـتەم گۆڕەکان دەبینرێنەوە.

لەگەڵ نووســـەردا چەند پاســـێک لە کەس و کاری قوربانیان هاوســـەفەرنی، ئەمەیش بووە بەوەی لا بکاتەوە بەلای مەلەســـیەکی دیکەی زۆر گرنگ کە یاداشـتکردنێکی زۆر ورد و ناوازەی مەســـەلەی کاردانەوە و کاریگەریی و جێماوەکانی ئەو کارەســـاتە گەورەیەن بەســـەر ڕزگاربووان و کەس و کاری ئەنفالکراوان.

نووسەر لەپاڵ یاداشتکردنیاندا ئەو گێڕانەوە و یاداشتانەیشی پێشووتر کردوونی تێکەڵ دەکا و بەمەیش وێنەیەکی زۆر حەزینت بۆ دروست دەکا.
ڕزگاربووانی ئەنفال و ئازیزانیان لەئەنجامی پرۆسەکەوە توشی چەندان گرفتی دەروونی بوونەتەوە، زۆریان خەم بەربینی گرتوون و بەردەوام فرمێسک میوانیانە، ڕۆژانە دەروونیان دەسووتێتەوە و چەشنی وێڵێک هەدادانیان نییە.
سەرباری هەموو ئەوانەیش ئەوی ئازاری بەسوێکردوونەوە ئەو دەسەڵات و سیاسیانەن کە هۆکاری ئەنفالیش بوون، ئەوان بە ڕێزگرتنی جاشەکان و ئەو حوکمە گلاوەی کردوویانە وای کردووە ئەوی بەعسیش تەواوی نەکردوو و نەیتوانی ئەوان تەواوی بکەن.
نوگرەسەلمان ئەو چەڵەی جەهەنەم کە بوو بوو بە شوێنی هێشتنەوەی گیراوانی بێگوناە، شوێنی ئەو پیرە پیاو و ژن و منداڵانەی بەڕەوایان نەبینرا گوللەبارانیش بکرێن، ئەوان کۆکرانەوە تا لەوێ هێواش و بەئازار و سووکایەتیی و برسێتی و تینوێتییەوە گیان بدەن، هەرچی گەنجەکانیشە ئەوان هەرزوو خرانە بەر دەستڕێژەکان و کرانە گۆڕە بەکۆمەڵەکانەوە.

نامەکەی بەرباخەڵێ ئەحەشەل لەیادی ئەنفالە بەدناوەکاندا..



عەبدوڵڵا کۆمەڵە

ساڵی ١٩٨٨ بوو، ڕژێم ئەنفالی ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی و سۆرداش و قەرەداغی تەواوکردبووخۆی بۆئەنفالی ناوچەکانی قەڵاسێوکەو، شوان و، شێخ بزێنی ئامادە دەکرد.
ناوچەکە بە تەواوی گەمارۆ درابوو، ڕژێم پەیتا پەیتا هێزی لە سنوورەکانی بازیان و تەکیەو چەمچەماڵ و تەقتەق و کۆیەوە کۆدەکردەوە، فڕۆکە بەردەوام بە ئاسمانی ناوچەکەدا دەسوڕایەوەو ئیستیتلاعی ئاسمانی دەکردزۆربەی گوندنشینانی ناوچەکە لە ترسی شەڕو چەکی کیمیایی گوندەکانیان چۆڵ کردبوو بەرەو شارۆچکەو ئۆردوگا زۆرەملێکان ڕەویان کردبوو، ناوچەکە هەر لە وێرانەی دوای جەنگ دەچوو بۆنی خوێنی لێدەهات. ئەگەربەهەڵەدانەچووبم لەکۆتایی یەکانی مانگی چواردابوو، دوای نیوەڕۆی ڕۆژێکی خۆرەتاوە، من و چەند پێشمەرگەیەک لەسەربەرزایی یەکی گوندی (گەڕگەڕ) هەوە چاودێری ناوچەکە دەکەین. لەوکاتەدا چاومان بەکەسێک کەوت لەڕێی گوندی (چنارتو) وەوە بەرەولای ئێمە دێت، ئێمە بەدووربین چاودێری ئەم مرۆڤە نامۆیە دەکەین.تەماشای ڕەفتارە گوماناویەکانی دەکەین، ئەم پیاوە ڕەفتاری زۆر سەیرو نامۆیە، ماوەیەک دەڕواو دادەنیشێ، شتێک لەباخەڵی دەردەکاوپاشان دەیخاتەوەجێی خۆی بەبێ ئەوەی بزانین چی یە، شتێک بەدەستیەوەیەتی جاربەجاردەینێت بەلای گوێیەوەو دیسان دادەنیشێتەوە، ئەم ڕفتارانەی بەشێوەیەک گوماناوی بوون ، کە ئێمە پێمان وابوو، ئەمە جاسوسی ڕژێمەو ئەو ئامێرەی دەستی جیهازی بێ تێڵەو خەریکی پەیوەندی کردنە بەدەزگا ئەمنیەکانی بەعسەوە، دانیشتنەکەشیمان وا لێکدایەوە بەدانانی

هێمای تایبەت ڕۆیگاکە دەستنیشان دەکات بۆ هێزێک کەلە کاتێکی تردا دەگەنە ناوچەکە، یان چەند مینێکی کەسی دادەنێت، چونکە ئەوە ڕێگای هاتوچۆی پێشمەرگەبوو، بۆیە ئێمە بەجۆرێک خۆمان بۆ لە بۆسەنا کە بەهیچ شێوەیەک نەمان بینێت، تەنانەت یەکێک لە پێشمەرگەکان کە زۆر لەسەردا بوو ووتی: بابیکوژین ئەمە جاسوسە، بەڵام هەرچۆنێک بوو قەناعەتمان پێ کرد، کەدان بەخۆیدابگرێت، چوونکە ئەو بەرەوڕووی ئێمە دێت و بەتەنهایەو ناتوانێت هیچ مەترسیەک دروست بکات. کاتێک لێمان نزیک بۆوە تەماشامان کرد پیاوێکی بەتەمەنەو کەمێک دەشەلێت، لەوکاتەدا ئێمە خۆمان لێ ئاشکرا کردو داوامان لێی کرد بێت بۆلامان، لەهەمان کاتدا پێشمەرگەیەکمان نارد‌ەلای هەتا پێشئەوەی بگاتە لامان بیپشکنێت و بزانێت چی پێیە، کە مامەپیرەگەیشتەلامان و دڵنیابووین ئەوەنیە کە ئێمە لێی تێگەیشتبووین، لێمان پرسی:

کە کێیەو لەکوێوە هاتووەو بۆچی هاتوە.؟

- ناوم مام ئەحمەدە و بە ئەحەشەل ناسراوم.
- خەڵکی کوێیت ؟
- خەڵکی چەمچەماڵم، ماڵمان لە گەڕەکی حەمامە کۆنەکەیە.

لێمان پرسی: باشە لەم هەل و مەرجە ناخۆشەدا چی تۆی گەیاندۆتە ئێرە؟

وەڵامی دایەوە : کوڕێکم پێشمەرگەیە ناوی خەباتە لەتیپی (٢٥)بیستو پێنجی خاڵخاڵانە، ماوەیەکە برینداڕە و هەوالی نازانم، هاتووم بە سۆراخی خەباتەوە، ئێمە خەباتمان دەناسی، خەبات لە شەوێکی هاوینی ساڵی ١٩٨٧ لە گەڵ شەهید شوانی تەنسیق و مامۆستا جمهورو نەوزاد کەرکوکی لە بناری چیای خاڵخاڵان، دەکەونە بۆسەی چەند خۆ فرۆشێکەوە، ئەوسیانەیان هەر لەجێدا شەهید دەبن و خەباتیش سەرەڕای ئەوەی کە نزیکەی بیست دانە فیشەکی کلاشینکۆفی بەردەکەوێت لەگەڵ ئەوەشدا بە موعجیزە لە مەرگ ڕزگاری دەبێت.

لێمان پرسی ئەی باشە بۆچی زوو زوو دائەنیشتی و هەڵئەسایتەوە ؟ ووتی: ئەوەگوێم لەم ڕادیۆ یە ئەگرت، موستەشارو ئامرسریەو جاشە خۆفرۆشەکان بەبۆنەی سەرکەوتنی ئەنفالە بەدناوەکانی بەعسەوە، لە ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی وگەرمیان و قەرەداغ پەیتاپەیتا بروسکەی پیرۆزبایی بۆسەرکردە دیکتاتۆرەکەیان ئەنێرن، منیش دائەنیشتم ناوی ئەو جاشانەم ئەنووسی بۆئەوەی هەرکاتێک شۆڕش سەرکەوت ئەو خۆفرۆشانە سزا بدرێن، لەوکاتەدا دەستی برد بۆبەرباخەڵی و پارچە کاغەزێکی دەرکرد و دایەدەستمان، کەتەماشامان کرد ناوی دەیان موستەشارو سەرەک جاشی تیا تۆمارکردبوو، ووتی: ئەم ناوانە لای خۆم ئەپارێزم هەتا ئەورۆژەی کورد سەرئەکەوێ، ئەوکاتە ناوەکان ئەدەمە شۆڕش بۆ ئەوەی ئەم تاوانبارانە بە سزای خۆیان بگەیەنن.

مام ئەحمەد نەمردو کورد ڕاپەڕینی کرد و شۆڕش سەرکەوت، ئەو جاش و ئەنفالچیانەی ناویان لە پەڕەکاغەزەکەی مام ئەحمەد تۆمارکرابوو نەک سزا نەدران، بەڵکو پاداشت کران و هەندێکیان پلەو پایەی حیزبی و حکومی باشیان وەرگرتوو بوون بە شۆڕشگێڕی عەیارە بیست و چوارو مام ئەحمەدیش بە هەژاری سەری نایەوەو حاڵی کوڕە پێشمەرگەکەشی لە خۆی زۆر باشترنیە.

ڕاستە مام ئەحمەد بە هەژاری و کەساسی سەری نایەوە بەڵام ئەو سەربەرز بوو خۆی نەبۆڕان ، بەهەمان شێوەش ڕاستە ئەنفالچیەکان هەموشتێکیان لە ژیان بردەوە بەڵام خۆیان دۆڕان (چ سوودێکی هەیە هەموو دنیا ببەیتەوە بەڵام خۆت بدۆڕێنی) ڕاستە پارچە کاغەزەکەی گیرفانی مام ئەحمەد جگەلەخۆی و چەند پێشمەرگەیەک، کەس نەیخوێندەوە و کاریشی پێ نەکرا، بەڵام دڵنیابن!! وێنەیەکی ئەو پارچەکاغەزە لە بەرۆکی مێژوودا هەڵگیراوەو مێژووش ڕەحم بەکەس ناکات.

لەسالّیادی (٥١) سالّەی بۆردومانکردنی شاری هەلّەبجەی هەمیشە زیندووداـ



کۆچەر میرزا.

لە درێژای مێژووی دروست بوونی ئەم شارەوە، گەربەردێک لەئاسمانەوە کەوتبێتە خوارەوە بەر سەری ئەم شارە کەوتووە!
گەر ئاگرێک لەهەر شوێنێک کەوتبێتەوە پریشکێکی بەر شاری هەلّەبجە کەوتووە !
گەرامەوە بۆ پەنجا سالّ بەر لەئێستا ، زۆر شتی تالّ وشیرینم وەبیرهاتەوە ، ڕۆژێک بەر لە بۆردوومان ، من منداڵێکی تەمەن هەشت سالّان بووم ، لەتەک منداڵانی کۆلّانە کەمان گەمەمان دەکرد ، کۆلّانێکی تەنگەبەر هەروەک ئەوەی حەمەقوتوو ، لەگۆرانییەکەیدا دەلّێت:
لەکۆلّانی تەنگ شان مەدە لەشانم
کۆلّانەکەی ئێمە بە ئاستەم ئێتۆمبێلێکی بچوکی دەکیشا! هەندێ لە کۆلّانەکانی هەلّەبجە هێندە تەنگەبەربوون گەر دووکەس بەپالّ یەکدا تێپەڕیبان شانیان لێک گیردەبوو! وەلێ ئەو کۆلّانە تەنگە بۆ ئێمەی منداڵ دونیایەکی زۆر فراوان بوو.
بەخەیالّ گەرامەوە بۆ گەمەی نێو کۆلّانە تەنگەبەرەکەمان، یاریمان دەکرد لەکاتی یاریکردندا تۆپەکە کەوتەمالّی (باجی مینای حەمەب قادر) باجی مینا لێمان تووڕە بوو ، منیش بەڕاکردن ڕام کردەوە بۆمالّەوە و لەبەردەم دەرگای مالّەوەدا وەستام، دەرگای مالّەکەمان لە شاری هەلّەبجەدا نموونەی نەبوو! ئای لەودەرگایە وەک دەرگای مالّێکی ئەفسوونایی وابوو!
دەرگایەکی تختەی گەورە دووتاکی هەبوو ، لەداری گوێزدروست کرابوو ، لەدەرەوە دوودەستی لەمس دروستکراوی پێوە بوو ، لەناو دەستەکەدا بەردێکی لەمس دروستکراو هەبوو .کەتەقول بابیان پێ لێدەدا .
بە پانتایی دەرگاکە خلولخلۆکەی میسی پێوە بوو ، هەمیشە لەتەک هاوڕێ منداڵەکانماندا خولخلۆکەکانمان دەخولاندەوە.
هاوڕێیان بم بوورن باسی دەرگاکە کەمێک لەیادەوەرییەکانی دابڕیم.
دوای ئەوەی باجی مینا ڕاوی ناین بە خێرایی چوومە مالّەوە، پاش کەمێک لەدەرگا درا، دەرگاکەم کردەوە (برایمی حاجی ئەمین جەوهەر) بوو ، برایم منداڵێکی تاقانەی دایک وباوکی بوو ، دایکی ناوی گەلاوێژ بوو .
دایکی لەڕادەبەدەر برایمی خۆشدەویست و زۆر پارێزگاری لەکورەتاقانەکەی دەکرد ، بۆئەوەی هیچی لێ نەیەت دایکی زۆرجار دەیبەستەوە .
کەدەرگام کردەوە برایمم بینی زانیم لەدەستی باجی گەلاوێژ هەلّهاتووە .
برایم بەپەلە وتی: کۆچەر خێراکەبابڕۆین ، منیش بەخێرای لەتەکیدا وەدەرکەوتم ، بەرەو خوارەوە کشاین ، لەبەردەم دووکانێکی کوتالّ فرۆشیدا خۆمان بینییەوە ، من هەموو کاتێک بۆ چەند ساتێک لەبەردەم دوکانی کوتالّ فرۆشەکەدا دەوەستام سەیری کوتالّ فرۆشەکەم دەکرد.
خاوەنی دووکانەکە پیاوێکی نورانی بوو ناوی (حاجی سەیدقادری هانەسوورەیی)بوو . حاجی سەید قادر پیاوێک بوو هەمیشە نووری لێدەباری هەرگیز لەبینینی ئەو پیاوە نورانییە تێرنەدەبووم!
بەخۆم نەزانی برایم دەستی ڕاکێشام و وتی: تۆ بۆ لەسەیری ئەم پیاوە تێرناخۆیت ؟ !
هەرکاتێ حاجی سەیدقادرم دیبا نووڕەکەی بۆلای خۆی کێشی دەکردم !

برایم وتی: خێراکە بابڕۆین بۆ دوکانی (حاجی ئەولڕەحمانی نوقڵ) بەخێرایی بەرەو دوکانەکەی مامە حاجی بەڕێکەوتین‌کاتێ دەچیتە بەردەم دووکانەکەی نازانی سەیری چیبکەیت ، شووشەی ئاوەتەماتە لەسەریەک دانراوبوون پڕبوون لەکورسی نەعناو نووقڵی هەمەڕەنگی ترش وشیرین و مەسکەت و ڕەحەتول لوقم و چەندە جۆر شیرینی تر. سەرو (پێنج فلس)مان دابە مامە حاجی چەندنوقڵێکی ترش و شیرینی داینێ و بەرەو چایخانەی (عەلی سەلیم) بەڕێکەوتین.

بەرلەوەی بگەینە چایخانەکە گەشتینە ئاستی دوکانەکەی حاجی (ئەمین جەوهەر)ی باوکی برایم، برایم خۆی خستە پشتم بۆئەوەی باوکی نەیبینێت ، گەر بینیبای بەزۆر دەیناردەوە بۆ ماڵەوە.

حاجی ئەمین جەوهەر دوکانی فرۆشتنی مەرکانەو شەربەی ئاوی هەبوو.

ئای چەندەشەیدای قوڵپەقوڵپی ئاوی شەربەبووم ، بەتایبەتی کاتێک شەوانی هاوین لەسەربان لەناو چیخکەدا دەخەوتین کاتێ تینووت دەبوو بەدەم خەوەوە هەڵدەستای بۆلای شەربەو دەستت دەخستەملی و کەمێک لارت دەکردەوە .دەنگی قوڵپەی ئەوئاوە لەسەنفۆنیا زۆر لەلام خۆشتر بوو .

دیسانەوە برایم ڕایکێشام و وتی: دەتەوێت لای باوکم ئاشکرابین؟ بەڕێکەوتین و بەڕاکردن خۆمانگەیاندە بەردەم چایخانەکەی عەلی سەلیم ، لەدەرەوەی چایخانەکەوە لە پشتی خەڵکەوە ملمان قوت دەکردەوە و خۆمان هەڵدەبڕی سەیری تەلەفزوێنمان دەکرد.

هێندەی نەبرد شاگردەکە هاواری لێکردین و دەریانکردین!

کەم کەس تەلەفزیۆنی هەبوو ئەوکاتە تەلەفزیۆن داهێنانێکی زۆر سەرسوڕهێنەربوو خەڵکی بەلایەوە سەیر بوو هەندێ دەیان وت: ئەو مرۆڤانە لەو سندووقە گەورەدا چۆن جێیان دەبێتەوە؟ هەندێ خەڵکی سادەیش لایان وابوو لەناو ئەو سە ندووقە گەورەدا مرۆڤ هەیە!!

ئەوێمان بەجێهێشت ودواتر لەبەردەم جامخانەی دوکانی کاک (عەلی حاجی فەرەج)دا خۆمان بنییەوە ، کەمێک سەیری سەعات وڕادیۆو شتی ناو دوکانەکەمان کرد ، لەپڕ ژنێک لەدواوە پشتی ملی برایمی گرت و پەلی ڕاکێشاو بردی ، ژنەکەباجی گەلاوێژی دایکی برایم بوو.

لەوکاتەی دەستی بەدەستی دایکییەوەبوو، زوو زوو لای دەکردەوەو تەماشای دەکردم ، وەک دڵی خەبەری دابێت کەئەمە دواییدارمانە!

بەڕاستیش ڕووداوەکان واگەڕان ، بۆ بەیانی فرۆکە بۆردوومانی شاری بە بۆمبی ناپاڵم کردوو.

زیاتر لە پەنجاو پێنج کەسی شەهید کردو بەسەدەهاشی زامدارکرد .

لەنێو شەهیدەکاندا برایمی حاجی ئەمین جەوهەری هاوڕێمی تێدا بوو. دروود بۆ گیانی سەرجەم شەهیدان.

شاری هەڵەبجە یەکێکە لەوشارانەی دەکەوێتە سەرسنووری نێوان وڵاتی عێراق و ئێرانەوە ، هەمیشە ئەم شارە سنووریانە قوربانی یەکەم بوون لە ململانێ ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا.

جگە لەوەی هەڵەبجە لانکەی ڕۆشنبیری و ئەدەب و هونەربووە ، لە هەمان کاتدا لانکەی سەرهەڵدانی زۆربەی شۆڕشەکانی گەلی کوردیش بووە.

هەڵەبجە هەمیشە پێشەنگ بووە لە ڕووبەڕووبوونەوی ڕژێمەیەک لەدوایەکەکانی عێراقدا، ئەم گیانی بەرگرییەی کە خەڵکی هەڵەبجە هەیبوو وای لەوڕژێمانە کردبوو زۆر ڕقیان لەم شارەبێت و زۆر قین لەدڵ بوون بۆی هەمیشە بۆ هەڵێک دەگەڕان کە قینی ڕەشی خۆیانی بەسەردا ببارێنن. ڕەنگە سەختترین شت بۆ ئێمەی هەڵەبجەیی گێڕانەوەی ئەو یادەوەریانەبێت بەڵام گێڕانەوی یادەوەرییەکان بەشێکن لە مێژووی شار .لەڕێگەی گێڕانەوەی یادەوەرییەکانمانەوە وێنەی ئەم ڕووبا و کارە ساتانە بۆ نەوەکانی داهاتوومان دەگوێزینەوە ، پێویستە هەموومان یادەوەرییەکانی ئەو سەردەمەی خۆی بنووسێتەوە.

لەم نووسینەمدا هەوڵدەدەم ئەوەی بینیومە و دێتەوەیادم یاداشتی بکەم ، ئەودەمە من تەمەنم تەنها (حەوت) سالان بوو لە پۆلی (دووەمی) سەرەتایی بووم لەقوتابخانەی (حەمدون) چاک لە بیرمە کاتێک مامۆستاکان دەهاتنە سەرمان باسی

ئەوەیان بۆدەکردین کەفڕۆکەهات گەر لە حەوشەدابووین چی بکەین ، گەر لە پۆلدابووین چی بکەین و چۆن گیانی خۆمان بپارێزین ، ئەوەی لەیادەوەریمادا مابێتەوە ئەوەیە ڕۆژێک مامۆستا (عوسمان) بردینییە حەوشەی قوتابخانە لە حەوشە هکەدا چاڵێک لە سەرشێوەی (پیتی ئێڵی) ئینگلیزی هەڵکەنرابوو ، مامۆستا عوسمان فێری دەکردین گەر فڕۆکەهات چۆن بەخێرایی خۆمان هەڵدەینە نێو چاڵەکە ، خۆی چەندجارێک خۆی هەڵدا و دوایی وتی : هەر فیکەم لێدا وابزانن فڕۆکە هاتووە بزانم چۆن خۆتان هەڵدەدەنە نێو چاڵەکە.

ئەوەی لە بیرم بێت لە هەموکۆڵانێکدا بەرگری شارستانی (دفاع مدنی) هەبوو کە لەکۆمەڵی لاوی خۆبەخش پێک هاتبوون هەڵسابوون بە هەڵکەندنی ئەو چاڵانەی لە سەر شێوەی حەرفی ئێڵ لەزۆر لە کۆڵانەکاندا دروست کرابوون، تەنانەت خەڵکیان هۆشیار دەکردەوە ، لە ئەگەری وەشاندنی چەکی کیمیاوی! بیرمە بە نێو قوتابخانەو کۆڵانەکاندا دەگەڕان تووڕەکەی بچوکی پڕ لە خەڵوزی هاڕاویان دەدایە هاوشارییەکانیان ، ئامۆژگاری ئێمەمەیان دەکرد هەریەکەو لە مااڵی خۆی ئەم تووڕەکەی دروستبکات لە ئەگەری وەشاندنی چەکی کیمیاوی کەمێک تەڕی بکات و بیگرێت بەلوتییەوە.

کاتێ دەهاتینەوە بۆ ماڵ و دەچووینە کۆڵان لەگەڵ هاوڕێکانماندا زوو زوو خۆمان هەڵدەدایە ناو ئەو چاڵانەی کە لەزۆربەی گەڕەکەکان بەرگری شارستانی دروستی کردبوو .

ئەو چاڵانە لەو کاتەدا بۆ ئێمەی منداڵ وەک گەمەیەکی منااڵنی لێ هاتبووکاتێک خۆمان هەڵدەدایە نێو چاڵەکان سەرتاپامان خۆاڵوی دەبوو دایکی بەسەزمانمان گیری بەدەستمانەوە خواردبوو.

وابزانم ڕۆژی (٢٤/٤) بوول هقوتابخانە بووین مامۆستا (شێخ عەزیز پارەزانیمان)لە سەربوو لە ناکاو ناڵەو گرمەی فڕۆکە دەرگ او پەنجەرەی پۆلەکەمانی هەژاند مامۆستا بە شێوازە نەرموونیانییەکەی خۆی وتی: مەترسن ڕۆڵەکانم خۆتان بخەنە ژێر میزەکان پێشتریش پێمان وترابوو گەر لەپۆلدا بووین و فڕۆکە هات خۆمان بخەینە ژێر میزەکان. ئێمە خۆمان خزاندە ژێر میزەکان و مامۆستاش خۆی خزاندە پشتی دەرگای پۆلەکەمانەوە.

ئەو ڕۆژە فڕۆکەکان ڕۆشتن بەبێ ئەوەی هیچ ڕووبدات ، وابزانم لە (٢٥/٤)فڕۆکەکان دیسانەوە گەڕانەوە لەوکاتەدا ئێمە لە کۆاڵن بووین و خۆمان هەڵدایە نێو چاڵەکان.

دوای ڕۆشتنی فڕۆکەکان مقۆ مقۆ کەوتە ناو خەڵکی شار و دەیان وت: هەواڵ هاتووە لەلایەن دەزگا هەواڵگرییەکانی شۆڕشەوە کە ئەم فڕۆکانە بۆ (کەشف) هاتوون سبەینێ بۆردوومانی شاردەکەن.

لەلایەن پێشمەرگەوە خەڵک ئاگاادارکرایەوە کەدەبێت ئەمشەو شار چۆڵ بکەن ، ئەوەی باوڕی کرد بە هەواڵەکە شاری چۆڵکرد زۆربەی خەڵکی لەودەمەدا باوەڕیان بە هەواڵەکە نەبوو !

دەیانوت: پێشمەرگە چۆن دەزانێت بەیانی شاربۆردوومان دەکرێت ؟! بڕیاری مانەوەیان دا هۆکارێکی دیش هەبوو ماسی چۆن لە ئاودا دەربێنیت دەمرێت ، خەڵکی هەڵبجە هێندە ئاللوودەبووبوون بەخۆشەویستی شارەکەیان دەیانوت : مردنمان بە باشتردەزانین لەوەی شار بەجێبهێڵین!!

شەوی (٢٥/٤) ئێمەو مااڵی مامم بڕیارماندا ئەوشەوە شار بە جێبهێڵین و بەرەو (گردە ناوبیە) کەوتینە ڕێ بۆ ماڵی پورە (خورشە)ی خوشکی مامۆژنم ، ئەوانەی لەشاردا مانەوە لەدوای ئێمە دایکم و مامۆژنم و شوانی برام ، عەدنانی برام و برایمی ئامۆزام هەردووکیان لە لیژنەی (بەرگری شارستانی) شاردا بوون .

بڕیار بوو بەیانی دایکم و مامۆژنم بە دووماندا بێن چیرۆکی دەرچوونمان لە شار بەوشەوە ئەموستە چاوە تاگەیشتینە گردەناوێ ڕۆمانێکە بۆ خۆی.

بەداخەوە وەک چۆن وەک چاوەڕوان دەکرا لە ڕۆژی (٢٦/٤)شار لە لایەن فڕۆکەکانی ڕژێمی بەعسەوە بەوپەڕی وەحشییەتەوە شاریان بە بۆمبی (ناپاڵم) بۆمبابارانکرد ، ئەم چەکە بەکارهێنانی بەپێی یاسای نێودەوڵەتییەکان قەدەغە بوو.

بەداخەوە لە ئەنجامی بۆردوومانەکەدا خەڵکی سڤیل بوونە قوربانی و شەهید و زامداربوون ، ئەوە جگە لەو وێرانکارییەی فڕۆکەکان بەدووی خۆیاندا بە جێیان هێشت.

بەهۆی ئەوەی ماڵمان لە سەنتەری شاردا بوو ، لە هەمان کاتدا نزیکی مزگەوتی گەورەی شاربووین زۆربەی ئەوانەی لەبازاڕەوە دەهاتن بۆنۆێژ بە کۆڵانی ئێمەدا تێدەپەڕین ، یان ئەوانەی لەگەڕەکی کانی عاشقانەوە دەچوونە بازاڕ هەندێکیان بە کۆڵانە تەنگەبەرەکەی ئێمەدا تێدەپەڕین.





دیمەنی جل و بەرگ و شیک پۆشی زۆرێک لەو پیاوانەی کە بە کۆڵانی ئێمەدا دەڕۆشتن زۆر سەرنجی ئێمەی منداڵانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا! ناوی زۆربەی ئەو پیاوانە فێر بووبووین کە بە کۆڵانی ئێمەدا تێ دەپەڕین.

وەک پێشتر ئاماژەم پێدا ئێمەو ماڵی مامم بەشەو بەرەو ئاوایی (گردە ناوێ) ڕۆیشتین ، بەو شەوە ڕێگامان لێ تێک چوو کەسێکی شارەزامان لە گەڵدانەبوو، شەوێکی زۆر تاریک و ئەموستە چاو بوو، بە جۆرێک بوو مەترێک زیاتر بەردەمی خۆتت نەدەبینی!

ئەوەی تێبینیم کردبێت هەمیشە لە کاتی لێ قەومانەکانماندا، بارانێکی بەلێزەمە باریوە یان بەو جۆرە شەوەکانی تاریک و ئەموستە چاوبوون!

هەرچۆنێک نەبوو بەهەزار فەلاکەت دەمەوبەیان گەیشتینە گردەناوێ و بۆ بەیانی شار بۆمبارانکرا ، ئێمەش لە خەمی دایکم و مامۆژنم و براکانماندا بووین.

هەواڵە ناخۆشەکان وەک بروسکە دەهاتن لە کۆڵانی ئێمەدا سێ کەس شە هەید بوو بوون. فڕۆکەکان سەنتەری شاریان کردبوویە ئامانج .

ئەوانەی کەمابوونەوە لە شاردا وەک هەر ڕۆژێکی تری ئاسایی دوکان و بازاڕیان کردبوویەوە ، زۆربەیان لە شوێنی کارەکەیاندا شەهیدبوون ئەو دراوسێیانەی ئێمە کە شەهید بوون.

١ -(حاجی مەحمودی حاجی عەزیز)

پیاوێکی نورانی جوان کەواو سەڵتەی دەپۆشی کاری جلوبەرگ دوورین بوو ، بەداخەوە لە شوێنی کارەکەیدا شەهید بوو.

٢ -(حاجی ئەمین جەوهەر)

دراوسێمان بوو ماڵەکەیان دەکەوتە سەرووی ماڵی ئێمەوە ، لەماڵی مامۆستا شێخ جەمیلی موفتیدا کرێچی بوون ، دوکانی فرۆشتنی کوپەو مەرکانە و شەربەفرۆشی هەبوو ، کورێکی تاقانەی بە ناوی (ئیبراهیم)ەوە هەبوو ، هاوڕێی ئێمە بوو ڕۆژانە پێکەوە گەمەمان دەکرد ، کورێکی زۆر وریا و جوانکیلە بوو ، دایکی ناوی (گەلاوێژ) بوو ئەوان هێندە ئەم منداڵەیان خۆشدەویست کەناتوانم ڕادەی خۆشەویستی ئەو دایک و باوکە بۆ منداڵەکەیان بۆ ئێوەی خۆشەویست باس بکەم!

برایم دەچێت بۆ دوکانی باوکی لە کات و ساتەدا داڵەڕەشەکان دەدەن بەسەر شارداو حاجی و کوڕە تاقانەکەیشی شەهید دەکەن.

٣-(حاجی سەید قادری هانەسوورەیی)

دوکانی کوتاڵ فرۆشی هەبوو لە سەر شەقامی سەرەکی گەڕەکی پیر محمد ، بە چەند سەدەمەترێک لە خوار ماڵی ئێمەوە بوو، نوێژی نیوەڕۆ و عەسری لەمزگەوتی گەورەدا دەکرد ئەو وەک نوریک وابوو

کە بە لامانـدا تێدەپەڕی بەبێ ویســـتی خۆمان هەموومان تا لە بەرچاومان ون دەبوو ســـەیری ئەو پارچە نوورەمان دەکرد!

ڕۆژێک هاوڕێیەکمان وتی :وەڵا گەر بەشـــەوێکی تاریک بچیت بۆشـــوێنێک و مامە ســـەیدقادرت لەگەڵدا بێت ، نەچرات دەوێت نە لایتی دەســـتی بەڵکو مامە ســـەید بەو نور و ڕۆشـــناییەی کە چواردەوری داوە ڕێگاکەت بۆڕۆشن دەکاتەوە.

بەداخەوە مامە ســـەیدیش لە شـــوێنی کارەکەیدا شەهید بوو.

شـــەهـید بـوونـی ئەم کەســـایەتییە جوانانەی شـــارەکەم تائێســـتاش زامێکی قوڵی لە ڕۆحمـدا بەجێ هێشتووە و هەرگیز ساڕێژنابێت.





وەک چـــــۆن کەسایەتییەکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کاریگەریان هەیە و مۆرکی خۆیان لە یـــادەوەری خەڵـــکـــدا بەجێدەهێڵن ، بە هەمان شـــێوە شـــوێنەکانیش بەوچەشنە ڕۆڵ وکاریگەریان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەیە. کاتێک شـــوێنەکان دەبنە خۆراکی جەنگ و خاپووردەبن ئەوا بەشـــێک لە مێژووی ئەو شـــارە وێران دەبێت، بێگومان ئەم شـــوێنانە کاریگەری زۆریان لە سەرتاک بەتاکی مرۆڤەکان هەیە.

بەر لە (٥١) ســـاڵ پێش ئێســـتا ، چەند شـــوێنێک کاریگەریان لەســـەر من زۆرێک لە خەڵکی شـــاری هەڵەبجە هەبووە، ئەو شـــوێنـانە بۆ هەمیشـــە لەیـادەوەریمـانـدا بەزیندویی دەمێننەوە ، بەداخەوە ئەم شـــوێنانە بوونە خۆراکی فڕۆکە جەنگییەکانی ڕژێمی بەعس و خاپوربوون.

ئەو شوێنانەش:

١ –دوکانی (حاجی عەبدولڕەحمان) شەکەرچی یان نوقڵ.

کێبڕێ نەکەوتبێتە ژێر کـاریگەری ئەم شـــوێنە. دوکـانێـک کـاتێ ئێمەی منـداڵ بۆ شـــت کڕین دەچووین ، وەک دوکانێکی ئەفســـوورناوی دەهاتە بەرچاومان ، ئەو دوکانە دوکانێکی ئاســـایی نەبوو بەڵکو کارگەی شـــیرینی دروســـتکردن بوو کە (سۆفی عومەر) کاری تێدادەکرد.

ئەم دوکـانە بەجۆرێکی واجوان ڕێکخرابوو هەر کەسێ گوزەری بەلایدا گوزەری بکردبا، ئەفسـوون و جوانی شوێنەکە بۆخۆیی کێش دەکرد!

زۆربەی شـیرینیەکان خرابوونە نێو شـووشـەوە ، ئەوشـووشـانەی ئێمە پێمان دەگوت: (شـووشـەی ئـاوەتەمـاتە) ڕەنگی نوقڵی ترش وشـــیرینی نێو شووشەکان دیمەنێکیان هەبوو هەرمەپرسە!

(مەسکەت ، کورسی نەعنا ، لەبزینە ، ڕەحەتەلوقم) چەندەهاشیرینی جۆراوجۆر . بەداخەوە ئەم دوکانە ئەفســـوونـاوییە بووبەژێر بۆردومـانی فڕۆکە جەنگییەکانەوە ئەو دوکـانە نـاوازەی خـاپورکرد ، بەم جۆرە بەشـــێـک لە یـادەوەرییەکـانی ئێمەیش وێران و خاپوربوو.

٢- (کتێبخانەی مەولەوی)

دووەم کتێبخانە لە مێژووی شاری هەڵەبجە بوو.

خـاوەنی ئەم کتێبخـانە کـاک(عومەری کـاکی) بوو ئەم کتێبخـانە و خـاوەنەکەی لە مێژووی شـــاردا ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕا ، ئەم شوێنە بووبووە جێ ژوانی ڕۆشنبیرانی شار.

بەداخەوە ئەم مەڵبەنـدە ڕۆشـــنبیریەش بە بۆمبی فڕۆکە جەنگییەکـانی ڕژێمی بەعس خـاپوورکرا، ناوەندێکی ڕۆشبیری وێران کرا.

٣- (وێنەگری عوسمان)
خاوەنەکەی کاک (عوسمان حاجی حەمەکەریم کورسانی)بوو، کاک عوسمان لاوێک بوو زۆر گرنگی دەدات بە پیشەکەی ، لە وێنە گرتندا کۆمەڵێ شێوازی نوێی بەکاردەهێنا، کە پێشتر لە شاری هەڵەبجەدا بەکار نەهاتبوو ، لەو سەردەمەدا زۆربەی گەنجەکانی شار بۆ وێنەگرتن ڕوویان لە دوکانی (مسەوەر عوسمان) دەکرد.
بەداخەوە ئەم دوکانەش وەکو شوێنەکانی تر بووە نێچیری فڕۆکە جەنگییەکانی ڕژێمی بەعس و خاپوور بوو.
یاد و یادەوەری و کاریگەری ئەم شوێنانە هەتا ئێستاش لە سەر زۆربەی خەڵکی شاری هەڵەبجە ماوە.
ئێمەدەبێت تەنها باسی ڕۆڵ و کاریگەری کە سایەتییەکان نەکەین و بەس بەڵکو دەبێت باسی ڕۆڵ و کاریگەری شوێنەکانیش بکەین.
چونکە ڕۆڵ و کاریگەری شوێن لە سەر ئێمەی مرۆڤ هیچی کەمتر نییە لە ڕۆڵ و کاریگەری کەسەکان.
تێبینی: زۆر شوێنی گرنگی دیش خاپوور بوون وەلێ ئەم شوێنانە بۆ منێکی منداڵی ئەو سەردەمە کە ڕۆژانە چەندین جار بە بەردەمیاندا دەڕۆیشتم کاریگەری زۆریان لەسەرم هەبووە.
هەڵەبجە دوای تێپەڕبوونی تەنها (چواردە)ساڵ بە سەر بۆمبابرانکردنی بە بۆمبی ناپاڵم تاوانێکی

گەورەتر بەرامبەر بەم شارە بەشمەینەتە ئەنجام دەدرێت. جیاوازی نێوان ساڵی (١٩٧٤) بۆ ساڵی (١٩٨٨) تەنها چواردەساڵە، شاری هەڵەبجە ناو بەناو تووشی دەسدرێژی ناوخۆیی دەرەکی دەبێتەوە! گەر باس لە ڕووداو بەسەرهاتەکان بکەین و بەراوردێک بکەین لەنێوان ئەم دوو تاوانەدا و لەڕووی مێژوویییەوە خوێندنەوەیەکی بابەتی بۆبکەین، ڕووە هاوبەش و جیاوازەکانی ئەم دووتاوانە دیاری بکەین.
ئەوا دەگەین بەم ئەنجامەی خوارەوە.
ڕووە هاوبەشەکانی هەردوو تاوانەکە.
١ -ئەنجامدانی هەردوو تاوانەکە لە یەک نزیک بوون، ڕووداوی یەکەمیان لە وەرزی بەهاردا کۆتایی مانگی نیسانی لەساڵی(١٩٧٤) ڕوویدا ، ڕووداوی دووەمیان لە ناوەڕاستی مانگی ئازاری ساڵی (١٩٨٨) دا لە دواڕۆژەکانی وەرزی زستاندا ڕوویدا.
٢ -لە ڕووی سروشتییەوە شەوی ڕووداوی هەردوو تاوانەکە لە تارکترین شەوەکانی ساڵ بوو ، لەو شەوانە بوو کە پێی دەڵێن: شەوی (ئەموستە چاو) مانای ئەوەیە لە دووری بستێکەوە ناتوانیت کەس ببینیت!
لەهەمان کاتی هەردوو تاوانەکەدا بەهارەکەی بەهارێکی زۆر تەپبوو بارانێکی لەڕادەبەدەر باری.
٣ -لە هەردوو تاوانەکەدا جۆری ئەو بۆمبانەی بەکارهێنرا بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان قەدەغە بوو !
٤ -هەردوو تاوانەکە حکومەتی عێراقی بەسەرکردایەتی حیزبی بەعسی فاشی ئەنجامیدا.
(ڕووە جیاوازەکانی هەردوو تاوانەکە)
١ -لە ڕووداوی یەکەمدا پێشمەرگە ئامادەکاری کردبوو بۆ ڕووداوەکە و تیمی بەرگری نیشتمانی پێک هێنابوو ، بە گەرەک و قوتابخانەکاندا دەگەڕان و خەڵکیان هۆشیار دەکردەوە لە زۆربەی گەرەک و قوتابخانەکاندا چاڵی خۆپاراستنیان هەڵکەندبوو.
لە کیمیا بارانەکەدا هیچ ئامادەکارییەک نەکرابوو .
٢ -لە ڕووداوی یەکەمدا کاتێ پێشمەرگە ترسی ئەوەیان هەبوو هەڵەبجە وەک قەڵادزێ دەکرێتە ئامانج هانی خەڵکیان دەدا شارچۆڵبکەن و بەجێی بهێڵن.
لە کیمیابارانەکەدا ڕێک بە پێچەوانەوە بوو، بەر لە کارەساتەکە زۆربەی خەڵک شاری بەجێ هێشت بەڵام پێشمەرگە وتیان: ئێمە بەرگری دەکەین ، بەزۆر گەڕاندنییەوە بۆ ناو شار!
بەداخەوە هەندێک لەو خێزانانەی کە بەزۆر پێشمەرگە گەڕاندنییەوە بوونەقوربانی کەسیان لێ دەرنەچوو .
ڕاستییەکی مێژوویی هەیە دەبێت وەک خۆی بنووسرێتەوە و قەڵەم بە دەستە دەربارەکان دیزە بە دەرخۆنەی نەکەن، ئەو ڕاستییەش ئەوەیە:
لە کاتێکدا بەرپرسەکان بە هێزی چەک ڕێ گریان لە چوونە دەرەوەی خەڵکی شار دەکرد ، خۆیان

بەر لە چەند مانگێک هەواڵیان بۆ خێزان و کەسوکاریان ناردبوو تا شار بەجێبهێڵن و ئاگاداریان کردبوون کە مەرگەساتێک بۆ شاری هەڵەبجە بەڕێوەیە.

کەواتە مەرگەساتەکە چاوەڕوانکراوبوو !

٣ -لە ڕووداوی یەکەمدا بۆ ماوەیەکی زۆر شار چۆڵکرا ، کاتێک خەڵک گەڕایەوە بۆشار وەک دەڵێن: (دەرزییەک لە شوێنی خۆی نەجوولابوو) کەس دەستی بۆ هیچ نەبردبوو وە هیچ ماڵێک تاڵان نەکرابوو.

لە کیمیابارانەکەدا دایک و خوشکەکانمان هێشتا گیانیان دەرنەچووبوو ملوانکەکانیان لە ملیاندا بچڕان و بازنەکانیان لە دەست دەرهێنان و گەرئەزموونی خەباتی گەلان بەراوردبکەین بە خەباتی خۆمان دەبینین گەلان ساڵ لە دوای ساڵ لە ئەزموونەکانیان پەند وەردەگرن.

تەنانەت شکستەکانیان دەبێتە وانەیەکی گەورە و هەرگیز تووشی هەمان شکست نابنەوە.

بەڵام ئێمە بەردەوام دەکەوینە هەمان چاڵ کە پێشتر تێی کەوتووین!!

ئەوەی ئێمەو گەلانی ترجیادەکاتەوە تەنها ئەوەیە کە ئێمە هەرگیز سوودمان لە مێژووی پڕ لە کارەسات و نووشتی خۆمان وەرنەگرتووە.

وەک دەبینین ئەو گەلانەی سوودیان لە مێژوو و ئەزموونی خۆیان بینیوە هەمیشە بەرەوپێش چوون و تاگەیشتوون بە ئامانجی خۆیان.



پەنجەیان بۆ موستیلە ئاڵتوونەکانیان بڕینەوە!

باوک و براکانمان گیانیان دەرنەچووبوو باخەڵیان بڕین و هیچیان تیانەهێشت!

تەنانەت ماڵەکانیش بەر ڕەشەبای تاڵانچییەکان کەوت و ئەوەی بەکەڵک هات بردیان!

٤-لە تاوانی یەکەمدا حکومەت کشایەوە و ناوچەکان خۆبەخۆ ئازاد بوون و کەوتنە دەست پێشمەرگە، لە تاوانی دووەمدا پێشمەرگە کەوتنە پێش هێزێکی دەرەکی و هەڵەبجەیان داگیرکرد!!

لای ئێمە ڕێک پێچەوانەیە، گەر بەوردی سەیری ئەو جیاوازیانەی کورد و گەلانی دونیا بکەیت ، دەبینین دوای ئەو چواردە ساڵەی لە نێوان ڕووداوی یەکەم و دووەمدا هەیە ، هیچ بەرەوپێش چوونک نابینیت بەڵکو بەردەوام بۆ دواوە گەڕاوینەتەوە ئێستەشی پێوەبێت! گەلی کورد هەرگیز پەندی لەشکستەکانی ڕابردووی خۆی وەرنەگرتووە ، ئێمە نەتەوەیەکین لەدەرەوەی مێژوو.

سەدام چۆن گیرا

ئامادەکردنی ئەنفالستان :

دوای ئەمریکییەکان عێراقیان ڕوخاند کەوتنە شوێنپێهەڵگرتنی سەرانی بەعس بەتایبەتیش سەدام و عزەت دوریی و دەست و پێوەندەکانی، زۆری نەبرد کە سوڵتان هاشم و تەها یاسین ڕەمەزان و عەلی حەسەن مەجید گیران و خرانە زیندانەوە، بەڵام سەدام و عزەت دوریان بۆ نەگیرابوو.

پلانی دەستگیرکردن:

ئەمریکیەکان پلانیان بۆ دەستگیرکردنی سەدام دانا ژەنەراڵ (سیمۆن دارایز) سەرپەرشتی تیمەکەی دەکرد، کە سەرکردەیەکی باڵای دەزگای هەواڵگری ئەمریکا بوو لەعیراق، لەمانگی ئابی ٢٠٠٣ دا دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە گوایە چەندجارێک سەدام حسێن لەباکوری شاری بەغداو شاری تکریت بینراوە، بۆ ئەو مەبەستەش دەزگای هەواڵگری ئەمریکا تیمێکی تری بەسەرۆکایەتی ژەنەراڵ (سوارز کیفمان) پێکهێنا بۆ زیاتر دڵنیابوون لەو زانیارییانەو دۆزینەوەی پەناگە نهێنییەکەی سەدام.

کۆسەرەت ڕەسوڵ عەلی لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەرکداربوو بە دۆزینەوەی سەدام، بەڵام پێناچێت ویستبێتی ڕاستەوخۆببگرێت. بەڵام توانی عەبدولمالک یەکێک لە پاسەوانەکانی بگرێت. هەتا ئەوکاتەش سەرەداوەکان بۆ دەرکەوتنی سەدام ونبوون، هەرچی ئەمریکییەکان بوون هەموو هیوایەکیان لەسەر گرتنی "محەمەد ئیبراهیم" هەڵچنی بوو، هیواکەشیان لەجێی خۆیدابوو چونکە ئەو یەکێک بوو لە پاسەوانە جێگەمتمانەکانی سەدام، پێشتریش بەرپرسی پاسەوانەکانی بوو لەکۆشک و دواین وێنەیان لە ئەعظمیە بوو کە لە بەردەم ئاپۆرایەکدا دەرکەوتن ئیتر ئەوە دوا وێنەیان بوو. هەرچۆنێک بووە توانیان بە محەمەد ئیبراهیم بگەن و دەستگیریان کرد.

شایەتی ئەمریکیەکان :

وەک ئەمریکییەکان لە یاداشتەکانیاندا باسیان کردووە. فشاری زۆریان خستووەتە سەر محەمەد ئیبراهیم، ئیریک مادوکس دەڵێت "پێموت ٤٠



ئەندامی خێزانەکەت بە هۆی تۆوە گیراون، گەر تۆ شوێنی سەدامان پێ بڵێیت ئێمە ئەندامانی خێزانەکەت ئازاد دەکەین." قەیس نامیق یەکێکی تربوو لەوانەی بەتۆمەتی شاردنەوەی سەدام گیرابوو، هەمان ئەو ڕۆژەی سەدام گیرا قەیس نامیقیش لەماڵەکەیدا گیراو دواتر لەگەڵ محەمەد ئیبراهیم ڕووبەرو دەکرێنەوەو ئەمریکیەکان پێیدەڵێن : محەمەد ئیبراهیم سەدامی پێداین تۆش عزەت دوریمان پێبدەو بائازادت بکەین.(جزیرە نێت:٢٠١٩/١٢/١٣) هەرچەندە قەیس ڕەتی دەکاتەوە کەوا ئەو شوێنی سەدامی ئاشکرا کردبێت بەڵام سەدام لەنامەیەکدا بۆ خزمەکانی دەڵێت : قەیس نامق وبراکانی خیانەتیان لێکردم. نامەکەی سەدام لە ڕۆژنامەی دەستوری ئوردنیدا ڕۆژی یەک شەممە ٨ی تشرینی ٢٠٠٩ بڵاوکراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا محەمەد ئیبراهیم جێگەی گومانە لە ئاشکراکردنی سەدامدا.

مادوکس جەخت دەکاتەوە کە ئیبراهیم ئاماژەی بەوەدا کە شوێنی سەدام دەزانێت بەڵام ئامادە نەبوو هیچ وردەکارییەک بخاتە ڕوو، ئەمە جگەلەوەی ئەوان بەردەوام فشارە دەروونییەکانیان لەسەر زیاتر کردووە. هەرچی کۆسەرەت ڕەسوڵ عەلییە دەڵێت : ئێمە هەموو کارەکەمان کردو ئەمریکیەکان گرتنی سەدامیان برد بۆخۆیان و هیچیشیان نەداینێ دیارە مەبەس تی ئەو ٢٥ ملیون دۆلارەیە کە وەک خەڵات دایاننابوو بۆ هەرکەسێک سەدام بدۆزێتەوە یان ڕادەستی ئەمریکیەکانی بکات.



لە ١٣ی دیسەمبەری ٢٠٠٣دا محەمەد ئیبراهیم مەسڵەت بڕیاری هاوکاری دەدات، وەرگێڕە بەسراییەکەی سوپای ئەمریکا بەناوی سەمیر دەڵێت: لە کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ ئیبراهیمیان هێنا و نەخشەیەکیان خستە بەردەستی هەتا ئەو ناوچەیەی کە سەدام تێیدا خۆی شاردووەتەوە دەستنیشان بکات. دوای ئەوەی ناوچەکە بەتەواوی دیاریکرا، ئینجا ئامادەکاریی تەواو کراو بڕیاردرا محەمەد ئیبراهیم لەئۆتۆمبێلێکدا بمێنێتەوە، منیش لەگەڵ سەربازەکاندا بە ئاڕاستەی شوێنەکە بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکە ڕۆیشتین و گەیشتینە کێڵگەکە.

ئیبراهیم سێ ناوچەی لەو کێڵگەیەدا دیاریکردبوو، کە گەری ئەوەی هەیە سەدامی لێ بێت، چوینە ناوچەی یەکەم و دووەم هیچی لێ نەبوو، بۆیە سەرنجمان خستە سەر شوێنی سێیەم، ماڵێکی کۆن بوو لە کێڵگەکەدا.کاتێک گەیشتوونەتە کێڵگەکە دوو کەسمان دەستگیرکرد کە پاسەوانیان لەسەدام دەکرد، بەڵام نەمانتوانی هیچ زانیارییەکیان لێ وەربگرین، بۆیە بڕیارماندا ئیبراهیم بهێنین بۆ شوێنەکە.

مادوکس ئامژە بەوە دەکات کە ئیبراهیمیان نیشانەی نامقی خاوەنی کێڵگەکەداوە تا شوێنی سەدام بڵێت بەڵام ئەو ڕەتی کردووەتەوە هیچ بزانێت.

دۆزینەوەی چاڵەکە :

لە کاتژمێر ٨:٢٥ خولەکی ئێوارە، ئەو چاڵە دۆزرایەوە کە سەدام تێیدا خۆی شاردبووەوە. سەمیر باسی ئەوە دەکات کاتێک سەری چاڵەکەمان هەڵدایەوە گوێمان لە دەنگێک بوو بانگی کرد"تەقە مەکەن، تەقە مەکەن" داوای کرد لەچاڵەکە دەری بێنین، ئینجا دەستی سەدامان بینی ڕایدەوەشاند، دەستمانگرت و بەیارمەتی ئێمە لەچاڵەکە هاتە دەرەوە. من دەنگیم ناسییەوە بەڵام شێوەی بە تەواوی گۆڕابوو زۆر جیاواز بوو لەوەی بینیبومان، بە قژ و ڕیشێکی درێژەوە" سەربازێک کە بەشداری ئۆپەراسیونەکە بووە بەناوی راسڵ دەڵێت "پیاوێک وتی من سەدام حسێنم، من سەرۆکی عێراقم و ئامادەی مفاوەزات و گفتووگۆم، لە وەڵامدا یەکێک لە سەربازەکان وتی "سەرۆک بۆش سڵاوی بۆت هەیە.

لە ١٦ی تەممووزی ١٩٧٩ دا پۆستی سەرۆک کۆماری عێراقی پچڕی و هەتا ٩ی نیسانی ٢٠٠٣ لەو پۆستەدا مایەوەو هەر خۆی سەرۆک کۆماری عیراق بوو. ڕۆژی ١٣ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣ لەلایەن هێزێکی ماریٚنزی ئەمریکییەوە دەستگیرکراو دوای داگایی کردنی ڕۆژی ٣٠ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٦ لەلایەن شیعەکانەوە لەسێدارەدرا.

کۆمەکی ئەنفالستان بکە و بەشداری لەنوسینەوەی مێژووی تراژیدیای کورد.

فریادڕەسێکی تری ئەنفال



فەرەیدون غەریب

لەژمارەکانی پێشووی گۆڤاری ئەنفالستاندا هەندێک لەو مرۆڤە ئازاو فریاد ڕەسـانە لە ژمارەو لاپەرەو ساڵی جیاوازدا ئازایەتیان خراوەتەڕوو هەریەکەیان بەجۆرێک تۆمارکراوە، وا ئێستاش بەهۆی قەڵەمێکی تردوە، کە بۆخۆی کارەکتەرێکی ناو ڕوداوەکان بووە ئازایەتی جوامێرانێکی تری ڕوژگارە سەختەکەی ئەنفال تۆمار دەکەین. ئەوانە گروپێک کەسی دڵسۆزو ئازا بوون بەبێ ئەوەی سەر بەهیچ حزب وڕێکخراوێکی سیاسی بووبن و بەبێ ئەوەی کەس ڕایان سپێرێ خۆیان خۆڕسکانە قۆڵی چاکەو ئازایەتیان لێهەڵماڵیوەو چونەتە ناو کورەی ئاگرەوە بۆ ڕزگارکردنی گیانی ئەوانیدی.

لەم ژمارەیەدا بوار دەدەین بە کاک فەرەیدون غەریب پێشمەرگەی سەروەختی ئەنفال، بەتایبەتیش لە قۆناغی چوارەمی ئەنفالدا کە کەوتوونەتە تەنگانەوەو مەرگ و ژیانیان هەروا تاڵە موویەک بووە، بەڵام ئەو فریادڕەسانە بەهانایانەوە چوون و ئەوەندەی توانیویانە ڕزگاریان کردوون.

فەرموون ئێوەو چیرۆکی ئازایەتی ئەو کۆمەڵە مرۆڤە جوامێرە کە قەڵەمی پێشمەرگەیەک بۆمان دەنوسێتەوە.

لەگێڕانەوەکەیدا مرۆڤ هانای وەبەردێتەوە کاتێک دەبینێ ئازایەتیان چەندە ئەفسانەیی بووە بەتایبەتیش (عەلی کاکەڕەش)، کە ڕێنوێن وسەرپەرشتیاریان بووە.

نوسەر نوسیوێتی:

کەمبوون ئەو کەسانەی لە ڕۆژگاری ڕەشی ئەنفالدا بۆ ڕزگارکردنی ژیانی کەسانی تر، ژیانی خۆیان و براو هاوسەرو منداڵ و ئوتومبێل و بەرژەوەندیان خستە ناو مەترسیەکی ڕاستەقینەوە، بێ ئەوەی زۆربەی ئەوانەی ڕزگاریان دەکەن بناسن! بێ ئەوەی لەلایەن یەکێتی و ڕێکخراوەکانیەوە بۆ ئەو کارە پڕلەمەترسییە ڕاسپێردرابن! بێ ئەوەی چاوەڕوانی سوپاس و پاداشت و پیاهەڵدانی کەس بووبن !!

لەوانەش گرنگتر، ئەوکۆمەڵە کەسە فریادڕەسە هەڵوێست و گفتوگۆی زبرو ناخۆشی چەند بەرپرسێکی گیرخواردووی ئەنفالی چوارو دابڕاو لە هەموو ئاوەدانیەکیش، ساردی نەکردنەوە. جگە لەوە لەو دۆخەمەترسیدارەی ئەنفالدا بەشێک لە پێشمەرگە نەخۆش و بریدارو ماندووەکانی چەمی ڕەزانیش یان بە هەمان ڕێوشوێنی ڕزگارکردنی ٦٠ پێشمەرگەکەی چیای پیرەمەگروون گواستەوە بۆ شوێنی ئارام. نەک هەرئەوەندە بگرە هاوکاری مادی و مەعنەوی هێزەکەش دەکەن.

مەلا فەرمان کەرکوکی ڕێکخەری تیپی ٢٣ی سورداش و ڕەفعەت عەبدوڵا کەرکوکی ڕێکخەری تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان، یەکەمیان بەسەختی بریندار دەبێ و ڕەفعەتیش مارپێوەی دابوو، هەر ئەو کۆمەڵە ئازایە دەبنە فریاد ڕەسیان و بە زەحمەتێکی زۆر لە ئۆردوگای زۆرەملێی باینجانەوە دەیانگوازنەوە ناو شاری سلێمانی، پاش تیمارکردن و چارەسەرکردنیان لەلایەن دکتۆر محەمەد*و دکتۆر عبدولاو چاکبونەوەیان دەگەیەنرێنەوە بناری قەندیل.

سەیر لەوەدابوو لەو دۆخەهەستیارەدا سەرکردەکانی پێشمەرگە لە چەمی ڕەزان، داوایان لێدەکەن لەژێر فەرمان و ڕاسپاردەی ئەوان و ڕێکخراوی سلێمانیدا کار بکەن و ئەو پێشمەرگانە ڕزگار




بکەن، کە ئەوان بۆیان دیاری دەکەن نەک ئەوانەی پەرتەوازەن!!

بەڵام ئەمان سەرەتا هیچ پەیوەندیەکیان بە ڕێکخستن و یەکێتیەوە نیەو پێش ئەوەی عەلی بچکۆل و کادرەکانی هێزەکە ببینن، بەهۆی ئەو هەواڵ و نامانەی لە پێشمەرگە گیرخواردووەکانەوە پێیان دەگات، ڕۆحی کوردایەتی و مرۆڤایەتی خۆڕسکی خۆیان دەکەنە قوربانی و ژمارەیەکی زۆریان لە چیای پیرەمەگروونەوە ڕزگار دەکەن و زۆربەیان دەبەنە ماڵی عەبدوڵای حاجی ڕەسوڵی ڕانیەو ئەوانیش دەیاگەیەننە بناری قەندیل.

لەناو ئەوانەی ڕزگاریان کردبوون ڕابەری سیاسی، فەرماندەی کەرت، کادری ڕێکخراوەیی، فەرماندەی مەفرەزەشیان تێدابوو؛ ئەمە جگە لە دەیان (فیرار) سەربازی هەڵاتوو خێزانی پێشمەرگەی گیرخواردوو.. هتد.

بەداخەوە ئەم مرۆڤە قارەمانانە بێ ئارەق وبێ باج دەرنەچوون بەڵکو دوای تەواو بوونی کارەکانیان و ڕزگاربوونی هێزەکە، بەشێک لە ڕێی ئەمان و بەشە گەورەکەشیان دوای پەرینەوەیان لە زێی بچووک و گەیشتنەوەیان بە سنووری مەڵبەندی ٣ی یەکێتی، بە هۆی هاوکاری خێزانێکی هەولێری و گیرانی نامەیەک لەلایەن ئەمنی هەولێرەوە، سەری ئەم مرۆڤە باشانەش دەخواو چەند کەسێکیان لە سێدارە دەدرێن و ئەوانیتریش دوای ئەشکەنجەو مەینەتیەکی زۆر حوکم دەدرێن، بەشێکیشیان دوای نزیکەی ساڵێک زیندان و ئەشکەنجەی ئەمنی هەولێرو بەغدا ئازاد دەکرێن.

بەپێی گێڕانەوەکەی نوسەری ئەم بابەتە سەردەستەی ئەو گروپە عەلی کاکە ڕەش بووە، (بڕوانە وێنەی لاپەڕە٢) لەگەڵ چەند پیاوێکی ئازای تر کە بریارە نوسەر لەیادەوەرییەکانی خۆیدا جێگەی شیاویان بۆبکاتەوەو باسی ئەوانیش بکات.



هێزەکەی چەمی ڕەزان دواجار کە دەزانن خۆشیان پێویستیان بەم گروپەیە، ئینجا زمانی ڕەخنەو گلەییەکانیان دەگۆڕن بە سوپاس و، دەستخۆشیان لێدەکەن و بەرنامەی کارکردنیان لەگەڵ دادەنێن. ئیدی قۆناغی دووەمی هاوکاری و ڕزگارکردنی بەشێکی تری پێشمەرگەکان لە چەمی ڕەزان و ناو ئۆردوگای باینجانەوە دەست پێدەکەن. بۆیە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشین بۆ ئەوەی کە چیرۆکەکانی قۆناغی یەکەم و ڕزگارکردنی پێشمەرگەکانی چیای

پیرەمەگروون و قۆناغی دووەمی هاوکاری : گەیاندنی پاتری جیهاز، هێنانەوەی جیهازێکی ڕاکاڵ بۆ سلێمانی، دابینکردنی پێداویستی پێشمەرگە وەک جلوبەرگ و پێڵاو خواردن و پارەو کەرەسەی دروستکردنی کەڵەکی ئاو، لە چەمی ڕەزان و ئۆردوگای زۆرەملێی باینجان و بە بەشداری یەک دوو کادری ناو هێزەکە و چەند ئەندامێکی ڕێکخستن و ڕۆڵی ڕێکخراوی سلێمانی، لە چەند بەشێکی بیرەوەرییەکانیدا دەگێڕێتەوە. لەبەرئەوەی باسێکی درێژەو لێرەدا جێگەی نابێتەوە بەباشمان نەزانی لەوەندەی بەردەستت زیاتر بڵاوبکەینەوە.



ئەها کاکە ڕەش بڕای عەلی کاکە ڕەش

دوای تێکچوونی گوندی سوسێی سەیدان و مانەوەی زیاتر لە ٧٠پێشمەرگەو فەرماندەی تیپە پەرتەوازەکان، لە ژێر سەرپەرشتی عەلی بچکۆلدا : مامۆستا جەمالی حاجی محمد هەڵەبجەیی و ڕابەری سەید برایم کۆیی و مەلا فەرمان و سابیر کۆکەیی و عادل کەرکوکی و چەندین فەرماندەی کەرت و ڕێکخەری ڕێکخستن، کاری گواستنەوەو ڕزگار کردنی پێشمەرگەو هاوکاری، دەگوازرێتەوە بۆ چەمی ڕەزان و کەیلی گوندەکانی کوپەلەو ئەڵاقولی و ئۆردوگای باینجان. لەو وێستگەیەشدا لەگەڵ چەند کارەکتەرێکی ڕێکخستن و کادری ناو هێزەکەی چەمی ڕەزان و ڕێکخراوی سلێمانی و خەڵکی تر مەترسیەکان لە ئەستۆ دەگرن و قۆناغی دووەمی هاوکاری و دابینکردنی پێویستیەکان و گوێزانەوەو ڕزگارکردنی بەشێکی تری پێشمەرگەکان لێرەوە دەست پێدەکەن..

(من کوردم و ئەوانیش پێشمەرگەن و لێیان قەوماوەو ڕێگای ڕوون و دەربازبونیان نیە!! دەبێت بچین بە هانایانەوەو بە مەرگی خۆشمان بێت ڕزگاریان بکەین، ئەگەر لە بازگەکان ڕێیان پێگرتین یان هاتنە سەرمان گوێ مەدەن بە ماڵ و منداڵ و ئوتومبێلی ئێمە، شەڕی خۆتان بکەن!!) ئەمەی ناو کەوانەکە وڕێنەو خەیاڵ نییە، بەڵکو ووتەو کرداری یەکێک لە پیاوە هەرە ئازاو بە هەڵوێست و فریاد ڕەسەکانی میللەتی ئێمەیە ؛ ئەوە ووتەو کرداری عەلی کاکە ڕەشی قاییکەندیە**

---

*محمدعبدالله حسن یاریدەدەری پزیشک بوو، لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، پێیان دەگوت : دکتۆر محەمەد، ئەو لەو ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجەدەراندا بوو، کە شانەی سەرەکی شەهید هێمن سەرپەرشتی دەکرد لە ڕێی خلیل گەبەییەوە.

**عەلی کاکە ڕەش ئەحمەد قاییکەندی، ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی قاییکەندی بناری تاسلۆجە لە دایک بووە، یەکێکە لە مێرخاسەکانی هۆزی عوزێری و خۆیی و براو خێزان و هاوڕێکانی لە ڕۆژگاری ڕەشی ئەنفالدا، بەبێ ئەوەی سەربەهیچ ڕێکخراوو حزبێکی سیاسی بێت وەک کوردێکی بەویژدان چووەتە مەیدان و پێکەوە لەگەڵ براو خانەوادەکەی تەحەدای بەعسیان کردوو، ئەو کۆمەڵە جوامێرە بەشێکیان بەمەرگی خۆیان ژیانی پێشمەرگەیان ڕزگار کرد.

- **وێنەی یەکەم لاپەڕە (١) نوسەر فەرەیدون غەریبە**
- **وێنەی دووەم پێشمەرگەکانی چیای پیرەمەگروون .**
- **وێنەی دووەم لاپەڕە (٣) عەلی کاکە ڕەش.**
- **وێنەی چوارەم تەها کاکە ڕەش .**

دەربارەی پرسی ئەنفال مافی خۆمانە بپرسین

هۆمەر محەمەد

کورد بەبێ ئەوەی بترسێ و شەرم بکات مافی خۆیەتی بگەڕێتەوە بۆ ڕیشەی (ئەنفال) ئەم چەمکە، ئەگەرچی ئایەتێکی قورئانەو کوردیش زۆرینەی موسڵمانە، بەڵام هەتا ساڵی ١٩٨٨ کوردەکان بەم ئایەتەو بەچەمکە وێرانکارییەکەی ئاشنا نەبوون. رەنگە باشترین بەڵگەی ئەم ڕایەم هەر قسەکەی ئەسمەربێت کاتێک لەمێردەکەی دەپرسێت : "پیاوەکە ئەنفال چییە؟ ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت: واتا دەفەوتێین" هەندێک دەڵێن ئەمە فەرماندەیەکی سوپای عێراق ئەفسەرێکی پلەبەرزی ئەو سوپایە کە پابەندییەکی قوڵی بەئاینی ئیسلامەوە هەبووە یەکەم هێرشی سوپای عێراقی بۆسەر کوردەکان ناوناوە ئەنفال و ئیدی قۆناغەکانی تریش هەر بەئەنفال ڕۆیشتوون هەتا لە ٦ی ئەیلولی هەمان ساڵدا بەیانی کۆتایی بەناوی (ئەنفالی کۆتایی- خاتمة الانفال) ناونرا. ئەم قسەیە لەزاری فەریق رکن نزار عەبدولکەریم خەزرەجییەوە ئاشکرابوو، خەزرەجی بۆ خۆی ئەوسا سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق بوو، کامل ساجد فەرماندەو پێشەوایەکی فەیلەقی یەک بوو. ئەوەی خەزرەجی دەیڵێت ڕاستە کامل ساجد عەرەبێکی سوننە مەزهەبی ئیماندار بوو، هەتا تەمەنی هەڵکشاوە زیاتر ڕۆچووەتە ناو ئاین و ئیمانەوەو هەتا بووەتە پیاوێکی سەلەفی. سەرئەنجام ئەویش وەک زۆر جەلادی تر بەدەستی سەدام کوژرا، هێشتا ڕوون نیە کە بۆچی سەدام (کامل ساجت)ی کوشت، بەڵام ئەوەی لەبارەیەوە دەوترێت گوایا گومانی لێدەکات کە خیانەتی لێدەکات بۆیە وەک زۆر ئەفسەری تر ڕاستترە بڵێین وەک زۆر جەلادی تر لەساڵی ١٩٩٧ دا لەسێدارەی دا.

ئێمە مافی ئەوەمان هەیە، کە مێژوو بپشکنین، بەدوای هەرسەرەداوێکدا بچین کە لەپشتی تاوانەکەوەیە لەناویشیدا بەرێوەچوونی (پرۆسەکە)، هەتا بەدوای وردەکاریدا بچین و هیچ تێبینیەک نادەیدە نەگرین "ئەوە ئەگەر نەتەوەمان بەبێ دەمارگیری بۆگرنگ بێ و بەهای کوردبوون بزانین" ئاخۆ ئەنفالی سەدەی بیستەم و پرۆسە کۆکوژییەکەی چەندە پێوەستە بە کەلتووری عەرەبیی و کەلەپووری دینی و ڕیشەی فیکرو دونیا بینی عەرەبییەوە؟ ئایا ئەوەی ڕویدا دەکرا ڕوونەدات ؟ ئایا سوپا دەیتوانی ئەو ئەرکە جێبەجێنەکات بێگومان ئێستا لەهەر بەشداربوویەکی ئەو تاوانە بپرسیت هەرئەوەت وەڵام دەداتەوە کە ئایشمان وتی: من فەرمانم جێبەجێکردووە، هەر ئەوەی سوڵتان هاشم گوتی: ئێمە ئەرکی سوپامان جێبەجێکردووەو نەمان زانیوە ڕۆژێک لەسەر ئەوە دادگایی دەکرێین. بەڵام نا ئەفسەرانی سوپا توانای ئەوەیان دەبوو بڵێن سوپاکەمان نیشتمانیەو ئەرکی سوپا پاراستنی نیشتمان و هاونیشتمانیە و گوندڕوخاندن و گرتن و کۆکردنەوەی گوندنشینەکان پێچەوانەی ئەرکی سوپایە، بەڵام کاتێک دەیانتوانی کەخۆیان نەبووبن بەجەلادو بەهەمان ئەو عەقڵییەتە بارگاوی نەبووبن. نا ئەوانیش بڕوایان وابوو کوردەکان (عەجەم)ن و دەبێت نیشتمانیان بۆ بکرێت بەگۆڕستان دەنا هەرگیز ئەو تاوانە بەو شێوەیە ئەنجام نەدەدرا کە عەلی حەسەن مەجید نەخشەی بۆکێشابوو.

ئایا ئەنفال ئەرکێکی ئاینی و نیشتمانی بوو؟ هەتا ماشێنی زەبەلاحی هارین و لەمرۆڤخستن بۆ کوردەکان بخرێتەگەڕو بە نوێترین چەکی سەردەم لێیانبدرێت؟ یاخود ڕەشەبایەکی بیابان بوو بەڕقی شۆڤێنیزمی عەرەبییەوە هەڵیکردبوو؟ کە ڕاماڵین و دەرپەڕاندنی کوردەکانی لە نیشتمانی

خۆی کردبووە ئەرکێکی نەتەوەیی و ئـایینی و بەجێبەجێکردنی داوای سـەرۆک و خودای دەزانی؟ ئایا دەوڵەتی عێراق مۆدێلێکی مۆدێرنێتیی دەوڵەت بوو خەریکی لاساییکردنەوەی نازییەکان بوو، یان نازییەکانیش لەسـەر هەمان نەریتی ئاینی مەسیحی نەیارەکانیان پاکتاودەکرد؟

ئەگەرچـی عەلـی حەســـەن مەجـیـد لەکۆبوونەوەکانیدا بەڕاشـــکاوی دەڵێت : ئەوەی بەئەرکەکە هەڵدەستێ ئێرەیە(نوسینگەی ڕێکخستنی باکوری حزب) دەوڵەت ناهێنمە ناو ئەم کێشـەیەوە. بەڵام ئەو زۆر گەوجـانە دواوە چونکە ئەو خۆی پیاوێکی دەســـەڵاتداری دەوڵەت بوو، حزبەکەشـــی جڵەوی دەوڵەت و حکومەتی بەدەســـتەوە بوو، بۆخۆی جلوبەرگی نیزامی دەپۆشـــی و ســـەدام ســـەرۆکی دەوڵەت بوو، هەموو هەنگـاوێکیـان بە پشـــتیوانی دەوڵەت و پارەی دەوڵەت و ســـوپای دەوڵەت بەڕێـوە دەچـوو، هەمـوو ئەنـفـالـکـراوان بەســـوپـای دەوڵەت و چەکی دەوڵەت کۆکرانەوەو بەماشێنی دەوڵەت گواستراندەوە. ئیتر چۆن دەوڵەت لەو تاوانە دەکرێتە دەرەوە ؟

هەکەم هەنگاوی بەعســـیەکان بۆ ئەنفال ڕەشکردن و بێزراندنی کوردە گوندنشینەکان بوو، هەروەک هیچ جێنۆســـایدێک بەبێ زەمینەســـازیی وپلان دانـان، بەڕێوەنـاچێت. لەهەنـگـاوی یەکەمـدا دەستنیشان دەکرێن کێن ئەوانەی دەبێت بکوژرێن؟ هەرلەگەڵ ئەم هەنگاوەدا ڕەشـکردن و ڕیسـواکردن و لەمڕۆڤخسـتنی گروپی دەستنیشـانکراو دەخرێتە گەڕ ئینجـا پەلامـاردان و کۆکردنەوەو دواجـاریش جیاکردنەوەو پۆلێنکردن و لەناوبردن دەستپێدەکات بەعسـیەکان هەموو ئەم هەنگاوانەیان بەشـێوەیەکی سـیسـتماتیک ئەنجامداوە لەئەنفالدا. لەســەرەتاوە گوندنشینە کوردەکان بە دواکەتوو، چیایی و کێوی و ئـاژەڵ (بزن و کەر) نـاودەبرد، تەنـانەت عەلی حەسەن مەجید لەکۆبوونەوەی فەرمیدا چەندجارێک کوردەکان بەبزن ناودەبات (ناهێڵم چیدی وەک کەر بەوچیـایـانەوە بمێنن) (چیم لەم بزنـانە بکردایە)؟ ئەم قســـانەی لەکۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرســـانی ناوچەی باکورو پارێزگاری شـــارەکاندا کردووە کەچەندین کوردی بەعیشـــیان تێدابووە تەنانەت داشـــۆرینیان دەگاتە ئاســـتی جنێوی زۆر ســـوک هەرلەو کۆبوونەوانەدا دەڵێـت: وتم ڕەنگە لەنـاو بەرپرسە کوردەکاندا (بەعسیەکان) خەڵکی باشیان تێدا بدۆزینەوە سوێند بەخوا جگەلە پارێزگارەکانی هەولێرو سلێمانی هیچیان نەباشن و نەدڵسۆزن.

کەواتە ئەم دڵڕەقییەی عەلی حەسەن مەجید تاکەکەســـی نییە بەڵکو بەدرەفتاری دەوڵەتداری و سـیتماتیکی دەوڵەتە. ئەوەی عەلی حەسـەن مەجیدو ئەفسـەرکان کردیان پێوەندی بە دڵڕەقی و بەدکاری ئینســـان خۆیەوەنیە بەڵکو نوێنەرایەتی دەوڵەت دەکـات و بەرهەمی شـــۆفێنیزم و دەوڵەتـداریی فاشـیزمە. ئەنفال شـتێکی نامۆ و ئاوارتە بوو بە ئەخلاق و ئیـدارە و عەقڵییەتی دەوڵەتـداریـیەوە لە عێراقەوە؟ یان تەعبیری لە کرۆک و ڕوحی دەوڵەتی عـێـراق دەکـرد لەگەڵ تەواوی عـێـراقـیـیەکـان؟ گوندنشینەکانی کوردستان لەسـەر ئەوە ئەنفالکران کە کوردی گونـدنشـــینن و ئـامـادە نەبوون مـل بەسیاسەتی لەکۆمەڵگا خستن بدەن. بەڵام پاساوی بەعســـیەکان ئەوە بوو کە پێگەو نـانـدەری هێزی بزووتنەوە چەکـداریـیەکـانی کوردن و ئەوانیش کرێگرتەی ئیران و دەوڵەتـانی ئیقلیمی بوون و دژایەتی عێراقیـان دەکرد. بەڵام کوا دەوڵەت و بزوتنەوەکان گوێیان بەداوای خەڵـک داوە ؟ کەی ویسـتویانە شـەڕیان کردووەو کەی نەیانویسـتووە مفاوەزات و گفتوگۆیان کردووە. بۆیە ئەو حزب و ڕێکخراوانەش کە پڕوپـاگەنـدەی کوردایەتی و ئـازادی کوردســـتـانیـان دەکرد پشـــکێکیـان لە ئەنفالکردنی کوردەکاندا هەیە چونکە بەلای کەمەوە دەیانتوانی نەبن بەبەشـێک لەجەنگی نێوان عێراق

وئێران و پاساویان نەدایەتە دەست بەعسیەکان چونکە ئەوان لەخەڵکی کوردستان باشتر دەیانزانی لەگەڵ ڕژێمێکی فاشی ڕووبەڕوون.

بەڵام خۆ دواجار ئەوەی بڕیاری لەمەڕ کوشتارو ئەنفال و حەڵاڵکردنی ماڵ وسامانی گوندنشینەکان هەبوو، هەر بەعسیەکان بوون کە جڵەوی مەرگ و ژیانی کوردەکان و تەواوی عێراقیەکانیان بەدەستەوە بوو! ئەوەی یاساو تەشریعی بۆ ژیانی عێراقیەکان دادەنا هەر بەعسیەکان بوون نەک نەیارەکانیان. درۆی بەعسیەکان لە پاساوەکانیدا باشتر دەردەکەوێ دەنا ئەوانەی لە ئەنفالدا کوژران و فرۆشران و بێسەروشوێنکران هەر ئەو کەسانە نەبوون کە چەکیان لە دژیان هەڵگرتبوو ئەو خەڵکەش بوو کە کاسبی ماڵی خۆیان بوون، ئەو ژنانە بوون کەچەکدار نەبوون ئەو منداڵانە بوون، کە بەهیچ پێوەرێک و بەهیچ یاسایەک ناچنە خانەی شۆڕشگێڕی و خۆفرۆشییەوە، منداڵی خوار تەمەن هەژدەساڵ و ئاژەڵی کێوی و ماڵی لە بناری چیاکان و پشت کێوەکانی کوردستان خۆ چەکدارو تێکدەرو پێشمەرگە نەبوون نەزمانیان هەبوو جنێوی پێبدەن و نەدەستیان هەبوو گوللەی پێبتەقێنن، باڵندەی ناوچۆم و دەشتەکان بەچ پێوەرێک و بەکام یاسا مەحکوم بوون بە کیمیابارانکردن و بەکۆمەڵکوشتن ؟

سەرچاوەکان

١. دیدار لەگەڵ ئەسمەر ئەحمەد، ئەنفالستان ژمارە (٥) نیسانی ٢٠٠٨ ل٩٠

٢. میدیل ئیست ژوچ جێنۆساید لەعێراق و پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد، پاشکۆی ٥ نەوارەکانی عەلی حەسەن مەجید وەرگێڕانی محەمەد حەمەسالح توفیق ٢٠٠٤ چاپی دووەم خانەی وەرگێڕان .

٣. ڕەچەڵەک ناسی ئەنفال، پێشەکییەک بۆ ئابووریی سیاسیی ئیسلام ، مەنسووریی تەیفووری، ناوەندی غەزەلنوس، چاپی یەکەم، تاران، ٢٠٢٣ .

٤. عومەر محەمەد، سیمنار ١٣ی نیسانی ٢٠١٣، سلێمانی موزەخانەی نیشتمانی ئەمنەسورەکە.

جەلادەکەی نوگرەسەلمان دەستگیرکرا.



ڕۆژی ١ی ئابی ٢٠٢٥ دەزگای ئاسایشی نیشتمانیی عێراق، هەواڵی دەستگرکردنی، عەجاج ئەحمەد حەردان، بەدناوترین ئەفسەری ڕژێمی بەعسی ڕاگەیاند.

ئەو ئەفسەرە دڵڕەقەی ناوی عەجاجەو بە حەجاج ناسرابوو، لەماوەی مانەوەی دەستبەسەرکراوانی کوردا لەنوگرەسەلمان ئازار و ئەشکەنجەی لە ڕادەبەدەری قوربانییەکانی ئەنفالی دابوو لەو قەڵایەدا. وێڕای دەستخۆشی و سوپاسمان بۆ هەموو ئەو کەس و لایەنانەی بەم ئەرکە هەستان و بەدوایەوە بوون هەتا کاتی دەستگیرکردنی کۆڵیان نەدا.

دەستگیرکردنی ئەم کارەکتەرە لەسەر داواو سکاڵای ڕزگاربووانی ئەنفال بووە، کە دوای زیاتر لە سێ دەیە لەخۆشاردنەوەی بەردەوام و بڵاوکردنەوەی درۆی "مردن" و سیناریۆی دیکە لەناو کەس و کارەکەیدا، سەرئەنجام دەستگیرکراو لەدەست یاسا ڕزگاری نەبوو ئەمەش خاڵێکی وەرچەرخانە بۆ دۆسێی جێنۆسایدی کورد.

ئیدی لە چاوەڕێی دادگاییکردنی داین بۆ بەرەو پێشچوونی ڕەوتی دادگاییکردنەکە. ئێستا کە ڕووبەڕووی یەکەم سکاڵای فەرمی بۆتەوە لەسەر تاوانەکانی، ئەرکی کەسوکاری ئەنفالکراوانە کە بەخۆ بکەون و سکاڵای زیاتری لەسەر تۆمار بکەن نەک بەو چەند سکاڵایە کۆتایی بێت.

دەستگیرکردنی عەجاج، خاڵی وەرچەرخانی پرسی جینۆسایدە لەکوردستان!

نووسینی/ ڕزگار عومەر – هۆمەر محەمەد

ڕۆژی ١ – ٨ – ٢٠٢٥ دەزگای ئاسایشی نیشتمانیی عێراق، هەواڵی دەستگرکردنی بەدناوترین ئەفسەری رژێمی بەعسی ڕاگەیاند بەناوی (عەجاج ئەحمەد حەردان) ئەو ئەفسەرە دڵڕەقەی بە حەجاج ناسرابوو، ئازار و ئەشکەنجەی لەڕادەبەدەری قوربانییەکانی ئەنفالی دابوو لە قەڵای نوگرەسەلمان. وێرای دەستخۆشی و سوپاسمان بۆ هەموو ئەو کەس و لایەنانەی بە دوایەوە بوون و هەتا بەئەنجامیان نەگەیاند کۆڵیان نەدا. دەستگیرکردنی لەسەر داواو سکاڵای ڕزگاربووانەوە دوای زیاتر لە سێ دەیە لە خۆشاردنەوەی بەردەوام و بڵاوکردنەوەی درۆی "مردنی" لە نێوکەس و کارەکەیدا، خاڵێکی وەرچەرخانەو ئیدی لە چاوەڕێی داداگایی کردنیداین بۆ بەرەوپێشچوونی ڕەوتی دادگاییکردنەکە، ئێستا کە ڕووبەڕووی یەکەم سکاڵای فەرمی بۆتەوە لەسەر تاوانەکانی، ئەرکی کەسوکاری ئەنفالکراوانیشە کە بەخۆبکەون و نابێت بەوەندە سکاڵایەی فەزیلەو هاوڕێکانی کۆتایی بێت.

بەپێی ئاژانسی ئاسایشی نیشتمانی عێراق (INSA)، دوای چەندین ساڵ لە خۆشاردنەوەو شوێن گۆڕین و خۆدزینەوە لە دادپەروەری، عەجاج لە پاریێزگای سەلاحەدین دوای ووردبینی شوێنپێکەوتنی دریژخایەن دەستگیرکراوە. بۆ شاردنەوەی تاوانەکانی، کەسوکارەکەی بە درۆ ئیدیعایان کردبوو کە مردووە. ئەو پیاوە ئەفسەرێک بوو، بەرپرسی زیندانی نوگرە سەلمان بوو، هێشتا نازانرێت ئاخو ماوەی چەند بەرپرسی بەرێوەبردنی زیندانی نوگرەسەلمان بووە، بەڵام ئەوەی ڕوونە لەماوەی دەستبەسەرکردنی ئەنفالکراوان لەو قەڵایەدا ئەفسەرێکی دڵڕەق و تووندڕەفتار بووەو فەرماندەیی ئەشکەنجەو کوشتن و بڕسی کردن و تۆقاندنێکی گشتی دەکرد لەگەڵ دەستبەسەرکراوانی نوگرە سەلماندا.



نوگرەسەلمان شوێنێک بوو، بۆ داماڵی مرۆڤ لەهەموو بەها مرۆییەکانی، تەنانەت لەدەرەوەی یاساو ڕێساکانی دەوڵەتیشدا بوو. بۆیە ناوهێنانی وەک زیندانیش هێشتا پێناسەیەکی ناتەواوە، چونکە نەزیندان بوو، هەتا دەستبەسەرکراوان وەک زیندانییەک هەندێک مافییان هەبێت وەک (سەردانیکردنی کەسوکاریان، یاخود دادگایی کردن و داکۆکی لە خۆکردن و گرتنی پارێزەر) ئەنفالکراوان لە نوگرەسەلمان هیچ یەکێک لەم مافانەیان نەبوو. لەراستیدا دەستبەسەرکردنی ئەنفالکراوان لە نوگرەسەلمان هێشتنەوەیان بوو لەدۆخێکدا هەتا ژیانێک بژین ئاوێتە بەمەرگ و مردنێک بمرن بۆ لەیادچوونەوەی هەتاهەتایی. ئەنفالکراون تەنانەت مافی ئەوەیان نەبووە گۆڕیشیان هەبێت. چ ئەوانەی بەدەستەجەمعی کوژراون و لەچاڵی ئامادەکراودا شاردراونەتەوە، چ ئەوانەی لە نوگرەسەلمان لەترسان و لەبرسان مردون بێ کفن و گۆڕ ژێرخۆڵدراون.

دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس و دادگایی کردنی هەندێک لەسەرکردەکانی بەعس و ناوهێنانی لەزاری شایەتحاڵەکانەوە، لە ناو هۆڵی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی ئەنفال لە دادگای باڵای تاوانەکاندا، وای کرد کە ئەم جەللادەی ئەنفال بیرلە حاڵی خۆی بکاتەوەو بۆماوەیەک خۆی لە چاوان وونبکات و لەدەست دادگاو سکاڵاکاران ڕزگاریی بێت. لە ساڵانی خۆشاردنەوەیدا پەنای بۆ ڕێ و شوێنی

جیاواز بردووە. ماوەیەک هەڵاتووە بۆ سوریاو دواتر گەڕاوەتەوە بۆ زیدی خۆی جگەلەوەی نەشتەرگەری جوانکاری کردووەو خاڵەکانی سەر روخساری لابردووە هەتا نەناسرێتەوە. ئینجا پروپاگەندەی مردنی بڵاوکردووەتەوە و لە ناوچەیەکی لاچەپ خۆی خەریکی ئاژەڵداری کردووە، لەهەوڵی ئەوەدابوو ئەم ڕابردووە خوێناویەی خۆی لە سایەی بەخێوکردنی مەڕ و ماڵاتدا بشارێتەوە. بەڵام؛ خوێنی بێتاوانەکان لەگەڵ کاتدا لەناو ناچێت، بە تەوێڵی مێژووەوە دەلکێت و هەرکاتێک خاوەنێک بۆ ئەم مێژووە پەیدا دەبێت سەندنەوەی مافیش ڕێگەیەک بۆ خۆی دەدۆزێتەوە.

تۆماری تاوانەکان و دڕندەیی عەجاج بەجۆرێکە، کە لە تێڕامانیدا مرۆڤ توشی سارد‌بوونەوەو بێ تاقەتیەکی زۆر دەکات.

ئەنفال

ناوی سورەتی هەشتەمی قورئانە، لە سەدەی بیستەمیشدا ڕژێمی بەعس ئەو پرۆسە سەربازییانەشی بەناوەوە نا، کە ساڵی ١٩٨٨ لە هەشت قۆناغی پەلاماری سەربازییدا لە دژی گوندنشینانی کورد ئەنجامدرا. ئەگەرچی (ئەنفال) تەنها بۆ پەلامارو قۆناغەکانی ئەنفال ڕاستە، بەڵام تاوانەکە بەوەندەوە نەوەستا بەڵکو زۆربەی هەرەزۆری ئەوخەڵکانەی لەلایەن سوپاوە گیرابوون. بەکۆمەڵکوژران و بێسەروشوێنکران. لە سەرەتادا گوندنشینانی کورد دەستنیشان دەکرێن و لە هەشت قۆناغی پەلاماری سەربازیدا سوپای نا نیشتمانی وەک ئامرازێکی پاڕێزەری ڕژێمی بەعس و سەدام حسێن دژی کورد دەجوڵێ. گوندەکان دەڕوخێنن و هەموو ئەو خەڵکە کۆدەکەنەوە کە دەستنیشانکراون بۆ لەناوبردن- دوای کۆکردنەوەیان هێزەکانی سوپا هەموو خەڵکە گیراوەکە ڕادەستی دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگری دەکەن چارەنوسی خەڵکە دەستگیرکراوەکە لە سنوری چالاکی و دەسەڵاتی سوپادا نامێنێ.

تۆپزاوا کەمپی کۆکردنەوەو پۆلێنکردن:

لێرە ئەرکی ئاسایش و هەوڵگری ئەوەیە خەڵکە دەستگیرکراوەکە لە سەربازگەی تۆپزاو کۆبکەنەوەو پۆلێن بکەن. ژن و پیاو، پیرو گەنج لێک جیادەکەنەوە، هەتا بزانن کێ بۆ مردنی خێراو بە کۆمەڵ و کێ بۆ مەرگی شینەیی بنێرن. دوای پۆلێنکردن و جیاکردنەوەیان تەنها شەوێک ئەوپەڕی دوو شەو لەتۆپزاوا هێڵدرانەوە ئەمەش لەبەر زۆری خەڵکەکە بوو. هەرچی گەنجەکان بوون بە خێرایی بەپاسی (بێپەنجەرە) لەتۆپزاوا دەبرێنە دەرەوەو دابەش دەکرێنە سەر پارێزگاکانی عێراق کە پێشوەخت شوێنی گوللەبارانکردنیان بۆ دەستنیشان کردبوون و چاڵیان بۆ شاردنەوەیان ئامادەکردبوو. لەناویاندا پارێزگاکانی (دیوانییەو سەماوەو موسڵ و تکریت) زۆرترین گۆڕی بەکۆمەڵیان تێدا دۆزراوەتەوە.

نوگرەسەلمان:

لە یەک دوو مانگی سەرەتادا هەرچی پیرەمێردو پیرەژنەکان بوون. ڕەوانەی قەڵای نوگرە سەلمان کران و ژن ومنداڵیش ڕەوانەی سەربازگەی دوبزکران. نوگرەسەلمانیش شوێنی دەستبەسەرکردنی پیرەمێردو پیرە ژنان بوو، ئەگەرچی دواتر چەند کاروانێکی پاسی پڕ لە ژن ومنداڵیشیان لە دوبزەوە بۆ بردو تێکەڵ بە پیرەمێردو پیرەژنەکانیان کردن. بۆئەوەی لەوێ لە برسان و لە فەرامۆشیدا بمرن. دوای ئەوانیش ئەو هەڵبجەییانەیان گەیاندە نوگرەسەلمان کە بەپڕوپاگەندەی لێبوردنی گشتی گەڕابوونەوە بۆ نیشتمان، بەڵام بەعسیەکان درۆیان لەگەڵدا کردن و ئەوانیشیان ڕاپێچی نوگرەسەلمان کرد، بەڵام ئەم ئاڵوگۆڕە هەتا دوا دەرفەتی رزگاربوون هیچ گۆڕانکارییەکی باشی بەسەر دۆخی نوگرەسەلماندا نەهێنا، بەپێچەوانەوە دڵڕەقی و دەستدرێژی بۆسەر گەنجەکان بەتایبەتیش کچ و ژنەکان ئازارێکی وێژدانی و دەروند ی خستەسەر ئازاری دەستبەسەرکراوەکان. ئەگەرچی هەڵبجەییەکان تاڕادەیەک دۆخیان لەوانەی پێشوتر باشتربوو،


بەڵای کەمەوە هەندێک زەخیرەی خواردنیان بەشی چەند رۆژێک لەگەڵ خۆیان بردبوو، بەڵام ئەوە دادی نەدان و نزیکەی ٥٢ کەسیان لەوێ لەبرسا مردن. ئیتر نوگرەسەلمان بوو بەشوناسی مەزڵومییەتی کوردو فاشیزمی دەوڵەت و وەک هێمای قوڵترین تۆقاندن بۆ ئەو زیندوانەی لە پۆلێنکردندا بۆ کۆمەڵکوژی نەبران لەوێ ئەشکەنجەی حەجاج و مەرگی شینەییان پێبڕا. ئەوانەی لەوێ ئازاریان چەشتووە و بەڕێکەوت رزگاریان بووە، بیریان دێتەوە کە عەجاج وەکو درندەیەکی بێبەزەیی لە نێو حەوشەو هۆڵەکاندا دەگەڕا، ئازاری هەموو کەسێکی دەدا. ئەفسەرێکی دڵڕەق و پیاوێکی باڵابەرز و دەموچاو تاریک بوو کەهەموو جاران دەرکەوتنی بە مانای مردن یان ئەشکەنجەدان بوو. شێوازەکانی بۆ شکاندنی حورمەتی مرۆڤەکان نەک تەنها جەستەیی بوو، بەڵکو ئازاردانی رۆح و شکاندنی شکۆی دەستەبەسەرکراوان بوو: پیاوان هەڵدەواسران و ئەندامەکانیان پارچە پارچە دەکران، منداڵان لە باوەشی دایکان دەکوژران و کچانی گەنجیش لەبەردەم دایک و باوکە بێدەسەڵاتەکانیان ئەتک دەکران و دەستدرێژی سێکسیان دەکرایە سەر.


سەردان بۆ نوگرەسەلمان و سەرەداوی دۆزینەوە:

" دوای ئەوەی چەندجارێک کەسوکاری ئەنفال سەردانی نوگرەسەلمان دەکەن، لە ١٥ی ئایاری ساڵی ٢٠٢٣دا بەڕێژەیەکی زیاترو بەشێوەیەکی رێکخراوتر، کەسوکاری ئەنفال و هەندێک لە چالاکوانانی ئەو بواره چوونەوە بۆ نوگرەسەلمان. ئەو رۆژە هاوکات بوو لەگەڵ رۆژی گۆڕی بەکۆمەڵ لە عێراقدا، بەکاروانێک ماشێن و پاس چالاکوانەکان چوون بۆ نوگرەسەلمان. بەڵام خزمێکی قایمقامی سەلمان زۆری لێکردبوون کە "هەردەبێ بچنەوە بۆ قەزای سەلمان و ڕێگەنادەم بە شەو لەم بیابانە بمێننەوە" دوای ئەوەی چالاکوانەکان لەماڵی قایمقام کاتێک بە بەقسەو دۆخی عێراق وکوردستان بەسەر دەبەن، بۆ خەوتن دابەشکران بەسەرچەند ماڵێکدا، خاوەن ماڵێک لەگەڵ نوسەری دیاری بواری ئەنفال "سمکۆ سابیر" دەکەوێتە گفتوگۆ، لەوێ باسی کتێبەکەی خۆی بەناوی (نوگرەسەلمان قەڵای مەرگ وپاکتاوی نەژادی) بۆکرد. کاتێک باس هاتە سەرعەجاج و ڕەفتارەکانی خاوەن ماڵ بە(عەجاج) ناوی دەبات، تەنانەت جەخت دەکاتەوەو بەعەرەبی دەڵێت: (كاكه اخوية انتَ غلطان، هو اسمه عَجّاج مو حَجّاج... يعني عَجّاج بالعين مو بالحاء.) بۆ بەیانیەکەی چالاکوانەکان دەچن بۆ نوگرەسەلمان لەوێ عەرەبەکان دڵنیایان دابوو کە ناوی عەجاجەو لە عەشیرەتی ئەبولناصرەو ئێستاش لەناو خزمەکانیدا دەژی. ئەمە بۆ سمکۆ وەڵامێکی شۆک ئامێزدەبێت چونکە شایەتحاڵێک بەبێ دوودڵی قسەی بۆکردووەو لەکتێبەکەیدا چاپی کردووەو وتوویەتی کە لە سوریا مردووە! جگەلەویش عەرەبێکی خەڵکی قەزای سەلمان قسەی بۆ کەناڵی روداوکردووەو دیسان جەخت دەکاتەوە لەوەی کەمردووە. ئیتر دوای ئەوەی عەرەبەکانیش چەندجارێک سەردانی گەرمیان و کەلار دەکەن و میواندارییان دەکەن دڵنیا دەبن لەوەی حەجاج لە ژیاندا ماوەو دیوەخانداریشە.

دوای بەدواداچوون و دڵنیابوونەوە لە راستییەکە چەند کەسێکیان دەچنە سەماوە و لەوێ سکاڵای یاسایی لەسەر عەجاج تۆمار دەکەن و دوای کەمتر لە ٤٨ کاتژمێر بەسەر تۆمارکردنی سکاڵاکەدا عەجاج دەگیرێت. بەڵام دوای دوو رۆژ ئینجا هەواڵی گرتنەکەی بڵاودەکرێتەوە "

فەزیلە محەمەد، کە ئەوسا کچێکی ١٥ ساڵان بووەو بەختی ڕزگاربوونی لە نوگرە سەلمان، هەبووە، ئەم یادەوەریە خوێناویانە سی وحەوت ساڵە لەسەر ڕۆحی بریندار خۆی هەڵگرتووە. ئەو ئێستا یەکێکە لەو کەسانەی سکاڵای لە دژی عەجاج تۆمارکردووە. بیری دێتەوە کە عەجاج بە لێدانی زیندانییەکان و دەستدرێژیکردنە سەر کچانی گەنج و کوشتنی خوشکەکەی وێنەی درەندەیی بێ هاوتای جێگیرکرد. بیری ناچێتەوە کە لە بە یانییەوە تا ئێوارە لەگەڵ خوشکە گەورەکەی ئەشکەنجە درا، پێستی دەستەکانیان بە ئاسنی زیندانەکەوە مابوو، شکایەت ئیفادەکەی فەزیلە لە





ئەمڕۆدا تەنها بیرهێنانەوەی چیرۆکێک، یاخود برینێکی ڕابردوو نییە. بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ دۆسێی کراوەی کۆمەڵکوژی کورد. فەزیلە و ڕزگاربووانی دیکە نیشانیاندا کە کاتێک قوربانییەکان بوێری قسەکردن و تۆمارکردنی سکاڵایان هەیە، دەتوانن سەرلەنوێ دادپەروەریش بگێڕنەوە، جابا دەنگیش بێت. لە ١٦ی ئایاردا، سکاڵاکەی فەزیلە و ڕزگارو عەلی. دەرگای زیندانی بەڕووی بەدڕەفتارترین و دڕندەترین مەخلوقدا کردەوە ئەوان نەبوونایە (عەجاج)ی جەلاد. هەر پیاوی ناو پیاوانی دیوەخان دەمایەوە. فەزیلەو هاوڕێکانی دەنگی ڕزگاربووەکانن؛ کە بە شەهامەتەوە دەرگایەکی کردەوە کە "بێباکی سیاسی" بۆ دەیان ساڵە دایخستبو!.


ئێمە لەبەردەم ڕووداوێکی گەورەدلین، نابێت "گرنگی" ئەم ساتەوەختە لەدەست بدەین. دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کە بۆ لێپێچینەوەو دادگایی کردنی تۆمەتبارانی جینۆسایدو تاوانەکانی جەنگ و تاوانی دژی مرۆڤایەتی لەعێراقدا دامەزرا، چەند کەسێکیشی بەتۆمەتی ئەنجامدانی ئەنفال دادگایی کرد، بەڵام دوای ئەوەی دۆسێکانی یەکلایی کردەوە هەڵپەسێردراو ئێستا لە ڕووی یاساییەوە ناچالاکە، بۆیە دەستی یاسایی تایبەت بە کۆمەڵکوژی بەهۆی گۆڕانی ئەولەویەتەکان و پشتگوێخستنی سیاسییەوە نزیکەی دە ساڵێکە مات ببوو. ئەوە لە کاتێکدایە کە هێشتا زۆرێک لە تاوانباران بە ئازادی لە سەرانسەری عێراق و دەرەوەی عێراق دەژین بەبێ ئەوەی دادگا بێ تاوانی یەکلایی کردبنەوە.

بۆیە ئەرکی دەوڵەتی عێراقە دۆسێکە بەکراوەیی بهێڵێتەوەو دادگاکەش چالاک بێت بۆ هەر حاڵەتێکی دەستگیرکردنی تۆمەتباران یاخود هەرکەسێکی وەک ئەم نمونەیەی ئێستا لەبەردەستدایە، چونکە ئێستا نابێت کەسوکاری ئەنفالکراوان و خەڵکی کوردستان قایل بن بەوەی لەدادگایەکی بەرایدا (عەجاج ئەحمەد حەردان) دادگایی بکرێت. بەڵکو ئەرکی دەوڵەتە ئەم تۆمەتبارەش وەک هەر تۆمەتبارێکی ئەنجامدەری جینۆساید دادگایی بکات و هەمان ئەو یاسایانەی بەسەردا جێبەجێبکرێت کە لەبەندەکانی (١١ و١٢ و ١٣)دا هاتوون.

ڕاستە بێدەنگی و خەمساردی و داڵدەدانی ئاشکراو شاراوەی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بۆ ئەوانەی ناویان لە لیستی داواکراوانی ئەم دادگایە دایە؛ ژانی ئەم برینەی قوڵتر کردووەتەوە؛ پرسی جینۆساید بووەتە بارگرانییەک کە کەم کەس هەیە لە حیزب و فیگەرەکانی دەسەڵات بیانەوێ هەڵیبگرن کاتێک ڕووبەڕووی قەیرانە بێکۆتاکانی ئەمڕۆ و ململانێی دەسەڵات دەبنەوە. بەڵام دەوڵەت و دەوڵەتداران نابێت لەئەرکی یاسایی و دەستوریدا کەمتەرخەمی بنوێنن بە پاساوی ئەوەی حزبەکان و قەوارە سیاسە یەکانی کوردستان و عێراق هاوکارنین. چونکە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی لە دۆسێی جینۆسایددا تێپەڕبوونی کات بەسەر تاوانەکەدا نابێتە ڕێگر لەبەردەم دادگاو مافی بەدواداچوونی دۆسێی جینۆساید هەر بەکراوەیی دەمێنێتەوەو کۆن نابێت و هەرچەندی ماوەی بەسەردا تێپەڕبێت، تاوانباران لەسزا دەربازنابن و مافی قوربانیەکان بەهۆی کۆن بوونەوە نادیدە ناگیرێت.

"ڕازی بوون" بە بێدەنگی زۆر مەترسیدارە. کاتێک جینۆساید لە هۆشیاری گشتیدا کاڵ دەبێتەوە، تۆوی نائومێدی دەڕێژرێ و زەمینەی دڕندەیی نوێ خۆش دەبێ و لەوەها حاڵێکیشدا نائومێدی و





هەستی درندایەتی و تاوانکاری دەتوانێت بە هێمنی ڕەگ داکوتێت. زیندووکردنەوەی یادەوەری ئەنفال پەیوەندی بە کردنەوەی برینە کۆنەکانەوە نییە بەڵکو لە دوور مەودا پەیوەندی بە ڕێگریکردنە لە برینە نوێیەکان. پەیوەندی بە گەڕاندنەوەی کەرامەتی نەتەوەییەوە هەیە، لەنگەرگرتنی ناسنامەی بەکۆمەڵ لە ڕاستیدا نەک لە"بیرکردن". هەموو تاوانبارێکی ڕاکردوو لە سزا بوێری ئەوانی تر دەدات کە پێیان وایە کات دەتوانێت گوناهەکانیان بسڕێتەوە.

گرتنی عەجاج تکریتی بەڵگەیە کە زەمانە یان مێژوو لێی خۆش نابێت؛ جا با تواناییشێتی بۆ ماوەیەکی درێژ خۆی بشارێتەوە. ڕزگاربووان و چالاکوانانی بواری جینۆسایدی کورد و کۆمەڵگەی مەدەنی ئەگەر بخوازن دەتوانن ئەم گرتنە بکەنە خاڵی وەرچەرخان.

یەک سکاڵا تۆمار کراوە دەبێ سەدان سکاڵای ئامادەکراوی تۆکمەی یاسایی هەبن. پێویستە فشار بخرێتە سەر دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی عێراق بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆی لە دادگاییکردنی مانەوەی تاوانبارانی ئەنفالدا کارابکاتەوە، گرنگ نییە لە ئەمڕۆدا شوێنی حەشاردانیان هەبێت.

گرنگە دلسۆزبین، بەڵام مەترسیدارە دڵسۆزی نەزان بین

بەداخەوە هەندێک کەس لە دڵسۆزیانەوە پێشنیاری ئەوە دەکەن؛ دادگاییکردنی ئەو تۆمەتبارە بهێندرێتە گەرمیان یان کوردستان بەڵام ئەو داوایە جگەلەوەی زۆر خراپەو دەشێت دۆسێکەی لە جێنۆسایدەوە بگۆڕن بەدۆسێی "کەسی" ئەوەش واتا سوک کردنی تۆمەتەکە لەسەری تێنەگەیشتنێکی یاسایشە لە تاوانی جێنۆسایدو تاوانە نێودەوڵەتییەکان، چونکە ئەو تۆمەتبارانە نەک هەر لەکوردستان بەڵکو لە هیچ دادگایەکی تری عێراقیشدا ناتوانرێت ئەو جۆرە تۆمەتبارانە دادگایی بکرێن. تەنها لە دادگای باڵای تاوانەکان نەبێت. تکایە وەها داوایەک مەکەن و ڕێگەمەدەن بەهیچ یاسایەکی تر تۆمەتبارانی ئەنفال دادگایی بکرێن تەنها بەمادەکانی (١١ دژ بەکۆمەڵکوژی و ١٢ دژ بەتاوانی دژمرۆڤایەتی و ١٣) نەبێت بەهەموو بڕگەکانیانەوە لە یاسای ژمارە ١٠ی یاسای سزادانی لە دادگای باڵای تاوانەکان ٢٠٠٥. دادپەروەری بۆ خوشک وبراکانی فەزیلەو ئەو کچانەی لە نوگرە سەلمان دەستدرێژییان کراوەتە سەر، یان بۆ ئەو منداڵانەی لە نێو باوەشی دایکیان کوژران، بۆ ئەو دایکانەی منداڵەکانیان بەبەرچاویانەوە لە تینوێتیدا خنکان و لەبرسان وشک بوونەوەو مردن دەبێت بخرێنەوە بەردەم دادگا. ئەگەرچی ئەمە تەنها "ئەرکی دادگا و دادوەرەکان نییە" بەڵکو بەرپرسیارێتی هەر دەنگێکە کە تا ئێستاش دۆسیەی ئەنفال لەیادەوەریدا زیندووە.

گرتنی عەجاج نابێت وەک مانشێتێک بمێنێتەوە کە لە ماوەی هەفتەیەکدا کاڵ ببێتەوە. دەبێت ببێتە هاواریێکی کۆکردنەوە: بۆ ڕاستی، بۆ لێپرسینەوە و بۆ ئەو بەڵێنەی کە تەنانەت دەیان ساڵ دواتر هیچ جەلادێک نەتوانێت لە دەستی دادپەروەری ڕزگاری بێت. ئەمەش سادەترین مافی قوربانییە کەدەبێت وەری بگرێتەوە.

ئێزدی نیم

هۆمەر محەمەد

ڕۆژی ٣ی ئاب لە یادکردنەوەی تراژیدیایەکی ترو قوربانیانی جێنۆسایدێکی تری نەتەوەیی و ئایینی داین. بەڵام ئەفسوس ئەم یادەش وەک ئەوانیدی هێشتا ناوچەییەو نەبووەتە یادێکی سەراسەری نەک لەهەموو کوردستان. بەڵکو لە باشوری کوردستانیش کە شانۆی ڕووداوەکەیە.

تراژیدیای جێنۆسایدی ئێزدییەکان ئێشی زیاترە چونکە لە سەدەی بیست ویەکدا رویدا کە بریاربوو دیموکراسی کۆتایی بە جێنۆسایدو پێشێلکاری مافی مرۆڤ بهێنێ. بەڵام وەک چۆن ئەنفال لەسەردەمی دکتاتۆرەکاندا بەدەستی بەعسی شۆڤێنی عەرەبی ئەنجامدرا، شەنگالیش لەسەردەمی دیموکراتی و بەدەستی دەوڵەتی تیرۆرستی ئیسلامی عێراق و شام- داعش ئەنجامدرا. ئەگەر لەئەنفالدا بەکەنیزەک کردن و فرۆشتنی ژنان و کچانی کورد دیزە بەدەرخۆنە کراو دەستدرێژی سێکسی بەعسیەکان بۆ سەر ژنی کورد بەهۆکاری ناموس پەرستی شاردرایەوەو ڕووی بەعسیەکانی سپی کردەوە. ئەوا لەشەنگال داعش ئەو شانسەی نەبوو بەڵکو بەهۆی ئامادەیی کامێراو هێزی وێنەو ئازایەتی ژنانی ئێزدی لەنەشاردنەوەی چیرۆکەکانیان و ئاشکراکردنی بەدڕەفتاری موجاهیدانی داعش پەردەیان لەسەر ڕووی ڕاستەقینەیان هەڵماڵی و ڕیسوایان کردن.

هەرچۆنێک بێت کارەسات ئەوەیە لەیادەوەریەکانماندا خەمی بونیاتنانەوەی مرۆڤایەتیمان نەبێت و تەنها بە دانانی وێنەی چاو بەفرمێسک و گریانی قوربانییەکانی بسپێرین و وابزانین بەدەربرینێکی سۆزدارانە یان هەستێکی نەتەوەیی و هەندێکجاریش بەشیوەی دەمارگیرانە ئەرکی خۆمان بەجێهێنا وە. بەڵام ئەوە هیچ بەردێک ناخاتە سەر بینای یادەوەریمان. ئەفسوس ئێمە هێشتا ڕەگەزەکانی ماتەمگێڕی و یادەوەریمان تێکەڵکردووەو ناتوانین لێکیان جیابکەینەوە، یادکردنەوە لەبنەڕەتەوە بۆ دامەزراندنەوە و خۆبنیاتنانەوەیە. ئەگەر ئەمڕۆ دونیای کوردی تەماشا بکەین دەبینین چەندە بێ باک و بێخەمە لە یادکردنەوەی ئەم تراژیدیایەدا. سۆشیال میدیاو میدیای کوردی، لێوانە لە بێهەستی و لە ڕق و کینە ! ئەمانە توخمی دروستکردنی یادەوەریی نین بەڵکو بەرهەمهێنەرەوەی زەلیلین ئەوەش کارەساتێکی ترە.

یادکردنەوەی جێنۆسایدی ئێزدییەکان، پێویستی بەهەڵویستی سیاسی و ئەخلاقی هەیە، پەلاماری داعش تاوانێک بوو پڕ لە بەدڕەفتاری و خوێنڕشتن و سەربڕین، کۆیلەکردنی ژن و بەکەنیزەک کردن و دەستدرێژی سێکسی دڕندانەی داعش. شتێک نییە بەئاسانی بەسەرماندا تێپەڕێ چونکە تەنها بەکۆمەڵکوژی و کوشتنی فیزی پیاوەکان نەوەستاون بەڵکو دەستدرێژییان کردووەتە سەر بەهای کلتوریی و مرۆڤایەتیمان. کەچی ئەفسوس هێندەی وێنەو باسی عەجاجی داوێن پیس و بەدڕەفتار و ناردن و نە ناردنی کۆمەک بۆ غەززە بابەتی میدیاو سۆشیال میدیان، نە یادی جێنۆسایدی دوێنێی بارزانییەکان و نەهی ئەمڕۆی ئێزدییەکان جێگەی باس و بایەخ نین.! ئەمە نیشانەیەکی ڕوون و ئاشکرای مردنی ڕۆحی نەتەوەیەکە، کە چەندینجار جێنۆسایدکراوە، کەچی بەم ئەندازەیە بێباکە لەچارەنوس وئایندەی خۆی ! نامەوێ تۆوی نائومێدیی بڕێژم و ئینگەیەک لە کۆمەککردن بە غەززەدا بکەم. بەڵکو بابەتێکە بۆ تێڕامان لەخود لە بوون لە چاکەکاری و بەخشندەیی و شکۆی مرۆیی و نەتەوەیی.

ئەگەر تۆ تەنها دڵت بۆ (ئەنفال) ژان دەکاو نەفرەت لە جاش و جەلادەکان دەکەی ئەوا گومانم لە دڵ باشی و نەفرەتەکانیشت هەیە. چونکە یادەوەری بەنەفرەت لێکردن دروست نابێت. مرۆڤی ساخلەم دژی ستەمکارییە، نەک ستەمی لەسەر لایەک پێ ناڕەوا بێ و لە دژی یەکێکی تر ڕەوا. کەی ئەنفال شەنگالی بیربردیتەوە یان بە پێچەوانەوە ئەوا خەلەلێک لە بیرکردنەوەتدا هەیە. ئەگەر دژی جێنۆسایدبی و کوشتاری غەززە و هۆڵۆکۆست پێکەوە بەتاوان نەزانیت ئەوا کێشەیەک لە ویژدان و فیکرتدایە.

هەســـت دەکەم ئەم بێباکییە زۆر قوڵتر ڕۆچووە لەوەی دەیبینین، هەندێک تەواو خۆیان کوشـــتووە بۆ غەززە و لە کوشـــتنی نزیکترین مرۆڤەکانی تەنیشـــت خۆی لە هاونیشـــتمانی و هـاوبین و هـاوزمـانی خۆی بێبـاکە! هەنـدێکیش لەشـینی ئەنفال و شـەنگالدا بەباسـکردنی غەززە دڕدۆنگ دەبێ. چونکە پێیوایە عەرەب سـەرچاوەی نەهامەتیەکانێتی. بەگومـانم لەوەی کەســێـک بە پاســـاوی ئاینی دڵی بۆ کوشـــتاری نەتەوەکەی و هاونیشـتمانەکەی نەسـوتێ و شـین و هاواری بۆ منداڵانی غەززە خۆ نواندن نەبێ. یاخود کەسـێک هاتوهاواری بەجێنۆساید ناساندنی کوشتارەکانی نەتەوەی خۆی بێ و کوشـــتـاری غەززە مووی نەجوڵێنێ ! مرۆڤی بەویژدان بەڕەفتارو گفتار دژی کوشتنە جا کوژراو هەرکەسێک بێ و هەر دینێکی هەبێ یان نەی بێت یان سەربەهەر نەتەوەو زمانێک بێت. مرۆڤ کە دژی فاشیزم بوو پێویستی بەوەنیە هـاواربکـات و نەفرەت بنێرێ چونکە بەڕەفتـارو گفتارییەوە دیارە، ئەو مرۆڤانە توخمە فاشیستیەکەی ناونـاخی خۆیان کوشـــتووەو لەپێش هەمووانەوە فاشـیزمی نێو ئاین و ئایدۆلۆژیاو حزبەکەی خۆی ڕەتدەکاتەوە، بەهیچ پاســـاوێک ڕەوایەتی بەهیچ کوشـــتـارێـک نـادات. مرۆڤی بەویژدان بەوەدا دەرناکەوێ چەندێک دەبەخشـــێت بەڵکو بەوەدا دەردەکەوێت بۆ دەبەخشـێت ؟ چۆن دەبەخشـێت، لەبنەڕەتدا بەخشـــین بۆ ڕیا نییە بەڵکو بۆ ئەوەیە مرۆڤ لەســـەر پێی خۆی ڕاوەســـتێ نەک چاو بەرەژێری بەخشندە نەبێت.

ئاخر هەندێک هەڵوێست و ڕەفتارو گفتار زەق بەبەرچاوانەوەن، ئەوەی بۆ خۆنواندنە کاتێک لە یـادی کۆمەڵکوژی ئێزدییەکـانـدا دەڵێت (منیش ئێزدیم) هاوســۆزی بۆ ئێزدی پێوە دیارنییە بەڵکو بۆ خۆ نواندنە، یاخود لە ســۆنگەی ئێزدییەکانەوە دەیەوێت ئامانجێکی کەسـی یان سـیاسـی بپێکێت بۆیە هێنـدەی لە ڕقی لەلایەنێکی دژە ئێزدییە هـێنـدەش پـێـیەوە دیـارە کەخەمەکە ئـێـزدی و هاوسۆزیی بۆ ئێزدییەکان نییە.

هەسـتی نەتەوەیی مرۆیی ئێمە دەخوازێت پشـتیوانی یەکتری بین و لەهەر کوێیک مرۆڤایەتی پێویســـتی پێمان بێت ئامادەبین جابا کوردیش نەبن. گرنگە هۆشـــیاری نەتەوەییمان بگاتە ئەو ئاسـتەی بەخشـین و بەخشـندەیی ببن بەبەشـێکی گرنـگ لە کلتورو هۆشـــیاری نەتەوەییمان. نەک ببەخشـین بۆ بانگەشـەی سـیاسـی و مرۆڤایەتی وەلابنێین. ڕێک بەپێچەوانەی ئەوەی ئێستا ئیخوان مسـولمین لە کوردسـتان دەسـتیان داوەتێ. ئاخر کاتێک ئیخوانییەک بەهات و هاوار و بێگوێدانە مەینەتی ئێزدییەکان کۆمەک بۆ غەززە کۆدەکاتەوە زەق بەبەرچاوانەوەیە هێندەی بانگەشە سیاسیەکەی دیارە دوو هێندە نیازە مرۆییەکەی وننە. ئەوجۆرە لە بەخشندەییە یان بەناوی بەخشینەوە بوغزاندنی نەیارە سیاسیەکانیانە بەتەنیشت تراژیدیای خەڵکی غەززەوە یاخود بەکارهێنانی دۆســـێی غەززەیە بۆ بانگەشەی سیاسی نەک ڕزگارکردنی خەڵکی غەززە ئامانج بێ.

بێگومان ئەرکێکی مرۆیمان لەئەستۆیە بەرانبەر هەر نەتەوەو کۆمەڵگەیەکی تر بەڵام خۆ ئەم ئەرکە تەنها لەسـەر ئێمە نییە، لەسـەر ئەوانی دیشـە، دەنا دەبێت پرســـیارێکی قوڵ کورد بۆ خەڵـک بســـوتێ و خەڵکیش لە سوتانی کوردا بێ باک و تەماشاکارو بێهەڵوێســـت بێت. مرۆڤی کورد کە هەســـتی بەوە نەکرد کە ئەم هەڵای کۆمەک ناردنە بۆ غەززە هیچی لەتێڕوانینی دونیای عەرەبی و ئیســـلامی بەرانبەر ئێمەی کورد و تراژیـدیـاکـانمـان نەگۆڕێ کەواتە لەبنەڕەتەوە. بەکەم تەمـاشـــاکردن هەیە بۆ کورد، کەواتە دەتوانین بپرســین ئایا مرۆڤێک هەســـتی ئەوەی نەبێت کە ســـوکایەتی بەنەتەوەکەی دەکرێت ؟ چۆن هەست بەوەدەکات نەتەوەیەکی تر سوکایەتی پێدەکرێت ؟ ئایا کوردێک هەسـت بەئازاری بریتی نەتەوەکەی (ئەنفال، شەنگال، هەڵەبجە) نەکات چۆن بروای پیـدەکرێـت غەززە ئـازاری داوە ؟ لەوەش ناخۆشـتر و بەئازارتر ئەوەیە هەرچییەک بکەیت و ببەخشـــیت بەرانبەر پێنەزانێ!! بەداخەوە خەڵکی فەلەسـتین بەگشـتی و نوخبەی سـیاسـی و ڕوناک بیریان نە ئیســـلامی و نەعەلمانیان هەرگیز هێندە ڕێزی پشـــتیوانی کوردیـان نەگرتووە، نەک هەر ئەوەندە بگرە هیچ کات هێندەی ئێســـتا جنێویان بەکورد نەداوە و لە دژی کورد بەشان و باڵی سەدام

و ئەرێگانیان هەڵنەداوە.. بێگوێدانە ئەو هەموو ستەمکاری و جێنۆسایدانەی سەدام لەدژی کورد پەیکەری شانازییان بۆ سەدام داناوە. هەر ئەمڕۆ (٢٠٢٥/٨/٣) گەنجێکی عەرەب لە بەریتانیا بەڕێشێکی درێژی داعشییەوە لە ڤیدیۆیەکدا دەیگوت: کورد ئیسلام نین و بەپێی قورئانیان لەگەڵدا بکەن کە بینیتانن خوشک و ژنیان بگرن و سەبیان بکەن" !!

لەگەڵ هەموو ئەو ڕاستییە تاڵانەشدا خراپترین ئەوەیە مرۆڤبوون و کلتورمان ڕێگە خۆش بکات بۆ ڕقبوونەوە لە عەرەب، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەر هاوکارییەک ڕەوایە کە خەڵکی ستەملێکراوی غەززە پێویستیان پێیەتی بەو مەرجەی بەرێزەوە لێمان قبوڵ بکەن.

بەهیوام ئەو نمونانەم وەک هەستی دەمارگیری نەتەوەیی لێوەرنەگیرێ، کە لەیادی بەکەنیزەک کردنی (ژن و کچەکان)مان لە شەنگال خستەمە بەردیدە. چونکە ئامانج لەو ئارگیومێنتانە کەرامەتی مرۆڤە بێگومان لە پێش هەمووانەوە مرۆڤی کورد. ئاخر هیچ مرۆڤێکی بەویژدان نییە ئەوە بەرەوا بزانێت کە هاوزمان وهاونیشتمانی و هاونەتەوەی خۆت پێویستی بەپشتیوانی بێ و تۆ بەبیانوی ئەوەی دینت جیایە ئەم پشتگوێ بخەیت و هات وهاوار بکەیت بۆ کۆکردنەوەی پیتاک بەخەڵکێکی تر لەنیشتمان و نەتەوەو زمانێکی تر تەنها لەبەرئەوەی دینتان یەکە ؟! لەڕاستیدا ئەمە داوی داگیرکارانەو لەقاچی مرۆڤی کوردیان ئاڵاندووەو بەناوی ئاین و وێژدان و خێرخوازییەوە دەیانەوێ کورد وەک دوژمنی ئیسرائیل نیشانبدەن. نەک وەک دۆستی فەلەستین.

لەم یادەدا دەمەێت چیرۆکی من و ئەو گەنجە ئێزدییەش بخەمە بەردیدە کە چوارساڵ لەمەوبەر لەسەیرانگایەکدا بینیم کاری دەکرد، کاتێک بە نیازی دڵنەوایی و هاوسۆزی لێمپرسی تۆ ئێزدیت ؟ ئەو بەشەرمێکەوە گوتی: نا ئێزدی نیم.. تێگەیشتم ئەو گەنجە لەژینگەیەکدا دەژی کە ئێزدی بوون تیایدا ڕێزلێنەگیراوە.

بۆیە لە یادی جێنۆسایدی ئێزدییەکاندا (نالێم ئێزدییم)، بەڵام هەموو ڕۆژێک ئێزدیی بوون لەکن من ڕێزلێگیراوە.

ئاماری گەڕاندنەوەی ڕوفاتی ئەنفالکراوان

بەپێی بەدواداچونی ئەنفالستان بۆ هەڵدانەوەو گەڕاندنەوەی ڕوفاتی ئەنفالکراوان لە شوێنە جیاوازەکانی سەراسەری عێراق و کوردستان و بەخاک سپاردنەوەیان هەتا ئێستا بەم شێوەیەیە:

شوێنی هەڵدانەوەی گۆڕەکان :

کوریمێ ، لە پاریزگای دهۆک، حەزەر لە پاریزگای موسڵ، تەلشێخە لەپاریزگای سەماوە، مەهاری لە پاریزگای دیوانیە، حەیدەریە لەپاریزگای نەجەف. چیای حەمرین.

ژمارەی ڕوفاتەکان بریتین لە:

٢٧ بیست وحەوت ڕوفات لە گوندی کوریمێی پاریزگای دهۆک

١٠١٠ هەزارو دە ڕوفات لە مەزاری بانی مەقانی چەمچەماڵ ئەسپەردەکراون

٣٩٩ لە مەزاری دێبەنەی گەرمیان ئەسپەردەکراون

٢٥٦ ڕوفات لە مەزاری قەزای دوکان ئەسپەردەکراون

٨٠ ڕوفاتیش لە تۆپزاوا ئەسپەردەکراون .

ئەگەرچی بارزانیەکان ناچنە خانەی ئەنفالکراوانەوە بەڵام ئاماژەدان بەوانیش بەسودە. کە هەتا ئێستا

٦٠٠ بارزانی لە ناوچەی بوسەیە هێندراونەتەوە لە بارزان ئەسپەردەکراون

لەنوگرەسەلمانەوە
یادەوەریەکی تاڵی ئێمەو حەجاج



عومەر سوبحان

ئەنفالستان : ئەوکاتەی (عەجاج) عومەرو ئەنفالکراوانی تری لە نوگرەسەلمان ئازارو ئەشکەنجە دەدا لای ئەوان بە حەجاج ناسرابوو، پێدەچێت ئەمەیان لەزاری ئەو ئەنفالکراوانەوە بۆ گواسترابێتەوە کە خەڵکی ناوچەی ئەنفالی یەک بوون و یەکەم پۆلیش بوون کە گەیەنرابنە نوگرەسەلمان. شێوەزاری بەشێک لە خەڵکی ئەو ناوچەیەش وەک خەڵکی هەولێر کێشەیەکیان لەگەڵ دەربڕینی (پیتی ح و ع)دا هەیەو لەبەکارهێناندا ئاڵ وگۆڕی پێدەکەن بۆمونە لەبری ئەوەی بڵێن بسم الله الرحمان الرحیم الحمدالله الرب العالمین دەڵێن بسم الرعمان الرعیم العمدوللە الرب الحالمین یاخود لەبری ناوی (عەلی و عومەر) دەڵێن (حەلی و حومەر) بەپێچەوانەشەوە بە (محەمەد و ئەحمەد)یش دەڵێن (موعەمەد و ئەعمەد) بۆیە بەعەجاجیشیان گوتووە (حەجاج). بەم شێوەیە پۆلەکانی دواتری ناوچەی گەرمیان و هەڵەبجەیەکانیش کە گەیەنراونەتە نوگرەسەلمان لەزاری ئەوانەوە هەر وتوویانە حەجاج. ئینجا دڕندایەتی و توندڕەفتاری عەجاج هێندە سامی هەبووە کەس نەوێرێت شۆخییەکی لەگەڵدا بکات چ جای ئەوەی لەناوو ئەسڵ وفەسڵی بپرسێت.

کاتێک دکتۆر سادات هێنرایە نوگرە سەلمان:

لەپاش بریاری لێبوردنی گشتی لە ٧ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨ تیمێکی تەندروستی بەسەرۆکایەتی پزیشکێکی میصری بەناوی (دکۆتر سادات)یان نارد نوگرەسەلمان. کە دکتۆر سادات هات هەر لەناو هۆڵەکانی نوگرە سەلەماندا، نەخۆشخانەیەکیان دامەزراندو چەند قەرەوێلەیەکیان تێدا داناو دەستیانکرد بەپشکنینی دەستبەسەرکراوان بەتایبەتیش ئەوانەی کە ماندووبوون و برسێتی تینی بۆ هێنابوون و بەتەواوی لاوازی کردبوون. لەهەمان کاتدا بەهۆی خواردنەوەی ئاوی پیسەوە کەلەتەنکەرێکی کشتوکاڵیدا دەهات بۆ زیندانییەکان تەنکەرەکە ڕەنگی سپی بوو. ئەو ئاوە خەڵکێکی زۆری تووشی نەخۆشییەکی ترسناککرد، ئەوەی خواردبوویەوە کە لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا کەسەکە دەمرد ، هەرلەوماوەیەدا خەڵکی هەڵەبجە ٥٢ کەسمان بەهۆی نەخۆشییەوە مردن و شەهید بوون .

بیرمە رۆژێکیان نیوەڕۆیەکی گەرم بوو، هەروەک جاران تەنکەرە ئاوەکە هاتە ناو حەوشەی نوگرەسەلمان، بەرنامەیان وا بوو کە لە قڵقڵەی (قرچە)ی گەرمای نیوڕۆدا ئاوەکەیان بەسەر خەڵکدا دابەش دەکرد .

خەڵکی بەدەفرو قوتوو و تەنەکەکانی دەستیانەوە ڕیزیان بۆ وەرگرتنی ئاو بەستبوو، ڕیزی ئافرەتان و ڕیزی پیاوان. زۆربەی جاریش (شەمخی) سۆندەی ئاوەکەی بەدەستەوە دەگرت، بەڵام ئەمڕۆ جیاواز بوو، سۆندەکەی دایە دەست کەسێکی خۆمان، شەمخیش لەپاڵیدا وەستابوو تومەس ئەوەش پلانێک بوو حەجاج و شەمخی دایان ڕشتبوو بۆ نانەوەی شەڕو دووبەرەکێی لەنێو خۆماندا. بەداخەوە پلانەکەشیان سەری گرت دەیانویست شەڕکردنی دەستبەسەرکراوان لەسەر ئاو

بکەنە بیانوو بۆ لێدانمان و ئەشکەنجە دانمان. رەنگە لەدوای بڕیاری لێبوردنەکە دۆخەکەش گۆڕابێ و فەرمانیان پێکرابێت مامەڵەی تونددمان لەگەڵ نەکرێ دوای لێبوردنەکە وەزعەکە کەمێک ئەهوەن بووبووە، وای بۆ دەچم لەسەرووی خۆیانەوە ئاگادارکرابوون کە ئیتر لێمان نەدرێت .

بۆیە شەڕی نێوانمانیان دەقۆستەوە بۆ ئەوەی وەک بەڵگە بەکاری بێنن کە لەناو خۆماندا شەڕەنگێزی و ئاژاوە دەنێنەوە ، سەرئەنجام دۆخێکیان دروستکرد هەروای لێهات و پلانەکەیان سەری گرت.

بەهەرحاڵ بابێینەوە لای تەنکەرەکەو دابەشکردنی ئاو ، وەک ئاماژەم پێدا سۆندە ئاوەکە درایە دەست کەسێکی خۆمان. ئەویش (شەماڵ) بوو، کوڕێکی هەڵەبجەییە و خۆشبەختانە ئێستا لەژیاندا ماوە .

لەوکاتەدا من لە پشت کاک (حەمە سالّح)وە وەستابووم، ئەو پیاوە تەمەنی شەست سااڵ دەبوو، تەنکەیەکی ڕۆنی چوارگۆشەی هەژدە کیلۆیی پێ بوو، بۆئەوەی پڕی بکات لەو ئاوە سوێرە سەری تەنکەکەی هەڵهاتبووەوە تیژ بوو. کاتێک نۆرەی کاک حەمەسالّح هات ئاوی پێبدرێت شەمخی فەرمانی بە شەماڵدا ڕیزی ئافرەتەکان پڕبکات، شەماڵیش تەنکەکەی کاک حەمەسالّحی لابرد و دەفرێکی ژنەکانی پڕ کرد. وەک وتم ئەمە بەفەرمانی شەمخی بوو، بەاڵم کاک حەمەسالّح تورە بوو، تەنکەکەی هەڵگرت و گرتیيە شەماڵ و دای بە ڕوخساریداو ناوچاوانی (تەوێڵ)ی تەقاند و خوێنی پێدا هاتەخوارەوە.

شەمخی وەک بڵێی هەواڵی سەرکەوتنی پلانەکەی بگەیەنێت خێرا شوێنەکەی جێهێشت و چوو بۆلای ملازم حەجاج ، شەڕی شەماڵ و کاک حەمەسالّح گەرم بوو، من و کاک(یونس خانە) هاواری ناو بژیوانیمان دەکرد بۆ ئەوەی نەهێڵین شەڕ بکەن، بەاڵم بێبەزەییانە کەوتنە گیانی یەکتری و هیچیان بەیەکترییەوە نەهێشت هەردولا سەرو گوێلاکیان خوێناوی بوو ،لەوکاتەدا سەیرێکی قاتی دووەمی بیناکەم کرد کە شوێنی مانەوەی حەجاج بوو، بینیم هەردوکیان (حەجاج و شەمخی) تەماشای شەڕەکە دەکەن. هەتا خەڵکەکە حەوشەکەیان چۆڵکردو ڕۆشتنەوە بۆ ناو قاعەکان ئەوان هەر تەماشاکار بوون، هەردوای پێنج خولەکێک شەمخی و پۆلیسێک لەگەڵ شەماڵدا هاتنە ناو قاعەکەو منیان لەگەڵ خۆیاندا برد دواتر کاک یونسیشیان بانگکرد. هێندەی نەبرد کاک حەمەسالّحیشیان هێناو فەرمانیان بە خەڵکەکە کرد کەس لەژوورەوە نەمێنێ و لەقاعەکاندا بێنە دەرەوە، ئێمەشیان برد بۆلای حەجاج بەاڵم حەجاجی چی، ئاگر لە ناو چاوی دەباری. خەڵکە کەی بۆ نمایشی لێدانی ئێمە کۆکردەوەو ئەشکەنجەی ئێمەی دەداو دەبوو خەڵکەکەش تەماشامان بکات: پێی وتین بەپشتا پاڵکەون بڕوا بکەن پشتمان وەک لەسەر سکڵ بێت ئاوا بوو چونکە دونیا زۆر گەرم بوو کۆنکرێتەکەش داخ ببوو. دەبوو یەکەم کەس کاک یونس و دوهەم من و سێهەم کاک حەمەسالّح چوارەمیش شەماڵ بوو.

هاتە ڕاسەری کاک یونس و بەزمانی عەرەبی پێیوت: (لێش تعارک) واتە بۆ شەڕدەکەیت؟ ئەویش عەرەبییەکی باشی دەزانی وەاڵمی دایەوە : سەیدی وەاڵ شەڕم نەکردوو من و ئەم کوڕەی پاڵم ناوبژیمان کردن، وەاڵمی دووەمی ئەوەبوو بەکێبڵ بە شان و قۆڵی کاک یونسدا هاتەخوارەوە زۆری لێدا ئەویش هەر دەیوت وەاڵهی شەڕم نەکردووە. حەجاج لەهونەری ئەشکەنجەداندا زۆر زیرەک و لێزان بوو ، جۆرە ئەشکەنجەیەکی دەدایت پێت خۆشبوو کەسانی تر سەد دانە کێبڵت لێدەن، بەس حەجاج ئەشکەنجەت نەدات، ئەویش ئەوەبوو ئەو کێبڵەی پێیبوو دەیخستە ناوەڕاسەی قوڕقوڕاگەت و پێیەکیشی دەخستە سەر سنگت لەوکاتەدا وردە وردە بەهێواشی فشاری دەخستە سەر کێبڵەکەو سەر سنگت ، چی ڕووی دەدا هەردوو چاوت هێندەی نەدەما بێنە دەر و سنگت خەریک بوو دەتەقی و مۆر

هەڵدەگەڕایت، پاش تۆزێک کێبڵەکەی شـــل دەکردو فشـــاری پێی لادەبرد تا هەناســـەیکت دەدا دووبارە دەستی پێدەکردەوە .

دواتر هاتە ڕاســـەری من و بەناوی کەهرەبائی بـــانـگـی کـردم، چـونـکـە دوای لـێـبـوردنەکە بەردەســـتی کەســـێکی کارەباچیم دەکرد ئەو پیـــاوە خـــاڵی شـــەمخی بوو، فەرمـــانبەری فەرمـانگەی کـارەبـای قەزای ســـەلمـان بوو نـاردبوویـان لە هەرقـاعـەیەکدا گوڵۆپێکی زەرد دابنێ بۆ ڕۆشـــنایی. بۆیە بەکارەبائی بانگی کردم. هاتە ڕاسـەرم و پێیوتم : ها ابوالکهربائی لێش تعـارک ؟ منیش وەڵامیمـدایەوە : وەڵاهی ســـەیدی آنی ماعارک لەوکاتەشـــدا کاک یونس دوای ئەو هەموو لێدانەش لەســـەرم هاتە وەڵام و وتی: وەڵاهی ســـیـــدی من و ئەم کوڕە نـاوبژیمـان کردووە. لەهەمـان کـاتـدا دکتۆر ســادات و ســتافەکەی لەوێبوون لە نزیکمانەوە وەســـتـا بوون. لەڕوخســـاریاندا دیاربوو زۆر بێتاقەت بوون بەو حاڵە ، هەروەک کاک یونس بەکێبڵ هات بە سەروگویلاک و بەدەنی منیشدا زۆر بێبەزەییـانـە لێیـدەدام دواتر کێبڵەکەی خستە ناوەڕاستی گەروو و پێی نا بەسنگمدا ، هەرچیم دەکرد هاوارم دەرنەدەچوو، ســـنگم خەریـک بوو دەتەقی و هەردووچـاوم ئەبڵەق ببوو خەریک بوو دەهاتنە دەرو دەتەقین دواتر دەست و قاچی لەســەر گەروو سنگم شل کرد هەتا هەناسەیەک هاتەوە بە بەرمدا .

ئیتر کاک حەمەســـاڵحیش، کە لەپاڵ منداببوو بەدەنگی بەرز هـاواری کرد وتی ســـەیـدی سەیدی ئەوانە بێتاوانن لێیانمەدە. ئێمە شەڕمان کردووە ئەو دووانـە بێتـاوانن. حەجـاج ڕووی کردە کـاک یونس وتی: ئەوە چی دەڵێـت ؟ ئەویش وەڵامیدایەوە و وتی: دەڵێت واز لەمن و ئەم کوڕەی پـاڵم بێنە ئەوان بێـاوانن من و شەماڵ شەڕمان کردووە .

ئیتر وازی لەمن هێناو ڕۆشـتە ڕاســەری کاک حەمە ساڵح و پێیوت: تۆ شەڕت کردووە؟ وتی: بەڵێ، ئیتر بەکێبڵ هـات بەســـەرو گوێلاک و شـــان و ملیدا زۆر زۆری لێدا دواتر کێبڵەکەی خستە سـەر گەرووی و پێی نا سـەرسـنگیدا ، بڕوا بکەن کاتێ کە کێبڵەکەی شـل دەکرد هەتا هەناسـەیەک بات ئەو کاک حەمەساڵحە وتی بە حەجاج بیکە بەخاتر الله فیشـەکێکم لێبدەو وام لێمەکە بەوەش وازی نەهێنا چەند کەســـێکی بانگ کرد لەگەڵ شەمخیدا وتی هەردوو دەستی ببەســـتن و جامانەکەی بکەن بەژێر قۆڵیداو بە عەمودی ساحەکەوە هەڵیواسن. دواتر خۆیهات بـۆلـێـدان و ئەشـــکـەنـجەی زۆر درێـنـدانەو بێبەزەییانە . حەجاج هاتەوە بۆلای شـــەماڵ بۆ ئەشکەنجەدانی زۆری لەویشدا بەکێبڵ لەسەرو شـان و ملی دەدا، دواتر کێبڵەکەی خستە سـەر گەرووی و پێی خســـتەســـەر ســـنگی چەنجار دووبارەی کردەوە لەوکاتەدا کاک حەمەســـاڵح جامانەکەی کەپێیان هەڵواســـیبوو قرتاو کەوتە ســـەر زەوی و لە هۆش خۆی چوو دکتۆر ســاداتیش چوو بۆلای و هاتەوە بۆلای حەجاج پێیوت گەورەم بێ هۆشـــەو ابزانم مرد. کەچی لەوەڵامدا وتی:[خلی دفن بالذباله] واتە بیبەن لە فڕی بـدنە زبڵخـانەکە و بیشـــــارنەوە. دواتر کێبڵێکی کارەبای هێنا و شـــەماڵی برد بۆلای عەمودەکە پێی هەڵواســـی و شـــەمخی و پۆلیسـێکی بانگکر کە تۆند هەردوو قاچی بگرن و پێڵاو گۆرەویەکـانیشـــی لەپێ دامـاڵن، ئیتر دووبارە حەجاج کەوتەوە کێبڵ لێدان لە شەماڵ بەڵام جیاواز لەوانی دی، تەنها لەژێر پێی دەدا هەتا ئەوەندەکێبڵی لەژێر پێیدا شـــەماڵ خوێنی لێهێنـا و تلۆقەی کرد دەنگی هـاواروگریـانی شـــەماڵ ئەو ناوەی پڕکردبوو ، ئەم نمایشـــە بەبەرچـاوی هەموانەوە بەردەوام بوو هەتـا حەجاج خۆی ماندوو بوو لێیدا ڕۆیشت. دوایی شـــەماڵیان لەعەمودەکە هێنایە خوارەوە بەڵام خۆی لەســـەر پێیەکانی نەدەگرت بە گاگۆڵکێ دەڕۆی بەڕێدا.

ئەمەش تالاوێکی تڕە لەیادەوەرییەکانی زیندان.

شەق لە هاوسەرت هەڵدە وپارە وەرگرە!

بە بۆنەی چل وپێنجەمین ساڵیادی بڕیاری ٦٦٦ەوە
د. سەرلکەوت جەلیل

بەعس لە ســـۆنگەی نەتەوایەتی و گوتـاری پـان-عەرەبیزمەوە، دژی کورد و دۆزە ڕەواکەی بوو، لە ڕوی مەزهبییشەوە نوێنەرایەتیی سوننە و سوننەگەرایی جیهانی ئیسلامی-عەرەبیی دەکرد و دژی هەموو شیعەیەک بوو. هەڵبەتە جگە لەو کورد و شیعانەی، کە ئامادە بوون نۆکەرایەتی بۆ بکەن و خزمەتی ئەجێندا فاشیستی و نەژادپەرستییەکەی بکەن. هەمیشـە بەوانەی دەوت "عێراقیی شـەریف"، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی هەموو ئەوانەی باسی سەربەخۆیی و ئازادیی کورد دەکەن، لە چاوی ئەوانەوە بێشەرەف و بێناموونسن. جا دەشێت لە ســـایەی وەها ڕژێمێکدا و فەیلی(شـــیعە)ش بێت، هاتنی بەعسییەکان بەگشتی هاتنی بەرەی بەکر-سـەدام تـاوانەکـانیـان دەرهەقی جگە لەو ڕیزە تـاوانەی لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی بـڕیـاری ٦٦٦ی دەرکرد. ناوخۆی عێراقی دەســـتی وڵاتنامە(جنســـیە) لە هەر ڕژێمی ئێرانی بێت. واتە بـــێـــت. بەبـــێ ئەوەی



حاڵی ئەو کەسەی کوردیش بێت چـۆن بـووبـێـت؟! هەر لەگەڵ لە ١٩٦٣، بەتـایبەتیش پـاش بـۆ ســـەر حـوکـم لە ١٩٦٨، کوردانی فەیلی دەســـت دایێ. کۆتایی شەستەکاندا دژیان کرا، شـــۆڕش لە ئـایـاری ١٩٨٠دا بەپێـی ئەو بـڕیـارە وەزیـری کـراوەیە لە ســـەنـدنەوەی کەســـێـک، کە شـــوێنکەوتەی هەر کەســـێک بە بنەچە ئێرانی پێوەرێکی دیـاریکراو بۆ ئەو مەبەستە دیاری بکات: کێ ئێرانییە، کێ خاینە، کێ نیشتمانپەروەرە! بەو هۆیەوە دەیان هەزار کوردی فەیلی، بەر شـاڵاوی جیاکاریی تونڕەوانە کەوتن و بە سـواری ئۆتۆمبیلی سـەربازی برانە سـەر سـنووری ئێران و بەزۆر ئاودیوکران. تەنانەت هێزە عێراقییەکان، فەرمان و دەسـەڵاتیان پێ درابوو تەقە لە هەر کەسـێک بکەن، کە ملەجەڕێ بکات و بیەوێت بگەڕێتەوە نێو عێراق.

لە نیسـانی ١٩٨١یشـدا بڕیاری ٤٧٤ دەرکرا. بەپێی ئەو بڕیارەش دەبوو هەر کەسـێکی عێراقی(ژن/پیاو) کە هـاوســـەرەکەی کوردی فەیلیبە، تەڵاقی بـدات و دووری بخـاتەوە بۆ دەرەوەی وڵات، کە ئەوەش واتە لێسـەندنەوەی وڵاتنامە و ڕاگواستنی زۆرەملێ. هەر کەسێکیش ئەوە بکات، خەڵاتێکی دارایی بە بڕی ٤٠٠٠ دینار (گەر ســـەرباز بێت) یان ٢٥٠٠ دینار (گەر مەدەنی بێت) وەردەگرێت. واتە دەبوو وەفا بۆ بەعس و تەعریبەکەی، بخرێتە سەرووی وەفا بۆ مێرد/ژن و منداڵ و خێزانەوە. بە دەربڕینێکی تر، گەر تۆ هێندە ئازا بیت لەبەر جەنابی سەرۆک و قایدی مەزن، شەق لە مێرد/ژنەکەت هەڵبدەیت، پارەیەکی چاک وەردەگریت!

لەبەر ئەم هۆیانە بوو، دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لە تشـــرینی دووەمی ٢٠١٠ و لە دۆســـیەی کوردانی فەیلیدا، بڕیاری کۆتایی دا و تاوانەکانی بەعسی دەرهەقی ئەو کوردانە بە جینۆساید و تاوانی دژەمرۆڤایەتیی ناساند.

وێنەکە: پەیکەری شەهیدی فەیلی لە مەیدانی بەیرووت، بەغدا.